تصویر ابو عبد الرحمن الكر

تاڤگەی هەقیقەت

(بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)

بەرگی یەکەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆکردنەوەی: کاوە بەهرامی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.lqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

تاڤگەی هەقیقەت

(بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)

کۆکردنەوەی: کاوە بەهرامی

- ناوی کتێب: تاڤگەی هەقیقەت
- کۆکردنەوەی: کاوە بەهرامی
- پێداچوونەوە: عیرفان رەهنموون، کەریم پەرویزی
- رووبەرگ: کەریم پەرویزی
- پیتچنینو مونتاژ: ئومید مەندۆمی

پێشکەشە بە:

سێزدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و

هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی کوردستان

پێڕست

پێشەکی ٧

بیرو ئەندێشەی دوکتور قاسملوو، چرای ڕێگای خەباتمانە ١٣

فەسڵی یەکەم:

سۆسیالیزمی دێموکراتیك ١٥

- کورتەباسێك لە سەر سۆسیالیزم ١٧

- شیکردنەوەی کورتەباس ٥٣

فەسڵی دووهەم:

ئابووریی سیاسی ١٠١

- چەمکە گشتی‌یەکان ١٠٣

- ئابووریی سەرمایەداری ١٣٣

- سۆسیالیزم‌و ئابووریی سۆسیالیستی ١٥٧

- ئابووریی تێکەڵاو ٢٠٧

- وەڵامی پرسیارەکان ٢١٩

فەسڵی سێهەم:

واقعییەتی گەلانی ئێران ٢٤٥

فەسڵی چوارەم:

باسێك لە سەر مودیرییەت ٢٦٥

فەسڵی پێنجەم:

باسێك لە سەر دروشمی بنەڕەتیی حیزب ٢٨٣

فەسڵی شەشەم:

ڕەوتی ئاشتیو دێموکراتیزاسیۆن ٣١٥

فەسڵی حەوتەم:

هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران - عێراق ٣٣٧

فەسڵی هەشتەم:

لادانی تاقمی حەوت کەسی لە ڕێبازی حیزبو گەل ٣٥٥

فەسڵی نۆهەم:

بۆ یادی گۆران ٣٦٧

فەسڵی دەیەم:

شاعیری گەل "هێمن" ٣٧٣

پێشەکی

شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەدەی رابردوودا، مێژوویەکی خوێناوی‌و پڕ لە کارەساتی بە خۆیەوە بینیوە، لەگەڵ زۆردارترین ڕێژیمەکانی سەردەم کە بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان‌و سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیە، لە هیچ زوڵم‌و زۆرو جینایەتێك دەستیان نەپاراستوە بەرەوڕوو بووە. ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتی بە تایبەتمەندیی شۆڤێنیستی‌و دژی‌گەلی بوونی خۆیەوە، بە مەبەستی سەرکوتی "کۆماری کوردستان"و خەباتو بەرخودانی گەلەکەمان، دەستی یارمەتیی بۆ وڵاتە زلهێزەکان درێژ کردو بۆشی گرنگ نەبوو کە ئەم دەست پانکردنەوەیە، بە قیمەتی دانی چ ئیمتیازاتو وادەو بەڵێنی‌یەك تەواو دەبێت. ئامانج بۆ ئەوان، پاراستنی دەسەڵاتو تواندنەوەی شۆڕشی گەلی کوردو نەگەیشتنی ئەم گەلە بە کەمترین مافە نەتەوایەتی‌یەکانی بوو. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا پاش رووخاندنی کۆماری کوردستان، ڕێبەری لێوەشاوەمان "قازی محەممەد" یەکەمین سەرکۆماری کوردیان لە سێدارە دا بەو خەیاڵەی کە خەڵکی کورد چاوترسێن دەبی‌و چی‌دیکە شۆڕش لە کوردستان سەر هەڵناداتەوە، بەڵام خەڵکی شۆڕشگێڕو لاوانی ئازادیخوازی گەلی کورد، ئامۆژگاری‌یەکانی پێشەوای شەهیدیان کردە ڕێنوێن‌و ڕێنیشاندەری ڕێگای پڕ کەندو لەندی شۆڕش.

دوای پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملووی زاناو بلیمەت بوو بە سەرقافڵەی کاروانی خەباتو بە لێوەشاوەیی‌یەکی سەرنجڕاکێشەوە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی وەئەستۆ گرتو توانی گڕو تینێکی کەموێنە بە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ببەخشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جەرەیانی شۆڕشی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا، واتە شۆڕشی گەلانی ئێران، بە شێوازێکی کاریگەرو چالاك بەشداریی کردو پاش سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەشە بۆ وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیکو نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، خەباتی سیاسیی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە. ئەم حیزبە کە زۆر باش لە ماهییەتی دژیگەلیی نیزامی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتبوو، دەنگی پێ نەدا. حیزبی دێموکراتو بە تایبەت دوکتور قاسملووی نەمر لە ڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە داخوازەکانی گەلی کوردی خستە بەردەم دەوڵەتی کاتیی ئەو سەردەمە، بەڵام ویستو داخوازەکان لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو (کۆماری ئیسلامی) بە فەرمانی جیهادی خومەینیو بە ئاگرو ئاسن وەڵام درایەوە، کۆنەپەرستی لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان دەستی دایە جینایەتو ئاژاوەگێڕیو، سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتو تێکۆشەرە سیاسییەکانیان بە ئاژاوەگێڕو دژی شۆڕش لە قەڵەم ئەدا. زاناییو لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو بۆ بەڕێوەبەرانی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی بوو بە مەترسییەکی گەورەو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات کە هەڵقوڵاوی فیکری ڕێبەری شەهیدمان بوون، لەگەڵ سیاسەتو فیکرو بۆچوونی دواکەوتووانەو دزێوی ڕێژیمی خومەینی لە دژایەتیدا بوون. هەرچەند حیزبی دێموکرات حیزبێکی ناوچەیی بوو، بەڵام لێکدانەوەکانی ئەوکاتەی ڕێبەری حیزب سەبارەت بە داهاتووی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە وەڕاست گەڕان. دوژمن کە لە لەقاودانی بەرنامەو پیلانەکانی دژی گەلی کوردو باقی گەلانی ئێران لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، هەروەها لە لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو ترسی لێنیشتبوو، بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە نیازپاکیی حیزبی دێموکرات بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە سەر مێزی وتووێژ لە ناو دڵی ئورووپای پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا، بۆ هەتا هەتایە گەلی کوردو بەتەنگەوەبووانی ئازادیو دیموکراسییان لە بوونی کەڵەپیاوێکی ژیرو بە بیرو زانای وەك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بێبەش کرد، بەو هیوایە دەنگی جووڵانەوەی کورد کپو خامۆش بکرێت.

دوکتور قاسملوو لە کاتی بە دەستەوە گرتنی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە، گرنگی زۆری دەدا بە کادری لێوەشاوەو بەئەزموونو لە پێگەیاندنو پەروەردەکردنیاندا بێ‌وچان تێ‌دەکۆشا، هەر بۆیەش کە بە شەهید کرانی کاک دوکتور سەعیدیش، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتو شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی قەیران نەبوو. سیاسەتو ئامۆژگاری‌یەکانی دوکتور قاسملوو بوون بە ڕێنوێنی ڕیبەریی حیزب، بۆیە حیزبی دێموکرات بەردەوام بوو،و ئێستاش حیزبی پێشڕەوی کۆمەلانی بەرینی خەلکی کوردستانی ئێرانە.

ئەم هۆیانەو زۆر هۆی دیکە منیان هاندا کە زیندوو ڕاگرتنو پاراستنی فکری دوکتور قاسملوو کە لە بەرهەمەکانی‌دا ڕەنگ دەداتەوە دەتوانیٚ ببێتە ڕێنوێنو ڕووناککەرەوەی ڕێگای خەبات بۆ نەسلی ئێستاو نەسلەکانی داهاتوو و هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کۆمەلی کوردەواری. بۆیە دەستم دایە ئەو ئەرکە، بەلام کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی دوکتور پێویستی بە کاتێکی زۆرو تێکۆشانی بەردەوام هەبوو.

سالی ١٣٧٤ی هەتاوی، لەگەلٚ چەند کەس لە هاوکارانم، بیرۆکەی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاک دوکتور قاسملووم هێنایە بەرباس، وەك چاوەڕوانیم دەکرد لەگەلٚ ڕەزامەندیو هاوکاریی ئەوان بەرەوڕوو بووم. پاش چەند ڕۆژ، تیمێکی ٤کەسیمان بۆ ئەو کارە دیاری کرد، کە بریتی بوون لە: شەهیدان کاک "عەلی ئەمینی"و کاک "غەفوور مەهدی‌زادە"و بەڕێزان "مەهدی مێهرپەروەر"و "کۆسار فەتاحی". پاشان لەگەلٚ هاوڕێی بەڕێز کاک "مستەفا هیجری" کە ئەو کات جێگری سکرتێری گشتیی حیزبو بەرپرسی کومیسیونی چاپەمەنیی حیزب بوو، باسم کرد. بەڕێزی ئەمەی بە کارێکی پیرۆز داناو بەلێنی هاوکاریی پی‌دایین. بە دوای ئەمەدا هەولمان دا بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان، بە زەحمەتێکی زۆر کۆمەلێك سەرچاوەمان کۆکردەوەو خەریکی دابەش‌کردنو ڕێکوپێك کردنیان بووین، کە لەو سەروبەندەدا بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێکی دەستکردی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، لە شوێنی کارەکەمان، هاوڕێیان کاک "عەلی ئەمینی"و کاک "غەفوور مەهدی‌زادە"و پێشمەرگەیەکی دیکەشمان شەهید بوونو هەموو سەرچاوەو کۆکراوەکانیشمان لە نێو کلپەی ئاگری تەقینەوەکەدا سووتان. ئەو بۆمبە لە سەر ڕێگای هاتوچۆی هاوڕێیانی

حیزبیمان دانرابۆوەو پاش ئاشکرا بوونی ، بۆ پووچەڵکردنەوەی ناردیانە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی. شەهید "غەفووری مەهدیزادە"ش کە وەك مامۆستای "تەخریبو تەقەمەنییەکان" لە فێرگە دەرسی دەگوتەوە، بەداخەوە لە کاتی پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکەدا، لە دەستیدا تەقیەوەو بەداخەوە ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی لیّکەوتەوە.

بە دوای ئەو رووداوەدا بڕیارم دا ئەو کارە سەر لەنوێ دەست پیّ بکەمەوە سالێکی پیّچوو، لەگەڵ بەڕێز مامۆستا "عبداللە حسنزادە" سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب باسم کردو داوای هاوکاریم لیّکرد. لە ئۆرگانە تەبلیغییەکانی حیزب وەك رادیۆو چاپەمەنی کە نووسراوەو وتووێژە رادیۆییەکانی دوکتور قاسملوویان لا خۆیان پاراستبوو، داوای هاوکاری بۆ کردم کە زۆر گرینگو بەکەڵك بوو. لە رەوتی نووسینەوەو کۆکردنەوەو پێداچوونەوەی بابەتەکاندا بەو ئاکامە گەیشتین کە پێویستە پێشتر ژیاننامەکەی کاك دوکتور بخەینە بەر دەستی خوێنەر.

لە بەر ئەوەی دوکتور قاسملوو ماوەیەکی زۆریش لە دەرەوەی وڵات ژیاوەو لە زۆ گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی دیکەش بە زمانەکانی ئوروپایی بابەتی نووسیو دەیان وتووێژی رادیۆیی پێکهێناوە کە زۆربەیان بە دەستی ئێمە نەگەیشتوون. ئەمە لە بەر دەستتان دایە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەیە، بەرگی دووهەمیش ئامادەی بلا کردنەوەیە. هیواداریـن بە زوویی چاپ بکرێو بکەوێتە بەر دەستی ئۆگرانی بیر دوکتور قاسملوو.

هیوادارم خوێنەری بەڕێز لە هەر جێگایەك نەواری وتووێژ یا نووسراوەو بابە دوکتور قاسملوویان لە لایە، بۆمان بەرێ بکەنو بەم چەشنە لەم ئەرکە پیرۆزە بەشدار بن. ئەگەریش لە زمانەکانی بێگانەوە بۆمان بە کوردی یان فارسی تەرجومە کەنەوە جێگای پیّزانینە.

پێشەکی جێی خۆیەتی سپاسی بەڕێز مامۆستا "عبداللە حسنزادە" بکەم، کە هێندێك بواردا هاوکاری کردم. هەروەها کۆمەڵێك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیز کە بە جۆرێك یارمەتیان داوم، دەستخۆشیان لیّدەکەم، وەك کاك "ک بهشتیزادە"، کە هەر لە سەرەتای کارەکەوە زۆر باش هاوکاری کردم، بەڕێزان ک "حەسەنی سەلیمی"، کاك "عەباس کاکەخانی"، کاك "کۆسار فەتتاحی"و ک "شەفیع رەوشەنی"، هەروەها سوپاسی زەحمەتو ماندوو بوونی هاوڕێیان ک

"عیرفان رەهنموون"، کاك "کەریم پەرویزی"و کاك "ئومید مـەندۆمی" دەکـەم کـە ئەوەندەی لە دەستیان هات لە تەرتیب کردنو تـایپو پێداچوونـەوەی نووسـراوەکاندا درێغی‌یان نەکردووە.

جێـی خۆیـەتی کـە سوپاسـی بـە ڕێـزان کـاك "خوسـرەو بــەهرامی" و کــاك " صالح ولی‌زادە" بکەم کە لەبورای ماڵی‌یەوە بۆ لـەچاپدانی ئـەم کتێبـە هاوکاریـان کردم.

کاوە بەهرامی

پووشپەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی

بیرو ئەندێشەی دوکتور قاسملوو،
چرای ڕێگای خەباتمانە

بیرمەندانو هزروانانی هەر نەتەوەیەك سامانی ئەو نەتەوەیەنو، بیرو ئەندێشەی ئەوان چرای ڕێگای ژیانو خەباتی سەردەمن. ئەوان ڕێگای چۆنیەتی ژیانو بیری سەردەم بە نەوەکان نیشان دەدەنو، هەنگاوبەهەنگاو کۆمەڵگای خۆیانو مرۆڤایەتی بەرەو پێش دەبەن.

لە نێو نەتەوەی کورددا ژمارەی ئەم چەشنە بیرمەندانە زۆر نین: هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك گرێو ئاستەنگ کە زۆردارانی نێوخۆ یان دەرەکی هەمیشە لە سەر ڕێگای ئەو کەسانە پێکیان هێناوە بۆ ئەوەی ئەو گەلە لە نەزانیو دواکەوتوویی‌دا رابگرنو بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لیوەربگرن. بێجگە لەوە بە هۆی نەخوێندەواریی خەڵك، نەناسرانی ئەندێشەی ئەو کەسانە لە سەردەمی خۆیاندا، ژێردەستە بوونی کوردو زۆر هۆی دیکە ئەندێشەی ئەو بیرمەندانە نەهاتۆتە سەر کاغەزو دوای مردنیان بەرەبەرە لەبیر چوونەتەوە، یان ئەگەر ئەو تێفکرینانە نووسرابنەوەش لە بەر کەمتەرخەمی دوای ماوەیەك لە ناو چوون، بۆیە ئێستا ناوی زۆرێك لە ناودارانی کورد لە بەر دەستدایە کە زانیاری زۆر کەم لە سەر بۆچوونو فکری ئەوان بە نووسراوە هەیە، ئەندێشەو زانایی هێندێك لەو کەسانەش تێکەڵاو بووە لەگەڵ کۆمەڵێك بیروبۆچونی لاوەکی کە فڕی بە سەر فکرو ئەندێشەی ئەوانەوە نیەو، لێك هەڵاواردنی بۆچوونو قسەی خۆیانو لاوەکی‌یەکان زۆر دژوارە، بۆیە هەڵکەوتوە کە بیرمەندێکی کوردی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتوو بە کەسێکی دژی

کوردو کۆنەپەرست ناسرا بێ. بە تایبەت ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو راستی‌یەی کە لە نێو نەتەوە دواکەوتووەکانو یەك لەوان نەتەوەی کورددا، مێژوو بە دڵی زۆرداران نووسراوەتەوە، بەشێك لە هۆیەکانی شێواویی مێژووی ئەو کەسانەمان باشتر بۆ روون دەبێتەوە.

لەو گۆشەنیگایەوە، گرنگیی ئەرکو تێکۆشانی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێ کە تێدەکۆشن وتەکان، نووسراوەکان، وتووێژەکانو بەگشتی هەموو ئەو بابەتانە کە بە چەشنێك رەنگدانەوەی راستەقینەی فکرو ئەندێشەی ئەو بیرمەندانە بێ، کۆ بکەنەوەو بیخەنە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵکو بەم چەشنە لە فەوتانو دەستێوەردانی نەیاران رزگاریان بکەن.

بێگومان، دوکتور قاسملوو یەکێك لەو بیرمەندانەیە کە لە نێو نەتەوەی کورددا نموونەیان زۆر کەمن. ئەو تەنیا رێبەری حیزبی دێموکرات نەبوو، بەڵکوو بەرینایی بینینی سیاسیی وی بۆ داهاتووی کوردو کۆمەڵگای بەشەری لەو ناوچەیەی کە ئێمەی تێیدا دەژین، تەنانەت لێکدانەوەی ئەو پیاوە ناودارە لە سەر پرسە ئاڵۆزو تێکەڵاوەکانی جیهان لە کاتی خۆیدا، سەرنجی هەر بیسەرێکی بۆ لای خۆی رادەکێشاو، دۆستو دوژمن بەلایانەوە گرینگ بوو کە لێکدانەوەکانی ئەو شەهیدە لە سەر رووداوەکانی گرینگی جیهان ببیسن.

هاورێی بەرێزم کاك کاوەی بەهرامی کە دەستی داوەتە کۆکردنەوەو چاپو بڵاوکردنەوەی بەشێك لە کارەکانی ئەو رێبەرە پایەبەرزەو لەو پێناوەدا زەحمەتی زۆری کێشاوە، کارێکی گرنگو پڕبایەخی دەستپێکردوە، چونکە بەو کارەی توانیویەتی یارمەتی بدا بە هەموو ئەو کەسانەی کە تینووی خوێندنەوەی نووسراوەو وتەکانی دوکتوری شەهیدنو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوان لە فەوتان بپارێزێ. لەو ئەرکە پیرۆزەدا داوای سەرکەوتنی بۆدەکەم.

مستەفا هیجری

بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی

ەسڵی یەکەم:

سۆسیالیزمی دێموکراتیک

- کورتەباسێك لە سەر سۆسیالیزم
- شیکردنەوەیەکی کورتەباس

کورتەباسێك لە سەر سۆسیالیزم

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەسڵی یەکەم؛ ئامانجە گشتییەکاندا هاتووە کە: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستییە کە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان بێ.

دەمانەوێ لێرەدا چەند مەسەلەی ئەساسی روون بکەینەوە:

یەکەم - بۆچی ئێمە لە بەرنامەکەماندا بە پێویستمان زانیوە باسی سۆسیالیزم بکەین؟

دووهەم - ئەو سۆسیالیزمەی کە ئێمە دەمانەوێ وەك ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان پێکی بێنین چ سۆسیالیزمێکەو بۆچی بەو شێوەیە لە بەرنامەکەماندا هاتووە؟

سێهەم - پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی بە گشتیو یەکیەتیی سۆڤیەتی بە تایبەتی دەبێ چۆن بێ؟

١ - سۆسیالیزم "ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان".

مەسەلەی "نەتەوەیی"و "کۆمەلایەتی":

یەکەم پرسیار کە دێتە پێش ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ح.د.ك.ئـ) کە حیزبێکی "مارکسیست" یان "مارکسیست ـ لنینیست" یان "کومۆنیست"و بەگشتی حیزبی چینی کرێکار نیە، بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە: ح.د.ك.ئـ. هەرچەند حیزبێکی دێموکراتی ـ میللی‌یە بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاوڕێ لەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی‌و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکا. لە دیاریکردنی ئەو ئامانجەدا ئێمە نەك تەنیا ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەڵکوو ئەزموونی رابردووی نەتەوەی کوردیشمان بە تایبەتی لە بەرچاو گرتووە.

ئەو ئەزموونە چیە؟ ئەو ئەزموونە کە مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد نیشانی داوە ئەوەیە کە: ئەو حیزبەی دەیهەوێ جووڵانەوەی گەلی کورد بەرێوە بەرێ، ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستیی (نەتەوەیی) تەواو بێ، واتە تەنیا چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە بەرچاو بگرێ، ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە لایەك گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە بێ چارەسەرکردن هەروا دەهێڵێتەوەو بەم جۆرە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی کارێکی بێ‌سوود دەبێ؛ لە لایەکی دیکە چوونکە ناکرێ گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لە بیر بچێتەوە، بە ناچار حیزبێکی دیکە پەیدا دەبێ کە تەکیە دەکاتە سەر جێبەجێ کردنی ئەو گیروگرفتانەو بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز (ژووئیە) لە ساڵی ١٩٥٨دا، دوو جەرەیانی بەهێز پەرەیان گرت:

یەکەم ـ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، کە تەکیەی دەکردە سەر مەسەلەکانی نەتەوەیی‌و بۆ ئەم مەبەستە حازر بوو لەگەڵ پاشکەوتووترین چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانی عێراق هاوکاری بکاو لە هەر شێوەیەك کەڵك وەرگرێو لەگەڵ هەر کەسێك دۆستایەتی بکا ... .

دووهەم ـ حیزبی شیوعی (کومۆنیست)ی عێراق کە تەکیەی دەکردە سەر گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی راکێشانی زەحمەتکێشان بۆ لای خۆی.

بەڵام لە ئاخردا بە تەواوی دەرکەوت کە هیچکام لەو دووانە ناتوانن سەرکەونو، بە باشی روون بۆوە کە چ ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیی بایەخ دەداو مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی کەم زیاد لە بیر دەباتەوەو، چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەڵایەتی لە بەر چاو دەگرێو مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا

مەسەلەیەکی بنەڕەتی‌یە لە بیر دەباتەوە، یان بایەخێکی کەمتری بۆ دادەنێ، ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەی گەلی کورد بەدەست بگرنو بیگەیەننە پلەی ئاخری سەرکەوتن.

ح.د.ک.ئ. هەر لە سەرەتاوە بە پێویستی زانیوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابنێ کە هەم بە شێوەیەکی ئوسووڵی‌و هەتا سەر مەسەلەی نەتەوەیی حەل بکاو، هەم گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتیش بخاتە بەرچاوو بۆ چارەسەرکردنیان تێبکۆشێ. ئەم حیزبە لە کاتی پێکهاتنیەوە، واتە لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)ەوە حیزبێکی نەتەوەیی پێشڕەو بوەو لە ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١)ەوە هەتا ئێستا، بەرنامەکەی بە تایبەتی لە سەر ئەساسی چارەسەرکردنی ئەو دوو مەسەلەیەی "نەتەوەیی"و "کۆمەڵایەتی" دانراوە.

لە باری مەسەلەی نەتەوەیی‌یەوە، نێوەڕۆکی ئەم مەسەلەیە لە راستی‌دا ئەستاندنی "مافی دانانی چارەنووس"ە. ئەم مافە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ:

یەکەم: "سەربەخۆیی" ("استقلال") کە شێوەی هەرە بەناوبانگیەتی. نەتەوەیەك کە سەربەخۆیی وەردەگرێ، مافی چارەنووسی خۆی بە تەواوی دابین دەکا.

دووهەم: شێوەی "فیدرالیزم" واتە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکوومەتێکی "فیدراڵ"دا.

سێهەم: خودموختاری.

ئێمە بە لە نەزەر گرتنی وەزعی کوردستانی ئێرانو وەزعی تایبەتیی ئێرانو وەزعی گشتیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردووەو، پێمان وایە بە وەدەستهێنانی خودموختاری، مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا چارەسەر دەکرێو، ئەو کاتە رێگا خۆش دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی‌و لە نێو بردنی پاشکەوتوویی گشتیی وڵاتەکەمان.

بەڵام لە باری مەسەلەی کۆمەڵایەتی‌یەوە، بە بڕوای ئێمە رێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پێکهێنانی سۆسیالیزمە. ئەساسی سۆسیالیزم لە راستی‌دا لە نێو بردنی چەوساندنەوەی ئینسانە. ح.د.ک.ئ. دەیهەوێ چەوساندنەوە لە کۆمەڵدا بەتەواوی لەبەین بچێو، لە بەر ئەوە پێکهێنانی

سۆسیالیزمی وەك ئامانجێکی دوارۆژ بۆ کۆمەڵی خۆمان لە بەرچاوە. کەوابوو، قسەی هێندێك تاقمو دەستە کە دەڵێن دروشمی حیزبی دێموکرات وەرگرتنی خودموختارییەو لە پاشان کارێکی دیکەی نامێنێو دەبێ هەڵوەشێو مەیدانی خەبات چۆڵ بکا، ئەگەر غەرەزی تێدا نەبێ نیشانەی نەزانینە؛ چونکە پاش وەرگرتنی خودموختاری، تازە دەبێ دەست بکەین بە پیادەکردنی بەرنامەکەمان کە ئاخرەکەی دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

سۆسیالیزم لەبەر چی ئامانجی دوارۆژە؟

لە پێشدا ئەوە بزانین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بچینو بۆ هەر قۆناغەی دروشمی تایبەتیمان هەبێ.

بە گشتی حیزبێکی سیاسی ٣ جۆر دروشمی هەیە:

یەکەم: "دروشمی رۆژ" کە دەکرێ لە سەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی زۆر بچووك بێ. بۆ نموونە ئەگەر لە شارەکان "نان" یان "نەوت" وەدەست نەکەوت، دەتوانین خەڵك هان بدەین بۆ ئەوەی کۆ ببنەوەو خۆپێشاندان پێك بێننو داوای "نان" یان "نەوت" بکەن. شاگردی مەدرەسە دەتوانین هان بدەین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ وەڕێ کەونو داوا بکەن: "مامۆستاکانیان تەبعید نەکرێن"و دروشمی دیکەی ئاوا... .

دووهەم: درێژتر لە دروشمی رۆژ، دروشمی "تاکتیکی"یە. ئەگەر سەرنج بدەینە تێکۆشانی حیزب، دەبینین کە لە پاش شۆڕشی ئێرانەوە هەتا ئێستا، حیزب چەند جار تاکتیکی خۆی گۆڕیوە: لە سەرەتادا تاکتیکمان هاوکاری لەگەڵ رێژیمێك بوو کە بەدوای شۆڕشدا هاتبووە سەر کار. ئێمە پشتیوانیمان لە بەڕێوەبەرایەتیی خومەینیو لە رێژیمەکەی دەکردو مەسەلەی خەباتی چەکداری لە گۆڕێدا نەبوو. لە شەڕی ٣ مانگەدا دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە. پاش سەرکەوتن لە شەڕی ٣ مانگەدا، سەرلەنوێ تاکتیکی خۆمان گۆڕی. بەڵام ئەمجارە لە جیاتی پشتیوانی لە رێژیمی خومەینی، دەمانەویست بۆ دیتنەوەی رێگاچارەیەك بۆ مەسەلەی کوردستان، لەگەڵ دەوڵەت وتوویژ بکەین. تاکتیکی "وتوویژ"یش زۆر درێژەی نەکێشاو سەرلەنوێ شەڕی چەکداری دەستی پێ‌کرایەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداریی ئێستامان لەگەڵ تاکتیکی شەڕی چەکداریی ٣ مانگەدا فەرقی

هەیە: ئەو کاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕێژیم ناچار بە وتووێژ بکـەین، بـەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕێژیم بڕووخێنین؛ چونکە لەم بڕوایەداین کە هیچکام لـە داخوازەکانی خەڵکی کوردستانو گەلانی ئێران، لە چوارچێـوەی ڕێژیمـی خومـەینیدا وەدی نایە. واتە دروشمی ئێستای ئێمە: "ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی"یە. بەم جـۆرە دەبینین کە لەو ماوەیەدا چەند قۆناغ هاتۆتە پێشەوە، بە پێی هەرکامیان، تاکتیکمـان گۆڕیوەو دروشمی تایبەتیمان داوە.

سێهەم: لە تاکتیك درێژتر "ستراتیژی"یە. قۆناغی ستراتیژێك ماوەیەکە کە، چەند قۆناغی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئێمە هـەروەك ئیشـارەمان پێکـرد، لـە چـەند سـاڵی ڕابردوودا تاکتیکی خۆمان چەند جار گۆڕیوە، بەڵام دروشمـی سـتراتیژیمان کـە بریتـی بووە لە: "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستانی ئـێران" چ ئـەو کاتـەی پشـتیوانیمان لـە ڕێژیمـی خومـەینی دەکـرد، چ لـە وەختـی شـەڕی ٣ مانگـەدا، چ ئەودەمەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت خـەریکی وتوویـژ بوویـنو، چ ئێسـتا کـە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمان هەڵگرتووە، هەر لە جێگای خۆی بووەو هەیە. . . .

کەوابوو، قۆناغی ستراتیژێك درێژترەو مومکینە ٥ ـ ١٠ یان تەنانەت ٢٥ سـاڵو زیاتریش بکێشێ. ئەوە بەستراوەتەوە بە زۆر هۆو بە تایبەتی بەوە کە تـا چ ڕادەیـەك لە قۆناغێکی تاکتیکیی تایبەتیدا سـەرکەوتوو بوویـنو، تـا چ ڕادەیـەك تـاکتیکی باشمان بەکار هێناوە. بەرنامـەی سیاسیی هـەر حـیزبێك، بەگشـتی بـۆ قۆنـاغێکی ستراتیژێك دانراوەو بەرنامەی حیزبی ئێمەش هەروایە.

بەڵام بێجگە لەوانـەی گوتـرا، هـەر حـیزبێکی شۆڕشـگێڕ پـێڕەوی لـە هێندێـك ئوسووڵیش دەکا کە بۆ دابینکردنی هـەرکام لـەو ئەسڵانە، مومکینـە بـە چـەندین قۆنـاغی سـتراتیژێکدا تێپـەڕێ. بـۆ ئێمـە، دامـەزرانی سۆسـیالیزم ئەسـڵێکی زۆر گرینگە. بۆ گەیشتن بەو ئەسڵەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی کورددا، ٣ قۆناغی ستراتیژیکمان لە بەرچاوە:

قۆناغی یەکەم؛ وەدەستهێنانی خودموختارییە.

پاش وەدەستهێنانی خودموختاری، هەتا پێکهێنانی هەلومـەرجی پیـادە کردنـی سۆسیالیزم، دەبێتە قۆناغی دووەم. ئەگەر ح.د.ك.ئـ. بتوانێ ئەو بەرنامەیەی ئێسـتا هەیـەتی، پـاش وەرگرتنـی خودموختـاری لـە مـاوەی ٢٥ ساڵدا جێبـەجێ بکـا،

سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە. ٢٥ ساڵ ئەگەرچی بە نیسبەت ژیانی یەك ئینسان ماوەیەکی زۆر دێتە بەرچاو، لە مێژووی نەتەوەیەکدا ماوەیەکی زۆر کەمە.

بە دوای جێبەجێ بوونی بەرنامەکەمان، دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. ئەوە قۆناغی سێهەمە.

دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆخۆی ماوەیەکی زۆری دەوێ؛ لەوانەیە ژیانی ٢ یان ٣ نەسڵی بۆ تەرخان بکرێ. ولاتی زۆر پێشکەوتوو لە ئۆرووپای رۆژهەلاتدا، وەك "ئالمانی دێموکراتی" یان "چێکۆسلۆواکی" کاتێك دەستیان کرد بە دامەزراندنی سۆسیالیزم، لە باری ئابووریو کۆمەلایەتییەوە بە سەدان ساڵ لە ئێمە لە پێشتر بوون، بەلام هێشتا نالێن کە لە ولاتی ئەواندا سۆسیالیزمی تەواو، واتە ئەوەی پێی دەگوترێ "سۆسیالیزمی پێشکەوتوو"، پیادە کراوە. کەوابوو جێبەجێکردنی ئەسلێکی گرینگ وەك دامەزراندنی سۆسیالیزم کە بۆ خۆمان دیاری کردووەو بڕوامان پێی هەیە، ٣ قۆناغی ستراتێژیکی پێویستە.

بە کورتی، ئێمە لە ئێستاوە هەم دروشمی رۆژمان کە بەشێکە لە تاکتیکمانو، هەم دروشمی تاکتیکیمان کە بەشێکە لە ستراتێژییەکەمانو، هەم دروشمی ستراتێژیکمان کە لە سەر ئەسلێکی پیرۆز دانراوە، بە روونی دیاری کردووە.

دامەزراندنی سۆسیالیزم، چارەسەرکردنی بنەڕەتیی مەسەلەی کۆمەلایەتیە. بەلام ئەوە ئامانجی دوارۆژەو لە قۆناغی ئێستای خەباتدا ناتوانێ ببێ بە دروشمی رۆژ. ئەنانەت مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەو وەزعە ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرهەنگییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ناتوانێ نەك تەنیا دروشمی رۆژ بێ، بەلکوو لە راستیدا بۆ قۆناغێکی تاکتیکییش ناکرێ باسی لە سەر بکرێ... . بەلام هەر ئەوە کە لە ئێستاوە رادەگەیەنین: "ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان سۆسیالیزمە"، رێبازی گشتیی حیزبەکەمان بۆ دوارۆژ دیاری کردووەو ئاسۆی سیاسەتو تێکۆشانەکەمان روون کردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری کردوە کە لە کۆمەلی کوردەواریدا، کێ پشتیوانمانە، لەگەل کام چینو توێژێك دەبێو دەتوانین بچینە پێش. هەروەها روونمان کردۆتەوە کە لە ئێرانو لە دنیادا دۆستو هاوپەیمانەکانمان کێن؟.

٢- سۆسیالیزم چیە؟

تا ئێرە وەك سەرەتایەك روونمان کردەوە کە هـۆی هێنانـە گـۆڕی سۆسـیالیزم لـە بەرنامەکەماندا چ بووەو، گوتمان کە: ئێمە وەك حیزبێکی پێشڕەو سۆسیالیزممان بۆیـە هەڵنەبژاردووە چوونکە وەك دروشمێك خەڵك پێیان خۆشـە، یـان فـلان دەسـتەو تـاقم پێمان دەڵێن: "پێشـکەوتوو"! ئێمـە سۆسـیالیزمان لـە پـاش بیرکردنەوەیـەکی زۆرو لێکدانەوەیەکی قووڵ هەڵبژاردوە.

ئێمـە وەك حـیزبێکی شۆڕشـگێڕی واقیعبـین، تێدەکۆشـین بـە گشـتیی زۆرداری نەتەوەیی لابەینو گەلەکەمان هەست بەوە بکـا کـە خـاوەنی چارەنووسـی خۆیـەتیو دەتوانێ فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی پەرە پێ بدا. بـەلام هـەر لـەو کاتـەشدا، هـەوڵ دەدەین لە پێش هەمووانەوە، زەحمەتکێشانی کوردستان کە زۆربەی گەلی کـوردن، بـە ئاواتە ئـابووریو کۆمەلایەتیـەکانی خۆیـان بگەیـەنین کـە ڕێگـای وەدیـهاتنی ئـەو ئاواتەش، دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

سۆسیالیزمو سەرمایەداری:

سۆسیالیزم وەك نـیزامێك کـە دژی سـەرمایەدارییە هاتۆتـە مـەیدانو، کـاتێك دەڵێین: "سۆسیالیزممان دەوێ" ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری رەت دەکەینەوەو، بڕوامان بـەوە هێنـاوە کـە سـەرمایەداری وەك نـیزامێکی کۆمەلایـەتی، لـە لایـەن مێژووەوە مەحکوومە.

لەم قسەیە بە هاسانی دەردەکەوێ کە دروشمـی ڕووخـانی سـەرمایەداری، کـاتێك دەبێ هەڵبگیرێ کە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم وەك ئەرکێکی هەرە نێزیك پێکـهاتبێ. ئەمە وەلامی هێندێك دەستەو تاقمە کە جارجار ڕەخنەمان لێدەگـرن بۆچـی ئێمە لە دروشمەکانی ئێستاماندا دروشمی دژی سەرمایەداری ناگونجێنین؟

دیارە ئێمە کاتێك دەڵێین: "بمرێ ئیمپریالیزم" لە ڕاستیدا بـەدژی سـەرمایەداری دروشمـان هـەڵگرتووە؛ چونکـە ئیمپریـالیزم سیسـتمی جیـهانی قۆنـاغی ئێسـتای سەرمایەدارییە. بەلام ئەگەر بێینە سەر باری نێوخۆی کوردستان، مەسەلەکە دەبێ بـە جۆرێکی دیکە لە بەرچاو بگیرێ؛ واتە لەپێشدا دەبێ بپرسین کە ئێمە لە کوردستاندا بە دژی کام سەرمایەداری دەبێ دروشم هەڵبگرین؟ ئەو سەرمایەدارییە لە کوێیە؟!

مومکینە ئاوا زانرابێ کە، هەرکەس بۆ نموونە میلیۆنێك تمەنی پارە هەبێ سەرمایەدارە! بەلاّم لە باری عیلمیەوە، سەرمایەداری مانایەکی دیکەی هەیە. "مارکس" کە لە شیکردنەوەی سەرمایەداریدا هیچ کەس نایگاتێ، دەڵێ: "سەرمایەداری پێوەندییەکی کۆمەلاّیەتیە." ئەم تەعریفە رەنگە لە بەرچاوی ئەو کەسانە کە هەر باسی سەرمایە کرا، فەوری گیرفانی پڕ لە دراوو مڵکو ماڵیان وەبیر دێتەوە، هێندێك سەیر بێ. بەلاّم لە راستیدا، تەنیا ئەوکاتە دەتوانین باسی سەرمایەداری بکەین کە پێوەندییەکی کۆمەلاّیەتیی تایبەتی پێك هاتبێ. واتە، لە لایەك سەرمایەدار هەبێ‌و، لە لایەکی دیکە کرێکارو، لە بەینی ئەو دووانەدا پێوندیی چەوساندنەوە دامەزرابێ. چەوساندنەوە لە بەر ئەوە کە کرێکار خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان ("وسایل تولید") نیەو، بە ناچار هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ.

کەوابوو دەوڵەمەندو سەرمایەدار لێك جیان. هەر سەرمایەدارێ دەوڵەمەندە، بەلاّم هەر دەوڵەمەندێك سەرمایەدار نیە. جا ئەگەر لە روانگەیەکی ئاوا بڕوانینە کوردستانی ئێران، دەبینین کە ئێستا لە کوردستاندا دەوڵەمەند هەیە، بەلاّ سەرمایەدارێکی ئەوتۆ وەبەرچاو ناکەوێ.

لە بەر ئەوە، لە کوردستانی ئێستادا هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پێویست ناکا. بە تایبەتی کە قۆناغی ئێستای خەبات قۆناغی میللی - دێموکراتییەو، سەرمایەداری لە کوردستان لە چینێکی یەکگرتوو رێکخراوەدا خۆی نەنواندووە کە بەرامبەر بە داخوازی میللی ـ دێموکراتیی ئێمە رابوەستێ. تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوە، بورژوازی‌و وردەبورژوازی بە تایبەتی لە شاردا کە زۆرتر بازاڕی بازرگانە، بۆخۆی یارمەتیی خەباتی گەلی کورد دەداو تێیدا بەشدارە.

سۆسیالیزم‌و کار:

ئێمە سۆسیالیزممان بۆیە هەڵبژاردووە کە چەوساندنەوە لەبەین بەرین. واتە ئەو ئەسڵە وەدی بێنین کە لە نووسراوەی بەناوبانگی: "رەخنە لە پرۆگرامی گۆتا" لە ساڵی ١٨٧٥ بۆ یەکەم جار لە لایەن "مارکس"و "ئەنگێلس"دوە بە کورتی‌و بە روونی بەیان کراوە؛ ئەویش ئەمەیە کە:

لە سۆسیالیزمدا، مەعیاری مافی ئینسان، لەگەڵ ئەو مەعیارە لە سەرمایەداریدا فەرقی هەیە. هەتا پێکهاتنی کۆمەڵی سۆسیالیستی، یەکێك کە دراو، کارخانە

زەوی‌و شتی وای هەیە، وەزعی باشترەو باشتر دەژی؛ بەلاّم لە کۆمەڵی سۆسیالیستی‌دا، ئەو ئیمتیازانە هەموو بەرەبەرە وەلا دەچن‌و تەنیا یەك مەعیار دەمێنیتەوە کە ئەویش "کار"ە. واتە: هەرکەس بە پێی لێهاتووی کاری پێ دەسپێردری‌و هەرکەسیش بە پێی کارەکەی، حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

کەوابوو، ئیمتیازی نەژادی، چینایەتی، ئیرسی، عەشیرەتی، ئایینی‌و... هەموویان لە سۆسیالیزم‌دا لەبەین دەچن. ئێمەش سۆسیالیزمان هەر بۆیە هەڵبژاردووە کە ئەو ئیمتیازانە نەمێنن‌و، تەنیا "کار" ببێتە مەعیار؛ چونکە ئەوەی زۆر بە عادلانەترو ئینسانی‌تر دەزانین.

بەلاّم ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە مەعیاربوونی کار بەو مانایە نیە کە تەنیا دەبێ ئەندازەی کار لە نەزەر بگیرێ. بۆ ئەوەی کار ببێتە مەعیار، دەبێ ٣ شت لە بەرچاو بێ:

یەکەم ـ رادەو چەندی کار

دووهەم ـ چۆنیەتی کار

سێهەم ـ گرینگیی کارەکە بۆ کۆمەڵ

بۆ نموونە: کاری دوکتورێك لە باری چۆنیەتییەوە لە کاری کرێکارێکی سادە بەرزترە؛ کاری ئەو کرێکارەی کە لە بن عەرز خەڵووز دەردێنێ، لە کاری کەسێك کە رۆژنامە دەفرۆشێ، بۆ کۆمەڵ گرینگترە؛ هەروەهایە سەبارەت بە کاری بەرپرسێك کە ئۆرگانێکی ولاّتەکەی بەرێوە دەبا؛ یان کەسێك کە کارخانەیەکی گەورە بۆ ولاّتەکەی هەڵدەسوورێنێ؛ یان زانایەك کە لێکۆڵینەوەی زانستی دەکا، ئەوانە دەبێ یارمەتی زیاتریان پێ بدرێ‌و ئیمکاناتی پێویست بۆ بەرێوەبردنی کارەکەیان بۆ پێك بێ.

سۆسیالیزم‌و ئابووری:

تێستا بزانین لەباری ئابووری‌یەوە بۆچی سۆسیالیزمان هەڵبژاردوە؟

کوردستانی ئێران بە گشتی، ناوچەیەکی پاشکەوتوو لە ولاّتێکی پاشکەوتوودایە. لە بەر ئەوە کە سۆسیالیزم گیروگرفتەکانی ئابووری زووترو باشتر چارەسەر دەکا، ئێمە بۆ لە نێو بردنی پاشکەوتووی ولاّتەکەمان، سۆسیالیزمان هەڵبژارد.

سۆسیالیزم ئیمکانی ئەوە دەدا کە داهاتی نەتەوەیی ("درآمد ملّی") وەك گرینگترین نیشاندەری وەزعی ئابووریی هەر ولاّتێك، خێراتر پەرە بستێنێ‌و ئەو

داهاته عادڵانەتر دابەش بکرێ. ئەگەر لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا ئەو سۆسیالیزمەی کە پێی دەڵێن "سۆسیالیزمی مەوجوود" یان "پیادە کراو" بخەینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ کە بێجگە لە هێندێك حاڵەتی تاك تاك، بە گشتی نیسبەتی داهاتی خەڵك نزیکەی یەك بە دەیە. واتە ئەگەر کەمترین رادەی داهاتی خەڵك لە مانگدا هەزار تمەن بگرین، ٩٥٪ی خەڵك لە هەزار تا دەهەزار تمەن لە مانگدا وەردەگرن؛ یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین: لەم وڵاتانەدا، داهاتی زۆربەی خەڵك لە مانگدا، لە هەزارتمەن کەمترو لە دەهەزار تمەنیش زیاتر نیە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداری، ئەو نیسبەتە زۆر جار دەگاتە یەك بە هەزار واتە هەوا هەیە کە بۆ نموونە لە مانگدا ٣٠٠ دۆلاری داهاتەو، هەواش هەیە کە لە بەرامبەردا مانگەی ٣٠٠هەزار دۆلاری دەسکەوت دەبێو، ژمارەی هەر دوو دەستە، لە کۆمەڵدا زۆرە. کەوابوو، لە وڵاتی سۆسیالیستیدا فەرق هێندە نیە؛ ئەگەریش ببێ رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبێتەوەو، ئەگەر وای لێبێ کە رۆژێك ئەو فەرقە بگاتە یەك بە پێنج، ئەودەم بەراستی لە باری داهاتەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ نامێنێ.

دیارە نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەو کارە لە سۆسیالیزمدا، بەرەبەرە جێبەجێ دەبێ. چونکە ئەگەر نەکاو بێ، زەرەرێکی زۆر دەگەیەنێو، لە راستیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن "یەکسانی" (ئێگالیتاریسم)، لە سەرەتادا وەزعێکی وا پێك دێنێ کە مانیعی هاندانی خەڵك دەبێ بۆ ئەوەی کە هەموو لێوەشاوەییو ئیمکاناتی خۆیان وەکار بخەن.

هەر لە سەر مەسەلەی داهات، ئیشارە بە یەك دوو خاڵی بچووکی دیکەش بێکەڵك نیە:

یەکەم: ئێستاش لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا، هێندێك حاڵەتی تایبەتی، جار جار دەبینرێ. بۆ نموونە، ئیمکانی هەیە، لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا یەك لە رێگای دزی، یان قاچاغچیەتییەوە چەند میلیۆن وەدەست بخا؛ بەڵام ئەمە هێندە گرینگ نیە، چونکە لە لایەك بۆ ئەو چەشنە کارانە سزای زۆر توند دانراوەو، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە حاڵەتێکی ئاسایی ئابووری نیەو ئەساسی پێوەندییەکانی ئابووریی نیزام ناگۆڕێ.

دووهەم: دەبێ پێ لەوە بنێین کە جاری وا هەیە لە وڵاتی سۆسیالیستیشدا هێندێ ناعەدالەتیی ئابووری دێتە بەرچاو. بۆ نموونە، ئەگەر کرێکارێك لەگەڵ ژنەکەی

هەردووك كار بكەن، هەردووكیان یارمەتی وەردەگرن. ژنو پیاوێكی كرێكاری دیكەش ئەگەر هەر لەو حاڵەدا بن بەو فەرقە كە منداڵێكی زۆریان هەبێ، دیارە بۆ منداڵەكانیان هێندێك یارمەتیی زیادی وەردەگرن، بەڵام ئەو یارمەتیە زیادەیە هێندە نیەو لە نەتیجەدا، ئەو داهاتە كە بە گشتی بە سەر حەوت هەشت كەسدا دابەش دەكرێ، كەمتر دەبێ لەوە كە تەنیا بە سەر دوو كەسدا دابەش بكرێو ئەوە هێندێك ناعەداڵەتی پێش دێنێ.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش كە: ئەی كەنگێ كۆمەڵ یان نیزام بە تەواوی عادلانە دەبێ؟

وەڵام ئەوەیە كە: ئەو كاتەی "هەر كەس بە پێی لێهاتوویی خۆی كار بكاو بە پێی پێداویستی‌یەكانی یارمەتی وەربگرێ". بەڵام ئەو نیزامە جارێ زۆر دوورە... .

بە گشتی، ئەگەر رادەی هەڵدانی داهاتی نەتەویی لە وڵاتەكانی سۆسیالیستی‌و لە وڵاتانی سەرمایەداری‌دا پێكەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین كە لە وڵاتانی سەرمایەداری‌دا ئەم هەڵدانە لە ماوەی بیستو پێنج ساڵدا سەدی سێ‌یە؛ بەڵام لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا سەدی هەشت زیاترە. هۆی ئەو فەرقە ئەوەیە كە سۆسیالیزم دەتوانێ، بە تایبەتی لە سەرەتای دامەزرانی‌دا تەواوی هێزی ئینسانی‌و ماددیی وڵات وەگەڕ بخاو؛ لە بەر ئەوە كە چەوساندنەوە نامێنێو خەڵك لە راستی‌دا بۆ خۆیان كار دەكەنو دلگەرمی‌و تێكۆشانیان زیاترە، بوحرانی ئابووریش كە لە تایبەتی‌یەكانی سەرمایەداریە، لە سۆسیالیزم‌دا نامێنێو نابێتە كۆسپو، لە ئاكام‌دا هەموو كارێك خێراترو زووتر بەرەو پێش دەچێ.

٣- سۆسیالیزمی مەوجوود:

بە راشكاوی دەبێ پێ لەوە بنێین كە شێوەی هەڵدانی سۆسیالیزمی مەوجوود لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا بە تەواوی جێگای رەزامەندی نیەو، هێندێك هەڵە لەم بارەوە كراون كە زۆربەیان لە هەلومەرجی تایبەتی‌و عەینی‌یەوە سەرچاوەیان گرتووە. بزانین ئەو هەلانە هۆی روودانیان چیە؟

سۆسیالیزم لە یەكیەتیی سۆڤیەتی‌دا:

"مارکس"و "ئەنگێلس" لە مانیفێستی حیزبی کومۆنیستدا دەڵێن: "پرۆلێتاریا نیشتمانی نیە؛ نیشتمانی پرۆلێتاریا هەموو جیهانە."

سۆسیالیزمیش هەرگیز دیاردەیەکی نەتەوەیی نەبوەو سیستمێکی جیهانی‌یە. "مارکس"و "ئەنگێلس" پێشبینییان دەکرد کە سۆسیالیزم دەبێ لە پێشدا لە ولاتی هەرە پێشکەوتووی سەرمایەداریو ئەویش لە چەند ولاتدا سەرکەوێ، بۆ ئەوەی ببێتە سیستمێکی جیهانی.

بەلام مێژوو قانوونی تایبەتیی خۆی هەیە. تیئۆرییەك بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ دادەنرێ، بەلام رەورەوەی مێژوو کۆمەڵ بەرەو جێگایەکی دیکە دەبا، ئەمجا تیئۆری ناچارە خۆی لەگەڵ واقعییەت رێك بخا.

هەلکەوتی مێژوو ئەوە بوو کە ئیمکانی دامەزرانی سۆسیالیزم لە پێشدا، لە ولاتێکی غەیری ئەوە پێك بێ کە مارکسو ئەنگێلس پێشبینییان دەکرد؛ واتە لە رووسیەدا کە لە باری ئابووریو کۆمەلایەتی‌یەوە بە هیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم نەبوو. بێجگە لەوەش، لە باری حکوومەتیەوە سەرەرۆترین ولاتی ئۆرووپا بوو و لە تەواوی مێژووی خۆیدا، رۆژێك ئازادیو دیموکراسیی بەخۆیەوە نەدیبوو. جا لە ولاتێکی ئاوادا، شۆرشی ئۆکتۆبر پێکهاتو بۆ "لنین"و مارکسیستەکانی دیکە، مەسەلەی دامەزرانی سۆسیالیزم بە کردەوە هاتە گۆرێ.

ئەوان، دوو رێگایان لە پێش بوو: یان دەبوا بە قسەی هێندێك لە ئەندامانی بەرێوەبەری حیزبی بولشویك بکەن کە دەیانگوت دەبێ جارێ واز لە دروست کردنی سۆسیالیزم لە رووسیەدا بێنینو، هەتا پێکهاتنی ئیمکانی دامەزرانی لە چەند ولاتی دیکەش، دەست رابگرین؛ یان وەك لنینو لایەنگرەکانی، تێبکۆشن سۆسیالیزم لەو ولاتەدا دابمەزرێنن‌و ئەو ولاتە بکەنە بنکە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ولاتانی دیکەدا... .

بەلام هەر وەك گوتمان، ئەو ولاتە واتە رووسیە، بە هیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم نەبوو. چونکە هێندێك گیروگرفتی هەبوون کە سەرمایەداری لە چەند ولاتی ئۆرووپاییو لە ئامریکای شیمالی‌دا لە مێژ بوو تا رادەیەکی زۆر چارەسەری کردبوونو، لە پاش شۆرشی ئۆکتۆبر، لنینو هاورێکانی، تازە دەبوا لە رووسیەدا چارەسەریان بکەن. وەك: مەسەلەی سەنعەتی کردنی ولات، مەسەلەی

زەوی‌و زار، مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە دین، مەسەلەی خوێندەوار کردنی کۆمەڵانی خەڵك‌و، زۆر مەسەلەی دیکە ... .

با لە سەر هێندێك لەو مەسەلانەو ڕێگای چارەسەر کردنیان‌و بەرهەمی ئەو ڕێگاچارانە کەمێك درێژتر قسە بکەین:

نووسراوەکانی "لنین" لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر، بە باشی نیشان دەدەن کە لنین لە سەرەتادا بە هیچ چەشنێك نەزەری ئەوە نەبوو کە تاقە حیزبێك دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ‌و، هەتا ساڵی ١٩١٨ش لەو بڕوایەدا بوو کە حیزبی بولشویك دەبێ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە هاوکاری بکاو، بە هاوکاری هەمووی ئەوانەی سۆسیالیزمیان مەبەست بوو، کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دابمەزرێنێ. بەڵام هێندێك گیروگرفت هەر لە سەرەتاوە پێش‌هاتن کە بۆ بەربەرەکانی‌و چارەسەر کردنیان، وایان بە باش زانی بەرەبەرە سیستمی تاقە حیزبی دابمەزرێنن. یەکێك لەو گیروگرفتانە مەسەلەی زەوی‌و زار بوو:

کاتێك شۆڕشی ئۆکتۆبر سەرکەوت، دانیشتووانی لادێ لە رووسیە واتە "موژیك"، وەك کۆیلە وابوون‌و لەگەڵ زەوی دەفرۆشران. ئەم کارە بە "سێرواژ" ناوی دەرکردبوو. لە راستی‌دا ماوەیەك پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر، "سێرواژ" بە رەسمی هەڵوەشێنرابوو، بەڵام شوێنەواری هەر مابوو. لە ساڵی ١٩١٨دا، ئەوانەی کە پێیان دەگوتن: "سوسیال ڕێوۆلوسیۆنێر" (سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ) یان زۆر بە کورتی: ئێس ـ ئێڕ (S.R)، بەرامبەر بە بولشویکەکان راوەستان. ئەوانە بە پێی نووسراوەکانی لنین نفووزێکی زۆریان لە نێو جووتیاراندا هەبوو. رۆژنامەنووسی ئامریکایی بە ناوی "جان رید"یش لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی "ئەو دە ڕۆژەی دنیایان وەلەرزە خست"دا، ئەم راستی‌یەی بە جوانی باس کردوە.

لنین بە تایبەتی بە مەبەستی راکێشانی جووتیاران‌و بەشدارکردنیان لە حکوومەتدا، یەکیەتیی حیزبی بولشویك لەگەڵ "ئێس ـ ئێڕ"ەکانی هێنایە گۆڕێ. کە وابوو، دروشمی "یەکیەتیی کرێکاران لەگەڵ جووتیاران" کە بوو بە ئەسڵێکی پەسند کراو لە لایەن حیزبی بولشویکەوە لە جەرەیانی شۆڕشی ئۆکتۆبردا هاتە گۆڕێ. لە زەمانی "مارکس"و "ئەنگێلس"دا باسی ئەم یەکیەتیە بەم شێوەیە نەبوو. دروشمی وان بریتی بوو لە : "پرۆلێتێرەکانی جیهان یەك بگرن!".

بە هەر حاڵ "ئێس ـ ئێڕ"ەکان لە ئاخردا نەچوونە ژێر باری ئەو یەکیەتیەو تاریخ دەریخستووە کە تەنانەت خەریك بوون کودێتا بکەنو بۆخۆیان دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن، کە بولشویکەکان پێیان زانیو زووتر جووڵانەوە. "ئێس ـ ئێڕ"ەکان دەیانگوت کە لە ئۆکتۆبری ١٩١٧شدا، بولشویکەکان کودێتایان کردووە نەك شۆڕش. ئەوەیان بە تایبەتی بۆیە دەگوت کە لە سەرەتادا، شۆڕش بە دانی کوژراوێکی زۆر کەم سەرکەوتو تەنانەت لە گرتنی کۆشکی زستانییشدا زیاتر لە چەندسەد کەس نەکوژران. لە پاشان "ئێس ـ ئێڕ"ەکان داوایان کرد سەربازو جووتیارەکان کە چەکدار ببوون، بە دژی بولشویکەکان راپەڕنو ئەو کاتە بوو کە هەروەك گوتمان، حیزبی بولشویکیش ناچار بوو سەرکوتیان بکاو دەسەڵات بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ. بەم جۆرە، بەرەبەرە مەسەلەی زاڵ بوونی تاقە حیزبێكو دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا لە عەمەلدا هاتە گۆڕێ.

هۆیەکی دیکە کە جەرەیانی سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی تاقە حیزبی خێراتر کرد، گەمارۆدانی رووسیەی سۆڤیەتی لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداریەوە بوو. رووسیەی سۆڤیەتی هەتا ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن چاردە دەوڵەتی سەرمایەداریی رۆژئاواوە بە یارمەتیی دژی شۆڕشی نێوخۆ، گەمارۆ درابوو. تەنیا پاش دوو ساڵ شەڕو لەخۆبوردوویی گەورە بوو کە بولشویکەکان توانییان سەرکەون. دوو ساڵ پاشتر واتە لە ساڵی ١٩٢٢دا، جەمهووریەکانی رووسیەی سۆڤیەتی یەکیان گرتو یەکیەتیی سۆڤیەتیان پێکهێناو بەم جۆرە، ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەك وڵاتدا پێکهات.

بەڵام هەروەك لە پێشوودا گوتمان، ئەم کۆڵەبارە، قورسایی چەندسەد ساڵ وەپاشکەوتوویی ئیمپراتۆریی رووسیەشی لەگەڵ بوو. سۆسیالیزم دەبوا لە پێشدا مەسەلەی سەنعەتی کردن، مەسەلەی نەخوێندەواری، مەسەلەی ئەرزی، مەسەلەی میللیو زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئابووریی دیکەش چارەسەر بکا کە لە هێندێك وڵاتی سەرمایەداریدا تا رادەیەکی زۆر چارەسەر کرابوون. هەر بۆیەش، دامەزراندنی سۆسیالیزم زۆر بە زەحمەت بەرەوپێش دەچوو. بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی ١٩٢٩ واتە دوازدە ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبردا بوو کە یەکەم نەخشەی ئابووریی پێنج ساڵە دەستی پێکرد.

پاش کۆچی دوایی لنین لە ساڵی ١٩٢٤دا، بەرەبەرە وەزع لە یەکیەتی سۆڤیەتو بە تایبەتی لە نێو حیزبی کومۆنیست (حیزبی بولشویك)دا گۆڕا. "ستالین" کە دەسەلاتی بە دەستەوە گرتبوو، لە جیاتی دێموکراسی لە نێو حیزبو لە نێو وڵاتدا، لە ژێر ناوی دیکتاتۆری پرۆلێتاریادا، دیکتاتۆریەتی شەخسی خۆی جێگیر کرد. ئەمە لادانێکی زۆر گرینگ لە رێبازی راستەقینەی حیزبی بولشویك بوو کە هەتا ئێستاش شوێنی خۆی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا بەجێهێشتوە.

بە گشتی، لە ژێرپێنانی دێموکراسی یەکێك لە دیاردەکانی زەمانی ستالینە. لە زەمانی ستالیندا بوو کە گرینگیدانی لە رادەبەدەر بە نەخشی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا، هەروەك ئیشارەمان پێکرد بەرە بەرە بوو بە دیکتاتۆریی حیزبو، دیکتاتۆریی حیزبیش بوو بە دیکتاتۆریی سکرتێری حیزب واتە ستالین، کە حیزبی بولشویکی بە تەواوی خستبوە ژێر دەسەلاتی خۆی.

یەکێك لە دیاردەکانی نەمانی دێموکراسی، نەگیرانی کۆنگرەی حیزبی بوو. لە ساڵی ١٩١٧وە کە شۆڕشی ئۆکتۆبر پێکهات، هەتا ساڵی ١٩٢٤ کە لنین زیندوو بوو، هەموو ساڵێك کۆنگرەی حیزبی بولشویك گیراوە. لەو کونگرانەدا راپۆرتی کومیتەی ناوەندی پێشکەش کراوە، لە سەر گیروگرفتەکان باس کراوە، هەموو کەس بە ئازادی نەزەری خۆی داوە. بەلام پاش کۆچی دوایی لنین، بەرە بەرە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە زیاتر بوو هەتا وای لێهات کە ئاخر کۆنگرەی زەمانی ستالین واتە کۆنگرەی ١٩، لەگەڵ کۆنگرەی ١٨، سێزدە ساڵیان بەین بوو!. دیارە ساز بوونی شەڕی دووهەمی جیهانییش لەو کارەدا بێ ئەسەر نەبوو، بەلام راستی ئەوەیە کە رێزدانان بۆ پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بۆ ستالین بێگانە بوو.

لە زەمانی دەسەلاتداریی ستالیندا، زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبەریی ستالین موافیق نەبوون، وەلانرانو پاك کرانەوە. نموونەی زۆر بەرچاوی ئەو کارە، کومیتەی حیزبی بولشویك لە "لنینگراد" بوو کە هەموو ئەندامەکانی لەبەین بران.

لە مەیدانی ئابوورییشدا، لەنێوچوونی دێموکراسیو پەرەگرتنی دەسەلاتی شەخسیی ستالین، بوو بە هۆی زۆر هەڵەو کەمو کوڕی. بۆ نموونە باسی پێکهێنانی

"کەڵخوز"ەکان دەکەین کە ئەو کارە لە سەر ئەمری ستالین ئەنجام دراو شوێنێکی گەورەی لە سەر وەزعی ئابووریی یەکیەتیی سۆڤیەتی دانا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر، نەزەر ئەوە بوو کە زەویش وەك کارخانەکان میللی بکرێ. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەك رووسیەدا کە لە باری تێکنیکی کشتوکاڵەوە زۆر لە پاش بوو، ئەو کارە سەرناکەوێ. لە جیاتی ئەوە، بێجگە لە هێندێك جێگا کە ئیمکانی میللی کردنی زەوی‌و پێکهێنانی شیرکەتی دەوڵەتی بە ناوی "سەڵخۆز" هەبوو، باشتر ئەوە بوو لە پێشدا زەوەی لە نێو جووتیاراندا بەش بکرێ‌و، لە پاشان ئەم جووتیارانە بەرە بەرە هان بدرێن بۆ ئەوەی شیرکەتی تەعاوەنی (کەڵخۆز) پێك بێنن. ئەسڵ ئەوە بوو کە جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوەی بە مەیلی خۆیان‌و لە سەر داخوازی خۆیان بن بە ئەندامی کەڵخۆز، ئەوەش کاتێك دەبێ کە باوەڕ بەوە بێنن کە ئەگەر بچنە نێو کەڵخۆز، وەزعی ئابوورییان باشتر دەبێ‌و داهاتێکی زیاتریان لەوە کە لە سەر زەویی تایبەتیی خۆیان بە تەنیایی کار بکەن وەدەست دەکەوێ.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە، ستالین جووتیارانی بە زۆری ناچار کرد کە زەویەکانیان بخەنە سەریەك‌و کەڵخوز دروست بکەن. ئەم کردەوەیە ئێستاش شوێنەواری هەر ماوەو، حکوومەتی سۆڤیەتی هێشتا نەیتوانیوە گیروگرفتو پێوەندیەکانی کشتوکاڵ بە قازانجی سۆسیالیزم چارەسەر بکا. تەواوی ئەو کەسانەی لە تاریخدا ئاگاداریان هەیە، دەزانن کە زەمانێك "ئۆکراین" بە عەمباری گەنمی دنیا دەناسرا؛ بەڵام ئێستا یەکیەتیی سۆڤیەتی ناچارە هەموو ساڵێك گەنم لە ئەمریکا بکڕێ... . چونکە ئەگەر لە ئابووری وڵاتێکدا شێوە هەڵسووڕانێك جێگیر بوو، هەروا بە سووك‌و هاسانی لە بەین ناچێ‌و دانانی شێوەیەکی تازە، خەباتێکی دوورو درێژی پێویستە.

مەبەست لەم باسە هەروەك لە هەوەڵدا گوترا، ئەوە بوو کە نیشان بدەین دامەزرانی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا کە هەلومەرجی تێدا ئامادە نیە، تووشی چەندە تەنگو چەڵەمە دەبێ‌و بەرهەمی چەندە خراپی لێ پەیدا دەبێ... . ئەگەر کەسێك وەك ستالین توانی هەموو دەسەڵاتێك لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بەدەستەوە بگرێ‌و دێموکراسی ئاوا لە ژێر پێ بنێ، هۆیەکەی هەر دەکەوێتە سەر ئەو تەنگو چەڵەمانە؛

ئەگینا لنین بۆ خۆیشی تا رادەیەکی زۆر ستالینی ناسیبوو لە نامەیەك کە لە پێش کۆچی دواییدا بۆ کومیتەی ناوەندیی نووسیبوو گوتوویە: بۆ سکرتێری حیزب یەکێك پەیدا بکەن کە هەموو تایبەتیەکانی ستالینی لە باری کارەوە هەبێ، بەلاّم وەك ئەو توندوتیژ نەبێ! (لەم نامەیەدا کە ئەندامانی حیزب هەر نەشیاندەزانی هەیەو بە دەستووری ستالین شاردرابۆوە هەتا لە زەمانی "خرۆشچۆف"دا بلاّو کرایەوە، لنین بە تاریخی ٥ی مانگی مارسی ١٩٢٣ دەڵێ: "... بۆیە پێشنیار دەکەم هاوڕێیان رێگایەك ببیننەوە بۆ ئەوەی ستالین لەو مەقامە هەڵبگرنو کەسێکی دیکەی لە جێگا دابنێن...".

سەرەڕای هەموو ئەوانە، چاوخشاندنێك لە سەرکەوتنە مەزنەکانی سۆڤیەتی، زۆر باش دەتوانێ نیشاندەری سەرکەوتنەکانی بێوێنەی سۆسیالیزم بێ. چونکە لە سەر ئەو هەموو پاشکەوتووییەی رووسیەو، لە سەر ئەو هەموو تەنگو چەڵەمەیە، لە ئەنجامی لەخۆبوردوویی‌و تێکۆشانو هەستی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی ولاّتی سۆڤیەت، یەکیەتیی سۆڤیەتی توانیویەتی بگاتە ئەو جێگا مەزنەی کە دەیبینین!

...

سۆسیالیزم لە ولاّتانی ئۆرووپای رۆژهەلاّتدا:

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لە ئۆرووپای رۆژهەلاّتدا، بێجگە لە "یووگوسلاڤی"و "ئالبانی"، دەسەلاّتی سۆسیالیستی بە هاتنی ئۆردووی سوور دامەزرا.

"یووگوسلاڤی"و "ئالبانی" بە بێ یارمەتی راستەوخۆی ئۆردووی سوور، خۆیان رزگار کرد. "چێکۆسلۆواکی"ش ئەگەرچی بە هۆی ئۆردووی سوور، ئازاد کرا، بەلاّم ئۆردووی سوور لە پاشان بۆخۆی کشاوەو بە دوای ئەودا، حیزبی کومۆنیست لە نەتیجەی هەڵبژاردنێکی ئازاد، زۆربەی دەنگی هێناوەو دەوڵەتی پێکهێنا. "چێکۆسلۆواکی" تەنیا ولاّتی ئۆرووپای رۆژهەلاّت بوو کە لەوێدا حیزبی کومۆنیست لە ماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا، نفووزێکی زۆری هەبوو و بە ئاشکرا وەك حیزبێکی قانوونی تێدەکۆشا. بەلاّم لە "رۆمانی"دا، ئەو وەختەی بە دەستی ئۆردووی سوور ئازاد کرا، ژمارەی ئەندامانی حیزبی کومۆنیست نەدەگەیشتە هەزار کەس. مەجارستانیش هەروا بوو.

لەو وڵاتانەدا، کاتێك مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم هاتە گۆڕێ، هێنایان ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا کرابوو، وەك تەنیا نموونەی سۆسیالیزم کەڵکیان لێوەرگرت، بێ ئەوەی هەلومەرجی تایبەتیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو مێژوویی ئەو وڵاتە لە بەرچاو بگرن. ئەم چەشنە دامەزراندنەی سۆسیالیزم بوو بە هۆی هێندێك گیروگرفت کە چەند نموونەیەك لەوان باس دەکەین:

کاتێك یەکیەتیی سۆڤیەتی دەستی بە دامەزراندنی سۆسیالیزم کرد، ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی لە سەدو حەفتا میلیۆن کەس تێدەپەڕی. بەڵام ئەو دەمەی کە دەسەڵاتی سۆسیالیستی لە مەجارستاندا سەرکەوت، ئەم وڵاتە ٩ میلیۆن کەس دانیشتووی هەبوو. وڵاتێکی سەدوحەفتا میلیۆنی، ئیمکانی ئەوەی هەیە کە هەموو سەنعەتێکی قورس وەك سەنعەتی ئاسنو پۆڵا تواندنەوە، پێترۆشیمی، ئەلەکترۆنیكو تەنانەت سەنعەتی ئەتۆمیش بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەتی کە وڵاتی سۆڤیەتی ئەو کاتە تەنیا بوو و لە لایەن وڵاتانی سەرمایەداریشەوە گەمارۆی ئابووری درابوو. بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتێکی ٩ میلیۆنیی وەك مەجارستان، نەیدەتوانی ئەو هەموو سەنعەتە قورسە دروست بکا. چونکە نە ئیمکانی ژێرزەویی خاکەکەیو، نە هێزی ئینسانیو، نە سەرمایەکەی، ئیجازەی ئەو کارەی پێنادا. سەرەڕای ئەوە، لە رووی نموونەی یەکیەتیی سۆڤیەتییەوە مەجارستانیش دەستی کرد بەوە کە سەنعەتی قورس درووست بکاو، چەند گەلاڵەی لەم بارەوە دەست پێکرد کە هەرکامە چەندین میلیارد خەرجی هەڵگرتو، هەموو ئیعتیباری ماڵیی وڵاتی بە خۆیەوە گرتو یەکێك لە ئاکامەکانی ئەو کارە ئەوە بوو کە، خەڵك بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان کەوتنە تەنگانەوە.

باسی مەجارستان بۆیە بۆ نموونە هات چونکە لە چاو وڵاتانی دیکە وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو. بەڵام لە راستیدا هەروەك لە هەوەڵەوە گوترا، هەموو وڵاتانی ئۆرووپای رۆژهەڵات، هەرکام بە چەشنێك تووشی تەنگانە هاتن. نموونەیەکیش لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك چێکۆسلۆواکی بێنینەوە: ئەم وڵاتە لە باری کەوش دروست کردنەوە، پێشکەوتووترین وڵاتو بە تایبەت زۆر پێشکەوتووتر لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو. ـ "باتیا" کە لە کوردستانی خۆمان بە "پاتە" ناوی دەرکردبوو، کابرایەکی خەڵکی چێکۆسلۆواکی بوو کە کارخانەیەکی گەورەی کەوش دروستکردنی

لەو وڵاتە دامەزراندبوو. - بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی ٥٠دا، هەیئەتێك لە چیکۆسلۆواکی‌ڕا چوون بۆ "مۆسکۆ" بۆ ئەوەی بزانن لە یەکیەتیی سۆڤیەتی کەوش چۆن دروست دەکەن، هەتا ئەوانیش لە وڵاتی خۆیاندا هەر ئاوا کەوش دروست بکەن!. تەنانەت لەوەش سەیرتر، چوون نیمکەتی مەدرەسەیان لە یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەندازە گرتو هاتن لە چیکۆسلۆواکیش هەر بەو ئەندازەیە نیمکەتیان دروست کرد، بەڵام لە دواییدا، دەرکەوت کە منداڵانی چیکۆسلۆواکی لە منداڵانی سۆڤیەتی هێندێك کەلەگەتترو پانوپۆڕترنو لەو نیمکەتانەی یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا بە تەواوی جێگایان نەدەبۆوەو، بە ناچار ئەندازەکانیان گۆڕی.

مەبەست لەو نموونانە ئەوە بوو کە نیشان بدەین لە لاسا کردنەوەی سۆسیالیزمی سۆڤیەتی‌دا گەیشتبوونە چ جێگایەك!!. لە باری سیاسیشەوە، دەستتێوەردانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی زەمانی ستالین، لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا، لە رادەبەدەر بوو. "بێریا" کە لە زەمانی ستالیندا بەرپرسی "ك.گ.ب" بوو، بە تاوانبار کردنو ئێعدام کردنی زۆر کەس، بەزمێکی وای بە سەر خەڵکی وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌دا هێناو، وەزعێکی پۆلیسیی وا نالەباری لە نێو حیزبە کومۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەدا زاڵ کرد، کە بەڕاستی دژی سەرەتاییترین ئوسووڵی سۆسیالیزم بوو. لە بولغارستان: "کۆستۆف" (ئەندامی دەفتەری سیاسیو جێگری سەرکۆمار)، لە مەجارستان: "رایك" (سکرتێری حیزب لە زەمانی شەڕداو وەزیری کاروباری دەرەوە)، لە چیکۆسلۆواکی: "سلانسکی" (سکرتێری گشتی حیزب) ئێعدام کران. سکرتێرە گشتی‌یەکانی ئێستای حیزبە کومۆنیستەکانی چیکۆسلۆواکیو مەجارستان "هوسناك"و "کادار" هەردووکیان لە زەمانی ستالیندا لە زینداندا بوون.

ئەو چەشنە گیروگرفتانە بوون بە هۆی پێکهاتنی ناتەبایی زۆر گەورە لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا، کە لە رێگای پێشکەوتنی سۆسیالیزم‌دا بوون بە کۆسپ. لە مەجارستان، لە ساڵی ١٩٥٦دا، شەڕو ناکۆکیو کوشتار ساز بوو، ئەگەر لەشکری سوور دەخاڵەتی نەکردبا، شوێنەوارێك لە سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا نەدەما. لە لەهستانیش هەر لەو ساڵەدا ئاڵۆزی‌یەکی گەورە پێکهاتو بە زۆری پێشگیری لە خوێنڕشتن کرا، لە پاشان بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتە، چوون "گۆمۆلکا"یان کە لە زینداندا بوو هێنا دەرێو وەك قارەمانی میللی کردیان بە سکرتێری حیزب،

ماوەیەکی زۆریشیان ئیمکان پێدا کە وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناو بە پێچەوانە وەزعەکەی بە تەواوی ئاڵۆز کرد، چونکە هەر لە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی پێش ساڵی ١٩٥٦، واتە زەمانی ستالین دەڕۆیی. تەنگو چەڵەمەی ئێستای "لەهستان"یش هەر بەرهەمی ئەو وەزعە نالەبارەیە کە لە درێژەی ئەو ساڵانەدا پێکهاتووە... .

لێرەدا جێگایەتی کە دیسانیش ئەم ڕاستییە دووپات بکەینەوە کە، ناکرێ تاوانی ئەو هەموو هەڵەیە بە تەنیا بخەینە سەر شانی ستالین. بەڵکوو هەروەك گوترا، سەرچاوەی پێکهاتنی ئەو وەزعە، لە پێشدا ئامادە نەبوونی هەلومەرجی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی، بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە رووسیەدا بوو، کە شەخسییەتی پڕ لە ناتەبایی ستالینیش، خۆی یەکێك لە بەرهەمەکانی بوو... .

وڵاتانی سۆسیالیستی‌و دێموکراسی:

ئەوەی کە لە سەر گیروگرفت لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا گوترا، بەو مانایە نیە کە سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، یان سۆسیالیزم توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نیە، یان لە وڵاتانی دیکەدا گیروگرفت نیە. هەروەك لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەتی باس کرا، سۆسیالیزم لەو وڵاتانە کە دامەزراوە سەرکەوتنی زۆر گەورەی وەدەست هێناوە. بەڵام ئەگەر هەلومەرجی تایبەتیی ئەو وڵاتە لە نەزەر بگیرایەو لاساکردنەوەی تێدا نەبوایە، سەرکەوتن زۆرتر دەبوو و گیروگرفتیش کەمتر.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە هەرکام لە وڵاتانی سۆسیالیستی، لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە تەنگو چەڵەمەکانی دامەزرانی سۆسیالیزم لەنێو بەرن. بەڵام بۆ ئەم کارە بەشداری هەموو خەڵك پێویستەو هەوەڵ هەنگاو ئەوەیە کە بە خەڵك ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لە سەر گیروگرفتەکان دەربڕێ‌و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکا. لێرەدایە کە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە "دێموکراسی" دێتە گۆڕێ.

بۆ سادە کردنەوەی ئەم باسە باشترە کە چەند بەشی دێموکراسی لێك جیا بکەینەوە، هەرچەند کە دێموکراسی لە ئەساسدا بەش ناکرێ‌و هەموو بەشەکانی پێوەندیی دیالێکتیکی‌یان پێکەوە هەیە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئەسڵی باسەکە، ئەم

بەشکردنە پێویستە، کە ئێمە ناونیان دەنێین: دیموکراسیی کۆمەلایـەتی، دیموکراسـیی ئابووریو دیموکراسیی سیاسی.

لە سەر دیموکراسیی ئابووری پێشتر باسمان کردووە. ئەو دێموکراسی‌یە بە گشتی لە ولاتانی سۆسیالیستی‌دا لە ولاتانی سەرمایەداری زیاترە، چونکـە داهـاتی نەتـەوەیی عادلانەتر دابەش دەکرێ. دیارە ئەو داهاتە مومکینە کەم یـان زۆر بـێ. راسـتە کـە کرێکاری نیوەنجیی سۆڤیەتی، ئێستاش پایەی ژیانی ئابووری لە کرێکـاری نێوەنجیـی ولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو نزمترە، کە ئەمە خۆی هۆی مێژوویی هەیە؛ بـەلام ئەوەندەی کە هەیە، عادلانەتر دابەش دەکرێو ئەوە بە تەواوی روونە.

لە بـاری دیموکراسـیی کۆمەلایـەتیش‌دا، وەزع هـەر بـەم جۆرەیـە. چونکـە ئـەو یارمەتی‌یەی کە دەولەت لە ولاتانی سۆسیالیستی‌دا بۆ پـەروەردە کـردنو بارهێنـانو لەش‌ساغیو بنەمالەی کەم‌داهاتو بنکـەی گشـتیی فەرهـەنگیو هونـەریو شـتی وا تەرخانی دەکا، بەڕاستی شتێکی بەرچاوەو کۆمـەلی سۆسیالیسـتی لـەم بارەوە، زۆر ئیمتیازی ناعادلانەی لەبـەین بـردوە کـە لەگـەل کۆمـەلی سـەرمایەداری‌دا جێگـای هەلسەنگاندن نیە.

بەلام کە دەگەینە سەر باسی دیموکراسیی سیاسی، وەزعەکە فەرق دەکا. لـێرەش‌دا بـۆ روونکردنـەوەی باسـەکە، باشترە دیموکراسـیی سیاسـیش بـە دووبـەش بکـەین: یەکێکیان دیموکراسیی فەردی‌یە؛ واتە ئەوەی کە هەرکـەس بتوانـێ ژیـانی تایبـەتیی خۆی بەو جۆرەی پێی خۆشە بەڕێوەبەرێ. بۆ نموونە، لە جمـهووریی ئیسـلامی‌دا، ئـەم جۆرە دێموکراسی‌یە ئـەوەندە مـەحدوودە کـە تەنانـەت شـێوەی جل لەبـەرکردنیش دیـاری‌کراوە. لـەم بـارەوە لـە ولاتـانی سۆسیالیسـتی‌دا بـە گشـتی ئـەم چەشـنە مەحدوودکردنانەیان نیەو، یـان ئەگـەریش هـەبێ زۆر کەمـە. لـە زەمـانی شۆڕشـی فەرهەنگی لە چین‌دا، هێندێـك لـەو مەحدوودیەتانـە هـەبوونو بـۆ نموونـە، بەسـتنی کراوات قەدەغە کرابوو. هەروەها برادەرێکـی ئـێرانی کـە لایـەنگری ئالبـانی بـوو، دەگێڕێتەوە کە چەند سال لەمەوپێش، بە پێی دەعوەتێك لە ولاتێکی رۆژئاواڕا دەچێ بۆ ئالبانی. کاتێك دەگاتە فرۆکەخانەی "تیرانا" پایتەختی ئالبانی، لـەپێش هـەموو شتێك‌دا، لە سەر درێژ بوونی مووی سـەری، بەهانـەی پێ‌دەگرنو سـەری دەتاشن!.

ڕەنگە ئێستا ئەم جۆرە مەحدوودیەتانە کە پێوەندی بە ژیانی فەردیو شەخسی ئینسان هەیە، زۆر کەم بووبێ...

کەوابوو، ئەوەی جێگای باسە، دیموکراسیی سیاسیی گشتی‌یە کە پێوەندیی بە هەڵوێستی فەرد سەبارەت بە ڕێژیم، بە دەوڵەتو، بە حاکمییەتەوە هەیە. ئایا لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا، فەرد دەتوانێ نەزەری خۆی لە سەر سیاسەتی حکوومەت بداو ئەم نەزەرە لە کۆمەڵدا بڵاو بکاتەوە؟ ئایا هیچکەس دەتوانێ لە چاپەمەنیو ڕادیۆو تەلەویزیۆن‌دا ڕەخنە لە حکوومەت بگرێو، لە باری سیاسی‌یەوە بە دژی دەوڵەت ڕابوەستێ؟ بەداخەوە، دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئەو دیموکراسیە لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا، بێجگە لە یووگوسلاڤی کە هێندێك ئازادیی تێدا هەیەو، تا ڕادەیەکیش مەجارستان، وجوودی نیە، لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداری‌دا، ئەم ئازادی‌یە هەیە.

با هەر لە ئێستاوە ڕوونی بکەینەوە کە لە وڵاتانی سەرمایەداری‌دا، ئەو ئازادیو دیموکراسیە بە گشتی کاناڵیزە کراوەو، زۆر جاریش هەر لە تیئۆری‌دا هەیەو بە کردەوە پیادەکردنی هاسان نیە. بۆ نموونە، بە پێی قانوون، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ڕۆژنامە بڵاو بکاتەوەو لە ڕاستیش‌دا لەم بارەوە کەس پێشی پێ‌ناگرێ؛ بەڵام دەرکردنی ڕۆژنامە، پارەیەکی زۆری پێویستە کە بە هەموو کەس پەیدا نابێو، تەنانەت ڕێکخراوو سازمانی سیاسیی زۆر گەورەش، بە زەحمەت دەتوانن ڕۆژنامەی خۆیان بە ڕێکوپێکی دەربکەن. سەرەڕای ئەوە، هێندێك ئازادیی سیاسی، بەڕاستی هەیە. لە هەڵبژاردن‌دا، هەرکەس دەتوانێ بە ئازادی دەنگی خۆی بدا، نەزەری خۆی لە ڕۆژنامەو کتێب‌دا بڵاو بکاتەوە، لە ڕێکخراوی سیاسیو سەندیکای جێگای پەسندی خۆی ببێتە ئەندام، ئازادیی هاتوچۆی بۆ وڵاتەکانی دەرەوەو پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی وڵاتانی دیکەی هەیەو، بۆ ئەم جۆرە کارانە، ناخرێتە ژێر چاوەدێریو زیندانی ناکرێو مەحکووم نابێ...

ڕەنگ بێ ئەو پرسیارە بێتەپێش کە ئەگەر ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا ڕەخنەکانی خۆیان بە ڕاشکاوی بڵێن چ دەبێ؟ وەڵام ئەوەیە کە لە نەزەر زۆربەی ئەو ئەندامانە، ئەم کارە وەك سەر لە دیواردان وایەو، بە تاقیکردنەوە دەزانن کە، ئەگەرچی مومکینە لە هەوەڵدا بە ڕەواڵەت پێیان بڵێن کە ئەو ڕەخنەو

ڕەخنە گرتنە مافی خۆیانە، بەلاّم لە یەکەم هەلّکەوتدا بیانوویان پیّدەگرنو سزایان دەدەن.

هەروەك ئیشارەمان پیّکرد، ئیٚستا لە نیٚو ولاّتانی سۆسیالیستیدا لەم بارەوە فەرق هەیە. لە یووگوسلاڤیو مەجارستاندا، تا ڕادەیەك وەزع باشترەو ڕیٚژیم سەبارەت بە ڕەخنەگران ئەوەندە توندو تیژی نیشان نادا. هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر ئیمکان بدریّ خەلّك بە ئازادی نەزەری خۆیان دەربڕن، گیروگرفتەکانی ولاّتانی سۆسیالیستی باشتر چارەسەر دەکریٚنو، سۆسیالیزم نەك تەنیا لە مەترسی ناکەویّ، بەلّکوو زۆریش قازانج دەکا. لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی کومۆنیستی فەرانسە بۆ کۆنگرەی بیستو چوارەمی ئەو حیزبەدا هاتووە کە: "بۆ ولاّتانی سۆسیالیستیی ئۆرووپا، بەرەوپیٚش چوون، بۆتە هۆی پەیدا بوونی گیروگرفتو ناتەبایی. ئەو ولاّتانە پیٚویستییان بە پیٚشڕەفتی کۆمەلاّیەتی هەیە کە ئەوەش بۆخۆی دەبیٚتە هۆی پەیدا بوونی پیٚداویستیی تازەو جۆربەجۆری خەلّکەکەیان؛ هەروەها پیٚویستییان بە دیٚموکراسی هەیە کە لە هەموو باریٚکەوە دەتوانیّ ڕیٚگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مەوجوود بیّ. دیٚموکراسی مەسەلەی ئەساسی بۆ بەرەوپیٚش چوونە. ئەوەش تەنیا بە هیٚندیٚك بڕیاری ئیداری جیٚبەجیّ نابیّ کە لەو ولاّتانەدا لە جیاتی خەباتی سیاسیو ئیدئۆلۆژیکی بەکار دەهیٚنریٚو، ئیٚمە بە تەواوی دژایەتی خۆمانیان لەگەلّ دەردەبڕین. بەلّکوو دەبیّ هەموو ژیانی کۆمەلاّیەتی ئالّوگۆڕیٚکی زۆر قوولّی دیٚموکراتیی بەسەردا بیّ... ."

بیٚجگە لەوانەی گوترا، لە ولاّتانی سۆسیالیستیدا، هیٚندیٚك ئیمتیازی بیّجیّ بۆ ئەندامانی پایەبەرزی حیزبیو دەولّەتی هەیە کە لەگەلّ ئوسوولّی سۆسیالیزم ڕیٚك ناکەویٚو دەبیٚتە هۆی پەیدا بوونی کەموکووڕی. یەکیٚك لە کەموکووڕیە ئەساسیەکان ئەوەیە کە بەرپرسانو کادرە بەرزەکانی حیزب، پیٚوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەلّ خەلّك زۆر کەمە. نەتیجەی ئەو وەزعە، دوورکەوتنەوە لە خەلّکەو، ئەوە تا ڕادەیەك گەیشتووە کە جاری وا هەیە کادرەکان بە شیٚوەی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن کە خەلّکی ئاسایی عادەتی پیّنەگرتووە. ئاشکرایە کە ئەو دوورکەوتنەوە لە خەلّکی ئاسایی ئەگەر دریٚژەی هەبیّ، کاربەدەستان بەرەبەرە سەبارەت بە بیروبڕواو داخوازەکانی گەل بیٚگانە دەکا.

٤. سۆسیالیزمو هەلومەرجی ولاتەکەمان:

هەتا ئێرە، هەم لە باری تیئۆرییەوەو هەم لە باری عەمەلییەوە باسی بارە باشەکانی سۆسیالیزممان کرد، هێندێك گیروگرفتی سۆسیالیزمی مەوجوودو هۆی ئەو گیروگرفتانەشمان خستە بەرچاوو، لە ئاخردا هاتینە سەر ئەوە کە گیروگرفتی ئەساسی لە سۆسیالیزمی مەوجووددا، نەبوون یان مەحدوود بوونی دیموکراسیی سیاسییە.

ئێستا دەتوانین بێینە سەر باسی ئەو مەسەلە گرینگە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دایبمەزرێنین، چ جۆر سۆسیالیزمێکە؟ یان باشتر ئەوەیە کە پرسیار بکەین: ئایا ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین، بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە ولاتانی سۆسیالیستیدا دامەزراوە؟

وەلامی ئەو پرسیارە زۆر بە راشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی ولاتەکەماندا ناگونجێ. چونکە راستە کە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەلام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوەندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی رزگار نەکردوە. تەرکیبی کۆمەلایەتیی ولاتەکەمانو، تەرکیبی چینایەتیی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداریدا هەیە. فەرهەنگو سوننەتی گەلەکەشمان تایبەتینو، لەگەڵ فەرهەنگو سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. هەر بۆیە زۆر روونە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دایبمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ سۆسیالیزمی یەکیەتیی سۆڤیەتی، یان فەرانسە، یان ویەتنام، یان هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ.

بە لەبەرچاو گرتنی هەمووی ئەوانەیە کە ئێمە دەمانهەوێ سۆسیالیزمێك دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی ولاتەکەماندا رێکبکەوێ. بە گوتنی ئەو قسەیە، ئێمە نەك تەنیا تاوانێکمان نەکردوە، بەلکوو شتێکی زۆر جوانو زۆر ئاساییمان گوتوەو، دەبێ لەم بارەوە هەموو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی ئێمە روون بکرێنەوەو پێیان بسەلمێندرێ کە ئەوە نەك هیچ لادانێکی لە ئوسوولی تێدا نیە، بەلکوو درێژە پێدان بە خەباتی ئوسوولیی حیزبەکەمانو گەلەکەمانە.

حیزبی کومۆنیستی فەرانسە لە کۆنگرەی بیستوچوارەمی خۆی لە زستانی سالی ١٩٨٢دا تەنیا یەك دروشمی هەبوو، ئەویش: "دروست کردنی سۆسیالیزم بە رەنگی

فەرانسەیی"!. واتە حیزبێك كە لە نێو گەورەترین حیزبە كومۆنیستەكانی ئۆرووپای رۆژئاوادا لە هەمووان زیاتر لە حیزبی كومۆنیستی یەكیەتیی سۆڤیەتی نزیكترە، دەیهەوێ سۆسیالیزمێك دروست بكا كە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی فەرانسە رێكبكەوێ.

مەسەلەیەكی زۆر ئەساسی كە لە سۆسیالیزمی دامەزراو بە پێی هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەكەمان، دەبێ لەبەرچاو بێ، مەسەلەی دێموكراسیو ئازادییە. گەلانی ئێرانو نەتەوەی كورد بە سەدان ساڵ لە ژێر رێژیمی ئیستبدادیدا ژیاون. بۆیە زۆریان پێویستی بە ئازادیو دێموكراسی هەیەو، دەیانهەوێ ئازاد بنو بە ئازادی بژین. سۆسیالیزم، نانی دەداتێ، خانووی دەداتێ، خوێندنو لەشساغیی دەداتێ، بەڵام ئینسان تەنیا بە نان ناژی. كەوابوو لە بەرامبەر ئەوانەدا، نەك تەنیا نابێ ئازادییەكەی لێبستێنێ، بەڵكوو بە پێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریشی لە سەردەمی سەرمایەداری بداتێ. ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێك درووست بكەین كە نەك تەنیا دێموكراسی مەحدوود ناكا، بەڵكوو پەرەشی پێدەدا. "ماركس"و "ئەنگێلس" لە مانیفێستی حیزبی كومۆنیستدا دەڵێن: "لە جێگای كۆمەڵی كۆنی بورژوایی بە چینەكانو ناتەباییە چینایەتیەكانیەوە، ئێمە كۆمەڵێكمان دەبێ كە لەودا گەشەكردنی ئازادانەی هەركەس، شەرتی گەشەكردنی ئازادانەی هەموانە."

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ئەسڵەدایە كە دەبێ بڵێین: لایەنگری لە "دیكتاتۆری پرۆلێتاریا" كە جارجار لە لایەن هێندێك لە ئەندامانی حیزبی دێموكراتەوە دەبینرێ، كارێكی بێقاعیدەو بێجێیە. چونكە لە لایەك، لایەنگری لە دیكتاتۆریی پرۆلێتاریا بۆ ئەندامی حیزبێكی دێموكراتی ـ میللی وەك حیزبی ئێمە بێمانایەو، لە لایەكی دیكەش، تەنانەت ئەگەر وەك ماركسیستێكیش چاو لە مەسەلەكە بكەین، بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیكتاتۆریی پرۆلێتاریا وەك ئەسڵێكی بێ ئەملاو ئەولا نابێ چاو لێبكرێ.

حیزبێكی كومۆنیستی گەورەی وەك حیزبی كومۆنیستی فەرانسە، چەندین ساڵە بە رەسمی دیكتاتۆریی پرۆلێتاریای رەد كردۆتەوەو، لە كۆنگرەی بیستوچوارەمی خۆیدا كە لە سەرەوە باسمان كرد، دیسانیش لە سەر ئەو رەدكردنەوەیەو مەحكووم كردنی ستالینیزم بە روونیو تێكڕایی رۆیشتووە. بێجگە لە حیزبی كومۆنیستی

فەرانسە، زۆر حیزبی کومۆنیستی دیکەش هەن هەر لەو بڕوایەدان. جا ئەگەر بەو حاڵە، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی ـ میللی لایەنگری لە دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بکا، ئەوە ناوی "کاسەی گەرمتر لە ئاش" نیە؟!.

تەنانەت ئێستا لە یەکیەتیی سۆڤیەتیو لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکەشدا، باسی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا نەماوە. هەر لە سەرەتاشەوە، "مارکس" دیکتاتۆریی پرۆلێتاریای بە ئامانج دانەناوە، بەڵکوو بە قۆناغێکی تێپەڕبوونی زانیوە کە ئەنجامی: "لەنێوچوونی هەموو چینەکانو پێکهاتنی کۆمەڵێکی بێچین دەبێ." (نامەی مارکس بۆ "یوزیف وایت میلیر" ٥ی مارسی ١٨٥٢). لە مانیفێستی حیزبی کومۆنیستیشدا کە لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاو کراوەتەوە، "مارکس"و "ئەنگێلس" نووسیویانە: "... هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی چینی کرێکار، گەیاندنی پرۆلێتاریا بە مەقامی چینی دەسەڵاتدارە، بۆ ئەوەی لە خەبات لە ڕێگای دێموکراسیدا سەرکەوێ." هەروەها مارکس لە نووسراوەیەك لە سەر "کۆمۆنی پاریس"دا دەڵێ: "خەباتی گەورەی شۆڕشگێڕی بریتیە لە ئەسپاردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت بە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە ببێتە هێزێکی زیندوو و ئەساسیی کۆمەڵ؛ لەجیاتی ئەوەی کە ببێ بە هێزێك کە وەك کەڵەوە بە سەر ملیدا بێ." لەو قسانە، ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە بۆ دانەرانی مارکسیزم، نێوەڕۆکی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا سەرەڕۆیی نیە، بەڵکوو دێموکراسیيە.

لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا، باسی حاکمییەتی گشتی گەلی کراوەو ئەم نەزەرە تا ئێستاش ڕەد نەکراوەتەوە. لە چیندا "مائۆ تسە دۆنگ" لە یەکەم ڕۆژەوە، لە جیاتی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا، باسی "دیکتاتۆریی دێموکراسی" دەکرد. لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی "دیکتاتۆریی دیموکراسیی گەلی"دا زۆر بە کورتی دەڵێ: "دیکتاتۆری دژی دوژمنانی گەلو، دێموکراسی بۆ گەل". ئێستاش لە چین، زیاتر باسی دیموکراسیی سۆسیالیستی دەکرێ تا دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا.

کەوابوو، ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێك دابمەزرێنین کە دێموکراتیك بێ. ئەوە هەم بە مانای کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیەو، هەم بە مانای کەڵك وەرگرتن لە ئازادیی فەردیو سیاسیو بەشدارکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی

خەڵك لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ولاّتدایە. لە سۆسیالیزمی دێموکراتیدا، فەرد نە لە باری ئابووریو کۆمەلاّیەتییەوە دەچەوسێتەوە نە لە باری سیاسییەوە. هاونیشتمانانی ولاّتێك کە سۆسیالیزمی دێموکراتی تێدا پێکهاتوە، هاونیشتمانێکی ئازادەو بە ئازادی دەژی.

لێرەدا پێویستە کە هەڵەیەکیش لە بارەی "سۆسیالیزمی دێموکراتی"دا راست بکەینەوە؛ چونکە هێندێك کەس لە مانای سۆسیالیزمی دێموکراتی نەگەیشتوون. ئەو راست کردنەوەش ئەمەیە کە: "سۆسیالیزمی دێموکراتی" لەگەڵ "سوسیال دێموکراسی" فەرقی هەیە. سوسیال دێموکراسی رێبازێکی رێفۆرمیستیە کە بە ناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزیو هەڵی دەسووڕێنیّ؛ بە ناوی سۆسیالیزم کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەنو، بە کورتی، دەیهەویّ کە گیروگرفتەکانی سیاسیو کۆمەلاّیەتیو ئابووریی کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر بکا، بیّ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە تێك بدا؛ لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بە مانای رووخاندنی سەرمایەداری بە تەواویو، پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە.

بێجگە لەوە، سۆسیالیزم بە نیزامو کۆمەڵ دەگوترێو، سوسیال دێموکراسی رێبازی حیزبێکی سیاسییە. لە راستیدا، وێکچوونی وشەی "سۆسیالیزمی دێموکراتی"و "سوسیال دێموکراسی" وەك وێکچوونی وشەی "ئابووریی سیاسی"و "سیاسەتی ئابووری"یە. "ئابووریی سیاسی" بە زانستی ئابووری دەڵێن کە لە قانوونەکانی گشتی ئابووری دەکۆڵێتەوە. لە حاڵێکدا "سیاسەتی ئابووری" سیاسەتی دیاریکراوی حیزبێك یان دەوڵەتێك لە مەیدانی ئابووری دایە.

ئێمە کاتێك دەڵێین: سۆسیالیزممان دەویّ، ئەوە خۆی بە مانای رەدکردنەوەی سەرمایەدارییو، لە نەتیجەدا رەدکردنەوەی سوسیال دێموکراسییە. بەلاّم ئەگەر گوتمان: "سۆسیالیزمی دێموکراتی"مان دەویّ، مانای ئەوەیە کە دیسان هەر سۆسیالیزممان دەویّ، بەلاّم سۆسیالیزمێك کە دیموکراسیشی لەگەڵ بیّو پەرەی پیّبدا. راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی کومۆنیستی فەرانسە بۆ کۆنگرەی بیستوچوارەم کە تا ئێستا چەند جار ئیشارەمان پیّکردوە، لەم بارەوە دەڵیّ: "بەرەوپێش چوونێکی

دێموکراتی بەرەو سۆسیالیزمێکی دێموکراتی، کە بە تەواوی لەگەڵ واقعییاتی وڵاتی ئێمەو واقعییاتی دنیای ئیمڕۆ رێك بکەوێ. ئەمەیە ئامانجی گەورەی حیزبی ئێمە!."

دیارە لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا، بێجگە لەوە کە هەلومەرجی تایبەتیی هەر وڵاتێك دەبێ بخرێتە بەرچاو، هێندێك ئوسوولی گشتیش پێویستە لە نەزەر بگیرێ: یەکەم ـ هەروەك گوتمان، سۆسیالیزم بە مانای لەنێو بردنی چەوساندنەوەو پێکهێنانی نیزامێکە کە لەودا "کار"ی ئینسان ئەرزشی ئەساسیە. دووهەم ـ سۆسیالیزم ئەزموونێکی مێژووییە. هەر بۆیە دەبێ لە دامەزراندنیدا، لە ئەزموونی هەموو وڵاتێك کەڵك وەربگیرێ بێ ئەوەی هیچ وڵاتێك بە تەواوی ببێتە نموونەو هەروەها بێ ئەوەی ئەزموونی بەنرخی هیچ وڵاتێك بکەوێتە پشت گوێ. بۆ نموونە، ئێستا لە فەرانسە تاقیکردنەوەیەکی تازە دەست پێکراوە. دیارە جارێ ناتوانین چاوەڕوان بین کە بەم زووانە کۆمەڵی فەرانسە لە بنەڕەتەوە تووشی گۆڕان بێ؛ بەڵام ئێستا حکوومەتی سۆسیالیستیی فەرانسە، لە باری ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە راست ئەوەی دەکا کە نەزەری حیزبی کومۆنیستی فەرانسەیە... . هەروەك گوترا تاقیکردنەوەی فەرانسە هەم تازەیەو هەم ماوەیەکی کەمە دەست پێکراوە؛ هەر بۆیە ناکرێ جارێ لە سەری حیساب بکەین. تەنیا یەك مەسەلە لەم تاقیکردنەوەیەدا بۆ ئێمە جێگای سەرنجەو ئەویش ئەمەیە کە: ئەگەر سەرکەوێ، دەبێتە نموونەیەك لە سۆسیالیزمی دێموکراتی... .

لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا، بێگومان ئەزموونی یەکیەتیی سۆڤیەتیو وڵاتانی ئۆرووپای رۆژهەڵاتو چین وەك ئەزموونێکی زۆر بەنرخ لە بەرچاو بگیرێ؛ نەك تەنیا لەم بارەوە کە سۆسیالیزم دەبێ چۆن دابمەزرێ، بەڵکوو لەم بارەشەوە کە چۆن نابێ دابمەزرێ. ئێمە دەبێ هەم لە ئاکامە لەبارەکانی ئەم ئەزموونە مێژووییە کە گەورەترینو گرنگترین ئەزموونی کۆمەڵی ئادەمیزادە کەڵك وەرگرینو هەم لە هەڵەکانی خۆ بپارێزین... .

٥ـ هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی

بەر لەوە کە بچینە سەر ئەسڵی باسەکە، پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی جووڵانەوەی کرێکاریی جیهان بدەینەوە:

ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم وەك رێكخراوی كرێكارانی جیهان، لە ساڵی ١٨٩٤ لە زەمانی ئەنگێلسدا پێكهات. لە سەردەمی شەڕی یەكەمی جیهانی لە ساڵەكانی ١٩١٤ هەتا ١٩١٨دا، ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم لە رێبازی راستەقینەی خۆی، واتە لە رێبازی دیفاع لە قازانجی زەحمەتكێشانی جیهان لای داو، نیشانی دا كە بەڕاستی ئەنتێرناسیۆناڵی كرێكاران نیە. چوونكە كاتێك شەڕ هەڵایسا، زۆر لە حیزبە سۆسیالیستەكان كە ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم بوون، دەستیان كرد بە پشتیوانی لە بورژوازیی خۆماڵیو، دەنگدان بۆ بوودجەی شەڕ لە وڵاتی خۆیاندا. لە حاڵێكدا بولشویكەكانو ئەنتێرناسیۆناڵیستەكانی راستەقینە نەزەریان ئەوە بوو كە چینی كرێكاری هەر وڵاتێك دەبێ بە دژی رێژیمی سەرمایەداریی خۆماڵی خەبات بكاو، بۆ رووخاندنی تێبكۆشێ؛ نەك ئەوەی كە پشتیوانی لە شۆوینیزمو مەزنیخوازیو شەڕخوازیی بورژوازیی وڵاتی خۆی بكا... . ئەم جیاوازیە، بوو بە هۆی ئەوە كە حیزبی بولشویك لە ئەنتێرناسیۆناڵ بێتە دەرو، بەم جۆرە ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم بە كردەوە هەڵوەشا.

لە پاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبر، لنین پێشنیاری پێكهاتنی ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم واتە ئەنتێرناسیۆناڵی كومۆنیستیی كرد كە لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزراو، بوو بە جێگای كۆبوونەوەی حیزبە كومۆنیستەكان. مەبەستی لنین لە پێكهێنانی ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم ئەوە بوو كە حیزبە كومۆنیستەكان لە تاقە رێكخراوێكی جیهانیدا كۆ بكاتەوە بۆ ئەوەی یەكگرتوو و یەكپارچە بنو هەروەها بۆ ئەوەی كە دیفاع لە حاكمییەتی سۆڤیەتی بكەن كە كەوتبووە بەر پەلاماری وڵاتانی سەرمایەداری.

ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم رێكخراوێك بوو لە بەرە (جەبهە) زیاترو، پتر وەك یەك حیزب دەچوو. ئەو ئەنتێرناسیۆناڵە، بیستو یەك ئەسڵی هەبوو كە هەر حیزبێك دەبوو بە ئەندام، ناچار بوو ئەم بیستو یەك ئەسڵەش بە تەواوی قبووڵ بكاو پێڕەوییان لێبكا. یەكێك لەو ئەسڵانە كە ناوبانگی دەركردبوو ئەوەبوو كە: "مەعیاری ئەنتێرناسیۆناڵیزم، چۆنیەتیی هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە وڵاتی سۆڤیەتیە". واتە ئەگەر حیزبێك سیاسەتی وڵاتی سۆڤیەتی ـ كە ئەوكاتە تەنیا وڵاتی سۆسیالیستیی دنیا بوو ـ پەسند كردباو، بێ ئەملاو ئەولا دیفاعو پێڕەویی لێكردبا،

ئەنتێرناسیۆناڵیست بوو؛ لە غەیری ئەوەدا، واتە ئەگەر رەخنەی هەبا، ئەنتێرناسیۆناڵیست بە حیساب نەدەهات.

ئەم وەزعە هەتا ساڵی ١٩٤٣ کە ئەنتێرناسیۆناڵی سێهەم هەڵوەشا، هەر بەردەوام بوو. بەڵام لەو ساڵەدا راگەیەندرا کە بەهۆی لەگۆڕێدا بوونی شەڕ، هەر حیزبێکی کومۆنیست دەتوانێ سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکا. لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانییش، "ئەنفۆرم بورۆ" یا "دەفتەری گۆڕینەوەی دەنگوباس" لە نێو حیزبە کومۆنیستەکاندا پێکهات کە ئەویش بە دوای رووداوەکانی ساڵی١٩٥٦دا هەڵوەشاوە.

بەم جۆرە، ئێستا ماوەیەکی درێژە کە هەر حیزبێکی کومۆنیست مافی ئەوەی هەیە سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکاو، نەزەری خۆی لە سەر گیروگرفتەکانی جیهانو وڵاتی خۆی دەربڕێ؛ بە تایبەتی حیزبە کومۆنیستەکانی ئۆرووپای رۆژئاوا، وەك حیزبی کومۆنیستی ئیتالیاو فەرانسەو ئیسپانیا کە لە سەر زۆر گیروگرفت لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستیو یەکیەتیی سۆڤیەتی نەزەری جیایان هەیەو، ئەم نەزەرانەیان لە چاپەمەنیەکانی خۆیاندا بڵاو دەکەنەوە.

جا ئەگەر حیزبێکی کومۆنیست مافی ئەوەی هەبێ کە نەزەری لەگەڵ حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە سەر هەموو شتێك یەك نەبێ، دیارە ئێمە کە حیزبی دێموکراتی ـ میللین، ئەو مافەمان بە تەواوی هەیەو، دەتوانین لە سەر دامەزراندنی سۆسیالیزمو لە سەر سیاسەتی جیهانی، نەزەری تایبەتیی خۆمان هەبێ.

ئاشکرایە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی، سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەیەو لەسەری دەڕوا؛ بەڵام ئایا رێبازی ئەو سیاسەتە هەموو کاتێك لەگەڵ بیروبڕوای زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یەك دەگرێتەوە؟ بۆ نموونە: ئێستا هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی، بێجگە لە کامیۆنو ماشێنو کەلوپەلی دیکە، چەکی وەك "ئار.بی.جی"و "کاتیوشا"و زۆر چەکو تەقەمەنی دیکەی بە رێژیمی شا فرۆشتبوو. ئەگەر رێژیمی شا، کە رێژیمێکی سەرەڕۆو پۆلیسی بوو، ئەم چەکانەی لە نێو وڵاتدا بەکار هێنابا، ئەوە دژی ئازادیو داخوازە رەواکانی گەلانی ئێران بوو؛ ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش بەکاری هێنابا، لەبەر ئەوە کە رێژیمێکی سەر بە ئیمپریالیزم بوو، ببووە ژاندارمی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوە دیسان دژی ئازادیو ئازادیخوازیی گەلانی ناوچە بوو

(هەروەکوو شا، ئەو چەکانەی لە "زورفار" بەکار هێنا!). جا ئایا ئێمە وەك ئێرانی‌یەکی ئازادیخواز، حەقمان نەبوو کە بڵێین فرۆشتنی ئەو چەکانە بە رێژیمی شا، دژی قازانجی گەلانی ئێران بوو؟

ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کە لە پێشدا لە قازانجی گەلی خۆمان دیفاع بکەین؛ هەروەها کە یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە پێشدا دیفاع لە قازانجی گەلەکەی دەکا. ئێمە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە ئەو کارەی ئێمە دەبێ بۆخۆمان بیکەین، بۆمان ئەنجام بدا... .

بەداخەوە لە رابردوودا، زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو چاوەڕوانییەیان هەبووەو، وا فێرکرابوون کە سۆڤیەتیەکان دەبێ بێن‌و ئازادمان کەن. ئێستا حیزبی ئێمە، ئەو راستیەی بۆ ئەندامانی خۆی‌و، گەلی کوردو، گەلانی دیکەی ئێران روون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازاد بکەین؛ نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە یەکیەتیی سۆڤیەتی یا هەرکەس‌و هەر جێگایەکی دیکە لە دەرەوەڕا بێ‌و دێموکراسی‌و خودموختاریمان بۆ وەربگرێ؛ نابێ پێمان وابێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی هەرچی ئێمە پێمان گوت بە قسەمان بکا؛ لە بەرامبەریشدا هیچ دۆستێکیش نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە هەرچی ئەو گوتی، ئێمە بە قسەی بکەین.

با سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی سەبارەت بە ئێرانی "خومەینی" بخەینە بەرچاو: بەگشتی لە روانگەی سۆڤیەتیەکانەوە، لە ماوەی چوار ساڵی پاش سەرکەوتنی شۆڕش، سیاسەتیان بەرامبەر بە رێژیمی خومەینی سیاسەتێکی راست‌و ئوسووڵی بوو؛ بەڵام لە روانگەی ئێمەوە کە دژی رێژیمی خومەینی خەبات دەکەین، هەر سیاسەتێك پشتیوانی لەم رێژیمە بکا، نادروست‌و ناخۆش‌و غەیر ئوسووڵی بوو.

دەلیلی سۆڤیەتیەکان بۆ ئەو سیاسەتە چیە؟ ئەوان دەڵێن کە رێژیمی شا، رێژیمێك بوو دژی سۆڤیەتی‌و سەر بە ئەمریکا؛ رێژیمی خومەینیش، راستە کە دژی سۆڤیەتی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا دژی ئەمریکاش بوو (یان لانی کەم وەك شا سەر بە ئەمریکا نەبوو)؛ کەوابوو پلەیەك لە رێژیمی شا باشترەو، بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی، زۆر جێگای پەسندە.

لە باری سیاسەتی نێونەتەوەیی‌یەوە، رەنگ بێ ئەم سیاسەتە راست بێ، بەڵام ئایا بۆ ئێمەش مەسەلەکە هەر ئاوا چاو لێدەکرێ؟ بۆ گەلی کورد کە ماوەی چەند ساڵە

خەریکی خەباتێکی توندو دوورو درێژ بە دژی رێژیمی خومەینییەو، هەموو رۆژێك چەندین شەهید لەم رێگایەدا دەدا، ئایا سیاسەتی پشتیوانی لەو رێژیمە جێگای پەسندە؟ ئاشکرایە کە نا!.

کەوابوو، نە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەتوانین لە جێگای خۆمان دابنێینو داوای لێبکەین هەڵوێستی وەك ئێمە بێو، نە خۆمان دەتوانین لە جیاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی دابنێینو سیاسەتمان وەك ئەو بێ. . .

هەروەها با ئەوەش رابگەیەنین کە ئێمە نەك تەنیا دژی پەرەئەستاندنی پێوەندیی بازرگانیو فەرهەنگیی ئێران لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتیو وڵاتانی سۆسیالیستی دیکە نین بەڵکوو پێمان وایە هەر رێژیمێك لە ئێراندا لە سەر کار بێ، دەبێ ئەو پێوەندیانە بە تایبەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کە وڵاتی گەورەی دراوسێی ئێرانە، پەرە پێبدا. ئێران وەك وڵاتێکی کشتوکاڵی، دەتوانێ زۆر کەرەستەی خاو بە یەکیەتیی سۆڤیەتی بفرۆشێو زۆر شتومەکی سەنعەتیی لێ بکڕێ. هەروەها ئێران دەتوانێ لە رێگای ترانزیتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی کەڵك وەربگرێو شتومەکی خۆی زۆر هەرزانتر بە ئۆرووپا بگەیەنێو لە ئۆرووپاڕا بۆ ئێران بێنێ. گازی سووتاندنیش هەروەها، ئەوکەسانەی پێیان وایە ناردنی تیمی فووتباڵ لە یەکیەتیی سۆڤیەتیڕا بۆ ئێران، یان بەشدار بوون لە موسابەقەی شەترەنج لەگەڵ تیمی ئێران، یارمەتی بە رێژیمی شا بووە، بە هەڵە دەچنو لە پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی باش حاڵی نەبوون.

کەوابوو، دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە دژی پێوەندیی ئابووریو فەرهەنگیی وڵاتەکانی سۆسیالیستی لەگەڵ رێژیمی خومەینی نین؛ بەڵام پشتیوانیی سیاسیمان لەو رێژیمە پێناخۆشە؛ هەروەك لە زەمانی شاشدا ئەو پێشوازیە بێوێنانەی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی لە شا دەکرا، بۆ ئێمە زۆر جێگای نارەحەتی بوونو، نەماندەتوانی خۆمان رازی بکەین کە وڵاتێکی وەك رۆمانی، دوکتورای زانستەکانی کۆمەڵایەتی ("علوم اجتماعی") بە حەمەرەزاشا بدا لە حاڵێکدا دەزانین کە بناغەی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا: مارکسیزم ـ لنینیزمە!

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانەی کە گوترا، حیزبی ئێمە دەبێ پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی چۆن بێ؟

وەلاّم ئەوەیە کە ئەو پێوەندیە دەبێ "دۆستانە" بێ. واتە نە دوژمنانە وەك هێندێك دەستەو تاقم کە یەکیەتیی سۆڤیەت بە "سوسیال ئیمپریالیست" یان بە ئیمپریالیستی تەواو دادەنێن‌و نە پێڕەوی بێ ئەم‌لاو ئەولا وەك حیزبی توودە کە هەرچی لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا رووبداو، هەر سیاسەتێك لە لایەن حکوومەتی سۆڤیەتی‌یەوە بەڕێوە بچێ، فەوری قبووڵی دەکەن‌و تەپڵی بۆهەڵدەگرن!

دۆستایەتی لە روانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکەمان گوتی، بڵێین: "بەچاوان!". دیارە ئێمە ئەگەر نەزەری جیاوازیشمان لەگەڵ سۆڤیەت هەبێ، هەرگیز دوژمنایەتی ئەو وڵاتە ناکەین؛ بەلاّم مافی رەخنەگرتن بۆخۆمان هەر رادەگرین. ئایا هەرچی حیزبی دێموکرات دەیکا، بۆ حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی جێگای پەسندە، هەتا ئێمەش هەرچی دەوڵەتی سۆڤیەتی گوتی، قبووڵی بکەین؟

هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەوڵەتێکی زۆر گەورەو بەنفووزە؛ ئێمەش حیزبێکی بچووکی نەتەوەیەکی بچووکین. بەلاّم ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە پێوەندیمان لە سەر ئەوە دابنێین کە هەرچی رادیۆ "مۆسکۆ" گوتی، ئێمە بڵێین: باشە؟! ئەگەر حیزب‌و رێکخراوەی ئەوتۆ هەن (بەتایبەت لە رۆژهەلاّتدا) وەك حیزبی توودەی ئێران، کە هێشتا هەر پێیان وایە هەرچی رادیۆ "مۆسکۆ" بڵێ، ئەوانیش دەبێ فەوری دووپاتی بکەنەوە، ئەوە نیشانەی کزی‌و لاوازی‌و سەربەخۆ نەبوونی ئەو حیزبانەیە.

نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە؛ ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێك لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بوە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ‌و راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بوە. چونکە پێمان وایە هیچکەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیەو، هەر بۆیە هیچکەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە. هیچ ئۆرگانێك چ هی وڵاتێکی تایبەتی‌و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە کە لەبارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا؛ هەروەك ئێمەش ئەو حەقە بە خۆمان نادەین کە لە سەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێك‌و هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە مەعیار. تەنیا مەعیار بۆ ئێمە، دەبێ قازانجی گەلانی ئێران‌و گەلی کورد بێ‌و بەس؛

هیچکەسیش لە خودی گەلانی ئێرانو گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا... .

مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ روون ببێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات نابێ خۆمان لەگەڵ ناکۆکیەکانو گیروگرفتەکانی نێوخۆی وڵاتانی سۆسیالیستی تێکەڵ بکەینو، بۆ نموونە: بە رەسمی لە بەرامبەر چیندا لایەنگری لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بکەین، یان "ئالبانی" بۆخۆمان بکەینە نموونەو شتی وا... . بەڵام ئەگەر جارجار هاورێیەکی ئێمە لە هێندێك شتی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی رەخنەیەکی گرت یان هێندێك باری ئەو سۆسیالیزمەی کە ئێستا لەوێدا هەیە بەدڵ نەبوو، ئەوە نابێ بە مانای "ئانتی سۆڤیەتیزم" (دژی سۆڤیەتی بوون) یان "ئانتی کومۆنیزم" (دژی کومۆنیزم بوون) بگیرێ. ئەو دوو شتە لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا مەحکووم کراوە. هەروەها ئەگەر کەسێکیش لە نێو حیزبدا لە هێندێك باری سیاسەتی سۆڤیەتی دیفاعی کرد، نابێ بەوە تاوانبار بکرێ کە توودەیی‌و لادەر لە خەتی حیزبی ئێمەیە. ئەمجۆرە مۆرپێوەنانو بوختان پێ هەڵبەستنانە، شێوەیەکە کە بەداخەوە لە لایەن حیزبی توودەوە بۆتە باو!

زۆربەی ئەو نەزەرە نادروستانە کە بە تایبەتی دەرخواردی لاوان دراونو، لە هێندێك لەو لاوانەدا بەداخەوە ئاڵۆزیی فیکریان پێکهێناوە، هی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی توودەن. ئەدەبیاتێکی سیاسی لاڕێ کە لە مێشکی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە هاتۆتە دەرو هەموو نیشانەی "ماکیاوێلیزم"و "ئۆپۆرتۆنیزم"و هەڵپەرستیی‌یە، بەداخەوە لەبەر ئەوە کە لە ئێراندا دەست پێڕاگەیشتن بە ئەدەبیاتی رەسەنی سیاسیی دیکە زۆر زەحمەتە، لە سەر بیروباوەڕی یەك نەسڵی تەواو لە لاوانی ئێران کاریگەر بووە.

بۆ ئەوەی ئەم بیروباوەڕە ئۆپۆرتۆنیستی‌یە خاشەبڕ بکرێ، لە لایەك ئێمە دەبێ لەم بارەوە ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنینو، لە لایەکی دیکەش، دەبێ هاوڕێیانمان حاڵی بکەین کە ئەگەر دەیانهەوێ لەگەڵ مارکسیزمی راستەقینە ئاشنا بن، دەبێ فێر بن کە حیسابی کتێبو نووسراوەکانی ئەسڵیی خودی "مارکس"و "ئەنگێلس"و "لنین" لە بیروباوەڕی چەوتی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەو هێندێك دەستەو تاقمی بچووکی سەرلێشێواو، جیا بکەنەوە. ئەگەر کەسێك بیروباوەڕی عیلمیی هەبێ، دەزانێ کە

تیئۆریی عیلمی هەرگیز لە یەك جێگــا راناوەستــێ‌و رۆژ لەگــەڵ رۆژ پەرەدەســتێنێ. دانەرانی مارکسیزمیش، قەت لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئــەوەی ئــەوان دایانناوە، وەك ئایەتی قورئان وایەو نابێ دەستی لێبدرێ! ئەوان بە ئاشکرا گوتوویانە کە مارکســیزم تەنیا رێنوێنی بۆ کردەوەیە، بە دایمیش لە گەشەکردن دایە.

فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستەو تاقمانە ئەوەیە کــە، ئــەوان هــەوڵ دەدەن واقعییــاتی وڵاتەکــەمان لەگــەڵ تیئۆریەکــەیان رێــك بخــەن‌و، ئێمــە بــە پێچەوانــە، دەمانهەوێ بە کەڵك وەرگرتن لە تیئۆری‌و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکانی دیکەو دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژوویی گەلی کورد، تیئۆریەکە بە جۆرێك رێکوپێك بکەین کە وەڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاو لە وڵاتەکەمان‌و گەلەکەماندا بێ. لــەم رێگایــەدا لە بەرچەسپ لێدانیش نابێ بترسین. حیزبی ئێمە تا ئێستا نیشانی داوە کە بەرچەسپ لێدان‌و بوختان پێهەڵبەستن لە ســەر سیاســەت‌و رێ‌و شــوێنەکەی ئەســەر ناکــاو، لــە داهاتووشدا دەبێ هەر بەو سیاسەتە درێژە بدا.... .

بــە کورتــی: حــیزبی دێموکراتــی کوردســتانی ئــێران، لایــەنگری زۆر شــێلگیری سۆسیالیزمەو بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم خەبات دەکا؛ بەڵام:

یەکەم ـ دامەزرانی سۆسیالیزم، ئێستا بۆ ئێمە ئەرکی رۆژ نیە.

دووهەم ـ ئەو سۆسیالیزمەی‌ئێمە دەمانهەوێ دای‌بمەزرێنین، سۆســیالیزمێکە کــە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان رێك دەکــەوێ. ئەگــەر غــەیری ئــەوە بــێ، سۆسیالیزمێکی دەسکردو واریداتی بێ، خــەڵلاق نــابێ‌و لەوانەیــە جێگــای پەســندی کۆمەڵی کوردەواری نەبێ.

سێهەم ـ پێوەندیی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی، پێوەندی‌یەکی دۆســتانەیە. "دۆستانە" بە مانای: نە دوژمنایــەتی نــە پــێڕەوی کردنــی بــێ ئەملاوئــەولا. ئێمــە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین، چونکە حــیزبێکی ســەربەخۆین؛ چ چــووك بین‌و چ گەورە، چ بێهێز بین‌و چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان ناگۆڕین.

ئێمە نابێ لەوەدا شکمان هەبێ کە وڵاتانی سۆسیالیستی لــە ئەســڵدا پشــتیوانی ئێمەن‌و هەر دەبێ پشتیوانی ئێمە بن؛ چونکە ئێمــە لــە مــافی ئینســانی‌و نەتــەوەیی خۆمان دیفاع دەکەین. ئەگەر ئیمڕۆ ئەم پشــتیوانیە زۆر بــەرچاو نیــە، بێگومــان لــە داوڕۆژدا دەبێتــە پشــتیوانی‌یەکی زۆر کاریگــەر. چونکــە بەڕاســتی لــە رۆژهــەڵاتی

نێوەڕاستدا یەك هێزی شۆڕگێڕ هەیە کە تا ئێستا پشتیوانیەکی ئەوتۆی لێنەکراوەو، ئەویش، جوولانەوەی نەتەوەی کورد بەگشتیو، جوولانەوەی میللی دێموکراتیی کوردستانی ئێران بە تایبەتیە. ئەم راستیە بەداخەوە هێشتا بە تەواوی دەرنەکەوتووە، بەلام بێگومان لە داهاتوودا دەردەکەوێو سەرنجی هەموو ئازادیخوازانی جیهان بۆلای خۆی رادەکێشێو، لە سیاسەتی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا شوێنێکی ئەساسی دادەنێ.

ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەماندا، یەکیەتیی سۆڤیەتی بە دۆستو هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆمان دەزانینو هەر لە سەر ئەو رێبازە دەڕۆین. تەنانەت ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستیی تەواویش بوینایە (کە نین!)، لە وەزعی "ژێئۆپۆلیتیکی" (جوغرافیایی ـ سیاسی) ولاتی ئێمەدا، هەر دەبوا دۆستایەتیمان لەگەل یەکیەتیی سۆڤیەتی وەك ئەسلێك لە بەرچاو بێ.

کەوابوو، ئێمە ئێستا دەبێ خەتی سیاسیو دروستی خۆمان کە خەبات لە رێگای وەدەستهێنانی دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە، درێژە بدەینو، ئەو نفووزەی ئێستا لە ئێراندا بە دەستمان هێناوە، زیاتر بکەین. ئەو کاتە دلنیاین نەك هەر ولاتانی سۆسیالیستی، بەلکوو هەموو رێکخراوە پێشکەوتووەکانی جیهانو هەموو ئازادیخوازانی ولاتانی دیکە، بە شێلگیری پشتیوانیمان لێدەکەن.

شیکردنەوەی کورتەباس*

زەرووورەتی باسکردن لەسەر "کورتەباس" لەوەڕا هاتوە کە پاش کۆنگرەی شەشەم بۆمان دەرکەوت کە "کورتەباس" بۆتە بەشێکی گرنگ لە ڕێبازی حیزبەکەمانو بەتایبەتی ئەوە کە پێوەندی بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە هەیە، بۆتە بەندێك لە بەرنامەی حیزب. وەزعی پاش کۆنگرە ئەو زەرووورەتەی پێك هێناوە کە ئەم ڕێبازە بە شێوەیەکی دێموکراتیكو ئوسوولی بچێتە نێو بەدەنەی حیزبو کادرەکانی حیزبیو هێزی پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبو دیارە کۆمەلانی خەلکیش. پاش کۆنگرە دەرکەوت کە راستە کۆنگرە کورتەباسی پەسند کردوە، راستە کە بەرنامەکە تەقریبەن بە تێکڕایی دەنگ پەسند کراوە، بەلام جارێ بەو شێوەیە کە پێویستە بەدەنەی حیزب لەو ڕێبازە تازەیە حالی نەبووە. بۆیە پێویستە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی رێکوپێکترو دوورودرێژتر هەموو ئەو گیروگرفتانە هەم لە کومیتەی ناوەندیدا باس بکرێنو هەم بچنە نێو ریزەکانی حیزب، بۆ ئەوە ئەم ڕێبازە راستو دروستە، پەسند کراوە، لەلایەن ئەندامانو کادرەکانو پێشمەرگەکانەوەو هەروەها لەلایەن کۆمەلانی خەلکیشەوە هەزم بکرێ. چونکە ئەوەی کە ئێمە لە بەرنامەماندا هێناومانە، تەنیا بۆ حیزب نیە. ئێمە دەلێین دەمانەوێ کۆمەلێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی دروست بکەین. کەوابوو هێنانە دیی ئەم مەبەستە پێوەندیی بە کۆمەلی کوردەواریو هەموو خەلکی کوردستانەوە هەیە، لەپاشان باسی ئەوەش دەکەین کە مەربووت بە هەموو گەلانی ئێرانیش دەبێ.

هۆیەکی دیکە کە زەرووڕەتی ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێ، مەسەلەی سنووردانان بۆ ئەوەیە کێ دێموکراتە، کێ دێموکرات نیە؟ "کورتەباس" ئەو قازانجەی هەبوو کە بۆتە هۆی باسێکی پانو بەرین لە نێو حیزبی ئێمەدا. بە تایبەتی پێویستیی ئەوەی پێك هێناوە کە حیزبی ئێمە مەرزبەندی‌یەکی لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە هەبێو ئەندامی حیزبی دێموکرات بە بیروباوەڕی بناسرێ.

ئێمە دەبێ نیشان بدەین کە لەو کەسانە دوورین کە بۆچوونیان نیسبەت بە سۆسیالیزم لە رووی هێزی ئەسڵی وشكو دوگمەوەیە. دەبێ نیشان بدەین کە سۆسیالیزم ئەوە نیە کە هێندێ دوگمی لە پێشدا ئامادە کراو بێنینو لە کۆمەڵدا تەتبیق بکەین. ئێمە لایەنگری ئەو خەتە نین. هەروەها ئێمە لەگەڵ ئەو خەتەش نین کە ئەوەی لە چەرخی بیستەمدا بۆ سۆسیالیزم کراوە هیچ بایی بۆ دانانێو ئەو سۆسیالیزمەی کە لە هێندێ وڵاتدا هاتۆتە دی بە سۆسیالیزم نازانێو نەفیی تەواوی ئەو سۆسیالیزمە دەکا کە مەوجوودە. ئێمە نەزەرمان ئەوەیە کە سۆسیالیزم هەیەو مەوجوودەو پیادە کراوە. بەڵام ئێمە دەبێ لەو سۆسیالیزمەو لە تاقیکردنەوەکانی چ موسبەت بێ، چ مەنفی دەرس وەرگرینو سۆسیالیزمێك پیادە بکەین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان ڕێك کەوێو بە تایبەتی هەروەها کە لە پاشان بە تەفسیل باسی دەکەین، سۆسیالیزمێك پیادە بکەین کە نەفیی دێموکراسی نەکاو ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان تێیدا پەرە بستێنن، نەك هەر ئەو ئازادییانە کە ئێستا لە هێندێ وڵاتی ڕۆژئاوادا هەن، بەڵکوو دەبێ لەوەش زیاتر پەرە بە هەموو ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان بدا.

لە کۆنگرەی چوارەمدا پەسند کرا کە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەبێ سیمای دێموکراتی هەبێ. زۆر جار لە باسەکانی ئێمەدا هاوڕێیان ئیشارەیان بەوە کردوە کە سنوورێك نیەو جاری وا هەیە ئەندامی حیزبی دێموکرات لە باری بیروباوەڕەوە بەتەواوی موشەخەس نەکراوە کە ئامانجی چیەو بۆ چی تێدەکۆشێ. ڕاستە حیزبی ئێمە بەرنامەی هەیەو ئەگەر لەخۆبایی بوون نەبێ، دەتوانین بڵێین کە بەرنامەی حیزبی ئێمە ڕێکوپێکترینو باشترین بەرنامەیە، نەك هەر لە چوارچێوەی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە سەرانسەری ئێرانیشدا.

بەلاّم لەگەلّ ئەوەدا، ئەم بەرنامەیە جارێ بەو شێوەیە کە پێویستە هەزم نەکراوە، نەچۆتە نێو کۆمەلاّنی خەلّكو تەنانەت بە تەواوی نەچۆتە نێو ئەندامانی حیزبیش. یەکێك لە نیشانەکانی سیمای ئینسانێکی دێموکرات، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە لە "کورتەباس"دا هاتوە، سنوور دادەنێ لە بەینی حیزبی ئێمەو لەبەینی زۆر لە هێزەکانی دیکەدا، چ لە باری بۆچوونمان نیسبەت بە دروستکردنی سۆسیالیزمو بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەلّە کە لە ولاّتەکەماندا دەبێ پێك بێ‌و چ لە باری پێوەندیمان لەگەلّ هێزەکانی دەرەوەو بەتایبەتی هێزەکانی سۆسیالیستی‌و ولاّتانی سۆسیالیستی‌دا.

کورتەباسمان کە ئامادە کردو لە کومیتەی ناوەندی‌دا باسمان لەسەر کردو لە پاشان بلاّومان کردەوەو هەر لە سەرەتاوە هێندێ کۆسپی هاتە سەر رێ. پێمان خۆشە ئەو کۆسپانە باس بکرێن. یەکەم ئەوە بوو کە ئەو فیکرە، فیکرێکی تازە بوو. لە ئێراندا سیستمێکی فیکریی تایبەتی لە لایەن حیزبی توودەو هێندێ رێکخراوی دیکەوە تەحویلی لاوان درابوو و واش درابوو کە هەر دەرچوونێك لە چوارچێوەی ئەو سیستمە فیکری‌یە، زیددی سۆسیالیستی‌یە. بەلاّم ئەو سیستمە فیکری‌یە وشكو دوگماتیکە سیتمێکی فیکریی ئەوتۆیە کە رێگای فیکرکردنەوەی خەللاق بە هیچ کەس نادا. کە سیستمەکەت قبوولّ کرد دەبێ بێ ئەملاو ئەولا پەیڕەوی لێ بکەی. "کورتەباس" بەڕاستی لەو بارەشەوە تازە بوو کە گیروگرفتەکانی دروستکردنی سۆسیالیزمو گیروگرفتەکانی ئێستای ولاّتەکانی سۆسیالیستی بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی واقیعبینانە باس دەکا، نە لە روانگەی ئەوانەوە کە هەرچی لەو ولاّتانە کراوە، دەبێ بێ ئەملاو ئەولا قبوولّ بکرێ، نە لە روانگەی ئەوانەشەوە کە دەلّێن هەرچی لەو ولاّتانە کراوە خراپەو هیچ نرخێکی بۆ دواڕۆژ نیە. کورتەباس بە شێوەیەکی واقیعبینانە هەم دەسکەوتەکانی سۆسیالیزم لەو ولاّتانەدا باس دەکاو هەم بارە مەنفی‌یەکانی. باسی هێندێ دیاردە دەکا کە لەگەلّ سۆسیالیزم ناتەباییان هەیە، بەلاّم ئێستا بوون بە زەمیمەی سۆسیالیزمی مەوجوودو لەو بارەوە کورتەباس شتی تازەی تێدایەو دەبێ بگوترێ ئازایەتی‌یە کە بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە ولاّتی ئێمەدا باسی سۆسیالیزم دەکرێ. بەلاّم لە بارێکی دیکەوە کورتەباس هیچی تازەی تێدا نیە. ئەوە لەو کورتەباسەدا لەسەر دێموکراسی هاتوە، بۆ حیزبی دێموکرات تازە نیە. چونکە

حیزبی دێموکرات بە تیئۆریو بەکردەوەش لەو چەند ساڵەدا نیشانی داوە کە دێموکراتە، ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە. ئایا حیزبێك کە ئەو ئیمانە قووڵەی بە دێموکراسی هەبێو شیعاری ستراتیژیشی بریتی بێ لە: "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"، حیزبێکی ئەوتۆ لە دوارۆژدا کە دەیەوێ کۆمەڵێکی باشتر دروست بکا، دەتوانێ واز لە دێموکراسی بێنێ؟ بۆیە شێلگیربوون لەسەر دێموکراسی، تا سەربردنی دێموکراسی، دابیکردنی لە کۆمەڵی سۆسیالیستییش‌دا ئەرکی مێژوویی حیزبی دێموکراتە. ئەمە تازە نیە. ئەمە تەنیا درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەیە کە حیزبی دێموکرات هەر ئێستاش بەڕێوەی دەبا. درێژەپێدانی ڕێبازی دێموکراتی تا گەیشتن بە سۆسیالیزمو دروستکردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی‌یە.

کەوابوو هەڵوێستی حیزبی ئێمە نیسبەت بە وڵاتەکانی سۆسیالیستی نە دژایەتی‌و نە پەیڕەوی کردنی بێ ئەملا و ئەولایە، بەڵکوو هەڵوێستێکی دۆستانەو هەر لەو کاتەش‌دا ڕەخنەگرانەیە. حیزبی ئێمە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای سۆسیالیزمی مەوجوود دەکا، لە هەموو بارە موسبەتەکانی کەڵك وەردەگرێو هەموو بارە مەنفی‌یەکانی وەلا دەنێ. دیارە هەر تیئۆری یا نەزەرێکی تازە کە بێتە مەیدان، وا بە هاسانی هەزم ناکرێ. فیکرەکە تا ڕادەیەك تازە بوو، لەبەر ئەوەش زوو وەرنەگیرا. بەڵام با ڕەخنەیەکیش لە خۆمان بگرین. ئەگەر ئەو "کورتەباس"ە لە وڵاتێکی ئۆرووپای ڕۆژئاوا یان لەوەش زیاتر لە وڵاتێکی سۆسیالیستی‌دا نووسرابا‌و لە دەرەوەڕا بۆ ئێمە هاتبا، ڕەنگ بوو باشتر وەربگیرێ تا ئەوە کە ئێمە بۆ خۆمان وەك کورد نووسیومانە. چونکە بەداخەوە یەکێك لە شوێنەوارە ناخۆشەکانی مێژووی نەتەوەکەمان ئەوەیە کە شتێك هی خۆمان بێ بە چووکی دادەنێین‌و بە گرنگی نازانین. بەداخەوە خۆ چووکبینی تا ڕادەی بێگانە پتر لە خۆماڵی خۆش ویستن لە نێو کوردەواری‌دا باوە. لەوانەیە ئەگەر "کورتەباس" لە لایەن هێزێکی دیکە، تەنانەت وەك حیزبی توودەشەوە نووسرابا کە هەموومان دەزانین لە لای کۆمەڵانی خەڵك چەن ناخۆشەویستە، ڕەنگ بوو وەربگیرێ، چونکە کورد بە داخەوە بڕوای بە خۆی هە کەمە. هەتا ئێستا بە تەواوی فێری ئەو بڕوا بەخۆکردنە نەبووە. تەکیەکردن لەسە

هێزی خۆمان، لەسەر فیکری خۆمان تازەیەو چونکە تازەیە وەرگرتن‌و هەزم کردنی هاسان نیە.

کۆسپی دووهەم لەسەر ئەو "کورتەباس"ە، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕێکی چەوتە لەسەر سۆسیالیزم لە ئێراندا. ساڵەهای ساڵە ئەدەبیاتی سۆسیالیستی لە ئێراندا ـ ئەگەر موبالەغە نەبێ ـ سەدی نەوەدی هی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەیە کە پڕە لە بیروباوەڕی ناڕاست‌و چەوت. دەرهێنانی ئەو ئەدەبیاتە چەوتە لە مێشکی لاوان کە هێندێ لە ئەندامانی حیزبی خۆشمان لەگەڵن‌و ئەوانیش بیروباوەڕی سۆسیالیستی‌یان هەر لە ڕێگای ئەدەبیاتی توودەیی‌یەوە وەرگرتوە، کارێکی زۆری دەوێ. دەرهێنانی هێندێ بیروباوەڕ کە وەك شتێکی سابیت‌و ئیددەیەکی فیکس لە مێشکیاندا جێگیر بوەو دانانی بیروباوەڕێکی تازە لە جێگای‌دا کارێکی وا هاسان نیە.

ئەوەش یەکێك لە کۆسپەکانە کە تەنیا ناگەڕێتەوە سەر کوردستان، بەڵکوو دەگەڕێتەوە سەر هەموو ئێران. لە نێو ڕێکخراوەکانی لایەنگری سۆسیالیزم لە سەرانسەری ئێراندا ئەو فیکرە کە لە "کورتەباس"دا هاتوە تازەیەو بۆ ئەوەی کە فیکرێکی تازە جێگیر بێ، هیچ ڕێگای دیکەی نیە. دەبێ فیکرە کۆنەکە وەدەر بنێی‌و چونکە ساڵەهای ساڵە فیکرە کونەکە جێگیر بووە وەدەرەنانی بەو هاسانی‌یە نیە.

کۆسپی سێهەم دەگەڕێتەوە سەر حیزبی خۆمان. لە حیزبی ئێمەدا لەگەڵ ئەوە کە لەمێژە لەباری تەشکیلاتی‌و سیاسی‌یەوە خۆمان لە ژێر نفووزی حیزبی توودە ڕزگار کردوەو لەگەڵ ئەوەی کە لەباری فیکریشەوە دژی بیروباوەڕی چەوتی حیزبی توودەو تاقمی حەوت کەسی کە خەیانەتیان بە حیزب کرد خەباتمان کردوە، دیسانیش پاشماوەی شێوە فیکرکردنەوەیەکی توودەئیستی لە حیزبی ئێمەدا هەر هەیە. ئەمە خۆی لە کۆسپی دووهەمڕا سەرچاوە دەگرێ. بێجگە لەوە بەداخەوە دەرکەوت کە هێندێك لەو کەسانە کە لەنێو حیزبی ئێمەدا بیروباوەڕی توودەئیستی بڵاو دەکەنەوە، وەك فراکسیۆنێك ڕێکخرابوون‌و پێکەوە دەیانویست ئەو توودەئیزمە بەهێزتریش بکەن. ئەم وەزعە بەردەوام بوو و ئەم کۆسپانە لە نێو ریزەکانی حیزبدا لەسەر ڕێگای کورتەباس هەبوون تا کۆنگرەی شەشەمی حیزب پێك هات. لە کۆنگرەی شەشەمدا "کورتەباس" دانرابوو کە بەتایبەتی باسی لەسەر بکرێ. جارێك زیاتر لە ساڵێك لەمەوبەر لە کومیتەی ناوەندیی پێشوودا بەشێوەی ئەمجارە باس کرا، هاوڕێیان

نەزەریان لەسەر دا. بەڵام هەتا بە نموونە یەك نەفەریش موخالیفی نەبوو. پاش ئەوە "کورتەباس" زەبت کراو پیادە کراو هاتە سەرکاغەزو بڵاو بۆوە، جارێکی دیکە کومیتەی ناوەندی کۆ بۆوە"کورتەباس" بە نووسراوە درا بە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە موتالیعەی بکەنو نەزەری خۆیان لەسەر بدەن. ئایا موتالیعەیان کردوە یان نەیانکرد، هەر چۆنێك بێ ئەو باسەی لەسەری کرا لە بارەی یەك دوو مەسەلەی چووك نەبێ، هیچ چەشنە موخالیفەتێك لەگەڵ "کورتەباس" نەکراو کومیتەی ناوەندی "کورتەباس"ی پەسند کرد. بۆیە کارێکی زۆر مەنتیقی بوو کە پاش ئەوەی کورتەباس لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە پەسند کرا بچێ بۆ کۆنگرەی حیزب. لە کۆنگرەشدا چاوەڕوان دەکرا "کورتەبس" لە لایەن ئەندامانی کومیتەی ناوەندییەوە پشتیوانیی لێ بکرێ. هەروەها بە شێوەیەکی مەنتیقیش وا دانرابوو کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی "کورتەباس"یان لە جێگای دیکە باس کردوەو دیفاعیان لێ کردوەو گیروگرفتەکانیان روون کردۆتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی حیزبیان داوەتەوە. کەچی لە کۆنگرەی شەشەمدا نەك هەر دەرکەوت ئەم کارە نەکراوە، بەڵکوو زۆر کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا موخالیفەتیان لەگەڵ "کورتەباس" کردو موخالیفەتەکەشیان زۆر چالاکانە بوو. هێندێکیشان کە بێلایەن بوون، هەڵوێستیان نەگرتو بێدەنگ بوون. ئەوانەش کە موافق بوون بێجگە لە چەند نەفەرێك قسەیەکیان نەکرد. بەڵام بە پێچەوانە ئەوانەی کە یەکگرتوو بوونو زیددی "کورتەباس" بوون، واتە توودەئیستەکان توانیان ئەو قسەیە لە کۆنگرەدا بڵاو بکەنەوە کە گۆیا "کورتەباس" لە لایەن دوو سێ نەفەرەوە پەسند کراوە. بەڕاستیش ئەوانەی دیفاعێکی جیددییان لە "کورتەباس" کرد، دوو سێ نەفەر زیاتر نەبوون، لە حاڵێکدا ئەوانەی کە موخالیفی کورتەباس قسەیان کرد سێ هێندەی ئەوانە بوون کە دیفاعیان لێ کرد. کەوابوو وەزعێکی وا پێك هات کە وا دەهاتە بەرچاو کە بەراستی "کورتەباس" پەسندی کومیتەی ناوەندی نیە، بەڵکوو هی دوو سێ نەفەرە، چونکە لە زمانی هێندێ لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی پێشووش ئەو قسەیە بیسترابوو و ئەم باوەڕە لە کۆنگرەدا بەهێزتر بوو. بۆیە جارێکی دیکە تیکراری دەکەینەوە کە کومیتەیەکی ناوەندیی مەسئوول نابێ لە دواڕۆژدا ڕێگا بدا وەزعێکی ئەوتۆ پێك بێ. هەر مەسەلەیەك دێتە کومیتەی ناوەندیو باس دەکرێ، ئەگەر

کومیتەی ناوەندی موخالیفە، دەبێ موخالیفەتی خۆی بە قاتعییەتەوە دەربخاو بە شێوەیەکی دێموکراتی کە شێوەی حیزبی دێموکراتە، رەدی بکاتەوە. زۆر مەسەلە هەیە هاتۆتە کومیتەی ناوەندیو کومیتەی ناوەندی پەسند نەکردوە، بۆیە نە چۆتە کۆنگرەو نە کەسیش باسی کردوە. بەلاّم هەموو کومیتەی ناوەندی دەزانێ کە مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبوو کە دوو سێ نەفەر بیانەوێ "کورتەباس" بە سەر کۆنگرەدا تەحمیل بکەن. ئێمە لە دەفتەری سیاسیدا بماننزانیبا بۆچوونی هێندێ لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا ئەوە دەبێ کە بە چاوی خۆمان دیتمان، بە هیچ جۆرێك حازر نەدەبووین "کورتەباس" بەرینە کۆنگرە. چونکە ئەو وەزعە کە لە کۆنگرەدا لەسەر "کورتەباس" پێش هات، شایستەی کۆنگرەیەکی حیزبی دێموکرات نەبوو. کەوابوو "کورتەباس" کوتوپڕو لە نەکاو نەچوو بۆ کۆنگرە. هێندێ لە هاوڕێیان دوێنێ لەباسی خۆیاندا وایان نواند کە دەفتەری سیاسی بەبێ هێنانەگۆڕی پێشەکی، "کورتەباس"ی بردە کۆنگرە. نەخێر، هەروەها کە ئیشارەی پێ کرا سالێك زیاتر بوو "کورتەباس" باسی لەسەر دەکراو بلاّو ببۆوە.

موخالیفەکانی "کورتەباس" سێ دەستە بوون: دەستەیەك یەکگرتوو بوون. ئەوانە بوون کە بیروباوەڕی توودەئیستییان لە حیزبی ئێمەدا بلاّو دەکردەوە. هیچ پێویست نیە ئەوانە سەر بە جێگایەك بووبن، هیچ پێویست نیە رێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبووبێ. بەلاّم بە شێوەیەکی سیستماتیكو رێکوپێك بیروباوەڕی توودەئیستییان لە نێو حیزبی ئێمەدا بلاّو دەکردەوە. ئەوانە لە پێش کۆنگرەشدا کاریان دەکردو دژی بیروباوەڕی "کورتەباس" تێدەکۆشان. لە جەرەیانی کۆنگرەشدا بە شێوەیەکی بەرنامەیی عەمەلیان دەکرد.

جەوی کۆنگرەش لە جەرەیانی هەلّبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا شاهیدی ئەوە بوو کە ئەوانە پێشتر بەرنامەی خۆیان داناوە. لێرە ئیشارەی پێ کرا کە موخالیفو موافیقی "کورتەباس" هەردوو لا جەوسازییان دەکرد. ئێمە ئەوە بە تەواوی رەد دەکەینەوە. موافیقەکانی "کورتەباس" جەبهەگیرییان نەکرد. ئەوە موخالیفەکان بوون، ئەوانەی کە بەرنامەیان دانابوو بە شێوەیەکی سیستماتیك جەبهەگیرییان دەکردو ژمارەیەکی دیکەش لەگەلّ ئەوان رێك کەوتن. ئەم رێککەوتنە

ئاگاهانە بێ یا نائاگاهانە گرنگ نیە. بە کردەوە رێك کەوتن، لەو جەبهەگیرییەدا بەشداری‌یان کردو جەوێکی ناسالمیشیان پێك هێنا.

ئەوانە کە بەرنامەریزییان کردبوو، مەبەستیان زۆر روون بوو. مەبەستیان ئەوە بوو کە "کورتەباس" رەد بکرێتەوە. نەتیجەی رەدبوونەوەی "کورتەباس" رەد بوونەوەی رێبازێك بوو کە حیزبی ئێمە ساڵەهای ساڵە پەیڕەوی لێ دەکا. رەدبوونەوەی "کورتەباس" بێ ئەملا و ئەولا هەنگاوێك بوو بەرەو توودەئیزم. چونکە سنووربەندی‌یەکە تێك دەچوو. ئەگەر ئێمە مەبەستمان لە دانانی "کورتەباس" ئەوە بوو بەینی حیزبی دێموکرات‌و حیزبی توودە سنوور دابنێین، بۆ ئەوەی لاوان پاش ماوەیەك موتالیعە نەچن بۆ لای حیزبی توودە، موخالیفینی "کورتەباس" مەبەستیان ئەوە بوو کە سنوورەکە هەڵوەشێننەوەو لە نەتیجەدا لەنێو حیزبی دێموکراتدا رێگا بۆ توودەئیزم خۆش بکەن. ئەوە مانای شکستی بەڕێوەبەریی حیزب بەگشتی بوو و هی سکرتێر بەتایبەتی. چونکە توودەئیستەکان وایان دەنواند کە تەنیا سکرتێری حیزبەکەمانە کە ئەو کورتەباسەی هێناوە. ئەو جار دوو رێگا بۆ بەڕێوەبەریی‌و سکرتێر دەمایەوە، یان ئەوە کە دەبوا لە بەڕێوەبەری‌و سکرتێری لابچن کە بەو خسووسییەتەی سکرتێر هەیەتی حەتمەن لادەچوو، بێگومان هێندێ لە ئەندامانی بەڕێوەبەریش هەر ئەو کارەیان دەکرد. یان ئەوە کە دەبوا تەسلیمی ئەو رێبازە بن کە رێگا بۆ توودەئیزم خۆش دەکا. لە هەردوو حاڵدا نەتیجە تێکچوونی ریزەکانی حیزبی ئێمە بوو. رەنگە ئێستا کە ئەو باسە دەکرێ، هێندێ لە هاوڕێیان تێ‌بگەن کە ئەو وەختە مەسەلەکە بەم شێوەیە نەدەهاتە بەرچاویان. هەر چۆنێك بێ بێ‌تەفاوەتیی زۆر لە هاوڕێیان‌و بە گرنگ نەگرتنی ئەو مەسەلەیە بە نەزەری ئێمە کەمتەرخەمی‌یەکی یەکجار زۆر گەورەیە. چونکە بەڕاستی ئەگەر "کورتەباس" رەد کرابایەوە، حیزبەکەمان تووشی تەنگ‌و چەڵەمەیەکی زۆر دەبوو. مەبەستی ئەو کەسانەش هەر ئەوە بوو کە "کورتەباس" رەد بکرێتەوە بۆ ئەوە ریزەکانی حیزبی دێموکرات تێك بچن. ناڵێین ئەوان مەربووتن بە جمهووریی ئیسلامی‌یەوە، بەڵام بە خۆڕاییش نەبووە کە کاربەدستانی جمهووریی ئیسلام، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا دووبەرکی‌و ئینشعاب پێك بێ. زۆر جاریش ئەوەیان ئیعلام کردو ئەو دەنگ‌و باسەی کە بە دەفتەری سیاسی دەگەیشت، نیشاندەری ئەم

راستی‌یە بوو. کەوابوو ئەندامانی کومیتــەی نـاوەندی لـە دوارۆژدا نابـێ مەسـەلەی ئەوەندە گرنگ بە چووك دابنێن، دەبێ ئەوەندە بـە گرنگـی دابنێـن کـە بـۆ دوارۆژی حیزب موهیمە.

بە داخەوە دەتوانین بڵێین ئێستاش تا رادەیـەك هێنـدێ لـە هاورێیـانی کومیتـەی ناوەندی باس لە سەر "کورتەباس"یان ئـەوەندە بـە گرنـگ نـەگرتوە. چونکـە باسـی دوێنێ نیشانی دەدا کە بێجگە لە هێندێ هاورێ، ئەوانی دیکە ئێستاش دانەنیشتوون وەختێکی زۆر دابنێـنو بـە وردی موتالیعـەی "کورتـەباس" بکـەن. "کورتـەباس" بەڵگەیەکە کە بەشێك لە رێبازی حیزبی ئێمە لە دوارۆژدا دیـاری دەکـا. نـاکرێ وەك نامیلکەیەك لە ئاخر دەقیقەکانی پێش کۆبوونـەوەدا سـەیری بکـەینو وەرەقـی لـێ بدەین بزانین چـی تێدایـە. ئـەوە بەڵگەیەکـە دەبـێ بـە جیـددی موتالیعـە بکـرێ، موخالیفی دەبین یا موافیقی، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. دوێنێ هێندێ لە هاورێیان لـێرەدا گوتیـان ئەوانـەی کـە لـە کۆنگـرەدا لەگـەڵ "کورتـەباس" موافیـق بـوون، هێندێکیان نائاگاهانەو فورسەت تەڵەبانە دەنگیان بۆ دا. بـە پێچەوانـە ئەوانـە کـە موافیق بوون نائاگایان کەم تێدا بوو، چونکە ئەوانە هـەموو لایـەنگری دێموکراسـی بوون. لایەنگری دێموکراسی نابێ نائاگا بێ. بەڵام هێندێ لەو کەسـانە کـە بـاش لـە مەسەلەکە تێنەگەیشتبوون، دەنگیان بۆ "کورتەباس"دا بۆ ئەوە دڵنیایی خۆیـان بـە بەرێوەبەری نیشان بدەن یانی ئەگەر ئاگاداری‌یەکی زۆریان لـە "کورتـەباس" نـەبوو، بەڵام لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوە بەرێوەبەری‌یە کە "کورتەباس"ی هێناوە حەتمەن لێی دەزانێ. بۆیە دەنگی خۆیان داوە بە ئیمانی خۆیان بە بەرێوەبەریو ئـەوە لـە خـەباتی سیاسی حیزبێکی شۆڕشـگێڕدا دیاردەیـەکی تـازە نیـە. ئێمـە دەبـێ سوپاسـی ئـەو هاورێیانە بکەین، مەمنوونیان بین کە هەم ئیمـانی خۆیـان بـە رێبـازی حیزبەکـەیان نیشان داو هەم یارمەتیشیان دا بۆ ئەوە کە "کورتەباس" پەسند بکرێ.

با بێینـەوە سـەر خـودی "کورتـەباس". "کورتـەباس" وەڵامـی سـێ پرسـیاری ئەساسیی دەداتەوە.

یەکەم: بۆچی حیزبی ئێمە سۆسیالیزمی دەوێ؟

دووهەم: چ سۆسیالیزمێکی دەوێ.

سێهەم: پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی دەبێ چۆن بێ؟

ئەو سێ مەسەلەیە تازە نین. ساڵەهای ساڵە ئەو سێ مەسەلەیە بۆ حیزبی ئێمە لەگۆڕێ دان. لە کۆنگرەی سێهەمەوە کە گوتراوە ئامانجی دوارۆژی حیزب سۆسیالیزمە، تا دوو ساڵ لەمەوبەر نە گوتراوەو نە روون کراوەتەوە بۆچی سۆسیالیزمان دەوێ‌و چ سۆسیالیزمێکمان دەوێ؟ هەر لە مەقالەیەکدا لە جێگایەك ئیشارەمان کردوە کە دەمانەوێ لە ئێستاوە خەتی خۆمان دیاری بکەین بۆچی سۆسیالیزمان دەوێ. پاشان چ سۆسیالیزمێکمان دەوێ، ئەویشمان روون نەکردۆتەوە. لەوبارەشەوە لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەمدا گوتراوە سۆسیالیزمی دادپەروەرانەمان دەوێ، لە هی کۆنگرەی پێنجەمدا هاتوە، سۆسیالیزمێکمان دەوێ کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان رێك کەوێ تا کۆنگرەی شەشەم کە سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پەسند کردوە. بۆ ئاگاداری کومیتەی ناوەندی دەبێ بڵێین کە سۆسیالیزمی دیموکراتی ساڵی ١٣٥٢ هەر لە کۆنگرەی سێهەمدا پێشنیار کراوە. بەڵام هەر لەبەر ئەو هۆیانە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا تووشیان بووین، رەد کرایەوە. مەبەست هەر ئەو سیستمە فیکرییە توودەئیستییەیە. بەڵام چونکە تازە سەرتای یەکگرتنەوەی حیزب بوو، ئەوانەی کە لایەنگری سۆسیالیزمی دیموکراتی بوون، زۆر ئیسراریان لەسەر پێشنیاری خۆیان نەکردو بە وشەی دادپەروەرانە رازی بوون.

کەوابوو مەسەلەکە تازە نیە، مەسەلەکە ١٠ ساڵ زیاترە دەستی پێ کردوە. خۆی باس لە سەر سۆسیالیزم پرۆسەیەکی بەسەردا هاتوە تا گەیشتۆتە کۆنگرەی شەشەم. ئەو سێ پرسیارە کە "کورتەباس" وەڵامیان دەداتەوە زۆر گرنگن، چونکە ئەگەر بڵێین سۆسیالیزمان دەوێ، کۆمەڵێکی سۆسیالیستیمان دەوێ، ئەوە پێوەندی بە چارەنووسی میللەتەکەمان لە دوارۆژداو تەنانەت چارەنووسی چەند پشتی داهاتووەوە هەیە. بۆیە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسییەو، پاشان وەڵامدانەوە بەو پرسیارە کە چ سۆسیالیزمێکیشمان دەوێ، ئەویش زۆر ئەساسییە. ئایا ئەو سۆسیالیزمەی کە مەوجوودە دەمانەوێ یا سۆسیالیزمێکی دیکە؟ ئەگەر سۆسیالیزمێکی دیکەیە، چ سۆسیالیزمێکە؟ هەروەها ئایا دەمانەوێ سەربەخۆیی حیزبەکەمانو سەربەخۆیی وڵاتەکەمان تا سەر بپارێزینو دەمانەوێ هەر لەو کاتەشدا دۆستی وڵاتەکانی سۆسیالیستی بین؟ ئەو سێ مەسەلەیە گشتیان ئەساسینو لێك جیا ناکرێنەوە یانی وەڵامی ئەو سێ پرسیارە بە شێوەیەکی ئۆرگانیك پێکەوە پێوەندییان هەیە. ناکرێ

ئێمە دیاری بکەین چ چەشنە سۆسیالیزمێکمان دەوێو باسی سەربەخۆیی حیزبەکەو لە دواڕۆژیشدا ولاتەکەمان نەکەین. مەسەلەن ئەگەر سۆسیالیزمی مەوجوودمان هەڵبژارد بە پێی تیئۆری "حاکمییەتی مەحدوود" کە پەسند کراوەو بە کردەوەش یەکیەتیی سۆڤیەتی بە سەر ولاتانی سۆسیالیستیدا سەپاندوویەتی، مانای ئەوەیە کە مەحدوود کردنی سەربەخۆیی حیزبو ولاتەکەشمان کردوە.

ئەسڵەن حیزبی دێموکرات بۆ داوای سۆسیالیزم دەکا؟ هەروەها کە لە بەرنامەی حیزبو لە "کورتەباس"یشدا هاتوە، ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕینو دەمانەوێ هەر لە ئێستاوە ڕێبازی خۆمان دیاری بکەین. بۆ کوێ دەڕۆینو لەگەڵ کێین؟ هەم لە نێو کۆمەڵی کوردەواریداو هەم لە دەرەوەی کۆمەڵی کوردەواری. دەڵێین حیزبی کرێکارانو جووتیارانو ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕین. ئەو دوو چینو یەك توێژە پێکەوە دەتوانن تا سۆسیالیزم بڕۆن. چونکە جووتیارو کرێکارو ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ دەتوانن سۆسیالیزم دروست بکەن. کەوابوو لە نێو کۆمەڵدا ئێمە حیزبی ئەو کەسانەین کە هیچ کۆسپیان لە سەر ڕێگا نیە تا سۆسیالیزم بڕۆن. لە دەرەوەش پێویستە دۆستی ئەو هێزانە بین کە ئەوانیش دژی ئەوە نین کە ولاتەکەمان بەرەو سۆسیالیزم بڕوا. بۆیە ولاتانی سۆسیالیستی، حیزبەکانی سۆسیالیستو کومۆنیست، جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو هەموو ئەو هێزانەن کە بە دۆستیان دادەنێین.
سۆسیالیزم لە پاوانی هیچ کەسدا نیە. سۆسیالیزم دیاردەیەکی مێژوویییە کە زۆر لە پێش مارکسو ئێنگلس باسی کراوە. ئەوان هاتوون سۆسیالیزمیان خستۆتە سەر بناخەیەکی زانستی، دەنا زۆر لە پێشی ئەواندا سۆسیالیزم وەك ئامانجێك هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام چونکە بناخەی زانستیی نەبوو و زیاتر خەیاڵو ئارەزوو بووە بە ناوی سۆسیالیزمی "ئۆتۆپیك" ناوبانگی دەرکردوە. "تۆماس مۆر" هاتوە "ئۆتۆپیا"ی نووسیوە. ئۆتۆپیا شارێکە لەوێدا هەموو کەس کار دەکا، هەموو کەس پێکەوە بە ئاشتی دەژی، هیچ کەس مالکییەتی نیە، هەموو حاڵیان باشە، یانی شارێکی خەیاڵییە کە سۆسیالیزمی تێدا وەدی هاتوە. مارکسو ئێنگلس هاتوونو نیشانیان داوە بە خەیاڵ سۆسیالیزم دروست ناکرێ، دەبێ خەباتی بۆ بکرێ. دیارە حیزبێکی دێموکرات کە بۆ کۆمەڵێکی دادپەروەرانە خەبات دەکا، حیزبێکی دێموکرات کە کۆمەڵی سۆسیالیستیی وەك ئامانجی دواڕۆژ هەڵبژاردوە، هیچ پێویست نیە کە

حەتمەن حیزبێکی سۆسیالیست یان کومۆنیست بێ. دەکرێ ناوی هەر حیزبی دێموکرات بێ‌و بۆ سۆسیالیزمیش خەبات بکا. تەنانەت پاش دروست کردنی سۆسیالیزمیش دەکرێ ناوی هەر حیزبی دێموکرات بمێنێتەوە. لێرەدا هیچ ناتەبایی‌یەك بەدی ناکرێ. گرنگ ئەوەیە کە حیزبێکی شۆڕشگێڕی دێموکرات وەك حیزبی ئێمە چ بەرنامەیەکی هەیەو بە کردەوە بۆچی تێدەکۆشێ؟ ئێمە پێمان وایە هەر حیزبێکی مارکسیستی کە پەیڕەوی لە مارکسیزمی خەللاق بکاو واقعییەتی کوردستان بخاتە بەرچاو، ناتوانێ بەرنامەیەکی پێشکەوتوتر لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە ڕێگا بۆ دروست کردنی سۆسیالیزم خۆش دەکا، دابنێ. ئەوە ڕاستی‌یەکە کە هەموو ئەو کەسانە کە خاوەن نەزەرو واقیع‌بینن، قبوولیانە. بەرنامەی حیزبی ئێمە لە کوردستاندا بەرنامەی ئوپتیمۆمە، واتە باشترین بەرنامەی گونجاو لە هەلومەرجی ئێستا دایە. ئەوە نەزەرێکی نادروستە، دوگمێکی کۆنە کە گۆیا چونکە ناوی حیزبی ئێمە دێموکراتە، مافی ئەوەی نیە سۆسیالیزم دروست بکا. ئەمە تەنیا قسەیەو زیاتریش وەك شیعار دەچێ.

بزانین ئەسڵەن حیزبی دێموکرات بۆچی خەبات دەکاو بۆچی تێدەکۆشێ؟ حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێك هاتوەو خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتی‌یە. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزادە. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداری‌یەك تێدەکۆشێ. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتیش بەشێکە لە زۆرداری. هەر بۆیەش لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوە کە بۆ لابردنی چەوساندنەوە خەبات دەکەین. بۆ ئەوە کە هەموو چەوساندنەوەیەك واتە چەوساندنەوەی چینایەتیش لە بەین بچێ. ئێستا وا دابنێین کە ئێمە هاتین‌و کۆمەڵێکی ئەوتۆمان دروست کرد کە گەلی کورد بە مافی نەتەوەیی خۆی گەیشتو چەوساندنەوەش نەما، یانی نە سەرمایەدارو سەرمایەداری ماوە، نە مالکییەتی خسووسیی گەورەی ئەرزو بەگشتی مالکییەتی خسووسی ئامرازی ئەساسی بەرهەمهێنان نەماوە. ئایا ئەو کاتە ئەو کۆمەڵە ئیدەئالی ئێمەیە؟ نەخێر، ئیدەئال نیە. یەکێك لە نووسەرانی سۆڤیەتی کتێبێکی نووسیوە کە ناوی ئەوەیە: "ئینسان تەنیا بە نان ناژی". تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد کافی نیە. دەبێ ئازادیشی لەگەڵ بێ. بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ

ئازادی خەبات دەکەین. باشە، ئەگەر خەڵك نەچەوسێندرێتەوە، نانی هەبێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ، بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانـەی خـۆی نـەزەری خـۆی لەسـەر وەزعـی وڵاتەکەی دەربڕێ، مانای ئەوەیە ستەمێك ماوە کە ستەمی سیاسی‌یە. حیزبی ئێمـە خەبات دەکا بۆ ئەوە ئەو ستەمە سیاسی‌یەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی‌و سـتەمی چینایەتی‌و ستەمی سیاسـی هـەر سێکیان لەبـەین بچـن. لەبـەین بردنـی سـتەمی نەتەوایەتی‌و ستەمی چینایەتی‌و دابـین کردنـی دێموکراسـی‌و ئـازادی. ئەوەیـە ئـەو کۆمەڵە کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا. نەتیجەی سـاڵەهای سـاڵ موتالیعـەو تاقیکردنەوە لە سەر وەزعی کوردستان ئەوەیە کە تێکۆشانی حـیزبێکی کومۆنیسـت کە خۆی بە حـیزبی چینـی کرێکـار دادەنـێ‌و تـەنیا خـەباتی چینایـەتی دەکـا، لـە کوردستاندا سەرکەوتوو نابێ. ئەوە کە کۆمەڵە لە کوردستاندا سەرکەوتوو نـەبووەوە، رێکەوت نیە. حیزبی کومۆنیستی عێراق کە رابردوویـەکی درێـژی هـەبوو، لـە نێـو خـەڵکدا بەراسـتی نفـووزی هـەبوو، لـە پـاش شۆڕشـی ١٩٥٨ تەنانـەت دەیتوانـی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بەدەستەوە بگرێ، ئێستا بۆتە وەها حیزبێکی بچووك‌و کـەم نفووز. چونکە ئەوەندە کە پێویست بوو بایەخی نە بە خەبات بـۆ هـەقی نەتەوایـەتی داوە نە بە خەبات بۆ ئازادی. لە لایەکی دیکەش حیزبێکی بە تەواوی ناسیونالیسـت وەك "پارتی"ش کە "کوردایەتی"ی رووتی دەکرد، دۆست‌و دوژمنی دیاری نـەکردبوو و لەگەڵ شەیتانیش دۆستایەتی دەکردو لە نێو وڵاتیشدا هیچ خەباتێکی بۆ گۆڕینـی تـەرکیبی کۆمـەڵی کـوردەواری بـەڕێوە نـەدەبرد، بـەڵکوو بـاری عەشـیرەتی‌و دەرەبەگایەتیشی بەهێزتر دەکردو بەڕێوەبەرانی پارتی بـە هـیچ جۆرێـك نـە لـە نێـو پارتی‌داو نە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا چووکترین ئیمانیان بە دێموکراسـی نـەبوو، لـە توانای‌دا نەبوو ئامانجەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکا. بە کردەوەش نەتیجـەی کـاری پارتی ئاشبەتاڵێکی ئابڕووبەرانە بـوو. بـۆ ئـەوە حـیزبێکی سیاسـی لـە کوردسـتان سەرکەوێ دەبێ هەم حیزبێکی دێموکرات‌و هەم حیزبێکی شۆڕشگێڕ بێ. هەم بتوانـێ گیروگرفتی نەتەوایەتی چارەسـەر بکـاو سـتەمی نەتەوایـەتی لـە نێـو بـەرێ‌و هـەم گیروگرفتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکاو ستەمی چینایەتی لەنێو بـەرێ. بـەڵام دەبـێ حیزبێکی واقیعبین بێ‌و تێبگا کامە ستەم لە کامە قۆناخدا ئەساسی‌یە. لـە قۆنـاخی ئێستای خەباتی ئێمەدا ستەمی نەتەوایەتی ئەساسی‌یە، لە قۆناخی پـاش وەرگرتنـی

خودموختاری، واته پاش دابینکردنی مافی نەتەوایەتیدا، ستەمی چینایەتی خۆی وەدەر دەخاو خەبات دژی ئەو ستەمە ئەساسیتر دەبێ. بەڵام ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە هەموو وەختێك لە هەموان ئەساسیترە، چ لە نێو حیزبداو چ لە دەرەوەی حیزب، خەبات بۆ دێموکراسییە. ئەو خەباتە دەبێ بێوچانو بێپسانەوە بکرێ.

هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێکهێنانی حیزبی دێموکراتەو تا حیزبی دێموکرات ماوە، دێموکراسی مەبەستو ئامانجیەتی.

ڕەنگە کەسێك بڵێ ئەگەر لە سۆسیالیزمدا خەڵك خانوویان هەیەو ترومبیلیان هەیەو ناچەوسێندرێنەوە، بە زمانی خۆیان دەخوێننو دەنووسن، ئیدی ئازادییان بۆ چیە؟ هیچ نیعمەتێك لە جیهاندا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەتو شەخسییەت دەدا بە ئینسانو ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە. دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستییش لایەنگری کۆمەڵێك بوون کە لەوێدا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەموان بێ. واتە قابلییەتو لێزانیی هەر فەردێك لە خزمەت کۆمەڵ دایە. کۆمەڵیش لە خزمەت پشکوتنی قابلییەتو لێزانیی فەرد دایە. لە روانگەی دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستییەوە کۆمەڵی دواڕۆژ ئازادترینو بەختیارترین کۆمەڵ کە بە قسەی مارکس هەموو کەس هەم نانی دەبێ هەم گوڵی سوور. کورتی دەکەینەوە، سەرمایەداریی سەنعەتی، ئینسانی کردوە بە مۆرەو بە ئاڵەت. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ. دەنا گەر ئینسان هەروەك مۆرە بمێنێتەوە، دیارە ئەودەم سۆسیالیزم شتێکی تازەی نەهێناوە، واتە سۆسیالیزم بە سەر سەرمایەداریدا سەرنەکەوتووە.

بزانین حیزبی دێموکرات وەك حیزبی ئێمە دەتوانێ سۆسیالیزم دروست بکاو ئایا سۆسیالیزم هەر بەو شێوەیە کە گوتراوەو ئێستا یەکێك لە دوگمەکانە، دادەمەزرێ کە گۆیا پێشڕەوی چینی کرێکار دێ زۆربەی زەحمەتکێشان لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوەو شۆڕشی سۆسیالیستی دەکاو دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێ؟ لە واقیعدا هیچ شۆڕشێك بەو شێوە کلاسیکییە نەبووە. شۆڕشی ئوکتۆبر کە بە شۆڕشی سۆسیالیستی ناسراوە، بە هیچ جۆر بەو شێوەیە نەبووە. جەرەیانی پاش شۆڕشی

ئوکتۆبر نیشانی دا کە خودی ئەم شۆڕشە بە کردەوە چەند لەو تیئۆریە کلاسیکیە دوور کەوتۆتەوە. با جارێ باسی دوو نموونە لە وڵاتانی دیکە بکەین. لە ساڵی ١٩٢١دا بە یارمەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە مەغوولستانی دەرەوەدا کە لە ساڵی ١٣٢٤ەوە بۆتە کۆماری گەلی مەغوولستان، شۆڕشێك بەرپا بوو و بە بەڕێوەبەریی سووخە باتۆر رێژێمێکی گەلیی لایەنگری شوانو کۆچەرە زەحمەتکێشەکانو دۆستی یەکیەتیی سۆڤیەتی هاتە سەر کار. (مەغوولستان وڵاتێکی پانو گەورەیە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی هەر سێ میلیۆنە). لە زەمانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلیدا، مەغوولستان نەك هەر چینی کرێکاری لێ نەبوو، بەڵکوو بە نموونە یەك کارگەشی لێ نەبوو. هەموو شوانو کۆچەر بوون. ئەو کاتە باسێکی ناوا هاتە پێش. چۆن مومکینە سۆسیالیزم لە وڵاتێکی ئەوتۆ دروست بکرێ کە هەموو شوانو کۆچەرنو کرێکاری تێدا نیە. هێندێ کەس نەزەریان ئەوە بوو کە مەغوولستان دەبێ لە پێشدا بەرەو سەرمایەداری بڕوا، پرۆلێتاریای تێدا پێك بێ، جا ئەو دەم حیزبی پێشڕەوی خۆی پێك بێنێو شۆڕشی سۆسیالیستی بکاو ببێتە وڵاتێکی سۆسیالیستی. هێندێ دیکەو لە سەرەوەی هەمووان لنین، نەزەریان ئەوە بوو کە سەرمایەداری لە بەینی ئەو نیزامانەی لە مێژوودا ناسراون، نیزامێك نیە ئیجباری بێ. نیزامێکە دەکرێ بە سەریدا باز ببەی، بە شەرتێك وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیستی هەبێ یارمەتیی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا بدا. ئەو کاتە ئەم وڵاتە بۆ خۆی دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم بڕوا. مێژوو نیشانی دا کە ئەم بۆچوونە دروست بوو. ئەگەر ئەم بۆچوونە لە مەغوولستان سەرکەوت، نە حیزبی چینی کرێکاری لێ بووو نە تەنانەت حیزبێکی وەك حیزبی دێموکراتو نە ئەسڵەن هیچ رێکخراوێکی سیاسیی دیکەو ئەگەر ئێستا مەغوولستان بۆتە وڵاتێکی سۆسیالیستی، مانای ئەوەیە مێژوو ئەو دوگمەی رەد کردۆتەوە کە هێندێ لاوی ناشارەزا دووپاتی دەکەنەوە. نموونەی باشتر لەوەش هەیە: لە ساڵی ١٩٥٩دا شۆڕشی کووبا بە سەرۆکایەتیی فیدل کاسترۆ سەرکەوت. ئەم شۆڕشە لە لایەن هیچ حیزبێکی چینی کرێکارەوە رێك نەخرابوو. نەك هەر ئەوە، فیدل کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩و ١٩٦٠دا دژی کومۆنیستو دژی یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتەکانی سۆسیالیستی بوو. شۆڕشی کووبا کە دەستی پێ کرد لە سەرەتاوە تا سەرکەوتن، حیزبی کومۆنیستی کووبا ئەو وەختە ناوی حیزبی

سۆسیالیستی یەکگرتوو بوو لەگەڵی موخالیف بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە کووبا بەڕێوەبەرانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو، پێشنیاریان کرد کە ئەم حیزبە وەك حیزبی کومۆنیست بمێنێتەوە. فیدل کاستڕۆش کە ئیدی ئەو وەختە نەزەری نسبیەت بە کۆمونیزمو یەکیەتیی سۆڤیەتی گۆڕابوو، ببێ بە سەرۆکی ئەو حیزبە. یانی لە واقیعدا مەقامێکی تەشریفاتی هەبێو دەسەلاتی نەبێو بەکردەوە حیزبەکە هەر بە دەست بەڕێوەبەرانی پێشووی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کووباوە بێ. فیدل کاستڕۆ ئەو پێشنیارەی رەد کردەوەو خۆی حیزبی کومۆنیستی دروست کردو خۆشی بوو بە سکرتێرو بەشێك لە ئەندامانی حیزبی سۆسیالیستی وەرگرتو ئەم حیزبەی هەڵوەشاندەوە. واتە لە واقیعدا حیزبی کومۆنیست، (حیزبی چینی کرێکار) لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا پێك هات. کاتێك فیدل کاستڕۆ دەستی کرد بە شۆڕش، نە رێکخراوی هەبوو، نە حیزبی پێشڕەوی هەبوو و نە نوێنەری چینی کرێکار بوو. ئەگەر وا دابنێین کە حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو نوێنەری چینی کرێکار بوو، کاستڕۆ دژی ئەم حیزبە بوو و ئەم حیزبەش موخالیفی شۆڕش بوو. ئێستا ٢٥ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا تێدەپەڕێو کووباش وەك ولاتێکی سۆسیالیستی چاو لێ دەکرێ. کەوابوو ئەو دوگمە بە یەکجاری فڕێ بدەین کە شۆڕشی سۆسیالیستی حەتمەن دەبێ حیزبێك سەرکردایەتیی بکا کە ناوی حیزبی چینی کرێکارەو سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیو بەرەو سۆسیالیزم رۆیشتن، بێ حیزبێك کە خۆی بە پێشڕەوی چینی کرێکار دادەنێ، ناگونجێ. ئەو دوو نموونەیە نیشانەی ئەوەن کە دەکرێ ولاتێك بێ حیزبی چینی کرێکار وەك کووباو بێ چینی کرێکار وەك مەغوولستان، بەرەو سۆسیالیزم بڕواو بەرە بەرە سۆسیالیزم درووست بکا. لە کۆنگرەی شەشەمدا ئەوانەی دژی "کورتەباس" بوون دەیانگوت چۆن تازە ٢٥ ساڵ پاش وەرگرتنی خودموختاری دەست دەکەین بە درووستکردنی سۆسیالیزم؟ دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئێستای حیزب دروست ٢٥ ساڵ پێویستە، مەبەست ماوەی پێکهاتنی نەسلێکە کە بەینی ٢٠ تا ٢٥ ساڵە. هەرچەند کوردستانی ئێستا لەباری کۆمەلایەتیو ئابووریەوە لە مەغوولستانی ساڵی ١٣٢٤ لە پێشترە، بەلام پاش ٦٠ ساڵ هێشتا کەس ناڵێ کە سۆسیالیزم بە تەواوی لە مەغوولستان سەرکەوتوە. کە لە "کورتەباس"دا باسی ٢٥ ساڵ دەکرێ، گاڵتە نیە. حیزبی ئێمە مەسئوولییەتی هەیە

کە راستی بە گەلی کورد بلێ و وەعدەی خۆڕایی پێ نەدا. باسی مەغوولستانمان کرد کە بەڕاستی زۆر پاشکەوتوو بوو. باسی ولاتێکی پێشکەوتوو بکەین. چێکۆسلوواکی یەکێك لە پێشکەوتووترین ولاتەکانی سەرمایەداری لە ئۆرووپا بوو کە ئەوەی دەبێ ئێمە لە دوارۆژدا دروست بکەین واتە ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سەنعەتیی پێشکەوتوو، هەمووی پێش دەسەلاتی سۆسیالیستی هەبوو. چێکۆسلوواکی کە پێش شەڕی دووهەمی جیهانی وەك ولاتێکی سەرمایەداریی پێشکەوتوو لە ئێراندا پردی دروست دەکرد، کارخانەی سیمان و قەندی دروست دەکرد.

شکۆدا ئەو کاتەش هەر لە ئێراندا بەناوبانگ بوو. بەلام ئێستا پاش ٣٩ سالان کە دەسەلاتی سۆسیالیستی لەو ولاتەدا دامەزراوە، خۆیان جاری نالێن پرۆسەی دروست کردنی سۆسیالیزم کۆتایی هاتووە. هێندێ هاوڕێ دەپرسن و دەلێن، باشە مەسەلەی هەژموونی چی لێ دێ کە ئێمە بتوانین سۆسیالیزم بێ چینی کرێکار دروست بکەین و چینی کرێکار خۆی لە جەرەیانی دروست کردنی سۆسیالیزمدا پێك بێ، ئەو کاتە لە جەرەیانی وەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسیدا هەژموونی پرۆلێتاریا هەر مانای نیە. مەسەلەن ئەگەر حیزبی دێموکرات بە پشتیوانیی خەلکی کوردستان دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا بە دەستەوە بگرێ و رێگا بۆ دروستکردنی سۆسیالیزم خۆش بکا، ئایا بۆ ئەم هەنگاوە هەژموونیی پرۆلێتاریا پێویستە؟

ئەوەی لە کووبا هاتە دی، بوو بە بە سەرچاوەی نووسینی کتێبە بە ناوبانگەکەی "رێژیس دنێبری" بەناوی "شۆڕش لە نێو شۆڕشدا". مەبەست لە شۆڕش لە نێو شۆڕشدا ئەوە بوو کە بێ سەرکردایەتیی چینی کرێکارو حیزبی کومۆنیست، واتە بێ پێڕەوی کردن لەو دوگمە کلاسیکییە، شۆڕشی کووبا سەرکەوت. جا ئایا گوناهە کوردیش رێگای تایبەتیی خۆی هەبێ کە نە رێگای سۆڤیەتی، نە رێگای مەغوولستان و نە رێگای کووبایە؟ ئایا هەموو کەسی دیکە مافی ئەوەی هەیە رێگای تایبەتیی خۆی بگرێتە پێش بەو شێوەیە کە خۆی بە مەسلەحەت دەزانێ، بەلام کورد هەقی نیە ئەو کارە بکا؟ "کورتەباس" هیچ گوناهێکی دیکەی نیە جگە لەوە کە دەلێ دەکرێ رێگایەکی واش هەبێ کە لەگەل هەلومەرجی کوردستان باشتر رێك کەوێ. نەك هەر تاوان نیە حیزبی دێموکرات شتێکی تازە بلێ و هەر چاوی لە خەلك نەبێ، بەلکوو ئێمە دەبێ شانازی بەوە بکەین کە حیزبی ئێمە یەکەم رێکخراوە

کە ئەم مەسەلەیەی بەو شێوەیە لە ئێراندا هێناوەتە گۆڕێ. دروستو نادروست بوونی نەزەرێکی تازە لە جەرەیانی خەباتدا دەردەکەوێ، دەکرێ پاشان ئیسلاح بکرێو کەمو زیاد بکرێو بە دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی خەبات، نەزەرەکە دەوڵەمەندتر بکرێو وردتر فورموولە بکرێ. خودی "کورتەباس" لە دوو ساڵی رابردوودا کە باسی لە سەر کراوەو دەستی لێ دراوە، زۆر باشتر بووەو زۆر باریشی ئێستا باشتر روون کراوەتەوە. حیزبێکی دێموکرات کە بە شەرتێك شۆڕشگێڕ بێ، بە شەرتێك بەرنامەی سۆسیالیستیی هەبێ کە حیزبی ئێمە نیشانی داوە کە شۆڕشگێڕیشەو بەرنامەی سۆسیالیستیشی هەیە کە دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم بڕواو سۆسیالیزمیش دروست بکا. جاران ئەو فکرە هەبوو کە ئەگەر خودموختاریمان وەرگرتو پاشان بەرەو سۆسیالیزم رۆیشتین، ئایا دەبێ ناوی حیزبەکەمان بگۆڕینو ئەگەر بیگۆڕین، چ ناوێکی بۆ دابنێین. بەڵام ئێستا ئەو فکرە بە تەواوی لاچووە. هەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ تا گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی کە سۆسیالیزمە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرێوە بەرێ. دەکرێ ناوەکەیشی هەر لە سەر خۆی بێو هیچ ناتەباییش لە بەینی ئەم ناوەو سۆسیالیزمدا بەرچاو ناکەوێ. بەتایبەت ئێستا کە دروستکردنی کۆمەڵی دێموکراتیکی سۆسیالیستی لەبەرنامەی حیزبدا هاتووە. ناوی حیزبەکەمان کە دێموکراتەو لەگەڵ سۆسیالیزمێك کە دەمانەوێ دایمەزرێنینو سۆسیالیزمی دێموکراتی‌یە، تەبایی تەواوی هەیە.

لە "کورتەباس"دا کە حیزبی ئێمە سۆسیالیزمی هەڵبژاردوەو لەبەر ئەوە کۆمەڵێکە دادپەروەرانەتر لە کۆمەڵی سەرمایەداری، داهاتی نەتەوەیی لێرەدا عادلانەتر دابەش دەکرێ. دووهەم ئەو کۆمەڵەو ئەوە بە تایبەتی بۆ ئێمە گرنگە "چونکە لە وڵاتێکی پاشکەوتوودا دەژین" خێراتر دەچێتە پێشێ، کۆسپی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری لادەچنو هێزەکانی بەرهەمهێنان، دیارە ئادەمیزادیش ئەگەر ئازادیی هەبێ، رێگای پشکوتنی ئیستعدادو قابلییەتی ئاوەڵا دەبێ. لە وڵاتەکانی سۆسیالیستیش کە لە سەرەتادا ئازادی هەبوو، کۆمەڵانی خەڵك بە شوورو هەیەجانەوە کاریان دەکرد. جا ئەگەر ئەو ئازادی‌یە دابین بێو خەڵك بە دایمیو بە دڵەوەو بە خۆشحاڵی‌یەوە کار بکەن، سۆسیالیزم خێراتر دەچێتە پێشو کۆمەڵ زۆرتر دەتوانێ گیروگرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌یەکانی خۆی چارەسەر بکا.

تاقیکردنەوەی نزیکەی ٧٠ ساڵ مەوجوودییەتی سۆسیالیزم نیشانی داوە کە خێرایی هەڵدانی ئابووری لە سۆسیالیزمدا، لە سەرمایەداری زیاترە. نالێین سۆسیالیزم بوحرانی تێدا نیە، نالێین تەنگو چەڵەمەی ئابووری نایەتە پێش، بەلاّم لە سەر یەك رێگای بۆ پێشەوە چوون خۆش کراوەو کۆمەڵ خۆی لە چوارچێوە تەنگانەکانی ئابووریی سەرمایەداری دەرباز کردوە. ئابووریی سۆسیالیستی باشتر هەڵدەسووڕێ، چونکە چەوساندنەوە نەماوە، چونکە سەرخانی سیاسی، واتە دەسەلاّتی سەرمایەکە کە کۆسپی پەرەئەستاندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بوو لە نێو چوونو کۆمەڵ دەتوانێ نەخشە دابنێو بەرنامە دابڕێژێو لە رووی بەرنامەوە ئابووری بەڕێوە بەرێ. مەسەلەن وا دابنێین کە ئێستا دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێ نەخشەی ئابووری دابنێو بەرنامەی بۆ دابڕێژێ. ئەگەر ئەو بەرنامە ئابوورییە لەگەڵ قازانجی مونوپۆلە گەورەکان مەسەلەن یەکێکی وەك مونوپۆلەکانی نەوتی یا ئوتۆمبیلسازیدا رێك نەکەوت، چی بەسەر دێ؟ دیارە ئەو مونوپۆلانە بەرنامەکە رەد دەکەنەوە. دەوڵەتیش ئامرازی ئەوتۆی بە دەستەوە نیە ئەم بەرنامەیەی بە سەریاندا بسەپێنێ. چونکە ئەمریکا ولاّتێکی سەرمایەدارییەو سەرمایەو قازانجی سەرمایە رێزیان هەیە. قانوون دەیانپارێزێ، کەوابوو تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەهرومە ئابوورییەکانیش کەڵك وەربگرێ، ناتوانێ نەخشەیەکی ٥ ساڵە بۆ ئابووریی ئەمریکا دابنێ.

بە کورتی مەبەست ئەوەیە کە وەختێك سەرمایە زاڵ نەبوو، ئیمکانی دانانی بەرنامەی گشتیی ئابووری پێك دێ. بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی سادە لە باری ئابوورییەوە فەرقی ئەساسی لە بەینی ولاّتێکی سۆسیالیستیو سەرمایەداریدا دیاری بکەین، دەکرێ بڵێین هەم لە سۆسیالیزمو هەم لە سەرمایەداریدا پلانو بەرنامە هەیەو لە هێندێ ولاّتی سەرمایەداریدا لە مێژە بەرنامەی ئابووری دارڕشتن باوە، بە تایبەتی لەو ولاّتانەدا کە سەرمایەداریی دەوڵەتی تێیاندا بەهێزە. وەك فەرانسە کە پێش هاتنە سەرکاری حیزبی سۆسیالیستیش هەر پلانو بەرنامەی ئابووری هەبوو. تەنانەت خەتە گشتییەکانی پلانێکی درێژخایەنیش دانرابوو. بەلاّم پلان لە سەرمایەداریدا گشتی نیە، هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵ، ئابووریو کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگی ناگرێتەوە. هەروەها کە گوترا جێبەجێ کردنی پلانیش دژوارە. چونکە ئەگەر لەگەڵ قازانجی سەرمایەداران ناتەبایی هەبوو، دەتوانن تەگەرەی

بخەنە پێش. هەروەها دەکرێ بڵێین هەم لە سۆسیالیزمداو هەم لە سەرمایەداریدا بازاڕیش هەیە، دیارە بازاڕی سۆسیالیستی مەحدوودترە چونکە ئامرازی بەرهەمهێنان لەم بازاڕەدا نافرۆشرێن، بەلاّم خەڵك زۆربەی شتومەکی مەسرەفیی خۆیان لە بازاڕ دەکڕن. کەوابوو لە سۆسیالیزمو لە سەرمایەداری، واتە لە هەر دوو سیستمەکاندا هەم پلان هەیەو هەم بازاڕ، بەلاّم یەکێك لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێو ئەو دوو سیستمە ئەوەیە کە لە ئابووریی سۆسیالیستیدا بازاڕ تابعی پلانە، لە کاتێکدا لە ئابووریی سەرمایەداریدا پلان تابعی بازاڕە. لە سۆسیالیزمدا عاملی دیاریکەر هەر پلانە، لە سەرمایەداریدا بازاڕە. یانی لە سەرمایەداریدا لە ئەسڵدا میکانیزمی بازاڕە کە ئابوورییەکە تەنزیم دەکا. لە سۆسیالیزمدا ئەم ئەرکە لە سەر شانی پلانو بەرنامەیە. پلانیش دەکرێ ئەرکەکانی بە تەواوی لە ناوەندەوە دیاری بکرێن، یا بەشێك لەو ئەرکانە لە سەلاحییەتی خودی بنکە سەنعەتییەکاندا بن. مەسەلەی هەر گرنگ ئەوەیە کە ئایا دەکرێ، مەحدوودیەتی بازاڕ لە سۆسیالیزمدا هەڵبگیرێ، بۆ ئەوەی نەخشی زیاتر بێ، بێ ئەوە زەربە لە مالکییەتی سۆسیالیستیی ئامرازی بەرهەمهێنان بدا؟

ئەمە تاقیکردنەوەیەکی مێژوویییە کە دواڕۆژ ئاکامی نیشان دەدا. لە ئابووریی سۆسیالیستیدا دوو شێوە مالکییەتی سۆسیالیستی هەیە: مالکییەتی سۆسیالیستیی گشتیو مالکییەتی سۆسیالیستیی هەرەوەزی. بۆیەش دوو چین هەیە، چینی کرێکار کە پێوەندیی بە مالکییەتی گشتییەوە هەیە، وەك کارخانەکانو ساوخۆزەکانو چینی جووتیار کە پێوەندیی بە مالکییەتی هەرەوەزییەوە هەیە وەك کەڵخۆزەکان. بەرهەمی ئەم دوو شێوە مالکییەتە لە بازاردا پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن. کەڵخۆزەکان بەرهەمی کشتوکاڵی دەبەن بۆ بازاڕو ماشینی کشتوکاڵیو ئامرازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیو شتومەکی مەسرەفی کە بەرهەمی سەنعەتن دەکڕن. بەم جۆرە لە نێو کەڵخۆزەکانو کارخانەکاندا هێندێ ئامرازی بەرهەمهێنانیش لە ڕێگای بازاڕەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێ. بەلاّم لە نێو بەشەکانی خودی مالکییەتی گشتیی سۆسیالیستیدا ئاڵوگۆڕی ئامرازی بەرهەمهێنان وەدی نایە. بۆیە دەڵێین کە لە بازاڕی ئابووریی سۆسیالیستیدا ئاڵوگۆڕی ئامرازی بەرهەمهێنان مەحدوودە.

دیارە لە ئابووریی سۆسیالیستیدا کرێکارو جووتیار هیچیان چەوسێنەر نینو هەردووکیان بە شێوەی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستییەوە بەستراونەتەوە، بۆیەش قازانجی هاوبەشیان هەیە کە بریتییە لە پەرەئەستاندنو پێشکەوتنی ئابووریی سۆسیالیستی. بەڵام چونکە بازاڕێکی ئەوتۆ هەیە کە باس کرا نەك هەر لە باری تیئۆرییەوە، بەڵکوو لە باری عەمەلیشەوە کرێکار کە نوێنەری مالکییەتی سۆسیالیستیی گشتییەو جووتیار کە نوێنەری مالکییەتی هەرەوەزیی سۆسیالیستییە، لە بازاڕدا وەك کڕیارو فرۆشیار تووشی یەکتر دەبن. لەو پێوەندییەدا ناتەبایی لە نێو چینی کرێکارو چینی جووتیاریشدا هەیە. بێجگە لەو دوو شێوە مالکییەتە سۆسیالیستییە، دوو شێوە مالکییەتی دیکە، تایبەتیو شەخسییش هەن. مالکییەتی تایبەتی کە مانای ئەوەیە فەرد خاوەنی بەرهەمهێنانی زۆر کەمە. مەسەلەن کەڵخۆزییەکان لە دەورووبەری ماڵی خۆیاندا پارچە زەوییەکیان هەیە کە سەوزیو میوەی تێدا بۆ خۆیان بار دێننو بەرهەمەکەی هی خۆیانەو دەتوانن بیفرۆشن. لە شارەکانیشدا رەنگە هێندێ دووکانی تایبەتی یا تەعمیرگای چکۆڵە هەبێ کە لە مالکییەتی تایبەتیدا بێ. بەڵام لەسەر یەك هەرچی ئابووریی سۆسیالیستی زیاتر پەرەی ئەستاندبێ، ئەوەندە مالکییەتی تایبەتی مەحدوودترە. مالکییەتی شەخسی لە ئابووریی سۆسیالیستیدا مەحدوود ناکرێ. خێزانێکی چوار کەسی دەتوانن چوار ترۆمبێلیان هەبێ بە شەرتێك کە ترومبێلەکان بە مەبەستی شەخسی بەکار بێنن. نەیانکەن بە تاکسی یا بارییان پێ نەکێشن. هەر ئەندامێکی کۆمەڵی سۆسیالیستی بەرامبەر بە کاری خۆی کە لە باری چەندیو چۆنیو گرنگییەوە کرێی دیاری دەکرێ، دراو وەردەگرێ. بەم دراوە لە بازاڕدا شتومەکی مەسرەفیی پێویست دەکڕێ. بەم جۆرە ئەگەر لە بازاڕی سۆسیالیستیدا ئامرازی بەرهەمهێنان مەحدوودە، بازاڕی شتومەکی مەسرەفی مەحدوود نیە. بۆیە ئەم بەشەی بازاڕی سۆسیالیستی وەك عاملێکی گرنگ تەئسیر دەکاتە سەر هەموو رەوڕەوەی ئابووریی سۆسیالیستی. بەڵام هەر لەو کاتەشدا پەرەئەستاندنی بازاڕی سۆسیالیستی هەم پێشتر بەرنامەی بۆ دانراوەو هەم لە چوارچێوەی پلانی گشتیی ئابووریدا هەڵ دەسووڕێ. جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئابووری لە لێکدانەوەی دواییدا بە دەست کۆمەڵانی خەڵك، کرێکاران، جووتیارانو رووناکبیرانەوەیەو هەرچی

کۆمەلانی خەلکیش ئازادییان زیاتربێو بەختیارتر بژین، پتر ئامادە دەبن بۆ پێشخستنی کۆمەلی سۆسیالیستی هەول بدەن. بۆیە ئێمە سۆسیالیزممان هەلبژاردوە، چونکە کۆمەلێکی عادلانەترە، خێراتر گەشە دەکاو ئادەمیزاد تێیدا بە ئازادیو بەختیاری دەژی. تاقیکردنەوەی ولاتانی سۆسیالیستی دەخەینە بەرچاو، دێینە سەر ئەو باوەڕە کە سۆسیالیزم لە باری پێکهێنانی ژێرخانی ئابووریو کۆمەلایەتییەوە زۆر چۆتە پێش. بەلام ئەگەر ئازادیی سیاسیشی تێدا بێ، ئەوە ئەو کۆمەلەیە کە حیزبی دیموکرات خەباتی بۆ دەکا. لە سۆسیالیزمی مەوجوودا ستەمی چینایەتیو ستەمی نەتەوایەتی لە ئەساسدا لە نێو چووە. دەلێین لە ئەساسدا ستەمی نەتەوایەتی لەنێو چووە، چونکە لە هێندێ ولاتانی فرە نەتەوەیی سۆسیالیستیدا گیروگرفت زۆرن، لە خودی یەکیەتیی سۆڤیەتییەوە بگرە تا مەسەلەن ڕۆمانی کە ئەقەلییەتی مەجاری تێدایە، جارێ مەسەلەی نەتەوایەتی بە تەواوی چارەسەر نەکراوە. ڕەنگە تەنیا ئاکامی لەبارو باشی ڕووداوەکانی سالی ١٩٦٨ لە چێکۆسلوواکی ئەوە بوو بێ کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەوێ زۆر ئوسوولی چارەسەر کراوە.

پاش سالی ١٩٦٨ لە چێکۆسلوواکی فیدراسیۆن بە دوو حکوومەتەوە پێك هات، حکوومەتی بەشی چێكو حکوومەتی بەشی سلوواك. لە چێکۆسلوواکی هەردوو زمانی چێکیو سلوواکی ڕەسمیەتیان هەیەو هیچیان بەسەر هیچیاندا زال نین. تەنانەت دراوی ولاتەکەش "کورون" بە دوو زمان لە سەری نووسراوە. لە هەموو مەدرەسەو ئیدارەیەکی سەرانسەری چێکۆسلوواکیدا هەردوو زمان وەك یەك تەماشا دەکرێن. لە یوگۆسلاڤی کە ٦ کۆماری فیدرالی هەیە، بە شێوەیەکی ئوسوولی مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر کراوە. دیارە هێندێ گیروگرفت دێتە پێش، چونکە دەولەتی ئالبانی، ئالبانییەکانی یوگۆسلاڤی بۆ جیابوونەوە هان دەدا. بەلام چونکە هەموو نەتەوەکانی یوگۆسلاڤی مافی نەتەوایەتیی خۆیان وەرگرتوەو وەك یەکیش تەماشا دەکرێن، یەکیەتیی یوگۆسلاڤی هەر بەردەوامەو بە پێچەوانەی هێندێ پێشبینی، پاش مردنی "تیتۆ" تێك نەچوو. پاش تیتۆ لە یوگۆسلاڤیدا شێوەیەکی زۆر تایبەتییان بۆ هەلسووڕانی کاروباری ولات دامەزراندوە. سەرۆك کۆماری بە نۆرەیەو نوێنەری هەرکام لە شەش کۆمار بە نۆرە دەبێتە سەرۆك کۆماری هەموو یوگۆسلاڤی. بۆ ئەم مەبەستە هەلبژاردن ناکرێ، چونکە ئەو کۆمارە کە ژمارەی

دانیشتووانی زیاترە، ئیمکانی پترە بۆ ئەوە نوێنەری ببێتە سەرکۆماری یوگۆسلاڤی. هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵات، بەم شێوەیە بۆ وەك یەك بوونی نەتەوەکانی یوگۆسلاڤی زیاتر ڕێز دادەنێ‌و دێموکراتی‌ترە.

بەکورتی لە سەریەك، لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا ستەمی نەتەوایەتی هەڵگیراوەو ستەمی چینایەتیش لە نێو چووە. دیارە هێندێ ئیمتیاز بۆ بەڕێوەبەران هەیە، بەلاّم ئەوە ستەمی چینایەتی نیە. ئازادیی سیاسی لەو وڵاتانەدا دابین نەبووە. هەرچەند سۆسیالیزم دەبێ دێموکراسیی لەگەڵ بێ، دێموکراسی‌و سۆسیالیزم لێك جیا ناکرێنەوە. هێندێ لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی خۆیان باسی پەرەپێدانی دێموکراسیی سۆسیالیستی دەکەن. ئەوە دوو مانای هەیە: یەکەم پێیان خۆشە دێموکراسی پەرەی پێ بدرێ‌و دووهەم مانای ئەوەیە کە دێموکراسیی سۆسیالیستی جارێ بە تەواوی پەرەی پێ نەدراوە، واتە خۆیان هەست بەوە دەکەن کە دێموکراسی نیە یان مەحدوودە. بۆیە باسی دێموکراسی لە سۆسیالیزم‌دا کردن کارێکی ڕەوایەو بۆیەش ئیستلاحی سۆسیالیزمی دێموکراتیك دروست‌و بەجێ‌یە.

وەلاّمی پرسیاری سێهەم کە چۆنیەتیی پێوەندی‌یەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتەکانی سۆسیالیستی دیاری دەکا، بە کورتی ئەوەیە: نە پەیرەویی بێ ئەملاو ئەولاو نە دژایەتی، بەڵکوو دۆستایەتی. دیارە ئەو بۆچوونە بەڕاستی نەتیجەی ساڵەها تاقیکردنەوەی حیزبەکەمانە. حیزبی دێموکرات پاش دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی حیزبە کوردستانی‌یەکانی دیکەو دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی حیزبەکانی دیکەی ئێران، هاتۆتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەگەر کەسێکی دیکە لە باتی ئەو بڕیار بدا، ئەوەی بە سەر دێ کە بە سەر حیزبی توودەدا هات. دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی هەڵەیە. چونکە ئەو وڵاتانە لە دوو بارەوە دۆستی حیزبی ئێمەن. هەم لەباری ستراتیژیکەوە چونکە وڵاتی سۆسیالیستین‌و ئێمەش سۆسیالیزمان دەوێ‌و بە ئاواتین کە هەتا ڕێبازی ئێمە لە وڵاتەکەماندا بە تەواوی سەردەکەوێ، دێموکراسیش لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا پەرە بستێنێ. بۆیە لە دواڕۆژدا زیاتر لێی نزیك دەبینەوە.

بەلاّم لە بارێکی دیکەشەو با لەبیرمان نەچێ کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٤دا دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەلومەرجەی کە بە هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران پێك هاتبوو. حیزبی ئێمە دۆستایەتی‌یەکی سوننەتی لەگەڵ یەکیەتیی

سۆڤیەتی‌دا هەیــەو چونکــە کوردســتان دراوسـێی یەکیــەتیی ســۆڤیەتی‌یە، لــەباری ژێئۆپۆلیتیکیشەوە ئەم دۆستایەتی‌یە پێویستە. گومــانی تــێ‌دا نیــە کــە سیاســەتی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی رۆژێك لە سەرانسەری ئـێراندا ســەردەکەوێ‌و زۆر رێکخراوی رەسەن‌و پێشکەوتووی دیکەش رێبــازی ئــەمرۆی حــیزبی دێموکراتــی کوردستانی ئێران دەگرنە پێش. ئێمە ئامادەی دۆستایەتین، بــەڵام مێعیــار بــۆ ئێمــە قازانجی حیزبەکەمان‌و گەلی کوردو گەلانی ئێرانــە. هێنــدێ کــەس پرسیار دەکــەن‌و دەڵێن ئەگەر هات‌و ئەو قازانجە لەگەڵ دۆستایەتی لەگەڵ یەکیــەتیی ســۆڤیەتی رێــك نەکەوت، ئەو کاتە هەڵوێستمان چ دەبێ؟ دیارە ئێمــە هــەموو وەختێــك مەبەســتمان ئەوەیە کە ئەم دۆستایەتی‌یە لەگەڵ قازانجمان رێك کەوێ‌و هەوڵیشی بۆ دەدین. بــەڵام ئەگەر هات‌و لە نێو قازانجی گەلی کوردو دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتیی ســۆڤیەتی یــا لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەدا ناتەبایی پەیدا بوو، زۆر روونە، ئێمە قازانجی گەلی کورد هەڵدەبژێرین.

با بە سەراحەت بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لــە ســەربەخۆیی خۆمان‌و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبــەر خــاتری ســەربەخۆیی‌و قــازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو مێعیــار بــۆ ئێمە قازانجی حــیزب‌و گــەلی کــوردو گــەلانی ئــێران‌و ســەربەخۆیی‌مانە. مێعیــاری ئەساســی ســەربەخۆیی بڕیاردانــە. دۆســتایەتی دەکــەین، بــەڵام لەگــەڵ پاراســتنی سەربەخۆیی، ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی‌یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکــەین، بــەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین. ئەو رابیتە ئۆرگانیکە کە باسم کــرد، لە نێوان دیاریکردنی جەوهەری سۆســیالیزم‌و پاراســتنی ســەربەخۆیی حیزبەکــەمان‌و وڵاتەکەماندا هەیە لێرەدا خۆی دەنوێنێ. ئێمــە دەمانــەوێ کۆمــەڵی سۆسیالیســتی خۆمان بە دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە، تەنانەت باشترین دۆستیشمان بــێ، دروســت بکەین. نامانەوێ سۆسیالیزمێك دروست بکەین کە پێویستی بەوە هەبێ کە لەشکری وڵاتێکی دیکە بێ بی‌پــارێزێ. سۆســیالیزم بــە کۆمــەڵانی خــەڵك دروست دەکــرێ‌و بەوانیش دەپارێزرێ، نە بە لەشکری وڵاتێکی بێگانە. وڵاتێك کە ئەرتەشــی بێگانــەی تێ‌دا جێگیر بوو، هەرچەندیش ئەم بێگانەیە دۆست بێ، سەربەخۆیی بڕیــاردانی خــۆی لەدەست دەدا. بۆ نموونە سەیری ئەفغانستان بکەین. دیارە ئێمە دژی سیاســەتی ئــەو

بەناو موجاهیدە ئەفغانیانەین کە دەیانەوێ لە ئەفغانستان جمهووری ئیسلامی دابمەزرێنن. بەڵام بە تاقیکردنەوەی خۆمان باش دەزانین کە ئەگەر خەڵك پشتیوانی نەکا، پارتیزان ناتوانێ شەڕ بکا. ئێستا چەندین ساڵە موجاهیدەکانی ئەفغانی دژی دەوڵەتی مەرکەزیو لەشکری سۆڤیەتی شەڕ دەکەنو خەباتیشیان هەر بەردەوامە. مانای ئەوەیە کە بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك پشتیوانیانە. ڕەنگە بگوترێ خەڵکی پاشکەوتوو پشتیوانیانە، بەڵام ئەوە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. بەدبەختی ئەوانەی کە لە ئەفغانستان دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، ئەوەیە کە بە پشتیوانیی لەشکری سۆڤیەتی دەبێ سۆسیالیزم دروست بکەن. ئەو سۆسیالیزمە نە سەرکەوتوو دەبێ نە دێموکراتی.

هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە مارکسیزم باس کرا. ئێمە حیزبێکی دێموکراتین، خاوەنی تاقە ئیدئۆلۆژییەك نین، ئەندامانی حیزبی ئێمە ئیدئۆلۆژیی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام لە ژێر ئالای حیزبی دێموکراتدا کۆ بوونەوە، چونکە بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبەیان پەسند کردوە. بۆیە حیزبی ئێمە لە کێشەو ناکۆکیی ئیدئۆلۆژیکی گرووهە مارکسیتییەکاندا دەخالەت ناکا. بەڵام ئەگەر مارکسیزم زانستێکی کۆمەڵایەتییە، تیئۆرییەکی زانستییە، ئایا گوناهە حیزبی دێموکرات کەڵکی لێ وەربگرێ؟ زانست لە پاوانی هیچ کەسدا نیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات زانست تەتبیق بکا، تاوان نیە. لێرەدا تەنیا شێوەی کەڵك وەرگرتن لە زانستو شێوەی تەتبیقی زانست لەگۆڕێ دایە. زانست دوگم نیە. زانستی کۆمەڵایەتی پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵ بەرەوپێش دەچێو پەرە دەستێنێ. مەسەلە ئەوەیە کە ئەم زانستە بە شێوەیەکی خەللاقو داهێنەرانە تەتبیق دەکرێ. هەر ئەوەندە کە نەزەرێك لە کتێبێکدا نووسرابێ بۆ ئەوە بەس نیە کە پێڕەویی لێ بکەین. کتێبەکە هی هەرکەس بێ فەرق ناکا. کتێبەکانی مارکسو لنینیش جێی موناقشەن. بۆ موسوڵمانێك ئایەی قورئان جێی موناقشە نیە. بەڵام تیئۆریی کۆمەڵایەتی ئایەی قورئان نیە، جێی موناقشەیە. ئەگەر تیئۆرییەك لە جەرەیانی تەتبیقدا دەرکەوت کە دروستە، پەسندی دەکەین. ئەگەر دەرکەوت کە دروست نیەو واقیعییەت لەگەڵ تیئۆری ڕێك ناکەوێ، ئەوکاتە مانای ئەوەیە کە تیئۆرییەکە نادروستەو دەبێ وازی لێ بێنین. لە تەتبیقی تیئۆریدا دەبێ هەلومەرجی زەمانیو مەکانی بەرچاو بخەین.

مەسەلەن مارکس لە کتێبی "سەرمایە"دا باسی سەرمایەداری دەکاو لێکۆڵینەوەی مارکس لەم بارەوە بێوێنەیە. بەڵام مارکس باسی سەرمایەداری ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەکا. ئێستا سەرمایەداری لە زۆر بارەوە گۆڕاوەو بێگومان ئەگەر خودی مارکس ئێستا لە سەر سەرمایەداریی نووسیبایە، بە شێوەیەکی دیکە دەینووسی. بۆیە زۆر شت لە کتێبی سەرمایەدا هاتوە کە لەگەڵ واقعییەتی ئەمڕۆ ڕێك ناکەوێ. لە پاشان هەروەها کە گوترا تیئۆری زانستی لە پاوانی هیچ کەس‌دا نیە، چونکە لاوازیە فەرانسەیی بووە، مانای ئەوە نیە ئەمڕۆ تەنیا فەرانسەیی مافی ئەوەیان هەیە لە سەر زانستی شیمی حەکەم بن، هەروەها چونکە داروین ئینگلیسی بووە، تەنیا ئینگلسی‌یەکان مافیان هەبێ لە سەر قانوونەکانی پەرەئەستاندنی تەبیعەت‌و ئادەمیزاد حەکەم بن.

تیئۆری زانستییش هەروایە، دیاردەیەکی جیهانی‌یە. هەموو کەس دەتوانێ پەرەی پێ بداو هەموو کەسیش دەتوانێ تەتبیقی بکاو کەسیش مافی ئەوەی نیە خۆی بکا بە حەکەم. مێعیاری ڕاستی‌و دروستیی تیئۆری کتێب نیە، کردەوەو تاقیکردنەوەیە. تیئۆریی کۆمەڵایەتی لە جەرەیانی تەتبیق‌دا ڕاستی‌و دروستی خۆی نیشان دەدا. ڕاستە کە واقعییەت سەرچاوەی تیئۆری بووە، بەڵام چونکە واقعییەت هەمیشە لە گۆڕان دایەو هەلومەرجیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە فەرق دەکا، تیئوریش دەبێ بگۆڕێ. لە ئاخرەکەی‌دا مێعیار تیئۆری نیە، مێعیار پراتیك‌و واقعییەتە. ئەگەر تیئۆرییەك لەگەڵ واقعییەت ڕێك نەکەوت، واقیعییەتی ڕەق بە زۆر ناچێتە ناو چوارچێوەی تیئۆرییەوە. هۆی سەرنەکەوتنی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی چەپ لە ئێران‌دا هەر ئەوەیە کە هەولیان داوە واقعییەت بخەنە نێو چوارچێوەی تیئۆریی کتێبی خۆیانەوە. "سازمان چریکهای فدایی خلق" ڕێکخراوێك بوو کە پاش شۆڕشی ئێران دەی‌توانی نەخشێکی گەورە لە مەیدانی سیاسەتی وڵات‌دا بەعۆدە بگرێ، بەڵام هەمووان دەزانن چۆن لەت لەت بووو چی بەسەر هات. لە نووسراوەیەکی نێوخۆیی کۆمەڵەدا هاتوە کە کاتێك کادرێکی کۆمەڵە دەچێت لە مزگەوتی گوندێك بۆ خەڵك قسە دەکا، هەرچەند خوێندەواری زۆرە، بەڵام خەڵك لە قسەکانی حاڵی نابن. لە کاتێك‌دا کادری حیزبی دێموکرات کە قسە بۆ خەڵك دەکا، خوێندەواریشی کەم بێ، خەڵك لێی حاڵی دەبن. هۆیەکەی زۆر سادەیە، کادری

کۆمەڵە لە چوارچێوەی تیئوریی کتێبی خۆیدا قسە دەکا کە دوورە لە واقعییەت، کادری حیزبی دێموکراتیش بە زمانی خەڵکی لە سەر گیروگرفتەکانی ژیانو خەباتی خەڵك قسە دەکا کە لە دڵی خەڵك نزیکن. کادری کۆمەڵە باسی ئیکونومیزمو پوپولیزمو ئاکسۆنیزمی دەکا. کادری حیزبی دێموکراتیش باسی ئازادیو خودموختاری دەکا. بۆیە زۆر تەبیعی‌یە کە کۆمەلانی خەڵك لە قسەی کادری حیزبی دێموکرات باشتر حالّی بن.

مەسەلەیەکی دیکە کە لێرەدا باس کراوە دەبێ ئەهەمییەتێکی زیاتری پێ بدرێ، مەسەلەی سۆسیال دێموکراسی‌یە. هەروەها کە لە "کورتەباس"دا هاتوە بە نەزەری ئێمە سۆسیال دێموکراسی وەزیفەی ئەوەیە کە سەرمایەداری ئیدارە بکاو سەرمایەداری بپارێزێ. لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات لەو بڕوایە دایە کە دەبێ سەرمایەداری لە نێو بچێ. کەوابوو زۆر مەنتقی‌یە کە حیزبی دێموکرات ڕێگای سۆسیال دێموکراسی نەگرێتە پێش. بەلاّم ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا هێندێ کەس کە پێیان وایە زانستی کۆمەلایەتی بە ناوی ئەوان تاپۆ کراوە، هەر هاوار دەکەن کە سۆسیالیزمی دێموکراتیو سۆسیال دێموکراسی یەکن، دیارە گاڵتە بە خۆیان دەکەنو کەسیش بە جیددییان ناگرێ. با ئەوەش بڵێین کە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان تا شەڕی دووهەمی جیهانی بە حیزبی شۆڕشگێڕ لە قەڵەم دەدران. بەلاّم ئەنتێرناسیۆناڵی دووهەم کە لەم حیزبانە پێك هاتبوو، لە زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا (١٩١٨ ـ ١٩١٤) بە سەرۆکایەتیی کائۆتسکی بەرەو ڕیفورمیزم ڕۆیشتو زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە پەرلەماندا دەنگیان دا بە بوودجەی شەڕی وڵاتەکانی خۆیانو پشتیوانییان لە بورژەوازیی وڵاتی خۆیان کرد. لە باتی ئەوە دیفاع لە پرۆلێتاریای جیهانی بکەن، تووشی ناسیۆنالیزم بوونو کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشیان هان دەدا دژی یەکتر شەڕ بکەن. حیزبی سۆسیال دێموکراتی ڕووسیەو چەند حیزبێکی دیکە وەك حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئیتالیا ئامادە نەبوون دیفاع لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بورژوازیی وڵاتی خۆیان بکەنو لەو بڕوایەدا بوون کە پرۆلێتاریای هەر وڵاتێك دەبێ دژی بورژوازیی خۆی شەڕ بکا. شەڕ بگۆڕێ بە شۆڕش دژی دەسەلاّتی بورژوازیی خۆمالّی. کەوابوو سۆسیال دێموکراسی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیو پاش ئەو شەڕە فەرقیان هەیە.

سۆسیال دێموکراسی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ زەمانی شەڕی دووهەمی جیهانییش فەرقی هەیە. ئەو راستییە دەبێ بگوترێ کە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان بەرامبەر بە فاشیزم راوەستان‌و لە بەرگریی وڵاتی خۆیاندا بەشدارییان کرد. بەڵام ئێستا دیسانەکە سۆسیال دێموکراسی هەر رێبازی ریفۆرمیزم دەڕوا. سۆسیال دێموکراسی دیەوێ سەرمایەداری ئیسلاح بکا، حیزبی ئێمە دیەوێ سەرمایەداری لە نێو بەرێ. سۆسیال دێموکراسی دەیەوێ هەر لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا وەزعی زەحمەتکێشان باشتر بکا، حیزبی ئێمە وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێی وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی دەبێ ئەو چوارچێوەیە تێك بدەین، دەبێ سەرمایەداری وەك سیستم لە نێو بەرین. حیزبی دێموکرات لە بارێکی دیکەشەوە شۆڕشگێڕە، ئەویش بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانەیە، سۆسیال دێموکراسی تەنیا لایەنگری خەبات لە رێگای ئاشتی‌یەوەیە. کەوابوو حیزبی ئێمە لە زۆر مەسەلەی ئەساسیدا بیروڕای لە سۆسیال دێموکراسی جیاوازە، بەڵام چونکە سۆسیالیزمی مەوجوود ژێرخانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی سۆسیالیستی پێك هێناوە، لە ئامانجی ئێمە نزیکترە. جیاوازی ئێمە لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود لە سەر دێموکراسی‌یە. با لە سەر یەك مەسەلە وردتر بین. سۆسیال دێموکراسی هەر ئیسلاحات دەکا، هەرچی ئیسلاحاتیش بکا، ئامانجی دوارۆژمان نابێتە یەك‌و ناگەینە یەك. ئەو وەختە دەگەینە یەك کە چوارچێوەی سەرمایەداری تێك بدا کە ئەوە ئامانجی سۆسیال دێموکراسیی ئێستا نیە. بەڕێوەبەری حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا فیلیپ گۆنزالێس بە سەراحەت دەڵێ کە لە هەلومەرجی ئێستادا سەرمایەداری باشترین سیستمە. ئێمە لە مەسەلەی دێموکراسیدا لە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان نزیکین. مەسەلەن لە سوئێد ئازادیی سیاسی زۆرە، بۆیەش هاوکاریی سیاسی لە نێو حیزبی ئێمەو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە مەیدانی جیهانیدا ئیمکانی هەیە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ ئەو حیزبانەدا بە تەواوی ببینە یەك خەت، ئەوان دەبێ بێنە سەر ئەوە کە بۆ تێکدانی چوارچێوەی رێژیمی سەرمایەداری هەوڵ بدەن. بەمجۆرە لە کورتخایەندا و لە باری دێموکراسی‌یەوە لە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان نزیکترین، بەڵام لە درێژخایەندا و لە باری ستراتیژیکەوە لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی نزیکترین. چونکە کافی‌یە لە

ولاتانەدا گۆڕانی ئەوتۆ وەك لە ساڵی ١٩٦٨ لە چێکۆسلوواکی‌دا هاتە دی، پێك بێ کە سۆسیالیزم هەر لە جێگای خۆی بوو، زەرەبە لە پێوەندی‌یەکانی سۆسیالیستی نەدرابوو، بەڵکوو ئەم پێوەندی‌یانە قایمتریش ببوون، بەڵام دێموکراسی پەرەی گرتبووو ئیمکانی جێگربوونی سۆسیالیزمی دێموکراتی پێك هاتبوو، بۆیە لە دواڕۆژدا گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕێگا خۆش دەکا بۆ ئەوە لەگەڵ ئەم ولاتانە ئامانجمان ببێتە یەك‌و بگەینە یەك. بەتایبەتی کە ئەم چەشنە گۆڕانە لە سۆسیالیزمی مەوجووددا پێویستی بە شۆڕش نیە، پێویستی بە گۆڕانی پێوەندی‌یەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی نیە.

بە جێیە بە مەسەلەیەکی دیکەش ئیشارە بکرێ کە بێگومان لە دابینکردنی دێموکراسی لە ولاتەکانی سۆسیالیستی‌دا تەئسیرێکی زۆری دەبێ. ئەویش مەسەلەی پەرە ئەستاندنی تیکنۆلۆژیی پێشکەوتوویە. لە نێو هێزەکانی بەرهەمهێنان‌دا کە بریتی‌یە لە ئامرازی بەرهەمهێنان‌و ئادەمیزادو تاقیکردنەوەی، ئامرازی بەرهەمهێنان لە هەمووان خێراتر دەچێتە پێش، لە هەمووان شۆڕشگێڕترە. نیزامە ئابووری‌یەکانی مێژوویی لە رووی بە کارهێنانی ئامرازیانەوە وردترو باشتر دەناسرێن. واتە ئەوە بۆ نیشاندانی رادەی نیزام گرنك نیە کە چی بەرهەم دێنێ، بەڵکو چۆن بەرهەم دێنێ. ئاردی گەنم هەر ئەو ئاردەیە کە سەدان‌و رەنگە هەزاران ساڵە ئادەمیزاد نانی لێ دروست دەکا. بەڵام ئەگەر ئەو ئاردە بەرهەمی دەستاڕی دەستی بێ نیشانەی نیزامێکەو ئەگەر بەرهەمی ئاشی کارەبایی (بەرقی) بێ، نیشانەی نیزامێکی دیکەیە. تێکنۆلۆژی کە بەشی ئەساسیی ئامرازی بەهەمهێنانە، هەرگیز لە مێژووی ئادەمیزاددا بە خێرایی چەند دەساڵی دوایی نەچۆتە پێش. ولاتەکانی سۆسیالیستیش لەو پێشکەوتنەدا بەشدارن. لەوانیش‌دا تێکنۆلۆژی بە خێرایی بەرەوپێش دەڕوا کە ئاکامی پێکهێنانی گۆڕان لە گشت هێزەکانی بەرهەمهێنان دایە کە ئادەمیزادو تاقیکردنەوەشی دەگرێتەوە کە خۆی ئەم گۆڕانە لە ڕێگای پێوەندی‌یەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی سەرخان یان رووبەنا. ئاکامی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی ئاخرەکەی ئۆتوماتیکی‌کردنی بەرهەمهێنانە. ئێستا لە ئەمریکاو لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌و لە هێندێ لە ولاتەکانی سەرمایەداری وەك فەرانسە، ژاپۆن‌و ئاڵمانی رۆژئاوا ئۆتوماتیزەکردن خێرا بەرەوپێش دەڕوا. مەسەلەن کارخانەیەك کە بیست ساڵ لەمەوبەر پێنج هەزار کرێکاری هەبوو، ئێستا پەنجا نەفەر

ئیدارەی دەکا کە هیچیان کرێکاری سادە نین، بەڵکوو هەموویان پسپۆڕو موهەندیسن. ئێستا ئیدی لە ئەمریکا کارخانەی ئۆتوماتیکی وا هەیە کە کارخانەی ئۆتوماتیکی بەرهەم دێنێ. کەڵك وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی زانست، پەرە ئەستاندنی بێوێنەی هەڵسووڕاندنی کاروبار بە کامپیوتێر لە هەموو بەشەکانی ژیاندا، شۆڕشێکی تێکنۆلۆژیی لە بەرهەمهێناندا پێك هێناوە کە لە مێژووی رابردووی کۆمەڵی ئادەمیزاددا وێنەی نیە. ئەوە کە لە جێگای ٥ هەزار نەفەر ٥٠ نەفەر کار دەکا، بەرە بەرە تەرکیبی چینی کرێکار دەگۆڕێ. یەکەم، هەروەها کە گوترا ئەم کرێکارانە کە بە کامپیوتێر کارخانەیەکی ئۆتوماتیکی بەڕێوە دەبەن، ئیدی کرێکاری جاران نین، بەڵکوو پسپۆڕو موهەندیسن. کەیفییەتییان گۆڕاوە. لە باری چەندی واتە کەمییەتیشەوە ئەوە گۆڕانێکی گەورەیە کە ٥٠ نەفەر کاری ٥ هەزار نەفەر دەکا. ئەگەر یەکێك لە هۆیەکانی شۆڕشگێربوونی چینی کرێکار ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە کارخانە، واتە لە یەك جێگا کۆ بوونەوە، ئێستا ئەم هۆیە بەرە بەرە لە نێو دەچێ. جا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: ئایا کرێکارێکی پسپۆڕ یا موهەندیسێك کە لە کارخانەیەکی ئۆتوماتیکیدا کاری بە کامپیوتێرەو وەزعی ژیانیشی باشە، هەر ئەو کرێکارەیە کە تفەنگی هەڵگرتو لەساڵی ١٩١٧دا هێرشی بردە سەر کۆشکی زستانی لە پترۆگراد؟ ئایا چاوەڕوان دەکرێ سەعات سازەکانی سویس ڕاپەڕینی چەکدارانە بکەن؟ دیارە پرۆسەی ئۆتوماتیزەکردن لە یەکیەتیی سۆڤیەتیو وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا بە قەد ئەمریکا خێرا ناچێتە پێش. بەڵام لەوێش بەرە بەرە تەرکیبی چینی کرێکار دەگۆڕێو تێکنۆلۆژیی تازە کرێکاری ئەوتۆ لە وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا پەروەردە دەکا کە شێوەی فکرکردنەوەی لەگەڵ کرێکاری زەمانی شۆڕشی ئوکتۆبر فەرقێکی زۆری هەیە. لێرەشدا تێکنۆلۆژی کە شۆڕشگێڕترین بەشی ئامرازی بەرهەمهێنانە، دەبێتە هۆی گۆڕانی هەموو هێزەکانی بەرهەمهێنانو سەرخانی کۆمەڵیش. بۆیە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی جەوهەری لێك نزیكبوونەوەی ئابووریی سەرمایەداریو سۆسیالیستیی تێدایە. بۆیەش لە تیئۆریی ئابووریدا ئێستاش زۆر جار باسی "کۆنۆێرژانس" (همگرایی) دەکرێ کە دەتوانین بە کوردی پێی بڵێین بەرەو یەکتر ڕۆیشتن. ئێمە تیئۆری کۆنۆێرژانس بە موتڵەقی قبووڵ ناکەین. ئەو کۆمەڵەی کە لە دوارۆژدا پێك دێ لەباری تێکنۆلۆژییەوە نەتیجەی

پێشکەوتنی سۆسیالیزمو سەرمایەدارییەو ئەگەر واقیعبین بین، زیاتر هی سەرمایەدارییە تا سۆسیالیزم. بەلاّم پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەلّە دەبێ سۆسیالیستی بن، چونکە خودی تێکنۆلۆژی کۆمەل بەرەو ئەوە دەبا. ناکرێ کارخانەکان ببن بە ئۆتوماتیکی، بە کامپیوّتێر کاریان تێدا بکرێ، بەلاّم هەر لەو کاتەشدا چەوساندنەوە بمێنێتەوە. کەوابوو ئێمە دەست لە تیئۆریی کۆنۆێرژانسی وەر دەدەین، یانی ئەوەندەی لێ زیاد دەکەین کە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو بەرەو یەکتر رۆیشتنیشدا دەبنە پێوەندیی سۆسیالیستی. پێوەندییەکانی سۆسیالیستیو سیستمی بوروکراتیکی سۆسیالیزمی مەوجوود یەك نین، ئەم سیستمە کۆسپێکە لە سەر پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، لە کاتێکدا پێوەندییەکانی سۆسیالیستی رێگا بۆ تێکنۆلۆژی خۆش دەکەن. هۆی پاشکەوتنی تێکنۆلۆژی لە سەنعەتو کشتوکالّی سۆڤیەتیدا پێوەندییەکانی سۆسیالیستی نین، بەلکوو ئەو سیستمە بوروکراتیكو غەیرە دێموکراتییەیە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا زالّە. تەنیا لێکۆلّینەوە لە سەر ولاّتانی سۆسیالیستی کافی نیە، دەبێ لە کۆمەلّی ولاّتێکی وەك ئەمریکاش کە پێشکەوتووترین ولاّتی سەرمایەدارییە، بکۆلّینەوە.

ئەگەر بە پێی تیئۆریی کلاسیك کۆمەلّ بەرەوپێش چووبا، دەبوو لە مێژیا شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەمریکا سەرکەوتبا. چینی کرێکاری بەهێزو رێکخراو لە سەندیکاکاندا هەیە، بەلاّم داخوازەکانی چینی کرێکار لە چوارچێوەی رێژیمی سەرمایەداری دەرناچن. دەکرێ بلّێین کە سەندیکاکان ریفورمیستن، شۆڕشگێڕ نین. بەلاّم بۆچی سالّەهای سالّە نەبوون بە شۆڕشگێڕو بۆچی ئەو تاقمە چکۆلاّنە کە بەرنامەی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، هەروا چکۆلّە ماونەتەوە؟ ئایا هۆی ئەم وەزعە ئەوە نیە کە سەرمایەداری نیشان دەدا کە هێشتا زەخیرەی هەیەو دەتوانێ بژیو پەرە پستێنێو سەرەمەرگی دوورەو چینی کرێکاریش بەگشتی لە چوارچێوەی رێژیمی سەرمایەداریی ئەمریکادا هەست بە رەزامەندی دەکا؟ بەمجۆرە دەر دەکەوێ کە تەتبیقی تیئۆریی وشكو دوگم بەسەر کۆمەلّی سەرمایەداریی ئەمرۆدا، تیئۆرییەك کە لە سەر سەرمایەداریی ١٥٠ سالّ یا تەنانەت ٧٠ سال لەمەوبەر گوتراوە، هەلّەیەو کۆمەلّی سەرمایەداریی ئێستا پێداویستیی بە لێکۆلّینەوەی تازە هەیە. بە کورتی دەردەکەوێ کە لە بەر هێندێ هۆو بە تایبەتی دەستتێوەردانی دەولّەت لە

ئابووریی ولاتدا، بوحرانی ئابووریی وەك هی سالەکانی ١٩٣٣ ـ ١٩٢٩ ئێستا لە ولاتی سەرمایەداریدا بەرچاو ناکەوێ. لە زۆربەی ولاتەکانی سەرمایەداریدا دەولەت ئەوەندە دەخالەت لە ئابووریدا دەکاو ئەوەندە تێدەکۆشێ پەرەئەستاندنی ئابووری ڕێکوپێك‌و مەوزوون بکا کە لەگەل ئەوەی ئەم پەرەئەستاندنە زیگزاگی زۆرە؛ گیروگرفتی هەیە بەلام سەرمایەداری توانیویەتی هەتا ئێستا خۆی لە بوحرانی ئابووریی گەورە بپارێزێ‌و ئەم گیروگرفتانە بێ تەقینەوەی کۆمەلایەتی چارەسەر بکا هەرچەند ئە[illegible]ی‌یەکی حاشا لێ نەکراوە کە زۆر جار سەرمایەداری ئە گیروگرفتانەی بە زیانی زەحمەتکێشان‌و لە سەر حیسابی زەحمەتکێشان چارەسە کردوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر باسی لە سەر دەکرێ مەسەلەی ئولگوو یا نموونەیە لەم مەسەلەیەشدا ئێمە دەبێ بۆچوونێکی خەلاقمان هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە زۆ پێویستە بە بێ بەرچاوتەنگی لە هەموو تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی شۆڕش سۆسیالیستی یا دروستکردنی سۆسیالیزم لە ولاتەکانی دیکەدا کەلك وەرگرین‌و لە بارەشەوە تەعەسوبمان نەبێ. کەواتە ئەگەر ئێمە لە تاقیکردنەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی، چین، یوگۆسلاڤی، ویتنام‌و زۆر ولاتی دیکە دەرس وەرگرین، کارێکی باش دەکەین. هەربۆیەش ناسینی هەموو ئەو ولاتانە کە سۆسیالیزمیان دروست کردو زۆر پێویستە. لەم تاقیکردنەوە کەلك وەرگرتن، دوو باری هەیە: یەکەم ئەوەیە ئە کارانە بکەین کە لەو ولاتانەدا سەرکەوتوو بوون. دووهەم ئەوەیە ئەو کارانە نەکەی کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون‌و زیانیان هەبووە. بەلام گرنگ ئەوەیە هیچ کام لە ولاتانە کە ئێمە بە سۆسیالیستیان دەزانین، بە ئولگوو دانەنێین. چ یەکیەتی سۆڤیەتی بێ‌و چ چین‌و یوگۆسلاڤی‌و ویتنام بێ یا هەر ولاتێکی دیکە بێ ک لەمەودوا بەرەو سۆسیالیزم دەڕوا. پێویستە ئوسوولەن خۆمان لە ئولگووساز بپارێزین. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە ولاتەکانی ئوورووپای ڕۆژهەلات دەستی کرد بە دروستکردنی سۆسیالیزم، یەکێك لە شوعارەکانی هەرە گرنگی تەواوی ئ ولاتانە کە لە جێگای هەرە بەرچاو دەنووسرا، ئەوە بوو: "یەکیەتیی سۆڤیەتی ئێمە نموونەیە". لە باری نەخشەکێشان‌و بەرنامە داڕشتنەوە یەکیەتیی سۆڤیە تەجروبەیەکی زۆری دەست کەوتبوو و بەڕاستی پێویست بوو کە کەلکی ل

وەربگیرێ. بەلاّم هەر لەو کاتەدا یەکیەتیی سۆڤیەتی لە بەر هەلومەرجی تایبەتیی خۆی هاتبوو هەموو نەوعە سەنعەتێکی قورسی دامەزراندبوو. ولاتێک کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی دووسەد میلیۆن بوو، سەرچاوەی ژێر زەوی وەك نەوت و خەلووزی بەردی هەبوو، دیارە لە وزەیدا بوو کە بناخەی هەموو ئەو سەنعەتە قورسانە دابنێ. بەلاّم ئایا ئەم کارە بۆ مەجارستانێکی ۹ میلیۆنیش دروست بوو کە نە سەرچاوەی ژێر زەویی هەبوو و نە ئیمکانی ماددیو بەشەری؟ بە داخەوە لە رووی ئولگووسازی‌یەوە ئەم کارە کراو مەجارستان دوو سێ پرۆژەی ئەوتۆی بنیات پێ کرد کە زۆربەی زۆری سەرچاوە ماددیو بەشەری‌یەکەی قووت داو بەرهەمی کەرەستەی مەسرەفی هاتە خواریو لە نەتیجەدا وەزعی ئابووریی ولاتەکە تێك چوو کە ئەمە لە سالّی ١٩٥٦دا یەکێك لە هۆیەکانی تێکچوونی وەزعی مەجارستان بوو کە ئاکامی زۆر ناخۆشو خوێناویی هەبوو. تەنانەت ئەگەر چینیش کە ولاتێکی گەورەیە یەکیەتیی سۆڤیەتی بکا بە ئولگوو، هەر سەرکەوتوو نابێ. لە کاتێکدا کە چین بە میلیارد دانیشتووی هەیە، کەلّك وەرگرتن لە هێزی بەشەری لەوێدا جێگایەکی تایبەتیی هەیە. یەکیەتیی سۆڤیەتی ولاتێکی پانوبەرینە، سیبری هەیە کە دانیشتووی زۆر کەمە. ئەگەر چین لە پێشخستنی ئابووریی خۆیدا بایەخ دەدا بە هێزی بەشەری، یەکیەتیی سۆڤیەتی دەبێ زیاتر بایەخ بە تێکنۆلۆژی بدا. باسی فەرانسە زۆر دەکرێ، چونکە لە "کورتەباس"دا ئیشارەی پێ کراوە. کەس نەیگوتوە ئێمە فەرانسە بە ئولگوو دابنێین، لە هیچ بارێکەوە فەرانسە وەك ولاتی ئێمە ناچێ. فەرانسە ولاتێکی پێشکەوتووی سەنعەتی‌یە، سوننەتێکی مێژوویی دێموکراتیی هەیە، نزیك بە ٢٠٠ سالّ لەمەوبەر شۆڕشی تێدا کراوە. ئێمە گوتمان ئەگەر سۆسیالیزم لە فەرانسەدا سەرکەوت، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی باش لە باری تەتبیقی دێموکراسی‌یەوە. تەنیا لەم بارەوە دەتوانین لە فەرانسە دەرس وەرگرین، دەنا فەرانسەش وەك ولاتانی دیکە بۆ ئێمە نابێتە ئولگوو، بۆیە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتیی هەر ولاتێكو رەدکردنەوەی هەموو ئولگوویەك لە دروستکردنی بناخەی کۆمەلّی سۆسیالیستی‌دا زۆر گرنگە.

لە سەر شۆڕشی ئوکتۆبریش زۆر قسە دەکرێ. لێرەدا نامانەوێ باسی مێژووی شۆڕشی ئوکتۆبر بکەین، لەم بارەیەوە زۆر شت نووسراوەو دەکرێ کەلّکیان لێ

وەربگیرێ، بەڵام هێندێ شتی تایبەتی هەیە کە کەمتر لە کتێبەکانی تاریخدا نووسراون کە بەجێیە ئیشارەیان پێ بکرێ. یەکەم ئەوەیە کە شۆڕشی ئوکتۆبر هەروەها کە لە "کورتەباس"دا هاتوە، لە سەرەتادا شۆڕشێکی زۆر کەم خوێناوی بوو و خەسارەتی گیانیی یەکجار زۆر کەم بوو. لە هێرش بۆ سەر کۆشکی زستانیدا چەندسەد نەفەر زیاتر نەکوژران. ئەوە بارێکی تایبەتیی شۆڕشی ئوکتۆبرە کە زۆر کەس لە بیری دەچێ، لە حاڵێکدا لە چین تا شۆڕش سەرکەوت، چەند میلیون کەس قوربانی درا. لە ویتنام ٣٠ ساڵ شەڕ کراو شۆڕشەکە زۆر خوێناوی بوو. حیزبی بولشویك لە کۆنگرەی شەشەمی خۆی، واتە لە یەکەم کۆنگرەی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مانگی فێوریەو پێش شۆڕشی ئوکتۆبردا ١٧٥ هەزار ئەندامی هەبووە. ئەو وەختە یەکیەتیی سۆڤیەتی ١٤٠ میلیون دانیشتووی هەبوو. یانی حیزبی بولشویك لە نێوخۆی وڵاتدا حیزبێك بوو کە کەمایەتیی خەڵکی لەگەڵ بوو. با نەتیجەی هەڵبژاردنی مەجلیسی موئەسسان بخەینە بەرچاو. حیزبی بولشویك بۆ خۆی قەولی دابوو کە مەجلیسی موئەسسان پێك بێنێ. لە ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩١٧دا، یانی هەژدە رۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر کە حیزبی بولشویك دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستەوە گرت، هەڵبژاردنی مەجلیسی موئەسسان ساز بوو کە ٣٦ میلیون نەفەری تێدا بەشدار بوو. حیزبی بولشویك ٩ میلیون دەنگی هەبوو، یانی ٢٥٪ی هەموو دەنگەکان. بەڵام لەوە گرنگتر ئێس ئێرەکان (سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان) ٢٠ میلیون زیاتر دەنگیان هێنا، یانی ٦٨٪ی دەنگەکان. ئەوەش بارێکی تایبەتیی گرنگی شۆڕشی ئوکتۆبرە. ئەم شۆڕشە سەرکەوتبوو و حیزبی بولشویك دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو و حاکمییەتی بە دەستەوە بوو، بەڵام ئەکسەری خەڵکەکە بە تایبەت جووتیاران پشتیوانیان لە ئێس ئێرەکان دەکرد. بەرامبەر بەو حیزبی بولشویك زیاتر لە ٤٠٪ی دەنگی لە شارە کرێکارییەکان هێنابوو و لە نێو سەربازەکانیشدا نفووزی زۆر بوو تا ٦٠٪ی دەنگەکانی دەست کەوتبوو. بەڵام بەگشتی ئێس ئێرەکان لە دوو هێندی بولشویکەکان زیاتر دەنگیان هێنابوو.

مەسەلەیەکی زۆر موهیم لە پێش شۆڕشی ئوکتۆبردا مەسەلەی ئاشتی بوو. شەڕ وەزعێکی وای پێك هێنابوو کە بەڕاستی تێزاریزم هێزی خۆی لە دەست دابوو. سەربازانی ڕێژیمی تێزاری شەڕیان نەدەکردو لەوەش زیاتر لە ژێر تەئسیری تەبلیغاتی

بولشویکەکانو شۆڕشگێڕانی ئالمانیدا لەگەڵ سەربازانی ئالمانی پێکەوە دەبوون بە دۆست. وەزعێکی وا پێك هاتبوو کە تێزاریزم بەڕاستی قودرەتی کونترۆڵی بە سەر ئەرتەشدا لەدەست دابوو. پاش شۆڕشی فیوریەی ١٩١٧ ژمارەی ئەو سەربازانە کە نەیان دەویست شەڕ بکەنو لایەنگری ئاشتی بوون ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو. ئەم نۆ مانگە واتە لە فێوریەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر لە مێژووی ڕووسیەدا نەخشێکی زۆر گرنگی هەیە. لەم ماوەیەدا بوو کە بۆ یەکەمجار ڕووسیە دێموکراسیی بە خۆیەوە دی. سەرەڕۆیی تێزاری لە فێوریەی ساڵی ١٩١٧دا کۆتایی هات. بەڵام پاش شۆڕشی ئوکتۆبر ڕووسیە دیسان بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیی کە ئەمجارە دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بوو. مەسەلەی ئاشتی نەك هەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبردا، بەڵکوو لە پەرەئەستاندنی پاش شۆڕشی ڕووسیەشدا تەئسیرێکی زۆری هەبوو. شوعاری ئاشتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵكو بەتایبەتی سەربازاندا ئەوەندە نفووزی کردبوو کە لنین ناچار بوو پەیمانی ئاشتیی بریست لیتوفسکی پەسند بکا. ئەم پەیمانە شکستێکی نیزامی بەڵام سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ لنین بوو و ئیمکانی دەدا وڵاتی سۆڤیەتی بتوانێ دەسەڵاتی سۆسیالیستیی خۆی بپارێزێ. ناکۆکی لە نێوان لنینو تروتسکیدا لە سەر ئاشتی توندتر بوو. تروتسکی کە نوێنەری سۆڤیەتی لە برێست لیتوفسك بوو، ئامادە نەبوو پەیمانی ئاشتی ئیمزا بکا. چونکە تروتسکی لەو بڕوایەدا بوو کە سەرکەوتنی شۆڕش لە نێو یەك وڵاتدا کافی نیەو دەبێ ئەم شۆڕشە بەردەوام بێو هەر نەبێ لە چەند وڵاتی دیکەشدا سەرکەوێ. لنین لەو بڕوایەدا بوو کە دەکرێ لە یەك وڵاتدا سۆسیالیزم دروست بکرێ. تیئۆریی پەرەئەستاندنی نامەوزوونی سەرمایەداری مانای ئەوەیە کە هەموو وڵاتێك وەك یەك پەرە ناستێنێو لە هێندێ وڵاتدا ناتەبایی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆیە لە زەمانی ئیمپریالیزمدا ناکرێ لە وڵاتاندا پێکەوە شۆڕشی سۆسیالیستی سەرکەوێ. جارێ دەبێ ئەم شۆڕشە لە یەك وڵاتدا وەك ڕووسیە کە ناتەبایی تێدا لە هەموان توندترەو ئاڵقەی هەرە کزی ئیمپریالیزمە، سەرکەوێ. تروتسکی دەیگوت ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە شوێنێکی دیکە سەرنەکەوێ، لە ڕووسیەش ناتوانێ خۆی ڕابگرێو لە نێو دەچێ. ئەو تیئۆریە کە دەکرێ بە کوردی ناوی دابنێین، تیئۆریی شۆڕشی بەردەوام، مانای ئەوەیە کە شۆڕش دەبێ درێژەی هەبێو حاڵەتی هێرشی هەبێ، یارمەتی بدا بە

کرێکارانی ولاتـــەکانی دیکــە کــە بتوانــن شــۆڕش بکــەن. شۆڕشــی ئوکتۆبــر دەبــێ هاوپەیمانی هەبێ، دەنا ناتوانێ خۆی رابگرێ.

لە ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٠دا بەڕاســتی وەزعێکــی شۆڕشــگێرانە لــە ئۆرووپــا هــەبوو. لــە مەجارســتانو ئاڵمــان نیمکــانی ئــەوە هــەبوو کــە حیزبــە شۆڕشـــگێڕە کرێکارییەکان دەسەلاَت بەدەستەوە بگرن. لەو ساڵانەدا نەزەری تروتسکی زەمینـــەی زۆر بوو. بەڵاَم کە جووڵانەوەی کرێکاری لە ئۆرووپادا پاشەکشەی دەست پێ کرد، ئەو کاتە تیئۆریی لنین زیاتر جێگیر دەبێ. ئەجا ولاَتی سۆڤیەتی دوو رێگای لەبەرە، یــان ئەوە کە واز لە سۆسیالیزم لە رووسیە بێنێ یان ئەوە کە سۆسیالیزم لــە یــەك ولاَتدا جێگیر بکرێو ئەوە ببێ بە بناغەو بنکــە بــۆ سۆســیالیزمی جیــهانی. هــەر لــێرەدا گیروگرفتێکی یەکجار زۆر دەست پــێ دەکــا. ئــەوە کــە ناچــار واقعییــەتی رەق ئــەو تیئۆرییە دەسەپێنێ کە بەڕاستی تەجدیدی نەزەرێکە لە مارکســـیزمدا. بۆیــە ئەگــەر باسی تەجدیدنەزەرکردن لە مارکسیزمدا دێتە پێش، بێ جێ نیە ئەگەر بگوتــرێ لنــین یەکەم کەس بوو کە لە رووسیە هێندێ لە تیئۆرییەکانی مارکسی گۆڕی. بۆیە ئەگەر تیئۆرییەکی تازە لە مارکسیزمدا بێتە گۆڕێ، نابێ بە ناوی ریویزیونیســـم مــەحکووم بکرێو رەد بکرێتەوە، دەبێ بزانرێ ئەم تیئۆرییە چەند لەگەڵ واقعییەتی ولاَتێــك یــا چەند ولاَت رێك دەکەوێو ئایا ئەوە تیئۆرییەکی شۆڕشگێڕانەیە یــا پاشەکشــەیە لــە مارکسیزم.

مەسەلەیەکی دیکە کــە پــاش شۆڕشــی ئوکتۆبــر زۆر جێــی ســەرنجە، مەســەلەی جووتیارانە. ئاماری دەقیــق بــە دەســتەوە نیــە، بــەڵاَم وێ دەچــێ لــە ١٤٠ میلیــۆن دانیشـــتووانی رووســیەی ســـۆڤیەتی، ١٠٠ میلیونــی جووتیـــار بووبـــێ، هـــێزی هەرەئەساسیی کۆمەڵ جووتیاران بوون. راستە کــە لــە ئــاخری چــەرخی نــۆزدەدا لــە سێرواژ رزگار بوون، بەڵاَم زۆربەیان مووژیكو هەژارو نەخوێندەوارو پاشکەوتوو بوون. مەســـەلەی گرنــگ ئــەوە بــوو کــە زۆربــەی جووتیــاران خــاوەن زەوی نــەبوون. پــاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی دوو رێگــا هــەبوو یەکەم ئەوە کە زەوی میللی بکرێ، واتە وەك کارخانەکان کە میللــی کــرانو کەوتنــە ژێر مالکییــەتی گشتیی کرێکاران، زەویــش بێتــە ژێــر مالکییــەتی گشــتیی هــەمو جووتیاران. دووهەم ئەوە کە زەوی بە ســەر جووتیــارانی بــێ زەویدا دابــەش بکــرێ

هەموو جووتیارێك پارچەیەکی زەوی بدرێتێ. زۆر زوو دەرکەوت کە میللیکردن سەرناکەوێ. ئیمکاناتی ماددی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە نەبوو و لەو کاتەدا دەوڵەتی سۆڤیەتی ئیمکانی ئەوەی نەبوو ئامرازو کەرەستەی پێویستی کشتوکاڵی بدا بە جووتیاران. مووژیکیش لەباری تێگەیشتنو ئاگایی سیاسییەوە بە هیچ جۆرێك بۆ ئیدارەکردنی زەویی میللیکراو حازر نەکرابوو. بۆیە حیزبی بولشویك وازی لە شوعاری میللیکردنی زەوی هێناو ئەسڵی دابەشکردنی زەویی بە سەر جووتیاراندا پەسند کرد کە شوعاری ئێس ئێرەکان بوو. لنین لەو بڕوایەدا بوو کە لە پێشدا زەوی دابەش بکرێو پاشان جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوە لە کوئۆپێراتیوەکان (شیرکەتە تەعاونییەکان)دا کۆببنەوە. بۆ ئەوە ئامادە کردنی زەمینەی ئابووریو کۆمەڵایەتی پێویست بوو.

دیارە پێشتر لە مارکسیزمدا مەسەلەی مالکییەتی زەویی جووتیاران بەو شێوەیە کە دەبێ دابەش بکرێ، نەهاتۆتە گۆڕێ. ئەوەندە گوتراوە کە دەبێ وەزعێکی ئابووریی ئەوتۆ پێك بێ کە جووتیاران دڵخوازانە لە بنکەی ئابووریی گەورەتردا کۆببنەوە. خۆی شوعاری سیاسیی یەکیەتیی کرێکارانو جووتیارانیش تا پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی کرێکاری لە رووسیە لە مارکسیزمدا بەرچاو ناکەوێ. ئەم شوعارە لە لایەن لنینەوە بەرز کراوەتەوە. هەروەها کە شوعاری یەکیەتیی کرێکارانی جیهانیو گەلانی زۆرلێکراو پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هی مائۆتسەتۆنگە، هیچ کام لەو شوعارانە زەمانی مارکس نەبوون. ئەو کاتە شوعاری "پرۆلتێرەکانی جیهان یەك بگرن" تەنیا شوعار بوو. کەڵخۆزیکردنی کشتوکاڵ پاش مردنی لنین لە ساڵەکانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٣ هاتۆتە دی. دیارە پێکهێنانی کەڵخۆزەکان بە پێچەوانەی نەزەری لنین بە زۆر جێبەجێ کرا. بە داخەوە لە پشت ئەو کەلیمەی "زۆر"ەدا میلیونەها کوشتە هەیە، ٥ میلیون نەفەر تەبعیدی هەیە. دەیان میلیون مەڕو ماڵاتو حەیوان لە نێو چووە کە دەیانویست جووتیاران بە زۆر بکەنە کەڵخۆزیو ئەوانیش پێیان خۆش نەبوو. دیارە لە باتی ئەوە جووتیاران، حەیوانو مەڕو ماڵاتی خۆیان بەرنە نێو کەڵخۆزەکان دەیانکوشتنەوەو گۆشتەکەیان مەسرەف دەکرد. ئاکامی ئەوە بوو کە پاش ساڵەهای ساڵ واتە تا شەڕی دووهەمی جیهانییش ژمارەی مانگاو بەرازو مەڕ تەنانەت باڵندەی خۆماڵی وەك پێش ساڵەکانی ١٩٢٨ی لێ نەهاتەوە.

چونکه وڵاتی سۆڤیەتی لە پاشان شەڕی دووهەمی جیهانی بەسەردا هاتو ئـابووریی سۆڤیەتیو بەتایبەتی کشتوکاڵ زەربەیـەکی دیکـەی وێ کـەوت. دەکـرێ بڵێـین کـە هێشـتاش کشـتوکاڵی سـۆڤیەتی لـە ئاکـامی نالـەباری کـەڵخۆزیکردنی بـەزۆریی ساڵەکانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٣ خۆی رزگار نەکردوە. بـە رێکـەوت نیـە کـە یەکیـەتیی سۆڤیەتی هەموو ساڵێ دەیان میلیون تـۆن گـەنم لـە وڵاتـەکانی سـەرمایەداری، بـە تایبەتی لە ئەمریکا دەکڕێ. لە حاڵێکدا وەختێك هەبوو کـە ئۆکرایـن بـە ئـەمباری گەنمی دنیا ناوبانگی دەرکردبوو. مەبەست ئەوەیە کـە لەگـەڵ قانوونمـەندیی ئـابووری گاڵتە ناکرێو ناشکرێ بە سەر قۆناخێکی پێویستی کۆمەڵایەتیدا باز بدرێو یـا بـێ ئامادەبوونی هەلومەرجی ئـابووری گیروگرفتـەکان بـە زۆرو بـە شـێوەیەکی ئیـداری چارەسەر بکرێن.

چارەنووسی دێموکراسیی نێوخۆی حـیزبیش جێـی سـەرنجە. ئـەو مەسـەلەیە لـە "کورتەباس"یشدا هاتوە. لە پاش شۆڕشی ئوکتۆبر لـە سـاڵی ١٩١٧ەوە تـا سـاڵی ١٩٢٤ کە لنین وەفاتی کرد، حیزبی بولشویك ٧ کۆنگرەی پێك هێناوە. قسە لە سـەر زۆربوونی ژمارەی کۆنگرەکان نیە، بەڵام ئەمە خۆی نموونەیەکە لە بوونی دێموکراسـی لە زەمانی لنینداو لە نێوچوونی دێموکراسی پاش لنین، چونکە فاسیلە لە نێو کۆنگرەی هەژدەو نۆزدە لە زەمانی ستالیندا ١٣ ساڵ بوو. ئەوە سەردەمێکە کـە دیکتـاتۆریی پرۆلێتاریا یا دروستتر بڵێین دیکتاتوریی ستالینی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا بەتەواوی دامەزراوە. "کروپسکایا" ژنی لنین کە هاوسەنگەریشی بوو، بە سەراحەت دەڵـێ کـە لنین لە ئاخرین رۆژەکانی پاش ساڵی ١٩٢٢دا (کـە ئیـدی نـەخۆش کـەوتبوو و ئـەو وەسیەتنامەیەشی نووسی کە بەشێکی لە "کورتەباس"دا هاتوە) نەزەری ئـەوە بـوو کە هەرچۆنێك بێ ستالین لـە مـەقامی سـکرتێری گشـتی لابـەرن، دەنـا یەکیـەتیی سۆڤیەتی تووشی وەزعێکی زۆر نالـەبار دەبـێ. بـەڵام کـە لنـین مـرد ئیـدی کـەس نەیتوانی ئەو کارە بکاو ستالین مایەوەو لە جێگای خۆیدا سەقامگیر بوو. لـە سـەر کردەوەکانی ستالین زۆر شت گوتراوە، بەڵام با ئیشارە بە یـەك نموونـە بکـەین. ئـاخر کۆنگرەی حیزبی بولشویك پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر کۆنگرەی شەشـەم بـوو کە لە مانگی ئووتی ١٩١٧ پێك هات. هەرچی ئەندامی خەباتگێڕی پێـش کۆنگـرە هەبوون، هەرچی کادری لە خۆبردوو هەبوون، لەم کۆنگرەیەدا ئامادە بوون. بەشدارانی

کۆنگرە نوێنەری ئەندامانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر بوون. لەم کۆنگرەیەدا ٢١ ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێران لەگەڵ ٨ جێگر. لە ٢١ ئەندامی کومیتەی ناوەندی شەش کەسیان تا ساڵەکانی ١٩٣٣ ـ ١٩٣٦ کۆچی دواییان کرد کە یەکێکیان لنین بوو. لە ١٥ کەسی باقی، تروتسکی بۆ دەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتی رای کرد کە لە پاشان لە مکزیك بە دەستووری ستالین کوژرا. ١٤ کەس دەمێننەوە کە یەکێکیان خودی ستالین بوو. ١٣ کەس لە ئەندامانی ئەو کومیتە ناوەندییە کە زیندوو مابوون، هەموویان بێ ئیستسنا لە ماوەی بەینی ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٦دا لە تەرەف ستالینەوە بە خەیانەتو جاسووسی بۆ بێگانە تاوانبار کرانو گیرانو ئیعدام کران. لە نێو ئەو ١٣ نەفەرەدا ناوی بوخارین، رینوییف، کامینیف بەرچاو دەکەوێ کە لە بەڕێوەبەرانی بەناوبانگی حیزبی بولشویك بوون.

بەجۆرە دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا وەك تئیورییەك زۆر بەکاری ستالین هاتوە. هێناویەتی ئەو دیکتاتۆریەی کردوە بە دیکتاتۆری حیزب، واتە دیکتاتۆری ئاپاراتی حیزبی، یانی ئەوانە کە حێرفەیینو دەزگای حیزبەکە هەڵدەسووڕێنن. لە پاشانیش کردوویەتی بە دیکتاتۆریی شەخسی خۆی. وەختێك شۆڕشی ئوکتۆبر سەرکەوت لنین دەزگایەکی پێکهێنا وەك سازمانی ئەمنییەت بۆ خەباتکردن لەگەڵ دژی شۆڕش، لەگەڵ خراپکارانو دوژمنانی یەکیەتیی سۆڤیەتی کە لە دەرەوەڕا بۆ نفووزکردن لە نێو دەزگای سۆڤیەتیدا دەنێردران. لە سەرتادا ناوی "چیکا" و مەسئولەکەشی "جیرژنسکی" بوو. چیکا بە مانای کومیسیۆنی "فوق‌العاده"یە. خۆی ناوەکەشی دەگەیەنێ کە شتێکی وا پڕ لە مەترسی نەبوە. ستالین پاش وەفاتی جیرژنیسکی، هەم کەسێکی لە سەر ئەو چیکایە دانا کە دەستووری خۆی بێو هەم ناوەکەشی گۆڕیو کردی بە "گ.پ.ئۆ"، واتە ئیدارە گشتیی سیاسی. لە کاتێکدا چیکا دژی دوژمنانی شۆڕشو خراپکاران تێدەکۆشا، گ. پ. ئۆ لە ژێر بەڕێوەبەریی ستالیندا بەرە بەرە دەست دەکا بە پەروەندەسازیو چەندین پەروەندە بۆ چەندین دەستە لە ئەندامانو بەڕێوەبەرانی حیزبی ساز دەکا. لە پاشان گ. پ. ئۆیش دەبێتە ئین. کا. وی. دی. واتە کومیتەی کاروباری نێوخۆ کە ئەویش لە ئاخرەکەیدا دەبێتە کا. گ. پ کە مانای کومیتەی دەوڵەتیی ئەمنییەتییە کە ئێستاش هەر هەیە. بەکارهێنانی ئەو سازمانە دژی ئەندامانو بەڕێوەبەرانی حیزبی بولشویك، یەکێك لە ئیبتکارەکانی

ستالین بوو. ئەم سازمانە ئامرازی هەرە ئەسڵی، وەسیلەی هەرە ئەسڵیی بەکارهێنانی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بوو. لە پێش هەمواندا دژی ئەندامانو بە تایبەتی بەڕێوەبەرانی حیزب کە موخالیفی ستالین بوون، بەکار هاتوە.

لە کاتێکدا کە چی‌کا لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبر پێك هاتو ئەرکی پاراستنی شۆڕشو خەبات کردن دژی دوژمنانی شۆڕش بوو نە دژی ئەندامانی حیزبو لایەنگرانی شۆڕش. ئێستاش بەختەوەرانە نەخشی کا. گ. پ زیاتر خەبات کردن دژی دوژمنانی یەکیەتیی سۆڤیەتی‌یە نە ئەندامانی حیزبو بەڕێوەبەرانی حیزب. ئەو راستی‌یەش دەبێ بگوترێ کە هەرچەند وەك لە "کورتەباس"دا هاتوە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دێموکراسیی سیاسی زۆر مەحدوودە، بەلاّم تاوانبارکردنو کوشتنی خەڵکیش وەك زەمانی ستالین نەماوە.

پاشان ستالین ئوسوولی لنینیزمی دانا. ستالین لە ئوسوولی لنینیزم‌دا بەڕاستی لنینیزمی زۆر سادە کردۆتەوە، کردوویەتی بە سیستمێکی زۆر مەفهووم. هەرکەس بیخوێنێتەوە زوو لێی حاڵی دەبێ، چونکە ئوسوولی لنینیزم وەك کتێبی دەرسی دانراوە. بۆ ستالین، لنینیزم، مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزمو سەردەمی شۆڕشی پرۆلێتاریایە. دیارە ئەوە خۆی لادانە لە مارکسیزم، چونکە ستالین هێناویەتی لنینیزمی لە جێگای مارکسیزم داناوە. لە حاڵێکدا لنینیزم باری تایبەتی خۆی هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر خاسیەتە تایبەتی‌یەکانی رووسیە. لنینیزم ئوسوولی گشتیی مارکسیزم نیە کە لە هەموو جێگا بتوانرێ تەتبیق بکرێ. ئێستا زۆر لە حیزبەکانی کومۆنیستی رۆژئاوا وەك حیزبی کومۆنیستی ئیتالیا بە رەسمی رایانگەیاندوە کە لنینیزمیان قبووڵ نیە. هەروەها زۆر حیزبی کومۆنیستی دیکەی رۆژئاواش ئیدی بە خۆیان ناڵێن مارکسیست ـ لنینیست. ئەوان تەنیا پێڕەوی لە مارکسیزم دەکەن نەك لە مارکسیزم ـ لنینیزم. مانای ئەوەیە کە شۆڕشی ئوکتۆبر تاقیکردنەوەی زۆر بەنرخی هەیە بەلاّم ئولگوو نیە. لە هەموو ولاّتێکدا ئوسوولی لنینیزمی ستالینی تەتبیق ناکرێ، واتە مارکسیزمی دەورانی ئیمپریالیزم هەر مارکسیزمە نە لنینیزم. هەروەها کە ئەندێشەی مائۆتسەتۆنگیش نەی‌توانی نە جێگای مارکسیزمو نە جێگای لنینیزم بگرێتەوە. چونکە زیاتر پێوەندیی بە شۆڕشی چینەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی زۆر بە نرخی هەیە، بەلاّم ناکرێ بیانکەی بە ئولگوو بۆ ولاّتی دیکە. تەئکیدی ستالین

لە سەر دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو بە ئولگوو دانانی بۆ هەموو ولاتەکانی دیکەش هەر لەو بۆچوونە نادروستەرا سەرچاوە دەگریّ. هیّندیّ باری وەزعی تایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتییش لەم بارەیەوە ریّگا بۆ ستالین خۆش دەکا. یەکیەتیی سۆڤیەتی گەمارۆ دراوە، وەزعی ئابووریی خراپە. شەڕی نیّوخۆو بەرهەلّستی دژی شۆڕش حیزبی بولشویکی ناچار کردوە بەرەو توندوتیژتر بوونو سەرەڕۆیی بڕواو ئەوە خۆی هەلکەوتیّکە بۆ ستالین بۆ بەهیّزترکردنی دیکتاتۆریی ئاپاراتی حیزبیو لە پیّش هەمووانیدا، شەخسی خۆی. دیارە راگرتنی ئاپاراتیّکی وەفادار نیازی بە دانی ئیمتیاز بە هەموو ئەوانە هەیە کە لە دەزگای بەڕیّوەبەریی حیزبدا کار دەکەن. لیّرەدایە کە "نومەنکلاتوورا" پەیدا دەبیّ. کومیتەی ناوەندی لیستیّکی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی هەیە بە پیّی ئەو لیستە ئیمتیازیان دەدادتیّ. لە نومەنکلاتوورادا دیاریکراوە کە لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی یا کومیتەی ناوەندییەوە بگرە تا خواریّ، هەرکەس چ ئیمتیازیّکی هەیە. بەرە بەرە بەڕیّوەبەرانی حیزب وایان لیّ دیّ کە هەلومەرجی ژیانیان لەگەلّ کۆمەلانی خەلّك زۆر فەرق دەکا. ناتوانین بلّیین ئەوە چینیّکی تایبەتییە، یا ئەوەی کە دوژمنانی سۆسیالیزم دەلّیّن، چینیّکی چەوسیّنەرە وەك لە ریّژیمی سەرمایەداریدا بەرچاو دەکەویّ، بەلاّم بەراستی تویّژیّکە کە ئیمتیازاتیّکی تایبەتی زۆری هەیەو جیاوازیی هەیە لەگەلّ خەلّکی ئاسایی.

سیاسەتی دەرەوەی ستالین کە پاش مردنی ئەویش هەروا بەردەوام بوو و بەتایبەتی هەلّویّستی بەرامبەر بە ولاّتەکانی سۆسیالیستی جیّگای سەرنجە. بە پیّی ئەو بەلّگەیە کە ماوە، ئەگەر "دیمیتروف" زیاتر ژیابا، یەکیەتیی سۆڤیەتی لەگەلّ بولغارستانیش تیّك دەچوو. بەلاّم راستی ئەوەیە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی لە سالّی ١٩٤٨دا لەگەلّ یوگۆسلاڤی، لە سالّی ١٩٥٦دا لەگەلّ پولونیاو مەجارستان، لە سالّی ١٩٥٩دا لەگەلّ ئالبانی، لە سالّی ١٩٦٠دا لەگەلّ چینو لە سالّی ١٩٦٨دا لەگەلّ چیکۆسلوواکی تیّك چوو. لە سالّەکانی حەفتاوە تا ئیّستا لەگەلّ رومانییش ناکۆکی هەر بەردەوامە. ئەم وەزعە بۆ خۆی نیشانەی ئەو راستییەیە کە لە یوگۆسلاڤیو ئالبانیو چین کە پاش خەباتیّکی شۆڕشگیّرانە، خۆیان زرگار کردو نەچوونە ژیّر باری سیاسەتی سۆڤیەتی، لە ولاّتانی دیکەدا لەشکری سۆڤیەتی جیّگیر بووەو وا دیّتە بەرچاو کە ئەگەر لەشکری سۆڤیەتی نەبیّ سۆسیالیزم لە مەترسی

دەکەوێ. لە کاتێکدا یەکەم دەبێ ولاتانی سۆسیالیستی رابیتەیان پێوەندی برایانەو دۆستانەو بەرابەر بێ هەموویان وەك یەك بن‌و بە پێوەندی‌یەکانیاندا پۆلی سانترالیزم، واتە چەند ناوەندی حاکم بێ نە مونۆ سانترالیزم واتە تاقە ناوەندێك بە سەر هەموو ئەوانی دیکەدا زاڵ بێ. دووهەم سۆسیالیزم، هەروەها کە پێشتریش گوترا، بە بوونی لەشکری بێگانە ناپارێزرێ‌و گەلانی ئەو ولاتانە کە لەشکری سۆڤیەتییان تێدایە، هەست بە نەبوونی سەربەخۆیی یا مەحدوودبوونی سەربەخۆیی دەکەن. سێهەم ئەوەیە کە لە پێوەندی‌یەکانی ئابووریی‌شدا دەبێ وەك یەك بوون هەبێ‌و ئەم پێوەندییانە تەنیا بە قازانجی یەك لا نەبن. لەم بارەیەوە پێویستە کە بێجگە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی، پێوەندی‌یەکانی ولاتەکانی دیکەی سۆسیالیستی لە نێو خۆشیاندا بەهێز بکرێ‌و پێویست نەبێ ئەم پێوەندی‌یە هەر لە رێگەی یەکیەتیی سۆڤیەتی‌یەوە بێ. واتە پێویستە پێوەندی‌یەکان پۆلی سانترالیستی بن نە مونۆ سانترالیستی. رەنگە یەکێك لە کوسپەکانی پێش‌نەکەوتنی شوورای هاوکاریی ئابووری هەر ئەو مونۆ سانترالیزمەیە لە نێو ولاتانی سۆسیالیستی‌دا یانی یەك ناوەندی بوونە بێ. لە کاتێکدا لە ئۆرووپای رۆژئاوا بازاڕی موشتەرەك یەك ناوەندی نیە. دیارە ئەوە بازاڕێکی سەرمایەداری‌یە، بەلام یەك مەرکەزی نیە، نە ئەڵمان، نە فەرانسە، نە ئینگلستان‌و نە ئیتالیا هیچیان میحوەر نین، هەموویان بە کردەوە ماف‌و ئەرکیان وەك یەکە. ئەگەر نەتیجە وەرگرین بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ناکرێ چاوەڕوان بین کە لە فەرانسە، لە ئەمریکا، لە ئینگلستان، لە سویس‌و لە ئەڵمان شۆڕشی چەکدار پێك بێ‌و یان شۆڕشێکی وەك شۆڕشی ئوکتۆبر بکرێ. تازە دێموکراسیی سیاسی لەو ولاتانەدا ئەوەندە جێگیر بووە چ هێزە دەستی چەپی‌یەکان‌و چ هێزە دەستی راستی‌یەکان ناچارن رێزی بۆ دابنێن. ئەگەر ئەمرۆ حیزبی کومۆنیست لە ئیتالیا بێتە سەر کارو بیهەوێ دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دابمەزرێنێ، بۆی ناچێتە سەر، چونکە دێموکراسی لەوێدا جێگیر بووە. خەڵکەکە ئەوەندە وریایە کە نە رێگا دەدا حیزبی کومۆنیست دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دابمەزرێنێ‌و نە رێگا دەدا حیزبی فاشیست دیکتاتۆریی فاشیستی. بۆیە حیزبە کومۆنیستەکانی ولاتانی رۆژئاوا، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ دێموکراسیی سیاسی بپارێزرێ‌و ئەگەر بڕیار وابێ دێموکراسیی سیاسی بپارێزرێ‌و لە رێگای دێموکراسیی سیاسی‌یەوە دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە

بگرن، هیچ ڕێگای دیکە نیە، دەبێ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕەد بکەنەوە. واتە هۆی پەسند نەکردنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لەو وڵاتانەدا لە پێشدا هۆی ئوسوولی‌یە. چونکە هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە نە بە تۆپزی دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو نە بە زۆرو سەرەڕۆیی دەتوانن ئەم دەسەڵاتە بپارێزن. تەنیا بە پشتیوانیی زۆربەی خەڵك دەتوانن حوکمداری بکەن. بۆیە ئەم حیزبانە هاتوونو واقیع‌بینانە وازیان لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هێناوەو لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا باسی دێموکراسی دەکەن نە دیکتاتۆری. ئەوەی لە "کورتەباس"دا ئیشارەی پێ کراوە ئەوەیە کە ئێمەش بە نەزەری خۆمان لە هەلومەرجی خۆماندا دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ڕەد دەکەینەوە. لە باری مێژوویی‌یەوە دیتمان پاش ئەوە کە شۆڕش لە چین سەرکەوت، مائۆتسەتۆنگ هاتو گوتی لە چین دیکتاتۆریی پرۆلیتاریامان نیە. دیکتاتۆریی دێموکراسیی گەلیمان هەیە. بەکورتی دێموکراسی بۆ گەل هەیەو دیکتاتۆری دژی دوژمنانی گەل. بۆیە دەی‌توانی ئەوە بڵێ چونکە شۆڕشی چین لەگەڵ شۆڕشی ئوکتۆبر لە زۆر بارەوە جیاوازیی هەبوو. کومۆنیستە چینی‌یەکان کە سەرکەوتن بەڕاستی زۆربەی خەڵکەکە پشتیوانیان بوون. دیکتاتۆری بەو شێوەیە لەوێ پێویست نەبوو. دیکتاتۆری تەنیا لە دژی دوژمنانی گەل هی دەرەوەو ژوورەوە پێویست بوو، تا ئێستاش ئەم وەزعە هەر بەردەوامە. گرتنو تاوانبارکردنی بەرپرسانی حیزبی بە جاسووسی‌و بە ئاشکراو بە دزی ئیعدامکردنیان، بە شێوەیەك لە زەمانی ستالیندا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی کرا، لە چین بەرچاو ناکەوێ. لەو ڕابیتەیەدا با ئیشارە بەو ڕاستی‌یەش بکەین کە لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌دا ئێستا کەس باسی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ناکا. ئەگەر باسیشی بکرێ وەك دیکتاتۆریی چینی کرێکار باس دەکرێ، چونکە پرۆلیتر مانای تایبەتی خۆی هەیە. پرۆلیتر ئەو کەسەیە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان نیەو بۆیە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ. لەوەش زیاتر لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٥٦دا باسی دیکتاتۆریی چینی کرێکاریشیان نەکرد، بەڵکوو گوتیان ئێستا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا حاکمییەتی گشتیی گەل هەیە. هیچ کۆنگرەیەکی پاشتریش ئەم نەزەرەی ڕەد نەکردۆتەوە. دروستیش هەر ئەوەیە، چونکە دیکتاتۆری دژی کێ بێ؟ هەموو چینو توێژەکان سۆسیالیستنو چینی دژی سۆسیالیستی لەوێ نەماون. کرێکارانو

جووتیارانو رووناکبیران نە چەوسێنەرنو نە کەس دەیانچەوسێنێتەوە. بەکورتی ئێستا لە مەیدانی نێونەتەوەیی‌دا هەموو، هەم لە ولاتانی رۆژئاوا باسی دێموکراسی دەکەن، هەم لە ولاتەکانی سۆسیالیستی. کەس باسی دامەزراندنی دیکتاتۆری بە هیچ شکڵێك ناکا، هەروەها کە ئیشارەمان کرد لە ولاتە سۆسیالیستی‌یەکان‌دا باسی پەرەپێدانی دێموکراسی دەکرێ. ئێمە لەم بارەیەوە هەڵوێستمان روونە. یەکەم، ئێمە بە شێوەیەکی ئوسوولی لایەنگری دێموکراسین، دێموکراتینو ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە، بۆیە دیکتاتۆری هەر شێوە دیکتاتۆری‌یەك بێ، رەدی دەکەینەوە. لە پاشان ئێمە لە کوردستان پرۆلێتاریامان نیە تا دیکتاتۆری‌یەکەی دابمەزرێنین. سەرمایەداریشمان بەو شێوەیە نیە کە دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا دژی سەرمایەداری پێویست بێ. راستە سەرمایەداری لە ئێران‌دا لە سەر یەك پێشکەوتووترە. بەلام حیزبی دێموکرات حیزبێکی ناوچەیی‌یەو ئێستا وا دابنێین هاتو گوتی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریای قبووڵە، سبەینێ لە ئێران‌دا شۆرش سەردەکەوێو لە تاران‌دا دەسەلاتێکی سیاسی پێك دێ بە ناوی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا کە حیزبی دێموکرات تێی‌دا بەشدار نیە. ئەو کاتە شیعاری ئەسڵیی ئێمە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" چی بەسەر دێ؟ ستالین ئەو کاتە کە خۆی یەکێك لە دامەزرێنەرانی تیئۆریی مارکسیستی بۆ گیروگرفتی نەتەوەیی بوو، واتە لە ساڵی ١٩٢٢دا ئەو جوملەیەی نووسیوە: "مافی دانانی چارەنووس نابێ کۆسپێك بێ لە سەر رێگای دیکتاتۆریی پرۆلێتاریادا، دەبێ تابعی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بێ". جوملەیەکی زۆر کورتو روونە. سبەینێ ئێمە خودموختاریشمان هەبێ، ئەگەر دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا لە تاران دامەزرا، ئێمە دەبێ واز لە خودموختاری، لە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان بێنینو تابعی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا بین. مەسەلەیەکی دیکەش زۆر جار هەر بەم جۆرە باس دەکرێ. وا دانێین کە حیزبی دێموکرات هاتو سەرکەوتو خودموختاریی وەرگرت. رەنگە رێکخراوێکی دیکە لە کوردستان‌دا پەیدا بێو بیهەوێ بە زۆر دەسەلاتی سیاسی لە دەست حیزبی دێموکرات دەربێنێو حیزب ناچار بکا کە دیکتاتۆری دابمەزرێنێ. ئەو کاتە ناچار دیکتاتۆری دادەمەزرێ. نەزەری ئێمە لەم بارەشەوە زۆر روونە. یەکەم، حیزبی دێموکرات ئەو کاتە دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێ کە زۆربەی خەڵك

پشتیوانی بن. مەسەلەن لە فەرانسە، زۆربەی خەڵك دەنگیان داوە بە حیزبی سۆسیالیست. ئەگەر هێزێکی سیاسی یان غەیرە سیاسی، بڵێین تیرۆریست، بیهەوێ بە هێزی چەکدار دەسەڵات لە دەست حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە دەربێنێ، دیارە ئەوە ڕاپەڕین دژی قانوونەو هەر بەم شێوەیەش ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ. بەڵام سەرکوتکردنی چەند تیرۆریست یان هێزێکی ئەقەللییەت کە دژی زۆربەی حاکمییەتی خەڵك ڕاپەڕیوە، دیکتاتۆری نیە. ئەوە حاکمییەتی ئەکسەرییەت بەسەر ئەقەللییەت دایە. واتە دێموکراسی‌یە. ئەوە حاکمییەتی ئەقەللییەت بەسەر ئەکسەرییەت دایە کە دیکتاتۆری‌یە. کەسێك بیهەوێ ئوسوولو قاعیدەو قانوونی دێموکراسی تێك بدا، بە پێی قانوون ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ. لە پاشانیش هیچ پێویست بە دامەزراندنی دیکتاتۆری ناکا، دێموکراسی‌و قانوونەکانی هەر لە جێگای خۆیان دەمێننەوە. ئەگەر هەر کەس یا هەر هێزێکی دیکە هات نەزەری خۆی بە ئازادی باس کرد، مافی ئاشکرای خۆیەتی، دەتوانێ دژی سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش قسە بکا، بنووسێ‌و شت بڵاو بکاتەوە. بەڵام ئەگەر دەستی دایە چەك‌و ویستی بە زۆری دەسەڵات لە دەست حیزبێك کە زۆربەی خەڵك دەنگی داوەتێ دەربێنێ، دیارە سەرکوت دەکرێ‌و ئەو کارە نەك هەر زیان لە دێموکراسی نادا، بەڵکوو خۆی دیفاع لە دێموکراسی‌یە.

بەجێ‌یە لە ئاخری وتارەکەماندا ئیشارە بە هێندێ پێشنیارو باسیش بکەین. لێرە پێشنیار کرا کە لە نێو حیزبدا لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتی هەم بە نووسین‌و هەم بە تەرجەمە زیاتر باس بکرێ. ئەوە پێشنیارێکی بەجێ‌یە. دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ. پێشنیار کرا کە تاقیکردنەوەی وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌و تەنانەت هی سەرمایەدارییش باشتر بناسێنین، کتێبیان لە سەر بنووسین‌و تەرجەمە بکەین. ئەوەش پێشنیارێکی بەجێ‌یە. هەروەها دەبێ کادرەکان تەشویق بکەین بە موتالیعەو بە هیچ جۆرێك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نابێ پێشگیری لەوە بکرێ کە کادرێك هەر کتێبێك دەیەوێ، بخوێنێتەوە، ئەو کارە خۆی سەرەتای دیکتاتۆری‌یە. کادری حیزبی هەر کتێبێکی پێ خۆشە با بی‌خوێنێتەوە. دەتوانین لاوان ڕێنوێنی بکەین، دەتوانین کتێبی باشیان پێ بناسێنین. بەڵام ئەگەر یەکێك چوو کتێبێکی دیکەشی هێناو پێی خۆش بوو بی‌خوێنێتەوە، کەس مافی ئەوەی نیە پێشگیریی لێ بکا. ئێمە دێموکراتین‌و دەبێ تا سەر دێموکرات بین. نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەگەر

هەنگاوێك بەرەو لە ژێرپێ نانی دێموکراسی برۆین، تازە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتووینو گەڕانەوە دژوارە.

پێشنیارێکیش هاتوە کە ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزب دەگرێتەوە. با بە خۆشمان بڵێین کە موتالیعە زیاتر بکەین. ئەندامانی کومیتەی ناوەندی خۆیان دەبێ بەرنامەی موتالێعەیان هەبێ. چونکە بەڕاستی ناکرێ ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە ئیمانی بە تیئۆریی شۆڕشگێڕانە هەیەو مەسئوولییەتێکی مێژوویشی لە سەرشانە، هەموو رۆژێ زانینو شارەزایی خۆیان نەبەنە سەرێ. هەروەها پێشنیارێکی باش هاتوە کە هەر وەخت پلینۆم هەیە با سیناریشی لەگەڵ بێ کە ئەوەش پێشنیارێکی بەجێیە.

وابکەین باسەکانی سمینارەکەمان لە نێو ریزەکانی حیزبیشدا بڵاو بنەوە. دەکرێ وەك نامیلکەی سەربەخۆ یان لە "تێکۆشەر"و چاپەمەنیی دیکەی حیزبیدا بڵاو بکرێنەوە.

قسە لە سەر "کورتەباس" ئێستا باسێکی زۆر زیندووە. با تەواوی بچێتە نێو حیزبو قسەی لە سەر بکرێ. با بچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش، با ئەوانیش بە تەواوی لە قسەو باسی حیزبی دێموکرات ئاگادار بن. یەکەم سەرکەوتنی "کورتەباس" ئەوەیە کە خودی ئەو باسەی لە نێو حیزبەکەماندا پێك هێناوە، سنووری داناوە لە نێوان دێموکراتو غەیری دێموکراتاندا. ئەگەر "کورتەباس" بچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵك سەرکەوتنی پتر وەبار دێنێ. قەدری ئەو "کورتەباس"ە کە نووسراوە، لە داڕۆژدا دەزانین، لە داڕۆژدا نرخی ئەم چەند لاپەڕەیە باشتر دەردەکەوێ. هەر بۆیە پێویستە لە داڕۆژدا تەنانەت کتێبیشی لە سەر بنووسرێ. لەگەڵ ئەوە کە لە کۆنگرەدا ناکۆکی هاتە پێش، بەڵام پاش باسەکەی ئێستامان دەرکەوت کە لە سەر گیروگرفتە ئەساسییەکانی "کورتەباس" ناکۆکیمان نیە. ئەوە خۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ "کورتەباس"و بۆ حیزبەکەمان. نیشانەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەم دێموکراتەو هەم رێکخراوێکی شۆڕشگێرو زیندووە. "کورتەباس" بۆ پتەوترکردنو یەکگرتووترکردنی ریزەکانی حیزبەکەمان هاتوەو ئەم ئەرکەی بە چاکی بەجێ هێناوە. ئێمە دڵنیاین کە لەمەودوا سیمای دێموکراتیی حیزبی ئێمە بەرچاوتر خۆی دەنوێنێ. ئێستا لە باری فکرییەوە ئەندامانی حیزبی

ێمە یەککگرتووتر لە جارانن. دەکرێ بڵێین پاش بەرنامەی حیزب "کورتەباس" ەخشی لە کۆکردنەوەی ئەندامانی حیزب لە سەر ڕێبازی حیزب لە هەموو ووسراوێك زیاتر بووەو ئەوەی لە "کورتەباس"دا هاتوە بۆ دوارۆژی حیزبەکەمان هەم ە کورتخایەنداو هەم لە درێژخایەندا تەئسیرێکی زۆر پیرۆزی دەبێ.

ێدەر:

ئەم بەشە (شیکردنەوەی کورتەباس) دەقی پیادەکراوی نەواری وتارێکی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە یەکێك لە ینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە کە نزیك بە پێنج ساڵ بەر لە شەهیدبوونی گیراوە.

بەشێك لەباسەکانی ئەم وتارە، پاش ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی‌دا ڕوویان داوە، کۆن ە بەرچاو. نابێ لەبیر بچێ کە ئەو قسانە کاتێ گوتراون کە جارێ میخائیل گورباچۆف نەهاتبووە سەرکارو پرۆستۆریکاو گلاسنۆست ۆرێ‌دا نەبوون، بەڵام بۆ ئەوەی وتارەکە ڕەسەنایەتیی خۆی بپارێزێ، بە باشمان نەزانی دەسکاریی بکەین‌و هەروەك هەبوو بڵاومان ەوە.

فەسڵی دووەم:

ئابووریی سیاسی

- چەمکە گشتی‌یەکان
- ئابووریی سەرمایەداری
- سۆسیالیزم‌و ئابووریی سۆسیالیستی
- ئابووریی تێکەڵاو
- وەڵامی پرسیارەکان

خوێنەری بەڕێز!

ئەم بەشە لە کتێبەکە، وانەیەك بووە لە یەکەمین دەورەی بەرزی کـادر لـە سـاڵی ١٣٦٣ لە زانکۆ (فێرگەی سیاسی - نیزامی)ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئـێران، کە مامۆسـتای نـەمر، کـاك دوکتـور عـەبدولڕەحمان قـاسملوو لـەو دەورەدا بـەناوی ئابووریی سیاسی وتوویەتیەوە. ئەوەی کە لێرەدا هێنراوەو لە بەردەسـتتان دایـە، لـە نەوار وەرگیراوە کە لەوێو لە هەلومەرجی ئەوکاتەدا لە کلاسەکان تۆمار کراون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لەبـەر هەلومـەرجی شـاخو شـۆڕش، ئـەو نەوارانە بە کەیفییەتێکی لاواز تۆمار کراونو گەیشتوونەتە دەستمان، بۆیە لـە چـەند شوێنێك روون نەبووە کە لـەو نەوارانـەدا چـی گوتـراوەو وشـەکانمان بـۆ دەستنیشـان نەکراون. لە کۆتایی وانەکەشدا، بەشێك بۆ پرسیارو وەڵام تـەرخان کـراوە کـە لەبـەر کەیفییـەتی لاوازی نـەوارەکان، پرسـیارەکانمان بـۆ روون نـەبوو، بـەڵام وەڵامـەکانی مامۆستای شەهیدمان هێناوەتەوە.

ئاماژەکردن بەوەش پێویستە کە لەبەر پاراستنی دەقو "سندیت"ی شتەکە، هیـچ دەستێوەردانێکمان لە رێزمانو دارشتنی رستەکاندا نەکردووەو هەر ئەو شتەی کە کاك دوکتور قاسملوو لە کاتی وتنەوەی دەرسەکەدا وتوویەتی وەك خۆی هێنراوەتەوە.

چەمکە گشتی‌یەکان

ئەمەویست پێش ئەوەی کە دەرسەکە دەست پی‌بکا چەند شتێکتان عــەرز بکــەم. دیارە ئیقتیسادی سیاسی لە پێش هەموو شتێکدا عیلمــەو بــۆ فــێر بوونــی هــەموو عیلمێك دەبێ ئامادەیی هەبێ. ئەو ئیقتیسادە سیاسی‌یەی کە بۆ منیــان داناوە کــە لێرە عەرزتان بکەم، لە دانشگا ئێمە بــە سێ‌ســالان تــەواومان ئــەکرد. لــێرە شــەش سەعاتیان بۆ داناوم، کە لە ماوەی شەش سەعاتاندا دەرسی سێ ســاڵەی ئیقتیســادی سیاسی خەلاس کەین. دیارە بۆخۆتان باش دەزانن کە ئــەوە مومکــین نیــە. کــەوابوو ئێمە دەبێ شێوەی دەرسەکەمان پوخت بێت، ئەوەندە بڵێین کە دەکرێ. لەو ماوەیــەدا ناچار زیاتر باسی شتی گشتی دەکەین کە مەفهوومتریش بێ. یەك هۆی‌تریــش هەیــە کە دیارە ئەویش ئەوەیە کە بێگومان چونکە ئەوە کلاســێکی سیاســی‌یە ئــی حــیزبی دێموکراتە، کلاسێك نیە کە مەسەلەن بڵێین کلاسی دووی دانشکەدەی فەننی بــێ کــە سەتحی تێگەیشتنو زانینیان تەقریبەن وەك یەك بێ. لێرە ئی‌وا هەیە دیپلۆمی هەیە یا زیاترە ئی‌واش هەیە کە ئیمکانی ئەوەی نــەبووە بچێتــە مەدرەســە چــەند کلاســێکی خوێندووە. ئی‌وا هەیە کە موتالعەی زۆرە ئی‌واش هەیە کە موتالعەی کەمە یان هــەر نەبووە. کەوابوو ســەتحەکەش ناهەمگوونــە وەك یــەك نیــە. ئــەوەش ڕێگــا نــادا کــە دەرسەکە بەو شێوەیە کە پێویستە بگوترێ.

مەبەستی مە لەو دەرسە چیە؟ لە سەرەتاوە بڵێم نە ئەمن ئەو ئیدیعایەم هەیەو نە ئێوەش دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بن، کە لە مــاوەی ئــەو چــەند ســەعاتەدا ئێــوە فــێری ئیقتیسادی سیاسی بن. ئەوە پێم‌وایــە تــەوەقوعێکی بێ‌جێ‌یــە. چــاوەڕوانی شــتی وا

مەبن. بەڵام ئەگەر یەك نەتیجە وەربگرین سەرکەوتووین. ئەویش ئەوەیە کە ئێوە پاش کلاسەکە بە دوای ئەوە بکەون کە ئەوە بزانن ئیقتیساد بەگشتی یانیٚ چی؟ تەقریبەن، ئەگەر ئەوەندە سەرکەوتوو بین زۆر زۆر باشە. دەنا بە رۆژێك یان بە چەند رۆژ دیارە ئیقتیسادی سیاسی فێر نابن. کەوابوو ئەمن خولاسەی دەکەمەوە، ئیقتیسادی سیاسی ناتوانین هەمووی باس بکەین، ئیقتیسادی سیاسی هەمووی ناتوانین تیٚبگەین. بەڵام دڵنیاین ئیقتیسادی سیاسی فێر دەبینو هەر نەبیٚ دەزانین ئیقتیسادی سیاسی چیە، باسی چ دەکا؟ دووهەمیش وەزعێکی وا پێك بێنین کە لەمەودوا بۆخۆمان پێمان خۆش بیٚ وەدوای بکەوینو بزانین کە ئیقتیسادی سیاسی چیە؟ لیٚی بکۆڵینو لیٚی بپرسین، پرسیار بکەین.

ئەوە یەك بەش، بەشی دووهەمی بەوەندە تەواو نابیٚ. بەشی دووهەم ئەوەیە کە ئێمە لە باتی ئەوە بچین هەمووی ئەوەی کە پیٚی دەڵێن مەقوولەی ئیقتیسادی کە ناوی هاتوە، مەسەلەن بزانین کە کار چیە؟ سەرمایە چیە؟و ئەوانە موتالیعە بکەین. لە باتی ئەوە ئێمە شتێکی دیکەش دەکەین چونکە ئەوانەمان پیٚ موتالیعە ناکریٚ، وەختەکە تەنگە. ئێمە دەتوانین لە واقیعدا باسی ئەوە بکەین کە ئەو شتەی لە باری ئیقتیسادیەوە بە کارمان دیٚ لە کاری سیاسیماندا ئەوەیە کە هەر نەبیٚ باسی زۆر کورت دیارە باسی ئەوە بکەین کە کۆمەڵی ئادەمیزاد چۆن تەکامولی کردوە؟ ئەوە زۆر کورتە. بگەین بە سەرمایەداری باسی ئەوە بکەین کە سەرمایەداری چیە؟ لە باری ئیقتیسادیەوە ئەوە موهیمە دەبیٚ بزانین. چونکو ئێمە تەرەفین لەگەڵ دەیان وڵاتی سەرمایەداریو دەبیٚ بزانین لە باری ئیقتیسادیەوە سەرمایەداری مانای چیە؟ لە پاش سەرمایەداری دیارە سۆسیالیزمە، لە باری ئیقتیسادیەوە دەبیٚ بزانین سۆسیالیزم چیە؟ ئەگەر وڵاتانی سەرمایەداریمان باس کرد کە بەشێکی زۆری وڵاتەکانی دونیان. وڵاتەکانی سۆسیالیستیمان باس کرد کە ئەوانیش هەروا. لەو نێوەڕاستەدا هێندێك وڵات دەمێنێتەوە کە پێیان دەڵێن وڵاتانی جیهانی سێهەم. دیارە ئەوە کە بۆچی پیٚی دەڵێن جیهانی سێهەم کە نەدەبوایە وا بگوتریٚ، بە نەزەری من دەبوایە بگوتری جیهانی یەکەم، کارم بەوە نیە باسێکی‌ترە، بەڵام ئەو وڵاتانەی وەك ئێرانی خۆمان وەکو زۆر وڵاتی دیکە، لەوێدا ئیقتیسادەکە بە تەواوی سەرمایەداری نیە. هەر لە کوردستانی خۆمان بگرین، دیارە سۆسیالیستیش نیە، باشە چیە؟ ئەوەش باس

دەکەین. کەوابوو سێ شێوە "تولیدی" بڵێین بەرهەمهێنانی ئابووری، کە فەرقیان هەیە، سەرمایەداری، سۆسیالیزم و ئەوەی کە پێی دەڵێن ئیقتیسادی تێکەڵاو، تێکەڵاو لە هەموو بارێکەوە، ئەو سێیانەش باس بکەین جا ئەگەر بتوانین لەو وەختە کەمەدا کە هەمانە هەموو ئەو شتانە باس بکەین پێموایە سەختە. با بچینە سەر باسەکەمان.

باسەکەمان ئەوەیە کە ئێمە ئیقتیسادی سیاسی موتالیعە دەکەین. ئیقتیسادی سیاسی دەڵێین زۆر کەس بیستوویەتی. کەوابوو ئێوە دیارە بیستووتانە زۆر لە باس و ئەوانە دوو ئیستلاحتان بیستووە، جا پێم خۆش بوو هەر لە سەرەتاوە ئەو دوو ئیستلاحە روون کەینەوە. یەك ئیقتیسادی سیاسیتان بیستووە، دوو سیاسەتی ئیقتیسادی. زۆر جار ئەمن "متوجە" بووم کە ئەو دوو شتە تێکەڵ دەکەن: "سیاسەتی ئیقتیسادی"، "ئیقتیسادی سیاسی". ئەوانە دیارە فەرقیان زۆرە هەرچەند کەلیمەکان لە یەکێکیاندا، یەکێکیان سفەتە ئەوی دیکە مەوسووفە، ئەگەر لە باری زمانەوە بڵێین. فەرق دەکا جێگاکەیان، لە یەکێکیان سیاسەت مەوسووفە، ئیقتیسادەکە سفەتە، ئەوی دیکەیان بە پێچەوانە. بەڵام ماناکەیان فەرقی زۆرە کە دەڵێین سیاسەتی ئیقتیسادی ئەوەیە کە یان حیزبێك یان ولاتێك سیاسەتێك بەڕێوە دەبا بۆ هەڵسووڕانی ئیقتیسادی ولاتەکە یان بڵێین حیزبەکەی خۆی سیاسەتێك بەڕێوە دەبا، شێوە بۆچوونێکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی، بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیقتیسادی و ئەوە پێی دەڵێین "سیاسەتی ئیقتیسادی". مەسەلەن "رەیگان"، رەئیس جمهووری ئەمریکا، سیاسەتی ئیقتیسادیی ئەوەیە دەوڵەتی ئەمریکا. میتەران رەئیس جمهووری فەرانسە سیاسەتی ئیقتیسادیی ئابەو شێوەیە کە فەرقی هەیە لەگەڵ "ژیکازسکان" کە پێشتر رەئیس جمهوور بوو. کەوابوو، یا مەسەلەن سیاسەتی ئیقتیسادیی شا ئەوە بوو کە فەرقی هەیە لەگەڵ سیاسەتی ئیقتیسادیی رێژیمی خومەینی. کەوابوو سیاسەتی ئیقتیسادی ئەو شێوە هەڵسووڕاندنەی ئیقتیسادی‌یە کە دەوڵەتێك یان بڵێین حیزبێك یان ئۆرگانێك بەڕێوەی ئەبات.

مەعمولەن باسی دەوڵەت دەکەین یا حەتا مەسەلەن شیرکەتێکی گەورە، شیرکەتێکی نەفتی گەورە سیاسەتی ئیقتیسادی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو سیاسەتە بەڕێوە ئەبا. بەڵام کە گوتمان ئیقتیسادی سیاسی وەزعەکە فەرق دەکا، ئیقتیسادی

سیاسی عیلمە، سیاسەتێك نیە کە کەسێ بەڕێوەی ئەبا. ئیقتیسادی سیاسی یەعنی عیلمی ئیقتیساد، بۆ ئیقتیسادی سیاسی پێدەڵێن؟ ئەوە دیارە لە بۆچوونی ئەو کەسانە کە ئەساسی ئیقتیسادی سیاسیان داناوە لە قەرنی نۆزدەو ئەوانەی ئینگلستان بە تایبەتی، کە موهیم نیە ناوەکانیان بزانین ئەوەش بۆخۆ مەجبوور دەبن بچن بزانن کێ بوون. بەڵام ئیدی لە ئەواخری قەرنی هەژدەوە یان باشتر بڵێم ئەوایلی قەرنی نۆزدەو بە تایبەتی لە نیوەڕاستی قەرنی نۆزدەوە لە سەد ساڵ لەوە پێشەوە تا ئێستا ئیدی ئەوە بۆتە ئیقتیسادی سیاسی، وەکوو عیلم تەماشای کراوە بە تایبەتی پاش نووسینی کتێبی هەرەگەورەو هەرە مەشهووری "مارکس" کە ناوی "سەرمایە" بوو.

کەوابوو ئیقتیسادی سیاسی عیلمێکە کە باسی ئیقتیساد دەکا. بەڵام ئایا ئەو ئیقتیسادی سیاسی‌یە باسی هەموو ئیقتیساد دەکا؟ باسی جوزئییاتی ئیقتیساد دەکا؟ فەرقی چیە لەگەڵ عیلمەکانی دیکەی ئیقتیسادی؟ مەسەلەن فەرز دەکەین ئێمە ئیقتیسادی سەنعەتیشمان هەیە، بەڵام، من مەسەلەن ئیقتیسادی سەنعەتیم خوێندووە. یان دەڵێن من ئیقتیسادی زەراعەتیم خوێندووە. بیستووتانە ئەڵێ ئیقتیسادی زەراعەتیم تەواو کردووە. ئەوەی دیکە دەڵێ مەسەلەن من بەرنامەریزیم تەواو کردووە، بەرنامەریزی ئیقتیسادیم خەڵاس کردوە. کەوابوو یەك نیە، فەرقیان هەیە. باشە کەوابوو ئیقتیسادی سیاسی نیسبەت بە عیلمەکانی دیکەی ئیقتیساد ئەوەیە کە لە هەموان گشتی‌ترەو قانوونەکانی گشتیی ئیقتیساد موتالیعە دەکا، کاری بە جوزئییات نیە. مەسەلەن فەرز دەکەین لە زەراعەتدا وەزعی ئیقتیسادی چۆن دەبێ؟ جوزئییاتی ئەو کارە ئیقتیسادی سیاسی نیە. ئیقتیسادی سیاسی قانوونە کولی‌یەکان موتالیعە دەکا. تیکراری دەکەمەوە ئیقتیسادی سیاسی عیلمەو عیلمێکە کە کاری بە قانوونەکانی گشتیی ئیقتیسادی پەرەئەستاندنی کۆمەڵە، ئەگەر بمانهەوێ تاریفی بکەین ئەوە دەبێتە ئیقتیسادی سیاسی.

دیارە تێدەکۆشم برێك شتەکە سادەتر بێت بۆ ئەوەی کە باش لێی حاڵی بین. ئێمە گوتمان سیاسەتی ئابووریمان هەیە لە پاشان ئابووری سیاسیمان هەیە. ئەوەیان سیاسەتێکە کە دەوڵەتێك یان شیرکەتێك یان حیزبێك بەڕێوەی ئەبا. ئەوەی دیکەیان عیلمە، عیلمێکە کە ئێستا ئیدی زۆر تەکامولی پەیدا کردوە، زۆر کتێبی لە سەر نووسراوە، لە واقیعدا عیلمی هەرە ئەساسی لە هەموو وڵاتەکان، لە هەموو

دانشگاکان دایە. لێرەشدا ئابووریی سیاسی‌مان گوت کە ئابووریی سیاسی ئەو عیلمەیە کە قانوونەکانی گشتیی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ موتالیعە دەکاو دیارە کاری بە جوزئییات نیە. لە پاشان لە واقیعدا لە بەینی عیلمە ئیقتیسادیەکاندا عیلمی عموومی‌یە. عیلمی هەمووانە، هیچ عیلمێکی ئیقتیسادی ناتوانێ بە بێ ئیقتیسادی سیاسی بچێتە پێش. لە واقیعدا ئەوەی کە پێی دەڵێن زانستی دایکە ("علم مادر")ە بە نیسبەت ئەوانی‌ترەوە. بۆیە هەرکەس هەر رشتەیەکی ئیقتیسادی بخوێنێ، مەجبوورە، ناچارە ئیقتیسادی سیاسی بخوێنێ.

ئیقتیسادی سیاسی سەرەتاکەی عیلمێکی موجەرڕەدە، موجەرڕەد یانێ لە واقیعدا زۆر موشەخەس نیە، ناتوانین نیشانی بدەین، برێك فیکری دەوێ. بەڵام هیچ رێگا نیە هێندێك ئیسلاح، هێندێك کەلیمە هەیە دەبێ فێر بین لە ئیقتیسادی سیاسی‌دا، هەتا بتوانین فێری بین. لە پاشان کە باسی ئەو سێ شتەمان کرد بتوانین ئیسباتیان بکەین. جا ئەمن پێم‌خۆشە زۆریش نەبێ ئەوانە، چونکو لە مەقوولەی ئیقتیسادی سیاسی‌دا بە دەیان یان سەدان ئیسلاحمان هەیە، کەلیمەمان هەیە، مەقوولەمان هەیە کە دەبێ فێری بین. ئەمن سێ چوارێکی هەڵدەبژێرم، ئەوانە کە هەرەپێویستن، ئەوانی دیکە ئەگەر وەختی خۆی بەکارمان هاتن باسیان دەکەین. بەڵام ئێستا ئەمن دەمەوێ سێ چوارێکیان هەڵبژێرم.

یەکێکیان کە پێموایە هەموومان دەبێ بیزانین کە هەڵی‌دەبژێرین "کارە". رۆژ هەتا ئێوارێ قسە دەکەین، کارم هەیە، بابا وەختم نیە کارم هەیە، کارم هەبوو بۆیە نەهاتم، ئەو کەلیمەی کارە مورەتەب لە سەر زارە، باشە کار بە گشتی چیە؟ لە واقیعدا بە گشتی ئەگەر بمانهەوێ بڵێین، ئەوەیە کە پێوەندیی ئینسان یا لەگەڵ ئینسانەکانی دیکە یا لەگەڵ تەبیعەت دیاری دەکا. یا من لە تەبیعەتدا شتێك دەکەم، مەسەلەن دارێك دەبڕم، میوەیەك دێنم یان هەرچێك بڵێین لە سەرەتای بەشەریەتەوە ببێ، یان لەگەڵ ئینسانەکان رابیتەم هەیە. ئێستا مەسەلەن ئەوەی کە من لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم پێی دەڵێن کار.

جا ئەوە بە گشتی ئاوا تەعریفی دەکەن. بەڵام دیارە ئێمە کارمان دابەش کردووە. ئەوەی دیکە کە بۆ ئێمە زۆر موهیمە نامانهەوێ زۆر لە سەری برۆین چونکە بەو وەختە ناکرێ. دەمانهەوێ بیکەین بە دووبەشەوە: کارێك کە بەرهەمی هەیە، کارێك

کە بەرهەمی نیە. بەرهەم، نە بەرهەم لە واقیعدا بەرهەمی ماددی. مەسەلەن ئێستا یەکێك دەچێ کشتوکاڵ دەکا کارەکەی بەرهەمی هەیە. گەنم بەرهەمی کاری ئەوە. ئێمە لێرە دەرس دەڵێین، بەرهەمەکە نیە. بەڵام ئەوە بەرهەمە دیارە مەسەلەن لە واقیعدا بەرهەمێکی هەیە. بەرهەمەکە چیە؟ ئێوە شت فێر دەبن ئەو شتە دەچنە جێگایەك تەبلیغی دەکەن، نەتیجەیەکی دەبێ، کە ئەوە دەبێتە بەرهەمی ئەو کارە. بەڵام وا دابەشی دەکەین کارێك کە بەرهەمی هەیە، کارێك کە بەرهەمی نیە. ئەو دوو بەشە، ئەوانی دی لێیان گەڕێ، دەنا ئەگەر بمانهەوێ دابەشی بکەین یەکجار {زۆرن} فەقەت ئەوە بە کارمان دێ لە ئیقتیسادی سیاسیدا: بەرهەمی هەیەو بەرهەمی نیە.

دەتوانین هەر کارێکی ئێستا بڵێین، دەتوانین ئەوەیان یان ئەوی دیکە یان مەسەلەن فەرز بکە یەکێك، هونەرمەندێك گۆرانی دەڵێ، ئەویش کار دەکا. کارە بەڵام بەرهەمی ماددیی مومکینە نەبێ بەڵام ئەو گۆرانیە مومکینە تەئسیریش بکاتە سەر بەرهەمی ماددی، جاری وا هەیە ئینسان فیکر دەکاتەوە شتی وا نیە، بەڵام با هەیە. مەسەلەن فەرز دەکەین کە پێکەوە پازدە، بیست نەفەر کار دەکەن، فەرز دەکەین کە لە خەرمانێ کار دەکەن، ئەگەر گۆرانی بڵێن باشتر کاریان بۆ دەکرێ، هەر بۆیەشە خەڵکەکە گۆرانی دەڵێن. جووت دەکا شتێك دەڵێ، گۆرانییەك دەڵێ. بۆ دەڵێ؟ چونکە ئەوە موستەقیمەن تەئسیری هەیە لە سەری.

بەڵام ئێستا ئێمە دێینە سەر ئەو کارەی کە بەرهەمی هەیە، کارێکی کە بەرهەمی هەبوو کۆمەڵایەتیە. یانێ چی؟ یانێ ئەگەر لە سەرەتای ژیانی خۆیدا ئادەمیزاد برسی دەبوو دەچوو تێری دەخوارد، ئێمە بەوە ناڵێین کار، ناڵێین کارێك کە بەرهەمی هەیە، چونکو نەهاتۆتە نێو کۆمەڵ، بۆ کۆمەڵ هیچی نەکردووە، بۆخۆی خواردوویەتیو خەلاس بوو ڕۆیشت. هەروەها لە واقیعدا لەو وەختەشدا فەرقێکی زۆر بەینی ئینسانو حەیوان نیە. چونکو حەیوانیش هەر ئەوەی دەکا. ئەو وەختە ئێمە دەڵێین ئینسان دیارە تەعریفی زۆر دەتوانین بکەین، مەسەلەن دەڵێین لە مەیموونەوە هاتوە کە تەماشاتان دەکەم دەبینین ئەم تیئۆرییە زۆریش نادروست نیە! بەڵام لەوە گەڕین. ئینسان دەڵێن لە پێش هەموواندا تەعریفی ئەوەیە کە حەیوانێک

کۆمەلایەتیە ("اجتماعی")یە، یانی چی؟ یانیێ ئەو بەرهەمەی کە هەیەتی بۆ ئیجتماعە.

ئەگەر ئەو چەند کەسە کە دەچن میوە دێنن، بۆخۆیان لە پێشدا دەبنە یەك نەفەر، دەبێتە پازدە کەس ئەوە ئیشی ئیجتماعی بەشەرە، ئاوا لەپێشدا دەبێتە سەد کەس، دەبێتە چەندین سەد کەس، موهیم نیە، ئەگەر ئەوانە هەر ئەوەندە میوەیان دەس کەویێ کە خۆیان تێر کەن، کۆمەڵەکە لە جێگادا وەستاوەو هیچ حەرەکەت ناکا. کۆمەڵ ئەو وەختە دەست پیێدەکا بە بەرەوپێشچوونو هەر ئەو وەختەش چەوساندنەوەو چەوسانەوە، ئیستیسمار پەیدا دەبیێ کە ئەو سەد کەسە کە باسی دەکەین، زیاتر لەوەی بۆ خۆی ئیحتیاجی هەیە بەرهەمی دەبیێ. مەسەلەن فەرز دەکەین ئیدی لەبەر ئەوەی پیمەرەیەکی ئاسنی یا بەردیی درووست کردووە، عەسری حەجەر موهیم نیە، بەلام وەسایلێکی تەولیدی ئاوای درووست کردوە کە ئێستا ئەوەندە بەرهەم پێك دێنیێ کە لە ئی سەد کەسەکە زیاترە، فەرز دەکەین ئی سەدوپێنج کەسە. باشە وا دابنیێ کە ئەو سەد کەسە هەموو رۆژیێ دەچین کاریێ دەکەین، لە پاشان دەبینین پێنج نەفەر زیادی دێنیێ، بەرەبەرە ئەو فیکرەمان بۆ پێك دیێ ئێستیێ کەوایە ئەو زیادیە چی لیێ دەکەین؟ بۆ هەموو رۆژیێ سەد کەس کار بکەین یا ٩٥کەس کاریێ بکا. ئەو پێنج کەسەی کاریێ نەکا چ بکا؟ ئەگەر کاریش نەکا هەر دەخوا، بەرهەمەکە گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە بۆ سەدو پێنج کەس تەولید دەکا. ٩٥کەس دەتوانیێ بۆ سەد کەس شت درووست بکا. هەر کە گەیشتە ئەویێ پێنج کەسەکە پەیدا دەبیێ. جا جاری وا هەیە رەئیسی عەشیرەتە، جاری وا هەیە قەشەیە، جاری وا هەیە مەلایە، موهیم نیە، یەکێك کە ئیمتیازێك بۆ خۆی قایل دەبێت بۆ ئەوەی کار نەکا، ئەوانەی دیکە کار بکەن. پێنج کەسەکە جاری وا هەیە شوورایە، هیچ موهیم نیە. فەرق دەکا، لە ولاتی موختەلیف فەرق دەکا.

ئەو پێنج کەسە کە کار ناکا، ئەو نەوەدو پێنج کەسە کار دەکا بایی سەد کەس، چ بەرهەمێکی بە ئیستلاح پێك دێنیێ پێکەوە دەخۆنو بەرەبەرە سەرەتای پەیدا بوونی تەبەقەشە، لە واقیعدا ئەساسی تەبەقە ئالێرەدا پەیدا دەبیێ. کەنگیێ پەیدا دەبیێ؟ ئەگەر رۆژێك بپرسن، جا من پێم خۆشە ئێوە ئەوانە بزانن وەك ئەندامی حیزبی دێموکرات، چونکە بەداخەوە ئەوانەی کە زۆر ئیدیعایان هەیە لە بارەی موباریزەی

تەبەقاتیو نازانم چینی کرێکارو...، کە بۆخۆتان دەزانن هەر لەو دۆڵە پێنج، شەش حیزبی چینی کرێکاری لێیە، ئەوانە لێیان بپرسە باشە تەبەقە کەنگێ پێکهات؟ ئەساسی پێکهاتنی چ بوو؟ بڕوام پێبکەن نازانن. تەبەقە ئەو وەختە پێکدێ کە ئینسان ئەوەندە بەرهەمی زۆر دەبێ کە لە ئیحتیاجی ئەو وەختەی خۆی زیاترە. مومکینە لە ئێستادا کەمتر بەڵام ئی ئەو وەختە زیاترە. کە زیاتر بوو تەبیعییە هێندێ کەس دەڵێ باشە ئێمە بۆ کار بکەین. کێن ئەوانە؟ یا مەلایە یا قەشەیە، دوعاخوێنە، هەرچی بێ. دیارە ئەوانە کە باسی ئەکەم ئی زەمانی کۆنە بەرەبەرە تەبەقە پێکهات. کەوابوو ئەساسی پێکهاتنی تەبەقە لە چیەوەیە؟ لە کارە. لەوەڕا کە یەکێك کار ناکا. ئەوان چی دەکەن، ئەو پێنج کەسە؟ ئەوان کاری دیکە دەکەن. مەسەلەن یەکێکیان دوعا دەخوێنێ، مەلایەتیش کارە ئیدی یان یەکێکیان دەبێ بە مەسئوول وەکوو شوورایەك، کوێخایەك، ریش سپییەك هەرکەس هەر ئیشکالاتێکی بۆ هات دەچێتە کن وی. ئەو بۆی حەل دەکا. ئەویش کارێکە دی. بەڵام کاری چی نیە؟ کارێك نیە کە بەرهەمی ماددی هەبێ.

ئالێرەدا دووپاتی دەکەمەوە لە سەرەتا هەموو کاریان دەکرد، بەرهەمی ماددیشیان هەبوو. بەڵام ئێستا ئەوە جودا بووە، هێندێ کەس کاری دەکەن بەرهەمی ماددیان هەیە، هێندێك کەس نیانە. جا بەرەبەرە ئەو تەقسیمی کارە رۆژبەڕۆژ دەچێتە پێش. وای لێدێ کە ئێستا مەسەلەن ئەو وەختە فەرز دەکەین پێنج کەس بوون لە موقابیلی ٩٥کەسدا. ئێستا بچیە کۆمەڵێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری یا سۆسیالیستی، دەبینی تەقسیمی کارەکە بە شێوەیەکە بە دەیان هەزار نەوع کار هەیە. دوو نەوع کار نیە دەیان هەزار نەوع کار هەیە.کاری تەولیدی دەکەن، کاریان بەرهەمهێنەرە، بەشێکیان کاریان بەرهەمی نیە، یانێ بەرهەمی ماددی نیە.

کەوابوو ئێستا ئێمە بێین ئەو کارە لە کۆمەڵێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری یا سۆسیالیستی تەماشا بکەین، دەبینین کە ئەو کارە دیارە کاری کۆمەڵایەتییە، ئیجتیماعییە. بۆ ئیجتیماعیە؟ چونکو کارەکە نەتیجەی دێتە نێو کۆمەڵ، پێکەوە موقایسە دەکرێنو ئەو کارە دەبێتە کارێك کە بۆ کۆمەڵ دەکرێ. لێرەڕا شتێکی دیکە دێتە پێش، هەر لە سەرەتایەکەڕا بەشی ئەو پێنج کەسەتان لەبیرە، بۆ خۆیان نەیاندەخوارد، زیادی دەما، وا نیە؟ ئەوە بۆچی بوو؟ بۆ ئیجتماع بوو ئەو پێنج کەس

هەڵبژاردبوون، یان دایاننابوون یان خۆیان بە زۆر خۆیــان سـەپاندبوو، ئـەوە موهیـم نیە. ئەوان دەیانخوارد. ئێستاش بەرەبەرە ئەوە هەروای لێدێ. یانی هــەر کەسـێکی کار دەکا لە ئیجتیماعی خۆیدا، چ وڵاتی سۆسیالیستی بێو چ وڵاتی سـەرمایەداری بێ کارەکەی بەرهەمی ماددیشی هەبێ کە ئێمە باسی دەکەین، دەبێ دووبـەش بـێ. بەشێکی ئەو بەرهەمە ئی خۆیەتی بەشێکی ئەو بەرهەمــە ئـی کۆمەڵـە. دیـارە لـە کۆمــەڵی سـەرمایەداریدا ئـی ســەرمایەدارە کــە ئیســتیعمارەو لــە کۆمــەڵی سۆسیالیستیدا ئی هەموو کۆمەڵە. ئی هــەموو جامیعــەی سۆسیالیستییە. باشـە پاشان باسی دەکەین، لە سۆسیالیزمدا ئەوە بە تەفسیل باسی دەکـەین. بـەڵام ئێسـتا پێمخۆشە هەر ئەوەندەمان زانیبێ.

ئێستا یەك مەسەلەی دیکەش لە سەر کار بڵێین، ئیدی خەلاسی بکـەین. ئـەویش ئەوەیە وەختی خۆی کابرا مەسەلەن جووتــێ گــای هـەبووە، ئێسـتاش هەمانـە، لـە کوردستان خۆ ماوە، کاری دەکرد. سەعاتێك کــاری دەکـرد، رۆژێـك کــاری دەکـرد. نەتیجەی ئەو کارە دەگەڵ ئەو کەسەی کە ئێستا بە تراکتۆرو کۆمباین کار دەکا، هەر لەو زەویەدا یەکێکە؟ یەك نیە. هەر ئەو یەك نەفەرەشە ها. یەك نەفـەر تراکتۆرێکـی هەیە، کۆمباینێکی هەیە. ئەوی دیکەش یەك نەفەر بوو جووتێ گــای هـەبوو. یـەك نەفەرەکە لە جێگای خۆیەتی، بڵێم یەك هێکتار زەوی هەیە، هەر ئەو زەویەیە، بـەڵام نەتیجەکەی چیە؟ بەرهەمی ئەو زەویە زیاتر بــووە. ئـەوە چـی پێدەڵێـن؟ ئـەوە لـە فارسیدا دوو کەلیمە بەکار دێنن. "بازدهی کار" و "حاصل بخشی کار". ئەو دووانــە لە کوردیدا بە حاسڵبەخشی بەکار دێنن. باشە چونکە مەفهوومە حاسڵبەخشیی کار زیاد دەبێ، یەك سەعات کاری ئێستا موقابیلی ١٠ سەعات، ٢٠ ســەعات یـا ١٠٠ سەعات کاری جارانە. کەوابوو حاسڵبەخشیی کار چیە؟ حاسڵبەخشیی کــار ئەوەیـە کە من بەرهەمەکە هەڵگرم تەقسیمی سەعاتی کار بکەم، هــەرچی زیـاتر بـوو ئـەوە حاسڵبەخشیەکە زیاترە. ئەگەر بە یـەك سـەعات جاران یـەك کیلـۆ گـەنم دەسـت دەکەوت، ئێستا بە سەعاتێك ١٠کیلۆم دەست دەکەوێ، مــەعنای ئەوەیـە ١٠ جـار حاسڵبەخشی چۆتە سەرێ. دەبینین کە زۆر زەحمەتیش دێتە پێش تا قازانج بکەین.

کەوابوو حاسڵبەخشیی کار ئەوە بە نەزەری ئێمە زۆر موهیمە. لە واقیعدا تەواوی کۆمەڵی بەشەر لە باری ئیقتیسادییەوە لــە رۆژی هــەوەڵ تـا ئێسـتا لـە سـەر ئـەو

کەلیمەیە، ئەو ئیستلاحە دانراوە. تەواوی هەددفی ئەوەیە کە حاسڵبەخشی بباتە سەرێ، یانێ بە کارێکی کەمتر بەرهەمێکی زیاتری دەست کەوێ. لە هەر جێگایەکی ئەوە زیاتر بوو پێشکەوتووترە. ئێستا جا، باشە ئەگەر لە ئێوە بپرسن لە باری سەنعەتی‌یەوە پێشکەوتووترین وڵاتی دونیا کوێیە؟ دەڵێن چی؟ ئەمریکایە. بۆ؟ چونکە حاسڵبەخشیی لەوانی دیکە زیاترە. دیارە خەڵکی سادە وەك ئێمە نیە. ئێمە ئێستا ئیقتیساد دەزانین دی، لەورۆوە وانیە؟ یانێ ئیقتیساد دەزانین. خەڵکی سادە دەڵێن ئەوە تەیارە درووست دەکاو نازانم بۆمبی ئەتۆمی هەیەو مومکینە ئاوا جواب داتەوە. بەڵام ئێمە وا جواب نادەینەوە. ئێمە کە ئێستا ئیقتیساد دەزانین دەڵێین چونکو حاسڵبەخشی‌یەکە بەرزترە. ئەمریکا حاسڵبەخشیی مەسەلەن لە سوئید بەرزترە، سوئید لە ئاڵمانی غەربی بەرزترە، ئاڵمانی غەربی مەسەلەن لە یونان بەرزترە، یونان لە ئێران بەرزترە. هەروەها دێتە خوارێ ئەگەر تەماشای مەسەلەن ئامارێکی سازمانی میلەلی موتەحید (نەتەوە یەکگرتووەکان) بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چ وڵاتێك بڵێین پێشکەوتووترەو چ وڵاتێك کەمتر پێشکەوتووە.

بەڵام باشە ئەو حاسڵبەخشیی کارە ئەوە چۆن ئێمە بە قەولی کوردی خۆمان ناسی کەین، بیناسینو بزانین چۆنی حەسێب بکەین. چۆن ئاخر خۆ ئەو کارە میتر نیە بچم کارەکە ئەندازە بگرم، کە ئەوەندەی نەداوە، دەبێ مێعیارێکم بە دەستەوە بێ. ئۆسوولەن ئێستا من هەر شتێکم هەبێ بیدەمە بازاڕێ دەبێ مێعیارێکم هەبێ، کە ئەو مێعیارە بە منی نیشان بدا کە ئەو شتومەکەی من ئەرزشی هەیە یان نیە. دەبێ شتێك هەبێ کە موعادڵێکی گشتی بێ، وەك ئاوێنە نیشان بدا کە ئەو شتەی من هێناومەتە بازاڕ، ئەو کارە، ئەو شتوومەکە، ئەو بەرهەمە، ئەوە بایی چەندە؟ بایی بە مانای ئەرزشە. پوولیش هەر لەوێڕا پێکهاتووە.

دەنا ئەوەڵەکەی داستانەکەی دەزانن چۆن بوو؟ لێرەدا نازانم شیری دابە داپیرو ئەو داستانەتان بیستووە. جاران وابوو مەسەلەن دەیگوت ئەمن فلان شتم دەوێ. من دەچوومە بازاڕێ دەمگوت ئەمن پێمەڕەیەکم دەوێ، کابراش گەنمی دەویست، دەچوومە لای ئەو کابرایە دەمگوت پێمەڕەیەکم دەوێ. دەیگوت ئاخر گەنم دەیە. ئەمنیش گەنم پێنەبوو، لۆکەم پێبوو. لۆکەکەم دەبردە لای ئەو کەسە کە گەنمی پێبوو، دەمگوت لۆکەت دەدەمێ گەنم دەیە. دەچم گەنمەکەی دەدەم پێمەڕەکە

وەردەگرم. باشە ساحیبی گەنمەکە کە من دەچووم لۆکەم بۆلای دەبرد، دەیگوت ئەمن لۆکەم ناویّ ئەمن بزنێکم دەویّ. باشە جا من ڕێگام چ دەبوو؟ دەبوا بچم لە پێشدا بزنێکی پەیدا بکەم، بزنەکە بدەم بە ساحیبی گەنمەکە. وانیە؟ پاشان گەنمەکە وەربگرم بیدەم بە ساحیبی پێمەڕەکەو لەوێڕا پێمەڕەکە وەربگرم. دیارە ئەوە هەتا ئەو وەختە کە ئاڵوگۆڕ زۆر کەم بوو، شتێکی زۆر زەحمەت نەبوو. ئێستاش هەر لە کوردەواریدا ماوە، کەم ماوە بەلاّم جاران زۆریش هەبوو. مەسەلەن ترێی دەهێنا بۆ دێیەکی، دەیگوت ترێو گەنم سەربەسەر، کیلویّ ترێ لە موقابیل کیلویّ گەنم. یا سەربەسەر دەیانگۆڕیەوە. ئەوە بە نەزەری من شتێکی پاشماوەی ئەو وەختەیە.

بەلاّم ئێستا دەبینین بە میلیۆن حەتتا میلیارد ئاڵوگۆڕ هەیە. خۆ ناکریّ کابرا بچێ ئەو هەموو گەنمە لە گیرفانی بکا یا مەسەلەن بیبا بیدا پێمەڕەیەک وەربگریّ، ناکریّ، عەمەلی نیە. کەوابوو شتێکیان دیتەوە کە ئیدی ئەوە نەبیّ، کە من ئەوەم برد هەر شتوومەکیّ (شتوومەك بە مانای کالاّ) وەبەر چاوم کەوت، بیدەمیّ، بمداتیّ. ئەوە پووڵە، پووڵیش دیارە بۆ ئەوەی ببێتە پوولّ ئەوەڵەکەی، ئەساسەکەی لە زێڕەوە هاتووە. چونکو ئەرزشی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەویش ئەگەر وەختتان هەبوو موتالیعە بکەن، بۆچی لە بەینی هەمووانددا زێڕ بووەتە پوولّ؟ ئەوە بۆ خۆی داستانێکی، چیرۆکێکی زۆر خۆشی هەیە لە باری عیلمیەوە. بەلاّم ئێمە بەداخەوە وەختمان نیە باسی بکەین.

باشە جا ئەو پووڵە کەوابوو پێی دەڵێن موعادیلی گشتی، یانیّ لە موقابیلی هەموو شتێك دایە. ئیدی پێویست ناکا لۆکە بدەی بە گەنم، ئێستا جا من ئەوجارە ئاوای دەکەم، ئەمن دێمە بازاڕیّ مەسەلەن لۆکەم هەیە، دەمەویّ پێمەڕە بکڕم. ئیدی لۆکەکە دەبەم دەیفرۆشم، پووڵیّ وەردەگرم. بە پووڵیّ دەچم پێمەڕەکە وەردەگرم. هەر شتێکی دیکەشم پێبیّ دەیدەم بە پوولّ کە موعادلی گشتی‌یە، ئەو وەختە دەچم شتی دیکە دەکڕم. کەوابوو ئەوەش بۆخۆی لە مەرحەلەیەکی موعەییەنی پەرەئەستاندنی کۆمەڵدا پەیدا دەبیّ. ئەوەڵەکەی نیە حەتتا لە مەسەلەن زۆر کۆمەڵی وامان هەیە، دەبینی سەری گایان داناوە وەکوو پوولّ، یان مەسەلەن لاقی حەیوانیان داناوە وەکوو پوولّ. بەوە دەبژێرن، دیارە سەرەتاکەی موومکینە بەلاّم لە پاشان کە ولاّتەکە دەچێتە پێشیّ و ئاڵوگۆڕ زیاتر دەبیّ ئەوە ناکریّ کە مەسەلەن من پێنج کامیۆن سەری مانگام

پێ‌بێ، چی؟ مەسەلەن شتی پێ‌بکڕم، ئەوە عەمەلی نیە. بەرەبەرە پـــوولّ دێ. حـەتتا ئەو پوولّەش ئێستا بۆخۆی تووشی کێشە بووە، لە پاشان چونکـە ئەوەڵەکـەی پوولّـی زێو هەبووە، کاغەز نەبوو، حەتتا ئێستا ولاّتی وا هەیـە هێشتا پوولّـی کاغـەز بـە تەواوی لەوێ جێگای خۆی نەکردۆتەوە. مەسەلەن زۆر کەس هەبوون هەتا بیست، سی سـالّ لـەوەپێش ئیمانیـان بـە پوولّـی کاغـەز نـەبوو، وەریـان نـەدەگرت. هـەر لـەو کوردستانەدا دەیگوت نەمن نەوەم دەوێ یا زێوم دەوێ یا زێڕم دەوێ. پاشان وەختێـك نەبوو کە پوولّ بدات.

باشە بۆ پوولّی کاغەزی پێكهات؟ چونکە موعامیلەکە ئـەوەندە گـەورە بـوو لـە ولاّتی بە تایبەت سەرمایەداری‌دا کـابرای سـەرمایەدار دەهـات دەیگـوت بـایی دوو میلیۆن دۆلار گەنم دەیە. باشە دوومیلیۆن دۆلار ئەگەر دەگیرفانی بنێ، با زێڕیش بێ ئەوە دەبێ چەندین کامیۆن لەگەلّ خۆی بێنێ، ئەوەش هەر نەدەبوو. بەرەبەرە گوتیـان لە واقیعدا ئەوەی لە بـانك دادەنێـین لـە جێگـای پوولّـی کاغـەزیمان دەنـێ. پوولّـی کاغەزیان لە جێگای ئەوەی دانێ کە پشتیوانەی ئەو لە باتی ئەوە کـە ئێمـە زێڕەکـە ئاڵوگۆڕ بکەین، کاغەزەکە ئاڵوگۆڕ دەکەین. زێڕەکەش لـە جێگـای خۆیـەتی. بـەلاّم دیارە ئەوە سەرەتاکەی بوو. ئەو کاغەزە بۆخۆی بوو بە موشـکیلی دیکـە. بەرەبـەرە وای لی‌هات، کە ئیدی ئەو پشتیوانیەی نەما، یـانێ لـە سـەرەتادا ئـەتۆ دۆلارێکـی کاغەزت بردبا هەر بانکێکی ئەمریکایی گوتبات ئەوە دۆلارێکی کاغەزی دۆلارێکـی زێڕم بدەنێ، ئێستا هیچ بانکێکی دونیا لە موقابیلی پوولّـی کاغـەزدا بـەو شـێوەیە زێڕت ناداتێ. بۆ؟ یەعنی لە واقیعدا پشیتوانەکە بەو شێوەیە نەماوە. ئەوەش بۆخۆی هێندێ فورسەتی پێكهێنا.

بۆ ئەوەی باش حالّی بن ئێستا ئیشـارەیەکی پێ‌دەکـەم. ئەگـەر دەولّـەت کەوتـە تەنگانە پوولّی نەبوو چی بکا؟ پوولّی بێ پشتیوانە چاپ بکا بـە کـەیفی خـۆی، وەك جمهوری ئیسلامی خۆمان کە یەکێك لە ڕێگاکانی بە خەیالّی خۆی چارەســەر کردنـی وەزعی ئیقتیسادی ولاّت ئێستا پێی وایە ئەوەیە کە پوولّی چاپ دەکا. دیارە پوولّـی بێ‌پشتیوانە کە چاپ بوو نەتایجی یەکجار زۆر خراپی هەیە، دەبێتە هۆی گرانـی. لـە واقیعدا چاپ کردنی پوولّی بێ‌پشتیوانە، دراوی بێ‌پشتیوانە مەسەلەکەی حـەل ناکـا. مەسەلەکە وەپاش دەخا. وەکوو ئەوەیە کە مەســەلەن یـەکێك موعتـاد بوویێـت بـە

فەرزکەین تریاك، ئەو موعتاد بوونە ئەوەیە کە لە ئەوەڵەکەیدا کەمتری مەسرەف دەکا، بەڵام هەرچی زیاتر دەڕوا دەبێ زیاتر مەسرەف بکا بۆ ئەوەی خۆی رابگرێ. هەرچی زیاتر مەسرەف دەکا ئۆرگانیزمی بەدەنی خۆی زیاتر تێك دەدا. ئەوەش وایە، ئیقتیسادو چاپ کردنەکەش وایە. هەرچی دەچێتە پێش زیاتر ئیحتیاجی هەیە پوولێ چاپ بکاو هەرچی زیاتر چاپ بکا ئیقتیسادەکەی ناساڵمتر دەکا، خراپتر دەکاو ئیحتیاجی بۆ چاپ کردنەوەی پوولێ زیاتر دەبێ. عەینی وەکو کابرای تریاکی هەتا لەبەینی دەبا.

دیارە ئەوە حاشیە بوو. بەڵام هەرچی زووە بگەڕێینەوە سەر کارەکەی خۆمان. کەوابوو گوتمان کارمان هەیە. کاری بەرهەمهێنەر، کاری بێ بەرهەمی ماددیو حاسڵبەخشیی کارمان باس کرد. بەڵام گوتمان حاسڵبەخشیی کارمان بۆ ئەندازە ناگیرێ دەبێ بە پوولێ ئەندازەی بگرین. بەڵام پوولێش چۆن ئەندازە دەگیرێ؟ ئەویش ئیشکالاتێکی زۆری هەیە.

کەوابوو ئێستا دەمانهەوێ مەسەلەن فەرزکەین دوو وڵاتمان هەیە جارێ وا دادەنێین دوو وڵاتی مەسەلەن "الف"و "ب"، وا دادەنێین ئەو دوو وڵاتە هەردووکیان جەمعیەتیان وەك یەکە، دانیشتوویان مەسەلەن ١٠ ملیۆنە، هەردووکیان پوولەکەشیان وەك یەکە وا دادەنێین بۆ ئەوەی بکەوینە نێو مەسەلەکە، باشە جا ئێمە چووزانین ئەو وڵاتە پێشکەوتووترە لە باری ئیقتیسادی یان ئەوی دیکەیان. بە چی دەزانین؟ بە حاسڵبەخشیی کار. ئەندازە گرتنی حاسڵبەخشیی کار بۆمان زەحمەتە، ئێمە لێرەدا میعیارێکی ئیقتیسادیی دیکەمان هەیە کە هەموو ئامارێکی ئیقتیسادی، کتێبێکی ئیقتیسادی تەماشا بکەن، ئەلێرەدا باسی دەکا، ئەویش ئەوەیە کە لە فارسیدا پێی دەڵێن "درآمد ملی"و ئێمە پێی دەڵێین "داهاتی نەتەوەیی". داهاتی نەتەوەیی چیە؟ داهاتی نەتەوەیی هەموو ئەو بەرهەمە ماددیەیە کە لە ماوەی ساڵێکدا لە وڵاتێکدا پێکدێ. تەواوی حاسلاتی زەراعەتو بەرهەمی سەنعەتو ئەوەی کە لە رێگاوباندا کار کراوە، هەموو کۆ دەکرێتەوە، ئەوە پێی دەڵێن داهاتی نەتەوەیی نە ئەو هەمووە کە هەیەتی لە وڵاتدا، نە ئەوە نا، بۆچی؟ چونکە هەر وڵاتێك مەسەلەن ئێران بگرن، ئێران ئێستا مقدارێکی زۆر کارخانەی تێدایە، مقدارێکی زۆر رێگاوبانی هەیە، زەراعەتی هەیە، تراکتۆری هەیە، ماشینی

هەیە. بەلاّم ئەوە ئی ساڵەکانی پێشووە ئەوانە ئیتر حەسێب ناکرێن، ئەوەی لەو یەك ساڵەدا بەرهەممان هێناوە، ئەوە لە زەراعەتدا روونترە، لە زەراعەتدا، کشتوکاڵدا هاسانترە، ئەو گەنمەی کە لەوێ ساڵ بە ساڵ پێکدێ، ئەوە لە زەراعەتدا کۆ دەکەینەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە سەنعەتدا پێکهاتووە هەموو قیمەتەکەی حەسێب دەکەین و کۆ دەکەینەوە، دەبێتە داهاتی نەتەوەیی.

باشە جا ئەگەر گوتمان داهاتی نەتەوەیی مەسەلەن دوو وڵات بڵێین بۆ ئەوەی کە تەقریبەن وەك یەك بن، برێکیش دوور نەبن لێرە، مەسەلەن تورکیەو ئێران. ئێران تورکیە تەقریبەن جەمعی‌یەتەکەیان وەك یەکە، تورکیە برێك جەمعی‌یەتی لە ئێران زیاترە بەلاّم خاکی تورکیە لە ئێران کەمترە. بڵێین ئەوە تورکیە ئەوە ئێران، باشە ئەگەر گوتمان داهاتی نەتەوەیی‌یان وەك یەکە هەر دەستبەجێ مانای ئەوەیە کە حاسڵ‌بەخشیشیان وەك یەکە. وانیە؟ ئەگەر زەمینەی کاریش بێ، بەلاّم ئەگەر گوتمان جا داهاتی نەتەوەیی تورکیە زیاترە ـ دیارە ئی ئێران زیاترە ـ یا ئی ئێران زیاترە لە تورکیە مانای ئەوەیە کە دیارە ئێران وەزعی ئیقتیسادی پێشکەوتووترە. باشە، بەلاّم ئەوە خۆ ئەو داهاتی نەتەوەیی‌یە وەك ئەوەیە کە ئێمە بنەماڵەیەکمان هەبێ بیست کەسی تێدا بێ. ئەوەی کە مەسئوولی، خاوەنی بنەماڵەکەیە داهاتی مانگێ بڵێین دوو هەزار تمەنە یەکێ سەد تمەنیان بداتێ چی دەبێ؟ شوغڵیان وەك یەك بێت، بەلاّم ئەگەر وای لێ‌کرد، جا ئێستا ئێمە دەبێ بزانین چۆنە لە کۆمەڵدا. ئایا ئەو داهاتە نەتەوەیی‌یە هەموو کەس وەك یەك وەردەگرێ؟ هەموو داهاتیان وەك یەکە؟ خۆ وانیە لە ئێران ئی وا هەیە حقووقی هەزار تمەنو بە تایبەتی زەمانی شا بڵێین ئی وا هەبووە حقووقی پەنجا هەزار تمەن بووە یا زیاتر بووە. کەوابوو داهاتی نەتەوەیی‌یەکە وەك یەك دابەش ناکرێ. بەلاّم ئێمە ئەگەر بمانهەوێ ـ ئەوەش بۆ ئێمە موهیمە ـ چ لێ‌کەین؟ بێین داهاتی نەتەوەیی ئەوەی کە گوتمان هەزار تمەنە، دابەش بکەین بە سەر دانیشتووانی وڵاتەکەدا، هەرچی هاتە دەستمان زۆر بە کوردی سادە پێی دەڵێن داهاتی سەرانە. سەرانەداهاتمان ئەوەندەیە. بەلاّم ئەوە مانای ئەوە نیە کە هەموو کەس ئەوەندە وەردەگرێ، ئەوە نێوەنجەکەیەتی، دابەشمان کردوە. مەسەلەن فەرزکە هەر لە ماڵیشدا وایە. مەسەلەن کابرایەك ١٠سەر ماڵن و هەزار تمەنیش داهاتیان باشە دابەشی ناکەن. منداڵە چکۆڵەکە کە مەسەلەن عومری دوو ساڵە خۆ سەد تمە

ناداتیّ، بەلاّم ئەوی منداڵە گەورەکەیانە مەسەلەن عومری پازدە یان بیست ساڵە، ئەو دووسەد تمەنی دەداتیّ، سیّسەد تمەنی دەداتیّ، لە حالّیّکدا منداڵە چکۆلّەکە مەسەلەن پەنجا تمەن خەرج بکا. یەعنی فەرقیان هەیە. داهاتی نەتەوەیی ئەوەی کە ئەمە دەڵێین داهاتی سەرانەی نێوەنجی.

کەوابوو داهاتی نەتەوەیی ئەو بەرهەمە ماددیەیە کە وڵاتێك لە ماوەی ساڵێکدا بەرهەمی دێنیّ. ئەو بەرهەمەی کە لە ماوەی ساڵێکدا پێکهاتووە، ئێمە بە پوولّ حەسێبی بکەین، دابەشی بکەین بە سەر هەموو دانیشتوواندا، دەبێتە داهاتی سەرانە. ئەمە پاشان لە قسەکانماندا هەر دێتە پێش، داهاتی سەرانە وابوو و داهاتی سەرانە وای بەسەر هات، جا بۆیە لە ئێستاوە دەمهەویّ کە روون بێتەوە داهاتی سەرانە مەبەست چیە؟ کەوابوو ئەمە مێعیارێکی زۆر باشمان وەدەست کەوتووە، لە هەر وڵاتێکدا داهاتی سەرانە لە هەموو وڵاتەکانی دیکە زیاتر بوو، ئەو وڵاتە پێشکەوتووترە.

دیارە داهاتی سەرانە حەسێب کردنەکەیشی بڕێك ئاوا هاسان نیە. چونکە ئێمە چمان دانا لەویّ؟ گوتمان دانیشتوانیان وەك یەك بیّ. ئەوەمان حەل کرد، دانیشتوانیشیان وەك یەکیش نەبن بە سەر دانیشتواندا دابەش دەکەین. بەلاّم ئێستا ئێمە دەمانهەویّ ئێرانو ئەمریکا موقایسە بکەین، جەمعیەتی ئەمریکا پێنج ئەوەندەی جەمعیەتی ئێرانە، دووسەدو پەنجا میلیۆنەو ئێرانیش چل میلیۆن، بلّێین شەش بەرامبەری ئێرانە. باشە، ئەوە دەتوانین حەسێب بکەین، یا تەقسیم بەر شەشی دەکەین یا زەربدەر شەشی دەکەین یا شتێکی دیکە، ئەمریکا دەلّیّ ئەمن داهاتی سەرانەم دەهەزار دۆلارە تەقریبەن، هەر یەك نەفەر ئەمریکایی ساڵانە بایی دەهەزار دۆلاری داهات هەیە. ئێرانیش دەلّیّ ئەمن دەهەزار تمەنە فەرز دەکەین، باشە، ئەمن ئەو تمەنە چۆنی ئەکەمە دۆلار؟ ئەو دۆلارە چۆن بکەم بە تمەن؟ ئەگەر بە پێی شتی بانکیی بکەم، دەلّێم هەر ئێرانییەك هەزار دۆلار داهاتیەتی. بەلاّم ئەگەر ئەوەی نەکەم، ئەوەی بکەم کە ئەوە لە بازاڕی رەشدا هەیە، یەکێك دەلّیّ دۆلار دە تمەنە، نەخێر دۆلار پەنجا تمەنە، ئەگەر بە پەنجا تمەن حیساب بکەم، دەهەزار تمەن دیارە زۆر کەم دەبیّ، دەبێتە دووسەد دۆلار. زۆر فەرق دەکا. ئەویش یەکێکە لەو ئیشکالاتانەو بە تایبەت ئەگەر ئەوە مەربووت بە وڵاتەکانی سەرمایەداری بیّ، هەموویانو ئەو

دونیای سێهەمەیش لە پاشان باس دەکەین، جوزئـی لـە واقیـعدا سیسـتمی پوولـی، دراوی ولاّتانی سەرمایەداری حەسێب دەکرێن. لێرە هاسانترە بەلاّم کە بوو بـە ولاّتـی سۆسیالیسـتی‌و سـەرمایەداری ئـەوە لـەوێدا ئیشـکالاتێکی یـەکجار زۆر پێـکدێ، مەسەلەن یەکێك دەلێ ئیتیحـادی شـوورەوی داهـاتی سـەرانەی مەسـەلەن دووسـەد رووبلە، باشە، ئەتۆش دەتوانی چۆنی حەسێب بکەی؟ بە رەسمی ئـەوەی کـە دەوڵـەتی ئیتیحادی شوورەوی دایناوە حەسێب بکەی؟ بە رەسمی ئـەوە کـە دەوڵـەتی ئـەمریکا دایناوە حەسێب بکەی؟ بە بازاڕی ئازاد کە وجوودی نیە حەسێب بکەی یا بە بـازاڕی رەشی حەسێب بکەی؟ ئەوە بە نەزەری من زەحمەتە، ئێمە خۆمان تووشی ئەو کێشەیە نەکەین، دیارە رێگای حەسێب کردنی هەر هەیە. عیلمی ئیقتیساد بێدەسـەلاّت نیـە لەوەدا. بەلاّم مەبەستم لەوەش ئەوەیە کە مەعموولەن هێناویانە ئێسـتا، حـەتتا ئـی ولاّتانی سوسیالیتیش دەلێن داهاتی سەرانەیان ئـەوەندە دۆلارە. بـە دۆلار حەسـێبی بکە.

جا ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین ئێستا دەتوانم پێتان بلێم کـە داهـاتی سـەرانەمان هەیە لەو دونیایەدا لە سەدو چەند دۆلارەوە دەست پێدەکا. سەد دۆلار، تـەنیا سـەد دۆلار بۆ ساڵێکی، ئەویش بۆ نێوەنجی‌یەکەی، واقعییەتەکەی لەوەش کەمترە وەك بزانم لە سەد دۆلارەوە دەست پێدەکا، هەتا تەقریبەن شازدە هەزار دۆلار. دیارە ئەوانی کە زۆر لە سەرەوەن دوو بەشن، با ئەوەش روون کەینەوە. بەشێکیان وەك ئـەمریکا، وەك سوئێد، وەك ئاڵمانی رۆژئاواو فەرانسەو سویس‌و کاناداو ئەوانە، ئیقتیسـادەکەیان زۆر پێشـکەوتووە بۆیـە داهاتەکـەیان ئـاوا زۆرە. بـەلاّم بەشـێکیان ئیقتیسـادەکەیان پێشکەوتوو نیە بەلاّم داهاتیان زۆرە، وەك کوێ؟ وەك کوەیت، عەرەبستان سـعوودی، وەك قەتـەر، وەك ئیمـاراتی موتـەحیدەی عـەرەبی، ئێسـتا ئـەوەڵ ولاّت ئیمـاراتی موتەحیدەی عەرەبی‌یە لە باری داهـاتی سـەرانەوە. چونکـە نـەوتێکی زۆری هەیـەو دانیشتووانی کەمەو کە دابەشی دەکەی بە سەریاندا دەبێتـە سـاڵێ حـەڤدە، هـەژدە هەزار دۆلارو لە ئەمریکاش زیاترە، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیقتیسادەکەی لـە ئەمریکا پێشکەوتوترە. ئەوە بەو مانایەیە کە پێی دەلێن لە فارسی‌دا "اقتصاد یـك پا" یانێ لە واقیعدا لە سەر یەك رشتەی ئیقتیسادی دامەزراوە، کە ئـەویش نەوتـە. ئەگەر نەوتەکەی لێ بستێنین لە برسـان دەمرێ. ئێسـتا هـەر ئـەوڕۆ مەسـەلەن لـە

کوەیتدا نەوت داهاتی نەبێ، ئاویشیان نیە بخۆنەوە، چونکە ئاوەکەش لە واقیعدا بە نەوتی دەکڕن.

کەوابوو ئێمە کە دەڵێین پێشکەوتوو، دەبێ لە هەموو بوارەکانەوە تەماشای بکەین. پێشکەوتووترین وڵاتی ئابووری لە باری ئابووریەوە ئەو وڵاتەیە کە داهاتی سەرانەی لە هەموویان بەرزتر بێ و ئەو وڵاتانەن کە زیاتر لە باری ئیقتیسادیەوە پێشکەوتووترن: ئەمریکاو سوئێدو سویس، فەرانسە، ئاڵمانی غەربی و دانمارکو کاناداو وڵاتانی ئیسکاندیناوی بەگشتی، نیوزلەندو ئافریقای جنووبی و ئیتالیایە. ئەوانە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوترن، ئێستا ئێمە ئیدی شتەکانمان هاتە دەست. یانێ تێگەیشتووین لە ئیقتیسادا لە کارەوە هاتووین تا گەیشتووین بە داهاتی سەرانە. کەوابوو ئەو شتانە ئێمە دەبێ بزانین کارە، کاری بەرهەمهێنەرە، کارێك کە بەرهەمی ماددی نیە لە پاشان حاسڵبەخشیی کارە، لە پاشان داهاتی نەتەوەیی و داهاتی سەرانەیە.

ئەوانە بە نەزەری من باش بزانن ئەو وەختە دەتوانین بچینە سەر ئەو سێ شتەی کە باسمان کرد، ئەوە موتالیعە بکەین. لە ئیقتیسادی سیاسیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن مەقوولە ـ داهاتی نەتەوەیی مەقوولەیە ـ ئێمە بە سەدانی وامان هەیە کە ئێمە دەبێ زانین، ئەگەر بمانهەوێ باش بزانین. بەڵام ئێمە جارێ لێی دەگەڕێین، وەکوو گوتمان ەوەندەی دەبێ بزانین کە بۆ ئەو دەرسەمان پێویستە.

ئێمە باسمان کرد کە لە سەرەتاوە کە کۆمەڵ دەست پێدەکا بە بەرهەم، مەسەلەی یاد بوونی ئەو بەرهەمەمان باس کرد، ئەو نوختە حەساسەمان باس کرد کە لێرە ستیسمارو تەبەقەو ئەوانە هەموو پەیدا دەبێ هەتا دەچێتە پێش. ئێمە لە عیلمی قتیسادا تەرەفین لەگەڵ پێنج مەرحەلە لە پەرەئەستاندنی کۆمەڵدا. پێش ەموویان ئەوەی کە دەڵێم کۆمۆنی سەرەتاییە. کۆمۆنی سەرەتایی ئەوەیە کە لە ێدا هیچکەس خاوەنی هیچ وەسیلەیەکی تەولید نیە، هەموو پێکەوە کار دەکەن و موو پێکەوە دەخۆن، ئەوەی کە باسمان کرد. هیچ شتێکی زیادیش نیە کە یەکێك هەڵگرێ و بڵێ ئەمن لەوڕۆوە کار ناکەم کەسی دیکە کار بکا ئەمن بەرهەمەکەی م، ئەوە نیە هەموو پێکەوە کار دەکەن و هەموو پێکەوە دەخۆن. لە بەر ئەوە

تەبەقەش نیە، لە بەر ئەوە چەوسانەوەش نیە. ئەوە پێی دەڵێن کۆمۆنی سەرەتایی، دیارە ئەوە بە سەدان ساڵو سەدان هەزار ساڵ درێژەی بوو.

ئەوە درێژترین مەرحەلەی لە واقیعدا ژیانی بەشەرە لەو وەختەی بەشەر پێکهاتووە هەتا ئاخری کۆمۆنی سەرەتایی. ئەوە لە ئاخیرەکەی ئەو نوختەیە کە بەشێك پەیدا دەبن دەڵێن ئێمە پێویست نیە کار بکەین. چ نیازی هەیە کار بکەین پێنج شەشێکیان ئەوانەی لە هەموویان سەرەوەترن یا زیرەکترنو یا رەئیس عەشیرەت یا مەلایە، رەئیس قەبیلەیە، خولاسە ئەو کارکەرە کە کاری نەکرد بەرەبەرە تەقسیم دەکرێ.

مەرحەلەی دووهەمەکەی یا قۆناغی دووەمەکەی ئێمە پێی دەڵێین کۆیلەتی یە ئەوە فارس پێی دەڵێ "بردەداری". ئەو وەختەیە کە ئیستیسمار هەیە، چەوسانەوە هەیە. زۆریش روونە ئەویش ئەوەیە کە کۆیلە "بردە" هەرچی دەیکا هەر بەرهەمێک هەبێ ساحیبەکەی لێی دەستێنێ، ئەوەندەی دەداتێ کە لە برسان نەمرێ. بۆ ئەوە کە بتوانێ سبەیش کاری بۆ بکا. لەوەش زیاتر، شتومەکە! دەتوانێ بیفرۆشێ خەریدو فرۆشی ئازادە، دەیبا لە بازاڕدا وەکوو ئەسپێ دەیفرۆشێ، بارەکەی دەفرۆشێ ئینسانەکەیش دەفرۆشێ، ئەوەش مەرحەلەی دووهەم.

پاشان مەرحەلەی سێهەم، مەرحەلەی ئەوەی کە دەڵێن مەرحەلەی فیئودالیزم دەرەبەگایەتی، کە ئەو وەختە دیارە وەزعەکە فەرقی کردوە. ناتوانێ ئەو کەسە کە کاری بۆ دەکا بیفرۆشێ. باسی دەکەین کە ئەوە چۆنەو شێوەی بەرهەمهێنان لە پاش فیئودالیزمیش، سەرمایەدارییە. لە پاش سەرمایەداریش سۆسیالیزمە کە بۆخۆی مەرحەلەیەکی سەرەتایی ئەو کۆمەڵەیە کە پێی دەڵێن کۆمۆنیزم کە سەرتان دەرنایە. ئەوە ناتوانین ئێستا بڵێین چونکە ئەوە جارێ زۆر دوورو درێژە یانێ عومری ئێمە حەتمەن درێژتر دەبێ. جا ئەوە با بێڵین بۆ نەسلی داهاتوو، بەڵام ئەوە بۆ ئێمە نەقدە سۆسیالیزمە کە باسی دەکەین. باشە، جا پێم خۆشە دیققەت بکە ئەویش مەسەلەیەکی قووڵە لەو پێنجە.

کۆمۆنی سەرەتایی لە هەموو کۆمەڵێکی ئادەمیزاددا هەبووە. هیچ جێگایەك کە ئەو کۆمۆنە بەرچاو نەبێ. لە هەر جێگایەك ئادەمیزاد هەبووە، ئەو کۆمۆنە هەبووە. ئیدی جا ئەوە باسی ئەوەیش ناکەم کە عیلم دەڵێ کاتێك لەو وەختەوە

مەیموون بۆتە ئینسان یا لەو وەختەوە کە خودا حەزرەتی ئادەمو حەوای خەلق کردووە، ئەوەش باسێکی فەلسەفی‌یە. کۆمۆنی سەرەتایی لە هەموو کۆمەڵێکدا لە ئۆستڕالیاش هەیە، لە ئەمریکاش هەیە، لە ئاسیاش هەیە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا هەیە، زۆریش درێژە سەدان هەزار ساڵ شایەد زیاترە. بەڵام بەردەداری (کۆیلەتی) بەو شێوەیە کە ئێمە لە رۆمو لە یوونان دەبینین کە وڵاتانی کلاسیکی ئەوێن، ئەو بەردەداریەن، ئەو کۆیلەتیەن. ئەوە لە وڵاتانی ئاسیایی‌دا نیە. هەر لە ئێرانی خۆشماندا ئەوە نەبووە، لە میسریش ئەوە نەبووە، کەوابوو کۆیلەتی بە شێوەی کلاسیکی‌یە کە هاتووە، مەرحەلەیەکی، قۆناغێکی ئیجباری نیە حەتمەن دەبێ ببێ، جارجار کۆمەڵ بازی داوە بە سەری‌دا.

دێینە سەر فێئودالیزم، دەرەبەگایەتی، چ پێمان خۆش بێو چ پێمان ناخۆش بێ - نازانم کوڕە دەرەبەگتان تێدایە یان نە - ئەو دەرەبەگایەتی‌یە لە هەموو جێگایەکدا هەیە. شێوەکەی فەرقی هەبووە. ئێمە دەتوانین لە پاشان باسی بکەین کە شێوەی دەرەبەگایەتی مەسەلەن کوردستانی ئێمە فەرقی لەگەڵ شێوەی دەرەبەگایەتی ئی وڵاتانی ئورووپایی چیە. بەڵام هەبووە دەرەبەگایەتیش. کەوابوو دەرەبەگایەتیش وەك کۆمۆنی سەرەتایی، ناچاری بووەو هیچکەسیش نەیتوانیوە بە سەری‌دا باز بدا. مەرحەلەیەکی ئیجباری بوو.

دەگەینە سەرمایەداری، دیارە هەتا سۆسیالیزم پێکنەهاتبوو، هەموو کەس پێی وابوو سەرمایەداریش ئیجباری‌یە، مەرحەلەیەکە، قۆناغێکە کە ناتوانی بە سەری‌دا باز بدەی. بەڵام تەجروبەی هێندێك وڵاتان نیشانی دا کە دەتوانینو بەتایبەتی تەجروبەی "مەغوولستان"، من مەغوولستان کە دەڵێم "جمهوری تودەای مغولستان"و جمهووری‌یەکانی ئاسیای میانەی ئیتیحادی شوورەوی وەك قرقیزستانو تورکەمەنستانو ئەوانە...، ئەوانە وڵاتێك بوون مەسەلەن مەغوولستان کە ئێستا وڵاتێکی سۆسیالیستی‌یە ، قەت سەرمایەداری نەبووە. قەت یەك کارگا نەبووە کە کرێکاری تێدا بێ، کاری کردبێ، ئیستیسمار کرابێ، راست لە نیزامی عەشیرتیی پاشکەوتوو، فێئودالیزمی پاشکەوتوو هاتووە. چۆن بازی داوەو چووە بۆ مەرحەلەی قۆناغی سۆسیالیستی دیارە ئەوە یەك شەرتی هەیە، هەروەها ناکرێ. شەرتەکەی بێجگە لە وەزعی داخلی کە مەسەلەن دەبێ هێزێکی ئەوتۆ هەبێ لە باری سیاسیەوە

که بەڕێوەبەری ئەو میللەتە بێ بەرەو سۆسیالیزم، بێجگــە لـەوە یارمــەتیی دەرەوەی وڵاتێکی گەورەی سۆسیالیستی وەك شوورەوی پێویست بوو. هیــچ وەخـت سـەربەخۆ بۆخۆی نەیدەتوانی بەرەو سۆسیالیسم بڕوا ئاوا ڕۆیشتووەو ئەو وەختــە کـە باسـێکی دوورو درێژ لە سەر ئەوە هەبوو، عیدەیەك لەوانە کە زۆریش زانا بوون، دەیانگوت کە لە مەغوولستان ئێمە دەبێ لە پێشدا سەرمایەداری پێك بێنــین. کـە سـەرمایەداری پێكهات لە پاشان چینی کرێکاریش پێك دێت، ـ ئەوەش کە تەقریبــەن کۆمەڵــە تـا رادەیەك لە سەر کوردستان دەڵێ چینی کرێکار کە پێكهات، پرۆلێتاریا پێكهات ئەو وەختە ئــەو چینــی کرێکــارە شۆڕشـێکی سۆسیالیسـتی دەکـاو دەست پێدەکـا بـە دامەزراندنی کۆمـەڵی سۆسیالیسـتی ـ "لنــین" گوتــی بـۆ وابکـەین، خـۆ ئێسـتاش دەتوانین بەبێ ئەوەی ئەو سەرمایەدارییە پێك بێنین، ڕاستەوخۆ ئـەوە دەڕۆیـن بـەرەو سۆسـیالیزم. هیــچ ئیحتیاجێکمــان بــە ســەرمایەداری نیــە، چ پێویســتێك هەیــە ســەرمایەداری لــەوێ پێــك بێنــین. ئــەوجار هــاتن فکریــان کــردەوەو دیتیــان هیــچ پێویستییەکی نیە، دەکرێ بە تەدریج، بەرەبەرە بەرەو سۆسیالیزم بڕۆن. یانێ ئەوە کە دەگوترا بناغەی ئیقتیسادیو ئیجتیماعیی سۆسیالیزم دەبێ سەرمایەداری پێك بێنــێ ڕاستە، بەڵام ئەوە لەوێ هیچ پێویست نەبوو وای لێبێ.

من لە سەر ئەومەسەلەیە تەکیە دەکەم، کە پێموایە کە نەك وەك مەغوولستان نا، کۆمەڵی کوردەواریی ئێســتای ئێمــە زۆر پێشــکەوتووترە لــە مەغوولســتانی ســاڵی ١٩٢٤ کە دەبێتە ٦٠ ساڵ لەوەی پێش. ئی ئێمە ئێستا زۆر پێشــکەوتووترە، بـەڵام هێندێك شەباهەتی بەو وەزعە هەیە. سەرمایەدارییەکی زۆر گەورە لــە کوردسـتاندا پێــك نــەهاتووە. پرۆلێتاریایــەکی ئــەوتۆ بــەرچاو ناکــەوێ. ئایــا ئێمــە رابوەســتین سەرمایەداری، پرۆلێتاریا پێك بێنین جا ئــەو وەختــە بــەرەو سۆســیالیزم بڕۆیــن؟ یـا دەتوانین بە بێ ئەوەش ئەوەی بکەین، ئەوەش بۆخۆی باسێکە کە ئیشــارە دەکـەم بـۆ ئەوەی کە زەمینەی فیکری پێك بێنین.

بەڵام بــا بگەڕێینــەوە بــۆ ئــەو پێنــج مەرحەلەیــە. دیــارە پــاش ســەرمایەداری، سۆسیالیزمیش بە نەزەری من ئیجبارییە. ئیجبارییە چونکو هیچ ڕێگایەکی دیکــە نیە. سەرمایەداری کە کۆمەڵێکە کە چەوساندنەوەی تێدایە دەبێ لەبەین بچێ. دەبـێ یەك شت ببێ بە مێعیــار لــە دوارۆژی کۆمــەڵی ئادەمیزاددا، ئــەویش کــارە. هیـچ

ئیمتیازێکی دیکە نابێ، چونکو فلانکەس کوڕە ئاغایە دەوڵەمەندەو، ئەوی دیکەش کوڕە سەرمایەدارە دەوڵەمەندەو ئیمتیازێکی هەبێ. لە حالێکدا ئەوەی کە مەسەلەن لە باری خۆیەوە شایەد کار باشتر بزانێ بۆ کۆمەڵ بکاو داهاتی کەمتر بێ.

ئێستا ئەو داهاتی سەرانە لە وڵاتی ئەمریکادا چۆن دابەش دەکرێ؟ مەسەلەن فەرز دەکەین خانمی کریستانا، ئەو کچی یونانتێسە. یونانتێس کابرایەکە یونانی لە ئەمریکا گەورە بوو ـ دیارە وەفاتی کرد ـ لە پاشان ژنی کێنێدیشی هێنا، ژاکلین کێنێدیی هێنا. لە ئاخری عومری‌دا ئەو کابرایە زۆربەی زۆری کەشتی نەوت‌کێشی دنیای ئەو وەختەی بەدەستەوە بوو. یەکجار زۆر دەوڵەمەند بوو. کتێبێکی نووسراوە لە سەر، لە سەر ئەو وەختەی کە ژاکلینی هێنا، نووسراوە لە سەری کە ئەوانە هەرچی دەیانکرد کە ژاکلین کێنێدی بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بوو بە ژنی، پاش کوژرانی کێنێدی کە رەئیس جمهووری ئەمریکا بوو بە ژنی یونانتێسی تەواوی هەمی ئەوە بوو. ئەسڵەن نەخۆشی ئەوەی هەبوو، دەچوو شتی دەکڕی، هەروا شتی دەکڕی، پووڵی زۆر بوو دراوی یەکجار زۆر بوو و زۆر جاریش شتەکەی دەکڕی‌و بەجێی دەهێشت، هەر نەی‌دەویست، هەر پێی خۆش بوو، هەر کڕینەکەی پێ‌خۆش بوو. لەگەڵ ئەوە یەکێك دوکتورێکی شتێکی جوانی لە سەر ئەوانە نووسیبوو کە حەسێبی بۆ کردووە کە نەیانتوانیوە هەردووکیان ساڵێ زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دۆلار خەرج کەن. دیارە ٢٠ میلیۆن دۆلار زۆرە، ئەوە بۆ ئێمە زۆرە، بۆ پێشمەرگە زۆرە بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن خەرج بکەن. ٢٠ میلیۆن دۆلار یەك لە دەی کەمتری داهاتی ساڵانەیان بوو. یانێ حەتتا لە ١٠ دۆلار داهات کە هەیانبوو، یەکێکیان بۆ خەرج دەکرا، ٩ی زیادی دەماوە، بێجگە لە ئەسڵی سەرمایەکە کە لە جێگای خۆی‌دا بوو. لە حالێکدا چەندین جەزیرەیان کڕیبوو کە جەزیرە ئی خۆیان بوو بێجگە لە چەندین کەشتی تایبەتی کە دەیان‌توانی ساڵەها تێی‌دا بژین، بە هەموو دەزگایەك. خانوویان هەبوو، لە ئورووپا خانوویان هەبوو، لە ئاسیا، لە ئامریکا بە هەموو خەدەمەوە، بە نۆکەرو بە کولفەتو بە خدمەتگوزارو بە تەواوی ئەوانە دیسانەکان ٢٠ میلیۆنیان خەرج بۆنەدەکرا.

ئێستا کچی یونانتێس، خانمی کریستینا کە عەرزم کرد کچی وی‌یە، ئەو هەموو داموو دەزگایە بۆ ئەو ماوە داهاتەکەی دیارە داهاتی سەرانەی ئەو فەرق دەکا لەگەڵ

داهاتی سەرانەیەکی نێوەنجی. هیچ خزمەتێکیشی نەبووە، خزمەتەکەی هی خۆی نیە، بابی دەولەمەندە. مومکینە ئەگەر دەگەڵ کچێکی متەوەستی موقایسە بکەی هیچ ئیمتیازێکی نیسبەت بەو نیە. بەڵام داهاتی ئەوەندە زۆرە کە نازانێ چی لیّبکا. خەرجی بکا. کەوابوو ئەوە دیارە سەرمایەداری ئەورۆی عادلانەیە! شتەکە ئاوا هاتووە. باشە دەگەڵ ئەوە ئەو واقعییەتە دەبێ بڵێین کە سەرمایەداری هەیە. ئەوە ئینسانێك کە رۆژبەرۆژ دەچێتە پێشێ لە باری فیکریەوە ناتوانێ تەحەمول بکا، وانیە؟ دەبێ رۆژێك بێتو ئێستا هەر لێرە ئەمە جارێ نە سۆسیالیزمان دامەزراندووەو نە هیچ. ئێوە لە داخیل حیزبێکی شۆڕشگێڕ وەك حیزبی دێموکرات کۆبوونەوە بەڵام ئەگەر یەکێك ئیمتیازێکی خۆڕایی هەبێ زوو ئیعتیراز دەکەن. ئەوەی بۆ فلانکەس وایە، هەتا نەك هەر ئەوەی ئەدی بۆ هێزی ئاوارە ئەوەی دەست کەوتووە لە حاڵێکدا مەسەلەن هێزی بێستوون نیەتی. ئیعتیرازەکە دەست بەجێ دەگا! دیارە ئەوە بەشێکی خراپی هەیە چونکو هەر ئیمتیاز دەبێ لە جێی خۆی بدرێ. کارم بەوەی نیە، بەڵام مەنزوورم ئەوەیە کە هەموو دەبێ وەك یەك لەو ئیمتیازانە بەرخوردار بن جا ئەگەر بەشەر بەرەو ئەوەی دەڕوا لە دوارۆژدا رێگا نادا سەرمایەداری حاکم بێ. سەرمایەداری مەحکوومە بە فەنا. دەبێ لەبەین بچێ. کەوابوو سۆسیالیزمیش کۆمەڵێکی ئیجبارییە.

نەتیجە: کۆمۆنی سەرەتایی، فیئودالیزمو سۆسیالیزم ئەوانە ئیجبارین، هی هەموو کۆمەڵێکە. لە سەرەتای مەدەنییەتی تەمەدونی بەشەریدا لە حاڵێکدا بەردەداری (کۆیلەتی) بەو شێوە ئیجباری نیەو نەبووە، باسیشی دەکەین. هەروەها خودی سەرمایەداریش دەکرێ بە سەریدا باز بدەین. تا رادەیەکی زۆر مەغوولستان بە تەواوی بازی بە سەریدا داوە. ئێمە لە کوردستاندا باوەڕمان بەوەی هەیە کە سەرمایەداری تا رادەیەك پێکهاتووە، بەڵام دیسان ئایا ئێمە بەرەو سەرمایەداری بڕۆین یا بەرەو سۆسیالیزم بڕۆین. یا لەپێشدا دەبێ بۆ رۆیشتن بۆ لای سۆسیالیزم دەبێ سەرمایەدارییەکە درووست بکەین جا لەپاشان بڕۆین. ئەوە شتێکە کە دەتوانین باسی لە سەر بکەین. بە نەزەری من پێویست نیە.

دەبا بگەڕینەوە سەر کۆمۆنی ئەوەڵیە. نامەوێ زۆر قسە بکەم چونکە پێموایە ئەوە ئیدی لە سەر کۆیلەتیش هەر ئەوەندە بەسە. پێموایە لەوە زیاترمان ناوێ کە لە

واقیعدا لەوێ کابرای خاوەنی کۆیلە نەك خاوەنی کاریەتی بەڵکوو خاوەنی خۆشیەتی. دەتوانێ بیفرۆشێو دەشیفرۆشێ. ئەسڵەن تەجارەتی بەردە هەتا ١٥٠ ساڵ لەوەی پێشو هەتا لە بەعزە جێگایەك هەتا ٢٠، ٣٠ ساڵ لەوەیپێش هەر مابوو ئێستاش بە شێوەیەکی دیکە هەیە. دیارە بەداخەوە بە شێوەیەکی دیکەو زۆر ناخۆشتر، ئەویش ئەوەیە کە عیدەیەك، ژمارەیەك ـ دیارە ئەوە هەو نیە بەلام دیسانەکە لە واقیعدا هەوە ـ ژمارەیەك لەوانەی کە بەڕاستی ماکەی فەسادن لە ولاتەکانی سەرمایەداریدا کە لەگەڵ خودی سەرمایەداریش ڕێك دەکەوێ، کاریان ئەوەیە کە کومپانی (شیرکەت)ی زۆر گەورەیان هەیە، ڕەوابیتی زۆر قایمیان هەیە لە نێو دەوڵەتدا، لە نێو پۆلیسدا، لە ولاتەکانی ئورووپای غەربیەوە دەچن لە ولاتەکانی ئافریقایی، ئامریکای لاتین، خاوەرمیانە (ڕۆژهەلاتی نێوەراست) کچی جەوان دەکرن، کچی ١٠ـ٩ ساڵە دەکرن. میللەتەکە فەقیرە بە پوولێکی کەم کچەکە دەفرۆشن. ئەو کچانە دێنن تەربیەتیان دەکەن، لە پاشان بەداخەوە دەیانفرۆشن. دەیانکەن بە وەسیلەی مەعاش لە ئورووپا. ئەوە شتێکە، تەجارەتێکە بەداخەوە یەکجار زۆر ڕەونەقی هەیە. ئێستا شتێکی تەبیعییەو فەرزکە کابرا لە ئامریکاوە یا لە ئورووپاوە دەچێ بۆ ولاتێکی ئافریقایی کە داهاتی سەرانە ساڵێ ١٠٠ دۆلارە، باسمان کرد، ئەویش ٥٠٠ دۆلاری دەداتێ، ١٠٠٠ دۆلاری دەداتێ، حازرە هەم کچەکەی دەدا، لە برسان ئەوە وەردەگرێ. بە هەزارو یەك فڕوفێڵ، دیارە شەبەکەیان هەیەو فڕوفێڵیان هەیە بۆ ئەو کارە. بەو شێوەیە کۆیلەتی ئێستاش ماوە بەلام ئیدی وەکو ئیعتیباری ئیقتیسادی گشتییەکەی نەماوە، لەبەین چووەو لە پاشان لە واقیعدا مەحکوومیش کراوە لە هەموو ولاتەکاندا. ئاخر ولات کە مەحکوومی کردو تێیدا مابوو، عەرەبستانی سعوودی بوو.

بەلام باسی فیئودالیزمەکە دەبێ بڕێك بکەین. چونکە ئێمە ئێستا خۆمان دیارە یانێ ئێمە ولاتەکەمان لەو مەرحەلە دایە. داخیل سەرمایەداری بووین بەلام نە بە تەواوی. فیئودالییشمان بەجێ هێشتووە بەلام نە بەتەواوی. یانێ لە واقیعدا، لاقێکمان لە فیئودالیزم دایەو لاقێکمان لە سەرمایەداریدا. ئاخری فیئودالیزمو سەرەتای سەرمایەداریو پاشان ئەو شتەی کە لە ئێراندا هاتووە سەرەتای شۆڕشی ئێران؛ ئێستا دیارە وەزعەکە روونە بەلام لە سەرەتای شۆڕشدا مەعلووم نەبوو ئەو

ڕێژیمە لەکوێڕا بۆ کوێ دەڕوا. وادیارە بۆ ئێمە مانان ئەقڵەن روون بوو، بەڵام زۆرکەس بە تایبەتی ئەو هێزە چەپانە (لە حیزبی توودەوە بگرە چریکو مریکو ئەوانە) کە تەبلیغاتیان دەکرد کە دژی ئیمپریالیستە، بەرەو سۆسیالیزم دەڕوا. بەڵام واقعییەت ئەوە بوو کە لە ترسی خەڵکی، لە ترسی کۆمەڵانی خەڵك ڕێژیمیش بڕیاری خۆی نەدابوو، نەیدەتوانی بڕیار بدا. ئەگەر لەبیرتان بێ چ شەڕێکیان نەکرد لە سەر بەندی "ج"، چ شەڕێکیان نەکرد لە سەر میللی کردنی تیجارەتی خارجی. ئاخرەکەی دەرکەوت کە سەرمایەداریان ئێستا هەڵبژاردووەو ئیدی تەواو بوو، زیددی ئیمپریالیزمیش نەماوە. ئێستا روونە بۆیە پێموانەبێ ئێستا بۆ کەسێك روون نەبووبێت.

بەڵام ئەوەی کە من دەڵێم ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵی کوردەواریمان بە تایبەتی ئێران زیاتر بەرەوە سەرمایەداری ڕۆیشتووە، یانێ ئێران لە ساڵەکانی ئەخیری زەمانی شاهەنشاهیدا بە گشتیو بە تایبەتی شارە گەورەکان ئیدی ببوو بە وڵاتێکی سەرمایەداری بە هەموو شتە خراپو باشەکانیەوە. بەڵام کوردەواریی ئێمە جارێ نەگەیشتبووە ئەو رادەیە. سەرمایەداری تێیدا بە وجوود هاتبوو، ڕەوابتی سەرمایەداری، بەڵام نەگەیشتبووە ئەو جێگایە کە بە تەواوی ببێتە سەرمایەداری؛ چونکو پاشماوەی پەیوەندییەکانی فیئودالی تێدا هەبوو، مابوو. فیئودالی بۆخۆی مەراحلی هەیە، سێ قۆناغی ئەساسی لە فیئودالیزمدا بەرچاو دەکەوێت:

قۆناغی ئەوەڵ: ئەوە کە لە وڵاتەکانی ئورووپاییدا هەبووە لە کوردەواریی ئێمەدا کەم بووە، قۆناغی یەکەم بووە. زۆریش درێژ بووە لە وڵاتەکانی ئورووپاییدا. ئەوە بووە کە ئاغا بە کوردی خۆمان دەڵێم خاوەن زەوی، خاوەنی زەوی بوو. ئەوەی کە پێیان گوتووە "سرف" یان هەر ناوێکی دیکەیان لە سەر ناوە، ئەو کاری ئەوە بوو کە زەویی نەبووە دوو کاری کردووە. یانێ زەوییەکی داوەتێ ئاغا بە ئیجارە، سێ رۆژ لە سەر زەوی خۆی کاری کردووە، سێڕۆژ لە حەفتەدا لە سەر زەوی ئاغا کاری کردووە. رۆژی یەك شەممۆانیش جومعەی ئێمەش تەعتیل بووە. یانێ ئەوە کە پێی دەڵێن "رنتی" یان لە واقیعدا ئەرزی، زەوی یانێ چ بووە؟ چووە کاری بۆ کردووە بە کار ئیستیسمار کراوە. ئیستیسمارەکە زۆر روونە ئیدی، ئەتۆ سێ رۆژ بێی لە سەر زەوی من کار بکەی، بۆ من کار بکەیو تەواوی بەرهەمەکەیش ئی من بێت، ئیدی بە

تەواوی روونە کە ئەو سێ رۆژە ئەتۆ ئیستیسمار کراوی‌و سێ رۆژەکەی دیکەش بۆخۆی کاری کردوە. دیارە هەر وەختێك کاری نەبووە ئاغا مەجبووری کردوە زیاتر لە سەر زەوی ئاغادا کار بکا. شتێکی زۆر تەبیعیشە ئەوەش گوتنی زیادیە کە باشترین زەویشی هەبووە، وەختێك بۆخۆی ئاغا هەڵی‌بژاردوە. زەویە باشەکەی بۆخۆی هەڵبژاردوە، ئەوی بەرهەمی باشتر بووەو زەویە خراپەکەی داوە بە رەعیەت. ئەوە قۆناغی ئەوەڵ بوو.

قۆناغی دووهەمی دیارە کە پێشکەوتووترە ئەوەیە کە لە کوردستان ئێمە هەمانە. ئەویش ئەوە بوو کە زەویەکە لە واقیعدا حاسیلەکە بەش کراوە. لەوێ کارەکە دەکرا سێ رۆژ بۆخۆی کاری دەکرد، سێ رۆژ بۆ ئاغا کاری دەکرد. لێرە نا، زەوی‌یەکەی داوەتێ، چووە کاری کردوە بەرهەمەکەی حازر کردووە کە حازر بووە ئاغانەی تێدا بووە باشە چا ئیدی بەش‌کردنەکە فەرقی هەیە. لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا. لە ١٠و٢ەوە بگرە، ١٠و٢ ئەوەیە کە ٢بەشی بۆ رەعیەتە ٨بەشی بۆ ئاغایە، لەوێرا بگرە تا دەچێتە ئەوەی کە نیوە بە نیوەیە، نیوەکارەیە، سێ‌کوتە، سێ یەك بەرە. سێ‌کوت ئەوەیە کە دوو بەشی ئی ئاغایە بەشێکی ئی رەعیەتە یا زۆر جاریش ئەو سێ‌کوتە سێ لایەشی هەیە. مەسەلەن لە توتندا وایە، دەبینی تووتنەوانێکی دەگرێ لە پاشانیش جووتێرێکیش عەرزەکەی دەکێڵێ، کاری زەراعەتەکەی دەکا. ئاغاش کە ساحیبی عەرزەکەیەو کە لە پاشان تووتنەکە دەبێتە سێ بەش. یەك بەش ئاغا وەری‌دەگرێ، یەك بەشیش ئەو کەسەی کە زوەیەکەی کێڵاوەو ئەوانە، بەشێکیش تووتنەوان هەڵی‌دەگرێ. لە پاشان ٣ـ١ بەرە کە عەکسی سێ‌کوتەکەیە، هەروەها تا نیوەکارە بەلام یەك شت لێرەدا هەیە، لە فیئودالیزمی کوردەواری‌دا بە تایبەتی زۆر روونە، پێنج عامیل تەئسیریان هەیە: زەویە، ئاوە، تۆیە، کارە، وەسیلەی تەولید. هەرچی ئاغا زیاتر لەوانە بدا ئەوەندە زیاتر هەڵدەگرێ. مەسەلەن فەرز دەکەین نیوەکارە، کەنگێیە؟ دیارە هەموو وەختێك وا یە؟ بەلام ئەگەر زەویەکە بەرئاو بێ، زەویەکە ئی ئاغایەو ئاوەکەیشی ئی خۆیەتی ە دیارە ئاوەکەش ئی ئەوە، نیوەی تۆیەکەی دەدا، وەسایلی تەولید بلێین جووتەگاو هوانە ئی رەعیەتەکەیەو کارەکەیش ئی رەعیەتە کەوابووە دەبێتە نیوە بە نیوە. ئەوە بوەکارەیە. لە سێ‌کوتدا ئاغا هەر شتێکی دەدا، دیارە سێ‌کوت ئاغا یەك بەشی

هەیەو رەعیەت دووبەشی هەیە لە سێ‌کوتدا. ٣ـ١ بەرعەکسی ئەوە، لە سێ‌کوتدا ئاغا مەعموولەن هەر زەوی‌و ئاوەکەی دەدا، تۆەکەی نادا. یان زۆر جار وایە ئەسڵەن دێمە ئاوی نیە، ئەو پێنج عامیلە هەموو وەختێك تەئسیری هەیە. هەرچی رەعیەت زیاتر بدا زیاتری وەبەر دەکەوێ، ئاغا زیاتر بدا زیاتری وەبەر دەکەوێ. بەلاَم ئاغاش شەرتێکی بدا ئەگەر زەوی‌یەکە باشتر بوو ئەوەش بە قەرز لێ‌دەکرێ. زەوی‌یەکە هەرچی باشتر بێت ئاغا پێی خۆشە زیاتر ببا، چونکو حاسڵەکەی باشترە. زەوی‌یەکە هەرچی خراپتر بێ، دێم بێ، بەردەلاَن بێ ئەو وەختە ئاغا پێی خۆش نیە هیچ بدا. دەچێ دەی‌کێلێ ئەگەر شتێکی دەست کەوت بەشی خۆی هەڵدەگرێ دەنا لەبەین دەچێ. کەوابوو ئەو فیئودالیزمە لە ئورووپادا زیاتر بە شێوەی کارە. ئەوە مەرحەلەی ئەوەڵیەتی. ئی ئورووپا زۆر درێژ بووە ئی مە زۆر کورت بووە ئەو بەشە یا زۆر کەم هەیە. بە شێوەیەکی دیکە هەیە. ئەوە لە کوردستاندا پێی دەڵێن "بێگار"، بە شێوەی بێگار هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی کە کار دەکا مەسەلەی حاسڵ هەیە لەگەڵ ئەوە دیسانەکان مەسەلەیەکی دیکە لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە رەعیەتێك مەجبوورە بچێت هێندێك کار بۆ ئاغا بکا بێجگە لەوەی کە بەرهەمەکەیان بەش دەبێ. مەسەلەن ساڵێ ١٥ رۆژان دەبێ بچێ بیکا جا ئەوە ئیدی بۆ هێنانی جۆگە یان بۆ کاری ساختمان یا بۆ کاری دیکە. زۆر جاریش ئاغا بۆ کاری‌تر سوئیستیفادەیشی لێ دەکا، هەروەخت کاری پێ بوو بانگی دەکاو کاری پێ‌دەکاو لە زەمانی فیئودالی‌دا پووڵیشی ناداتێ، ئەوە مەرحەلەی دووهەمە.

مەرحەلەی سێهەم کە هەم لە ئورووپا هەیە، هەم لای ئێمە هەیە، مەرحەلەکە دەگاتە سەر پووڵ. یانێ ئاغا دەڵێ ئەوە زەوی منە بە ئیجارەت دەدەمێ بە ١٠هەزار تمەن. ئیدی کاری بەوە نیە، نە ئاوی دەداتێ نە تۆی دەداتێ هیچی ناداتێ. دەیداتێ زەوی‌یەکە بەلاَم حاسڵەکە باش بێ خراپ بێ کاری پێ نیە ١٠هەزار تمەنەکەی لێ‌دەستێنێ ئەوە مەرحەلەیەکە کە پووڵ ئەهەمییەتی پەیدا کردووە. مەرحەلەی ئاخر فیئودالیزمە. ئەوە مەرحەلەیەکە کە ئێمە ئێستا بلێین تێی‌دا دەژین‌و ئەگەر دیقەتتان کردبێ هەرچی زەوی باش هەیە لە دەوروبەری شارەکان یا لە دێیە گەورەکاندا ئاغا ئیسراری ئەوە بووە کە بەرەبەرە لەو ئەواخیرەدا کە بە پووڵ بە ئیجارەی بدا. هەرچی زەوی دوورکەوتوو هەبوو لە دەوروبەری شار نەبوو، نێزیك

نەبووە؛ یا مەسەلەن سیٚکوت بووە یان نیوەکارە بووە یا بە شیٚوەیەکیتر. مەرحەلەکە هەرچی دەچیٚتە پیٚشتر دەگۆڕیٚ. کەوابوو مەرحەلەی سەرەتایی دەبیٚتە مەرحەلەی لە واقیعدا ئەوەی کە پیٚی دەلیٚن رنتی کار، ئەمن کە ئەو کەلیمەیە بەکار دیٚنم وەکو رنت یانیٚ حەقی کارو حەقەکە بە کار وەردەگریٚ، کەلیمەیەکی خارجییە بەلاٚم زۆر بەکار دیٚ، رنتی کار. مەرحەلەی دووهەم دەبیٚتە رنتی حاسلٚ، رنتی جنسی لە مەرحەلەی سیٚهەمدا دەبیٚتە رنتی دراوی، رنتی پوولٚو ئەوەش فیئودالیزمە، بریٚک زیاتر لە سەری رۆیشتم.

فیئودالیزممان کە خەلاس کرد ئەگەینە سەرمایەداری. لە سەرمایەداری هیٚندیٚك شتی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەوەلٚەن سەرمایەداری یەك خاسییەتی ئەوەیە کە لە خودی بەتنی، لە نیٚو جەرگی فیئودالیزمدا پیٚكدیٚ. پیٚش ئەوەی کە بورژوازی وەك تەبەقەی سەرمایەدار سەرکەویٚ، قودرەتی سیاسی بەدەستەوە بگریٚ لە واقیعدا سەرمایەداری پیٚكهاتبوو، رەوابتی سەرمایەداری، پیٚوەندییەکانی سەرمایەداری پیٚكهاتبوو. باسی ئەوە کە پیٚوەندیی سەرمایەداری بە چی دەلیٚن، ئەوە لە دوایی باس دەکەین، بەلاٚم ئیٚستا پیٚكهاتووە.

دیارە کە سەرمایەداری پیٚكهات پرۆلیٚتاریاش پیٚكهاتووەو ئەو سەرمایەدارییە، ئەو بورژوازیە بەرەبەرە دەبینین کە کۆمەلٚی فیئودالیستی، دەرەبەگایەتی پیٚشی پیٚشکەوتنی دەگریٚ. مەسەلەن لە زەمانی فیئودالیزمدا ئاغایەك دیٚت دەلٚیٚ هەموو ئەو دیٚهاتە ئی منە، هیچکەسیش حەقی نیە بە بیٚ ئیجازەی من حەتا تریٚش بفرۆشیٚ. کەس حەقی نیە دووکان دابنیٚ. حەتمەن بیستووتانە، ئیٚستاش پاشماوەی ئەوە هەر ماوە کەس حەقی نیە لە دیٚی من دووکانیش دابنیٚ. باشە سەرمایەداریش عەکسی ئەوە کە شتومەك بەرهەم دیٚنیٚ دەیهەویٚ بیفرۆشیٚ. تەواوی هەولٚی سەرمایەداری ئەوەیە کە بازاڕی رۆژبەڕۆژ بەرینتر بیٚ. ئاغاش دەلٚیٚ نا ئەوە دیٚی خۆمەو نایەلٚیم. لە لایەکی دیکەشەوە سەرمایەداری کریٚکاری دەویٚ، دیٚ بەجیٚ بهیٚلٚیٚ بچیٚتە شار لە کارخانە کاری بۆ بکا. کریٚکار لە کویٚڕا بیٚنیٚ؟ دەبیٚ هەر لە دیٚهاتەوە بیٚن. ئەگەر کریٚکار نەبیٚ سەرمایەدار، سەرمایەدار نیە. باشە بۆ ئەوەی کریٚکار بتوانیٚ لە دیٚڕا بچیٚتە شاریٚ دەبیٚ ئەو ئازادیەی هەبیٚ ئەگەر سیٚرف بیٚ بە زەویەوە بەسترابیٚتەوە، ئەوەی کە لە ئورووپا باسمان کرد. لە واقیعدا بە تایبەت لە

رووسیه کابرا که زەوی دەفرۆشت دەشیانگوت که ئەوەندە گیانی لەسەرە. کەلیمەی گیانیان بەکار دەبرد. ئەوان بە رووسی "دوشیچکیا"ی پیٚ‌ەلیٚن. دەیانگوت ئەوەندە دوشیکچیای لە سەرە، مەسەلەن نەی‌دەگوت زەوی‌یەکەم ئەوەندە هیکتارە دەی‌گوت دووهەزار سیٚرف گیانی لە سەرە، ئاوای دەفرۆشت. ئەوەندە زەوی دەفرۆشت ئەویشی لەگەلْ دەفرۆشت. جا ئیدی ئەو دووهەزار نەفەرە دیارە خەریدو فرۆش نەدەکرا بەلاٚم حەقی نەبوو هەلٚسیٚ بلیٚ وەلاٚ من دەچمە شاری، نەخیٚر مەجبوور بوو لە سەر ئەو زەویە بۆ ئەو ئاغایە کار بکا.

ئەویش بۆخۆی مانعیٚکی‌ترەو زۆر مانعی دیکە هەبوو کە ئەو قانوونانە کە هەبوون سەرمایەداری پیٚویستی بوو کە لە بەین بچیٚ. هەرکەسیٚك کە پیٚی خۆش‌بوو لە هەر جیٚگایەك فرووشگایەك دابنیٚ، لە هەر گوندیٚکی شت بفرۆشیٚو پیٚی خۆش‌بوو کە شتەکان بەریٚتە شاران بیانفرۆشیٚو بە عەکسی ئەوە کریٚکاریش ئەگەر پیٚی خۆش‌بوو بچیٚ لە شاران کار بکا. بۆ ئەوە پیٚویست بوو تەواوی پیٚوەندی‌یەکانی فیئودالیستی، دەرەبەگایەتی تیٚك‌بچیٚو چونکو دەرەبەگایەتی قودرەتی سیاسیی بە دەستەوە بوو نەی‌دەهیٚشت. هیچ ریٚگایەك نەبوو بیٚجگە لەوەی کە شۆڕش بکا. شۆڕشیشی دەکرد بە ناوی خەلٚك، خەلٚکی لە پشتەوە بوو. ئیٚستا کۆمەلٚە دەلیٚ حیزبی دیٚموکرات بورژوازی‌یەو خەلٚکی لە پشتەوەیە، دیارە حیزبی دیٚموکرات ئەوەندە بورژوازیە کە ئەوان پرۆلیٚتاریان! ئەو وەختەش بورژوازی هەموو خەلٚکی دەهیٚنا، بەو شوعارانەی کە بیستوتانە لە شۆڕشی فەرانسەدا (برایەتی، مساوات، ئازادی)و بەو شیعارانە شۆڕشیان کرد.

فیئودالیزم بەرەبەرە لەبەین چوو و دیارە لە هیٚندیٚ جیٚگا شۆڕشەکە زۆر توندوتیژ بوو، تەواوی ئەساسی فیئودالیزمی تیٚکدا. وەك لە فەرانسە حەتا مەزهەبیشی لە واقیٚعدا لە سەرەتا لەبەین برد. لە سەرەتای شۆڕشی فەرانسەدا تەقریبەن کەس نەی‌دەویٚرا بلیٚ من کاتۆلیکم، مەزهەبیم، یانیٚ ئەوەندە توند بوون لەگەلیٚان. لە حالیٚکدا لە جیٚگایەك وەك ئینگلستان مەسەلەن سازشی کردبوو بورژوازی لەگەلْ فیئودالیزمدا. هیٚندیٚ ئیمتیازیشی هەر هیٚشتەوە. لە حالیٚکدا کە فەرانسە بوو بە جمهووری هەر دەستبەجیٚ، ئەوان پاشایەتیان هیٚشتووەتەوە، حەتا ئەورۆش رایان گرتووە چونکە سازشیان کرد لەگەلیٚان شۆڕشەکەیان ئەوەندە توندوتیژ نەبوو بەلاٚم

ئەساسی فیئودالیزمی لەبەین بردو ئێستا لە واقیعدا لە ولاتەکانی جیهانی سێهەمدا نەبێ پێوەندیەکانی فیئودالیستی، پێوەندیەکانی دەرەبەگایەتی بەو شێوەیە نەماون، لەبەین چوون.

ئابووریی سەرمایەداری

لە پێشدا باسی ئیقتیسادی سەرمایەداری دەکەین پاشان هێندێ باسی وەزعی سەرمایەداری مەوجوود دەکەین، باسی مەراحلی پەرەئەستاندنی ئەو سەرمایەداریە دەکەین. پاشان نەتیجە لەو باسەمان وەردەگرین جا ئەوکاتە دەچینە سەر باسی سۆسیالیزم، ئیقتیسادی سۆسیالیستی. پاش ئەوەی کە باسی ئیقتیسادی سۆسیالیستی‌مان کرد باسی ئیقتیسادێك دەکەین کە ناومان ناوە "ئیقتیسادی تێکەڵاو". بەوە دەرسی ئیقتیسادی سیاسی تەواو دەکەین.

لە باسی سەرمایەداری‌دا لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە دوو مەسەلەی ئەساسی بۆخۆمان روون کەینەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە سەرمایەداری قۆناغێکە لە قۆناغەکانی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ هەروەها پێشتر باسمان کرد. یانێ سەرمایەداری شتێك نیە، پەدیدەیەك نیە دیاردەیەك نیە لە خۆڕا پەیدا بووبێ، بە جارێك پێکهاتبێ، بە جارێك بڵێین بە هیچو خۆڕایی هاتبێتە مەیدان، نە. لە نەتیجەی پرۆسەیەکدا، رەوەندێکدا ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین "رەورەوەی مێژوویی"، لە نەتیجەی ئەوەدا پەیدا دەبێ. گوتمان کە لە نێو جەرگەی کۆمەڵی فیئودالیستی‌دا، دەرەبەگی‌دا، سەرمایەداری پێکدێ. پێوەندیی بەینی کرێکارو سەرمایەدار یان ئەو پێوەندیە کە پێی دەڵێن "پێوەندیی سەرمایەداری" ئێستا لە سەری باس دەکەین. لە پاش ئەوەی کە بناغەکەی یا باشتر بڵێین "ژێربەنا"کەی پێکهات، ژێربەنای ئیقتیسادیو ئیجتیماعی، ژێربەنای ئابووریو کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری پێکهات.

لە پاشان ئەو چینە ئەو تەبەقەیە کە نوێنەری سەرمایەدارییە، کە بورژوازییـە، ئـەو دەسەڵاتی سیاسیش بە دەستەوە دەگریۆ لە نەتیجەدا سـەرمایەداری پێـکدێ. ئـەوە شۆڕشی سەرمایەداری بوو کــە لـە فەرانسـە پێکهـات، لـە ئینگلسـتان پێکهـاتو بەرەبەرە لە هەموو وڵاتەکانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا پێکهات.

ئەوە زۆر موهیمە چونکو ئەگەر ئەوەمان گـوت کـە سـەرمایەداری سـەرەتایەکی مێژوویی هەیە هەر لێرەشدا ئەوەمان گوتووە کە سـەرمایەداری دیـارە دواڕۆژێکـی، پایانێکی مێژوویشی دەبێ. وەك هەموو پەدیدەیەك لە جێگایەك دەست پێدەکاو لــە جێگایەکیش خەلاس دەبێ. شـتێك نیـە کـە ئەبـەدی بووبێـت، لـە سـەرەتاوە هـەر هـەبووبێتو هـەتا هەتایـە هـەر بمێنێتـەوە، پەدیدەیـەکی ئـاوا نیـە. پەدیدەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە کـە پێکهـاتووە لــە هەلومــەرجێکی تایبەتیداو لە هەلومەرجێکی تایبەتیشدا لەبەین دەچێ. یـانێ راسـت ئەگـەر بڵێـین دەبێ بۆچوونێکی دیالکتیکیمان هــەبێ، بۆچوونێکـی وشـکمان نـەبێ، بۆچوونێکـی خەلاقمان هەبێ. ئەو بۆچوونەش ئەوەیە کە سەرمایەداری لە جێگایەك دەست پێدەکا لە جێگایەکیش دەبێ لەنێو بچێ.

مەسەلەی دووهەم ئەوەیـە کـە لـە قسـەکردندا ئێمـە باسـی سـەرمایە دەکـەین هەرکەس لە مێشکی خۆیدا شتێك تەسەور دەکا یا شتێکی دێتە بەرچاو. مەســەلەن پێی وایە ئەگەر یەکێك پوولێکی زۆری هەبوو، دراوێکی زۆری هەبوو ئەوە سەرمایەیە یا ئەوی دیکە پێی وایە کـابرا هـەزار سـەر مـەڕی هەیـە سـەرمایەی زۆرە، مڵـكو ئەملاکی زۆرە سەرمایەی زۆرە. یان مەسەلەن فەرز دەکەین لە مـاڵی خـۆیدا زێـڕی هەیە، خانووی هەیە، چی هەیە. لە باری عیلمیەوە هیچی ئەوانـە سـەرمایە نـین بـە سەرمایەش دانانرێن. هەرکام لەوانە حەتتا پوولەکە ئەو وەختە دەبێتە سـەرمایە کـە ئێمە بێین بڵێین ئەو پوولە لە رابیتەیەکی تایبەتیدا، پێوەندییـەکی تایبـەتیدا بۆتـە هۆی ئەوە کە کرێکارێك دەگەڵ سەرمایەدارێك تەرەف بێت، لە نەتیجەی ئـەوەدا کـە کرێکار هێزی کاری خۆی دەفرۆشیۆ سەرمایەدار ئەو هێزی کـارە لـەوی دەکـڕیۆ لـە واقیعدا ئیستیسماری دەکا، دەیچەوسێنێتەوە ئەوە ئـەو پێوەندییـە پێکهـات، ئـەو پوولە دەبێتە سەرمایە دەنا سەرمایە نیە.

ئێستا باسی دەکەین مەسەلەن فەرز دەکەین سەرمایەدارێك میلیۆنێکی هەیە، میلیۆنەکە تەنە، دۆلارە ئەوە موهیم نیە. ئەو میلیۆنە دێنیّ کارخانەیەکی پیّدەکڕیّ. بە بەشێکی. بەشێکیشی دادەنیّ بۆ ئەوەی وەك کریّ بیدا بە کرێکاران کە کاری بۆ دەکەن. دیارە کرێکار کە دیّ کار دەکا مەوادی خام هەیە، کارخانە هەیە لەو شتەی کە لە کارخانەدا لەو مەوادەی لەگەلّ ماشێن‌و شتی کارخانە پێکەوە وەك هێزی کاری زیندوو شتێك درووست دەکا. کە ئەو شتە لە واقیعدا پاش ئەوەی کە کرێیەکەی وەرگرتەوە هی خاوەنی کارخانەکەیە. دەنا ئەگەر لەبیرتان بیّ گوتمان کە ئەساسی هەموو بەرهەمێك لە واقیعدا کارە. لێرە ئێستا زۆر موهیمە کە ئێمە ئەو شتەی کە پێی دەلّێین چەوسانەوە یا چەوساندنەوە ئەوەی روون کەینەوە، چونکو بە داخەوە ئەوەش وەکوو مەسەلەکەی دیکە کە باسمان کرد لە چ تاریخێکدا یانیّ لە چ وەختدا لە تاریخ چەوسانەوە دەست پیّدەکا ئەوەش زۆر موهیم نیە خۆتان لە پاشان تەجروبە بکەن. لەو گرووهانە یان ئەندامانی ئەو گرووهانە کە خۆیان بە نوێنەری بیروباوەڕی پێشکەوتوو و مارکسیسمی ئینقلابی‌و ئەوانە دەزانن، لێیان بپرسن بزانن ئاگادارن لەوە یا نە؟ پێموایە زۆربەیان تیّناگەن. ئەویش ئەوەیە کە من لێرەدا دەمەویّ نیشانی ئێوەی بدەم، زۆریش زەحمەت نیە فێربوونەکەی.

دیارە ئەو وەختە وا نەبوو ئەو وەختە کرێکاران رۆژی وا هەبوو ١٦سەعات کاریان دەکرد. پاش خەباتێکی زۆر بوو کە توانیان ئەو ١٦ سەعاتە بێننە خواریّ هەتا ٨ سەعات. ئەویش لە واقیعدا لە سالّی ١٨٨٦ەوە بوو کە ئەو تەزاهوراتە مەشهوورە لە شیکاگۆ پێکهات، کە لێیان دان هێندێك لە کارگەرانیان کوشت کە بوو بە رۆژی ئەوەلّی ماهی مەی. لە واقیعدا شیعاری ئەساسی ئەوەلّی ماهی مەی "٨سەعات کار" بوو. دیارە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بە ٨سەعات کار رازی نین، دەلّێین ٤٠ سەعات کاری حەفتەیی، یانیّ لە واقیعدا کەمتر لە ٨سەعات کارە.

کە حەفتەیی دەلّێن چونکە ئەوە دەلیلی خۆی هەیە بەلاّم وا دابنێن کە ٨ سەعات کار دەکا، وا دابنێین کە رۆژیّ ٨دۆلاریش وەردەگریّ، بۆ هەر سەعاتێکی یەك دۆلار وەردەگریّ. ئێستا ئەو کرێکارە کە ٨ سەعات کار دەکا بۆ ئەو ٨ سەعاتەش ٨ دۆلار وەردەگریّ. سەرمایەداریش دێت دەلّیّ باشە برام تۆ ٨سەعات کارت کردووە‌و ٨دۆلارت وەرگرتوە، ئیتر نارەحەتی چیت؟ کرێکاریش دەلّیّ راستە کە من ٨سەعات کارم

کردوەو ٨دۆلارم وەرگرتوە، بەلاّم تۆ لەو ٨سەعات کارەی من، ١٦دۆلارت دەست کەوتوە، یانیٚ ١٦ دۆلارت پێکهێناوە، بای کارەکەی ١٦دۆلار، ئەوەی کە تۆ بردووتە نیوەت بردوە لە واقێعدا، ٨دۆلارت داوە بە من، کە لە کوردیدا تەرجومە کراوە، مامۆستا مەلا عەولاّ تەرجومەی کردوە بە "زێدەبایی"، کە بە نەزەری من کەلیمەیەکی جوانە زێدەبایی لە فارسیدا پێی دەڵێن: "ارزش اضافی". کە دەڵێی کاکی سەرمایەدار راستە کە ٨ سەعات کارم کردوە بەلاّم تۆ حەقی ٤سەعاتت داوە بە من، ٤سەعاتەکەی دیکەت راگرتوە. دیارە کرێکار پێی خۆشە لەو ١٦دۆلارە کە هەموو شتەکە هی خۆیەتی، هەرچی بتوانیٚ هەمووی وەربگریٚ، خەبات دەکا بۆ ئەوەی لە باتی ئەوەی ٨دۆلاری بدەنیٚ، ببێتە ١٠ دۆلار، ئەگەر بکریٚ ١٢دۆلار، هەروا بچێتە سەریٚ. شتێکی زۆر تەبیعییە، نە تەنیا خواستی هەرە ئەسڵی کرێکار ئەوەیە لەوەی کە کاری کردوە بۆ سەرمایەدار زیاتر وەربگریٚ. سەرمایەدار، ئەویش پێی خۆشە ٨دۆلاری نەداتیٚ، ئەویش پێی خۆشە ئەگەر بکریٚ ٦دۆلاری بداتیٚ، بگرە کەمتریش یان هەر نەبیٚ نایەڵیٚ ١٠دۆلاری لیٚ داوا بکا. هەر ٨دۆلارەکە بیٚ. سەرمایەدار ئەوەی لە دڵی دایە کە هەر کەمی بکاتەوە. کرێکار ئەوەی لە دڵ دایە کە هەر زیادی بکاتەوە. ئەوە دەبێتە چی؟ خەباتی چینایەتی.

موبارزەی تەبەقاتی، قسەیەکی هەوایی نیە، ئەساسێکی راستو دروستی هەیە. کە ئەو دەیهەویٚ کەمتر بدا بە کرێکار، کرێکاریش دەیهەویٚ زیاتر وەربگریٚ. سەرمایەدار دیٚ دەڵیٚ ئەتۆ ٨سەعات کارت کردوە باشە، ئەوە ٨دۆلارو چەوسانەوەی تێدا نیە، دیار نیە چەوسانەوە. کرێکاریش نەیدەزانیو دەیگوت ٨ سەعاتم کار کردوەو ٨دۆلاری داومیٚ. مارکس هات گوتی لە ماوەی ئەو ٨ سەعاتە کە کاری کردوە، بایی ٨دۆلار کاری نەکردوە، بە ١٦دۆلار کاری کردوە. لە ٤ سەعاتاندا بایی ئەو ٨دۆلارە کاری کردوە، ٤سەعاتەکەی دیکە زیادی کاری کردوە. جا بۆ ئەوەی ناوی ئەو چەند سەعاتەی یەکەمی ناوە وەختی لازم یا پێویستو ئەوی دیکە وەختی زیادی. یانیٚ ٤ سەعات لازم بووە کە ئەو ٨دۆلار وەربگریٚ. ٤ سەعاتەکەی دیکە زیادی بووە. کاری کردوە بۆ کیٚ؟ بۆ سەرمایەدار. بەرهەمەکە بۆ سەرمایەدارە.

جا ئەو چەوسانەوە کەمێك روون نیە، داپۆشراوە، زۆر روون نیە، تێکەڵاوە. لە زەمانی کۆیلەتیدا مەسەلەکە روون بوو. کابرا کاری دەکرد، بەردە، کۆیلە هەرچی

داهاتی هەبوو هی خاوەن کۆیلەکە بوو. لە زەمانی فئودالیستیدا، دەرەبەگیدا ئەویشمان باس کرد، روون بوو یان ئەوەی ٣ رۆژ لە حەفتەدا کاری دەکرد بۆ دەرەبەگو ٣ رۆژ بۆخۆی. ئەو ٣ رۆژەی کاری دەکرد بۆ دەرەبەگ دیار بوو کە ئیستیسمار دەکریٚ، چونکە بە خۆڕایی کاری دەکرد بۆ دەرەبەگ. یان ئەوە بوو کە حاسڵەکە دەهات بە نیوەکاری مەسەلەن خەرمانەکە کە حازر دەبوو، فئودال دەهات دەیگوت نیمەم دەیەو نیوەی دەبرد. لەوێش روون بوو کارەکە جووتیار کردوویەتی بەلاّم بەرهەمەکە نیوەی هی دەرەبەگ بوو. بەلاّم لێرە روون نیە لێرە لە واقیعدا سەرپۆشی لە سەر دانراوەو ئیشکالی کارەکەش هەر لەویٚ دابوو. هەتا مارکس هات ئەو سەرپۆشەی لابردو نیشانی دا کە کرێکار کاری نەفرۆشتوە، بەو شێوەیەی کە جەنابی سەرمایەدار دەڵیٚ، بەڵکو هێزی کاری خۆی فرۆشتوە. پارەکەشی کە وەرگرتووە هی هێزی کارەکەیەتی. ئەوانە برێك فەرقیان هەیە لێی گەڕێن، فەلسەفەی تێدایە. بەلاّم ئەسڵ ئەوەیە ٨سەعات کاری کردووە بایی ٤ سەعاتی وەرگرتوەو ئەوە ئەساسی چەوسانەوەی سەرمایەدارییە.

جا لێرەدا لایەکمان سەرمایەدارە، لایەکمان کرێکارە. جا ئەو رابیتە لێرەدا پێکهاتووە، ئەو پێوەندییە ئەوەیە کە بۆ کرێکار حازرە هێزی کاری خۆی بفرۆشیٚ بە سەرمایەدار؟ هۆکەی زۆر سادەیە، چونکە کرێکار بۆخۆی کارخانەی نیە، ئەبزاری تەولیدی نیە، ئامرازی بەرهەمهێنانی نیە. مەجبوورە بچیٚ کار لە کارخانەی کابرای سەرمایەدار بکا. ساحیبی هیچ نیە، خاوەنی هیچ نیە، بۆیە پێی دەڵێن کرێکار. خاوەنی هێزی کاری خۆیەتی کە ئەویش دەفرۆشیٚ. دەیباتە بازاڕ لە واقیعدا، لە بازاڕی کاردا دەیفرۆشیٚ. سەرمایەدار ساحیبی کارخانەیە، ساحیبی ئەبزاری تەولیدە، ئەویش هێزی کاری لیٚ دەکڕیٚ. پێوەندییەك پێكدیٚ لە بەینی ئەوانەدا، ئەو پێوەندییە، پێوەندیی سەرمایەدارییە. جا ئەگەر هاتن گوتیان "سەرمایە" چیە؟ نە دەبیٚ بڵێی پووڵە، نە دەبیٚ بڵێی کارخانەیە، نە دەبیٚ بڵێی ماشینە. دەبیٚ بڵێی سەرمایە پێوەندییەکی کۆمەلاّیەتییە. کە لە سەر ئەو ئەساسە پێكدیٚ لە بەین کرێکارو سەرمایەداردا. پێوەندیی کۆمەلاّیەتییە، واقعییەت ئەوەیە کە ئەو پێوەندییە کە پێکهاتوە، پێوەندیی سەرمایەدارییە. کەوابوو ئەوە نیە کە، مومکینە تمەن لە گیرفانتدا هەبیٚ میلیۆنها، بەلاّم هەتا نەگەیەتە ئەو پێوەندییە، هەتا

سەرمایەدار ئەو پووڵە وەکار نەخا لە کارخانەداو کرێکار کاری بۆ نەکا، ئەوە نابێتە سەرمایە. عەکسی ئەوە مومکینە پووڵ نەبێ، ئەمن تاکسی دەکڕم، تاکسییەکە بەکرێی دەدەم، شوفێرێك بەکرێ دەگرم، تاکسیەکەم بۆ کار پێبکا. لە ناو شاری سنە، تاران، مەهاباد، ورمێ. ئەوە ئەگەر کاری پێبکەمو یەکێکی بە کرێ بگرمو داهاتم هەبێ لەو تاکسییە، ئەو تاکسییە سەرمایەیە، بەڵام هەر ئەو تاکسییە، ئەو ماشینە، پەیکانێك بێ کە بۆخۆم سواری بم، بەکرێی نەدەم، کاری پێ نەکەم ئەو وەختە دیارە سەرمایە نیە. "ملك"ە، موڵکی خسووسیی منە، بەڵام سەرمایە نیە. جا بۆیە، ئێوە مەسەلەن لە پاشان باسی دەکەین لە وڵاتی سوسیالیستیدا، فەرق دادەنێن بەینی مالکییەتی خسووسیو مالکییەتی شەخسی. ئەگەر پەیکانەکە هی خۆمە سواری دەبم ئەوە مالکییەتی شەخسییە. هەرچەند پەیکانی وات هەبێ لە وڵاتی سوسیالیستیدا هەموو شەخسییە. بەڵام ئەگەر پەیکانەکە بە کرێی بدەم، یەکێك کارم بۆ بکا ئەوە مالکییەتی خسووسییە. ئەوە ئیستیسماری تێدایە، نابێ. ئەوە دەبێتە رابیتەی سەرمایەداری.

کەوابوو سەرمایە تەساسەکەی ئەوەیە، دیارە ئەوە سەرمایەداری ئێمە سادەمان کردەوە بۆ ئەوەی حاڵی بین، ئێستا ئێمە بە سەدان، هەزاران کارخانەمان هەیە. کرێکارو موهەندیس لە وڵاتانی سەرمایەداریدا کاری تێدا دەکەن. مومکینە زۆر برادەر بڵێن کرێکاری وا هەیە لە ئەمریکا دوو خانووی هەیە، دوو ماشینی هەیە. باشە ئەو چەوساندنەوە لە کوێیە؟ ئەوە نیشاندەری نەبوونی چەوسانەوە نیە، مومکینە چوار ماشینی هەبێ بەڵام حاسڵبەخشیی کار ئەوەندە چۆتە سەرێ، راستە هی چوار سەعات وەردەگرێ، دیارە ئێستا زۆرتر وەردەگرێ. ئێستا کرێکار "متشکل" بووە، کرێکار سەندیکای هەیە، موباریزە دەکا، ٨ سەعات کاری سەلماندووە بڵێین بە سەر سەرمایەداردا. ئێستا ٤٠ سەعات کاریشی سەلماندووە. تەنانەت لە زۆربەی زۆری وڵاتانی سەرمایەداری ئێستا حەفتەیەك ٥رۆژ کار دەکەن، یان حەفتەیەك ٣٥سەعات.

باشە دیسانەکە حەتتا ئەگەر ئەوەش بڵێین موهیم ئەوەیە بەشێکی کاری خۆی، ئەوەی پێمان گوت وەختی زیادی، کار دەکا بۆ سەرمایەدار یان نا؟ ئەگەر کاری کردووە بۆ سەرمایەدار خەلاس، مەسەلە نیە ئیستیسمار بووەو چەوسانەوەی تێدایە.

نەگەر کاری نەکردوە جا ئەوە داهاتی مانگیٚ ٢٠٠٠، ٣٠٠٠، ٤٠٠٠ دۆلار، ئەوە هیچ فەرق ناکا، لە ئەسڵی مەسەلەکە هیچ ناگۆڕیٚ. بەڵام چۆن حاسڵبەخشی کار چۆتە سەریٚ، مەسەلەن لە ئەمریکا لەو ٢٥ساڵەدا تەغیراتیٚکی زۆر پیٚکهاتووە. جاری وا هەبوو کارخانەیەك مەسەلەن ٥٠٠ کاریگەری هەبوو ئیٚستا هەر ئەو کارخانە بەرهەمی زۆر زیاترە، ٣٠ کاریگەریشی نیە. چونکە هەموو ئۆتوماتیکەو ماشینەکان کار دەکەن. لە نەتیجەدا کابرای سەرمایەدار دیارە "استثمار"ەکە زۆر، زۆر زیاتریشە. بەڵام کریٚکاریش داهاتی زیاترە. زۆرتر بوونی داهاتی کریٚکار مانای ئەوە نیە کە "استثمار" لاچووە، یا کەمتر بوونی داهاتی کریٚکار مانای ئەوەنیە کە "استثمار" دەکریٚ. چونکە سبەی فەرز دەکەین حیزبی دیٚموکرات دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، خودموختاریمان دامەزراندووە. کارخانەکەش بەدەست خۆمانەوە دەبیٚت. پیٚمان خۆش نیە کریٚکار "استثمار" بیٚ. باشە دیارە ئەو وەختەش دەبیٚ بەشیٚکی هەر زیٚدەبایی هەبیٚ. باس دەکەم لە سۆسیالیزمدا چۆنە. بەڵام ئەو وەختە چۆن دەبیٚ؟ ئەو وەختە چونکو کریٚکاری کورد لە کوردستان داهاتی کەمتر دەبیٚ لە کریٚکاری ئەمریکایی، مانای ئەوەیە لیٚرە سەرمایەداری هەیەو لیٚرە زیاتر "استثمار" دەکریٚ. نە، چوون لەویٚ حاسڵبەخشی کار زۆرترە حەتتا ئەگەر ٨سەعاتەکەش کار بکەی، ٤ سەعاتی ئەمریکا داهاتی زیاترە لەو ٨ سەعاتە. حەتتا ٢سەعاتی ئەمریکا لەو ٨ سەعاتە زیاترە. مەعمووڵەن وایە لە بەینی ولاٚتانی جیهانی سیٚهەمو ولاٚتانی سەرمایەداریی پیٚشکەوتوو، لە واقیٚعدا یەکو دەیە. یانیٚ ١ سەعات کاری ئیجتیماعی کە دەکریٚ لە ولاٚتانی سەرمایەداریی پیٚشکەوتوو بەقەد ١٠ سەعات کار لە ولاٚتانی جیهانی سیٚهەم بەرهەمی هەیە. جا بۆیە هەم سەرمایەدارەکە نەفعی زیاتر دەبا، هەم کریٚکارەکە داهاتی زیاترە. بەڵام زیاتر "استثمار" دەکریٚ، چونکە داهاتی زیاتر دەگەیەنیٚ بە سەرمایەدار. ئەوە ئەساسی سەرمایەداریو موبارێزەی تەبەقاتییە.

ئیٚستا موباریزەکە چۆنە؟ کریٚکار دەتوانیٚ دوو نەوع موباریزە بکا:

یەکیٚکیان ئەوەیە، تەواوی هەدەفی ئەوە بیٚ، ئەوەی زیاتر بکا. یانی لە باتی ٤ سەعات بیکا بە ٦ سەعات بە موباریزە، یان بیکا بە ٧ سەعات، بلیٚین هەتا ٨ سەعاتەکەش هەروا موباریزە بکا بۆ ئەوە. ئەوە تەنیا مەبەستی لە موباریزە ئەوە بیٚ

کە وەزعی مادیی خۆی، "اقتصاد"یی خــۆی باشـتر بکـا، پێـی دەڵێـن موبـاریزەی "اقتصادی". موباریزەی ئیقتیسـادی کـە بیسـتووتانە چونکـە کۆمەڵـە زۆری بـاس کردووە، مــن کوردیەکـەی دەنووسـم، "ئیکۆنومـیزم". ئیکۆمـی یـانی ئیقتیسـاد، ئێکۆنومیزم یانی ئەوانە کە فەقەت موباریزەی ئیقتیسادی دەکەن. یانێ چی فەقــەت موبـاریزەی ئیقتیسـادی دەکـەن؟ یـانی نایانـەوێ دەسـەلاتی سیاسـی لــە دەسـت سـەرمایەدار بێننـەدەر. تـەنیا دەیانـەوێ لـە چوارچێـوەی سـەرمایەداریدا وەزعـی کرێکاران باشتر بکەن. سەرمایەداری لەغو نەبێتەوە بـەلاّم وەزعـی کرێکـاران باشـتر بکەن. نایانەوێ بۆخۆیان دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگرنو سـەرمایەداری لەبـەین بەرن. ئەوە ئێکۆنۆمیزمە کە دیارە شتی هەرە بارزی ئەو ئێکۆنۆمیزمـە حیزبـەکانی سۆسیال دێموکراتن. سۆسیال دێموکراتەکانی هەموو ئەو وڵاتانـە، حیزبی کارگـەری ئێنگلستان، حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد، حیزبی سۆسیال دێموکراتـی ئاڵمـانی رۆژئاوایە، هەموو ئەوانە خەباتەکەیان لە چوارچێوەی رێژیمی سەرمایەداری دایـە. بـۆ هەڵسووڕاندنی رێژیمی سەرمایەداری بەلاّم لە عەینی حاڵدا بـۆ باشـترکردنی وەزعـی ئیجتیماعی ـ ئیقتیسادیی کرێکاران. هەدەفیان ئەوە نیە کـە رێژیمـی سـەرمایەداری لابەرن، رێژیمێکی دیکە، رێژیمی سۆسیالیستی لە جێگای دابنــن. ئـەوە پێـی دەڵێـن ئێکۆنومیزم.

باشە، بەلاّم ئەگەر هاتو کرێکاران ئەوەندە تێگەیشتنیان زۆر بـوو نـەك هـەر بـۆ داخوازەکانی مافی خۆیان، بەڵکو بۆ داخوازەکانی سیاسـیی خۆیـان خـەباتیان کـرد. گەیشتبنە ئەو نەتیجەیە کە ئەو خەیاتە نەتیجەی نیە چونکە ئەتۆ دەتوانــی وەزعـی ئیقتیسادیی خۆت باشتر بکەی بەلاّم هەر "استثمار" دەمێنێتەوە، هــەر چەوسـانەوە دەمێنێتەوە. دەبێ کارێکی وا بکەین ئەو چەوسانەوە نەمێنێ. دەبێ بـۆ ئـەوە دیـارە ئەو رەوابیتە تێکبدەین. خەبات نەکەی بۆ ئەوە کە لە باتی ٤سەعات کار ٦سـەعاتت بداتێ، خەبات بکە بۆ ئەوە خۆت ئەو لای دیکە، یانی کارخانەکە بگری بەدەسـتەوە. بۆ ئەوە وای لێبێ دەبێ رێژیمی سەرمایەداری لابەرین. دەبێ شۆڕشێکی سۆسالیسـتی بکەین، جا ئەوە دەبێتە فەرقی بەینی ئەوەی کە بۆ هەدەفەکانی ئیقتیسادی موباریزە دەکا، لە واقیعدا تاکتیکی ئێکۆنومیستیی هەیە لەگەڵ ئـەو کەسـانە کـە تـاکتیکی شۆڕشگێڕانەیان هەیە. ئەوەی کە شۆڕشگێڕنو دەیانهەوێ رێژیمی تازە بێننـە سـەرکار

وەك سۆسیالیزمو ئەوەی دیکە دەیهەوێ لە چوارچێوەی ڕێژیمی سەرمایەداری‌دا کاری خۆی جێبەجێ بکا. مەسەلەن ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی دیکە بارەکە ئیقتیسادی‌یە بەلاّم هەدەفەکە سیاسی‌یە. مەسەلەن ئێمە وەك حیزبی دێموکرات دوو ڕێگامان هەیە: یەك ئەوەی کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینی‌دا داخوازەکانی ئێمە جێبەجێ بێ، ئەگەر جێبەجێ بێ بۆ خەبات بکەین بۆ ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی؟ دەچین بە ڕێژیمی خومەینی دەڵێین ئەوانەمان دەیە، پێمان خۆشە لە چوارچێوەی ڕێژیمی تۆدا ئێمە داخوازەکانمان جێبەجێ ببێ. یەکی دیکە ئەوەی ئێستا گەیشتین پێی کە لە چوارچێوەی ڕێژیمی خومەینی‌دا داخوازەکانمان جێبەجێ نابێ. ئەگەر بمانهەوێ داخوازەکمانمان جێبەجێ ببێ، دەبێ ڕێژیمی خومەینی لابەرین‌و بیڕووخێنین. ئەویش ئەوەیە کە لەوی‌دا مەسەلەی ئێکۆنومیزم لەگەڵ موبارزەی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران فەرقی هەیە. باشە ئەوە ئەسڵی سەرمایەداری‌یە. جا من نامەوێ لەوە زیاتر باس بکەم.

بچینە سەر ئەوە کە قۆناغەکانی سەرمایەداری باس بکەم. سەرمایەداری لە واقیع‌دا دوو قۆناغی ئەساسیی هەیە، بەشی دووەمیشی دەبێتە دوو قۆناغ. دوو قۆناغە ئەساسییەکە ئەوەیە کە: یەکەم ئەوەیە کە پێی دەڵێن سەرمایەداریی ئازاد. سەرمایەداریی کلاسیکی پێ‌دەڵێن، سەرمایەداریی بازاڕی ئازادی پێ دەڵێن، زۆر ناوی لە سەرە. ئەو سەرمایەداری‌یە هەتا ئاخری قەڕنی ١٩ تەقریبەن سەد ساڵ لەوەی‌پێش هەبووە. ئەوە سەرمایەداری‌یە کە سەرمایەدارمان هەیە، کرێکارمان هەیە. لە بازاڕی ئازاددا کرێکار هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ، سەرمایەداریش دەی‌کڕێ. دەوڵەتیش وەزیفەی ئەوەیە کە دانیشتووە تەماشا دەکا بۆ ئەوەی قاعیدەی قانوونی بازاڕی ئازادی سەرمایەداری ڕەعایەت بکرێ، کەس تێکی‌نەدا. هەر وا بزانێ کە مەسەلەن دوو نەفەر دانیشتوون پێکەوە قومار دەکەن یان شەترەنج دەکەن‌و یەك نەفەریان داناوە کە کەس فێڵ لە کەس نەکا. بە پێی قانوونی شەترەنج دەبێ ڕەعایەتی بکەن. شاهید یانی دەوڵەت دەخاڵەت لە کاروباری ئەو دووانەدا ناکا. هەرچەند لە ئەساس‌دا دەوڵەت، دەوڵەتی سەرمایەدارانە، بەلاّم هیچ ئێحتیاجی بەوە نیە کە دەخاڵەت بکا. چونکە بازاڕی ئازادی سەرمایەداری ئەو وەختە تەواوی مەنافێعی سەرمایەداری تەئمین دەکا. ئەوە مەرحەلەی یەك.

لە مەرحەلەی دوودا وەزعەکە فەرق دەکا، چونکە بە پێی پێشکەوتنی ئیقتیساد، بە پێی ڕێژەی سەرمایەو بە پێی زۆر شتی دیکە کە بەداخەوە وەختمان نیە باسیان بکەین، نەتیجە وای لێدێ کە سەرمایەداری داخڵی قۆناغێکی تازەتر دەبێ، کە پێی دەڵێین قۆناغی ئیمپریالیستیی سەرمایەداری، یا قۆناغی سەرمایەداریی ئینحیساری یا قۆناغی مۆنۆپۆلیستی ("انحصاری") بە کوردی یانێ پاوانخوازی. یانێ بە تاقی تەنیا بۆ خۆی دەوێ. باشە، ئەو "انحصاری"یە چیە؟ ئەوەیە کە ئەگەر بازاڕی ئازاد هەبوو دیارە ئەو بازاڕی ئازادە هەتا ئەو وەختە کە سەرمایەداری زۆر گەشەی نەکردبوو زۆر باش بوو بەڵام ئیدی لە پاشان زۆر قازانجی نەبوو. مەسەلەن دوو سەرمایەدار پەیدا بوون، هەردووکیان کەوش دەفرۆشن، دیارە ڕەقابەتیان لە بەیندا هەیە. ئەو نرخی کەوشی خۆی دێنێتە خوارێ بۆ ئەوەی ئەوی دیکە بشکێنێو ئەوی دیکەش هەروا. ئەگەر سەرمایەداری چکۆلە بوون ئەوە ئەوەندە موهیم نیە، چونکە زۆریش بەڵام ئەگەر بوون بە دوو سەرمایەدار، سێ سەرمایەداری گەورە ئەو وەختە خەتەری ئەوەی هەیە کە قازانجی سەرمایەداری بخاتە خەتەرەوە. چونکە ئەگەر تۆ قیمەتی کەوشی خۆت دێنیتە خوارێ، ئەمنیش مەجبوورم بیهێنمە خوارێ. هەم ئەتۆ زەرەر دەکەی وەك سەرمایەدار هەم من. ماوەیەك ئەوەی دەکەن، هەتا یەکتر لەبەین دەبەن.

ئەوەی کە مەشهوورە دەڵێن ماسی گەورە ماسی چکۆلە دەخوا، ئەوە لە سەرمایەداری‌دا بە تەواوی باوە. بەڵام دەگاتە جێگایەك لە باری ئیقتیسادی‌یەوە فکر دەکەنەوە کە ئەگەر ئاوا بڕواتە پێش هەردووکیان وەرشکست دەبن. جا ئەو دوو سەرمایەدارە، دەڵێن بابە ئێستا ئێمە بۆ وابکەین، بۆ دانەنیشین ڕێك نەکەوین؟ با ڕێك کەوین لە سەر قیمەتێك، ئەتۆش بەو قیمەتە بفرۆشە، ئەمنیش بەو قیمەتە دەفرۆشمو ئیدی پێویستیش ناکا ئیعلام بکەین کە ڕێك کەوتین. بەڵام لە بەینی خۆماندا ڕێككەوین بە دزی باشترە. جا ئەوەیە کە سەرمایەداری مۆنوپۆل پێكدێ. مۆنوپۆلیستەکان پێكدێن. یانێ چ دەکەن. دێن پێکەوە ڕێك دەکەون کە ئێمە، لە سەرتاسەری دونیا نموونەی زۆر جالبمان هەیە. ئەویش نەوت، ئەگەر دیققەتتان کردبێت لە سەر ئەوەی نەوتی بە چەند بفرۆشن ڕێك دەکەون. ئۆپێك (OPEC) دیاری

دەکا. ئەو ولاّتانەی کە نەوت سادر دەکەن، ئەو دیاری دەکا. چونکە شیرکەتە نەوتەکانی گەورەی ئۆپێك ئەوانەن کە تەواوی زەخایری نەفتی تێدایە.

ئێستاش لێرە کە بوون بە مۆنوپۆلو ئەو دەڵێ وەرە با ئەوەی بکەین و ئەوی دیش دەڵێ با ئەوەی بکەین. بەرەبەرە ئەو هاوکاری‌یە زیاتریش دەبێ، لە زۆر شتی دیکەشدا رێك دەکەون. ئەو سەرمایەداری‌یە کە بەو شێوەیەی کە ئازاد بووە لەبەین دەچێو دەبێتە سەرمایەداریی مۆنوپۆل. ئەوانەی مۆنوپۆلی هەرە گەورەن لەگەڵ دەوڵەت رۆژبەرۆژ نێزیکتر دەبن. دەوڵەت کە بوو بە شەڕ، خەرجی زۆر دەبێ وەك ئێستای رێژیمی جمهووریی ئیسلامی، کە خەرجی زۆر بوو پووڵی زۆر چاپ دەکا، کۆمەکی ماڵیی دەوێ، لە بانکەکانی خسووسی لە شیرکەتەکانی خسووسی، لە نەتیجەدا ئەوە وا دەبێ کە بەرەبەرە دەوڵەت لە مۆنوپۆلەکان نێزیك دەبێتەوە.

جا لە مەرحەلەیەك کە ئێمە ئێستا تێی‌داین مەرحەلەی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی‌یە، سەرمایەداریی ئیمپریالیستیی دەوڵەتی‌یە. یانی دەوڵەت دەخاڵەت لە هەموو کارەکاندا دەکا. مەسەلەن ئێستا ئەگەر ئێوە دیققەتتان کردبێت دەوڵەتی ئەمریکایە کە لە باری ئیقتیسادی‌یەوە دەچێ قەرارداد دەبەستێ، دەخاڵەتیش دەکا. دەوڵەتی فەرانسە هەر وا، دەوڵەتی ئاڵمانی رۆژئاوا هەر وا، دەوڵەتی ژاپۆن هەر وا. نەتیجە وای لێ‌دێ کە دەوڵەت بۆخۆی دەبێتە شیرکەتێکی گەورەی ئیقتیسادی‌و خۆی دەکا بە نمایەندەی هەموو خەڵك. دیارە قەت ناڵێ من نمایەندەی سەرمایەدارانم، دەڵێ من نمایەندەی هەموو خەڵکم. ئینتیخابات دەکرێ، لە ئینتیخابات دەچێتە سەر، لە ولاّتانی دێموکراتی سەرمایەداری دەبێتە نمایەندەی دەوڵەت. دەبێتە سەرمایەداریی ئینحساری دەوڵەتی. لە واقێعدا مەرحەلەی ئێستای سەرمایەداری‌یە، کە لەگەڵ دەورانی رەقابەتی ئازاد فەرقی هەیە. ئیدی دەورانی رەقابەتی ئازاد نەماوە.

مەسەلەن ئێستا بۆخۆتان دەزانن ویدئۆ پەیدا بووە. ژاپۆن ویدئۆی زۆر هەرزان درووست دەکا، ویدئۆی خۆی دەنێرێ بۆ ولاّتانی ئورووپای غەربی، لەوێ بە هەرزان دەیفرۆشێ. لە نەتیجەدا خودی ئەو ولاّتانە ناتوانن ویدئۆی خۆیان بفرۆشن. چی دەکەن؟ تەسمیم دەگرن ئێمە نایەڵین ویدئۆی ژاپۆنی بەو ئاسانیە بێتە ئێرە، یا دەبێ گومرکێکی زۆر بدا یا دەبێ سەهمیەیەکی زۆر کەم بنێرێ. حەقی نیە ئەوەندە ویدئۆ بنێرێ. بۆ ئەوەی دیفاع لە ئیقتیسادی خۆی بکا. لە حالێکدا جاران ئازاد بوو.

هەرکەس بە کەیفی خۆی لە هەر جێگایەکی هەر شتێکی فرۆشتبا ئیمکانی ئەوەی هەبوو، گومرك زۆر کەم بوو. جا ئێستا وا نیە. دوایە لە نەتیجەدا وەزعەکە وای لێدێ کە دەوڵەتەکە دێنێتە سەر ئەوە کە دیفاع لە مەنافعی دەوڵەتیی خۆی بکا لە موقابیلی سەرمایەدارانی دیکەدا. کە هەرچەند سەرمایەدار ئێستا ئەنتێرناسیۆنالیزە بوە، یانێ "بین‌الملل"ی بووە. سەرمایەداری رۆژبەرۆژ زیاتر "بین‌الملل"ی دەبێ، بەلام لەگەڵ ئەوەش هەر دەوڵەتێکیش، هەر گرووهێکی سەرمایەداریش لە فیکری مەنافێعی خۆی دایەو دیفاع لە مەنافێعی خۆی دەکا.

باشە، ئێستا بزانین ئێمە چمان هەیە. ئێمە لە واقێعدا رێژیمی سەرمایەداریمان هەیە کە گەیشتۆتە ئاخر مەرحەلەی خۆی کە پێی دەلێن مەرحەلەی ئیمپریالیستی. بەلام لە باری ئیقتیسادی‌یەوە، ئێستا مەرحەلەی سەنعەتی کردنی لەمێژە خەلاس کردوە. گەیشتۆتە مەرحەلەی پاش سەنعەتی‌بوون. وەکو ئەمریکا، ولاتانی ئورووپای غەربی، ئۆستراليا، کانادا، زلاندی تازە ("زلاند نو")، ئافریقای جنوبی، ئەوانە ولاتانی سەرمایەدارین کە گەیشتوونەتە قۆناغی پاش سەنعەتی بوون. ئێمە ئێستا پێش سەنعەتی بوونین.

جا سەنعەتی بوون‌و نەبوون لە باری عیلمی‌یەوە روون بکەینەوە یانی چی؟ ئێستا مەسەلەن دەلێ ئێران ولاتێکی سەنعەتی‌یە؟ نە، کشتوکالی‌یە. بۆ؟ بە داهاتی نەتەوەیی، مەسەلەن داهاتی نەتەوەیی ١٠٠میلیۆن دۆلارە، ١٠٠میلیۆن تمەنە، ئەگەر بەشی زۆری ئەو داهاتە نەتەوەیی‌یە لە کشتوکاڵەوە بێ، لە زەراعەتەوە بێ، ولاتەکە کشتوکالی‌یە، ئەگەر داهاتی نەتەوەیی لە سەنعەتەوە بێت، ولاتەکە سەنعەتی‌یە. هەرچی پێشکەوتووتر بێ زیاتر لە سەنعەتەوەیە. ئەو ولاتانەی کە گەیشتوونەتە پاش سەنعەتی‌بوون، ئەو ولاتانەن کە بەشی هەرەزۆری داهاتەکەیان لە سەنعەتەوە دێت، نە لە کشتوکاڵەوە. مەسەلەن ئێستا مومکینە پێتان سەیر بێ، ئەمریکا لە نەزەر بگرن، کە بۆخۆتان دەزانن لە باری کشتوکاڵەوە نەك خۆی تەئمین دەکا، نەك بە زۆر ولاتی دیکە گەنمیان پێدەفرۆشێ، نازانم رۆن‌و کەرە یان حەتتا زۆر گەنم دەفرۆشێ بە ولاتێکی وەك "اتحاد شوروی"، بە میلیۆنها تۆنی پێدەفرۆشێ هەموو ساڵێ، بە ولاتەکانی سۆسیالیستی دیکە. بەلام ئەوە، دەزانن نیسبەتی ئەوانەی کە لە کشتوکاڵی ئەمریکا کار دەکەن بە پێی ئەوە دەبێ ئینسان زۆر ورد

بێ. مەسەلەن بلێین کە لە ٢٥٠میلیۆن خەڵکی ئەمریکا، ٥٠میلیۆن کار دەکا، هەموویان کار ناکەن. بەشێکیان منداڵن، بەشێك پیرن. باشە پێتان وایە چەند دەرسەدی ئەو ٥٠میلیۆنە لە کشتوکاڵدا کار دەکا کە ئەو هەموو داهاتەیان هەیە؟ کەمتر لە ٢٪. جا لەوەڕا بزانن کشتوکاڵی ئەمریکا حاسڵبەخشیە چەند زۆرە. چونکو وڵاتی وامان هەیە کە ٨٠٪، ٩٠٪ی وەکو وڵاتی کوردستانی خۆمانو وڵاتی بەنگلادێش، پاکستانو ئەوانە کار دەکەن لە کشتوکاڵدا، بە ئەندازەیکافی غەزای دەس ناکەوێ. لە ئەمریکا فەقەت ٢٪ لە کشتوکاڵ کار دەکەنو لەگەڵ ئەوە خۆی تەئمین دەکاو بە میلیۆنها دەتوانێ سادر بکا. یانێ بەرهەمی سەرانەی یانێ بەرهەمی یەك هێکتار زۆر زیاترە لە زۆر جێگای دیکە. باشە بۆیە پێی دەڵێن وڵاتێکی سەنعەتی. چونکە لە سەنعەتدا بە پێچەوانەوە زۆر زیاتر لە ٢٥٪ کار دەکەن، لەوێ بەرهەمی دەبێ چ بێ. ٢٪ کشتوکاڵ ئەوەندە بەرهەمی هەیە، دەبێ ٢٥٪ی سەنعەت چەندە بەرهەمی هەبێ؟ ئەویش یەکێك لە نیشانەکانی پێشکەوتنە. ئەگەر لە جێگایەکدا بیستتان لە سەنعەتدا خەڵك زیاتر کار دەکا، ئەوە مانای پێشکەوتنە. لە کشتوکاڵ رۆژبەرۆژ کەمتر کار بکا ئەوە مانای پێشکەوتنە. وەکوو لای خۆمان هەتا ٣٠ساڵ، ٤٠ساڵ لەوەی پێش لە ئێران، لە کوردستاندا بە گشتی بلێین ٨٥٪ لە گوندەکان بوون، ١٥٪، ٢٠٪ لە شارەکان بوون. ئێستا ٥٠ بە ٥٠ بوون، ٥٠٪ لە دێیەکان، ٥٠٪ لە شارەکان، کە رۆژبەرۆژ هەروا دەچێتە پێشێ. دیارە بەداخەوە ئەوە مانای پێشکەوتنی کشتوکاڵەکەمان نیە. ئەوە وەزعێکی تایبەتی‌یە. ئێستا لە ئەوە کە بۆ ئێمە موهیمە رێژیمی سەرمایەداری بریتی‌یە لەو وڵاتانە، لە پێش هەمواندا ئەمریکا، پاشان وڵاتانی ئورووپای غەربی، لە پاشان دیارە ژاپۆن پاشان کانادا، نیوزلەند، ئەو چەند وڵاتەی کە باسمان کرد. بەڵام موهیم ئەوەیە کە ئەگەر هەموو ئەو وڵاتانە ئێمە کۆ بکەینەوە، هەموویان پێکەوە لە واقێعدا نابنە ٢٠٪ی دانیشتووانی دنیا. بەڵام ئەگەر تەماشای داهاتیان بکەین، تەقریبەن ٧٠٪، ٧٥٪ی داهاتی دنیا هی ئەو وڵاتانەیە. ئەمریکا بۆخۆی بە تاقی تەنیا، کە لە واقێعدا ٦٪ تا ٧٪ی دانیشتووانی دنیا لە ئەمریکان، بۆخۆی بە تاقی تەنیا نیوەی بەرهەمی دنیا پێکدێنێ.

کەوابوو نیسبەتەکە بە قازانجی ولاتانی سەرمایەدارییە. بەلام لە موقابیل ئەواندا ئیستا مەجموعەیەکی دیکە پیکهاتوە لە ولاتانی سۆسیالیستی کە بریتییە لە "اتحاد شوروی"، لە چین، لە ولاتانی سۆسیالیستیی ئورووپای رۆژهەلاتو چەند ولات وەکوو کووباو ویتنامو ئەوانە. لە باری دانیشتووانەوە ئەوانە زۆر زیاترن لە ولاتانی سەرمایەداری، تەقریبەن دانیشتووانیان لەوانەیە سی بەرابەر بیت، یان زیاتر لە دانیشتووانی ولاتەکانی سەرمایەداریی پیشکەوتوو. بەلام لە باری ئیقتیسادییەوە کەمترە. دانیشتووانیان زیاترە، چونکە چین بە تاقی تەنیا نیزیك یەك میلیارد دانیشتووی هەیە، بە قەد هەموو ولاتانی سەرمایەداری، بەلکو زیاتریش لە ولاتانی سەرمایەداری. تەنیا ئەمریکا ٢٥٠ میلیۆنە. بە ولاتانی دیکەی ئورووپای رۆژهەلاتەوە ئیستا بەرەبەرە ئەوە دەروا ١/٥ تا ٢ میلیارد کەس ئەو ریگایەی دەچن.

پیمخۆش بوو ئەوەلەن، لیرە کە پاشان دەچینە سەریان نەلیین، چونکو زۆرجار بەکاری دینین ئۆردووگای سۆسیالیستی. ئۆردووگای سۆسیالیزم بەو شیوەیە وجوودی نیە. بلیین ولاتەکانی سۆسیالیستی چونکە ئۆردوووگای سۆسیالیزم ئەوە چینو شوورەوی هەر لە کیشەدان، چینو ویتنام لە کیشەدان، ئەوە یوگۆسلاڤیو ئالبانییە کیشەیان هەیە، کەوابوو بلیین ولاتانی سۆسیالیستی. بۆچی؟ لە پاشان باسی دەکەین، دەلیین ولاتانی سۆسیالیستی.

بەشی سیهەمی دنیا پاش سەرمایەداریو سۆسیالیزم، ئەوەیە کە پییان دەلین جیهانی سیهەم. جیهانی سیهەم هەموو ئەو ولاتانە دەگریتەوە کە خاریجی ئەو دوو بەشەن، سەرمایەداریو سۆسیالیستی. دیارە جار جار چین بە بەشیك لە جیهانی سیهەمی دەزانن لە باری ئیقتیسادی ـ ئیجتیماعییەوە دەبی هەر وا بی، ویتنامیش هەر وا، بەلام لە باری ریژیمی سۆسیالیستییەو بەشیکە لە ولاتانی سۆسیالیستی. ئەگەر ئەوانە دەربینین، ئیستا ئیمە دەزانین کە پیکەوە سۆسیالیزمو سەرمایەداری ٢میلیاردن، ٢میلیارد زیاتری، دیکە جیهانی سیهەمن. یانی ئەکسەرییەت ئەو ولاتانەن کە ولاتی پاشکەوتوون. نە ولاتی پیشکەوتووی سەرمایەدارین نە بوون بە ولاتی سۆسیالیستی. پاشکەوتنەکەیان لە رووی چییەوە دیاری دەکەین؟ داهاتی نەتەوەیی یا داهاتی سەرانە. لە رووی داهاتی سەرانەوە ئەوانە پاشکەوتوون.

لێرەدا گرووهێکی دیکە تایبەتی لەو ولاتانە هەیە کە داهاتی سەرانەیان زۆرە. بەلاّم ئەوانە زۆر کەمن، دانیشتووانی هەمووشیان پێکەوە ئەگەر بگاتە ١٠٠، ١٥٠میلیۆن، ئەویش ئەو ولاتانەن کە نەفت سادر دەکەن. لە عەرەبستانی سعوودی، کوەیت، ئێرانو عێراقەوە بگرە هەتا دەگاتە جەزائیرو نیجریەو هێندێ ولاتی دیکە چونکو دانیشتووانیان زۆرە وەکو ئێران، ئەوەیە نەفتەکە فایدە ناکا وەزعیان باشتر بکا. بەلاّم بازێکیشیان بەڕاستی داهاتەکەیان زۆرەو دانیشتووانیان کەمە. وەك کوەیت، قەتەر،خودی عەرەبستانی سعوودی، ولاتەکانی "امارات متحدە"و ئەوانە. دیارە ئەوانە وەزعیان لە باری داهاتەوە زۆر باشە. بەلاّم ئەگەر ئەوانە لە لایەکی دابنین، ئەوەی دیکە جیهانی سێهەم کە بەڕاستی نزیکی دوو میلیاردە وەزعی ئیقتیسادیی زۆر خراپە، زۆربەی دانیشتووان لەوێن. زۆربەی مەوادی خامو ئەوانەش لەوێڕا دەچێتە دەرێ، بەلاّم حەتتا ١٠٪ی بەرهەمی سەنعەتیی دنیاش لەو ولاتانەدا نیە. ئەوەندە وەزع لە باری ئیقتیسادییەوە لەو ولاتانەدا خراپە. بەلاّم ئێمە تەقسیمێك بوو کە کردمان بۆ ئەوەی کە بەو تەقسیم کردنە بتوانین نیشان بدەین کە سەرمایەداری وەزعی چۆنە، سۆسیالیزم وەزعی چۆنەو لە دنیای ئێستادا ولاتەکە، ئەو ولاتانەی کە زۆر جار ناومان ناوە ئیقتیسادی تێکەلاّو، ئەوانە وەزعیان چۆنە.

بگەڕینەوە ئێستا بۆ ئەوەی وەزعی سەرمایەداری لە باری "بین‌المللی"یەوە روون بکەینەوە. لە باری داخیلییەوە ئەوە بوو وتمان. لە باری "بین‌المللی"یەوە دیارە مەسەلەکە بەو سادەییە نیە. ئەوەڵەن بەو سادەییە نیە کە ولاتەکانی سەرمایەداری هەموویان پێکەوە یەکدلو یەکپارچە راوستاون بەرامبەر بە ولاتانی جیهانی سێهەم یان سۆسیالیستی، شتی وا نیە. بە پێچەوانە ئێمە دەبینین کە لە زۆر شتدا ئەوانە پێکەوە ناتەباییان هەیە، ئیختیلافاتیان هەیە. حەتتا لەویش زیاتر زۆرجاری وا دەبێ زۆر توندوتیژ دژی یەکتر رادەوستن.

ئەمریکا لەگەلّ ئورووپای غەربی ئیختیلافی هەیە، ژاپۆن لەگەلّ ئورووپای غەربی، لەگەلّ ئەمریکا هەیەتی، ئەگەر هەمووی تەماشا بکەین دەبینین کە راستە هەموویان ولاتی سەرمایەدارین بەلاّم لە بەینی خۆشیاندا، ئەوانەی کە هەرە گەورەن، بە تایبەتی ئەمریکا، ئەوان بەو شێوەیە کە هەموو ولاتەکانی سەرمایەداری پێیان خۆشە نایەنە دنیای دەرەوە. مەسەلەن فەرز بکەین ئێستا ئەمریکا بە سەدان هەزار

لەشکری هەیە لە دەرەوەی ولاتەکەی. لە ژاپۆنەوە بگرە هەیەتی تا ئورووپای غەربی. باشە ئەگەر ولاتی سەرمایەدارییە، ئازادە دەڵێی دێموکراتیشە، لەشکری تۆ لەو ولاتانە چ دەکا؟ ئێستا ئەوە ئیختیلاف هەیە لە سەر ئەوە کە ئایا لەشکری ئەمریکا لە ئورووپای رۆژئاوا هەبێ بە قازانجی ئەو ولاتانەیە یا نەبێ. لە پاشان، دێینە سەر ئەوە کە مەسائیلی ئیقتیسادی لەگەڵ مەسائیلی ئێستراتژیکی تێکەڵاو دەبێ، هەموو وەختێك ئەوانە پێکەوە وەك یەك نین.

مەسەلەن ئێستا ئەگەر بپرسی لە باری ئیقتیسادییەوە ژاپۆن بەهێزترە یان فەرانسە؟ دەبێ بڵێین ژاپۆن بەهێزترە. چونکە ژاپۆن ١٥٠ میلیۆنەو لە زۆر شتدا پێشکەوتووە، فەرانسە ٥٠ میلیۆنە. بەڵام ئەگەر بە گشتی حیسابی بکەین لە باری ئێستراتژیکییەوە فەرانسە بەهێزترە، چونکە فەرانسە چەکی ئەتۆمی هەیە ژاپۆن نیەتی. بۆمبی ئەتۆمی ئەوەندەی هەیە کە کەس ناتوانێ دەستدرێژی بۆ بکا، ئەوەندەی نیە کە بە سەر خەڵکی دیکەدا دەستدرێژی بکا، بەڵام هەر ئەوەندەی هەیە کە خەڵك نەتوانێ دەستدرێژی بکا بۆ سەر فەرانسە.

مەقسەدی من لەو نموونانە یەك شتە. ئەویش ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارییانە یەکپارچەش نین کە هەموو لە یەك لا راوستابن. چونکو زۆر جار وا دێتە بەرچاو کە بەداخەوە ئێمە لە کوردستانو لە ئێراندا تەمایۆلێکی ئاوامان هەیە، حیزبی دێموکرات کەمتر، خەڵکەکە زیاتر، گرووهەکان زۆر زیاتر کە هەموو شتێك سابیتە. مەسەلەن فەرز دەکەین دێت لەگەڵ تۆ ئاوا قسە دەکا، رێژیمی خومەینی زیددی ئیمپریالیستە یان نە؟ باشە ناپرسی کێها ئیمپریالیست؟ زیددی کەلیمەی ئیمپریالیستە؟ بە چی زیددی ئیمپریالیستە؟ ئیمپریالیستیش هەیولایەکە دیاریش نیە لە کوێیە. بێ مەسەلەکە حەل کە. نە، بێن تەحلیلی بکەین، بزانین بەراستی زیددی ئیمپریالیستە؟ چی کردوە، زیددی ئەو ئیمپریالیزمە کە بڵێین زیددی ئیمپریالیستە عەمەلەن چی کردوە؟ ئایا عەکسی ئەوەی کردوە؟ ئێمە هەموو وەختێ دەمانگوت دەیکا، عەکسی ئەوەی کردوە.

رێژیمێك ناتوانێ زیددی ئیمپریالیستی بێ کە ئەگەر لە داخیلی خۆیدا، لە داخلی ولاتی خۆیدا لە پێشدا بیهەوێ دژی ئیمپریالیستەکان لەبەین بەرێ، وەك موجاهیدینی خەڵك، وەك حیزبی دێموکرات. ئەوانە سەرکوت دەکا، چۆن دژی

ئیمپریالیستە کە ئەوانە لە پێشدا سەرکوت دەکا کە دژی ئیمپریالیستین؟ چۆن دژی ئیمپریالیستە کە تەواوی وەزعی ئیقتیسادی وڵاتەکە بە شێوەیەك لەبەین دەبا کە وابەستەگی ئێران ڕۆژبەڕۆژ بە ئیمپریالیزم زۆرتر دەبێ. حەتتا مەجبوور بوو لە ئیسرائیل ئەسڵەحە بکڕێ. ئەوانە واقیعیاتن نەك ئەوەی کە هەر شوعار بدەی بە دژی ئیمپریالیزم. چونکە شوعار، کاتێك خومەینی یان هەر کەسێکی دیکە قسە دەکا دەڵێن تەکبیر لە ئاخرەکەیدا جنێو دەدەن مەرگ بەر ئەمریکا، مەرگ بەر ئیسرائیل، مەرگ بەر شوورەوی، بەوە نیە دژی ئیمپریالیستی. ئەوە نابێتە دژی ئیمپریالستی. بێین تەحلیل بکەین مەسەلەن ئێستا زۆر هەوڵ ئەدا ڕێژیمی جمهووری ئیسلامی کە نیشان بدا کە فەرانسە ڕێژیمێکی ئیمپریالیستی‌یە. ئەگەر دیققەتتان کردبێت، حەتتا تەبلیغاتی دژی فەرانسەش زیاترە هەتا دژی ئەمریکا. نە لەبەر ئەوەی کە فەرانسە ئیمپریالیستە. لە بەر ئەوەی کە فەرانسە ڕێگای داوە ئێرانی‌یەکان لە فەرانسە فەعالییەتی ئازادیان هەبێ دژی ڕێژیمی خومەینی. شووڕای میللی مەقاومەت نوێنەری لەوێ هەبێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەسمەن دەفتەری هەبێ. دیارە ئەوانە کە باسی ئەوەی دەکا ڕێژیمی فەرانسە سەهیۆنیستی - سۆسیالیستی - ئیمپریالیستی‌یە، ئیدی ئەو هەموو شتێ تێکەڵاو دەکا.

بەڵام واقیعبیانە تەماشا بکەین، ئێمە کە تەماشا دەکەین لە زۆربەی زۆری مەسائیلی ئەساسیی دنیا، فەرانسە ئیختیلافی هەیە لەگەڵ ئەمریکا. ئەمریکا دەیهەوێ حکوومەتی نیکاراگوا بڕووخێنێ، شتێکی وازیحە، نایەوێ کووبایەکی دیکەی بۆ ساز بێ. ئێستا لە نیکاراگوا لە بندەستی ئەمریکا شۆڕشێك هەیەو خەریکە سەردەکەوێ. سەریش کەوتووەو حکوومەتی بەدەستەوەیە، ئەمریکا دەیهەوێ بیڕووخێنێ، فەرانسە ئەسڵەحەی بۆ دەنێرێ. باشە ئەوە چۆن ئەوانە یەکن؟ ئەوە چۆن ئیمپریالیستێکە کە پشتیوانی لە حکوومەتی شۆڕشگێڕی نیکاراگوا دەکا. نموونەی زۆر ئاوا هەیە.

کەوابوو ئێمە بۆ تێگەیشتن - وەکو حیزبێکی سیاسی - لە چوارچێوەی سەتحی "بین‌المللی"دا بتوانین هەم لە تەزاددی ئیمپریالیستەکانیش ئیستیفادە بکەین‌و هەم بزانین ئەویش نیە کە گوتی زیددی ئیمپریالیستە ئەمنیش لە دوورەوە سڵاوی لێدەکەم. بزانین کێ بەڕاستی ئیمپریالیستە؟ کێ چ دەکا؟ تەماشای کردەوە بکەین.

عەمەلی خراپ بوو، ئەوە باش. کردەوەی خراپ نەبوو ئیدی لە خۆڕایی کێشە ساز نەکەین. ئەوە دیارە لە باری یەکگرتوونەبوونو یەکپارچە نەبوونی ئیمپریالیستەکانە. حەتتا بەرامبەر بە ولاَتانی سۆسیالیستییش یەکگرتوو و یەکپارچە نین. مەسەلەن ئێستا مەسەلەی دانانی ئەو مووشەکانە لە ئورووپادا هەیە. حەتمەن دەزانن بیستووتانە ئەمریکا دەڵێ من "پرشنگی٢" دادەنێم، شوورەویش لە موقابیلی ئەوەدا دەیەوێ مووشەکی تایبەتیی خۆی "SS20" دابنێ. ئاڵمانی رۆژئاوا زۆر مەسەلەکەی بۆ موهیمە، چونکە ئەوەڵێن ولاَت ئەگەر شەڕ ببێ، لەبەین بچێ، ئاڵمانی رۆژئاوایەو دیارە لە فکری گیانی خۆی دایە. دەڵێ ئێمە با ئاوا بکەین کە نە ئەتۆ دابنێی نە ئەتۆ. بەلاَم ئەمریکا نە، پێی خۆشە هی خۆی دابنێ. چونکو دوورە. لە ئاڵمانی غەربی دیارە ئەمریکا چەندین هەزار کیلومتر دوورە، لە ئەو ناکەوێ ئەو دەیهەوێ ئاڵمانی غەربی بکا بە پێشجەبهەی خۆی. دەبینین کە لەوێ ئیختیلاف هەیەو لەو ئیختیلافانە ئیستیفادە بکەین.

مەقسەدم ئەوەیە کە ئێمە کە باسی سەرمایەداری دەکەین، ئەساسی سەرمایەداری لە سەر چی راوەستاوە، ئەوەی کە باسمان کرد، بەو شێوە عیلمی‌یەی کە باسمان کردو دیارە دەبێ بڵێن ئەو سەرمایەداری‌یە یەکدڵو یەکپارچە نیە، لە پاشان ئەو سەرمایەداری‌یە ئەوەش نیە کە ئێمە بڵێن هەرچی لەوێ هەیە خراپە. ئێستا هەر ئەو جمهووری ئیسلامی‌یەو ئەوانەی ماوەیەکی زۆر پشتیوانیان لێدەکرد، دەڵێن سەرمایەداری وابوو و واچوو، مەرگ بەر ئەمریکا، ئاڵمانی غەربی وایە، خراپە. حوجەتولئیسلامەکان پێیان خۆشە سواری بێنز بنو بێنزیش لە ئاڵمان دەکرن. پێیان خۆشە هێلی‌کۆپتێر بکرن، پێیان خۆشە فانتۆمەکانیان کار بکا، لە کوێ دابینی بکەن؟ لە ئەمریکا. حەتتا چەکی لە ئیسرائیل دەکرن. بڕوام پێبکەن سێ ساڵ لەوەی پێش، من ـ دیارە ئەوەڵ کەس بووین کە زانیمان ئێران چەکی لە ئیسرائیل دەکرێ ـ لە کۆنفرانسێکی مەتبووعاتی لە پاریس گوتم ئێران ئەسڵەحەی دەکڕێ لە ئیسرائیل. برێك پێکەنین. پێیان وابوو کە هەروا قسەیەکە کە دەیکەم. ئەوجارە کە من، ساڵێك لەوەی پێش لەوێ بووم، هەر ئەو خەبەرنیگارە دەیگوت هیچم لە بیر ناچێ کە تۆ ئەوەڵ کەس بووی کە ئەوەت گوت. دیارە زۆر شتی دیکەش دەزانی کە پێمان ناڵێی.، دیارە ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە خەبەرم لێوەرگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە کەس بڕوای

نەدەکرد کە "آیتالله"یەك کە دەیهەوێ لە رێگای کەربەلاوە بچێ قودس بگرێ، دەیهەوێ قودس بە ئەسڵەحەی ئیسرائیل بگرێ. ...

دێن لە خومەینیش شت دەکڕنو دەیبەنەوە، ئینگلیز کاری بەوە نیە رێژیمی "آیتالله خمینی" خوێنمژە، ئینسانکوژە، کورد لەبەین دەباو موجاهدینی سەرکوت دەکاو زندانەکانی پڕ لە شکەنجە هەیە، ئەوانە جەنبین بۆ وی، سەرمایەدار قازانجی خۆی دەوێو سوودی خۆی دەوێ.

ئەوە مەقسەدم ئەوەیە کە لێرە یانێ لە ولاتی سەرمایەداریدا ئەوەی حاکمییەتی بە دەستەوەیە لە پێش هەمووان سوودە. ئەوانی دیکە جەنبین، یانێ ئەوانی دیکە لە پشتەوەن، مەسەلەن فەرزکەین نموونەیەکی دیکەتان بۆ دێنم کە پێمخۆشە ئەوانە زۆر باش حالّی بن. گوێ لە "صدای امریکا" بگرن، هەموو کەس دەزانێ ئەوانەی کە لە ئەفغانستان موبارزە دەکەن زیددی ئەرتەشی شوورەوی، زیددی حکوومەتی ئەفغانستان، هەموویان یان زۆربەی زۆریان ئینسانی پاشکەوتوون. وەکوو ئەوانەی کە ئێستا ئەمڕۆ هەمانە لە ئێران "موجاهیدینی ئیسلامی". بەلاّم باسی ئەوان کە دەگاتە لای "صدای امریکا" هەموو رۆژێ باسیان دەکا، هەر دوو نەفەر بکووژرێ، هەر بچووکترین شتێك لە سەر ئەفغانستان بێ نیوسەعات لە سەری دەڕوا. باشە بەلاّم ئێمە هەرچی ئەخبار بدەین لە سەر کوردستان باسی ناکەن، خەبەری زۆر موهیمتر لەوەی لە ئەفغانستان قەوماوە باسی ناکەن. زۆر جاریش باسی بکا دەیهێنێتە خوارێ باسی حیزبی دێموکرات ناکا، دەڵێ عەشایری کوردستان هەیە. حەتتا مەسەلەن لە باتی ئەوە ناوی من کە بێنێ بلّێ سکرتێری حیزبی دێموکراتە، دەڵێ رەئیس عەشیرەتە، بۆخۆم دیومە، رەئیس قەبیلەیە تازە عەشیرەتی چی، قەبیلەکە هی سەد ساڵ لەوەوپێشە. دێنێتە خوارێ ئەرزشەکەی سەتحی، بۆ؟ واقعیەتەکەی ئەوەیە.

ئێمە ئێستا هەمانە بەرادەری خەبەرنگاری فەرانسەوی وتی من دەچمە ئەفغانستان چوو و نووسیویشیانە، حەتتا بە موقایسە نووسیویانە. کتێبێك دەرچووە لە فەرانسە مەقالەی لە سەر کوردستانی ئێرانە، مەقالەی لە سەر ئەفغانستانەو موقایسە دەکا بە قازانجی ئێمەو ئەوانە زەمینو زەمان فەرقیان هەیە. ئەوە چەندە لە پێشە، چەند پێشکەوتووە، چەند مودێڕنە، ئەوی دیکە چەند پاشکەوتووەو خراپە. ئێمە بۆخۆمان دەزانین دیارە چەندە رەخنەمان لە سەرەو چەندە ئیرادمان هەیە بەلاّم

ئەوە شتێکی دیکەیە بەڵام ئەو وا درووستی دەکا. باشە ئەدی بۆ "صدای امریکا" وا دەکا. "صدای امریکا" ئەو شتەی زیدی شوورەوی بێ پێـی خۆشـە گـەورەی بکـاو باسی لە سەر بکاو شتی لە سەر دابنێ، بەڵام بۆ هی کورد بۆ بیکا، چ قازانجێکی بـۆ وی هەیە، تورکیە لە خۆی عاجز بکا کە دۆستیەتی، ئێران لە خۆ عاجز بکـا کـە لـە بنەوە دۆستایەتیی لەگەڵ دەکا یا عـێراقێ لـە خـۆ عـاجز بکـا کـە لەگـەڵ ئـەویش دۆستایەتی دەست پێکردووە؟ بۆ بیکا؟ قازانجەکەی ئەوەی ناهێنێ بیکا یـانێ زەرەری زیاترە لە قازانجی، عاشقی چاوی کوردانیش نەبووە. ئەو هەموو باس‌و قسەیە لە سەر بەشەردۆستی‌و دێموکراسی‌و نازانم چی‌و ئەوانە هەمووی قسەی پووچـە. کـەوابوو ئـی وی زۆر گەورە دەکا، باسی دەکا، وەڵاهی یـەك نەفـەر بریـندار بـێ وەك خەبـەرێکی موهیم باسی دەکا. بەڵام ئـی مـە سـەدان کـەس بکـووژرێ لـە پاسـدار، شـتی زۆر گرنگیش بقەومێ یەك کەلیمەش باسی ناکەن.

بێمە سەر ئەوەی سەرمایەداری ئێمە بەو شێوەیە دەناسین، ئەوەندەیش بە نـەزەری من لە شەرایەتی ئێستادا بۆ بەحس باشە. بەڵام دەبـێ ئـەوەی بڵێـین سـەرمایەداری راسـتە کـەوا بـەرەو لەبـەین‌چوون دەڕوا لـە بـاری ئیجتیمـاعی‌و ئیقتیسادیشـەوە مەحکوومە، باسیش دەکـەین باسـی سۆسیالیزمان کـرد بۆچـی؟ بـەڵام دەبـێ ئـەو واقعییەتەش ببینین کە سەرمایەداری زەخیرەی زۆرە، نوقتەی ئیتیکای زۆرە. جارێ بە تەواوی ئامادە نەبووە بۆ لەبەین چوون‌و ئەگەر کەسێك تەسەور دەکا کە سـبەینێ لـە ئەمریکا مەقسـەدم ئێتانزۆنی‌یـە کـە ماوەیـەك موسـتەعمەرەی ئەمریکایـە لـەوێ کرێکاران دەست دەدەنە تفەنگو شۆڕشی چەکدارانە دەکەن دیارە ئاگایان لـە دونیـای نیە، یا ئەگەر پێم‌وایە ئەوە لە سوئیسی بەو جۆرە بقەومێ هەروا ئاگایـان لـە دونیـا نیە. پێی وابێ لە سوئێد شتی وا ببێ، نابێ. ئەوەی کە لە رووسیە بووە وەختی خـۆی ساڵی ١٩١٧ بەو شێوەیە لە هیچ یەك لە وڵاتـان تیکرار ناکرێتـەوە. نـە ئیمکـانی هەیەو نە ڕێگا هەیە. دەبێ کرێکارانی ئەو وڵاتانە ڕێگایەکی دیکە ببیننەوە.

دیارە هەر کرێکارێ هەر وڵاتێك ناچین، لـێرە لـەوەشدا پێم‌وایـە لەگـەڵ کۆمەڵـە فەرقمان هەیە کە ئێستا برادەرانـی حـیزبی کومۆنیسـتیان چوونـە دەرێ بـۆ ئـەوەی ئەنتێرناسیۆناڵی پێنجەم دابنێن‌و کرێکارانی جیهان فێر کەن، کە چۆن موبارزە بکـەن ئێمە ئەو ئیدیعایەمان نیەو ئەمن پێم‌وایە کرێکاری هەر وڵاتێك زۆر باشتر لـە ئێمـە

دەزانیٚ چۆن موبارزە بکا. هەروەها کە بۆخۆمان پێمان وایە باشتر لە هەموو کەس دەزانین کە لە کوردستان چۆن دەبیٚ موبارزە بکەین ئەوانیش باشتر لە ئێمە دەزانن. باشە فێریان ناکەین. هەر چینی کرێکار ولاتێك لە سیاسەتەکانیان رێگای خۆیان دەبیننەوە. دەڵێم ئەو رێگایە نابێتە ئەم رێگایە. مەقسەدم ئەوەیە کە سەرمایەداری بەو ئاسانی‌یە لەبەین ناچیٚ.

دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی ئەوەی کە باشە لە رێگای شەڕەوە لەبەینی بەرین، ئەوەی کە وەختی خۆی مەرحوومی خودالێخۆشبوو "مائۆ تسە دون" زۆر باوەڕ بەوەی هەبوو لە رێگای شەڕەوە حەتتا دەیگوت: "ئێمە با شەڕەکە بکەین شەڕی ئەتۆمییش بیٚ قەیدی ناکا، پاش شەڕ تەمەدونێك درووست دەکەین لە سەر وێرانەکانی شەڕ کە لەو تەمەدونەی ئێستا سەدجار باشتر بیٚ." دیارە ئەوە نازانم پاش شەڕی ئەتۆم کیٚ دەمێنێتەوە هەتا ئەو تەمەدونە درووست بکا، بەلاّم ئەوەی دەیگوت، خوەشبەختانە ئەوانیش ئەوەی ناڵێن. باشە، کەوابوو ئەگەر شەڕ بیٚ، بە شەڕیش نابیٚ. شەڕ بۆ نابیٚ؟ شەڕی وردە، شەڕی ئێرانو عێراق، شەڕ لە "ویتنام"، شەڕ لە بەینی نازانم تایلەندو کامبۆج، ئەوانە دەبیٚ. بەلاّم شەڕی جیهانی نابیٚ. چونکە ئەو هێزە کە دەبیٚ شەڕ بکا هێزێکی ئەوەی بە فارسی پێی دەڵێن "بازدارندە"شی لەگەڵە. هەر شەڕێکی جیهانی یانیٚ شەڕی ئەتۆم. لە واقیعدا ئەوەش بۆخۆی پرۆسەیەکی دیالیکتیکی‌یە. شەڕ درووست کردنی سیلاح بۆخۆی سیلاحێکی درووست کردووە کە بوەتە مانیعی شەڕ، شەڕ سیلاحی ئەتۆمی درووست کردووە کە ئێستا سیلاحی ئەتۆمی گەورەترین مانیعی شەڕە. هەرکەس شەڕەکە دەست پیٚبکا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەر دوو لا لەبەین بچن. ئەوەندە چووەتە پێشیٚ کە پێم وانیە لە پاش ئەوە ئیدی کەسێك لەو دونیایەدا بمێنێت کە پێی خۆش بیٚ بمێنێتەوە کە بێت تەمەدونێکی دیکە درووست بکا.

لە هەر حاڵدا مەسەلەی شەڕیش کەوابوو حەلی ناکا. بە شەڕیش ئەوە نیە خۆ لە داخیلی ئێراندا ئێمە چەك هەڵگرینو لەگەڵ رێژیمی خومەینی شەڕ بکەین، ئەوەندە شەڕ بکەین هەتا ماندووی کەین یا شتەکانمان قبوولّ بکا، داخوازەکانمان قبوول بکا کە زەحمەتە یان رێژیمێکی دیکە بێتە سەرکار کە داخوازەکانمان قبوول بکا. ئەوەش هەر شەڕی ئەتۆمی‌یە. ئەگەر شەڕەکە گەورە بێت ئێستاش یەك نەفەر ئەتۆمی نیە.

چین هەیەتی، شوورەوی هەیەتی، ئامریکا هەیەتی، فەرانسە هەیەتی، ئینگلستان هەیەتی زۆر ولاتی دیکەش خەریکن درووستی دەکەن، ئیستا لەو رۆژانەدا خەبەر هەیە کە ریژیمی خومەینیش خەریکە بۆمبی ئەتۆمی درووست دەکا. باشە ئەگەر وایە شەڕیش مەسەلەکە حەل ناکا. کەوابوو ریگا تەنیا ریگای موبارزەی دریژخایەنەو موبارزەی دوورو دریژە. ئەگەر دەمانەوێو دۆزینەوەیو دیتنەوەی وەزعیك لە داخلی هەر ولاتیكدا کە بتوانێ هەر میللەتیك بە شیوەی خۆی، ریگای خۆی بگریتە بەر. دەنا من بیم بلیم ئەوەی کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبردا کەشتیی ئادرۆ هاتو دەستی بە تەقە کردو چۆن قەسری زمستانی‌یان گرتو بوو بە شۆڕشی ئۆکتۆبر ئەوە تیکرار بکریتەوە، ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بین کە سەعاتسازەکانی سوویس، کریکارانی سەعاتسازیی سوویس، ئەوان بین چەك هەلبگرن ئەوە ئیدی ئیمە دەبێ هەتا قیامەت هەر چاوەڕوان بین، قەد شتی وا نابێ.

مەقسەدم ئەوەیە کە هەر ئەوە کە ئیمە چەك هەلنەگرین خراپە، ئەوەش راست لە شەرایەتی ئەواندا چەك هەلگرتنی ئەوانە، ئیستا لە فەرانسەدا هەرکەس چەك هەلگرێ ئەوانی دیکە هەموو "متحد"ن کە سەرکوتی بکەن. ئەسلەن کەس بە فیکریدا نایە چەك هەلگرێ. لە ولاتێ وەکو فەرانسەو سوئیدو ئینگلستانو ئەوانە ئەسلەن خەیالە. کەوابوو هیچ ریگا بیجگە لە موبارزەی سیاسی موسالمەتئامیز نیە هەتا ئاخر. ریگای دیکە نیە، شەڕیش مەسەلەکە حەل ناکا. مومکینە بوحران پیك بێ، کۆمەك بکا لە ئینتیخاباتیكدا مەسەلەن ئیستا لە فەرانسە پاش ماوەیەکی زۆر حیزبی کومۆنیستیی "سۆسیالیست" سەرکەوتووە، ئەگەر بتوانن سەرکەون هەم دەتوانن بەرنامەکەیان جیبەجێ بکەنو هەم لە سەری کار بمیننەوە، دەبێ هەردووکی بێ. مەسەلەن لە سەر کار بمیننەوەو بەرنامەکەیان جیبەجێ نەکەن خەلکەکە لییان دەکشیتەوە، بەرنامەکە دیارە جیبەجێ بکەن بەلام ئیمکانی نەبێ لە سەر کار بمیننەوە هیچیان پێ‌ناکرێ. ئەگەر هەردووکیان پێ بکرێ ئەو وەختە بە نەزەری من بلیین بەدیلیکی دیکە، ئالترناتیڤیکی دیکە پەیدا دەبێ. کەوابوو دەبێ موبارزەکە بە شیوەی سیاسی بلیین موسالمەتئامیز بێ.

ئەوەمان کە گوت دیارە دێینە سەر مەسەلەی نەزەری ئێمە لە سەر سەرمایەداری
ـە لـە پاشـان باسـی دەکـەین. دیـارە روونـە، ئێمـە گوتوومانـەو ناشیشـارینەوە
ـەرمایەداری دەبیٚ لەبەین بچیٚ. ئێمە سەرمایەداری نەفی دەکەینەوە، سەرمایەداری
ـد دەکەینەوە. لە بناغەوە رەدی دەکەینەوە. بە چەوساندنەوەو حـەتا بـەو سوسـیال
ـموکراتی‌یەی کە دەیهەویٚ هەڵی بسوورێنیٚ بەڵام دەیهەویٚ رایگریٚ، ئێمە نامانـەویٚ
ـیگریٚ. مەسـەلەن ئێمـە نـەزەرمان ئەوەیـە کـە سـەرمایەداری بـەو شـێوەیە لـە
ـردستاندا پێکنەهاتووە، نابیٚ بـهێڵین پێـك بێـت، نـابیٚ بـهێڵین سـەرکەوێت. ئـەو
ـناسوری سەرمایەداری‌یە، عەناسـور مەقسـەدم ئەشـخاس نیـە، یـانیٚ شـەواهیدو
ـرائنی سەرمایەداری کە پێکهاتووە لە کوردستاندا ئەوەش بەرەبەرە دەبـیٚ لەبـەین
ـرێنو ئەگـەر شۆڕشـەکەمان سـەرکەوت دیـارە ئـەو وەختـە خـودی سـەرکەوتنی
ـڕشەکەمان سەرکەوتنی رێگای سۆسیالیستی‌یە بە سەر رێگای سەرمایەداری‌دا.

سۆسیالیزم‌و ئابووریی سۆسیالیستی

کەلیمەی سۆسیالیزم لە کەلیمەی "سۆسیال" درووست کراوە. سۆسیال یانیٚ ئیجتیماعی. ئەوەی کە قەدیم لە ئێرانیٚ ئەوانەی کە موبارزەیان دەکرد حیزبی "اجتماعیون" هەبوو، ئەوانە یانیٚ سۆسیالیزمیان داوا دەکرد. ئەوانەی کە داوای ئیجتیماعی کردنی لە پێش هەمواندا ئەبزاری بەرهەمهێنان "وسایل تولید" دەکەن، ئەوە پێیان دەڵێن سۆسیالیست. دیارە سۆسیالیزمی بلێین خەیاڵی هەبووە، ئەو وەختە هەبووە تەخەیولی هەبووە کە لە فیکریدا درووستی کردووە، وڵاتێکی وا خۆش بیٚو ئەوە لە چیرۆکەکاندا بیستووتانە کە دەگەیشتنە جێگایەکی دارو بەردی جوان بوو، پڕ بوو لە گوڵو ئاوو نازانم هەموو شتێکی باش بوو، حەتتا پادشاکەشی عادڵ بوو. کچی پادشاکەش وا جوان بوو نازانم چی بوو ئەوانە هەمووشی، ئەوە وەکو شتێکی خەیاڵی درووست دەکرا هەتا نێوەڕاستی قەرنی لە واقیعدا "١٩". لە نێوەڕاستی قەرنی "١٩"وە ئیدی سۆسیالیزمی عیلمی پێکهات.

سۆسیالیزمی عیلمی ئەوەیە کە بەڵیٚ ئەو سۆسیالیزمە ئیمکانی هەیە پێکی بێنین بەڵام نە خەیاڵ، موبارزەی بۆ بکەین چوارچێوەی پێوەندییەکانی سەرمایەداری تێک دەین. تێکدانی چوارچێوەی پێوەندییەکانی سەرمایەداری ـ بۆ ئێمە ئێستا روونە بە هەموومان ئیقتیساددانین لێرە ـ یانیٚ لابردنی چەوساندنەوە. ئەوە لابەرین، ئەبزاری تەولید بکەینە سۆسیالیستی، میللی بکریٚ، سەرمایەدار ساحێبی کارخانە نەبیٚ، هەموو کۆمەڵ ساحێبی کارخانە بن، کرێکاران بۆخۆیان ساحێبی کارخانە بن‌و ئەوە

دەبێتە زەمینە بۆ درووست کردنی سۆسیالیزم. کەوابوو سۆسیالیزم تەنیا یەك باری ئیقتیسادیو ئیجتیماعی نیە، سۆسیالیزم باری فەرهەنگیی هەیە، سۆسیالیزم باری سیاسیی هەیە، سۆسیالیزم لە واقیعدا کۆمەڵێکی گشتییە کە هەموو بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەگرێتەوە. ئەوە نیە کە من هەر ئەوەندە هاتم کارخانەکانم کرد بە میللی ئەوە بوو بە سۆسیالیزم. بەداخەوە ئەوەش لە ئێرانی خۆماندا زۆر باو بووە، مەسەلەن فەرزکەین زۆر بەڕاستی بە شێوەیەك کە بۆ پێکەنین دەبوو، بە تایبەت بۆ ئەوانە کە ئیدیعای مارکسیسمی دەکەن بۆ ئەوان بۆ پێکەنینی دەبوو، دەهاتن دەیانگوت ئەوە نیە ڕێژیمی خومەینی زیددی ئیمپریالیستە، بازەرگانی خارجی میللی دەکا ؟! دیارە ئەوە بازەرگانی خارجی میللی کردن نەبوو ئەوەڵەن، لە پاشان حەتتا ئەگەر ئەوەشی میللی کردبا ئەوە نە سۆسیالیزم بوو نە زیددی ئیمپریالیزم بوو نە هیچ.

مەقسەدم ئەوەیە کە ئێمە ئامادەگیی فیکریمان هەبێ کە سۆسیالیزم زۆر "جامع"ترو کامڵترە لەوە کە بە میللیکردنێك جێبەجێ بکرێ. کۆمەڵێك دەبێ پێك بێ کە لەو کۆمەڵەدا ئەسڵ ئەوەیە کە گوتراوە. مەقسەدم ئەوەیە کە ئەوانە خۆیان بە مارکسیسم دەزانن ئەو ئەسڵە لەبیر دەکەن. ئەسڵ ئەوەیە کە سۆسیالیزم ئەو کۆمەڵەیە کە مێعیاری پێوەندیی ئینسان لەگەڵ کۆمەڵ، پێوەندیی ئادەمیزاد لەگەڵ کۆمەڵ تەنیاو تەنیا کارە. بە پێی ئەو ئەسڵە کە گوتراوە ئەوەڵجار لە "گۆتا"، لە ئینتیخابی بەرنامەی گۆتا، کۆنگرەیەکی حیزبی سوسیال دێموکرات پێکهاتبوو ـ "گۆتا" شارێکە لە ئاڵمان ـ لەو کۆنگرەیەدا بەرنامەیەکیان هێنابوو مارکسو ئەنگێلس کە ئەو وەختە هەردووکیان زیندوو بوون ئێنتێقادێکیان نووسیوە بەو بەرنامەی گۆتا لە ساڵی ١٨٧٥ لەو ئێنتێقادەدا ئەوە هاتووە بۆ یەکەم جار هەم سۆسیالیزم چیە، هەم کومۆنیزم چیە.

سۆسیالیزم ئەوەیە کە هەر کەس بە پێی لیاقەتی خۆی کاری دەدرێتێ، بە پێی ئێستێعدادی خۆی کاری دەدرێتێ، هەرکەس بە پێی ئیستێعدادی خۆی، لیاقەتی خۆی کار دەکاو بە پێی کاری خۆی لە کۆمەڵ شت وەردەگرێ. جا ئەوە شوعارەکە ئەوەیە: (هەرکەس بە پێی ئیستێعدادی خۆی، بۆ هەرکەس بە پێی کاری خۆی)، یانێ مێعیار تەنیا دەبێتە کار. ئیدی یەکێك بابی دەوڵەمەندەو، یەکێك ئەملاکی هەیە،

یەکێك نازانم بابی بانکدارە، یەکێك کارخانەی هەبووەو هەزارویەك ئیمتیازی دیکە، هەموویان دەبنە هیچ لە موقابیلی یەك مێعیار، ئەوانەی کە دیارە ئەوە شتێکی ئەسڵە ئەوەی کە کار دەکا بە پێی کاری خۆی شتی دەدەنێ، حەقی دەدەنێ. ئەو حەقە مومکینە نەقدی بێ، ئەو حەقە مومکینە غەیرنەقدی بێت. هەر لەوەڕا دیارە، چونکو ئیستیعدادی ئینسانەکان هەموو وەك یەك نیە. خۆ هەر لەوەڕا دیارە لە سۆسیالیزمدا هەموو وەك یەك نابن، ئەوەی ئیستیعدادی زیاترە، قابلییەتی زیاترە، زیاتر وەردەگرێ. ئەوەی ئیستیعدادی کەمترە، قابلییەتی کەمترە، کەمتر وەردەگرێ. کەوابوو سۆسیالیزم با فریو نەدەین خۆمان زۆر عادیلانەترە لە سەرمایەداری. پاشان لە سەر ئەوە دیسان قسە دەکەین بۆچی، بەلاّم هەر لە ئێستاوە دیارە عادیلانەترە بەلاّم ئیدی بە تەواوەتی عادیلانە نیە.

بۆ نموونەکان فەرز دەکەین دوو نەفەر لە نەزەر دەگرین. هەردووکیان قابلییەتیان وەکو یەکە ـ دیارە من وا دادەنێم ـ بەلاّم یەکێکیان هەشت، نۆ منداڵی هەیە ئەوی دیکەیان بە تاقی تەنیایە، مەسەلەن خێزانی هەیە. بە قەت یەك وەردەگرن، هێندێ ئیمتیاز بۆ منداڵەکان هەیە بەلاّم ئەوە مەسەلەی ئەساسی حەل ناکا. ئەگەر بمانەوێ تەواوی عادیلانە بێ دەبێ چۆن بێ؟ نابێ بە پێی کاری خۆیان وەربگرن، دەبێ بە پێی ئیحتیاجی خۆیان وەرگرن. لە حاڵەتێکی موعەییەندا بە پێی ئیحتیاجیان چۆنە ئەوە وەربگرن. مەسەلەن ئێستا لێرە ئەوە تەقریبەن کومۆنیسم بەرقەرارە لەو زانکۆیە بۆچی؟ چونکە هەرکەس بە پێی ئیحتیاجی خۆی ئەوەی کە ئیمکان هەیە وەردەگرێ، ناڵێن ئەتۆ چونکو شاگردێکی باشی وەرە دوو هێلکە، ئەتۆ شاگردێکی خراپی وەرە یەك هێلکە، ئەوە نیە، هەموو ئەگەر هێلکە هەبێ یەکێ یەك دانە، پەنیر هەبێ یەکێ یەکێك.

تەقریبەن دیارە ئەوە موقایسەیەکی سادەیە، بۆ تێگەیاندنە، دەنا واقعییەت فەرقی هەیە. چونکە لە کومۆنیزمدا ئەوەندە کۆمەڵ دەچێتە پێشێ، ئەوەندە شت زۆر دەبێ کە هەموو کەس دەتوانێ بە پێی ئێحتیاجی خۆی وەرگرێ. ئەو تەربیەتەش دەبێ کە کابرا لە گیرفانی خۆی نەڵێ زیادی بێ، چونکە ئێستا فیکر دەکاتەوە ئێستا کە وای لێهات ئەمن مەسەلەن دەچمە دووکانی قەنادی گیرفانی خۆم پڕ دەکەم لە نیرینی یەکێکیشی دەخۆم، ئیدی ئەو وەختە بۆ پڕی کەم، ئەمن دەزانم هەموو

وەختێك بچمە دووكانی قەننادی هەموو وەختێك ئەو شیرینی‌یە هەیە. مەسەلەن فەرز بكەن ئێوە بەیانیان كە هەڵدەستن هەموو وەختێك كانی‌یەك هەیە ئاوێكی زۆر خۆشیشی هەیەو دوو، سێ هەنگاو دوورە لە ماڵەكەتان، باشە ئێوە دەچن ئاوەكە پڕ دەكەنەوەو دەیهێنن بۆشكە بە بۆشكە دەیشارنەوە؟ شتی وا بۆ دەكەن؟ زۆر سووكە ئەمن وەختێك كە ئاوی تازەیە دەچم دەستم بشۆم، ئاوەكە دەخۆم. ئەوەش وای لێ دێ. دیارە ئەو مەسەلەی پەروەردە كردنو تەربیەتو ئەوانەیە بەڵام كارم ئێستا بە سۆسیالیزمە، بەڵام فەرقەكەی چی بوو لەگەڵ كومۆنیزم؟ لە كومۆنیزمدا هەموو كەس بە پێی كاری خۆی كار دەكا، بە پێی ئیستیعدادی خۆی كاری دەدەنێ بەڵام بە پێی ئیحتیاجی خۆی دەدەنێ. ئەوە لە زانكۆی حیزبی دێموكراتدا وایە دەنا لە كۆمەڵ دەزانن كە وانیە. بەڵام لە سەر سۆسیالیزم هەر ئەوە خۆی نموونەی ئەوەیە كە فەرق دەكا، چونكە یەكێك ئیستیعدادی باشترە زیاتر وەردەگرێ، ئەوەی ئیستیعدادی كەمترە كەمتر وەردەگرێ. هەر بۆ ئەوەیش لە وڵاتەكانی سۆسیالیستی‌دا فەرق هەیە لە ژیانی خەڵكی.

بەڵام ئێستا با بین بزانین ئۆسووڵەن باوە بۆچی؟ مەسەلە چیە مەسەلەن حیزبی دێموكرات هەستاوە هاتووە دەڵێ سۆسیالیزمم دەوێ، چ قازانجێكی هەیە ئەو سۆسیالیزمە، دیارە پاشانیش كورتەباسی هێناوەو كێشەی ساز كردووەو ئەوە بۆچیە؟ ئەسڵەن سۆسیالیزم بۆچیە؟ بۆم باس بكەن ئەسڵەن سۆسیالیزم قازانجی هەیە بۆ ئێمە كە داوای دەكەین؟ یا خودای نەخواستە حیزبی دێموكراتیش تابیعی جەوە، هەركەس سۆسیالیزمی بوێ پێشكەوتووە ئەویش لەبەر ئەوەی كە پاش نەكەوێ لەوانی دیكە سۆسیالیزمی دەوێ. ئەمن پێم‌وایە ئێوە تەجروبەتان هەیە كە حیزبی دێموكرات بە دوای جەو ناكەوێ. عەكسی ئەوە حیزبی دێموكرات، حیزبێكە كە جەو دەشكێنێ شكاندوویەتی. وەختێك سەفارەتی ئەمریكایان گرت ئەگەر لەبیرتان مابێ تەنیا حیزبێك كە پشتیوانیی لێ‌نەكرد حیزبی دێموكرات بوو. مەحكوومیشی كرد. نە لە بەر خاتری ئامریكا، لەبەر ئەوە كە ئۆسوولی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی لە بەرچاو گیرابوو. لە كوردەواری‌دا ئەتۆ قاتڵێك بنێری بۆ لای یەكی دیكە نایگرێ زیندانیی بكا. ئەگەر بیگرێ زیندانیی بكا عەیبە. لە رەوتی "بین‌المللی" (نێونەتەوەیی)ش وایە. ئەوە هاوارە زیددی ئیمپریالیستی‌و زیددی ئەمریكایی ئێمە لە چیەوە دێ

جەوەکەمان شکاند. ئێستا لە دەرەوە پێمان دەڵێن ئەو وەختە، زۆرکەس دەڵێن حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکی سیاسی بوو نەچوە ژێر ئەو جەوە.

شەڕی ئێرانو عێراق ساز بوو زۆر لەو ڕێکخراوانە کە ئێستا لەو دۆلانەدان شەڕ دەکەن لەگەڵ ڕێژیمی ئێرانیٚ ئەو وەختە چوون شەڕیان لەگەڵ عێراق کرد شەهیدیشیان دا. لە موجاهیدەوە بگرە هەتا دەگاتە چریکی فیدایی. حیزبی دێموکرات نەزەری خۆی زۆر بە ڕوونی گوت: "حەقی خۆمان دەداتیٚ دەچین شەڕیشی بۆ دەکەین، دیفاع لە وەتەنیش دەکەین. حەقی ئێمە نەدا حازر نین دیفاع لە حاکمییەتی ئاخوندان بکەین." جوملەکەم زۆر چاك لەبیرە، حازر نەبووین. دەیانگوت حیزبی دێموکرات بەعسی‌یەو فلانە. ئەوانە کە بە ئێمەیان دەگوت بەعسی بۆخۆیان لە ئێمە بەعسی‌ترن، بە وەڵاهی ئەگەر حیزبی دێموکرات بەعسی بووبیٚ، ئەگەر ئێمە هەنگاویٚ چووینە پێش ئەوان سەد هەنگاو چوونەتە پێش. نە ئەو وەختە بەعسی بووین نە ئێستا، باسی ئەوەش دەکەین.

بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە جەوشکێن بین. ناکریٚ، کەوابوو حیزبی دێموکرات دانیشتووە فیکری لیٚکردۆتەوە. ئەوە ئەو سۆسیالیزمە بۆ؟ دوو هۆی هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە ولاتێکی پاشکەوتووینو دەمانەویٚ ولاتەکەمان، ئابووریی ولاتەکەمان، وەزعی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی ولاتەکەمان هەرچی خێراتر، هەرچی توندتر بەرەو پێش بچیٚ. کە ئەوە پێمواية شتێکی تەبیعی‌یە، هاتووینە سەر ئەو بڕوایە کە سۆسیالیزم زۆر باشترو ئاسانتر کۆمەڵی کوردەواریی ئێمە یان کۆمەڵی ئێران وەپێش دەخا هەتا سەرمایەداری. کەوابوو توندتر دەچین. مەسەلەن فەرزکەین ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئێستا لە ساڵی ١٣٦٣دا داهاتی سەرانەی ئێمە فەرز دەکەین دیارە بە متەوەست هەزار دۆلارە ـ ئەوانە هەموو فەرزی‌یە ـ باشە ئێمە دەمانەویٚ ئەو داهاتە بگەیێنینە دەهەزار دۆلار، پاش بیست ساڵان مەسەلەن. پێمان وایە ئەگەر بە ڕێگای سۆسیالیزمدا بڕۆین زووتر دەگەین، بە ڕێگای سەرمایەداریدا بڕۆین درەنگتر دەگەین. بۆچی؟ ئەوە ئەوەڵەن لە باری تیئۆری‌یەوە درووستە لە باری نەزەریو عیلمی‌یەوە درووستەو سانیەن لە پاشان تەجروبەش نیشانی داوە ئەو ولاتانەی کە پاشکەوتووتر بوون، ڕێگای سۆسیالیزمیان گرتەبەر، زۆر باشترو سەرێعتر چوونە پێشیٚ. لەگەڵ هەموو ئەو ئیشکالاتەی کە هەیانبوەو هەموو ئەو ڕەخنەیە کە

ئێمە نیسبەت بە سۆسیالیزم هەمانە ئەوە لە جێگای خۆیەتی بەلاّم باشتر چووەتە پێشێ. کەوابوو سۆسیالیزم بۆ ئەوە دەمانەوێ.

دووهەم: بۆ ئەوە هەڵیدەبژێرین کە کۆمەڵێکی عادیلانەترە. یانێ چی؟ ئەوەیە کە ئەگەر داهاتی نەتەوەیی‌مان سەدهەزار بڵێم پێنسەدمیلیۆن یان سەدمیلیاردە یان هەر چەند، ئەوە عادیلانەتر دابەش دەکرێ. ئەوە نیە کە یەکێك هەزار بەرابەری ئەوی دیکە بگرێ. مەسەلەن فەرز دەکەین رێژیمی شاهەنشاهی، بۆخۆتان دەزانن لە رێژیمی شاهەنشاهی‌دا خەڵکی وا هەبوو کە حقووقیان ١٠٠٠ تمەن بوو، ئی‌واش هەبوو کە بە یەك میلیۆن تمەنی مانگێ دەگرت. یانێ چی؟ هەزار بەرابەری ئەوی دی وەردەگرێ. حەتتا هی‌وا هەبوو کە حەتتا هەزار تمەنیشی نەبوو یانێ مانگێ، ساڵی ١٢٠٠٠ تمەن داهات بۆ زۆر کەس هەر ئارەزوو بوو، بەلاّم بۆ زۆر کەس ساڵێ ١٢میلیۆن هەر هیچ نەبوو. هەر لەو تارانە، شارە گەورەکانو زۆر جێگا. باشە ئێمە چیمان دەوێ؟ ئێمە ئەوەمان ناوێ، ئێمە دەمانەوێ مەسەلەن نە ئی وامان هەبێ یەك میلیۆن وەرگرێ مانگێ، نە ئی واشمان هەبێ مانگێ ١٠٠٠ تمەن. وای لێبکەین داهاتەکان لە یەك نزیك بن، سێ‌هەزار تمەنمان هەبێ کە "حداقل"ی زندەگی تەئمین بکا، ئەوی دیکەش زۆر، زۆر ئەوی کە لە هەمووان بە ئیستێعدادترە زۆر، زۆر ٣٠٠٠٠ تمەن بێت. ١٠بەرابەر، بەلاّم لەوە زیاتر ئیدی نە. "١" هەتا "١٠" بێ، "١" هەتا "١٠٠٠" نەبێو جا ئەوەش ئاوا لێبکەین بەرە بەرە کەمتر بێ. یانێ وابکەین کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بەینی ٦٠٠٠و ٧٠٠٠ وەرگرێ، بەینی ١٠٠٠٠و ٢٠٠٠٠ وەربگرێ، لە ٢٠٠٠٠ هەتا ٣٠٠٠٠ کەم کەس وەربگرێ. ئەوە سۆسیالیزمە بە تیئۆری، بە عەمەلیش وایە. لەگەڵ تەواوی ئیشکالاتی خۆی لەگەڵ تەواوی رەخنەی کە ئێمە هەمانە، سۆسیالیزمێك کە ئێستا هەیە ئەوەی بەدی کردووە، فەرقەکەی لە یەك هەتا دەیە، لە حاڵێکدا لە ولاّتی سەرمایەداری فەرقەکەی لە یەك هەتا دەهەزارە، جاری وا هەیە سەدهەزارەو زیاتر.

باسم کرد بۆتان، داهاتی "یونانتێس" چەند بوو، گوتم داهاتی کرێکارێکی سادەی ئامریکایی ئەو وەختە مانگێ ٥٠٠ دۆلارە جا بزانە چەندە ئەو بیست میلیۆنی خەرج دەکرد، ئەو هەموو ساڵێك ٦٠٠٠ دۆلاری بە زەحمەت دەست دەکەوت. نە، چونکو سۆسیالیزم نەبو لە پاشان ئەگەر زۆر ئینسان دەولەمەند دەبوو، یەکێ زۆر خەرج بکا

ئەوی دیکە زۆرکەم خەرج بکا، دیسان ئەوەی کە زۆر کەم خەرج بکا دیسان شتێکی مەنتێقی‌یە. چونکو زۆر دەوڵەمەندە وەکو ماڵێکی لە نەزەر دەگرین چەند کوڕی بێ‌و کچ، بابەکەی زۆر دەوڵەمەند بێت، باشە مومکینە کەمیان بداتێ پووڵی گیرفانی، بەڵام چونکو زۆر دەوڵەمەندە ئەو پووڵەی کە دەدا بە کوڕەکانی خۆی، یەکێ مەسەلەن مانگێ ١٠٠٠ تمەنیان دەداتێ، بەڵام یەکێ دیکە دەرنەزەر بگرین کە زۆر فەقیرە بیەوێ زۆریشیان بداتێ زۆر زۆر پێیان بدا یەکێ ١٠٠ تمەنە. جا ئێمە کە کۆمەڵێکی فەقیری کوردەوارین ئەگەر ئێمە فەرقەکەمان زۆر بێ یەکێ یەك میلیۆنی بەرێ بۆ ئەوی دیکە هەزارە، کە نامێنێ چونکە ئەوەندەمان نیە، فەقیرین. کەوابوو دەبێ عادیلانە بەشی بکەین.

بە دوو هۆی ئەساسی سۆسیالیزمان هەڵبژارد: ١ـ کۆمەڵی سۆسیالیستی توندترو باشتر دەچێتە پێش، داهاتی سەرانە زووتر سەردەکەوێ دەچێتە سەرێ. ٢ـ ئەو داهاتی نەتەوەیی‌یە گشتی‌یە باشتر دابەش دەکرێ، عادیلانەتر، دێموکراتی‌تر دابەش دەکرێ. بۆیە سۆسیالیزمان دەوێ. باشە بەڵام دیارە ئێمە سۆسیالیزمی خەیاڵیشمان ناوێ. دەمانەوێ، دەزانین سۆسیالیزم دەبێ چۆن درووست بکەین. ئەو سۆسیالیزمە کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین، ئەوەیە، ئەساسەکەی بەو شێوەیە کە ئەو ئیستیسمارە، چەوساندنەوە کە باسمان کرد ئەگەر لەبیرتان بێ، بڵێم چوار سەعات کار بۆخۆی دەکا، چوار سەعات بۆ سەرمایەداری دەکا. ئەگەر حەتتا واش بێ ئەوجارە ئەو چوار سەعاتە بۆ سەرمایەدار نیە، بۆ کۆمەڵە. ئایا دەکرێ کرێکارێك هەشت سەعات کار دەکا هەموو پووڵی هەشت سەعاتەکە بگرێ لە سۆسیالیزمدا، بۆ ناکرێ؟ شەڕ هەیە، ئەرتەش هەیە، دەوڵەتی مەرکەزی هەیە، مەدرەسە هەیە، بیمارستان هەیە، هەزار کاری دیکە هەیە، باشە پووڵی ئەوە کێ بیدات. دەبێ لەوە هەڵبگرێ، لەوە هەڵدەگرین‌و خەرجی ئەوەی دیکەی دەکەین. کەوابوو لە واقیعدا بەشێکی بۆخۆی هەڵدەگرێ‌و بە شێکی دەیدا بە حکوومەت، یانێ بە کۆمەڵ کە نوێنەری دەوڵەتە. دەوڵەتیش لە ئەساسدا دەبێ نوێنەری کرێکاران بێ. ئەویش بەرنامەڕێژی دەکاو خەرجی دەکا.

باشە، بزانین ئێستا ئێمە لە سەرمایەداریدا گوتمان مالکییەتی خسووسی هەم لە کشتوکاڵدا هەیە، مالکییەتی خسووسی هەم لە سەنعەتدا هەیە. یانێ کابرا

سەرمایەدارە کارخانەی خۆی هەیە، ئەوی دیکە زەمینداری هەیە، ئی خۆیەتی. بزانین لە سۆسیالیزمدا، سۆسیالیزمێك کە سەرف بووە، خەلاس بووە چۆنەو مالکییەت چییە؟

ئێمە لێرەداو لە واقیعدا دوو شێوە مالکییەتی سۆسیالیستیمان هەیە کە یەکێکیان بریتییە لە مالکییەتی سۆسیالیستی گشتی. مالکییەتی سۆسیالیستی گشتی یانێ چی؟ یانێ کارخانە ئی هیچکەس نیە، ئی هەموو کۆمەڵ، ئی دەوڵەتە، ئی میللەتە. ئەو کرێکارە کە لە کارخانەدا کار دەکا ناتوانێ بڵێ ئەو کارخانە ئی منە، ئەو کرێکارانە کە لە کارخانە کار دەکەن ناتوانن بڵێن ئەو کارخانە ئی مەیە. دەبێ بڵێن ئی هەموو خەڵکی ئیتیحادی شوورەوییە، ئی هەموو خەڵکی مەجارستانە. باشە، یانێ لە واقیعدا مالکییەتی گشتیی سۆسیالیستییە. زۆربەی زۆری کارخانەکان، زۆربەی زۆری هەموو ئەو شتانە کە پێیان دەڵێن ژێربەنای ئیقتیسادی ـ ئیجتیماعی: تەلەفۆن، پۆست، نازانم ڕێگاکان، ڕێگای ئاسن، هەرچی وەسایلی تەولیدو ئەوانە هەیە، زۆربەی زۆری نەخۆشخانەکان، مەدرەسەکان، هەموو ئەوانە لە واقیعدا ئی هەموو کۆمەڵە.

بەلاّم ئێمە شێوەیەکی دیکەی مالکییەتی سۆسیالیستیشمان هەیە کە دەستەجەمعییە. کەڵخۆزێك کە پێی دەڵێن کەڵخۆز ئەوە بیستووتانە حەتمەن، کەڵخۆز یانێ مالکییەتی جەمعی یا دەستەجەمعی لە ئیقتیساددا. مەسەلەن دێیەك هەیە زەوی ئەو دێیە ئی هەموو دەوڵەت نیە، ئی هەموو کۆمەڵیش نیە، ئی هەموو خەڵکەکەش نیە. فەقەت ئی خەڵکی ئەو دێیەیە. خەڵکی ئەو دێیە دەڵێن ئەو زەوییانە ئی مەیە، حەقیشیانە. مالکییەتەکە سۆسیالیستییە چونکو جەمعییە. بەلاّم دەوڵەتی، گشتیش نیە. فەقەت ئی ئەوانە ئەوە پێی دەڵێن کەڵخۆز.

مانای ئەوە نیە خۆ هەرچی لە دێی بوو وایە، هەرچی لە شار بوو ئەوەیە. نەخێر لە شاریش زۆر جار مالکییەتی جەمعی یانێ دەستەجەمعی هەیە، دەستەجەمعی سۆسیالیستی هەیەو لە دێیەش زۆرجار مالکییەتی گشتی سۆسیالیستی هەیە. مەسەلەن لە دێی دەبینی وەختی خۆی وەکو ئێرانی خۆمان وەقف بووە، وەقف ئی ئەوانەیە کە مەسەلەن ئی مەلاکان بووە، ئایەتوڵلاکان بووە، نازانم چ بووە، ئی ئیمامی ڕەزا بووە یا حەتتا ئی دەوڵەتی بووە. خالیسە بووە، لە ئێراندا خالیسەی پێ

دەڵێن. لە پاشان بووەتە شۆڕش ئیدی خالیسەیان نەهێناوە دابەشی بکەن بەینی جووتیاراندا، بە سەر چیدا دابەشی بکەن. چونکو مەعموولەن خالیسە ملکی زۆر باش بووە، زۆر گەورە بووە، زۆر زۆر بووە، هێناویانە لەوێ بە شێوەیەکی بڵێین زۆر مودێرن دەیکێڵن. تراکتۆریان هێناوە، کۆمباینیان هێناوە، کردوویانەتە دەوڵەتی، گشتی. یانێ زەویوزاری وا هەیە دەوڵەتی، گشتی‌یە، مالکییەتی سۆسیالیستی گشتی‌یە. ئەوە پێی دەڵێن بیستووتانە حەتمەن ـ رادیۆ مۆسکۆ گوێ گرن ـ ئەوە پێی دەڵێن "سەڵخۆز".

سەڵخۆز گشتی‌یەکەیەتی لە زەویوزاردا. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا بزانین نیسبەتەکە چۆنە، دیارە نیسبەتەکە زۆری فەرقە. ئەوەی مەربووتە بە سەنعەتو بە شار ٩٥٪ی زیاتری لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی، مالکییەتی گشتیی سۆسیالیستی‌یە. یانێ ئی هەموو خەڵکە، ئەوەی مەربووتە بە دێ، ئەوەی مەربووتە بە زەویوزار هەتا ئێستا زۆربەی زۆری کەڵخۆزین، نەبۆتە سەڵخۆز. یانێ مالکییەتی گشتی زەوی‌یەکە ئی خۆیەتی، دێیەکە ئی خۆیەتی، هەموو زەوی‌یەکانی دێ ئی هەموو خەڵکی دێیە. بەڵام ئێ دێیەکەی دیکە حەقی بە سەر ئەو دێیەدا نیە.

ئەوە دوو شێوە مالکییەتی سۆسیالیستی‌یە. بەڵام خۆ لە وڵاتی سۆسیالیستی‌دا تەنیا ئەو دوو شێوە مالکییەتە نیە. بێجگە لە مالکییەتی سۆسیالیستی، مالکییەتی غەیر سۆسیالیستیش هەیە. ئەویش دوو شێوەی هەیە. یەکێکیان پێی دەڵێن مالکییەتی شەخسی. مالکییەتی شەخسی ئێجگار زۆرە. لیباسی شەخسیی خۆم، ماشینی شەخسیی خۆم، خانووی شەخسیی خۆم، مۆبڵو ئەساسی شەخسیی خۆمەو نازانم زۆر شتی دیکەی شەخسیی خۆمەو رادیۆی خۆمەو حەتتا زۆر جار هەڵدەکەوێ کە خانوویەکی هەیە لە نێو شارێکی گەورە مەسەلەن مۆسکۆ، خانوویەکی هەیە لە دەرەوەی وڵات هەردووکی خانووی شەخسی‌یە، ئەوە مالکییەتی شەخسی‌یە. مالکییەتی شەخسییش مەحدوودییەتی لە واقیعدا تەقریبەن نیە. مەسەلەن فەرزکە ئەتۆ لە وڵاتی سۆڤیەت هەزار پانتۆڵیشت هەبێ هیچکەس پێت ناڵێ بۆ، بە کەیفی خۆتە. وەختی خۆی ـ ئەوە زۆر کۆنە ـ کە "لنین" رەئیس‌جمهووری شورەوی بوو، کاغەزێکیان بۆ نوسیبوو لە زەمانی شەڕ کە ئێمە لە بەینی خۆماندا کومۆنیزممان پێکهێناوە، ئەویش ئەوەیە کە پانتۆڵێکمان هەیە، بیست کەسین هەموو

رۆژێ یەکێ ئەو پانتۆڵە لە پێی دەکا، ئەوەندە پێکەوە رەفیقینو کومۆنیزمان پێکهێناوە. ئەویش جوابی دابووەوە کە: "ئەو رەفاقەتەم زۆر پێباشە، بەلاّم ئێوە خراپ حاڵی بوون، کومۆنیزم ئەوە نیە کە بیست کەس یەك پانتۆڵ لە پێ بکەن. کومۆنیزم ئەوەیە کە هەرکەس هەر نەبێ بیست پانتۆڵی هەبێ."

کەوابوو مەسەلەی شەخسییەکە ئازادە، ناڵێم ئەتۆ پەنجا خانووت هەبێ، دیارە ئەوە دەڵێم بۆچییە ئەوە کە یەك خانوو زۆر دەبێ لە ژوورەوە بێ یەکێکیش لە دەرەوە بێ. بەلاّم بۆ شتی شەخسی دیکە هیچ مانع نیە. دەمێنێتەوە سەر مالکییەتی دیکە کە پێی دەڵێن خسووسی. ئەو مالکییەتە لە ولاّتەکانی سۆسیالیستیدا زۆر کەم ماوە بەلاّم هەیە. ئەویش مالکییەتی یان ئەبزاری تەولیدە یان مالکییەتی شتێکە کە نیوە بە نیوەیە بەلاّم بەکاری دێنێ بۆ ئیستیسمار. ئەوەیە مەسەلەن فەرز دەکەین کابرا زۆرجار لە هێندێجێگا، جارێ وایان لێنەهاتووە کە دەوڵەت بتوانێ هەموو تاکسییەکان ئیجارە بکا. رێگا دەدا ئەتۆ ئۆتۆمۆبیلی خۆت بکەی بە تاکسی، بیکەی بە تاکسیو کار بکەی. بەلاّم پووڵەکە یا بۆخۆت یا بیدەی بە یەکێکیتر بۆ کار کردن. ئەوە زۆر جار هەیە ئەو مالکییەتە یا مەسەلەن دەبینین کە لە شتی خۆیدا هەر جووتێرێك، کەڵخۆزییەك لە دەوری ماڵی خۆیدا دوو، سێ هێکتاری دەدەنێ، نیو هێکتاری دەدەنێ بەستراوە بە وەزعی مەزرا، بۆخۆی عەرزی خۆی دەکێڵێ بۆ خۆیەتی بۆ دێیەکە نیە. تەماتەی تێدا دەچێنێ، پیازی تێدا دەنێ یا نازانم خەیارو سەوزییەو ئەو جۆرە شتانە، حەقیشی هەیە کە ئەو شتانە بفرۆشێ. هی خۆیانە لە واقیعدا جێیەکە، شتەکە، عەرزەکەی ئیستیسمار کردوە بۆ فرۆشتنی شتەکان. ئەوە مالکییەتی خسووسییە. بەلاّم ئەو مالکییەتی خسووسییە ئێستا لەو جێگایە کە سۆسیالیزم بە تەواوی سەرکەوتووە زۆر زۆر مەحدوودە لە حاڵەتی ئیستێسنائیدا ماوە.

باشە کەوابوو ئەو چوار شێوە مالکییەتەتان لەبیر نەچێ: مالکییەتی گشتی سۆسیالیستی، مالکییەتی جەمعی سۆسیالیستی یا بڵێین مالکییەتی هەرەوەزی سۆسیالیستی بە کوردی خۆمان کە وای لێدێ، مالکییەتی شەخسیو مالکییەتی خسووسی، ئەو دووانە فەرقیان هەیە، خسووسی ئەو وەختەیە کە یەکێکی ئیستیسمار دەکا، یانێ ئەو شتەی کە هەیەتی، ئەو ماڵەی کە هەیەتی بە کرێی دەدا. مەسەلەن

فەرزکەین ولاغی هەیــە، ئەگــەر رۆژێــك بگەینــە ئــەو سۆسیالیســتی‌یە لــێرە بلێــین کارخانەکانو زەوی هەموو ببنە سۆسیالیستی، ئەو قاچاخچیانە کە بە خۆیــان دەڵێــن بازەرگان، بازەرگانی کردنو کەلیمەی قاچاخی بــەکار نــاهێنن ئــەوان، مەســەلەن دوو ولاغی هەیە دەبینی مەسەلەن ولاغەکە بە کرێ دەدا بە یەکێك قاچاخچیەتی بۆ بکا، شتی بۆ بکڕی، شتی بۆ بێنێتەوە، دیارە ئەوانە ئەوە مالکییەتی خسووســی‌یە. بــەلاّم ئەو ولاغە ئەگەر بۆخۆی سوار بێت، هاتوچۆی پێ بکا بۆخۆی، دەتوانــێ. یــانێ یــەك شت دەتوانێ هەم ببێتە وەسیلەی ئیستیسمار هەم نەبێت. ئۆتۆمۆبیلەکەی هی خــۆی بێ وەك ماشینی شەخسی سوار بێت ئەوە ئەگەر کردی بە تاکسی، بە کرێی دا دەبێتە مالکییەتی خسووسی‌و ئەوی دیکــە شەخســی. یــانێ دوو نــەوع مالکییــەتی غــەیر سۆسیالیستیمان هەیە، دوو نەوع مالکییــەتی سۆسیالیســتیمان هەیــە. باشــە ئــەوە ئێستا بزانین یەکێك لێرە پرسیار دەکا ئەو هەموو هاوارە نــازانم شــەڕ بکــرێ، کێشــە بکرێ، نازانم سۆســـیالیزم پێــك بێــت باشــە ئیدی بــۆ پــوولّ مــاوە؟ بــۆ لــە ولاّتــی سۆسیالیستی پوولّ هەیە؟ یا بێ‌پوولّ بێ هەرکەس بچێ بە کۆپــۆن وەرگــرێ. کۆپــۆن، ئەوە جارێ ئەوەلّەن ئەوەندە شت زۆر نیە کە هەرکەس بە پێی ئیحتیاجی بدەنــێ، لــە بەر ئەوە مەجبوورین. بەلاّم عیللەتێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کــە ئــەو دوو نەوعە مالکییەتە، مالکییەتی سۆسیالیستی‌یە کە یەکێك دەڵێ مالکییەتی جــەمعی مەسەلەن یا هەرەوەزی ئەوی دیکە "گشتی"، هەردووکیان سۆسیالیســـتین. ئــەو دوو نەوع مالکییەتە نمایەندەی دوو تەبەقەیە، دوو چینی کۆمەلاّیەتی. مالکییەتی گشتی نوێنەری چینی کرێکارە، مالکییەتی جەمعی نوێنەری جووتیارانە.

کەوابوو ئێستا بۆمان دەرکەوت کە بابا "چین" لە سۆسیالیزمدا جارێ هەر مــاوە. بەلّێ ماوە. دوو چینی ئەساسی ماوەو یەك توێژی ئەساسی؛ چیــنی کرێکــار، چینــی جووتیارو توێژی رووناکبیر، ئەوە کۆمەڵی سۆسیالیزمە. لەو سێیانە هیچکــام خــارج نیە مەگەر کابرا دیارە زۆر لە کۆمەڵی سۆسیالیستی دایــە، مەســەلەن بــە دزی، بــە فرِوفێلّ، بە قاچاخی بژی ئەوەش هەیە، بەلاّم ئیدی ئەوە ئیستیسنایە دەنا لە جوزئــی ئەو سێیانەیە. جوزئی چینی کرێکارە لێرەیە، جوزئی چینــی جووتیــارە کــە لێرەیــە، جوزئی توێژی رووناکبیرانە. بۆچی نالّێن چینی رووناکبیران؟ دیقەتتان کردووە؟ چینــی کرێکار، چینی جووتیار، بەلاّم توێژ یا قشری رووناکبیر. لێرە نالّێین تەبەقە. تەنانــەت

بە شێوەیەکی عیلمی گوتوومانە تەبەقە چیە، مانای تایبەتی خۆی هەیە. ئەو کەسانەی کە نیسبەت بە ئامرازی بەرهەمهێنان (وسایل تولید) یەك هەڵوێستیان هەیە یانێ یا ساحیبی ئەو ئامرازانەن یا ساحێبی نینو قازانجیشیان وەك یەکە، مەسەلەن کرێکار خاوەنی ئەبزاری تەولید نین، قازانجیشیان جا هەر پێکەوە دژی قازانجی سەرمایەدارە. یا سەرمایەدار ئەوانیش یەك چینن. ساحێبی ئامرازی تەولید، ئەبزاری تەولیدن قازانجیشیان ئیجاب دەکا نەهێڵن کرێکاران حەقێکی زیاتر وەربگرن. کەوابوو نیسبەت بە ئەبزاری تەولید هەڵوێستیان یەك بێ‌و قازانجیشیان یەك بێت ئەوە دەبنە یەك چین. کەوابوو ئەو دووانە، چینی کرێکارو چینی جووتیار، ئەوی دیکەیان توێژە. چونکو ئەوە مەسەلەن دەبینی یەکێکیان لە کارخانە کار دەکا موهەندیسە، یەکێکیان موهەندیسە لە کەشاوەرزیدا کار دەکا. ئەوە ناکرێ جا ئەوانە بخەینە نێو یەك تەبەقەو یەك چین. ئەوە تەرکیبی کۆمەڵی سۆسیالیستییە.

بەڵام کە چونکە ئەتۆ کە نوێنەری کرێکاری لێرەو نوێنەری جووتیاری لێرە مەسەلەیەك دێتە پێشێ. باشە من جووتیارم‌و گەنم بەرهەمهێناوە، بەڵام من جووتیارم ئیحتیاجیم بەوە هەیە کە تراکتۆرم هەبێ، عەینی مەسەلەی جارانتان لەبیرە کە یەکێ گەنمی دەبردە بازاڕێ، گەنمی دەباتە بازاڕێ جووتێر دەیکاتە پووڵ تراکتۆری دەکڕێ. باشە چی دەتوانێ شتی خۆی بفرۆشێ، هەرکەس شتی دەتوانێ بفرۆشێت کە مالکی بێت، خاوەنی بێت. ئەی خاوەنی نەبێت خۆ ناتوانێ بیفرۆشێت. جووتیار ئەو وەختە دەتوانێ گەنمەکە بفرۆشێ کە خاوەنی ئەو گەنمە بێت. ئەو خاوەنی ئەو گەنمەیە، کرێکاریش خاوەنی تراکتۆرە. دەڵێ تۆ گەنم دەیە ئەمنیش تراکتۆر، ئەو ئاڵوگۆڕە کە هەیە لە بازاڕدا دەبێ بە چی پێك بێت؟ پووڵ، بە پووڵ. وەسیلەیەکی دیکە نیە ئەگەر هەردووکیان یەك ساحێبیان هەبا ئەو وەختە نەدەکرا مەسەلەن شتێك لەو گیرفانەمایە دەری بێنم بیفرۆشم بەو گیرفانەی دیکەم. دەبێتە گاڵتە. بەڵام چونکو دوودانە تەبەقە هەیە، دوو تەبەقە لە موقابیلی یەکتردا دەبێ شت بە یەکتر بفرۆشن بۆیە دەبێ پووڵ هەبێ. پووڵ هەیە لە وڵاتی سۆسیالیستیدا.

ئەوە نەك هەر پووڵ هەیە لەوە زیاتر ئەوەیە کە هەموو جاریش، ئێوە تەماشا بکەن هەر لێرە یەکێك "ظبط صوت"ی هەیە. دیارە ئەوە تیستیسنایە ئێرە بازاڕ نیە، بەڵام ئەوە بازاڕە. هەر ئەوەش تەماشا بکەن یەکێك، دانەیەك "ظبط

صوت"ێکی دێنێ دەڵێ بە ۱۰۰۰ تمەن دەیفرۆشم، ئەوی دیکە ئەڵێ بە ۸۰۰ تمەن یا ئەڵێ بە ۹۰۰ تمەن، یانێ چی؟ یانێ ئەوەی کە دەیفرۆشێ پێی‌خۆشە هەرچی گرانتر بیفرۆشێ، ئەوەی کە دەیکڕێ پێی‌خۆشە هەرچی هەرزانتر بیکڕێ. مەنافعیان وەك یەك نیە. قازانجیان بە تەواوی وەك یەك نیە لەگەڵ ئەوەی کە هەردووکیان سۆسیالیستن، کرێکارو جووتیار لە وڵاتی سۆسیالیستیدا بە گشتی قازانجیان بەرەو سۆسیالیزم رۆیشتنە بەڵام لە بازاڕدا کە تووشی یەکتر دەبن بە تەواوی قازانجیان وەك یەك نیە. بۆ ئەوە دەبێ هەر دەوڵەتێکی سۆسیالیستی لە بەرچاوی بگرێ.

ئەگەر ئەوە وا فیکر کەینەوە کە بەس بەو شێوەیە کە لە تەبلیغات دێن کە ئەوەی لە وڵاتی سۆسیالیستیدا بژی هەموو قازانجیان یەکە، هیچ ئیختیلافیان نیە، درۆمان کردووە. واقعییەتەکە ئەوە نیە. عیلم ئەوەی ئیسبات دەکا کە وا نیە، بێجگە لەوەش واقعییەتیش ئەوە ئیسبات دەکا، بێجگە لەوە کە ئەو دوو تەبەقەیە، ئەو دوو چینە قازانجیان وەك یەك نیە. زۆر توێژی دیکەش هەیە کە قازانجی وەك یەك نیە، پێی خۆشە بە قازانجی توێژی خۆی شتەکەی دەست کەوێ. دەستەو گوروە هەیە، مەسەلەن فلان جمهووری پێی خۆشە زیاتر سەرمایەگوزاری لەو جمهووری‌یەدا بکا، ئیعتیبارەکە بدرێ بەو جمهووری‌یە. یا فلان شار حەتتا لە داخلی فلان جمهووریدا پێی خۆشە زیاتر شتی بدرێتێ. یانێ مەنافعەکە بە تەواوی وەك یەك نیە. مەسەلەن فەرز دەکەین لە بەینی سەقزو سنەدا، ئەوە بووین بە سۆسیالیزمو ـ ئەوان (سەقزیو سنەیی) یەکتریان زۆر خۆش ناوێ ئەو وەختیش هەر وای لێ‌دێ. ـ مەسەلەن ئەوە دەمانەوێ لە بەینی ئەوانەدا سەدێك درووست کەینو ئاو بدەین بە سنە یا بدەین بە سەقز. قسەیەکە ئاوەکە لەپێش‌دا بدرێ بە سەقز، سنەیش دەیەوێو لە پێش‌دا بدرێ بە سنە، سەقزیش دەیەوێ.

یانێ وای لێ‌نەکەین کە گوتمان هەموومان سۆسیالیستین ئیدی هەموو مەنافعێکمانو هەموو شتێکمان یەکە. بۆ ئەوە دەڵێن؟ بۆ دوو دڵن؟ ئێمە ئێستا هاتووین حیزبێکی شۆڕشگێڕمان پێکهێناوە، رۆژ نیە دەیان رەفیقمان شەهید نەبێ. خۆ لە گیان زیاتر نیە؟ هاتوون گیانی خۆیان لەو رێگایەدا داناوە. ئێمەش کە هاتووین، هەموومان ئەو رێگایەمان گرتووەتە بەر، رێگای دیکەشمان نیە، یا لەو رێگایە دەبێ سەرکەوین یا ئەبێ شەهید بین. باشە ئەوەندە لێك نزیکین خوێنمان

تێکەڵاوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە مەنافعمان لە هەموو شتێدا وەك یەکە؟ نیە. هەر لەو جێگایە کە دەچین، برادەرەکانی خۆمان، قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات، مەسەلەن دەسکەوتیان دەبێ، بۆ دەسکەوتەکە مەنافیعیان وەك یەك نابێ و لەبەر دسکەوتە کە شەهیدی خۆڕایی زۆرە.

کەوابوو مەقسەدم ئەوەیە کە ئێمە شتی ئیدەئالی، خەیاڵی لە خۆڕا درووست نەکەین. چونکو وڵاتی سۆسیالیستی ئەبێ هەموو شتێکی وەك یەك، هەموو نەزەریان وەك یەك، هەموو مەنافعیان وەك یەك بێت. هەم لە باری عیلمیەوە لێرە نیشانمان داو هەم فلاّن پروفیسۆری دانشگاه، ئوستادی دانشگاه، دەچێت تەماتە دەکڕێ لەو کەڵخۆزیەی کە لە بازاڕ دەیفرۆشێ، پێی خۆشە بە هەرزانتری بکڕێ، ئەویش پێی خۆشە بە گرانتری بفرۆشێ. ئەو پروفیسۆرە، ئەو پروفیسۆرەی کە زەبتی سەوت درووست دەکا، لە کارخانەیەکدا کار دەکا موهەندیسە، پێی خۆشە گرانتری بفرۆشێ بە کەڵخۆزیەکە، کەڵخۆزیەکەش پێی خۆشە بە هەرزانتری بکڕێ. قانوونی بازاڕ هاتە مەیدانێ ئیدی ڕێگا نیە، هەتا ئەو وەختە پووڵ ماوە.

لە سەر ئەوەش کە پووڵیش دەمێنێتەوە یا نامێنێتەوە دیارە هەروەها وەك زۆر وڵاتی دیکە لە وڵاتانی سۆسیالیستی زۆر جوك هەیە لە سەر ئەو جۆرە شتانە. مەشهووریشە کە رادیۆی ئیرەوان ئەویش بۆخۆی تاریخێکی بەس بۆخۆی هەیە، بەڵام زۆر مەشهوورە، رادیۆی ئیرەوان کە پایتەختی ئەرمەنستانە، لە رادیۆ ئەرمەنستان دەپرسن دەڵێن پووڵ لە کومونیسمدا ـ سۆسیالیسم هیچ کە هەیە ـ لە کومونیسمدا دەمێنێتەوە یا نامێنێتەوە؟ جواب دەداتەوە دەڵێ ئەوانەی کە مارکسیسمی بە شێوەیەکی ویشك و دوگماتیك حاڵی بوون ئەوە پێیان وایە پووڵ نامێنێتەوە. ئەوانەی کە مارکسیستی خەلاقن یا ئەوەی کە پێی دەڵێن "ڕێڤیزیۆنسیتن" (تەجدید نەزەر تەڵەبن) پێیان وایە کە پووڵ دەمێنێتەوە. بەڵام ئێمە کە مارکسیست لنینیستی واقعیین نەزەرمان ئەوەیە کە لە کۆمۆنیزمدا پووڵ لە کن هێندێ کەس دەمێنێتەوە. یانێ وەکوو ئێستامان لێ‌دێ پووڵەکە هەر هەیە، ئەوەی دەوڵەمەند بێت پووڵی هەیە، ئەوەی ... ئەوە جوکە، بەڵام واقعیەتێکیش نیشان دەدا کە ئەوەی کە ئینتیزاری ئەوەی هەبوو کە بەڵێ لە سۆسیالیزمدا پووڵ نەبوو، هەموو شتێك هەموو کەس بە مساوات وەرگرێ، نەخێر وانیە. ئێمە پێمان خۆشە، لە داخڵی حیزبی خۆماندا

واقعییەتەکە بەو شێوەیە کە هەیە بە برادەرانی حیزبیمان بگوترێ، هەم باش، هەم باری باشە، هەم باری خراپ، کەوابوو پوولێش لەوێ هەیە.

با ئاوا بڵێم مەنافعیان موتەناقیز نیە، چینی کرێکار لە وڵاتی سۆسیالیستیدا بەرانبەر بە چینی سەرمایەداری رانەوەستاوە، بەڵام بەرانبەر بە چینی جوتێر راوەستاوە کە مەنافعیان لە یەك جەهەتدا دەڕوا. بەڵام بە تەواوی وەکو یەك نیە، جارجاریش مەنافعیان، قازانجیان جیاوازیی هەیە لەگەڵ یەکتری، ناکۆکیان لەبەینیدا پەیدا دەبێ. وەك عەمەلەن پەیداش بووەو ئەو تیئۆرییە لە عەمەلیشدا سابت بووە. کەوابوو ئەوە دەبێتە سۆسیالیزم لە باری ئیقتیسادییەوە.

باشە ئەو سۆسیالیزمە چۆن بوو لە سەر ئەوەش چەند کەلیمەیەکیش بڵێم، ئەو سۆسیالیزمە چۆن هەڵدەسووڕی؟ چونکو لە سەرمایەداریدا کابرای سەرمایەدار کارخانەکەی هەڵدەسووڕێنێ، زۆر جار گوتمان دەوڵەت دەخاڵەت دەکا بەڵام بە هاوکاریی سەرمایەدارەکان، ئیدی دەوڵەت هەڵی ناسووڕێنێ، لێرە کێ هەڵیدەسووڕێنێ؟ ئەو کارخانەیە لێرە دانراوە کێ هەڵیدەسووڕێنێ؟ دیارە لێرەدا لە هەڵسووڕاندنی ئیقتیسادی سۆسیالیستیدا دوو بۆچوون هەیە: یەکێکیان بۆچوونی سانترالیستی، یەعنی هەموو شتێك لە مەرکەزەوە ئیدارە دەکرێ، یەکێکیان بۆچوونی غەیری سانترالیستییە، یەعنی ئەوە کە کارخانەکان حەقی تەسمیمگیریان هەیە بۆخۆیان، ئەوە فەرقەکە ئەوەتە، ئالەو جێگایە کە هەموو شتێك لە مەرکەزەوە دێت کارخانەیەك کە لە شاری سنەیە، مەرکەزیشمان فەرز دەکەین کامیارانە، بۆ ئەوەی کێشە پەیدا نەبێ بڵێین مەرکەزیشمان، پایتەختیشمان کامیارانە. لە کامیارانەوە بڕیار دەدەن کە لە فلان کارخانە لە سنە دەبێ تەولیدی ئاوا بێ، ساڵێك ئەوەندە تەولید بکا، مەسئوولی ئاوا دادەنێین کارەکانی ئەوەیە، هەموو شتێکی دیاری دەکرێ، بە پێی بەرنامە بەڵام دیاری دەکرێ، ئی مەهابادیش هەر کامیاران دیاریی دەکا، هی نەغەدەش دیاری دەکا، ورمێش دیاری دەکا. تەواوی ئێران ئەگەر بڵێین تاران بێت، تاران دیاریی دەکا، لە تارانەوە دەستوور دێ کە کارخانەکان وەزیفەیان بەو دەبێ چ بکەن. هەروەهاش ئەوە مەرکەزە کە مەوادی خامیان بۆ دەنێرێ، تەقسیمی کاریان لە بەیندا دەکا. دیارە ئەوە کارێکی یەکجار زۆر سەختە، کارێکی یەکجار زۆر وردو دەقیقە، کادرێکی زۆر وەرزیدەی دەوێ.

تەماشای مەسەلەن ئیتیحادی شوورەوی بکەین باشە یەك شەشەمی جیهانە. مەسەلەن مومکینە ئێستا ئەوەتان پێ بڵێم پێتان سەیر بێ، بەلاّم لە مۆسکۆوە بۆ ولاّتی وسدۆس ـ هەردووکیان لە ولاّتی شوورەویدان ـ چەند بەرابەری ئەو فاسڵەیەیە کە لە مۆسکۆوە بۆ نیۆیورکە. لە مۆسکۆوە بۆ ئامریکا زۆر نێزیکترە تا لە مۆسکۆوە بۆ ولاّتی وسدۆس کە شارێکی خودی شوورەوییە. باشە جا مەقسەد ئەوەیە کە لە ولاّتێکی ئاوا گەورەدا کە دابنیشی، دەهەزار کیلومەتر دوور لە مەرکەز لە سەر کارخانەیەك بڕیار بدا، دەبێ ئیتلاعاتێکی زۆر وردت هەبێ، دەقیقت هەبێ، ئیشتبا نەکەی . بەڕاستی کارێکی زۆر زەحمەتە. ئێمە بۆچی لە چیڕا دەزانین زەحمەتە، ئێستا دانیشتووین لە مەرکەز بڕیار دەدەین لە سەر فلاّن هێزی خۆمان، یان لە سەر فلاّن ڕێکخراوی شارستان، کومیتەی شارستان کە نیسبەتەنیش نزیکین، نیسبەتەنیش تەماسمان هەیە. بەلاّم دیسانەکە ئەگەر ئیتلاعاتەکەمان کەمێك دەقیق نەبێت دوچاری ئیشتیبا دەبین.

لە سەرەتای درووست کردنی سۆسیالیزمدا هیچ ڕێگا نیە بە تایبەتی لە ولاّتەکانی پاشکەوتوو دەبێ ئەو ڕێگایەی هەڵبژێری. چونکو ئێستا ئێوە تەسەوری ئەوە بکەن کە ئێمە سبەینێ سەرکەوتین بە برادەرانی بانەیی بڵێین ـ با ئەمجارەش نێوی بانە بێنین ـ بابە ئەو کارخانەیەی کە هەتانە بۆخۆتان بەرنامەریزی بۆ بکەنو هەرچی دەکەن بیکەن. بانەی فەقیریش دوو کادری ئیقتیسادیی بۆ کاری بەرنامەڕیزی نیە، چۆن ئەوەی تێبگەن؟ دەبێ لە مەرکەزەوە فکرێ بە حاڵی ئەوان بکەین هیچ ڕێگای دیکەمان نیە بەداخەوە.

بەلاّم ئەگەر بمانەوێ تەسمیمگیرییەکی زیاتر بدەین بە کارخانەکان ئەوە دەبێ پاش ماوەیێ کە کادرمان بۆ پێكهات، ئێستا مەسەلەن دەزانن ئێمە سێ مەرکەزمان پێكهێناوە، سپی سەنگمان هەیە، ئاژوانمان هەیە، ئاگریمان هەیە. باشە جارا نەماندەتوانی ئەوەی پێكبێنین. پێنج ساڵ لەوەی پێش هەر مومکین نەبوو. ئە کادرەمان نەبوو کە ئەسڵەن پێکی بێنین. ئێستا بە خۆمان ئیجازە دەدەین ئەوە پێكدێنین، ئیختیاراتیشی دەدەینێ بۆخۆی تەسمیمگیری بکا. بەس لە سەر مەسایلی موهیمیش تەسمیمگیری بکا. مانای ئەوەیە کە تا رادەیەك ئیختیاراتم

پیّداوە. ٥ ساڵ لەوەی پیّش، ٤ ساڵ لەوەی پیّش، ٣ ساڵ لەوەی پیّش نەماندەتوانی ئەوەی پیّك بیّنین. جا لە مەسەلەی ئیقتیسادیش‌دا هەر وایە.

کەوابوو لە ئەولەکەی‌دا ناتوانین، بەلاّم لە پاشان کیّهایان باشترە؟ ئەگەر سۆسیالیزمەکە پیّش‌کەوت ئەوەی کە لە مەرکەزەوە تەسمیم دەگیریّ باشترە یا ئەوەی کە هەر کارخانەیەك، هەر بەخشیّك بۆخۆی تەسمیمی خۆی بگریّ؟ دەرکەوتووە کە لە پاشان ئەگەر مەرکەز جەهاتی گشتی، ختووتی گشتی بەرنامەڕیزی‌یەکە دیاری بکا بەلاّم تەسمیمگیری‌یەکە بهیّلیّ بۆ کارخانەکان، ئەو وەختە ئەوە باشترە. چونکە ئەمن لیّرە فەرزکە مەهابادیم دانیشتووم لەویّ کارخانەم هەیە، لە کامیارانەوە تەسمیم دەگرن دەبیّ تۆ ئەوەی بکەی، باشە ئەوە ئەوان ئاگایان لیّ‌نیە بە چاکی، باشە حەق بدە، ئەمنیش دەبیّ جیّبەجیّی بکەم، تەسمیمەکە ئەوان جیّبەجیّی ناکەن خۆ ئەوان تەسمیمەکە دەگرن. باشە بۆ تەسمیمەکە نەدەین بەو کەسانە کە بۆخۆیان جیّبەجیّی دەکەن. یا ئەوان بەشدار بن لە تەسمیمگیری‌یەکەدا.

ئیّستا هەردووکی هەیە یانیّ لە ولاّتانی سۆسیالیستی‌دا هەردووکی ئیمتحان دەکەن. مەسەلەن لە مەجارستان زیاتر تەسمیمگیری‌یەکە لە کارخانەکان دایە، لە شوورەوی بەش‌بەشە. لە مەسەلەن فەرزکەین رۆمانی بە پیّچەوانەوە، هەمووی لە مەرکەزەوە تەسمیم دەگیریّ. مەقسەدم ئەوەیە هەر دوو لایان ئیمتحان کردوە. بەلاّم دەرکەوتووە کە ئەوەی مەرکەزیەتەکە ئەگەر خودی خەلّکەکە یانیّ ئەوانەی کە دەبیّ، مەسەلەن ئەمن بە کارخانەکە دەلّیّم: ئەتۆ دەبیّ سالیّ سەد هەزار ئۆتۆمۆبیل درووست کەی، ئەگەر کریّکارانی ئەو کارخانە لەگەلّ موهەندیسەکان بۆخۆیان بەشدار بن لەو تەسمیمگیریەدا، ئەمن پیّم‌وایە ئەو وەختە نەتیجەکەی باشترە، هەروەها ئیّستا لە باری ئینسانی‌یەوە ئیّمە دەمانەویّ لە ئاخر لەحزەدا، دەمانەویّ بە پیّشمەرگەکان بلّیّین، دەبیّ ئەو پایەگایە لەبەین بچیّ. دابنیشین لەگەلّیان مەشوەرەت بکەین پیّیان بلّیّین ئەوان بەشدار بن، ئیّحساسی مەسئوولییەت بکەن بۆ ئەو کارە، باشتر دیّن هەتا ئەوەی کە هەروا بە دەستوور بیّت. ئەوە شتیّکی زۆر تەبیّعی‌یە لەویّش‌دا وایە، هەرچەند ئیّرە کارەکەی نیزامی‌یە، جاری وا هەیە فەرماندە هەر مەجبووریش نیە پیّیان بلّیّ. بەلاّم لەویّ تەسمیمگیری‌یەکە ئیقتیسادی‌یە. کەوابوو ئەو مەسەلەیەش

یانیٚ مەسەلەی هەڵسووڕانی ئیقتیسادی سۆسیالیستی کە یەکێك لە ئەساسیترین مەسەلەکانە ئەوەیە کە تەسمیمگیری لە مەرکەزەوە بێت یا لە خودی کارخانەوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر موهیمەو بەداخەوە هێشتا لە زۆر وڵاتی سۆسیالیستی حەل نەکراوە، مەسەلەی ئەوەیە کە لەو تەسمیمگیرییەدا بەتایبەتی دیاریکردنی نرخی شتومەك مەسەلەن فەرزکەین هەروا کە گوتمان لە کامیارانەوە دانیشتووین لە مەهاباد فلاڵن کارخانە فلاڵن شت بەرهەمی فلاڵن شتە، ئێمە لێرەوە دیاری دەکەین کە دەبیٚ بە ئەوەندە بفرۆشریٚ، لە پاشان بۆمان دەردەکەویٚ کە وردە وردە بفرۆشیٚ کارخانە هەر زەرەر دەکا. کرێکارەکان هیچ قازانجیان نیە کاری بۆ بکەن لە نەتیجەدا نایکەنو بەرهەمەکە دێتە خواریٚ. کەوابوو چی بکەین؟ ئەوە یەکێکە لەو مەسایلە لە وڵاتانی سۆسیالیستی زۆرجار ئیمتحان کراوە، هیلکە دەست ناکەویٚ، نیە، کەمە، چ بکەین هیلکە دەست بکەویٚ؟ هاتوون فیکریان کردوەتەوە ئێمە هیلکەی دەکڕین بە تمەنێکی کەڵخۆزی، حسێب دەکەین دەبینین ئەو کەڵخۆزییە هیلکە ٩قرانی زیاتر بۆ تەواو دەبیٚ لەویٚڕا دەیهێنێنە بازاڕیٚ دەیفرۆشیٚ بە تمەنێکی، قازانجێکی وا زۆری تیٚ نابیٚ کەوابوو یانیٚ یا ئەسڵەن هەیە بەرهەمی نیە یا ئەگەر هەیبیٚ بۆخۆی دەیخوا. قازانجی نیە، باشە چ بکەم کە هیلکە زۆر بیٚ؟ تەجروبە نیشانی داوە کە کردم بە ١٥قران تەماشا دەکەین هیلکە زۆر بوو.

ئەویش یەکێك لە مەسەلەی هەرە ئەساسیی، مەسایلەکانی هەرە ئەساسیی وڵاتی سۆسیالیستییە کە "انشاء الله" بۆتان جێبەجیٚ بوو رۆژیٚ چوونە ئەو وڵاتانە ئەو وەختەی دەبینن کە من ئەوەی عەرزتان دەکەم راست بەو شێوەیە. چونکو بە جارێك دەبینی یەك شت پەیدا نابیٚ لە رووی ئەوەوە کە بەرنامەڕیزیی مەرکەزی غەڵەتیش بەرنامەڕیزی کراوە، وەکوو مەسەلەن لێرە نازانم بۆتان هاتۆتە پێش نان کەمە یان نیە، یا دەبینن پەنیر نەهاتووە، بۆچی لە وەختی خۆیدا نەچوون بیهێنن، بەیانی لە زانکۆدا نانی ویشك دەخۆین یا هەر لە بەر ئەوە شاترەکە نەیتوانیوە نانەکەی بە تەواوی حازر بکا. ئەو جا ئەگەر ئەوە بکەینە کۆمەڵێکی گەورە لێرە دەبینین کە ئەو کەمبوودانە زۆرجار زۆر زیاتر بەرچاو دەکەویٚو زۆر جاریش قابیلی حەل بەداخەوە نیە. چونکو ئەوەی کە تەسمیمگیری دەکا نایەویٚ تەسمیمگیرییەکە لەدەست بدا

دەیهەوێ تەسمیمگیری‌یەکە بە عوهدەی خۆی بێت، ئەوە بە ئەسڵێکی سۆسیالیستی دەزانێ. لە نەتیجەدا نەتیجەکەی ئەوە دەبێ کە مەسەلەکە هەر چارەسەر ناکرێ.

کەوابوو ئەمە ئێستا تێگەیشتین کۆمەڵی سۆسیالیستی چۆن پێکدێ؟ ئەسڵەکانی چیە؟ چۆن هەڵدەسووڕێ؟ بەڵام یەك شت ماوە، بەڵام پرسیار لە سەر ئەو یەك شتە ئێستا نیە. ئەویش ئەوەیە باشە لە باری سیاسی‌یەوە چۆنە. ئەو کۆمەڵە ئێمە گوتمان ئەو کۆمەڵە کۆمەڵێکی گشتی‌یە خۆ هەر مەسەلە باری ئیقتیسادی‌یەکەی نیە. ئەگەر باری ئیقتیسادی‌یەکە تەنیا بگرینە پێش دەبینە چی؟ دەبینە "ئێکۆنۆمیست" وانیە؟ وەدوای ئێکۆنۆمی دەکەوین. دەبێ باری سیاسی‌و فەرهەنگی‌و ئیجتیماعی‌و ئەوانەی ببێ. باری سیاسی‌یەکەی: باشە ئێمە دەڵێین ئێستا خەبات دەکەین، شەهید دەدین، کوێرەوەری دەبینین، لە شاخی دەبین، نازانم زۆر زەحمەتی دیکە ... ئاوارە دەبین‌و ئەوانە، بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێکی سۆسیالیستین، ئەو کۆمەڵە هەرکەس، هەر کوردێك، هەر ئەندامێکی حیزبی دێموکرات حەقی هەیە ئەو پرسیارەمان لێبکا، یەکەم بۆچی ئێمە سۆسیالیزمان دەوێ؟ تەقریبەن لێرە جوابمان داوەو من پێموایە بەش بە حالی خۆم جوابێکی "قانع کنندە"و جوابێکی باشە.

دووهەم: ئێمە چ نەوعە سۆسیالیزمێکمان دەوێ؟ چونکو هەموو وەك یەك نیە، بۆیەش ئەمن گوتم ولاتانی سۆسیالیستی، چین سۆسیالیستی‌یە، بەڵام ئالبانی کە تا چەند ساڵ لەمەوپێش دۆستی چین بوو، چینی بە سۆسیالیست نەدەزانی. یوگۆسلاڤی سۆسیالیستی‌یە، ئالبانی بە سۆسیالیستی نەدەزانی. بەڵام بۆ ئێمە کە دەمانەوێ واقعبین بین‌و لە سەر ئەو ئوسووڵەی کە باسمان کرد هەموویان سۆسیالیستن، بەڵام هەموویان وەك یەك نین، نە لە بارەی ئیدارەی ئیقتیسادی‌یەوە نە لە بارەی ئیدارەی سیاسی‌یەوە. مەسەلەن فەرز دەکەین ئێستا پاش مردنی تیتۆ لە یوگۆسلاڤی، ٦جمهووری هەیە لەوێ جمهووری فدراتیوە، ٦میللەت هەیە لەوێ هەر میللەتێك جمهووریی خۆی هەیە. سبەینێ ئەگەر ئێرانیش لە واقیعدا وای لێهات، دەبێ وای لێبێ، جمهووریی بەلووچستان هەبێ، جمهووریی کوردستان هەبێ، جمهووریی ئازەربایجان هەبێ، نازانم عەرەبستان هەبێ، لە پاشان هی سەرتاسەری ئێرانیش بە هەمووشی یەك ولات، هیچ تەجزیەو مەجزیەشی تێدا نیە.

باشه، پاش وەفاتی تیتۆ هاتن گوتیان ئێمه ئەگەر یەکێکی لەوانه بکەین بە رەئیس جمهووری ئەوانی دیکه مومکینه پێیان ناخۆش بێت. بۆ شتێکی نەکەین هەموو ساڵێك رەئیس جمهووری یەکێك لەو جمهووری‌یانه ببێته رەئیس جمهووری یوگۆسلاڤی، قبوولْ نیه. ئێستا هەموو ساڵێك یەکێ ببێته رەئیس جمهوور کێشه دەبێت. باشه! بەلاّم ئەو شێوەیه له شوورەوی نیه، بەلاّم لەوێ شێوەیەکی دیکەیه.

جا مەقسەدی من ئەوەیه که دەبێ دیاریی بکەین، خۆ نامانەوێ خەڵکی خۆمان فریو بدەین که چ سۆسیالیزمێکمان هەیه. به تایبەتی یەك مەسئەله لێره ئەساسی‌یه، له باری ئیقتیسادی‌یەوه حەلمان کرد، له باری ئیجتیماعی‌یەوه باشه سۆسیالیزم بۆ ئێمه عادلانەتره وانیه؟ دەبینین سۆسیالیزم تەنیا ئەوه نیه که وەزعێکی باشتر دەدا، بەڵکوو مەدرەسەی مەجانی‌یه، نەخۆشخانەی مەجانی‌یه، به خۆڕاییی‌یه. زۆر قازانجی دیکەشی هەیه، فەرهەنگی زووتر دەخاته پێش، ئەوه هەموو هەیه. بەلاّم باشه ئێمه ئەوانەمان هەموو هەبێ بەلاّم هەر یەکێك بلێ له موقابیلی یەك شتدا، نه! حەقی قسەکردنی نابێ. فەقەت ئەوانه قسه دەکەن که موهەندیسن، ئەتۆ دەبێ فەقەت ئیجرا بکەی. ئازادیت نەبێ. دێموکراسی که دەتەوێ دەبێ خەتێکی به سەردا بێنی، ئێمه دانیشتووین له سەر ئەوەش فیکرمان کردەوه، که بڵێین چی؟ ئەوەمان دەوێ یا ئەوەمان ناوێ.

به نەزەری ئێمه پاش ئەو هەموو شەڕو کێشەیه بۆ دێموکراسی وەك حیزبی دێموکرات، پاش ئەو هەموو زەحمەتکێشانه له ڕێگای ئازادی‌دا، ناتوانین وەك حیزبی دێموکرات واز له ئازادی بهێنین. سۆسیالیزمی بێ ئازادیمان ناوێ، سۆسیالیزمێکمان دەوێ که ئازادیی بێ، دێموکراسیی لەگەلْ بێ. شیعاری ئەساسیی ئێمه ئەگەر خودموختاری‌یه که شیعاری ئیستراتیژیانه "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" ئەگەر بمانەوێ ئەو شیعاره لەگەلْ ئامانجی دواڕۆژمان ڕێك بخەین خۆ ناکرێ شیعاری ئیستراتیژی لەگەلْ ئامانجی دواڕۆژ موتەناقیز بن، ناتەباییان له بەینەدا بێ، یان جودا بن. ئەو وەخته دەبێ بڵێین خودموختاری، دێموکراسی، سۆسیالیزم، ئاوا یا بچینه پێش، ئەویش ئەوه، ئەوەمان دەوێ هیچی دیکەمان ناوێ. یانی دەمانەوێ سۆسیالیزم تەواوی ئەو خسووسیاتەی تێدا هەبێ که باسمان کرد.

بەلاَم لە عەینی وەختیشدا سۆسیالیزم خودی میللەتی کورد یان میللەتی ئێران دروستی دەکا. سۆسیالیزم بە زۆر بە هیچکەس تەحمیل نەبێ. خۆی داوتەڵەبانە بێ دروستی بکا!. پشتیوانیشی ببێ. پێمان وایە دروستی دەکاو پشتیوانیشی دەبێ بە یەك شەرت کە ڕێگا بدرێ قسەی خۆی بکا، نەزەری خۆی بدا لە سەر سۆسیالیزم. دەنا ئەگەر ئەتۆ بیکەی بە مەڕ وەك شوان بیبکەی، حەقی قسەکردنیشی نیە. ئەوە بە نەزەری من دەبێتە سۆسیالیزمی بەزۆر، سۆسیالیزمی بە تۆپزیو ئەو سۆسیالیزمە، سۆسیالیزمێکی سەرکەوتوو نابێ. ناتوانی ئەتۆ سۆسیالیزم بە پێچەوانەی ویستی زۆربەی خەڵکی کوردستان هەڵبسوورێنی، ناتوانی. بە پێچەوانەی ویستی ئەقەلییەت درووست دەکەی، چونکو ئەکسەرییەت لە پشت سەری تۆیەو ئەوە مانای ئەوەیە دێموکراسی هەیە. ئەکسەرییەت شتێکی ویست بە شێوەی دێموکراتیك، دێموکراسی پێچەوانەی ویستی ئەقەلییەتێك قبووڵ دەکا. بەلاَم ئەوە ناکرێ ئەکسەرییەت بڵێ نە، ئەتۆ بە زۆر بە سەریدا تەحمیل بکەی.

بە نەزەری ئێمە لە بەر ئەوەیە کە ئێمە ئیسرارمان هەیە لە سەر ئەو مەسەلەیەو لە ئێستاوە دەمانەوێ تەکلیفی خۆمان روون بکەینەوەو کۆنگرەش هەر لەو جێگایەی کە ئێوە دانیشتوون بڕیاری لە سەر داوە لە بەرنامەی خۆیدا، سۆسیالیزمی دێموکراتیك، سۆسیالیزمێك کە دێموکراسیی لەگەڵ بێ، ئازادیی لەگەڵ بێ. ئەوە شتێك نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا ئیجرای کردبێ، ئەوە شتێکە کە ئێمە ساڵەهای ساڵە ئێمە موبارزەی بۆ دەکەین، ئێستاش کە کۆنگرە تەسویبی کردوە، بۆتە خەتی سیاسیی حیزبەکەمان. هەر ئەندامێکی حیزبی دێموکرات دەبێ تەبلیغی بۆ بکا. دەبێ ئەوە بەرێتە نێو کۆمەلاَنی خەڵك، لەگەڵیان قسە بکا، روونیان بکاتەوە. ئەو کەسانە کە بە شێوەیەك یا لەبەر نەزانین یا خودای نەخاستە لە بەر غەرەز موخالفەتی لەگەڵ دەکا، روون بکاتەوەو پێیان بڵێ کە هیچ فەلسەفەیەکی ناوێ. یانێ ئەگەر بتانەوێ بە ئیجبار، بە ناچار بە هەرچی بڵێم کارم ئەوە بووە کە ٢٠ ساڵ دەرسی ئیقتیسادی سیاسیم گوتوەو دەرسی مارکسیسمم گوتوە، دەتوانم لە رووی مارکسیسم چەندین سەعات لێرە قسەتان بۆ بکەم بۆچی ئەوە باشە.

بەلاَم پێموایە ئەو فەلسەفەیە ناوێ. مەسەلە زۆر سادەترە لەوە. هەر کوردێکی ئەندامی حیزبی دێموکرات خودموختاریی دەوێ، هەر کوردێکی ئەندامی حیزبی

دێموکـرات دێموکراسیی دەوێ، هـەر کوردێکـی ئـەندامی حـیزبی دێموکـرات سۆسیالیزمی دەوێ. سۆسیالیزمێکی ناوێ کـە لـێرە دیکتـاتۆری دابمـەزرێ. چونکـە تەجروبە نیشانی داوەو ئەوەیـە کـە ئێمـە لـە تەجروبـە دەبـێ دەرس وەربگرین کـە دیکتاتۆری لە پێشدا بە ناوی تەبەقەیەکە لە پاشان ئەبێتە هی حـیزبێك، بـا حـیزبی دێموکراتیش بێ کە حیزبی خۆمانە، پاشان دەبێتە هی کومیتەی مەرکەزی لە پاشـان دەبێتە هی دەبیرکوللی حیزب، من وەك سکرتێر لە ئێسـتاوە دژی ئـەو دیکتاتۆریـەم ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە لە رووی زانینەوە ئەو کارە دەکـەین. دەنـا ئەگـەر لـە بارەی خۆمانەوە بێت چ باشتر دەبێتە دیکتاتۆرو هیچکەسیش ناتوانێ قسە بکا! ئێمە دوارۆژی میللەتەکـەمان بۆمـان موهیمـە. پێمـان خۆشـە شـتێك دابنێـین کـە میللەتەکـەمان سـبەینێ نـەڵێ لەعنـەتی تاریخیتـان لێبـێ. دەیـانزانی، فلانکـەس دەیزانی یـا ئـەوی دیکـە دەیزانـی، خـۆ ئێمـە نـەماندەزانی، ئێمـە نـەچوبووین، نەماندیتبوو، بەلاّم ئەو چووبوو دیتبووی بەلاّم پێمـانی نـەگوت. وەزیفەمانـە پێتـان بڵێین بە سەراحەتیش.

واشتێکیش کە حیزبەکەمان تەسویبی کرد جارێ ئیدی دەبێ دیفـاعی لێبکـەین. ئیدی ناتوانین بەرانبەری راوەستینو دوای تیئۆریی حیزبەکانی دیکە بکەوین. باشە من هاتووم ئەندامی حیزبی دێموکراتم، ئەوە بەرنامەکەیەتی کۆنگرەش تەسویبی کـردوە، بەلاّم مەوافقی نیم، بەلاّم من دیکتـاتۆری پێرۆلێتاریـام دەوێ. دیکتـاتۆریی حـیزبیم دەوێ یا هەر شتی دی، باشە بەقوربان ئـەوە ئـەو دۆڵـە لێرەیـە، ١٥ حـیزبی چینـی کرێکاری تێدایە، بچۆ بۆ لای یەکێك لەوانـە. لەوانەیـە زۆر زوویـش سـەرکەوی، زۆر زوویش بچیە سەرێ. بەلاّم ئەگەر لە حیزبی دێموکراتدا دەتەوێ ببی بە دێموکـرات، ناومان لە سەرە، دێموکراتیـش ئـەو کەسـەیە هـەموو وەختێـك لایـەنگری ئـازادیو دێموکراسی بێت. لە هەموو شەرایەتێك هیچێـك بـەنرختر لـە ئـازادی نیـە. ئەگـەر ئازادی نەبێت ئێمە حەتتا لە داخیلی حیزبی خۆمانا ناتوانین دوو کەلیمە پێکەوە قسە بکەین لە کۆنگرەکانماندا، جا ئەو وەختە دیارە لـە پاشـاندا کـە دەسـەلاّتمان کەوتـە دەس، هەرکەس قسە بکا گوێی بۆ بگرین وای لێ دێ، ئێمە نامانەوێ وای لێبێ.

دەمانەوێ هەر کوردێك کە ئەندامی ئەو حیزبەیە موستەقیل فیکـر بکـاو ئـازاد بێ. بتوانێ فیکر بکاتەوەو بێجگە لەوە شتی دیکەشمان دەوێو ئەویش پێوەندی ئێمـە

لەگەڵ وڵاتەکانی سۆسیالیستی. ئەویش دوو کەلیمەیە هیچ فەرقێکی نیە لەگەڵ وڵاتەکانی، هەتا ئێستا لە ئێراندا دوو شێوە هەیە. یەکێ ئەوە کۆمەڵە دەڵێ هەرچی لە مۆسکۆ گوتیان ئێمە دەبێ ئەوەی بکەین، بە قەولی برادەرێکمان هەیە دەیگوت ئەوە نازانم وایە پێم بڵێن، بەلاّم بە جیددی بە سەداقەتەوە پرسیاری دەکرد، دەیگوت باشە ئێستا ئەوە هی دە دەوازدە ساڵ لەوەپێشە. دەڵێ چین ٧٥٠ میلیۆنە، ... گوتم نەخێر نابێ، وابێ خۆ ئێمە ئەوەمان نابێ.

کەوابوو ئێمە نە دەمانەوێ دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتەکانی سۆسیالیستی بکەین، چونکو دۆستایەتی ئەوان بە قازانجی میللەتەکەمانە، بە قازانجی دوارۆژمانە، قازانجی پێشکەوتنی کۆمەڵی ئێرانو کوردەوارییە لەسەرە بۆیە دەمانەوێ دۆستییان لەگەڵ بکەینودۆستیشیانین. جا ئیدی دۆستایەتی خۆ ئەوە نیە هاوار بکەی. ٥ساڵی تەواو حیزبی توودە حیزبی دێموکراتی کوتا، ٥ ساڵی تەواو گوتی نۆکەری بەعسن، نۆکەری ئەمریکان. ٩ میلیۆن دۆلاریان وەرگرتوە نازانم چیان کردوە، بۆخۆتان دەزانن چی نەکرد؟ باشە نەیدەتوانی رادیۆ مۆسکۆ جارێ قسەی ئەوان تیکرار بکاتەوە لە سەر ئێمە، زمانی گیرابوو، بۆ نەیکرد؟ ئەو وەختە کە ئەوانیش پشتیوانی رێژیمی خومەینی بوونو حیزبی توودەش، حیزبی کومۆنیستی برادەر لە ئێراندا ئەدی بۆ نەیانکرد. کەوابوو وا نیە کە هەرچی حیزبی توودە گوتی لە مۆسکۆ بڵێن بەڵێ. عەکسەکەی راستە هەرچی لە مۆسکۆ بگێڕن توودە دەڵێ بەڵێ.

بەلاّم لە عەینی وەختیشدا ئێمە نامانەوێ، لە بەینی دوژمنایەتیو نۆکەریدا دۆستایەتیمان هەڵبژاردووە. نە دەمانەوێ نۆکەر بین، نە دەمانەوێ دوژمن بین، خراپ بڕیار دەدەین، باش بڕیار دەدەین بۆخۆمان بڕیار دەدەین. ئەوە بە نەزەری من حەقی موسەلەمی خۆمانە، هێزێکی بچووکین، گەورەین، بۆخۆمان بڕیار دەدەین. چەندین ساڵە ئێستا نزیکی خەریکە دەبێتە ١٥ساڵ کە حیزبی دێموکرات هەموو بڕیارەکانی بۆخۆی دەدا. بە قسەی هیچکەس ناکا. لە خومەینیو سەدامو چەرمێکۆوە بگرە هەتا دەگاتە رەیگان. دیارە هەرکەس بڕیاری سیاسی بدا مەجبوورە وەزعی وڵاتەکەی، وەزعی حیزبەکەی، تەناسوبی ئەوانە هەمووی بخاتە بەرچاو. خۆ ناکرێ هەروا هەستم، بڕیار دەدەم ئەمڕۆ لە مکزیك ئینقلاب دەکەم، خۆ بڕیار دەتوانم بدەم بەلاّم هیچ

ناتوانم بکەم. دەبیٚ بڕیارێکی وا بدەم کە بۆم جێبەجیٚ بێت. دەبیٚ ئەوانە هەموو بخەمە بەرچاو بەلاٚم بۆخۆم بڕیار بدەم، کەس لە باتی من نابیٚ بڕیار بدا.

لە بەر ئەوە مەسەلەی سێهەمیش ئەوەیە رابیتەی ئێمە لەگەڵ ولاٚتەکانی سۆسیالیستی چۆن بیٚ. رابیتەی دۆستانە، نە نۆکەر وەك حیزبی توودە، نە دوژمن وەك کۆمەڵە. دۆستێکی سادق، دۆستیش ئەوەیە کە شتێکی پیٚخۆش بوو بڵیٚ پێمخۆشە، باشە، شتێکی پیٚناخۆش بوو بڵیٚ پێمناخۆشە. مەجبوور نیە، دۆست لە دۆستی خۆی هەموو شتێك قبووڵ ناکا. باشە ئەمن هەرچی بڵێم لە مۆسکۆ قبووڵی دەکەن تا ئەوانە هەرچی بڵێن من قبووڵی بکەم. مەسەلەش ئەوە نیە بڵێن چونکە ئەوان بەهێزن، ئەمن بیٚهێزم. مەسەلە ئەوە نیە نەخێر لە سەتحی "بین‌المللی"دا مساواتە. بەلاٚم ئێمە پێمان وایە کە گەورەترین دۆستی ئێمە لە دوارۆژدا یەکیەتیی سۆڤیەتە، ئیتیحادی شوورەوی‌یە. نایشارینەوە دۆستی ستراتژیکمان ئەوە. دەبیٚ تیٚبکۆشین ئەو دۆستایەتی‌یە رۆژبەرۆژ بەهێزتر بکەین، ئەگەر جاران پیس‌ترین وەختی ئەو دۆستایەتیەمان ئێستا رۆیشتووە، ئێستا بەرەو باشتربوون چووە.

بەلاٚم باشە ئایا میللەتی کورد، ئایا حیزبی دێموکرات قبووڵ دەکات حەتا ئەو دۆستە بڵیٚ من ئەوەت بۆ دەکەم، بە شەرتێك ئەتۆ هەرچی ئەمن دەڵێم بە قسەم بکەی. قبووڵ ناکەین. نموونەی ئەوەیە ئەوانەی بە ئێمەیان دەگوت بەعسی، هیچیان ئەو ئیستیقلالە، ئەو تەسمیمگیریەیان نیە کە ئێمە هەمانە بەرانبەر بە عێراق، بەرانبەر بە حیزبی بەعس هیچیان نیانە، دیومانە بە چاوی خۆمان. ئێمە ئەو وەختە کە پێیان دەگوتین، ئەوانە پێیان دەگوتین بەعسی، لەگەڵ حیزبی بەعسیش رابیتەمان هەبووە، نەماندەشاردەوە، ئێستاش هەمانەو نەشمانشاردوەتەوەو هیچ شتێکیش فەرقی نەکردووە بۆ ئێمە هەر هەوین. هەر ئی جارانین بەلاٚم هەر ئەو وەختەش رابیتەمان هەبوو لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی، خۆ ئێستا یەکیەتیی نیشتمانی شەڕ ناکا لەگەڵ حیزبی بەعس، جاران شەڕی دەکرد. ساڵیٚ لەوەپێش خۆ شەڕی دەکرد. بەلاٚم ئەوە چەندین ساڵە کە حیزبی بەعس دەزانیٚ کە ئێمە رابیتەمان هەیە لەگەڵ یەکیەتیی نیشتیمانی، نەشمان شاردوەتەوەو ئەوە ئیستیقلالی ئێمە دەگەیەنیٚ. حیزبی بەعس دەزانیٚ لەگەڵ یەکیەتیی نیشتیمانی پێوەندیمان هەیە، یەکیەتیی نیشتیمانی دەزانیٚ کە لەگەڵ حیزبی بەعس پێوەندیمان هەیە، حیزبی دێموکراتیشین، نە بە قسەی

یەکیەتیی نیشتیمانی دەکەین، نە بــە قسەی بەعس دەکـەین. بـە قسـەی حیزبی دێموکرات دەکەین، هەر بڕیارێکی بێ.

ئەگەر لێرەدا ئەوەمان ئیسبات کردوە لە موقابیل لە سەتحی "بینالمللـی"دا بـووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ فەرانسەیش دۆستین، فەرانسەیش هیچ شـتێکی گـەورەی بـۆ ئێمـە نەکردووە بەڵام هیچ شەرتـو شرووتێکی بۆ ئێمە دانـەناوە. خـودای نەخاسـتە ئەگـەر رۆژێك دایبنێ لێی قبووڵ ناکەین. بۆخۆمان دەبـێ بڕیـار بدەیـن کـە دەیکـەین یـا نایکەین. ئەوە ئەساسێکە کە دە دەوازدە ساڵ پێـش دامانـناوە، ئێمـە ئـەو وەختـە گروهێك دە دوازدە نەفەری بووین لە بەغدا دەژیاین. نە پێشمەرگەمان بوو، نە حیزبی دێموکرات ئەو حیزبی دێموکراتە بوو. یەخسیر بووین بە دەستی ئەو حیزبی بەعسەوە. رێك لە بەر دەستی ئەوان، رادیۆیەکمان هەبوو گوتیان دەبێ دژی مـەلا مستەفا قسـە بکەن ئێوە، بۆخۆشتان دەزانن کە مەلا مستەفا چی کردبوو لەگەڵ بەرادەرانی ئێمـە، زۆر خۆشەویست نەبوو لای ئێمە، زۆریش، قسەشمان زۆر بوو لەسەری بکـەین گوتمـان نایکەین. نایکەین چونکو بۆخۆمان دەبێ بڕیار بدەین شتی وابکەین، بە قسەی ئێـوە ناکەین. رۆژێك بڕیارمان دا ناکەین. گوتیان ئەگەر ئەوە نەبێ ناتوانن لـێرە بمێننـەوە، رادیۆکەتان لێدەستێنینەوەو نازانم چیو رادیۆیان داخست، ٦مانگ رابیتەمان قـەتع بوو، هەرچی توانیان فشاریان بۆ ئێمە هێنا نەچووینە ژێر بـار. ئـەو وەختـە کـە لـە بەغدا بێ تفەنگ بووین، بێ ئەوەی کە یەك پێشمەرگەمان هـەبێ، لـە بـەر دەسـتی ئەوان دانیشتین، دەیانتوانی ئیعدامان بکەن، بمانکوژن. هەرچی شتێکیان پێیان دەکـرا بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر بارو لـەو وەختـەوە سـەپاندوومانە کـە حـیزبی دێموکـرات حیزبێکی سەربەخۆیە.

کەوابوو بۆ ئێمە ئەو سێ مەسەلەیە ئەساسییە: دەمانەوێ سۆسیالیزم دابمەزرێنین، دەمانەوێ سەرمایەداری رەد کەینەوە، سوسیال دێموکراسی رەد کەینـەوە، نامانـەوێ لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا بژین، دەمانەوێ پێوەندییـەکانی سـەرمایەداری تێـك بدەیـن، پێوەندیـی سۆسیالیسـتی دابمـەزرێنین. دەمانـەوێ بـەڵام ئـەو سۆسـیالیزمە سۆسیالیزمێکی دێموکراتی بێ، میللەت حەقی قسە کردنی هەبێ. ئەندامانی حـیزب حەقی قسە کردنیان هەیە بەڵام خۆ ئەوە دەڵێم مەگەر لە وڵاتـەکانی سۆسیالیسـتیدا حەقی قسەکردنیان نیە؟ نەخێر نیە! ئـەمن بـە چـاوی خـۆم دیومـە، نیـە. خـۆ مـن

نامەویٚ، ویژدانم قبوولٚ ناکا پیٚتان بلیٚم هەیانە، نیە. دەتوانم بە هەزاران مەسالیٚتان بۆ بیٚنم نیە. ئیٚمە پیٚمان خۆشە هەبیٚ. خۆ ئەگەر لە باری کە، ئیٚستا شەخسیمانەوە بیٚ مومکینە پیٚمان خۆش بیٚ حەقی قسەکردنتان نەبیٚ، چونکو بەڕاستی بۆخۆمان بە کەیفی خۆمان دەیلیٚین بەلاٚم ئەوە نیە مەسەلەکە، مەسەلەکە دوارۆژی میللەتەکەمانە، نەسلی داهاتووە کە دیٚ. ئەوەیە کە دەبیٚ لە نەزەر بگیریٚو ئەوە مەسەلەی دووهەمە سۆسیالیزمیٚکی دیٚموکراتی بۆیە دەمانەویٚ.

مەسەلەی سیٚهەم سەربەخۆیی گەلەکەمانە. لە رابیتە لەگەلٚ دەولەتەکانی سۆسیالیستیدا، دەمانەویٚ دۆستیان بین، دوژمنایەتی لەگەلٚ ئەوان مەحکووم دەکەین. سەد جار ئەو چریکی فیدایی خەلٚك، کۆمەلە هەزار شتیان لە سەر ئیٚمە نووسی. ئەو ریٚژیمە ئیٚستا دەستی پیٚکردۆتەوە بۆ چوار پیٚنج سالٚ لەوە پیٚش، چوار سالٚو نیو لەوە پیٚش، جاران ئیٚمە پیاوی بەعس بووینو ئیستیکباری جیهانی (ئەمریکا) بووین، ئیٚستا ئەوە بووینە دیسان پیاوی سۆڤیەت، پیاوی شوورەوی.

ئەوانەمان هەموو دیوە بەلاٚم ئیٚمە گورگی باران دیدەین. ئەمن کە بۆخۆم بزانم نۆکەری حیزبو میللەتەکەمم، جا هەرکەس هەرچی بلیٚ هیچ تەئسیریٚکی نیە. ئیٚمە سیاسەتی سەربەخۆمان دەبیٚ بەرینە پیٚشو ئەو سیاسەتی سەربەخۆیە زامنی دوارۆژی میللەتەکەمانە، ناتوانین وازی لیٚبهیٚنین. لیٚرەدا ئیدی شۆخی ناکەین لەگەلٚ هیچکەس ئەوە زامنی دوارۆژی میللەتەکەمانە، ناتوانین وازی لیٚبهیٚنین. ئەگەر گرووهی حەوتکەسیمان هەبوو هاتن ویستیان بە نۆکەری حیزبی توودە، شتەکەیان روون بوو هاتن گوتیان بە حیزبی توودە، کومیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی حیزبی توودە، گوتمان نامانەویٚ. ئیٚمە حیزبی دیٚموکراتین، دەمانەویٚ سەربەخۆیی حیزبەکەمان بپاریٚزین. ئەو بەزمەیان بە سەر هیٚناین کە خۆتان دەزانن. بەلاٚم ئیٚستا ئەوانە کیٚ بوون؟ لەکویٚن ئیٚستا؟ هەر ناونیشانیان نەماوە. حیزبی دیٚموکرات لە جیٚگای خۆیەتی، حیزبی دیٚموکرات بەهیٚزتر بووە لە باری کەیفییەتەوە ئەفرادی وەرزیدەتری هەیە، کادری نیزامی ـ سیاسی باشتری هەیە. ئەوانیش ون بوون. ئەسلەن بە قەولی کابرا گوتی بزر بوون بە یەکجاری.

باشە جا ئیٚمە ئەو سیاسەتە کە ئەوڕۆین بەلاٚم ئیٚمە ئیٚستا گوناحمان نەکردوە ئەو سیاسەتەمان هیٚناوەتە پیٚش، کۆنگرەیەکیش لە سەر ئەو ریٚگایە دەڕوا، ریٚگایەکی

درووست، راست بە قازانجی میللەتەکەمان، بە قازانجی حیزبەکەمان سۆسیالیزممان دەوێ بە دڵەوە بۆی دەکۆشین، سۆسیالیزمێکی دێموکراتیکمان دەوێ و سەربەخۆیی حیزبەکەمان دەوێ.

یەك مەسەلەی دیکە کە پێمخۆش بوو باسی بکەم ئەوەیە کە بۆچی ئێستا نالێین سۆسیالیزممان دەوێ؟ بۆ شیعاری زیددی سەرمایەداری نادەین؟ ئەوەیە کە پرسیاریان کرد. مەسەلەکە زۆر روونە، خۆ ئێمە خۆمان نامانەوێ لە کۆمەڵی کوردەواری دوور کەوینەوە، من ئێستا بێم شیعاری سۆسیالیزم بدەم بە قەولی کۆمەڵە کە دەڵێن نمایەندەی پرۆلێتاریان. لە فەرهەنگی جیهانیدا ناوێك هەیە پێی دەڵێن "بورمنشیۆ"، بورمنشیۆ کابرایەك بوو ئیسپانیایی بوو، داستانێکی زۆر خۆشی هەیە. ئەوە بوو کە هێزێکی زۆر کەم لە موقابیلی هێزێکی زۆر گەورە رادەوەستا هەموو جارێ دەیشکاند ئەوە پێی دەڵێن "بورمونشیۆیسم". ئەوە کە من بێم بڵێم نوێنەری پرۆلێتاریای کوردستانم، مەگەر ئێوە خەڵکی کوردستان نین، کوا ئەو پرۆلێتاریا لە کوێیە؟ چوار کرێکاری ساختمانی سنە یا مەهاباد دەبێتە پرۆلێتاریا؟ پرۆلێتاریای سەنعەتی مانای خۆی هەیە. ئەما من ئەوەی نالێم من دژی پرۆلێتاریا نیم، دژی بورژوازیم. ئەویش باس دەکەم لە پاشان، بەلام دەڵێم میللەتی، کۆمەڵی من ئێستا زۆر پاشکەوتووە. ئەمن ئەوەڵ هەنگاو کە دەبێ بتوانم بەڕاستی بچمە پێشێ ئەوەیە کە خودموختاری تەسبیت بکەم لەگەڵ دێموکراسی، دەست بکەم بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی پێشکەوتووە، بەرنامەیەکی سۆسیالیستی نیە، بڵێم پاش ئەوە کە ئەو بەرنامەیەم جێبەجێ کرد ـ کە بە نەزەری من ٢٠ساڵی دەوێ، لە کۆنگرەی ئێمەدا یەکێك هات گوتی کەوابوو ئێمە بە ١٠٠ ساڵی دیکە ناگەین، دیارە ئەوە عەوامفەریبیە ـ پاش ئەوەی ئێمە توانیمان ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین، ئەو وەختە دەست پێدەکەین بە درووست کردنی سۆسیالیزمیش.

ئێستا وڵاتی وەك چێکۆسلۆواکی کە تا ئەو وەختە دەستی پێکرد بە درووست کردنی سۆسیالیزم لە ئێستای ئێمە هەر نەبێ ٣٠٠ ساڵ لەپێش بوو، هێشتا نەیتوانیوە ئیدیعا بکا بە تەواوی سۆسیالیزمی درووست کردوە. هێشتا دەڵێ تازە ئێمە خەریکین تەواوی دەکەین ئەو نەزمە. باشە ئەمن بە شتی خۆم کە نە یەك

کارخانەم هەیە نە سەنعەتم هەیە، نە هیچم هەیە، هەر ئیدیعا بکەم سۆسیالیزمم درووست کرد تەواو بوو. نامانەوێ درۆ لەگەڵ میللەتی خۆمان بکەین، ناکەین. کەوابوو مەرحەلە بە مەرحەلە دەبێ بچینە پێشێ. یەکێك لە فیلسووفەکانی گەورەی تاریخ شتێکی گەورەی گوتووە، دەڵێ: ئەو هێزە سیاسیانەی کە بیانەوێ بە سەر مەرحەلەکاندا باز بدەن، وەزعی واقعیی وڵاتی خۆیان لە نەزەر نەگرن، ئەگەر باز بدەن دەکەونو ئەژنۆیان دەشکێ. ئێمە نامانەوێ بکەوینو ئەژنۆمان بشکێ. دەزانین چین، لە چ مەرحەلەیەك داین، بۆیە ئێستا باشە هەڵگرم تەزاهورێك ساز بکەین ئێمە، لە ئالآیەك "مەرگ بەر سەرمایەداری" چی‌یە لە کوێ‌یە ئەم سەرمایەداری‌یە؟ کێ‌یە ئەم سەرمایەدارە؟ ئەمن لە نیویۆرك دانیشتووم؟ لە شیکاگۆ دانیشتووم؟ لە توپلۆن لە پاریسێ، لە لەندەن کێها لەمانە؟

هەر حیزب، ئەمن ئێستا موباریزەم زیددی رێژیمە، لە مەرحەلەی موبارزەی میللی دێموکراتیك بۆ وەرگرتنی حەقی خودموختاری، وەرم گرت ئەو وەختەش بە نەزەری من سەرمایەداری دەڕوا لە لای من. بەلآم ئیدی نایەڵم پێ‌بگات، نایەڵم ئیدی، رێگای بۆ خۆش ناکەم. هەر ئەو خوردە بورژوازیەش کە هەیە خوردە سەرمایەداریە ئەویش مەحکووم دەکەم. رێگای سۆسیالیزم دەگرم، هەرچی درووست کەن دەبێ لە رێگای سۆسیالیستی‌یەوە بێت. بەرەو سۆسیالیزم دەڕۆم. بەلآم بەرەو سۆسیالیزم رۆیشتن خۆ درووست کردنی سوسیالزم نیە کاکە گیان. ئەوە واقع‌بینانە دەبێ تەماشا بکەین. ئەو نەسڵەی ئێمە ـ ئەمن باسی خۆم دەکەم، ئێوە نەسڵێکی دیکەشتان لە پێشە ـ نەسڵی دێموکراسی‌و خودموختاری‌یە. نەسڵی ئێوە مومکینە نەسڵی سۆسیالیزم بێت، مومکینە ئەوەش بێ.

لەگەڵ ئاغای بەنی‌سەدر کە رۆیی کێشەمان هەبوو، دەی‌گوت: "ئێوە ئێستا دەڵێن خودموختاری نەسلێکی دیکە داوای ئیستیقلال دەکا، جودا دەبێتەوە." گوتم یانێ تۆ دەتەوێ من لە ئێستاوە مەسئوولی کاری نەسڵی داهاتوو بم، ئەتۆ دەتوانی مەسئوولی کاری نەسڵی داهاتوو بیت؟ ناتوانی! داوایەکی زۆر بێ‌مانایە. وەڵا من پێم ئاوایە: مومکینە نەسڵی داهاتوو نەسڵی سۆسیالیزم بێتو نەسڵی ئیستیقلال بێت: ئیستیقلالی کوردستان وەرگرێ. ئەمن لە ئێستاوە، ئەمن وەزیفەی خۆم وەك ئینسانێکی سیاسی لە داخڵی ئەو حیزبەدا هەتا هەم ئەنجام دەدەم لە پاش منیش

ئەوانە کە دێن ئینشائەلاّ ئەوان باشتر لە ئێمەش ئەنجامی دەدەن، بەلاّم مـن تـەکلیف بۆ ئەوان دیاری ناکەم. باشە ئەوانەی رابردوو تەکلیفیان بۆ ئێمە دیاری کـردووە ئێمـە چ داوا بکەین، هەتا ئێمە تەکلیف بۆ ئەوانـەی داهـاتوو دیـاری بکـەین. بـەلاّم ئـەو نەسڵە نەسڵی خودموختاریو دێموکراسی‌یە، موبارزەش بە پەلە نابێ. برادەری وامـان هەیە ئێستا لێرە دانیشتووە ٥ساڵی پێش کە ئەمن دەمگـوت ئـەو موبارزەیـە دوورو درێژە، درێژخایەنە، مومکینە ٢٥ ساڵی پێبچێ، مومکینە، بیسـتووتانە زۆر کـەس پێکەنینی دەهات. دیارە ئەوە واریدی شەشەمین ساڵ بووین ئەمن خودا خودامە قـەد ٧ سالیشی پێنەچێ. باشە بەلاّم دەبێ ئینسان بۆ موبارزەی دوور خـۆی حـازر بکـا. ئەگەر زووتریش سەرکەوت چ باشتر خۆ زەرەری نیە.

جا من لێرەدا ئەو باسە دەکەم چونکە ئەزانم کە وەخـت کەمـە. بـەلاّم بەداخـەوە نەمتوانی باسی ئیقتیسادی تێکەلاّو بکەم. جا ئەگەر فورسەت هەبوو یا ئەمشـەو یـا سبەینێ، ئەقەلەن نیوسەعاتێ ئیجازە بدەن کە باسی ئیقتیسادی تێکـەلاّویش بکـەم. چونکو نەڵێن ئیقتیسادەکەمان ماس‌ماڵی کردوە. چووینـە سـەر مەسـایلی سیاسـی. بەلاّم پێموایە لە مەسەلەی سۆسیالیزمدا ئەوە موهیم بوو.

***

باسی ئیمپریالزمان کرد، ئەگەر لەبیرتان مابێ. باسی ئەوەمان کرد کە ئیمپریالیزم پێنج خاسییەتی تایبەتی خۆی هەیەو گوتمان کە ئـاخر مەرحەلـەی سـەرمایەداری‌یە. ئیمپریالیزم مەرحەلەی دوایی سەرمایەداری‌یە، مانای ئەوەیە کـە پـاش ئیمپریـالیزم ئیدی سەرمایەداری نیە، پاش ئیمپریالیزم رێژیمێکی دیکە، سیستمێکی دیکـە دێتـە مەیدانێ کە ئەویش سۆسیالیزمە. کەوابوو کە باسـی سـەرمایەداری دەکـەین ئێمـە، ئیمپریالیزم بەشێکە لە سەرمایەداری، جـودا لـە سـەرمایەداری نیـە، بەشـێکە لـە سـەرمایەداری، بـەلاّم ئـاخرین پلـەی سـەرمایەداری‌یە، ئـاخرین مەرحەلـەی سەرمایەداری‌یە. لە زەمانی سەرمایەداری‌دا ناتەبایی، تەزاد لە نێـو سـەرمایەو کـار رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێ. ئەگەر ئەسڵەکەتان لەبیر مابێ، ئێمە گوتمـان کـە ناتـەبایی یـا تەزادی سەرمایەداری لەوەرا دێ کە ماوەی کارمان، کە ئەگەر ٨سەعات بێ تەقسیم کرد بە دوو بەش، بەشێکی ماوەی کاری لازمەو بەشـێکی مـاوەی کـاری زیادی‌یـە،

دیاره ماوەی کاری زیادی ئەو بەشەیە کە ئەرزشی ئیزافی بەرهەم دێنێ، ئەرزشی ئیزافی تەولید دەکا، کە ئەساسی چەوساندنەوەو ئیستیسمارە لە سەرمایەداریدا.

مەسەلەکەش زۆر روونە هەرچی کرێکارە، هەوڵ دەدا بۆ ئەوە کە بەشی ماوەی کاری لازم زیاتر بکا، یانێ زیاتر وەربگرێ، هەرچی سەرمایەدارە عەکسی ئەوە لە موقابیلی راوەستاوە، چونکو هەرچی لە ماوەیەکی کەمتردا کرێکار ئەو بەشەی تەولید بکا کە کافی‌یە بۆ تەجدیدی هێزی ئەو، هەرچی لەو ماوەیە کەمتر بێت ئەوەندە قازانجی زیاترە بۆ سەرمایەدارو لە حاڵێکدا کرێکار دیارە ئەگەر ئەوەی دابنێین کە مەسەلەن لە ماوەی ٨سەعاتاندا کە کار دەکا هەر سەعاتێ ١٠تمەن وەردەگرێ کە دەکاتە ٨٠تمەن، شتێکی وازحە ئەگەر چڵو چڵ بێ سەرمایەدار تێدەکۆشێ کەمتر لە چلی بداتێ، کرێکاریش تێدەکۆشێ زیاتر لە چلی وەربگرێو ئەوە ئەو تەزاددەیە کە هەتا سەرمایەداری مابێ لە بەینی کرێکارو سەرمایەداردا هەیە.

ئەوە شتێك نیە کە زهنی بێت، شتێك نیە کە بۆ وێنە سەرمایەداری باش هەبێو سەرمایەداری خراپ هەبێت، ئەوە هیچ پەیوەندیی بەوە نیە، ئەوە پەیوەندیی بە ئەساسی سەرمایەداری‌یەوە هەیە، هەتا سەرمایەداری مابێ ئەوەش هەیە، لە بەر ئەوەشە کە جاری پێشوو پێموایە باسمان کرد کە گوتمان لە هێندێك وڵاتو بە تایبەتی لە ئاڵمانی رۆژئاوا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی زۆر هەوڵ درا بۆ ئەوە سەرمایەداری‌یەکی ئەوتۆ پیادە بکەن کە نێوی بنێن سەرمایەداریی گەلی، "سرمایەداری مردمی"و ئەوە یەکێك لە تیئۆریزانەکانی زۆر باشی وڵاتەکانی سۆسیالیستی کە لە مێژە وەفاتی کردووە لە جوابی ئەوەدا گوتی: "سەرمایەداریی گەلی وەکوو سەهۆڵی برژاو وایە، ئەگەر سەهۆڵی برژاوتان دیوە سەرمایەداریی گەلیش مومکینە، سەهۆڵ ئەگەر ببرژێ لەبەین دەچێ، سەرمایەدارییش ئەگەر بوو بە گەلی ناتوانێ وەکوو سەرمایەداری بمێنێتەوە." دیارە ئەو ناتەبایی‌یە دەبێتە هۆی لەبەین چوونی سەرمایەداریو چونکە ئەوە بۆخۆی فەسڵێکی زۆر دوورو درێژە کە یەکەم شۆڕشی سۆسیالیستیش هەروەها کە دەزانن لە رووسیە بووە، شۆڕشی ئۆکتۆبرە، ئەوە پێموانیە ئیدی پێویست بێ کە من زۆر لە سەری برۆم.

بەلاّم یەك: لە تیئۆریدا هێندێ فەرقو جیاوازی دەركەوت لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا، ئەویش ئەوە بوو "ماركس"و "ئەنگێلس" ـ كە دیارە پایەگوزاری سۆسیالیزمی عیلمین ـ نەزەریان ئەوە بوو كە سۆسیالیزم لەو ولاّتانە سەردەكەوێ كە لە باری سەنعەتییەوە، لە باری پەرەئەستاندنەوە لە هەموان لە پێشترە، نەزەریان ئالمان، ئینگلستان، فەرانسە، ئەمریكا تا رادەیەك ـ ئەو وەختە ئەمریكا ئەوەندە لەپێش نەبوو ـ ئەو ولاّتانە بوون، لە پاشان نەزەریان ئەوە بوو كە سۆسیالیزم دەبێ لە چەند ولاّتی پێشكەوتوودا سەركەوێ، بەلاّم عەمەلەن سۆسیالیزم ئەوەڵەن لە یەك ولاّتدا سەركەوت، لە پاشانیش لە ولاّتێكدا سەركەوت كە یەكێك لە پاشكەوتووترین ولاّتەكانی سەرمایەداریی ئەو سەردەمە بوو، یانێ لە رووسیە.

دیارە ئەو وەزعە كە لە نەتیجەی شەڕی یەكەمی جیهانیدا پێكهات، بوو بە هۆی ئەوەی كە ماركسیستەكان ئەوە روون بكەنەوە، لنین ئەوەی روون كردەوە كە لە جەرەیانی عەمەلدا دەركەوت كە سۆسیالیزم دەبێ لەو جێگایە سەركەوێ كە ئیمپریالیزم لە هەموو جێگایەكی دیكە زەعیفترە، نە لەو جێگایە كە سەرمایەداری لە هەمووان پێشكەوتوترە. ناتەباییەكان، تەزاددەكان لە رووسیە كۆ ببوونەوە، وەكوو ناتەبایی بەینی سەرمایەو كار، لە لایەكەوە ئەو چەوسانەوەو ئیستیسمارە كە لە رووسیە بوو لە هیچ ولاّتێكی سەرمایەداریی پێشكەوتوودا نەبوو، پاشان رووسیە ولاّتێكی دیكتاتۆری بوو، ولاّتێكی ئیمپریالیستی بوو، ولاّتێكی ئیستیبدادیو نیزامی بوو، ئەوانە هەموو تەزاددەكانیان ئەوەندە توندو تیژ كردبوو كە رووسیە بوو بە ئەو ولاّتە كە بڵێین ئەڵقەی هەرە زەعیفی سەرمایەداری بوو، ئیمپریالیزم بوو، لەوێ شۆڕشی ئۆكتۆبر سەركەوت. چونكو شۆڕشی ئۆكتۆبر شتێكە كە زۆر دەبێ لە سەری بدوێینو باسی شتێكی دیكەیە، ئەوە نایەتە نێو ئەو دەرسەی كە ئێمە هەمانە. ئەگەر بمانەوێ خەریكی شۆڕشی ئۆكتۆبر بین دەرسی ئەسڵیمان مومكینە لەكیس بچێ، ئیقتیسادی سیاسیمان مومكینە لەكیس بچێ، جا ئەوە وا دادەنێین كە هەموومان شارەزاین لەوە كە شۆڕشی ئۆكتۆبر چۆن سەركەوتو لە نەتیجەدا ئێستا ئێمە پاش شۆڕشی ئۆكتۆبرینو پاش شۆڕشێكی سۆسیالیستیینو خەریكین سۆسیالیزم دادەمەزرێنین، خەریكین سۆسیالیزم درووست دەكەین.

جـا بـا بزانـین سۆسـیالیزم چۆن پێـك دێ؟ شۆڕشـی سۆسیالیسـتی دوو فـەرقی ئەساسیی هەیە لەگەڵ شۆڕشی بورژوازی کە لە فەرانسـە ببـوو، باسـمان کـرد ئەگـەر لەبیرتان بێ، لە ئینگلستان بوو، لە هۆڵەند بوو، یەکێکیان ئەوەیە ـ کە ئەو شۆڕشـە یەعنی ئەوە فەرقی لەگەڵ هەموو شۆڕشەکانی پێشووشە ـ کە شۆڕشی سۆسیالیسـتی ئەساسی ئیستیسمار لەبەین دەبا، ئەساسی چەوسانەوە لەبەین دەبا، بـە هـۆی ئـەوە دیارە شۆڕشێکی زۆر قاتعە لە تاریخی بەشەرییەتدا، لە حـاڵێکدا شۆڕشـی گـەورەی فەرانسە نەتیجەی سەرکەوتنی ئەوە بوو کە فیئۆدالیزم رووخـا، بـەڵام سـەرمایەداری سـەرکەوت. لـە نەتیجـەدا لــەباتی ئیستیســماری فیئۆدالـەکان، ئیستیســماری سەرمایەدارەکان هاتە جێی.

لە شۆڕشی سۆسیالیستیدا ئیستیسمار بـە یـەکجاری لەبـەین دەچـێ، لـە جێـی ئیستیسماری سـەرمایەدارەکاندا ئیستیسـمارێکی دیکـە پـەیدا نـابێ، ئیستیسـمار لەبەین دەچێ. ئەوە بـۆ موتالیعـەی درووسـت کردنـی سۆسـیالیزم زۆر موهیمـە لـە حاڵێکدا لـە جـەرەیانی، لـە بـەتنی بڵێـین لـە زگـی فیئۆدالـیزمدا پەیوەندییـەکانی سـەرمایەداری درووسـت ببـوو، بورژواشمـان هـەبوو، سەرمایەداریشـمان هـەبوو، کرێکاریشمان هەبوو، کارخانەمان هـەبوو، باسمـان کـرد کـە مانۆفاکتۆرمـان هـەبوو ئەگەر لە بیرتان بێ. لە سۆسیالیزمدا لە پێشدا دەبێ رووبەنای سیاسی بگـۆڕدرێ لـە پاشان ژێربەنای ئیقتیسادی ـ ئیجتیماعیی سۆسیالیستی پێك بێ. لە سەرمایەداریدا بەرعەکس، لەوێ لـە پێـشدا ژێربـەنای ئیقتیسـادی ـ ئیجتیمـاعیی سـەرمایەداری پێکهاتبوو و ئەوە بوو بە هۆی ئەوە رووبەنای سیاسیی فیئۆدالیستی بگۆڕدرێو ببـێ بە سەرمایەداری.

لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسـیالیزم مەسـەلەکە عەکسـە، لـە پێـشدا شۆڕشـی سۆسیالیستی بۆ ئەوە دەکرێ کـە دەسـەڵاتی سیاسـی لـە دەسـتی سـەرمایەدارەکان بێتەدەر، بچێتە دەستی زەحمەتکێشان، لە پاشان زەحمەتکێشـان مـەجبوورن رەوابتـی ئیقتیسـادیی سۆسیالیسـتی پێکبێنـن. یـەعنی ژێربـەنای ئیقتیسـادیو سیاسـیی سۆسیالیستی پێکبێنن، چونکو فەرز دەکەین کە ئەورۆ رۆژی ٢٤ یان ٢٥ی ئۆکتۆبرە کە شۆڕش سەرکەوتووە، دیارە جارێ رەوابتـی ئیقتیسـادیو ئیجتیمـاعی نـەگۆڕاوە. جـارێ کارخانـەکان لــە دەسـت سـەرمایەدارەکانن، جـارێك زەوی لـە دەسـت

مالکەکانەوەیە، ئەوە رووبەنای سیاسی‌یە، دەسەلاتی سیاسی‌یە کە دەی‌گۆڕێ، یەعنی کارخانەکان میللی دەکا، زەوی دابەش دەکاو زۆر شتی دیکەش. کەوابوو ئەو فەرقە زۆر موهیمە لە باری بە تایبەت درووست کردنی سۆسیالیزمەوە.

ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ فەرزکەین دیارە لە ولاتێکی وەکو فەرانسە یان ئالمان، ئەگەر شۆڕشێکی سۆسیالیستی ببیۆ تەبەقەی کرێکار سەرکەویۆ تەبەقەی کرێکار دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ، تازە مەجبوورە لە پاش ئەو شۆڕشە دەست پێ‌بکا بەوەی کە ژێربەنایەکی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی بۆ ئەو رووبەنا سیاسی‌یە درووست بکا. واتە چ بکا؟ کارخانە میللی بکاو نازانم زەوی دابەش بکا، بانکەکان میللی بکا، بیرەکان میللی بکاو زۆر شتی دیکە، ئەو فەرقە زۆر فەرقێکی موهیمە. ئەوەش لەوەڕا دێ کە هەتا رووبەنای سیاسیی شۆڕشی سۆسیالیستی کە مەبەستی لەبەین بردنی چەوسانەوە یان ئیستیسمارە، بە یەکجاری، هەتا رووبەنای سیاسی، دەسەلاتی سیاسی نەگۆڕێ، ئیمکانی لەبەین بردنی ئەو ئیستیسمارە لە واقیعدا نیە، ئەوەیە ئێستا گەیشتووینە ئەو جێگایەی کە بەلێ چینی کرێکار شۆڕشی کردووەو دەیهەوێ سۆسیالیزم پیادە بکا.

جا پاش شۆڕشی سۆسیالیستی ئێمە تەرەفین لەگەل هێندێك مالکییەتی موهیم. یەکێکیان مالکییەتی گشتی‌یە: پاش ئەوەی کە شۆڕشی سۆسیالیستی سەرکەوت کارخانە گەورەکان لە پێشدا میللی دەکا. لە نەتیجەی ئەوەدا مالکییەتی عمومی بەوجوود دێ کە نەبوو یا مەسەلەن رێگای ئاسن یان مەسەلەن هێندێك شتی دیکەی بەشی ئیقتیسادی هەر لە پێشدا بە دەستی دەولەتەوە بوو، دەولەتی شۆڕشی سۆسیالیستی سەردەکەوێ دەبێتە مالکییەتی عوومی. ئەوە یەك نەوع مالکییەتە کە مالکییەتی عوومی لە پاشان دیارە پاش شۆڕش دەبێتە مالکییەتی عوومیی سۆسیالیستی. لە پاش ئەمە دیارە هێندێك رشتەی ئیقتیسادیمان هەیە، هێندێ بەشی ئیقتیسادیمان هەیە کە لەوێ عوومی کردنی وەسایلی تەولید زەحمەتە. لە پاش ئەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبر سەرکەوت زۆرکەس پێشنیاریان کرد کە زەوییش میللی بکرێ، ببێتە مالکییەتی عوومی. بەلام لە پاش تەحقیقێکی عیلمی لنینو چەند کەس گەیشتنە ئەو نەتیجەیە کە ئەو میللی کردنە عەمەلی نیە، چونکو وەسایلی تەولیدئاوەر بە دەستەوە نیە کە بتوانین بە کاری بێنین. رووسیە زۆر پاشکەوتوو بوو،

زەوی‌و ئەو وەسایلە کە بەکاریان دەهێنا بۆ کێلانـــی زەوی زۆر زۆر پاشـکەوتوو بـوو، گاو ئەسپ‌و شتی وابوو کە ئەسڵەن بەوە میللی کردنـــی زەوی هـەر بـە تەسـەوریش‌دا نەدەهات، لە نەتیجەدا شتێکی دیکەیان هەڵبژاردو ڕێگای مالکییەتی دەستەجەمعی هاتە گۆڕێ، مالکییەتی تەعاوەنی، مالکییەتی "کۆئۆپراتیڤ"، ئــەوەی کـە دەڵێــن مالکییەتی تەعاوەنی. دیارە بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی هــەر دەسـتبەجێ مالکییەتی خسووسی لەبەین ناچێ. لە زۆر کارگە، لە زۆر کارخانەی چکۆلەدا یا لــە زۆر مــەغازە لــە زۆر شــتی بڵێـین خوردەپـای ئیقتیســادی‌دا مالکییــەتی خسووسی وەسایلی تەولید دەمێنێتەوە. کەوابوو ئێمە مالکییەتی خسووسیشمان لێرە هەیە.

من جاری پێشوو باسی فەرقی مالکییەتی خسووسی‌و شەخسیم کرد، ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لێرە نەبوون تیکراری دەکەمەوە، مالکییەتی خسووســـی مەربووتــە بـە وەسایلی تەولید لە حالێکدا مالکییەتی شەخسی مەربووتە بەو شتانەی کــە شـەخس هەیــەتی. مەســەلەن مومکینــە شــەخس سێ ئۆتۆمۆبیلــی هــەبێ لـــە وڵاتێکــی سۆسیالیستی‌دا بەڵام هی خۆی بن، بە کاریان نەهێنێت بۆ ئیستیسمار، ئــەوە حــەقی ئەوەی هەیە، ئیمکانی هەیە. بەڵام ئەگەر یەك ئۆتۆمۆبیلیشی هــەبێ کـە بـە کـاری بێنێ بۆ ئیستیسمار، حەقی ئەوەی نیە. یەك ئۆتۆمۆبیل دەتوانێ ببێتــە مالکییــەتی خسووسی ئەگەر بەکار بێ بۆ ئیستیسمار، بەکار بێ بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە کــاری پێ‌کردو هەر ئەو ئۆتۆمۆبیلە ئەگەر ئەوەی پــێ نەکـەی دەتوانــێ ببێتــە مالکییــەتی شەخسی کە ئەتۆ هەتە، هی خۆتــە، بۆخـۆت بـەکاری دێنــی، کەسـێك ئیستیســمار ناکەی.

ئێستا ئەو سێ شێوە مالکییەتە کە هەیە، دیارە سۆسیالیزم هەرچی بچێتە پێشتر ئەو مالکییەتە زیاتر دەبێ، مالکییەتی عموومیی سۆسیالیستی زیاتر پەرەدەسـتێنێ هەم لە باری کەمی‌یەوە هەم لە باری کەیفی‌یــەوەو ئەوەیــە مالکییــەتی تــەعاوەنیش هەروا پەرە دەستێنێ، تــەکامۆڵ دەکـا، هــەم لــە بـاری کەیفی‌یــەوە هــەم لــە بـاری کەمی‌یەوە، مالکییەتی خسووسی ڕۆژبەڕۆژ مەحدوودتر دەبێ‌و سۆسیالیزمی تیئۆریك کە ئێمە باسی دەکەین، چونکو مارکس لە "کاپیتال"، لە کتێبی مەشهووری خـۆی‌دا باسی سەرمایەداری، لە واقیع‌دا تەئکید دەکا سەرمایەداری لە کتێب‌دا هەیە نــە لــە واقعییەت‌دا. بۆ ئەوە تیئۆری‌یەکە روون کاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە مارکس وا دادەنێ

کە یەك تەبەقە سەرمایەداری هەیە یەك تەبەقە کرێکاریش هەیە، ئیدی کەسی دیکە نیە، سەرمایەداری سێرفە. ئەوە لە عەمەلدا وجوودی نیە، بەلاّم بۆ روونکردنەوەی تیئۆری موهیمە. ئەگەر ئێمەش بمانەوێ ئاوا برۆین دەبێ لە سۆسیالیزمدا وا دابنێین کە سۆسیالیزمی سەدی سەدە، سۆسیالیزمی سەدی سەدیش مانای ئەوەیە کە مالکییەتی خسووسیی وەسایلی تەولید تێدا ئەسڵەن وجوودی نەبێ.

ئێستا بزانین لێرە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو چونکو ئەکسەرەن لە کتێبو شتی وا باسی ناکرێ، تکاتان لێدەکەم ئێستا برێك باش دیقەت بکەن. ئەسڵەن بۆچی ئێمە لێرە دوو مالکییەتمان، کە باسمان کرد دوو مالکییەتمان هەیە، ئایا ئەو دوو مالکییەتە مانای چیە لە سۆسیالیزمدا؟ دیارە ئەوە مانای ئەوەیە کە مالکییەتی عموومی پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە هەیە، مالکییەتی تەعاوەنی زیاتر پەیوەندیی بە جووتیارانەوە هەیە. لە واقیعدا ئێمە دوو تەبەقەمان هەیە یەعنی لە سۆسیالیزمدا، جووتیارانێك کە لە سەرمایەداریدا یەك تەبەقە نەبوون، چەند قشر بوون لە واقیعدا، خوردە مالکی تێدا بوو، قەرەی تێدا بوو، دێهقانی متەوەستی تێدا بوو، لێرە دەبن بە یەك تەبەقە. چونکە هەموویان فەرز دەکەین هەموویان کەڵخۆزین. شیرکەتی تەعاوەنی یا مالکییەتی تەعاوەنی دەبێ یەعنی "کەڵخۆز". کەڵخۆزیش ئەسڵەن کەلیمەیەکە لەوێڕا هاتووە یەعنی مالکییەتی ئیقتیسادی دەستەجەمعی، لە موقابیلی ئەوەدا حەتا لە دێهاتیشدا سەڵخۆزمان هەیە، ئەوەشتان بیستووە کە سەڵخۆز یەعنی مالکییەتی عموومی، ئیقتیسادی عموومی.

جا ئێستا بوونی ئەو دوو تەبەقەیە لە کوێڕا هاتووە؟ بوونی ئەو دوو تەبەقەیە ئەسڵەن دەبێتە هۆی دیارە زۆر مەسەلەو گیروگرفتی موهیمی ئیقتیسادی لە سۆسیالیزمدا. مەسەلەن ئەگەر ئێستا پێتان بڵێم ئەسڵەن یەکێك لە هۆیەکانی بوونی پاو لە ئیقتیسادی سۆسیالیستیدا بوونی ئەو دووانەیە، چونکو ئەگەر فەرزکەین کە ئەوەیان نیە ئەوەشمان هەر لەغو کردەوە ، ئەو وەختە مالکییەتی عموومیی سۆسیالیستیمان هەیە، مالکییەتی عموومیی سۆسیالیستی ئەوەیە کە کرێکار زەحمەی دێنێ بۆ خۆشی مالکی هەموو کارخانەکانە، دیارە ئەو مالکییەتی عموومیی سۆسیالیستییە مانای ئەوەیە هەرکەس بە تاقی تەنیا مالکی هەموو کارخانەکانی وڵاتە، بەلاّم هەر لەوکاتەدا مالکی هیچیش نیە، ئێمە دەبێ لەوە

دیققەت بکەین. هەم بە گشتی وەکو تەرەفی مالکییەت، مالکی هەموو کارخانەکانی وڵاتە، بەڵام مالکی هیچیش نیە چونکو فەرقی کارخانەو کەڵخۆز لە ئیقتیسادی سۆسیالیستیدا لەوەدایە کە کەڵخۆز ئی ئەو کەسانەیە کە لەوێدا کار دەکەن یانێ مالکییەتی دەستەجەمعییە لە حالێکدا کارخانە ئی ئەو کەسانە نیە کە تێیدا کار دەکەن، کارخانە ئی هەموو خەڵکی شوورەوییە لە ئەساسدا، ئی هەموو دەوڵەتە.

ئەو دووانە یەکێکیان کەڵخۆزە، مالکییەتی دەستەجەمعییە، ئەوەی دیکەیان مالکییەتی عموومییە. ئەگەر ئەوە نەبێ دیارە مالکییەتی عموومیی سۆسیالیستی کرێکارن، بۆخۆیان تەولید دەکەنو بۆخۆشیان دەتوانن بەرهەمی خۆیان بەکار بێنن، یەعنی ئەگەر زۆر برۆین لێرەدا خەریدو فرۆش هیچ مانایەکی نابێت، چونکو ئەمن کە مالکی شتێکم، خۆ ئیدی شتەکە بە خۆم نافرۆشم، مومکینە نەوعێك تەوزیعو پەخش دابنێین کە عادیلانە پەخش بێ، دیارە ئەوە یەك هۆی دیکەی هەیە کە ماوە بۆ ئەوەی کە بتوانین عادیلانە یا بە کەیفی خۆمان پەخشی کەین، ئەویش تەکامولی یەکجار زۆری وەسایلی تەولیدە کە بازدەهی کار ئەوەندە زۆر بێ کە بە ئەندازەی کافی شت تەولید بکەین بۆ هەموو کەس، بەڵام هەتا ئەو وەختەیش دیسانەکە خەریدو فرۆش هیچ مانایەکی نابێت، بەڵام ئێستا خەریدو فرۆش مانای هەیە، چونکو هەرچی بێت ئەوە جووتیارەو ئەوە کرێکارە، ئەوە شتومەکی کارخانە بەرهەم دێنێ دەیانفرۆشێ بە جووتیاران، جووتیاران شتومەکی کەشاوەرزی بەرهەم دێنن دەیفرۆشن بە کرێکاران.

ئاوا کە لە ئیقتیساددا وەك دەزانین لە ئیقتیسادی دیارە مارکسیستیدا روونە کەسێك کە دەچێتە بازارێ شتێکی زۆر تەبیعییە کە بڵێین ئەوە خەریدارە، ئەوەش فروشەندەیە. دەبینین لەوێ ئەو کەسەی کە دەیهەوێ بکڕێ، حەتمەن دەیهەوێ بە هەرزان بیکڕێ، ئەو کەسەش کە دەیهەوێ بیفرۆشێ حەتمەن دەیەوێ بە گرانتر بفرۆشێ. ئەوە دیسان زیهنی نیە، ئەوە شتێکە کە ئەگەر گەیشتینە ئیقتیساد لە مەسەلەی ئەرزشدا ئەوە روون دەکەینەوە، ئەوە یەکێك لە ناتەبایییەکان، لە تەزاددەکانی داخلی ئەسڵەن خودی کالایە، خودی شتومەکە کە لێرە ئاوا خۆ دەنوێنێ. بەڵام ئەوە شتێکی وازیحە لە بازاڕێدا، هەرکەس دەچێتە بازاڕێ دەیهەو

شت هەرزانتر بکڕێ، ئەوی‌تریش دەیهەوێ گرانتر بیفرۆشێ. جووتیار دێتە ئێرە شتوومەکی کەشاوەرزیی خۆی دێنێ دەیهەوێ گرانتر بیفرۆشێ، کرێکاریش دێتە ئێرە دەیهەوێ شتومەکی سەنعەتیی خۆی گرانتر بفرۆشێو هەرزانتر بکڕێ، لە نەتیجەدا تەزادد لە بەینی ئەوانەدا هەیە.

کەوابوو لە جامیعەی سۆسیالیستی‌دا حەتا ئەگەر سۆسیالیستیی سێرفیش حەسێب کەین‌و ئەو خسووسیاتە وەلا بنێین، بڵێین ئەسڵەن نیە، دیسانەکە لە بەینی ئەوانەدا تەزادد هەیە، تەزاددەکەش لە بەینی مەنافێعی دێهقان‌و مەنافێعی کرێکار دایە. بەلاّم ئەو تەزاددە لە چوارچێوەی سۆسیالیزم دایە چونکو هەر دوو مالکییەتەکە سۆسیالیستی‌یە. ئەوە پێی دەڵێن ناتەبایی‌یەکی غەیر موتەناقیز، یەعنی ئەوە نیە کە وەکو سەرمایەدارو کرێکار بۆ ئەوە ئەو تەناقوزە لە بەینی سەرمایەدارو کرێکاردا لەبەین بچێ، دەبێ سەرمایەداری لەبەین بچێ. لێرەدا ئەوە ئەو تەناقوزە ئەوەی ناگەیەنێ چونکو ئەگەر وا دابنێین کە شێرکەتی تەعاوەنی کە کەڵخۆزە بەرەبەرە تەکامول پەیدا بکا ببێتە سەڵخۆز کە دەبێتە مالکییەتی عموومی، لە دێهاتیش‌دا کەم‌کەم ئەو تەناقوزەش لەبەین دەچێ، بەلاّم ئەوە دیارە ماوەیەکی زۆری دەوێ. لە زەمانی "خرۆشچۆف"یش‌دا یەکێك لە ئیشتباکانی ئەوە بوو کە دەیانەویست کە توندتر بەرەو ئەوە برۆن کە عەمەلەن دەرکەوت کە زۆر زەحمەتە، هەتا ژێربەنای ئیقتیسادی بە تەواوی ئامادە نەبێت تەبدیلی کەڵخۆزەکان بە سەڵخۆز زەحمەتە. فەرقیان ئەوەیە کە دیارە لە کەڵخۆزدا کابرا ئەوەڵەن بەشێکی کرێ وەردەگرێ زۆر کەم لە چەند مانگان، لە پاشانیش بەشێکی جینسی وەردەگرێ، گەنم وەردەگرێ، نازانم میوە وەردەگرێ، لە حاڵێك‌دا مالکییەتی عموومی حەتا ئەگەر سەڵخۆز بێ لە دێهاتێك‌دا ئەو کاری بەوە نیە کە مەحسوول چیە، ئەو حقووق وەردەگرێ وەك کرێکارێك، راست وەکوو کرێکارێك رەفتاری لەگەڵ دەکەن. لە حاڵێك ئی کەڵخۆز بەستراوە بەوەی کە ئەگەر کەڵخۆز قازانجی زۆر بوو یا کەم بوو، ساڵێك قازانجی زیاترە ساڵێك کەمترە، هی سەڵخۆز وا نیە. دیارە ئەوانیش ئێستا ئەوەیان لە نەزەر گرتووە ئەو مەسەلەیە کە ئەگەر وا بکەن کە سەڵخۆزیەکان باشتر کاری بکەن بۆ ئەوەی کە نەتیجەیەکی باشتر وەربگرن. بەلاّم لە ئەساس‌دا ئەوەیان {کەڵخۆز} دەستەجەمعی دەمێنێتەوە، ئەوەیان {سەڵخۆز} عموومی. ئەوە ئەساسی سۆسیالیزمە.

ئێستا بزانین ئەساسی سۆسیالیزم لە باری ئیقتیسادیەوە چیە؟ ئەو ئەسڵەیە کە هەمووتان حەتمەن بیستووتانە بە هەر کەس بە پێی قابلیەتی کار دەدەن، هەرکەس بە ئەندازەی کاری خۆی حقووق وەردەگرێ. ئەوە لە کومۆنیزمیش کە پلەی ئاخری سۆسیالیزمە فەرقی ئەوەیە کە لێرەدا {لە سۆسیالیزمدا} بە پێی قابلییەت کار دەدەن، بەڵام لەوێدا {لە کومۆنیزمدا} بە پێی ئیحتیاج دەدەن. لێرە ناتوانن بە پێی ئێحتیاج بدەن، ناکرێ ئەوەندە زیاد بدەن چونکە ئەوەندە زیاد نیە. دەبێ ئەوەندە زۆر بێ، ئەوەندە تەولید زۆر بێ کە بتوانن بە پێی ئێحتیاج بدەن، ئەوە ئەسڵی بڵێین سۆسیالیزمە. ئەوانەیش شتێکن کە ئەکسەرەن هەموو حەتا ئەوانەی کە رۆژێ مەسەلەن حەفتەێ چوار جار هاتووچۆی مەیدانی حەیوانان دەکەن لە سابلاغ ئەوانە ئەوەیان بیستووە دەزانن و هێندێك شتی دیکە هەیە تێدا نیە جا با باسی ئەوەی بکەم، ئەوەیە کە ئەساسەن ئیقتیسادی سۆسیالیستی لە سەر چ ئەساسێك کار دەکا. نەك چیەو هەرکەس بە پێی چی حقووق وەردەگرێ، بڵێین لە سەر چ ئەساسێك کار دەکا.

ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ئیقتیسادی سۆسیالیستیدا لە وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا لە نەزەر بگرین، دوو نەوعە هەڵسووڕانی سۆسیالیزممان بەرچاو دەکەوێ. یەکێکیان ئەوەیە کە پێی دەڵێن شێوەی هەڵسووڕانی سانترالیستی، ئەوی دیکە غەیر سانترالیستیە. ئێستا روونیان دەکەینەوە سانترالیستی و غەیر سانترالیستی. دیارە شێوەی سۆڤیەتی، شێوەی شوورەوی کە پێکهاتوە هەم لەبەر پاشکەوتنی وڵاتەکەو هەم لەبەر وەزعی ئەو وەختە کە لە موحاسیرەی ئیقتیسادیدا بوو، لە باری سیاسیەوە، لە باری نیزامیەوە حەتا لە باری ئیقتیسادیەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەم لەبەر نەبوونی کادر لە کارخانەکاندا، لە جمهووریەکاندا، لە مەرکەزەوە ئیقتیسادەکە ئیدارە کراوە، پێی دەڵێن شیوەی سانترالیستی. ئەوەی کە هێندێك سەلاحییەت دەدا بە کارخانەکان ئەوە پێی دەڵێن غەیری سانترالیستی. جا با بزانین ئەو سانترالیستی و غەیر سانترالیستیە فەرقەکەی لە کوێڕا دیاری دەکا؟ لە هەر دووکیاندا تەسمیمی ئەساسی بەرنامەڕێژی، نەخشەکێشان لە مەرکەزدایە. لە هەردووکی چ سانترالیستی بێ چ غەیر سانترالیستی بێت نەخشەی ئیقتیسادی وڵاتەکە لە مەرکەزەوە دەکێشرێ. کەوابوو لەوەدا فەرقێکیان نیە. لە هەردووکیاندا

بازارِ هەیە، خەڵك دەچن شت دەكرِن، لەویٚ تەسمیمەكە فەردییە. مەسەلەن ئەمن كارمەندم یا كارگەرم دەچمە بازارِ پیٚمخۆشە لە فلاٚن لا شت بكرِم، یا فلاٚنشت نەكرِم، لەویٚ فەردییەو لیٚرە مەركەزییە، لەم دووانەدا فەرقیان نیە.

نە لە مەسەلەی مەركەزیدا فەرقیان هەیە، نە لە مەسەلەی بازارِدا فەرقیان هەیە، فەرقەكەی لە نیٚوەرِاست دایە. لە حاڵیٚكدا ئەوەی كە مەركەزییە سانترالیستییە، بونگاهە كە هەموو رەهنموودیٚكی، هەموو دەستووریٚكی لە مەركەزەوە بۆ دەچیٚ، ئەوەندە دەبیٚ تەولید بكا، ئەو شتانە دەبیٚ تەولید بكا، بۆی دیاری كراوە. لە غەیر سانترالیستیدا بۆنگا بۆخۆی تەسمیم دەگریٚ. تا رادەیەكی زۆر سەلاحییەتی، ئیختیاراتی هەیە، دەبیٚ بۆخۆی تەسمیم بگریٚ چ تەولید بكا، چ تەولید نەكا.

ئیٚستا ئەگەر بیٚینو ولاٚتەكانی سۆسیالیستی بە پیٚی ئەوە تەقسیم بكەین، دیارە فەرقیان هەیە، ئیٚوا هەیە لە نیٚوەرِاست دایە تا رادەیەكی زۆر، بەلاٚم دەتوانین بلیٚین ئەوەی نموونەیەكی غەیر سانترالیستی یوگۆسلاڤییە، نموونەی سانترالیستی خودی شوورەوی، خودی شوورەوی بوو زوو، تا رادەیەكی زۆر ئیٚستا وەزعەكە گۆرِاوە. ئەویش دیارە گۆرِانی ژیٚربەنای ئیقتیسادیو ئیجتیماعییە كە كەمكەم وەزعیٚكی وا پیٚك دیٚنیٚو لە بەر پەروەردە بوونی كادر كە هەم ئیمكانی ئەوە هەبیٚ بە شیٚوەیەكی غەیر سانترالیستی ئیدارە بكریٚ، جمهوورییەكانو بۆنگاكانو كارخانەكانو هەم عەدەمی ئیمكانی ئەوە پیٚك دیٚنیٚ كە ئیقتیسادیٚكی ئاوا پانو بەرین لە یەك مەركەزەوە ئیدارە بكریٚ. لە بەر ئەوە لە شوورەویدا هیٚندیٚ تەسمیماتی موهیم ئیٚستا دراوە بە بۆنگاكان، ئەوە دیارە باس دەكەین.

دیارە ئیقتیسادی سۆسیالیستی لە سەر ئەو ئەساسە هەڵدەسووریٚ كە دەوڵەت بەرنامەیەكی دادەنیٚ، بەرنامەریٚژی دەكا، نەخشەیەكی ٥ساڵە دادەنیٚ، ئیٚستا ئەگەر بپرسن بۆ ئەوەی كە بزانن بۆ ٥ ساڵە نە كەمتر نە زیاترە؟ چی ئەو ٥ساڵە دیاری دەكا؟ بۆ نەخشەكان ئەكسەریان ٥ ساڵەن؟ بیستووتانە ئیدی نەخشەی ئیقتیسادی ئەكسەریان ٥ ساڵەن. ئەوانەی كە لە كەشاوەرزیدا كاریان كردوە دەبیٚ ئەوانە تەجروبەیان هەبیٚ، نە مەسەلەن بۆ پكنیك چووبن، دەزاننو ئەكسەرەن ئەوانەكە جەوانن دەڵیٚن كە مەسەلەن ئەتۆ بلیٚی دیٚیەكەی كە بە ئیجارە دەدا یا زەوییەكەی

پێت دەڵێ کە مەسەلەن ئەوەندەیە سەقفی ئیجارەکەی، بەڵام پارەکە ناڵێ، ئی دوو سێ ساڵ لەوەی پێش ناڵێ، ٥ساڵی لەوەی پێش خڕ دەکا، تەقسیمی دەکا: موعەدیلەکەت پێ دەڵێ، چونکو دەبێ وابێ مەخسووسەن لە کشتوکاڵدا، چۆز ساڵێك باران زیاترە حاسڵ باشترە ساڵێك وشکەساڵە ئاو کەمە یا مەعموولەن ئافات هەیە ٥ساڵی خڕ دەکەنەوەو موعەدیلەکەی دەڵێن. بەڵام دیارە لەوە موهیمتر لە باری ئیقتیسادییەوە ئەو شتە کە پێیان دەگوت چەرخشی سەرمایە، دەوەرانی سەرمایە لە سەنعەتدا ئەو دەوەرانە مەعموولەن لە دوای ٥ساڵان نەتیجە دەدا واتە ئێمە ئێستا لە کارخانەیەکدا سەرمایەگوزاریمان دەکرد، پاش ٥ساڵ نەتیجەمان وەردەگرت.

پاش ئەوەی کە نەخشەیان دانا بەپێی ئەو نەخشەیە وەزکیفەکە تەقسیم دەکەن لە داخلی شتەکاندا، لە داخلی جمهوورییەکاندا، لە داخلی شارەکاندا، لە ئەیالەتەکانداو پێیان دەڵێن هەرکەس بە پێی وەزعی خۆی چی تەولید بکات. ئەوانە هەموو زۆر ئاسانن ئینسان دەتوانێ وا بکا مەسەلەن لە سەر کاغەزیش دایان بنێ. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان موهیمترە ئەوەیە هەتا ئێستاش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکانی کە سۆسیالیزم هەیەتی نەیتوانیوە بە تەواوی حەللی بکات رابیتەی بەینی رشتەکانە. دەتوانین بۆ سەنعەت وەزیفە دابنێین، مەسەلەن بەرهەمی ئەوەندە بچێتە سەرێ لە ساڵدا. بەڵام دەبێ فەرز دەکەین کە ئێمە وا دادەنێین کە سەنعەت بەرهەمی ١٠٪ بچێتە سەرێ، جا من فەقەت یەك رابیتەتان بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەی بزانن کە چەند مەربووتن پێکەوە، ١٠٪ دەڵێین سەنعەت بچێتە سەرێ، وا دابنێین کە حقووقی ئەو کەسانە کە لە سەنعەتدا کار دەکەن ١٠٪ بچێتە سەرێ مەسەلەن کرێکارانو کارمەندانی سەنعەتیو موهەندیسو ئەوانە، ئەوانیش ١٠٪ هەموو دەبێ زیاتر وەرگرن. دیارە وایان دانابوو، ئێستا من زۆر دەڵێم، هەر ١٠٪ چووە سەرێ ئەوان ١٠٪ ناچێتە سەرێ، بەڵام وا دادەنێین کە ١٠٪ بچێتە سەرێ. کە ١٠٪ چووە سەرێ ئەو خەڵکە کە لە سەنعەت کارێ دەکەن، دەتوانن ١٠٪ زیاتر شت بکڕن. ئەمە وا، جا ئەگەر لە موقابیلی ئەمەدا مەسەلەن ١٠٪ خەڵك دەتوان هێلکە زیاتر بکڕن. ئەگەر لە موقابیلی ئەمەدا هێلکەش ١٠٪ بەرهەمی زیاتر نەبێ، نەتیجە دەگرین کە پووڵەکە دەمێنێتەوەو هێلکەش لە بازاڕ نیە. نەتیجە ئەوەیە ئەوە کە بیستووتانە کە

لە ولاتانی سۆسیالیستی سەف هەیە ئەوە لە واقیعدا لەوەڕا دێت. ئاسانیش نیە ئێمە دەڵێین، گوتنەکەی ئاسانە بەڵام جێبەجێ کردنەکەی وا ئاسان نیە.

دەبینی جارێك بۆ هێلکە سەف هەیە، جارێك بۆ مەسەلەن گۆشت هەیە، جارێك بۆ شتی دیکە هەیە، چونکە ئەو ڕەوابیتە ئۆرگانیکە، جارێ بە تەواوی حەل نەبووەو زۆر ئیشکالیش دێتە پێشێ. دیارە زۆرجار ئەوانەی کە کار بەدەستن لە مەسەلەن کشاوەرزیدا ئەوانە دەخەنە سەر ئەوەی کە پێی دەڵێن شەرایەتی عەینیو مامر شەرایەتی عەینییە، لە بەر ئەوە جۆکیشیان زۆر لە سەر داناوە، مەسەلەن بۆچی کەشاوەرزی شوورەوی سەرناکەوێ مەجبوورە کە لە ئەمریکا گەنمی بکڕێ، دەڵێ چوار مانیعی گەورەی هەیە: یەکێکیان بەهارە، یەکێکیان هاوینە، یەکێکیان پاییزە، یەکێکیان زستانە!

چونکە مەسەلەن ئەوانەی کە مەسئولن لە بیری ئەوەن کە مەسەلەن دەڵێن وەلا ئیمساڵ زستان سارد بوو. مەقسەدم ئەوەیە ئەگەر مەحسوولەکە کەم بوو دەڵێن لە بیری ئەوەن کە مەسەلەن ئیمساڵ بەهارەکە وابوو. جا ئەوە بۆ جوك ئەوەیان گوتووە. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە ئێستا حەتتا ئەمە سەنعەتو کەشاوەرزیمان هەیە، بەڵام باش ئەوەیە بزانین کە چەند ئەوە بە ئیسلاح حەتتا لەوە ئالۆزترە وەزعەکە، میسالێکی دیکە بێنین.

فەرز دەکەین کە دامانناوە کە لە کەشاوەرزیدا هەموو ساڵێك بەرهەمی کەشاوەرزی ساڵێ ٣٪، ٤٪ بچێتە سەرێ، ئەوانە لە ئیقتیساد شارەزان دەزانن کە کەشاوەرزی لەوە زیاتر زۆر زەحمەتە. لە سەنعەت ١٠٪ مومکینە، بەڵام لە کەشاوەرزیدا زۆر زەحمەتە. بەڵام وا دادەنێین کە ئەوە دەچێت. باشە، ئێستا بۆ ئەوە وا بچێتە سەرێ دەبێ تەقسیمی بکەین، ئەو ٣٪ە کە دامانناوە بچێتە سەرێ بۆ سەدی یەکی ئەوەیە کە مەسەلەن زەوی تازە، زەوی بایر هەبووە پێشتر، ئەوە دەیکێڵنو لە ئەوە کەڵکی دیکە وەردەگرین. ١٪ی لەوەدایە کە مەسەلەن ماشین بەکار دێنین، کۆمباینو تراکتۆر بەکار دێنین، ماشینی کەشاوەرزی بەکار دێنین لە زەویدا، باشتری دەکێڵینو نەوانە. ١٪یشی ئەوەیە کە کارەکە زیاتر بکەین یانێ کاری ئینسانی تێدا زیاد دەکەین.

جا ئێستا ئێمە بێین ئەو سەدی دووی ئەخیری باس بکەین. ئەگەر بمانەوێ ماشین زیاتر بێ، دەبێ تراکتۆر زیاتر بێ. ئەگەر بمانەوێ تراکتۆر وەکوو مەسەلەن ولاتێکی وەکوو شوورەوی گەورە تراکتۆر زیاتر بەرهەم بێنین دەبێ دیارە زیاتریشی تەولید بکەین، مەخسووسەن کە ئەم ولاتە موحاسرە کراوە لە باری ئیقتیسادییەوە نەیدەتوانی لە دەرەوە تراکتۆر وارید بکا. دیارە ئەو وارید کردنە لە دەرەوەڕا ئەویش بۆخۆی ئیشکالێکی دیکەیە، بەو هاسانییە نیە ئەگەر ڕێگاشیان دابا کە واریدی کردبا، دیسانەکە هەر نەیدەتوانی.

بەلاّم فەرزکەین کە سبەینێ لە دەرەوەڕا وارید بکا، باشە، یان لە دەرەوەڕا وارید ناکا بۆخۆی تەولید دەکا. دەبێ ١٪ی هەموو سالێ تراکتۆر زیاتر تەولید بکا بۆ سالێ، ئەگەر حەتتا ئەو وەختە مەسەلەن یەك میلیۆن تراکتۆری تەولید کردووە سالێك دەبێ دەهەزاری دیکەش زیاتر لە جاران تەولید بکات. باشە، بابە خۆ تراکتۆر تەولید کردنەکە لێرە شەرت نیە بۆ ئەو هەم ئاسنی دەوێ، موتەخەسیسی دەوێ، کارخانەی تازەی دەوێو لە پاشانیش سووختیشی دەوێ. سووختی تراکتۆری دەوێو ئەو یانێ هەر ئەو تراکتۆر زیاد کردنی تەولید کردنی تراکتۆر مەربووت دەبێت بە چەند رشتەی ئیقتیسادییەوە، یان لەوە زیاتر رانەندەی تراکتۆری دەوێ کە دەبێ تەربیەت بکرێ کەوابو موعەلیمی دەوێ بۆ ئەوەی رانەندەی تراکتۆر تەربیەت بکا، کەوابوو دەبێ مەدرەسە درووست بکا بۆ ئەوە کە رانەندەی تراکتۆر تەربیەت بکا، بۆ مەدرەسە درووست کردن ئیحتیاجی هەیە بە وەسایلی ساختمانی. کەوابوو دەبێ تولیدی سیمان زیاتر بکا بۆ ئەوەی بتوانێ مەدرەسە درووست بکا. هەروا دەڕوا هەموو موشکلە. بۆ ئەوەی کە دەبێ کە نەخشە تەرحڕیزی دەکەی هەمووی پێکەوە دابنێو ئاوای دابنێ چونکە ئەگەر یەك حەلقە لەوانە تێك بچێت ئەوانی دیکەش تێك دەچن.

ئێستا مومکینە ئەو پرسیارە بێتە پێش باشە بۆ سەرمایەداری ئەوەی حەل کردووە؟ بۆ لەوێ ئەو مەسەلەیە نایەتە پێش؟ ئەوە لەوێ فەرقەکەی لە یەك شت دایە، سەرمایەداری مقدارێکی زۆر لە هێزی ئیمکانی، لە هێزی پشتیوانی بەرباد دەدا. ئەسلّەن بە خۆڕایی لە بەینی دەبات. چونکە مەسەلەن شتومەکێکی کابرایەکی ئەوتۆ تەولید دەکا کە مەسەلەن چەندین سالّە لە بازاڕێ دەمنێنێتەوەو ئاخرەکەشی

بەکاری هیچ نایە، زیادی تەولید کردووەو لە پاشان لەوێ دیارە ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین قانوونی عەرزەو تەقازا کە لە بازاڕێ هەیە ئەو تەنزیمی دەکا. سەرمایەدار ئەگەر تەماشای کرد تراکتۆر کەمە کارخانەیەکی دادەنێ پتر تەولید دەکات، سەرمایەکەی دەبات لە تەولیدی تراکتۆردا بە کاری دێنێ. بەڵام ئەگەر وا هات دیسان تراکتۆر ئەوەندە زۆر بێت کە قازانج نەکا ئەو وەختە سەرمایەدار، سەرمایەکەی دەبات لە جێگایەکی دیکە بە کاری دێنێ.

قەوانینی عەرزەو تەقازا لە سۆسیالیزمدا نیسبەت بە وەسایلی تەولید وجوودی نیە. ئەوە وەکوو چیە؟ ئێستا ئەگەر مەسەلەن مالکییەتی سۆسیالیستیو مالکییەتی دەستەجەمعی بە مالکییەتی عموومی شتەکانی خۆی، شتی خۆیان دەبەنە بازاڕێو لەوێش بە ئەفرادی دەفرۆشن. وەسایلی تەولید لە واقیعدا تەنیاو تەنیا لە بەینی ئەو دوانە هەیە: "مالکییەتی عموومی"و "مالکییەتی دەستەجەمعی". یانێ هیچکەس لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا، ئەگەر سۆسیالیستی تەواو بێ، ئەلبەتە بە تیئۆری فەرز ئەکەین تەواوە، تراکتۆر بە هیچکەسێك نافرۆشێ. تەنیا ئەیفرۆشێ بە کەڵخۆزی، بە سەڵخۆزی. جا کەوابوو ئەو مەسایلی تەولید تەنیا لە بەینی خودی بونگاهەکانی سۆسیالیستیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێ. بۆنگایەکی سۆسیالیستی دەیدا بە بۆنگایەکی دیکەو عەمەلەن ئێستا بۆخۆی باسو کێشەیەکی زۆر گەورەیە کە ئایا قەد قیمەتی هەیە یا هەر ئاڵوگۆڕ دەکرێ. بازاڕی ئازادیش هەیبوو عەمەلەنیش قیمەتێك پێکنایەو ئەوە ئیشکالی کارەکە لەوەی دایە.

لە نەتیجەدا حەتتا جارجار ئەرزشەکەشی بە تەواوی حەسێب ناکرێو دەبێ حەسێب بکرێ کە بازاڕی عەرزەو تەقازا نەبوو، ئەرزشی بە تەواوی حەسێب ناکرێ. ەبوونی عەرزەو تەقازا لە بازاڕی سۆسیالیستیداو نەبوونی بازاڕ بەو شێوەیە کە لە ڵاتی سەرمایەداریدا هەیە، نەتیجەی ئەوەیە کە لە وڵاتی سۆسیالیستیدا زۆرجار ەبینی کونێك پەیدا دەبێ یا شتێك تێکدەچێ، ئەڵقەیەك تێکدەچێ کە زۆر ئەڵقەی یکەش تێك دەدا. هەرچی ئیمکانی تەرحریزی بەرنامەکە کامڵتر بێتو هەرچی قعییەتەکە باشتر لە نەزەر بگیرێ، ئەوەندە ئیمکانی ئەو رێی ئینحیرافە کەمترە. بە ەیداکردنی مەسەلەن کامپیوتێر ئێستا زۆر لەو مەسایلەیان حەل کردووە یا کارهێنانی "سایبرنێتیك" کە زۆر کاری هاسان کردووە.

تەماشا بکە ئێستا یەکێك لەو مەسائیلەی کە لە تەرحڕیزیدا موهیمە ئینتیخابی جێگایە. فەرز دەکەین ئێمە دەمانەوێ لە مەهاباد ئەوڕۆ لە جێگایەك کارخانەیەکی سیمان درووست کەین، دەبێ زۆرشت لە نەزەر بگرین بۆ ئەوەی ئەو کارخانەی سیمانە لە ئەوەی کە پێی دەڵێن "ئۆپتیمۆم" بێ، یەعنی باشترین کارخانەی مومکین لە ئەو جێگایە کە هەڵیدەبژێرین باشترین جێگای مومکین بێ. دەبێ لە نەزەر بگرین کە ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ شارێ، ڕێگای هەیە بۆ دەرەوە کە ئەگەر سیمانەکەمان تەولید کرد بیبەینە دەرێ، زۆر جار هەڵکەوتووە (مومکینە پێبکەنن) کە نمایەندگانی وڵاتەکانی سۆسیالیستی لە وڵاتی پاشکەوتوو کارخانەیان درووست کردووە بێ ئەوەی کە لە نەزەر بگرن کە مەسەلەن ئایا ڕێگای هەیە بۆ ئەوە مەسەلەن ئەو شتومەک ببەن بۆ جێگایەکی دیکە، کارخانەکە درووست کراوەو پاشان ماوە، لە پاشان تاز دەستیان کردوە بە درووست کردنی ڕێگا. چونکە لە نەزەریان نەگرت. لە پاشان ڕێگ هەیە، ئایا نیروی کاری هەیە؟ نزیکترە؟ دەبینی کە یەکێك لە بەینی ئەو دووانەد دانەی ئەوەڵی ئینتیخاب کرد. ئایا ئەو جێگایە لە نەزەر بگرێ کە نزیکە بۆ ڕێگا یـ ئەو جێگایە کە نیروی کاری هەبێ؟ کێهەیان باشترە؟ ئەوە خۆی مەسەلەیەکە ئە کاتە جێگاکە با نیروی کار؟ لە پاشان لەوەی موهیمتر مەواددی خامەکەی لە کوێ دێنن؟ هەر لەو جێگایە کارخانەکە دابنین کە مەوادی خامی لێ نزیکە یا نیروو کار؟ یا لە نێوەڕاست دایبنین. جا ئەو وەختە مومکینە ڕێگا درووست بکرێ؟ ئە ئێستا کامپیوتێرو سایبرنێتیك ئەوە جوانترو زۆر بە ئاسانی، جاران ئەبوایە دە، پانزد کەس دابنێن چەندین ڕۆژ خەریك بن هەتا ئەوەی پێی دەڵێن "ئۆپتیمۆم"ەک ببیننەوە، بەڵام ئەو ئێستا ئیدی تا ڕادەیەکی زۆر کامپیوتێرو سایبرنێتیك، ئەگەر ت بەرنامەکەی جوان یەعنی حازر بکەی، بیاندەیەی، ئەوان بۆخۆیان جوابی دەقیق دەدەنەوە. یانێ ئەوە زۆر دیارە، زۆر چوەتە پێش، زۆر شتیشی حەل کردووە، بە دیسانەکە زۆری ماوە. لە پاشان یەك شتی دیکەش دەبێ بگوترێ بە قازاغ سۆسیالیزمە، ئەویش ئەوەیە کە، سەرمایەداری ١٥٠ ساڵە هەیە بەڵام دیسان تووش هەزاران بوحرانو کێشە دەبێ، بەڵام سۆسیالیزم تەجروبەی کەمە، تەجروبەشی لە یە وڵاتدا بووە زیاتر، ئێستاش لە چەند وڵاتی دیکەشدا خەریکە تەجروبەی دەس دەکەوێ، جا دیارە ئەوە ماوەیەکی زۆر مومکینە قەڕنێکی بوێ، سەد ساڵێکی بـ

بۆ ئەوەی کە جێگـــای خــۆی، جێـی خـۆی بگرێتــەوەو ئۆسـوولّی خـۆی بـە تـەواوی دابمەزرێنێ، هەتا ئێستا بە تەواوی دانەمەزراوە.

ئێستا بەلاّم یەك مەسەلەی ئەساسی دێتە پێـش، یـەکێك هـاتوو پرسـیاری کـرد فەرقی سەرمایەداریو سۆسیالیزم چیە؟ جواب بزانە دەبێتە چـی؟ دیـارە ئـەو جوابـە نابێت کە یەکێکیان لە یەکێکیان پرسی گوتی فەرقی ئەوەیە کە لـە سـەرمایەداری‌دا ئیستیسماری ئینسان لە ئینسان هەیە لە حالێك‌دا لە سۆسیالیزم‌دا بەرعەکسە، ئـەوە جۆکە، ئەوە هیچ. بەلاّم لە ئەساسا فەرقێکی لە هەلّسووڕاندنی سەرمایەداری‌دا دیارە گوتـان لـەوێ ئیستیسـمار هەیـە لـەوێ نیـە، بـەلاّم لـە مەسـەلەی هەلّســووڕانی سەرمایەداریو سۆسیالیزم‌دا فەرقی ئەساســی هەیـە لـە دوو مەقوولەیـە: بەرنامــەو بازاڕە کە لە هەر دوو ئیقتیسادەکەدا هەیە فەرقی ئەوەیە کە لە حالێك‌دا کـە ئـەوەی کە دەگوترا لە سەرمایەداری‌دا ئەوە بــازاڕە کـە ئیقتیسـادەکە تـەنزیم دەکـا، بـازاڕ ئاوێنـەی ئیقتیســادەکەیە، لـە ئیقتیسـادی سۆسیالیستی‌دا ئـەوە بەرنامەیـە کــە ئیقتیسادەکە تەنزیم دەکا، لە ئیقتیسادی سۆسیالیستی‌دا بازاڕ تابیعی بەرنامەیە، لە ئیقتیسادی سەرمایەداری‌دا بەرنامە تابیعی بازاڕەو ئەوە ئەساسی فەرقەکەیەتی.

دیارە ئێمە ئێستا باســان لـە سـەرمایەداری مودێرنـی ئێســتایە، سـەرمایەداری کلاسیکی زەمانی مارکس، بەرنامەی تێدا نەبووە ئەوە بێ بەرنامە بووە، بــەلاّم هــی ئێستا باس دەکەین کە بەرنامەی هەیــە. لـە ئیقتیســادی سـەرمایەداری‌دا بەرنامــە تابیعی بازاڕە لە حالێك‌دا لە ئیقتیسادی سۆسیالیستی‌دا بازاڕ تابیعی بەرنامەیە ئەوە شتێکی وازیحە، چونکو سود لە سەرمایەداری‌دا لــە بـازاڕ دیـاری دەکـرێو ئەساسـی ئیقتیسادەکە سوودپەرستی‌یە. لە حالێك‌دا ئیقتیسادی سۆسیالیستی ئەساسەکەی بــۆ ئەوەیە کە ئیقتیسادەکە پێشڕەفت بکا لە سەر رووی بەرنامەیەك. ئەوە هیــچ ئەسـلّی مەسەلەکە ناگۆڕێ کە لە فلاّن رشتەی ئیقتیسادی‌دا سۆســیالیزم بــە تــەناقوز بچێتــە پێــشو ســەرمایەداری باشــترە، ئــەوە ئەســلّی مەســەلەکە ناگەیــەنێ، ئــەوە ئــەوەی دەگەیەنێ کە سۆسیالیزم جارێ هەروا بە تاقی‌کردن جارێ نەیتوانیوە بــەو جــۆرە کــە پێویستە رێگای خۆی خۆش بکا. بەلاّم دیارە ئەوە یەکێك لە هۆیەکانیشی ئەوەیە کە سۆسیالیزم لە پێش‌دا لە ولاّتێکی سەرکەوت کە عەکسی، بە پێچەوانــەی پێشـبینیی مارکسو ئەنگێلس، یەکێك لە پاشکەوتووترین ولاّتەکانی سەرمایەداری‌یە. ئەگەر لــە

ولاتێکی پێشکەوتووی تەواودا سەرکەوتبا مومکین بوو ئێستا سۆسیالیزم نموونەیەکی دیکە بداتە دەست.

لە سەر ئەو ئەساسە، کەوابوو باسی سیستمی سۆسیالیستی دەکەین، یانێ سیستمی ئیقتیسادیی سۆسیالیستی کە ڕەوابتی تەولیدیی سۆسیالیستیی تێدا سەرکەوتووە، ئەوە بە هێندێك ئۆسووڵی زۆر کورت دەتوانین خولاسەی بکەینەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە دیارە چەوساندنەوە، ئیستیسمار نەماوە، وەسایلی تەولید بە گشتی یان مالکییەتی عموومی‌یە یان مالکییەتی دەستەجەمعی‌یە. ئەوە مانای ئەوە نیە کە لە سۆسیالیزمدا عەمەلەن، مالکییەتی خسووسی نیە، لە ماوەیەکی زۆر کە پێی دەڵێن دەورانی تێپەڕبوون، سەردەمی تێپەڕبوون، لەو ماوەیەدا دیارە مالکییەتی خسووسیش هەیەو ئێستاش مومکینە مابێ‌و ئەوی دیکە مالکییەتی شەخسی‌یە، دیارە مالکییەتی خسووسی لە سۆسیالیزمی پێشکەوتووی سۆڤیەتیی ئێستا لە یەك شتدا هەر ماوە، مالکییەتی خسووسی ئەویش ئەوەیە کە لە دێهات هەر یەك لەوانە کە لە کەڵخۆزێك کار دەکەن بێجگە لەوە لە دەورو بەری ماڵی خۆیدا مەعمووڵەن نیو هێکتار یان هێکتارێکی زەوی هەیە، کە بۆخۆی شتی بۆخۆی دەچێنێ، مەسەلەن فەرزکە وەکو نازانم میوەو ئەوانەو حەقی ئەوەشی هەیە کە بیانفرۆشێ.

کەوابوو لەوێدا مالکییەتی خسووسی هەر ماوە یانی چ لەوێ کە لە دەوروبەری ماڵی خۆیدا لە هەر کەڵخۆزێکدا بێجگە ئەوە کە شتەکە دەستەجەمعی‌یە، زەوی‌یەکانو هەموو لەوێ کار دەکەنو نەتیجەکە هی هەموانە لە بەینی هەموویانا دابەش دەکرێ، بێجگە لەوە بۆخۆی پارچە زەوی‌یەکی چکۆڵەی هەیە کە لەوێدا بۆخۆی میوەو سەوزی‌و شتی وا بار دێنێ کە ئەوە نەتیجەکە هی خۆیەتی‌و حەقی ئەوەشی هەیە بیفرۆشێ.

بەڵێ ئەوە بە عینوانی ئەوەیە کە حەق نیە مەسەلەن کابرایەك کە لە دێهاتی دەژی مەسەلەن بچێ پیوازی بکڕێ. حەقی ئەوەی هەیە پیوازەکەی ببێ یا ئەگەر بۆخۆی نایەوێ پیوازەکە مەسەلەن هەمووی بخوا یا بەشێکی بفرۆشێ یا ئەوە، ئەوە ئیدی حەقی موسەللەمی خۆیەتی. قانوونیش هەموو حەقێکی لێ زەوت ناکا. بەڵێ ئەوەش هەیە دیارە ئیدی، بەلام ئایا لە واقێعیشدا ئەوەیە؟ ئێستا مەسەلەی ئەساسەن پێکهێنانی کەڵخۆز بۆخۆی مەسەلەیەکی زۆر "پیچیدە"یە. لە زەمانی

ئێستالیندا هەر چەند بەگوتن یانێ بە قسە دەگوترا کە هەرکەس کە داخڵی کەڵخۆز دەبێ، دەبێ داوتەڵەبانە بێ، دەبێ بۆخۆی داوا بکا. ئەویش ئەوە بوو کە شتەکە یانی تیئۆرییەکە بەو جۆرە بوو کە بڵێین کابرایەکی جووتیار، لێرە زەویی هەیە، هی خۆی کەڵخۆزێکیش لێرە، دەبوایە کەڵخۆزەکە لە باری ئیقتیسادییەوە ئەوەندە باش هەڵسووڕێ کە داهاتی هەر یەك لەوانە کە لە کەڵخۆزی کار دەکەن زیاتر بێ لە داهاتی فەردیی ئەو کەسە، بۆ ئەوە، ئەوە داوتەڵەبانە دێم بۆ لاتان، من بۆخۆم ئیدی خەریك نابم دێم لەگەڵتان دەکەوم.

بەڵام عەمەلەن وانەبوو. بە دوو عیللەت وانەبوو. یەکێکیان ژێربەنای ئیقتیسادیو ئیجتیماعی ئەوەندە بە قووەت نەبوو لە وڵاتی سۆسیالیستیدا. لە شوورەوی ئەو وەختەدا کە لە ساڵی ١٩٤٩ عەوەز کرا، ماشینی کەشاوەرزیو تراکتۆرو کۆمباینو ئەوانەی یەکجار زۆر کەم بوو، لە نەتیجەدا دیارە نەیاندەتوانی زیاتر تەولید بکەن، ئەوەندە کە کابرا نەفعی تێدا هەبوو. یەك شتی دیکەش هەبوو ئەویش مەسەلەی سوننەتو پراکتیکە. چۆنە، کابرا ماوەیەکی زۆر کە لەوێ پوولێ بخوا، حەتتا ئەگەر دەبینن ئێستەش یانێ کەڵخۆزیش داهاتەکەی زیاتر بووبێ نەدەچوو. دەیگوت زەوی خۆمەو بۆ خۆمە زەوی، یانی بە شتێکی، بە چاوێکی غەیری ئیعتیمادەوە تەماشای کەڵخۆزەکەی دەکرد ئەوە شتێکی تەبیعییە، ئەوەشی تێدا بوو کە ئۆسوولەن کە هەتا زەوییەکە هی خۆی بوو زیاتر کاری تێدا دەکرد. یانێ حەتتا مەسەلەن ماڵو منداڵی خۆی مەجبوور دەکرد کە هەموویان بچن لە زەویدا کار بکەنو لە نەتیجەدا کارێکی زۆر لە هێکتارێکی کەمو بەرهەمێکی زیاتر دەبوو.

لە واقیعدا ئەوە بۆ ئێمە دەرسێکیشە، مەسەلەن لەو تەحلیلەی کە لە ئیقتیسادی ئێرانو کوردستان وای کردووە من بۆخۆم گەیشتمە ئەو نەتیجەیە کە لە ماوەی پەرەپووندا بۆ ئێمە ئەو شتە کە پێی دەڵێین ئیقتیسادی خانەوادەگی زۆر هەمییەتی هەیە بۆ ئەوە کە ئەوە تەولیدی، بەرهەمی کەشاوەرزی، کشتوکاڵی هێنێتە خوارێ، نزم نەبێتەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی هەتا ئەو وەختە کە لە باری ماشینو کۆمباینو تراکتۆرەوەو لە باری کادرەوە خەڵك تەربیەت دەکەینو کەڵخۆزەکان ئەوەندە بەرهەمیان زۆر دەبێ کە خەڵك داوتەڵەبانە بێت داخڵ، هەتا ئەو وەختە ئیقتیسادی خانەوادەگی یانێ خانەوادەکە وای لێبکەی کە

عەرزێکی بوێ نازانم چەند هێکتاری بۆخۆی بیکێڵێ بەلاّم بە کەیفی خۆی هەمو
خانەوادەکە تێدا کار بکا زۆر قازانجی هەیە. هەم بەرهەمەکە دەچێتە سەرێ هە
بێکاری زۆر کەم دەبێ. چونکە نەوەش تەسەور بکەین ئێستا مەسەلەن دێیەکو
کوردستان کە لەوێ کاری دەستی‌یە، یەك دوو تراکتۆر بەریە وێ، مانای ئەوەیە ک
نیوەی خەڵکەکە بێکار دەبێ. یانێ ئەوەی یا دوو ماشینی کەشاوەرزی دیکە بەری
نیوەی خەڵکەکە بێکار دەکەین.

ئەوە دیارە بۆ ماوەی تێپەڕبوون، بۆ ماوەی گوزار بۆ ئەو مەرحەلەیە زۆر موهیم
بەلاّم لەو وەختەدا شتێکی دیکە پێکهات بەداخەوە ئەوەش ئەوە بوو زەمانی دیا
سەرەتای دیکتاتۆریی ئێستالین بووکە بە زۆر خەڵکیان وادار دەکرد بۆ کارەکە، چ
ئەوە ئیسلاحێك پەیدا بوو کە حەتا نە لە دەرسی خۆمان لە ولاّتی سۆسیالیستی ب
کارمان دەهێنا، فشە ناکەم، باوەڕ کە بە کارمان دەهێنا بەلاّم بە زۆر، کەڵخۆزەکا
جووتیارەکانیان وادار دەکرد کە داوتەڵەبانە واریدی کەڵخۆز بن! بە زۆر واداری
دەکرد کە داوتەڵەبانە واریدی کەڵخۆز بن! ئەوە عەمەلەن وابوو ئەوە نەتیجەیەکی زا
خراپی هەبوو. چونکو شتی، لەوازمی ئیقتیسادی بە تەواوی ئامادە نەبوو، ئە
عەینی وەکوو ئەوەیە کە لە مەسەلەن دوو، لە شاری کە ئەوە ئێمە بڵێین ئە
مەغازەیەکی گەورەیە ئەویش مەغازەیەکی بچکۆڵەیە مالکییەتی خسووسی‌یە، باش
شێوەی لەنێو بردنی ئەو مەغازە بچکۆڵەیە چیە؟ شێوەی ئەوەیە کە تۆ بێن
ساحیبەکەی بگری، وەدەری نێی دووکانەکەی موسادرە بکەی؟ یا ئەوەیە کە ئ
موغازە گەورەیە ئەوەندە باش کار بکا، ئەوەندە هەرزانترو باشتر بفرۆشێ کە ئ
مەجبوور دەبێ بڵێ ئەمن دەبم بە کارمەندی ئەو موغازدیە دووکانەکەم دەفرۆش
کێهایان؟ ئەوە ئەوەیە ئیدی یانێ چی؟

یانێ دەبێ بە ئیقدامی ئیقتیسادی مەسەلە حەل بکەی نە بە ئیقدامی ئیدا
تەسمیم بگری کابرا حەبس بکەی. کە دەبێ حەقێ بۆ ئەوە دابنێن، کە دەبێ بە شێو
سانترالیزم یەك یا چەند، لە سەر یەك نەتیجەکە دیارە مەنفی بووە، نەتیجەکە
داخەوە مەنفی بووە، ئێستاش کە ئێستایە دەبینین لە کشتوکاڵی شوورەو
نیشکالاّت زۆرە ئی ئەو وەختەیە. چونکە ئەساسەکەیان غەڵەتە، ئێست
نەیانتوانیوە بە تەواوی ئاساری ئەو جەرەیانە لەبەین بەرن. لە حاڵێکدا ئێوە خۆت

دەزانن مەسەلەن ئۆکراین مەشهوور بوو بەوەی کە گەنمی دونیا دەدات، وەك چۆنە ئێستا شوورەوی بەرهەمی ئیقتیسادیی هێندە دەڕوا، دیارە ئەوە دوو دەلیلی بخسووسی هەیە کە دەبێ بە حەق بگوترێ، یەکێکیان ئەوەیە کە خەڵك سەتحی ژیانی چوەتە سەرێ، زۆر زیاتر شت یەعنی مەسرەف دەکا، یەکێ دیکەشیان جەمعییەتی زۆرتر بووە. هەردووکی ئەوە هەیە بەڵام بە پێی ئەو نیسبەتە دیارە تەولید تا ئێستا بازرگانی شوورەوی دەبێ تەحەمولی ئەوە بکا کە زۆر شت بفرۆشێ بۆ ئەوەی بتوانێ کە ئەو گەنمە کە کەمە لە دەرەوەڕا بکڕێ، لە حاڵێکدا چونکو ولاتەکە پانو بەرینە، ئیقتیسادەکە باشتر لە کەشاوەرزیدا ئیدارە بکرێ دەتوانێ ئەو مەسەلەیە حەل بکاو زۆریش تووڵ نەکێشێ، بەڵام چونکە لە ئەساسەوە، ئەساسەکە تێکدراوە مەسەلەن لە ساڵی ١٩٢٩ ئەوەندە کە ئێستا ئامار دراوە چەندین میلیۆن حەیوانیان کوشتووەو خستوەتە ژێر زەوی، عیللەتەکەشی ئەوە بوو هیچ قازانجی نەبوو بۆ ئەو بازرگانە. دەهاتن ئەوانە کە بە ناوی دەوڵەتەوە لێیان داگیر دەکردن کابرا دەیگوت: جا ئەو دەزانن حەیوانیش خۆ ئەوە نیە، خۆ مەسەلەن گۆرەوی نیە کارخانە تەولیدی بکا. ساڵەهای ساڵ وەخت لازمە کە دیسانەکە ئەو شتە ئەو میقدارە مەسەلەن ببێت. بە تایبەتی کە شەڕی دووهەمی جیهانیشی بە سەردا هات، بەشێکی زۆری شوورەوی کەوتە ژێر ئەشغاڵی فاشیستەکانو ئەوانیش هەرچی شت بوو بردیان بە گەنمو بە حەیوانو بە هەموو شتێکەوە. ئەوە ئەو دوو عیللەتە بۆتە هۆی ئەوە کە هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە ئاساری ئەو ئیشکالاتە لەبەین بەرنو دیارە ئەوە پێمڤابێ وەختێکی دیکەشی هەر دەوێ، چەند ساڵێکی دیکەشی هەر دەوێو شایەد هەتا ساڵی ٩٥ بتوانن ئەو مەسەلەیە بە یەکجاری لە شوورەویدا حەل بکەن. بەوە کە تەجروبەیان زیاتر بێ لە کاروباری کشاوەرزی، ئاگا بە عیلمو موتەخەسیسی کەشاوەرزیو ئەوانە ئەوەندە زۆرە کە بە نیسبەتی عەرزەکەش هەتا لە زۆر ولاتی دیکە زیاترە، فەقەت دیارە جارێ ئەو ڕەوابتی ئیقتیسادی کەشاوەرزیە جێی خۆی هەر نەگرتووە، یانێ ئەو تەئسیرە کە ئەو وەختە کراوە ئێستاش هەر ئاساری ماوە.

ئابووریی تێکەڵاو

ئێمە باسی ئابووریی سۆسیالیستی‌مان کرد، باسی ئابووریی سەرمایەداریمان کرد. باسی ئابووریی تێکەڵاو بۆ ئەوە دەکەین کە زۆر لەو وڵاتانە وەکو وڵاتی خۆمان کە پێیان دەڵێن وڵاتی جیهانی سێهەم، زۆر جار بووە شۆڕشێك پێکهاتووە لەو وڵاتانە وەزعەکە گۆڕاوە. بەڵام مەعلووم نەبووە کە ئەو وڵاتە بە کوێدا بە چ ڕێگایەکدا دەڕوا، بەرەو چ سیستمێك دەڕوا. مەسەلەن ئەلان خۆمان بە چاوی خۆمان دیتمان کە پاش ئەوە کە شۆڕشی ئێران سەرکەوت، جارێ دەرنەکەوتبوو ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی چی دەوێ، دەیەوێ چی بکات. نەماندەزانی ئەو ڕێژیمە بەرەو کوێ دەڕوا، بەرەو سۆسیالیزم دەڕوا لە باری ئیقتیسادی‌یەوە، ئایا بەرەو سەرمایەداری دەڕوا.

دیارە ئەوە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی سیاسی. دەسەڵاتی سیاسی بەدەس هەرکەسەوە بێت ئەگەر لایەنگری سۆسیالیزم بێ، بەرەو سۆسیالیزمی دەبا پاش ئەوە شۆڕشەکە سەرکەوت. ئەگەر بە دەست ئەو کەسانەوە بێ کە پێیان خۆش بێ سەرمایەداری سەرکەوێ بەرەو سەرمایەداریی دەبەن. لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا تا حاڵی ئێستا تەقریبەن دەکاتە ٤٠ ساڵ، لەو ٤٠ ساڵەدا بە دەیان شۆڕشی ئاوا لە وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدا پێکهاتووە، بەڵام زۆر کەمیان بەرەو سۆسیالیزم ڕۆیشتوون، زۆربەیان بەرەو سەرمایەداری ڕۆیشتوون.

دیارە ئەوەڵەن ئەو وڵاتانە ئەگەر بەعزێکیان ویستوویانە لە باری ئیقتیسادی‌یەوە ڕێگای خۆیان جودا کەنەوە لە سەرمایەداری؛ لە نێو سیستمی سەرمایەداری‌دان، یانێ

ئێستا ئێمە گوتمان وڵاتەکانی سۆسیالیستی هەن، دوێنێ باسمان کرد لە پاشان وڵاتەکانی سەرمایەداریمان ناو برد، بەڵام گوتمان ئەوی دیکە جیهانی سێهەمە. بەڵام ئەو جیهانی سێهەمە بۆخۆی بەشێکە لە سیستمی سەرمایەداری. یانێ ئەوە سیستمی سەرمایەداری‌یە کە لەو بەشەدا حاکمییەتی هەیە. کەوابوو ئەوە بۆخۆی شتێکی موهیمە، مانعێکی موهیمە. دەوڵەتێك لێرە مەسەلەن فەرز دەکەین ئێستا نیکاراگوئە لە نزیك ئەمریکا خەریکە ڕێگای سۆسیالیستی بگرێتە پێش، بەڵا هەزار تەنگو چەڵەمەی لە پێشە، چونکو لە نێو سیستمی سەرمایەداری دایە بۆ ئەو زەحمەتە. لە حاڵێکدا ئەگەر لەوێدا با دیارە ئاسانتر دەبوو و هەروەها کوویا هەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی خۆی تەسبیت بکا بە وڵاتێکی سۆسیالیستی زۆری پێچوو. بەڵام توانی خۆی تەسبیت بکا چونکو ئەویش لە سیستمی سەرمایەداری‌دا بوو.

بەڵام بە گشتی مەسەلەکە وای لێ‌دێ کە لەو وڵاتانەدا پاش ئەوە کە شۆڕش سەردەکەوێ تووشی ئەو سێ ڕشتە ئابوورییە دەبین. یەکێکیان سەرمایەداری‌یە مەعمووڵەن لەو وڵاتانەدا کارخانە هەیە، کارگا هەیە کە بە دەس سەرمایەدارانەو ئیدارە دەکرێ، پاش ئەوە کە شۆڕشەکە سەردەکەوێ دیارە ڕشتەی بەش سەرمایەداریی ئابووری لەو وڵاتانەدا هەیە، کەوابوو یەکەم بەش بەش سەرمایەداری‌یە. لە هێندێ وڵاتدا بەشی سەرمایەداری گەشەی کردوە، پەرە سەندوە، هێندێ وڵاتی واش هەیە وەکو کوردستانی خۆمان بڵێین بەشی سەرمایەداری گەشەی نەکردوە، بەڵام هەیە، هەیە زۆر کەم.

بەشی دووهەم: بەشی دووەمی لە زۆربەی ئەو وڵاتانە بەشی دەوڵەتیش هەیە، زۆ شت بە دەس دەوڵەتەوەیە. ئێستا لە ئێرانی خۆماندا ئێمە دەبینین ڕێگای ئاس تەلەفوون، نازانم زۆر شت، شیرکەتی نەوت بەدەس دەوڵەتەوەیە. کەوابو سەرمایەدارییش هەیە بەشی دەوڵەتییش هەیە. دیارە شتێکی زۆر تەبیعیە، بەش تایبەتی هەیە، بەشی خسووسیش هەیە کە هی خەڵکی‌یە. ئەگەر سەرمایەداری بو جوزوی سەرمایەداری حەسێب دەکرێ، ئەگەر هی کەشاوەرزی بوو جارێ لێی دەگەڕێ پاشان باسی لە سەر دەکەین. بەڵام بەشی دیکەش هەیە کە حەتا لە زەمانی شا ل ئێرانێ پێكهاتبوو، گەشەی کردبوو و ئێستاش ئیمکانی گەشەکردنی هەیە، ئەوی بەشی تەعاونی‌یە. جا ئێستا ئەو سێ بەشەمان دیارە ئەناسین. بەشی خسووسی ئەو

کە هەرکەسێك ساحێبی زەوی خۆیەتی. ئەوە لە زەراعەتدا، لـە کشـتوکاڵدا باسـی دەکەین.

بەڵام لەو سێ بەشە بزانین ئەوە ئێستا حکوومەتێك هاتۆتە سـەر کـار، شۆڕشـێك بووە لە وڵاتێکی وەك ئێراندا، چی لێ دەکا لەوانە؟ ئەگەر ئەو بەشی سەرمایەداری‌یە بکا بە دەوڵەتی، دەوڵەتی‌یەکەشی کە هەیە، ئەوە دیارە بەشی دەوڵەتی بە قووەتتـر دەبێ، بـەقووەتتر لـە جارانیش دەبێ. لــە واقیـعدا میللـی کردنـی بەشـی سەرمایەداری‌یە. بەشی تـەعاونیش یارمـەتی پێ‌بدا. بەشـی تـەعاونی ئەوەیـە کـە دیتووتانە لە شیرکەتەکانی تەعاونی زەراعەتی‌دا هەبووە لە ئێراندا، کە چـەند کـەس کە ئەوە بە کوردی خۆمان پێی دەڵێن "هەرەوەز" لە واقیعدا پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی ئیقتیسادەکە بەرێوە بەرن، چونکی هەریەك لەو جووتیارانە بە تـاقی تـەنیا ئەو ئیمکاناتەی نیـە. مەسـەلەن دەیانهـەوێ تراکتۆرێـك بکـڕن، هەرکـەس نـاتوانێ تراکتۆرێکی بۆخۆی بکڕێ یا کۆمباینێکی بۆخـۆی بکـڕێ، پێکـەوە شـەریك دەبـن‌و تراکتۆرێکی دەکڕن‌و کۆمباینێکی دەکڕن‌و "بالاخرە" تەعاون دەکەن، هاوکـاری یـەك دەکەن.

ئەوەش ئێستا بە چی دەزانین، ئێمە لە کوێڕا دەزانــین کـە ئـەو ڕێژیـە لـە بـاری ئیقتیسادی‌یەوە بەرەو سۆسیالیزم دەڕوا یا بــەرەو سـەرمایەداری دەڕوا؟ ئێسـتا ئـەو ئیقتیسادە چی پێ‌دەڵێن ئێمە؟ تێکەڵاو. ئەو ئیقتیسادە هەم بەشی خسووسیی تێدایە، هەم بەشی دەوڵەتیی تێدایە، هەم بەشی تەعاونیی تێدایە. هەرسێکی تێدایە. لـەوەدا دەزانین ئەگەر ئەوانەی کە لە سەر کارن بێن بەشی دەوڵەتی‌یەکـە تەقوییـەت بکـەن، بەشی سەرمایەداری‌یەکە مەحدوود بکەن ناڵێم لە بەینی بەرن، بەو هاسانیە لە بـەین ناچێ، چونکو زۆر دوورە. مەسەلەن ساحیب دووکان هەیە، ساحیب میوانخانە هەیــە، ناتوانی ڕۆژی ئەوەڵ هەموویان، هەموو ئەوانەیان لێ بستێنیەوە، لزوومیشی نیە ئـەو کارە بکەی تۆ. بەڵام بە گشتی بەشی دەوڵەتی تەقوییەت بکە، بەشی سـەرمایەداری گەورە ئەگەر هەیە، مەسەلەن لە ئێران ئەگەر ببێ ئەوانەی کـە کارخانـەی گـەورەیان هەیە، ئەوانە میللی بکـەی. وا هاسـانترە، هـەموو وەختـێ، کارخانەیـەك ٥هـەزار کرێکاری هەیە، بەدەس سەرمایەدارەوەیە، میللی کردنی زۆر هاسانترە لـەوە کـە تـۆ بچی دووکانێکی چکۆلە لە یەکێکی بستێنیەوە. بەڵام دوای چـی لێ بکـەی؟ ئەگـەر

ئـەوەی میللـی بکـا ســـەرمایەداری گـــەورە، دەوڵەتیەکـــەش تەقوییـــەت بکـــا، تەعاونی‌یەکەشی تەقوییەت بکا. لە باری سیاسیشەوە خەتێکی گشتیی سۆسیالیستی بدا بە کۆمەڵ، ئەوە دەبێتە رۆیشتن بەرەو سۆسیالیزم.

یانێ ئێستا ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێتە سەرکار ئاوای دەکـا. سەرمایەداری‌یەکە مەحدوود دەکا، سەرمایەداری گەورە لەبەین دەبــاو چکۆلەکەشـی مەحدوود دەکا، بەڵام لەبەینی نابا، چونکو ناتوانێ لەبەینی بەرێ، چونکـە لـە بـاری ئیقتیسادی‌یەوە شەرایەت ئامادە نەبووە. دەوڵەتی‌یەکە تەقوییەت دەکـا لەمەوبـەدوا هەرچی بکا بە ناو دەوڵەتەو دەیکا. هەر کارێکی گەورەی ئیقتیســادی بکـا دەوڵـەت دەیکا. تەعاونی‌یەکەش بە تایبەت لە دێهات تەقوییەت دەکا بۆ ئەوەی کە جووتیاران پێکەوە هاوکاری بکەن. ئەوەی کـە لـە پاشـان لـە ولاتێکـی وەك شـوورەوی‌دا بۆتـە "کەلخۆز"، بناغەی ئەوە دادەنێ، دیارە بــە ســوورەتێکی شـایەد باشـتر، بـە دەرس وەرگرتن لە تەجروبەکانی ولاتەکانی سۆسیالیستی بۆ ئەوەی کە تووشی ئـەو تـەنگو چەڵەمەیە نەبین کە ئەوان تووشیان بوون. ئەوە ئەو وەختە دەبێتــە بـەرەو سۆسـیالیزم رۆیشتن.

مومکینە بەڵام ئەوە حیزبی دێموکرات نیە کە هاتۆتە سەرکار. فەرزدەکـەین وەك جمهوریی ئیسلامی ئیسباتی کرد پاش شۆڕشی ئێران هاتە سەرکار، ئێســتا بەرەبـەرە ســەرمایەداری تەقوییــەت دەکـا. دەوڵـەتی لـە جێگـای خۆیـەتی، جـاری وا هەیــە تەقوییەتی دەکا جاری وا هەیە نایکا. تـــەعاونیش هەیـە. ئـەو تەعاونی‌یـە بۆخـۆی خاسییەتێکی تایبەتیی هەیە. تەعونی‌یەکە بۆخۆی هیچ نیشـــان نـادات، ئەگـەر لـە ولاتێـك‌دا تـەعاونی زۆر بـوو هیـچ نیشـان نـادات کـە ئـەوە سۆسیالیسـتی‌یە یـــا سەرمایەداری‌یە. ئـەوە بەســتراوەتەوە بـەوە کـە تـابیعی دەوڵەتی‌یەکـە بـێ. ئەگـەر دەوڵەتەکـە ســەرمایەداری‌یەو حکوومـەتیش ســەرمایەداریە، دیـارە ئــەو وەختــە تەعاونی‌یەکەش تابیعی سەرمایەداریە. ئەگـــەر دەوڵەتەکـە سۆسیالیســتی‌یە، بـەرەو سۆسـیالیزم دەڕوا، تەعاونی‌یەکـەش تـابیعی سۆسـیالیزمەکەیەو بـەرەو سۆســیالیزم دەڕوا.

یانێ تەعاونی، شـیرکەتی تـەعاونی جووتیـاران بەتایبـەتی، هیـچ وەخـت خـۆی سەربەخۆ نیە بە تەواوی. سەربەخۆش موشەخەساتی ئەو سیسـتمە یـان ئـەو رێژیمـە

دیاری ناکا. هەروەها کە لە تاریخدا بە گشتی هیچ وەخت نابینینەوە کـە جووتیـاران بۆخۆیان بەڕێوەبەری هیچ شۆڕشـێکی بـن، یـا لەگـەڵ بـورژوازیدا ڕێـك کـەوتوون، سەرمایەداران بـەڕێوەیان بـردوون، وەکـو شۆڕشـی گـەورەی فەرانسـەو زۆر شۆڕشـی بورژوازی دیکە یا کرێکاران بەڕێوەیان بردوون وەکو شۆڕشی ئۆکتۆبر. بەڵام بۆخۆیـان ئەسڵەن ئەو نـەزمی کەشـاوەرزیو کشـتوکاڵە ڕێگـا نـادات هـەتا ئەوانـە بۆخۆیـان بەڕێوەبـەری شۆڕشـێك بـن. هـەموو وەختێـك تـابیعی یـەکێك لـەوانن. لـە ئیقتیسادەکەشدا هەر وایە یا تابیعی سەرمایەدارین ئەگەر دەوڵەتەکەی بە دەسـتەوە بێ، یان تابیعی ئەوانەی کە کاری دەسەلاتیان بە دەستەوەیە کە دەیانهەوێ ڕێژیمەکـە بەرەو سۆسیالیزم بەرن، تابیعی ئەوانەن، کە ئەوانیش دەوڵەتەکەیان بە دەستەوەیە.

کەوابوو ئیقتیسادەکە بە تاقیتەنیا مەسەلەکە حەل ناکات، چونکە ئیقتیسادەکە وەك خۆیەتی، بەستراوەتەو بەوە کێ پاش شۆڕش هاتۆتە سەرکارو دەسەلاتی سیاسیی بە دەستەوە گرتووە. ئەوە کە دیاری دەکا بەرەو کوێ دەڕۆن، ئـەوە کـە دیـاری دەکـا بەرەو سۆسیالیزم دەڕۆن یا بەرەو سەرمایەداری دەڕۆن. بەڵام ئێستا بێین ئێمە چونکـو گوتوومانە بەرەو سۆسیالیزم دەڕۆین، ئێستا بۆ کوردستانی خۆمـان هـاتووین یـا لـە ئێران ئەو کارەمان کردوە، ئایا ئەوە مانای ئەوەیـە کـە ئێمـە دەتوانـین دەسـتبەجێ شیعاری سۆسیالیستی بدەین، بڵێین کە ئەوڕۆ سۆسیالیزم درووست دەکـەین. پێموایـە ناتوانین چونکـە سۆسـیالیزم دروسـتکردن یـانێ پێکـهێنانی پێوەندییـەکانی سۆسیالیسـتی، یـانێ لابردنـی چەوسـاندنەوە ئـەوەی کـە باسـمـان کـرد. لابردنـی چەوساندنەوە کارێکی هاسان نیە، وەختی دەوێ، بەوە نیە خۆ من دانیشم بڕیار بدەم.

ئێستا مەسەلەن نموونەتان بۆ دێنمەوە فەرز دەکەین ئێمە، لە دێیەك یەکێك هەیە کە چەند هێکتار زەویی هەیە، بۆخۆی بە تاقی تەنیا، ئەوەی کـە ئێمـە پێـی دەڵێـین خوردە مالیك، بۆخۆی بە تـاقی تـەنیا کـار ناکـا لـە سـەر زەوییـەکانیدا. هێنـدێ کەسیشی بەکرێ گرتووە، ئەوانیش کاری بـۆ دەکـەن، ئێسـتا جـا تراکتـۆری هەیـە، گاجووتی هەیە یا هەرچی. باشـە ئێـوە پێتـان وایـە ئـەمڕۆ سـەرکەوتین ـ سـەریش کەوتبووین لە بەشەکانی رزگار کراوی کوردستاندا ـ دەتوانین دەستبەجێ ئەو کابرایە قـانیع بکـەین کـە بۆخـۆی لـە سـەر زەوییەکـەی کـار بکـات یـان زەوییەکـەی لێبستێنینەوەو بیدەین بەوانی دیکە؟ ناتوانین. ئەگەر کابرایەکی وا هـەبێ مالکێکـە

بە سەدان هێکتار زەویی هەبێ، بۆخۆشی بە تاقی تەنیا بێ، ئەوە هاسانە، دەچ مومکینە بەشێکی بدەین بە خۆی بڵێین بابا ئەوە ٢٠ هێکتاریش بۆ خۆت، ئەوە دیکە دەبێ بیدەی بە خەڵکی دیکە. بەڵام یەکێك کە ٢٠ هێکتاری هەیە لە سەر ئە ٢٠ هێکتارەش ٥، ٦ کەس کاریّ دەکەن ئێمە بچین ئەو ٥، ٦ کەسە دەربکەین بڵێ دەبێ ئەتۆ بە تاقی تەنیا ئەوە ئیدارە بکەی ئەوە عەمەلی نیە. ئەوە رەوەندێکی زۆ درێژی دەوێ کە ئێمە بتوانین بەرەبەرە، "بتدریج" ئەو کارە بکەین. ئەوەڵەن دەب شتی مۆدێرنی بۆ بێنین، تراکتۆری بۆ پەیدا بکەین، نازانم کۆمباینی بۆ پەیدا بکەین ماشینی بۆ پەیدا بکەین، سانیەن دەبێ خەڵکەکە بەوە قانێع بکەین، سالسەن ئێم لە کوردستاندا دەژین، کوردستانێکی عەشیرەتی، کە رەوابتی عەشیرەتیی هەیە، ئە چەند کەسەی کە کاری بۆ دەکەن ئەسڵەن خزمو کەسو کاری خودی ئەو کابرایەی حازر نین بەجێی بێڵن کاری بۆ نەکەنو زۆر مەسائیلی دیکەش هەیە.

کەوابوو ئێمە ناتوانین بە هاسانی ئەوەی کە دەڵێین پێوەندییەکانی سۆسیالیست لەو بەشەدا کە پێی دەڵێین بەرهەمهێنانی وردە کە ئەوە هەم لادێ دەگرێتەوەو ه شاریش دەگرێتەوە، بەرهەمهێنانی وردە، لێرە پێکهێنانی سۆسیالیزم زۆر زا زەحمەتەو وەختێکی یەکجار زۆری دەوێو ئەوە لە شاریشدا وایە.

جا مەسەلەن بە پێی ئوسوولی عیلمی ئەو کەسەی کە دووکانی هەیە، دووکانەک هی خۆیەتی، ئەوە شتێکی غەیر سۆسیالیستییە، ئەوە مالکییەتی خسووسیی مالکییەتی شەخسی نیە. مالکییەتی خسووسییە چونکو دووکانەکە وەسیلە کەسبیەتی، وەسیلەی داهاتیەتی. باشە ئێستا ئێوە فکر بکەنەوە لە شارێک مەسەلەن وەك مەهاباد ئێمە بێین هەموو ئەو دووکانانە میللی بکەین، یانێ چ بکەین؟ ساحێبەکەی بۆخۆی لە سەر دووکانەکە دانیشتووە، یانێ ئەمن دەمەو ئیدارەیەکی وا پانو بەرین درووست بکەم کە هەر ئیدارەکە کارمەندێکی بێنێ ل دووکانەکە دایبنێ، دووکانەکە میللی بکەمو وەدەری بنێم یەکێکی دیکە لە جێگ ئەو دابنێم هەتا بە شێوەیەکی سۆسیالیستی ئیدارەی بکا. دووکانەکە هی خۆی نە ئەوەی دەیفرۆشێو ئەوی دەیکڕێ یادداشتی بکاو بینووسێو ئیدیعا بکەم ئەو وەخت بۆتە سۆسیالیستی.

ئەوە چەند زەرەری هەیە، ئەوەڵەن ئەوەیە کە دەوڵەتێك کە تازە هاتۆتە سەرکار، مەعموڵەن ئیقتیساد زۆر باش نازانێ، قازانجی خۆشی زۆر باش نازانێ، تیجە ئەوە دەبێ کە هەموو ئەو دووکانانە زەرەر بکەن. ئەوە تەجروبەمان هەیەو ئەوە حەتا ئێستا ئەگەر دەمانەوێ شتێکی مەسەلەن برادەرانی حیزبی خۆمان کە تەجروبەیان نیە بۆخۆیان کارێکی ئیقتیسادی بکەن هەموو وەختێك زەرەر دەکەین. بەلاّم ئەگەر مەسەلەن دەمانەوێ لێرە قاوەخانەیەك دانێین. برادەرێکی حیزبی دەبەین لە سەر قاوەخانەکە دایدەنێین دەڵێین ئەتۆ قاوەچی بە، هەموو شتەکە ئێمە دەیدەین خەرجەکەشی ئێمە دەیکێشین، قازانجەکەشی هی حیزبە، پاش ماوەیەکی ئەبینین کە زۆر قازانج ناکات. نامهەوێ موتەهەمی بکەم کە دزی دەکا یا ناکا بەلاّم یەك شتی دیکە موهیم هەیە ئەوەیە کە عەلاقە نیشان نادا ئەو بەرادەرە بۆ ئەوەی کە قاوەخانەکەی باش کار بکا. مەسەلەن دامانناوە کە مانگێ ٢٠٠٠ تمەنی دەدەینێ، جا ئەگەر "مشتری" بۆ دێ بە روویەکی خۆشو دەم بە پێکەنینەوە پێشوازی لیێکا ئەو هەر ٢٠٠٠ تمەنەکە وەردەگرێ، جنێویشی پێبدا هەر ٢٠٠٠ تمەنەکە وەردەگرێ. بەلاّم ئەگەر هی خۆی بێ، دەزانێ ئەگەر بە رویەکی خۆش ئیستیقبال لە "مشتری" بکا "مشتری"ی زیاتر دەبێو قازانجی زیاتر دەبێو لە ٢٠٠٠تمەن زیاتری دەست دەکەوێ. چونکە جارێ فیکری سۆسیالیستیو فەرهەنگی سۆسیالیستی لە مێشکی میللەتدا جێگیر نەبووە.

دیارە عەمەلەن دەرکەوتووە کە ئێمە بە ئیجارەی بدەین. مەسەلەن دەڵێین قاوەخانەیەکی لێرە درووست دەکەین مەسەلەن دەڵێن دەبێ مانگێ ١٠هەزار تمەن بدەی بە حیزبو ئەوی دیکە هی خۆت، قاوەخانە زۆر باش کار دەکا. یانێ چی، یانێ حەتا ئێستا ئێمە بۆ خۆمان کە دەتوانین شتێکی سۆسیالیستی دابنێین، داینانێین، دەیکەینە خسووسی، بۆ؟ چونکو جارێ کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئەوە ئامادە نەبووە. بۆیە ئێمە کە دەڵێن کە ئێمە بۆچی زوو شیعاری سۆسیالیستی نادەین، خۆ شیعارەکە دەتوانین بدەین بەلاّم عەمەلی کردنەکەی زەحمەتە چونکو شیعار لە سەر کاغەزە. جارێك سێ چوار ساڵ لەوە پێش بوو، چووبوومە "ئۆسلۆ" پایتەختی نۆرڤێژ چەند برادەری کوردی تورکیەو هی سووریەی لێ بوو، هی ئێرانی لێنەبوو، دەعوەتیان کردم لە پاشان شیعارێکیان نووسیبوو بە پووسترێکی جوانەوە لە دیواریان دابوو،

دیاره بەکوردی لاتینی. شیعارەکە ئەوە بوو "بــژی کوردستانی مــەزنی سـەربەخۆی سۆسیالیستی" منیش سەیری شیعارەکەم کرد گوتیان پێت چۆنــە؟ گـوتم زۆر جوانــە! گوتیان باشە ئەگەر زۆر جوانە بۆچی حیزبی دێموکرات ئەو شیعارە هەڵناگرێ؟! گوتم چونکە حیزبی دێموکرات ئەو هێزو قودرەتەی نیە کارێکی وا جێبەجێ بکا. ئێوە لێرە دانیشتوون دەتوانن. لە نۆرڤێژ چەند دانشــجوویەکن، نـە پێتــان ئـەڵێن بـۆ ئـەوەتان نووسیوە، نە مەســئوولییەتێکتان هەیـە. بـەلاّم ئەگـەر ئێمـە ئـەوە بنووسـین دەبـێ جێبەجێی بکەین، ئـەوەمان پێجێبـەجێ نـاکرێ. نـە کوردسـتانە مەزنەکـەمان پــێ جێبەجێ دەکرێ، نە سۆسیالیستەکە بۆمان جێبەجێ دەکــرێ. لـە بـەر ئـەوە ئێســتا مەسەلەی شیعار ئاسانە بەلاّم موهیم ئەوەیە کە چۆن بتوانین جێبەجێی بکەین.

ئێمە کە دەڵێن ئێستا ئەگەر خودموختاریمان دەست کــەوێ ٢٠ سـاڵ ٢٥ سـاڵمان دەوێ تا بەرنامەی حیزبی دێموکرات جێبەجێ بکــەین ئـەوە بـە نـەزەری مــن ئـەوە قسەیەکی خۆڕایی ناکەین. هەتا ئەمە بێن ئــەوە کــە دەڵێــین ٤٠ سـەعات کـار لـە حەفتەدا، ئەوە تەسبیت کەین، بیمە تەسبیت کەین، کە هەرکــەس نـەخۆش بـوو بـە خۆڕایی بچێتە نەخۆشخانە، کە ئەوەندە مەدرەسەمان هەبێ کــە هیــچ منداڵێــك لـە سەرتاسەری کوردستان بێمەدرەسە نەمێنێتەوە، ئەوە گوتنەکەی ئاسانە.

ئێستا ئێمە بێجگە لەوە کە سەدی حەفتای میللەتەکەمان نەخوێندەوارن، نیمـەی زیاتری منداڵەکانمان ناچنە مەدرەسە، یانێ بۆخۆمان نەخوێندەوار درووست دەکەین بۆ دوارۆژ، بـا ئــەوە حـەل کـەین. سۆسـیالیزم هـەوا نیـە، سۆسـیالیزم واقعییــەتێکی مەلموسە، سۆسیالیزم ئەوانەن: تەئمینی ژیانی خەڵك، ژیانی ماددیو فەرهەنگی. بـا ئەوانە بکەین ئێمە جا ئەو وەختە دەبینن کە چەند زەحمەتە.

ئەوانەی کــە ئـەو جەوانانـەی کـە ئێسـتا زۆر ئـەوەیان هەیـە، شـیعاری توندو سۆسیالیستیو ئـەوە دەردەچـێ، ئـەوە بـە نـەزەری مـن بـە خۆڕاییـیـە. بەتایبـەتی حیزبێکی مەسئوولی سیاسی ناتوانێ میللەتی خـۆی فریـو بـدا. حـیزبی دێموکـرات یەکێ لە حوسنەکانی ئەوە بووە کە لە رۆژی ئەوەڵەوە راستی بـە خـەڵکی کوردسـتان گوتووە. ئەمن بێم بڵێم میللەت ئینقلاب بکەینو ئەوە بکـەینو ئـەوە خودموختـاری وەرگرین، کە وەرمان گرت پاش پێنج ساڵان هەر کوردێك خانوویـەکی چوار ئوتـاقی دەوێ دەتوانین بیدەین، هەتا دەتوانم درۆ دەکەم کێ بە کێیە؟ بەلاّم ئەو پێنج سـاڵەی

کە ڕۆیی ئەو وەختی جوابی خەڵکی بە چی بدەمەوە. دەڵێن کوا خانووەکەت؟ جارێ بڕوام پێدەکەن، دوو جار بڕوام پێدەکەن لە پاشان خواحافیز.

حیزبێکی سیاسی کە باوەڕی خەڵکەکەی لەدەس دابێ ئەو نابێتە حیزبێکی بەڕێوەبەرو ناتوانێ کارەکان جێبەجێ بکا. کەوابوو ئێمە وەك ئەوەی کە دەڵێن کۆمەڵەکەمان گەیشتوەتە ئاخری فئودالیزمو سەرەتای سەرمایەداری، لە کۆمەڵێکی ئاوادا ئەتۆ بە جارێ ناتوانی دەست بکەی بە درووست کردنی سۆسیالیزم. ماوەی بیست ساڵت دەوێ بۆ ئەوە زەمینە، هەلومەرج پەیدا بکەی بۆ درووست کردنی سۆسیالیزم. پاش بیست ساڵان دەس ئەکەی بە درووست کردنەکەی، مومکنیشە عیلم یارمەتی بدا، خەڵك یارمەتی بدا، زووتر خەلاس ئەبی خۆ کەس مونکری ئەوە نیە. بەڵام تەوەقوعیشو بە تایبەتیش خەیاڵو ئەوانەو شوعاری نادرووستو قەوڵی خیلافی واقعییەت نابێ بدرێ بە خەڵك. حیزبێکی مەسئوول ئەوەیە. دەبێ واقعییەتەکە بە خەڵك بڵێ، ئاوا کات.

باشە، کەوابوو ئەمن پێمخۆشە کە ئەو مەسەلەیەش بڵێم پاش ئەوەش کە سەریش کەوتین ئیقتیسادێکی تێکەڵاومان دەبێ. ئەو ئیقتیسادی تێکەڵاوە هەم بەشی تایبەتی (خسووسی) تێدایە، هەم سەرمایەداری چ لە شارو چ لە دێ، هەم بەشی دەوڵەتی تێدایە کە لەو بەشی دەوڵەتیە ئێمە دەتوانین لە ئەوەڵەوە بیکەین بە سۆسیالیستی، بەڵام زۆر تەواو نیە چۆن ئێمە لە بەشی کوردستان هیچمان نیە، لە باری بەرهەمهێنانەوە ("تولید")و بەشی تەعاونی.

وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە پشتمان ببەستین بە بەشی دەوڵەتیی سۆسیالیستی. بەشی سەرمایەداری جێگای بدەینێ، ئەوە کە گوتوومانە کە بەشی خسووسی جێگای دەدرێتێ لە ئیقتیسادی دوارۆژدا ئەوە، ئەوەیە جێگای بدەینێ نموونەشم بۆ هێنانەوە، ئەو نموونەیە، نموونەیەکی زۆر تیپیکە. سبەینێ ئێمە بمانەوێ سەد "مهمانخانە" درووست بکەین، نە دەوڵەت دەتوانێ درووستی بکاو نە ئەفرادی خۆی هەیە لە سەر ئەو "مهمانخانە" دایبنێ. خەڵکەکە با درووستی بکاو دابنێ، بەڵام لە سەر ئۆسووڵێك، لە سەر شەرایەتێك کە دەوڵەت دیاریی دەکا. کەوابوو جێگاو ڕێگا دەدەین بە بەشی خسووسی کە ئەویش جێگای هەبێ لە ئیقتیساددا بەڵام ناهێڵین زۆر

گەشە بکا، ناهێڵین زۆر تەوسعە پەیدا بکات. زیاتر هەوڵ دەدەین بەشی دەوڵەت بڕواتە پێش کە بەشی سۆسیالیستی‌یە، بەشی سەرمایەداری تۆزێ مەحدوود دەبێ.

بەشی تەعاونیش یارمەتیی دەدەین کە ئەویش گەشە بکات چونکی ئێمە لێرەش‌دا بە داخەوە ناتوانین لە دێهات ڕۆژی ئەوەڵ زەوی میللی بکەین ئەوە عەمەلی نیە. ئەبێ لە پێش‌دا زەوی دابەش بکەین بیدەین بە خەڵکی بە پێی ئەو شیعارە کە هەمانە، زەوی بۆ ئەو کەسە کە کاری لە سەر دەکا. پاش ماوەیەکی، تازە ئەوانە کە بکەینەوە کە شیرکەتی تەعاونی درووست بکەین، بەرەبەرە ئەو شیرکەتی تەعاونی‌یە بچێتە دەرەجەی بالاتر وەك کەڵخۆزی لێ‌بێ‌و زۆرزۆر چەند ساڵی دیکە مومکینە ببێ بە شتێك کە وەکو ئەوە کە پێمان گوت سەڵخۆز، ئیدی دەبێتە مالکییەتی گشتی نەك دەستەجەمعی، بەڵکو مالکییەتی گشتی سۆسیالیستی. بەڵام لێرەڕا، ئەو وەختە دوورە. لە هێندێ جێگا فەقەت ئەوەی دەکەین. ئەوەی کە ئەملاکی خالێسەیە، ئەوی کە ئەملاکی وەقفە ئەوانە ئەملاکێ زۆر باشن، دابەشکردنی هیچ مانع نیە لە بەینی جووتیاراندا ئەوە دەوڵەت دەتوانێ بیانکا بە مەزرەعەی نموونە بیانکا بە ئەساسێك بۆ پەرەپێدانی سۆسیالیزم لە لادێ‌دا ئەویش حەتمەن دەکا.

حیزبی دێموکرات من دڵنیام ئەویش دەکا، بەڵام هەموو بە گشتی ناتوانن بکەین، ساڵەهای ساڵ وەختی دەوێ کە بگەینە ئەو نەتیجەیە. بۆ ئەوەی کە بزانین کە چەن زەحمەتە، بیستووتانە لە بەینی وڵاتەکانی سۆسیالیستی لە لەهستان کۆلۆمبیاو... ئێستا کرێکاران ناڕازین‌و تەزاهورات دەکەن‌و ئەوانە، کە بەڕاستیش کرێکارانن کە ناڕازین، بەڕاستیش زۆربەی زۆری کرێکارانن کە تەزاهورات دەکەن لەگەڵ ئەوەیش کە شتێکی زۆر غەیر مەنتیقی‌یە لە وڵاتێك‌دا کە سۆسیالیزم سەرکەوتووەو کرێکاران کە دەبێ حاکمییەتیان بە دەستەوە بێ بۆخۆیان زیدەی حاکمییەتی خۆیان دەبێ ئەو کارە بکەن. بەڵام ئەوە واقعییەتێکە مانای ئەوەیە کە لەوێ سۆسیالیزم بەو شێوەیە کە پێویستە بەڕێوە نەچووە.

بەڵام ئەمن باسی کرێکارانی ئێستا ناکەم باسی جووتیاران دەکەم، ئێستا کە ئێمە لێرە دانیشتووین پاش چل ساڵ کە تەقریبەن سۆسیالیزم لە لەهستان سەرکەوتووە ئێستا سەدی هەشتای زیاتری زەوی بە دەس خودی جووتیارانەوەیە حەتتا تەعاونیش نیە، حەتا کەڵخۆزیش نیە. زەوی خۆیەتی لە سەر زەوی خۆی کار دەکا. لە ساڵی

١٩٥٦، دەبێتە ١٣٣٥ زەویەکان ئەو وەختە کە وەزعی سیاسی لەهستان تێکچوو، زەویەکانیان داوە بە جووتیاران، ئێستاش هەر لە دەستی خۆیانە. ولاتێکی سۆسیالیستیشە نەك هەر سۆسیالیستی‌یە بەلاّم ئەو سی‌ساڵەشی تەواو کردوە کە من ئێستا باسی دەکەم. بێجگە لەوە کە ئەو وەختە لەهستان بوو بە سۆسیالیستی لە ئێستای ئێمە چەندین دەساڵ لە پێشتر بوو. کەوابوو مەسەلەکە واقعبینانە تەماشا بکەین. چل ساڵ ئەوە لەوێ سۆسیالیزم هەیە بەلاّم ئێستا سەدی هەشتای زەویەکە بە دەس خودی جووتیارانەوەیە، مالکییەتی خسووسی زەویە نە مالکییەتی تەعاونی‌یە نە مالکییەتی سۆسیالیستی گشتی کە هیچ هەر مالکییەتی تەعاونی لەوێ جێگیر نەبووە جارێ.

ئەو مەسەلەی ئیقتیسادی تێکەلاّوە زیاتر لەو نوقتە نەزەرەوە خەریك بوو باس بکەم کە بەرادەرانمان بەڕاستی تەوەقۆیان بێ. یانێ ئێمە ئەوەی کە سبەینێ بتوانین دەسەلاّتی سیاسی بە دەستەوە بگرین‌و بتوانین ولاتەکە ئیدارە بکەین، ئەو ئیدارە کردنەی ولاتەکە بەو شێوەیەیە کە ئێمە دەبێ زۆر لەسەرەخۆ بین، بێ ئەوە کە پەلە بکەین، بێ ئەوە کە ئیشتبایەکی گەورە بکەین، دەگەڵ مەسائلی ئیقتیسادی بەرەوڕوو بین. وەزعی ئیقتیسادی ولاتەکەمان، شێوەی فیکر کردنەوەی خەڵکەکەمان، "مقدسات"ی خەڵکەکەمان، هەموو ئەوانە دەبێ لە نەزەر بگرین. ئیشتیبای گەورە زۆرجار نەتیجەی زۆر خراپی هەیەو کراوە لە زۆر جێگادا.

مەسەلەن نموونەیەکی دیکەتان بۆ بێنم لە باری ئیقتیسادی‌یەوە دەڵێم، پەروەردە کردنی بەراز لە هەموو حەیوانێك زیاتر قازانجی هەیە، گۆشتەکەشی لە هەموو دونیا لە هەموو گۆشتێکی مەرغووبترە، باشە ئەوە لە باری ئیقتیسادی‌یەوە. مومکینە "متخصص"ێکی ئیقتیسادیمان پەیدا بێ سبەینێ بڵێ ئێستا کە وایە منیش لە کوردستان دێنم گۆشتی بەراز پەروەردە دەکەم. باشە مومکینە بتوانێ لە بەینی "ئەهلی حەق"دا ئەو کارە بکا، چونکە ئەوان بۆخۆشیان بەراز خۆرن، باشە بەلاّم ئەوە کوردستانی مەرکەزی‌و شیمالی‌و لە بەشێکی زۆر لە کوردستانی جنووبی، ئەوەڵ کاری حیزبی دێموکرات ئەوە بێ بڵێ بەراز پەروەردە دەکەم، خەڵك دەڵێ چی. بڵێی کاسبی دەکەم. مەلاش خۆ نەمردووە، دیارە "الحمدلله" کەم بوون بەلاّم نەمردوون.

مەقسەدم ئەوەیە کە وەزعی ولاتەکەو ئەوە کراوەو ئەوە وەختێکە کە جمهووری‌یەکانی ئاسیای میانە بوون بە سۆسیالیستی، هێندێ "متخصص" کە لە بەشی رووسیەوە چووبوون ئەو شتانەیان نەدەزانی. بە زۆر دەیانگوت دەبێ بەراز پەروەردە بکەی، خەڵکەکەش دیارە راپەڕین بە زدیان. لەوە چاکتر نابێ، وەزعی خەڵکەکەیان نەدەزانی، نەیاندەزانی خەڵکەکە چۆن فیکر دەکاتەوە. جا مەقسەدی من ئەوەیە کە ئەوە مەسەلەن فەرز دەکەین کابرایەك دێت دەڵێن ئێمە دەمانەوەێ میوانخانەیەك درووست بکەین، ئاگای لە ئێمە نەبێ، تەماشا بکە لە هەموو دێیەکی جێگایەکی، ساڵۆنێکی زۆر گەورەی لێیە، زۆریش باشە، میوانخانە بۆ دروست دەکەن؟ ئەوە ئەو ساڵۆنە هەیە ئیدی. بەلام ساڵۆنەکە هی کوێیە؟ هی مزگەوتە. بیهەوێ مزگەوتەکان بکاتە میوانخانە. دەبێ؟ لە باری ئیقتیسادی‌یەوە زۆر قازانجی هەیە، چونکە پێویست نیە کە دروستی بکەین، ئەوە هەیە، مەوجوودە. بەلام لە باری وەزعی ولاتەکەمانەوە فەرقی هەیە، کەوابوو دەبێ هەمووی لە نەزەر بگرین، هەمووی بخەینە بەرچاو. هیچ شتێکی وەها نەکەین کە ببێتە هۆی تێکچوونی کۆمەڵی کوردەواری. ئەوەی کە لە هێندێ ولاتی سۆسیالیستی دەیبینین کە تێکچووە ـ کە لە راپۆرتی کۆنگرەش ئێمە ئیشارەمان پێ‌کردووە ـ ئەوە هەر ئەوەیە کە نەیانتوانیوە، تێ‌نەگەیشتوون لەوە کە ئەو میللەتە چی دەوێ، داخوازەکانی چینو چۆنی دەبێ بۆی جێبەجێ بکەن. نەتیجەی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین.

وەڵامی پرسیارەکان

* وەسایلی تەولید مالکییەتی سۆسیالیستی هەیە ئەمن هەر لە سەرەتای دەرسەکەمدا ئەوەم نووسی:

یەك؛ مالکییەتی عموومی سۆسیالیستی، دوو؛ مالکییەتی دەستەجەمعی یا تەعاوەن فەرق ناکا ـ "ئۆپراتیف"ی پیێ دەڵێن ـ، کە ئەو دووانە فەرقیان هەیەو حەتتا لە موقابیلی یەکتریش دانەو تەززادێك لە بەینی ئەوانەدا هەیە. چونکە ئەو تەززادە لە کوێ خۆی دەردەخا؟ لە بازاڕ.

ئەوانە، شتی دێهقانان بەرهەمی کشتوکاڵی دەبەنە بازاڕێ کە ئی خۆیانە ئی هەموو کەس نیە، ئی ئەوانە ئی خۆیانە، ئی کەڵخۆزێکە لە حاڵێکدا دەوڵەت کە نمایەندەی دەستەجەمعی‌یە ئی کرێکارانو ئی هەموو وڵاتەکە دەباتە بازاڕێ، ئەویش قیمەتی فەرزی‌یەو ئەوانەش بمانەوێو نەمانەوێ لە موقابیلی یەکتردا هەن، یەکێك دەبێتە خەریدارو یەکێك دەبێتە فرووشەندەو لە بەینی ئەو دووانەدا تەزادد هەیەو ئەو تەززادەش لەوێڕا دێ کە ئەساسەن لە خودی کاڵادا تەززاد هەیە کە دیارە ئێمە وەختمان نەبووە ئەوەی روون کەینەوە کە شتومەك یا کاڵا هەر لە سەرەتاوە لە خودی داخڵی ئەو کاڵادا تەززاد هەیە، بەینی شتێك کە ئێمە پێی دەڵێین ئەرزشو شتێك کە پێی دەڵێین ئەرزشی مەسرەف، وادیارە مەجبوور دەبم ئەو تەزادده روون کەمەوەو ئێستا لە هەر کاڵایەکی کە لە نەزەر بگرین کە دەیبەینە بازاڕێ دەڵێین مەسەلەن

کات، بلێین یەك ساڵە قیمەت، ئەو کەسەی کە لێرە دەکڕێ، ئەو کەسەی کە دەیفرۆشێ، لێرە برێك دیققەت بکەن ئەوە زۆر زەحمەت نیە هەرچەند ئەوە ئەساسی تیئۆری مارکسە، لە ئەساسدا خەڵك پێیان وایە کە زۆر زەحمەتە بەڵام ئەگەر دیققەت بکەن زۆر زەحمەت نیەو زۆر شتیان بۆ روون دەکاتەوە.

ئەو کەسەی کە دەیفرۆشێ تەماشای چی کاڵاکەی دەکا؟ بۆ وی ئەوە موهیمە کە ئایا مەسەلەن بە سەد تمەنی بفرۆشێ یا بە سەدو بیستی بفرۆشێ. بەڵام ئەوەی کە دەکڕێ با وەسفی ئەوە کە ئەویش پێی خۆشە قیمەتەکە کەمتر بێ بەڵام بۆ ئەو کاڵایە دەکڕێ؟ تەماشای لای مەسرەفیی ئەو کاڵایە دەکا، یانێ ئەرزشی مەسرەفیی کاڵا، کە بە کاری چی دێت؟ چونکە ئەگەر بەکاری نەیەت نایکڕێ. زۆر جار هەڵدەکەوێ کە لە بازاڕێکی بەریندا لەوێ دەبینین یەك نەفەر حازرە قیمەتی دوو هێندە بدا، چونکە زۆری پێخۆشە ئەو شتەی هەبێ، ئەرزشی مەسرەفیی هەیە بۆ وی، یا دەبینن مەسەلەن شتێك کە بە کاری بێ زۆر مومکینە ئەرزشی زۆر بێ بەڵام بۆ کاری کەسێك نەیە نایکڕێت، مەسەلەن دەبینی لەو پادگانە زۆر شتیان بردبوو کە ئەگەر لە جێگایەکی دیکە، لە جێی خۆی با زۆر ئەرزشی هەبوو، بەڵام چونکە ئەرزشی مەسرەفیی نەبوو بۆ ئەو کەسە کە بردبووی گوێی نەدەدایە ئەرزشەکەی.

کەوابوو لێرەدا ئەوەیە جارێکی دیکە ئەوەی کە فرووشەندەیە تەماشای ئەرزش دەکات یانێ کەمییەتی، ئەوەی کە خەریدارە تەماشای ئەرزشی مەسرەف دەکات یانێ کەیفییەتیو ئەوە ئەو تەزاددەیە کە لە کاڵادا هەیەو لە پاشان مارکس زۆر بە جوانی ئیسبات دەکا کە بوحرانی ئیقتیسادی سەرمایەداری ئەساسەن لەوەو هاتووە. جا ئەو تەزاددە دیارە لە بەینی خەریدارو فرووشەندەیدا هەموو وەختێك هەیە.

هەموو وەختێك ئەو تەزاددە هەیە، حەتا لە سۆسیالیزمیشدا، لە سۆسیالیزمدا عەرزەکە دەچێتە بازاڕی پووڵ، هەتا پووڵ هەبێ. کە ئاوێنەی ئەو تەزاددە پووڵە. ئەسڵەن پووڵیان بۆ ئەوە کەشف کردووە کە ئەو تەزاددە حەل بکا. بەڵام خۆ پووڵ هەر بۆ ئەوە پێکهاتووە کە ئەو تەزاددە حەل بکا. چونکو لەپێشدا چ بووە؟ لە پێشدا ئەوە بووە کە مەسەڵەن عەشیرەتێك شوان بووە، عەشیرەتێکیش کاری کەشاوەرزی بووە، تووشی یەکتر بوون بە تەسادف هێندێ کاڵایان ئاڵوگۆڕ کردوە، یانێ چەند کاڵا، ئاوا بوو چەند شتومەك لە موقابیلی چەند شتومەك. کەمکەم کە ئەم ئاڵوگۆڕە زیاتر

بووەو ئیمکانی ئەوە نەبووە کە مەسەلەن هەروا بە تەسادف یەکتر ببینن بەڵکو قەراریان داناوە لە فلاَن جێگە لە بازاڕ، ئەوانیش شوان بوونو مەڕیان هەبووە ئەوان هاتبوونە ئەوێ، ئەوانی شتومەکی کەشاوەرزیان هەبووە ئەوانیش چوونە ئەوێو پێکەوە لەوێ ئاڵوگۆڕیان کردووە ئەوە ئی تەسادفی نیە، ئەوە شتێکە کە پێشبینی کراوە.

لێرەدا کەم‌کەم هاتوونەتە سەر ئەوە کە ئیمکانی ئەوە نیە کە مەسەلەن ئەمن دەمهەوێ بڵێین جووتێ کەوشی بکڕم بچمە لای ئەو کەسەی کە کەوشی پێیە، بڵێم کەوشم دەوێو پوولێش لە گۆڕێدا نیە، دەڵێ ئەمن کەوشت دەدەمێ ـ بەلاَم پێموابێ لە کوردەواریدا ئەوە بە حەیاتیشی نابێ ـ کەوشی دەدەمێ مەسەلەن بچۆ فلاَن شتم بۆ بێنە، نازانم دایان بە داپیر، داپیر دای بەکێ، ئەوە ئەوەیە دەچێ لە لای یەکی دیکەدا دەڵێ ئەمن ئەوەت دەدەمێ بەلاَم تۆش بچۆ فلاَن شتم بۆ بێنە، دەبێ دوو سێ شتومەکی بکڕێو عەرزەیان بکا تا بچێتە لای ئەو کابرایە کە لە موقابیلی کەوشدا مەسەلەن بلێین چەقۆی دەوێ....

کەوابوو شتێکی کە ئەرزشی هەبێ خۆی یا پێموایە یا شتێکی ئاوا بووە، کالاَیەك هەبووەو ئەرزشی هەبووە. کەم‌کەم ئەوەش دیارە کە دەری‌ناهێنێ. مەسەلەن ئەتۆ دەتەوێ کالاَ زۆرتر ببێ، بەرهەم زیاتر ببێ. ئیدی ناکرێ تۆ مەسەلەن مەڕێکیان داناوە وەك ئەرزشێکی موتعادیل بۆ هەمووان، ئەو هەموو مەڕە وەبەر خۆت دەی. چ دەکەن؟ شتێکی وا پەیدا دەکەن کە هەم ئەرزشی هەبێو هەم حەملو نەقلی ئیمکانی هەبێو لە زۆر جیگاش هەبێ ئەوە مەسەلەن زیوە لە پاشان زێڕە. دیارە زۆر پرسیاری دیکەش هەیە بۆچی زێڕ بۆتە ئەو پوولە کە بۆتە بلێین ئەرزشی عموومی یا موعادیلی عموومی بۆ هەموو کەس، بۆ هەموو شتومەکێ؟ ئەوە نەتیجەی ئەو تەکامولەیە کە لە نەتیجەدا ئەسڵەن بە پێکهاتنی ئەوە کە پوولێ بەوجوود دێ، بۆخۆشی ئەرزشی هەیە لە موقابیلی هەموو شتومەکێکدا پوولێ هەبوو، دیارە پوولی کاغەزی باس ناکەم ئەمن پوولی زێڕ باس دەکەم. هەم ئەرزشی هەیە، هەم دەچێتە بازاڕێو ئەوە تەزاددەکەی حەل دەکا. هەرکەسێك شتومەکێکی دەدا پوولێ وەردەگرێ دەزانێ کە ئەو پوولە، بەو پوولە دەتوانێ هەر کالاَیەکی دیکە بکڕێ. ئەوە تەزاددەکەی حەل کردووە تا رادەیەکی زۆر، هەر لەو وەختەشدا دیارە هەر بۆیە هەتا

پوولّی زێڕ هەتا ئەو وەختە هیچ بوحرانێکی ئیقتیسادی لە سەرمایەداری‌دا نابیندرێ. بوحرانی ئیقتیسادی ئەو وەختە پێك‌دێ کە پوولّی کاغەزی جێگای پوولّی زێڕ دەگرێ. ئەوە ئیدی تەنیا چ ئەرزشێکی هەیە ئەو پوولّە کاغەزی‌یە؟ ئەرزشی ماددی. تەنیا ئەرزشی ماددی هەیە، ئەرزشی هیچ شتی نیە. ئەرزشی لە واقیع‌دا مەسرەفی هەیە، ئەرزشی نیە، هیچ ئەرزشێکی نیە. ئەوە پارچە کاغەزێکە قەراردادی عەکسێکێشیان پێوە ناوە کردوویانەتە سەد تمەنی. ئەگەر ئەو کاغەزە هەر وەکوو کاغەز بفرۆشرێ سەد تمەن ناکا مومکینە پێنج تمەن بکا.

* دەبێ دیققەت بکەن لە حالێك‌دا مالکیەتی عموومیی سۆسیالیستی مالکیەتی گشتیی دەولّەتی‌یە، مالکیەتی "کەلّخۆز"ی مالکیەتی ئەو کەسانەیە کە بۆخۆ کار دەکەن. ئەوە دەولّەتە، دەولّەت پاتۆلّیان پێ‌دەفرۆشێ ئەوانەش بە پوول! لە حالێك‌دا دەولّەت لە نیزامی سۆسیالیستی کە مەسەلەن ماشینێکی دەدا بە بۆنگایەکی دیکە هەتا ماوەیەکی ٢٠ ـ ١٠ میلیۆن تمەن پوول ئالّوگۆڕ دەکرێ، بەلاّم دەولّەت هەرچی بدا بە کەلّخۆزەکان پوولّیان لێ‌دەستێنێ یانێ دەولّەتی نیە.

پێم‌خۆشە ئاگاتان لێ‌بێ لەوە ئەگەر بیستووتانە حەتمەن، یەکێکیان هەیە پێی دەلّێن "کەلّخۆز" یەکێکیان "سەلّخۆز". کەلّخۆز (COLECTINE) یانێ دەستەجەمعی. کەلّێکتین ئی سۆسیالیزمە یانێ ئیقتیسادی دەستەجەمعی. ئیقتیسادی سۆسیالیستی دیارە یەك شتیشی لەگەلّە. بەلاّم سەلّخۆز یانێ هەموو، گشتی. جا کەوابوو هەردووکی سۆسیالیزمە، یەکێکیان دەستەجەمعی‌یە یەکێکیان دەولّەتی‌یە. یانێ لە حالێك‌دا ئەوەیان دەستەجەمعی‌یە، ئەوەیان ئی دەولّەتە. ئەوە وەکوو کارخانە وایە هەرچەند لە دێهاتیش‌دا بێ. وەکوو کارخانە ئی هەموو دەولّەتی‌یە بەلاّم کەلّخۆز ئیٚ هەموو کەس نیە، ئی ئەو کەسانەیە کە شیرکەتێکی تەعاوەنیان پێك‌هێناوەو لە ئەساس‌داو ئی ئەوانە کە عوزوی ئەو شیرکەتەن.

بازاڕێکی گشتی هەیە چۆن تابیعی خۆیانە، دیارە قیمەتەکان لێرە تا رادەیەکی زۆر دەولّەت تەعینیان دەکا بۆ هەردووکیان. ئەوە یەکێك لە ئیشکالّە ئیقتیسادی‌یەکانی سۆسیالیزمە. چونکو ئەگەر دەولّەت قیمەتەکەی کەم دابنێ، کەلّخۆز ئەوەندە عەلاقەی نیە مەسەلەن بلّێین یەرەلّماسی تەولید بکا، جا ئەوەیە یەرەلّماسی دەبینین کەم بووە جا دەولّەت مەجبوورە قیمەتەکەی زیاتر بکا بۆ وەی کە

کەڵخۆزەکان عەلاقەدار بن بۆ وەی کە یەرەڵماسی زیاتر تەولید بکەن. ئەوە مەسەلەی قیمەتە لە وڵاتی سۆسیالیستیدا لــە واقیعدا بێجگــە لــە هێنــدێ شــتی زۆر کــەم، هەمووی دەوڵەت دیاریی دەکا. هی شتومەکی سەنعەتی ،هی شتومەکی کشتوکاڵی، هی شتە کەمەکان ئەوانەی کە شتی فەسـڵیان هێنـاوە، مەسـەلەن فەرزکـە سـەوزی دەفرۆشێ، دەوڵەت ئیدی لەوێ حدوودێك دادەنێ چواچێوەیەك دادەنێ. لەمەوبەدوا لە بەینی ئەو چوارچێوەیە مەسەلەن دەتوانێ زیاتر بفرۆشێ، یانێ قیمەتەکەی زیاتر یـان کەمتر بکاو ئەوە مەربووتە بە عەرزەو تەقازای رۆژ. ئەوە هەیە بەڵام ئەوە مەربووتـە بە هێندێ شتی زۆر کەم.

مەسەلەن فەرزکە گیلاس تازە هاتووە، نۆبەرە ئــەوە ئیـدی قیمەتـەکان بۆخۆیـان دیاری دەکەن، گرانترە چوار رۆژی دیکــە هــەرزانتر دەبــێ ئـەو جـۆرە شـتانە. بـەڵام مەسەلەن ئەگەر ئۆتۆمبیل بێ دیارە دەوڵەت قیمەتەکەی لەپێشدا دیــاری کــردووە. ئەگەر گەنم بێت دەوڵەت لە پێشدا قیمەتەکەی دیاری کردووە یا لۆکە بێ یــا خــوری بێ ئەو جۆرە شتانە. بەڵام ئەو شتە فەسڵیانە جارجــار رێگایــان دەدەنــێ بــۆ ئــەوەی تەشویقی کەن کە لە فەسڵیدا هەبێ هێندێك ئازادییان هەیە کە لــە چوارچێوەیــەکی موعەییەندا قیمەتەکە کەمو زیاد بکەن.

* مالکییــەتی خسووسـی، مـالکییـەتی وەسـایلی تـەولیدە بـەڵام مالکییــەتی شەخسی: کراس، ماشێن، خانوو، ئەوانەی کە من هەمە. مەسەلەن ئێستا لـە وڵاتــی سۆسیالیستی تــۆ ٥٠٠ دەسـت لیباسـت هـەبێ کـەس هیـچ نـاڵێ، بـەڵام فەرزکـە وانێتێکت هەبێ، وانێتەکە بەکار بهێنی بۆ ئەوە یــەکێکی پــێ ئیستیسـمار بکـەی. کارت بۆ بکا، بارت بۆ بکێشێ، ئەوە مالکیەتی خسووسیو ئەگەر وانێتەکە بۆخـۆت بەکاری بێنی دەبێتە مالکییەتی شەخسی. یانێ موهیم ئەوەیە کە ئەرکی ئــەو شــتە کە تۆ هەتە چییە نە ئەوە بۆ خۆی بێ. حەتتا مەسەلەن بیســتوومە کــە لــە هێندێـك کەڵخۆز خانەوادەی وا هەبووە کە دوو، سێ خانەوادە پێکەوە ئۆتوبووسێکیان کڕیــوە، ئەوەندە زۆرن بە یەك ماشین ناتوانن هاتوچۆ بکەن بە ئۆتوبووس هاتوچۆ دەکەن. بەڵام ئۆتوبووسەکە ئیدی بە کرێ نادەن یانێ کەس پووڵ نادا چوونکە ئی خۆیانە. کــەوابوو ئۆتوبووس دەتوانێ مالکییەتی شەخسی بێ. بەڵام ماشــینێکی شەخســی ئەگــەر تــۆ

بیکەی بە تاکسی بەکاری بێنی یا شۆفێرێکی لە سەر دابنێی ئیستیسماری بکەی
ئەوە ئیدی مالکییەتی خسووسیە.

زۆر کەس هەن کە مالکییەتی شەخسیو خسووسی تێکەڵاو دەکەن. شەخسی ئەوەیە کە هی خۆیەتی، ئیستیسماری تێدا نیەو حەتتا دەتوانێ هەرچی پێی خۆش بێ هەیبێ.

کتێبێك هەیە ـ ئەگەر رۆژێك تەرجومە کرابێتەو کتێبێکی زۆر باشە ـ یەکێك لە کتێبە هەرە باشەکانی شوورەوی لە باری ئیجتیماعیو ئیقتیسادیەو زۆر خۆشیشە دوو نەفەر نویسەندە نووسیویانە کە یەکێکیان ناوی "میخایل"ەو یەکێکیان ناوی "ئێدوارد"ە. ئەو کتێبە کە لە سەر کابرایەکی فێڵەباز نووسراوە نێوی "بەندەرە" ئەوە زۆر لە شوورەوی‌یە بەڵام زۆر فێڵەبازە، ئەوەندە فێڵەبازە کە پاشماوەیەکی زۆر ١٠ میلیۆن روبڵی هەیە، ئێستا تەواوی هەمی ئەوەیە کە ئەو ١٠ میلیۆن روبڵە چۆ خەرج بکا. باشە بیداتە چی؟ هەر بۆخۆی خانوو دەکڕێ، بۆخۆی ماشێن دەکڕێ خانووی یەیلاقی درووست دەکاو هەمووی بە کەیفی خۆی خەڵاس دەکاو تەواو دەبێ ئەوەی دیکەش کە دیارە ئەوەندە سەد رووبل قیمەتی زۆر زۆرە، ئەوی دیکە هەرچی دەکات چۆنی خەرج بکا، نە دەتوانێ کارخانە دابنێ، نە دەتوانێ لە بانکی دابنێ ببێ بە سەرمایەدار، هیچ ناتوانێ بکا. مەقسەدم ئەوەیە کە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ک ئەوەندە ئیمکان هەیە بۆ مالکییەتی شەخسی ئیدی بۆ مالکییەتی خسووسی ئیمکانی نیە ئەوە.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ لە بارێکی دیکەوە ئیقتیسادی پێشکەوتووی سۆسیالیستی لەگەڵ ئیقتیسادی پێشکەوتووی سەرمایەداری موقایسە بکەین، فەرقێکی دیکەش هەیە. فەرق ئەوەیە کە مەسەلەن بچیە مەغازەی "لافالیە"ی پاریس کە یەکێك لە مەشهوورترین مەغازەکانی دونیایە دەبینی ـ دیارە جاران پڕ بوو لە ئێرانی ئێستا ئێرانی کەم دەچن ـ تەقریبەن بەتاڵە دەتوانی بە ئاسانی بچی هەموو شتێك بکڕی بەڵام ئەگەر بچیە مەغازەی "هوم"ی مۆسکۆ کە ئەویش مەغازەیەکی گەورەیە لە مۆسکۆ، ئەویش مەشهوورە، جێگا دەست ناکەوێ. ئەوەندە زۆرە یانێ لە موقابیلی ئەو شتومەکە کە لە بازاڕدا هەیە لە وڵاتی سەرمایەداریدا خەڵك ئەوەندە پوولیا

پێ نیە، دیارە ئیشکاڵە بۆ کرین. لە حاڵێکدا لە وڵاتی سۆسیالیستیدا پووڵیان پێیە شتوومەکەکە دەکڕن.

ئەوەیە کە زۆر ئیقتیسـاددانی سـەرمایەداری هاتوونەتـە سـەر ئـەو بـاوەڕە کـە ئیقتیسادی سۆسیالیستی ئیقتیسادێکی تەقازاییە تا تـەقازا نـەدرێ شـتەکە نیـە. ئیقتیسادی سەرمایەداری ئیقتیسادێکی عەرزەییـیە یـانێ شـت زۆرە بـەڵام خـەڵك کەمتر شت ئەکڕن. کەوابوو ئەگەر سۆسیالیزم بتوانێ ئەو مەسەلە، کە مەسـەلەیەکی زۆر حەساسە حەل بکا، یانێ ئەگـەر بتوانـێ شـتومەك بـە ئـەندازەی کـافی بەرێتـە بازاڕێ، چونکە ئەمن بە چاوی خۆم دیومە کە مەسەلەن لـە پراگـێ ژیـاوم، دەبینـی مەسەلەن تەلەڤیزیونی رەنگی مەخسوسیان هێناوە، هەر ئەو وەختەی کـە هێناویانـە مەغازەی، ئەمن کە مەسەلەن ئوستادی دانشگا بووم لـە گیرفـانم ئەگـەر ٥٠ کـرۆنم هەبووە زۆر بووە ئەو خەڵکەی کە بەوێدا رۆیشتووە سەف راوەستاوە کڕیویـەتی. کـە هەر دەستبەجێ ئەگەر سەد تەلەڤیزیونیان هێناوە هـەر دەسـتبەجێ کـە کاڵایـەکی تازەو جوان بووە بێ ئەوەی بچنە ماڵێ پووڵی بێنن یا بیبەنەوە هەر ئەوەندە پووڵیـان لە گیرفاندا هەیە کە "بلافاصلە" بتوانن ئەوە بکڕن. دیارە ئەوان زۆرتـر دەقیقـن لـە خەرجکردندا لە ساڵدا.

شتێکی زۆر دەقیقی ئیقتیسادی بۆ من دەرکەوت لەوێ کە مەشرووباتی ئـاڵکۆڵی زۆرتر ودکاو ویسکیو ئەوانە سەدی بیست گرانترە ـ جا بزانـین ئـەو میللەتـە چـەندە دەقیقە کە ـ پاش ساڵێك کە حیسابیان کرد سەدی بیست مەسرەفی ئەو مەشـرووباتە هاتبووە خوارێ. سەدی بیست گرانیان کرد سەدی بیست لیستی مەسـرەفەکەی هاتـە خوارێ. یانێ دەقیق دایانناوە چەندی خەرج بکەن. دیارە ئەمن لە ئیقتیسادی گەورە، ئیقتیسادی ئیدارە کردنی وڵاتێك لەوە زۆر باش دەزانم بەڵام لە ئیقتیسـادی خـۆم زۆر خراپ دەزانم. لەبەر ئەوە هەموو وەختێ گاڵتەیان دێت.

مەسەلەن ئەمن دۆستێکم هەبوو یـەعنی ئـەوەی کـە مـن مەسـەلەن دە، دوازدە دۆستێکم هەبوو کە لەگەڵ من کاریان دەکرد. ئەمن کە دەچووم کارم دەکرد ئـەوانیش دەهاتن. مەسەلەن هەموو جارێ ئەوان بوون کە پووڵیان بە قـەرز ئـەدا بـە مـن، لـە حاڵێکدا کە من هەموو جـارێ سـێ، چـوار بەرانبـەری ئـەوانم وەردەگـرت. فەقـەت مەقسەدم ئەوەیە ئەوان ئەوەندە دەقیقن لە پاشان بەڕاستی ئەو پووڵە هەیە.

* له ولاّتانی سۆسیالیستی به گشتی بەلاّم له چیکۆسلۆواکی به هەر یەك نەفەر به منداڵەوه یەکێ ٢٠٠٠٠ تا ٢٥٠٠٠کرۆن، دیاره ئەوه وەك ئەمن وایه که له بانكدا هەیه، خانەوادەیەکی چوار نەفەری ١٠٠٠٠٠کرۆنی هەیه ئەگەر تەقسیمی کردووه ئیوا هەیه زیاتری بووه، ئیوا هەبووه کەم بووه. دیاره فەرقێکی دیکەی سۆسیالیزم ئێستا که باسی دەکەین ئەوەیه که دەگەڵ ئەوه دوو نەوعن یەکێکیان هەیه که سوودیان ناوێ فەقەت دایدەنێن بۆ ئەوەی که نازانم جارجار مەسەلەن قورەکەشییەکی دەکەن شتێکیان دەدەنێ جارجارێکیش زۆر کەم نازانم چەنده دوو سێ دانه زۆر کەم دەدەن به کەسی نەناس زۆر کەم دەدەن چووزانم چونکه ئەمن وەکو خۆم بەڵێ نیسبەتی هەیه.

واقعییەت ئەوەیه که له ولاّتی سۆسیالیستیدا به دوو عیللەت تەوەڕوم پەیدا دەبێ. یەکێکیان ئەو هۆیه که باسم کرد کالاّکه کەم بوو و پوولّ زۆر بوو تەوەڕوم پێك دێ. یەکی دیکەش بیانەوێ و نەیانەوێ جارێ ئیقتیسادی سۆسیالیستی له ژێر تەئسیری هێندێ قەوانینی ئیقتیسادی سەرمایەداری دایه. چونکه له بازاری جیهانیدا ئیقتیسادی سەرمایەداری "اختصاص" ئەدا، نیشان ئەدا. له نەتیجەدا تەوەڕومی ئیقتیسادی سەرمایەداری تەئسیر دەکاته سەر ئیقتیسادی سۆسیالیستی.

بەو دوو عیللەته له ئیقتیسادی سۆسیالیستیدا تەوەڕوم پێكدێ. بەلاّم تەوەڕومەکه زۆر سەبرتر، زۆر کوندتره له ولاّتی سەرمایەداری. یەکجار زۆر فەرقی هەیه. مەسەلەن فەرزکەن له ١٥ساڵاندا قیمەتی نان نەگۆڕاوه، مەبەست ئەو شتانەی که دەوڵەت پێی وایه که شتی ئەساسین. تەقسیمی دەکەن به شتی ئەساسی، به شتی لوکس. له شتی لوکسدا قیمەت کەمتر دەچێته سەرێ. مەسەلەن فەرزکه ماشێن ئێستاش لەو ولاّتانه به شتی لوکس دانراوه جا لەبەر ئەوه ئوستادێکی دانشگا مەسەلەن دەبێ ١٠ مانگ کارێ بکا تا ماشینێك بکڕێ. له حاڵێکدا له غەرب مومکینه به مانگێك یان دوو مانگان بتوانێ ماشینێ بکڕێ. ئەوه ماشین بەلاّم له موقابیلدا مەسەلەن ئەمن له بیرمه که به ١٥ ساڵان جارێك قیمەتی گۆشت، شیر، پەنیرو نانو ئەو جۆره شتانه، کرێخانوو و ئەوانه دەگۆڕدرێ.

ئەوه ئیدی شتی، بۆچوونی ولاّتی سۆسیالیستی یانێ ئیقتیسادی سۆسیالیستی، ئیقتیسادی سەرمایەداری لەو شتانەدا زۆر فەرقی هەیه. ئەوەی دەوڵەت دەیدا له

ولاتی سۆسیالیستیدا فەرق دەکا، لە حالێکدا ئەوەی دەولەت دەیدا لە ولاتی سەرمایەداری زۆر فەرقی هەیە. ئەوەی کە فەردییە، مالکییەتی خسووسییە لە ولاتی سەرمایەداریدا، چونکو رەقابەت هەیە هەرزانترە، مەسەلەن کرێخانوو ئەسلەن قابیلی موقایسە نیە لە ولاتی سۆسیالیستی زۆر کەمە، هەروا سینەما، هەروا فەرهەنگ بە گشتی هەروەها لە موقابیلدا مەسەلەن لیباسو حەتا خواردنو زۆر شتی دیکە بە تایبەتی خواردنی باشتر لە ولاتی سەرمایەداری زۆر هەرزانترە.

ئەوە دیارە شتێکە کە بۆخۆی قانوونێکی هەیە مەسەلەن هەرچی ولات پێشکەوتووتر بێت خەلك کەمتر لە داهاتی سەرانە دەدا بە خواردن. فەرزکە لە دێهاتی کوردستان مومکینە ئەو زەریبە سەدی نەوەد بێ، سەدی دەی داهاتی خۆی دەدا بە شتی دیکە، شتی دیکە دێنێ کە زۆر کەمە باقی هەموو دەمێنێتەوە بۆ خواردن. هەرچی فەقیرتر بێت، لەو مەحەوەتانە خانەوادەیەکی فەقیری دە، دوازدە نەفەری بێ، داهاتی مەسەلەن بلێین مانگێ هەزار تمەن بێت لەوە ٨٠٠ الی ٩٠٠ تمەنی دەچێ بۆ خواردن. بەلام مەسەلەن دەبینین لە ئامریکا ئێستا ئەوە سەدی بیستی داهاتەکەی دەچێ بۆ خواردن. سەدی هەشتای دەمێنێتەوە. مەسەلەن لە چێکۆسلۆواکی سەدی چلی داهاتەکە دەدا بە خواردن. فەرزکەین چێکۆسلۆواکی موقایسە بکەین لەگەل فەرانسەدا، ئەتۆ بتهەوێ لیباس، کەوش بۆ مندالەکەت بکڕی زۆر هەرزانترە لە چێکۆسلۆواکی هەتا لە فەرانسە. بەلام تۆ ئەگەر مەشرووباتی ئەلکولی بکڕی لە فەرانسە زۆر هەرزانترە تا چێکۆسلۆواکی، چوونکە ئەو قیمەتی مەشرووبی توند مەسەلەن "وتکا" دەباتە سەرێ، دوو سێ هێندەی دەکا بە دوو دەلیل، چوونکە نایهەوێ خەلکەکە مەشرووبی زۆر بخواتەوە، مەخسووسەن مەشرووبی توند زۆر بخواتەوەو لە پاشان دەیهەوێ لەوە ئیستیفادە بکا پارەیەکی، پوولێکی زیاتر دەست کەوێ بۆ ئەوەی فەرقی ئەوەی کە مەسەلەن لیباسی مندالان بە هەرزان دەفرۆشێ، لەوێ فەرقەکەی لابا.

ئەوە بۆچوونێکی دەولەتییە، نیزامی سۆسیالیستییە. چون مەسەلەکە ئاوا مەترەحە دەولەتیش تەسمیم دەگرێ ئەوەی دەکا بەلام خۆ ئەتۆ لە ولاتی سەرمایەداریدا ئەوەی ئەلکولی دەفرۆشێ یەکێکی دیکەیەو ئەوەی کە جلکی مندالان دەفرۆشێ یەکێکی دیکەیە. ئەوە ناتوانێ لەوێ جێبەجێی بکا. ئەوە فەرقی

هەیە، یانیٚ هێندیٚ شت زەروورياتـــەو ئەساسـیـیە لەوانـەدا. تیٚدەکۆشـن قیمەتەکـە هەرچی کەمتر بێت باشترە، هەرچی سابتتر بمێنیٚ باشترە. مەســەلەن فەرزکـە ئـاوە، بەرقە، تەلەفوونە، پۆستە، بێهداشتە، بێهداشت تەقریبـەن لـەو ولاٚتانـەدا مەجانیـە، ئەوانە سابیتن. مەسەلەن کتێبە، کتێب چاپ ناکریٚ، من بۆخـۆم تـا ئـەو وەختـە لـە ئورووپا بووم چی کتێبێکی ئەوەی کە مەربووت بوو حەتا لە دوورەوەش، ئەدەبیش بـا دەرچووبا لە پێشەوە خەبەرم دەدا بە ئیسلاٚح کە بۆم بنێرن، پوولٚم دەدا. بەلاٚم ئەگـەر یەك چوارەمی ئەوە بمویستبا لە فەرانسە بکڕم دەبوا هەموو شتێکمان دابا بە کتێبو پالٚم دابایەوە. چونکو قیمەتیان زۆر فەرقی هەبوو.

کتێبو رۆژنامە، فەرهەنگ مەسەلەن، سینما، تەئاتر، تەئاتریٚکی کـە دەچـی لـە پاریسیٚ دەبیٚ مەسەلەن ١٠٠ فرانك بدەی، لە حالێکدا ئەو تەئاترە سەبکێکی کۆنە. بۆ یەکێك دەبیٚ کە "روشنفکر" بیٚو زیاتر بە فەرهـەنگی بـژی، نـانی کـەمتر بخـوا، ئەنواع گۆشتی نەبیٚ وەکوو لە فەرانسە هەیەو ئینســان نێوەکانیشـیان نـازانیٚ. ئـەو بۆوان باشترە. ئەگەر مەسەلەن یەك، دوو کیلو مەسەلەن خواردنو خواردنەوەو ئەوانـ بیٚ دیارە ئەویٚ باشترە. ئەوە ئەو فەرقە بوو کە دەبیٚ عەرزتان بکەم.

لە حالێکدا لە ئێرانی خۆمان یا لە فەرانسە فەرقەکە جاری وا هەیە لە یەکەوەیـ هەتا هەزار. یانیٚ ئەوە کە دەبینی یەك نەفەر هەیە کە داهاتی هەزار تمەنـە مـانگیٚ ئی دیکەش هەیە کە داهاتی یـەك میلیـۆن تمەنـە مـانگیٚ. یـانیٚ هـەزار بەرابـەر ئەوەیدیو ئەوە لە ئالٚمانیٚ کەمیٚ کەمتر، لە سوئێدیٚ زۆر کەمترە، لـەویٚ توانیویانـ تا رادەیەك مەحدوودتری بکەن. بەلاٚم لە چێکۆسلۆواکی مەسەلەن حەدیئەکسەر یەك هەتا دەیە. ئیستیسنائەن لەوە زیاتر جاری وا هەیـە ١٠٠٠ تمـەنی هەیـەو یـەکیـ ١٠٠٠٠ تمەنی هەیە. نووسەرێکی زۆر مەسەلەن موهیم، مەسەلەن هونەرپیشـەیەکی زۆر موهیم یـا نووسـەری کتێبێـك کـە کتێبەکـەی مەسـەلەن ١٠٠٠٠٠ نوسـخە دەفرۆشرێت یا عالمێك کە مەسەلەن شـتێکی کەشـف کـردووە مومکینـە مەسـەلە بگاتە ٢٠٠٠٠ یا زیاتر. بەلاٚم ئەوە ئیستیسـنایە، ئـەوە یـانی لـە سـەدی یـەکیـ کەمترە. بەلاٚم ئەوی حەدەئەقەل وەردەگـریٚو ئـەویدی دەیـە، فەرقەکـە زۆر کەمـ داهات فەرقی هەیـە هـەموویان وەك یـەك نیـە بـەلاٚم فەرقەکـە زۆر کەمـە، وەزیـ ١٠٠٠کرۆن وەردەگریٚ، فرووشەندەیەك (کچێکی ١٦ـ١٥ ساڵە کە تازە دەچێتە نێـ

کار) داهاتی کەمتر وەردەگریٚ. بەلاٚم ئیدی یەك بە هەزار نیە. لە پاشـان یـەك شـتی دیکەش کە پیٚموایە موهیمە ئەوەیە کە سەدی دەی خەلٚکەکە لە بەینی ئەوانەیـە کـە لە هەمووان کەمتر وەردەگریٚ، سەدی دەش لەوانەیە کە زۆرتـر وەردجـەگریٚ، سـەدی هەشتا داهاتیان مەسەلەن بـەینی ٢٥٠٠ تـا ٤٠٠٠ە، یـانیٚ تەقریبـەن وەك یەکـە. سەدی دە مەسـەلەن ١٠٠٠٠، سـەدی دەش ١٠٠٠، بـەلاٚم ئیـدی سـەدی هەشـتای خەلٚکەکە داهاتیان لە نیٚوەنج دایەو ئەوە یەك شتی هەیە مومکینە داهات کەمتر بیٚ لە سۆسیالیزمدا. ولاٚتانی سۆسیالیستی ئەگەر چیٚکۆسـلۆواکیو ئالٚمـانی شـەرقی لـە نەزەردا بگرین، یانیٚ ئەو ولاٚتانە پاشکەوتوو بوون لـەپیٚشدا. بـەلاٚم هـەرچی داهـات هەیە زۆر عادلاٚنەتر دابەشی دەکەن. زۆر عادلاٚنەتر لە ولاٚتـی سـەرمایەداری دابـەش دەکریٚ.

چیٚکۆسلۆواکیو ئالٚمـان فـەرقیان هەیـە لەگـەلٚ زۆر ولاٚت بـەلاٚم فەرقەکـە لـیٚرە کەمترە، فەقەت لە شوورەوی ئەو فەرقە جاران زیاتر بـوو، رۆژبـەرۆژ کـەمتر دەبـیٚ. ئیٚستا مـەسەلەن یەك هەتا پانزدە مومکینە مەسەلەن حەتا ئەکسەرییەتی کـەمتریش بیٚ ئیٚستا. کەمتر بوونەکە ئەوەیە کە ئی سەریٚ کەم ناکەن، ئی خواریٚ، یانیٚ ئـەوەی هەزارەکە وەردەگریٚ ئەوی رۆژبـەرۆژ پوولـی زیـاتر، توندتـر دەچیٚتـە سـەریٚ. ئـەوی دیکەیان یان ناچیٚتە سەریٚ یان زۆر کەم دەچیٚتە سەریٚ. بەلاٚم ئەگەر ئینسان حەق بلیٚ ئەگەر مالیٚاتەکەی حەسیٚب بکەین، ئیٚستا ولاٚتیٚکی وەك سوئیٚد کە سـەرمایەدارییە لـیٚرەشدا ئەگـەر ئیستیسـمارو سـەرمایەدارەکانو ئەوانـەی لیٚ دەرکـەین فەرقەکـە کەمترە. ئەوانەی حقووق بگیٚرن فەرقەکـەیان هـەر تەقریبـەن ئەوەندەیـە. جـا ئیـدی مـەسەلەن لە ئامریکا لە ولاٚتەکانی دیکە بە تایبەتی فەرانسە لە ئالٚمان باشـترە، لـە فەرانسە فەرقەکە زۆر زۆرترە. ئیوا هەیە بەراستی داهاتی ١٠میلیۆنە لە مـانگیٚدا، ١٠میلیۆن فرانك. ئـیواش هەیـە ١٠٠٠ فرانـك یـانیٚ یـەك بـە دەهـەزارە ئـەوەش فەرقیانە.

* لە سۆسیالیزمدا سیٚ شت لە نەزەر ئەگرن بۆ ئەوەی حقووق بدەن بە کەسـیٚکی. یـەکیٚکیان کەمییـەتی کارەکـەیـەو یـەکیٚکیان کەیفییـەتی کارەکـەیـەو یـەکیٚکیان ئەهەمییەتی کارەکەیە. بە پیٚی تیئۆریی مارکسیستی دەبـیٚ لـە رووی کەمییەتـەوە بدەین، بەلاٚم مارکس کار تەقسیم دەکا بە کاری "سـادە"و کـاری "مرکـب". کـاری

سادە کاری کرێکارێکی سادەیە کە کاری ساختمانی دەکا. کاری "مرکب" کاری ئەو موهەندیسەیە کە کاری ساختمانی دەکا ئەوە ئەو کارەیە کە پێشتر مەسەلەن ٦ ساڵ تەحسیلی کردوە، کاری کردوەو ئەوە کۆبۆتەوەو ئێستا دەبێ حەقەکەی وەرگرێ. ئەوە مارکس بەو جۆرە حەسێبی دەکات. دیارە بەگشتی کرێکارێك دەبێ کەمتر لە موهەندیسێك حقووق وەربگرێ، ئەوەش بەجێیە یانێ ئەگەر کەیفییەتو کەمییەتەکەی لە نەزەر بگیرێ. بەلاّم لە هەموو ولاتێکدا ئەو عامیلی سێهەمەیش تەئسیری خۆی هەردەکا، ئەویش ئەهەمییەتەکەیەتی. ئەهەمییەت چیە؟

... بە فەرزی میسال سێ‌سەد میتر بچیە بن عەرزی لەوێ کاری بکەی وەك پاداش ئەگەر پوولێکی زۆرتر نەدەی بە کارگەرێك حازر نیە ئەو کارە بکات، چوون کارەکەی زۆر سەختە، حالّی عەرزم بوون، ئەهەمییەتی ئەو کارە بۆ ئیقتیسادەکە زۆرترە. کەوابوو ئێستێسنائەن کارگەرێکی زوغاڵ‌سەنگ مومکینە لە موهەندیسێکی ساختمانی زیاتر حقووق وەرگرێ.

ئەوەی کە دەڵێن کارگەر زۆرتر وەردەگرێ لە ولاتی سۆسیالیستی‌دا، جارجار ئەوەیە، چونکو ئەو کارە کارێکە کە کەس حازر نیە بیکا. وەکوو کارگەی ئۆرانیۆم، دەزانن ئەوانەی کە لەگەڵ ئۆرانیۆم کاری دەکەن ئەگەر فیزیکدان لێرە هەبێ دەبێ کە پێمان بڵێ کە ئۆرانیۆم شۆینی خراپی لە سەر ئۆرگانیزمی ئینسان هەیە. حەتا ئەو دوکتورانە کە کاریان تەنیا رادیۆگرافی‌یە، عەکسبەرداری دەکەن بۆ ئەوانیش خەتەرە ئەگەر مانعێکی گەورە درووست نەکەن تەئسیر دەکا لە سەر ئۆرگانیزمیان. ئەوە خەتەری گیانیی هەیە بۆیان. جا کەسێ کە دەچێ لە مەعدەنی ئۆرانیۆم کاری دەکا، دیارە دەبێ حقووقێکی زیاتر وەربگرێ هەتا حازر بێ بچێ ئەو کارە بکا. چونکو ئەکسەرەن کە دوو ساڵ، سێ ساڵ لەوێ کار دەکەن ئەوێ جێ‌دێڵن. لەو دوو، سێ ساڵەدا کار دەکا دەبێ ئەوەندەی حەوت ساڵان حقووق وەربگرێ، دەنا ناچێ ئەو کارە بکا. چونکە ئەهەمییەتی ئۆرانیۆم بۆ ئیقتیسادی ولاتەکە یەکجار زۆرە لە سەر ئەو ئەساسە حازر دەبێ بچێ.

کەوابوو تیکراری دەکەمەوە کەمییەتی کارەکە، کەیفییەتی کارەکەو دیارە ئەهەمییەتی کارەکە، ئەو سێ ئەسڵەیە کە حقووقی هەموو ئینسانێك لە ولاتێکی سۆسیالیستی‌دا تەعیین دەکات. ئەوە هیچ مەعنای ئەوە نیە کە لە سۆسیالیزمدا

فروفێڵ نیە، ئەویش هەیە، جاری وا هەیە دەبینی مەسەلەن دزی دەکا یا حوقەبازی دەکا یا بە کارێکی کەم، دەبینی مەسەلەن چ دەکا، ئەوەم بە چاوی خۆم دیوە مەسەلەن کابرایەك دادەنیشێ ٥سالان زەحمەت دەکێشێ کتێبێك دەنووسێ، شتێکی باشە، کتێبەکە ئەگەر چاپ ببێ مەسەلەن مومکینە پوولێکی زۆریشی بدەنێ، بەلام هیواش هەیە کە دەچێ لە دوو سێ کتێبی خارجی هێندێ شت لەم لا کۆ دەکاتەوەو هێندی لەو لا مەسەلەن شتی زۆر ئەوا مەسەلەن یا پەندو مەتەڵە کە زۆر مەرغووبە لە لای خەڵکی لە دوو بەرگان چاپی دەکاتەوە زۆر زۆرتریش دەفرۆشرێ، شتێکی واقعی‌یە مومکینە دووهەزار نوسخە بفرۆشێ، کتێبێك لە سەر کەشفێکی ئەتۆمی چاپ بکەی تۆ مومکینە سەد کەس عەلاقەیان بێ ئەو کتێبە تەماشا بکەن، بەلام کتێبی رۆمانێکی شیرینی عاشقانە بێت مومکینە دووسەد هەزار کەس، سێسەد هەزار کەس ئەو کتێبە بکڕن، یا مەسەلەن شتێکی شەرقی بێ داستانی هەزارو یەك شەبی تەرجومە بکەی مومکینە زۆرکەس بیکڕن. جا ئەوەش دەزانن کە ئەوە مومکینە هەر بەڕاستی راستەوخۆ دزی بکا.

مەسەلەن زۆر سەیرە دەوڵەمەندترین ئەشخاسی ولاتی مەسەلەن سۆسیالیستی ئورووپا کە بژی لەوێ نەك ئەوەی کە لە کتێبەوە شتێك دەربێنن، مەسەلەن سەلمانی یەکێك لەو شوغلانەیە ئەویش نە لەبەر ئەوە نرخی گران بێ، نەخێر دوو، سێ فیلمی ئیرانی تەرخان دەکا، بەلام ئەو ئەنعامەی کە وەردەگرن ئەوە حقووقەکەی ئەوەندە زۆرە کە دەبینی لە سەری زیادە یا لەو باشتر گارسۆنی ریستوورانە، باشترین کارە چونکو ئەنعامیش وەردەگرێو ئەمن بۆخۆم بە چاوی خۆم دیومە گارسۆنێك هاتووە کە زۆر دەچوومە ئەو ریستوورانەی، ساڵەهای ساڵ لە سەرەتاوە کە هاتبوو هیچی نەبوو، پاش سێ، چوار سالان، خانوویشی هەبوو و ماشینیشی هەبوو، پوولێکی زۆریشی هەبوو، بۆ خۆیشی ئاشنام بوو بۆی باس دەکردم، داهاتی سەعاتی تەقریبەن دوو هێندەی داهاتی من بوو کە ئوستادی دانشگا بوومو ئەوە دیارە موخالیفی ئەو سێ ئەسڵەیە، رێگایشی نیە تا ماوەیەکی زۆر ناتوانین پێشی پێبگرین. چونکو ئەو کارە موشەخەسە، ئەوەی لەگەڵە.

مەسەلەن ئەگەر جاران ئەنعام نەبوو، ئەنعام لە ژێر دەسەلاتی شارەدارێك بوو فەقەتو بەڕاستی دەردەچوو، جا هەرچی حەز دەکەی دانیشەو هەر دانیشە.

نەتیجەشی ئەوە بوو دوو کەس، سێ کەس لەوانەی کە دەیانزانی کە چیە، شتێکی تازەیان بە دزی وەردەگرت، دەبینی ئەتۆ لێرە دانیشتووی، ئاغایەك لێرە دانیشتووە، تازە هاتووە دەڵێ فەرموو، ئیحترامی بۆ دادەنێ، یا لە سەر ماڵەکەوە بێ با راحەت دانیشێ، هیچ نابێ لە لایەکەوە میوانەکەی بڕێ لێنزیکە. ئاغا بۆخۆی خۆی تەحریك کردوە، یانێ مەقسەدم ئەوەیە نەوعی کارەکە وایە،ئی سەلمانی وایە، ئی خەیاتیش وایە، هی زۆر شتی دیکەش. بەلاّم مەسەلەن ساتێ موعەلیم لە هەموان حاڵی خراپترە، موعەلیمو جامیعەیە دیاری دەکا چەند وەربگرێ، بە پێی زانستییە.جاران نەبوو، جاران لە بیرمە هیچ نەبوو زۆریش باش بوو، بەلاّم ئێستا ئەوە فێر بوون. جا ئەوە مەقسەدم ئەوەیە نالێم هەمووی وایە هیواش هەیە ئێستا وەرناگرێ، فەقەت مەقسەدم ئەوەیە کە هێندێ کار هەیە دەتوانن. یا مەسەلەن سەوزی فرۆشی زۆر ئازادە جا زۆر قازانج دەکا میوەکە دێ، خەڵك زۆر رادەوەستێ، ئەتۆش ئیحتیاجت هەیە، مەحتەڵی ئەوەی کە نۆبەت بێ، ئەوە مۆزە، ئەوە پرتەقاڵە، دەبینی کە چۆن سەرقاڵە ئەویش میوەکەی دەفرۆشێ جا ئەویش مەسەلەن لە هەر کیلوێ مەسەلەن بیست گرەم، مەسەلەن بیست گرەمی لادەبا، ئەوە بۆخۆی دەکاتە چەند کیلۆ. بە ئەکسەری ئەوانەی میوەفرۆشو بەقاڵو نازانم ئەم جۆرە شتانەن ئەم کارە دەکەن.

* بەڵێ دزییە، ئەکسەرەن دزی دەکەن. ئەو جۆرە شتانە کە دەکرێ ئینحرافە لە پەدیدەکە کە گوتمان، پەدیدەیەکە میوەفرۆش کەمی دەفرۆشێ. کە ئەوە دزییە لە هەر شوێنێکدا بێ. بەڵێ زۆر جالب بوو، زۆریش، ئەمن جارێك لە شوێنێکدا لەوێ بووم، ئەمن دیتم بە چاوی خۆم کە بە تایبەتی لە پوولەکەدا بە خەڵکەکەی دەڵێ یەکێکە هەمووی تەحسیلاتی لە پێشە بەلاّم چی بە خەڵکەکە دەڵێ مەسەلەن فەرموو، مەسەلەن کیلۆیێ سەدو بیستو حەوت گرەم، ئەوەندە دەکا. ئاخر دەبێ ئیدی بەڕاستی مەسئوولی فەردی داوەری لێبکا، جا ئەمن چونکو لەوەکە ریازیات زۆر باشە کە چوار جار متەوەجیە بووم، کە ئەوە زیادی دەڵێ. بەلاّم جارێك راوەستابووم لەوێ کابرایەك لەوێ راوەستابوو پشتی من، گوتم فەرموو، گوتی: قەینا. وتم ئەو خانمەش چونکە پیرە با شتی دەوێ، شتەکەی بکڕێ لە پاشان گوتم: ئە ئاغایەش، پێی سەیر بوو، باشە چۆنە ئەمە رێگا دەدا بە هەموو کەسو خۆی لێرە راوەستاوە، پاشان کە ئەمن چووم ئەوی دیکە چوو، ئەوی دیکە هاتە پێشێ

کاسەکەی هێنا پێشی‌و گوتی ئەمن لەو سێ چوارکەسە کە ڕۆیشتن لە هەمووانم زیاتر دەوێ، وەلا نەیاندایەو کاسەکەشیان لێ ئەستاندو کابراشیان دەرکردو جەریمەیەکی زۆریشیان کرد.

بەڵام ئەوە ئیدی خۆ هەموو وەختێ ناکرێ یانێ دەبێ بۆ بەعزە شوێنێکیش بازرەسی دابنێی. ئەوە زەحمەتە مەسەلەن بەڵێ ئەدی ئەوە هەیە، ئینسانی وا هەیە ئیستیفادە دەکا یا مەسەلەن لە شتی دیکەڕا ئەبینێ مەسەلەن جاری وا هەیە ئیجباری‌یە، ئیجباری بۆ ئەو کەسەی کە دەیهەوێ، مەسەلەن دەیهەوێ خانوو دروست بکا، پووڵو شتیشی نیە. دەچێ لە جێگایەك لە کارخانەیەك مەسەلەن لەگەڵ یەکێك ڕێك دەکەوێ پووڵێکی زیادی دەداتێ. ئەو لە کارخانەکە دەدزێ سەیری وا زۆر هەیە، مەسەلەن بۆ ئەو جۆرە شتانە مەخسووسەن قسە دەکەم.

بەڵام پووڵی ئەسڵی‌یەکە لە سەدی ئەقەلەن نەوەدی خەڵکی لە سەر ئەو سێ‌شتە ئێستا حیساب دەکەن، کەمییەتو کەیفییەتو ئەهەمییەت. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵی سۆسیالیستی ـ کە دەمەوێ ئیدی تەواوی بکەم چونکو زۆر حاشیە ڕۆیشتین بەڵام پێم‌وایە خراپ نەبوو ـ خولاسەی بکەین بێجگە لەوەی کە هەڵسووڕانەکەمان روون کردەوە، بەرتەریی ئەو کۆمەڵە بە سەر کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا لە دوو شت دایە لە باری ئیقتیسادی‌یەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە ڕادەی هەڵدانو روشدی زۆرترە لە سەرمایەداری. لە حاڵێکدا لە سەرمایەداری بە متەوەست ساڵێ چوار، پێنج دەرسەد ئیقتیسادەکەی دەچێتە سەرێ، هی سۆسیالیزم لە ساڵێکدا ١٠،٩ دەرسەدە، حەتتا زیاتریشە، بە تایبەتی لە سەرتادا لەوەش زیاترە ئەوە یەك. دووەم ئەوەش کە دەڵێم دەچێتە سەرێ یانێ داهاتی نەتەوایەتی (درآمد ملی) دەچێتە سەرێ، هی ئیقتیسادی سۆسیالیستی حوسنی دیکەی ئەوەیە کە ئەو داهاتە میللی‌یە کە دەچێتە سەرێ ئاگاهانەتریش دابەش دەکرێ کە تەوزیعەکەی زۆر عادلانەترو باشترە، ناڵێم بە تەواوی عادلانەیە، عادلانەترە لە سەرمایەداری، بە تەواوی کەنگێ عادلانە دەبێ؟ ئەو وەختە کە بگاتە کومۆنیزم، کە نەگەیشتووە. ئەوەیە خسووسیاتی سۆسیالیزم دیارە لە حاڵێکدا لە سەرمایەداری‌دا ئیستیسمار هەیەو مومکینە کەسێك هیچ کارێك نەکا، داهاتێکی زۆری دەست کەوێ، لە سۆسیالیزم‌دا داهات بە پێی کارە، بە پێی

ئەو سێ ئەسڵە کە باسمان کرد، کەمییەتو کەیفییەتو ئەهەمییەتی کارەکەیە، ئەوە سۆسیالیزمە.

دیارە سۆسیالیزم تەنها مەرحەلەیەکە لە سیستمێك کە ئێمە باسی دەکەین. ئەگەر ئیمپریالیزم مەرحەلەیەك بوو لە سەرمایەداری، سۆسیالیزم مەرحەلەیەکە لە کومۆنیزم، سۆسیالیزم بۆخۆی سیستمێکی تەواو نیە. مەرحەلەیەکی سەرەتاییە لە سیستمی کومۆنیستی، کە ئێستا ئەگەر ئیجازە بدەن دەمهەوێ باسی بکەم، ئەگەر زۆر ماندوو نەبن.

دیارە هەر کەلیمەی کومۆنیزم بۆخۆی لە ولاتی ئێمە وەکو شتێك دانراوە کە سەرەتانە، هەرکەس کومۆنیست بێ خراپە، هەرکەس کومۆنیست بێ لەوێ پێی دەلێن کافرو زۆر کەسیش ئاوا تێدەگەن کە دژی ملکو میللەتە، ئەوانە لە جێگای خۆی، بەلاّم لە باری عیلمییەوە، لە باری ئیقتیسادییەوە باسی کومۆنیزم دەکەین.

کومۆنیزم یانێ ئەوە کە هەرکەس بە ئەندازەی قانوونیی خۆی کار بکاو بە ئەندازەی ئیحتیاجی خۆی وەربگرێ، نە بە ئەندازەی کارەکەی خۆی. ئیدی لێرە کەمییەتو کەیفییەتو ئەهەمییەتی کارەکە رۆیی، ئەوە کەنگێ مومکینە؟ ئەوە وەختێك مومکینە ئەوەڵەن ئەو دوو مالکییەتە لە واقیعدا لەبەین بچن، ببێتە یەك مالکییەت، مالکییەتی کەڵخۆزی نەمێنێت، چونکو ئەسڵی مالکییەتی شیرکەتی تەعاوەنی ئەوەیە کە هەرچی داهاتی شیرکەتی تەعاوەنی زیاتر بوو زیاتری دەوێ. ئەگەر وەزعەکە ئاوای لێهات ئیدی پێویست بەوە ناکا کە مالکییەتی دەستەجەمعی هی چەند نەفەر بێت دەبێتە مالکییەتی هەموو کەس چونکو هەموو کەس دەتوانێ بە پێی ئیحتیاجی خۆی شت وەربگرێ. دیارە ئەو ئیحتیاجە لێرە تەفسیری کوردانەی نیە، ئیحتیاج ئەوە نیە کە من بلێم وەلاّ ئیحتیاجیم بە حەفتا میلیۆن تمەن هەیە ئەوە ئیدی کابرا تەواو ئیحتیاجی پێیەتی؟ ئەوە ئیحتیاجی واقیعی نیە. بەلاّم پاشان دیارە ئەسلێش ئەوەیە کە بەلکو تەفەکوری خەلکەکە بگۆڕدرێ. دەنا بازاڕییەکی مەهابادی کە تەواوی خسووسیاتی ئەوەیە کە مالکییەتی خسووسی خۆی بپارێزێ ئەوە ناتوانێ لە نیزامی کومۆنیزمدا لە باری ئەخلاقییەوە بژیتو بلێ پێمخۆشە کە هەموو شتەکە هی من بێت. ئەوە شتێکی تەبیعییە ئەوە مالکییەتی خسووسی ئەوەندەی تێدا بە قووتە.

ئەوە ئاکامی کومۆنیزمە لە باری ئیقتیسادییەوە تەئسیری داناوە. بۆ ئەوە، ئەوە جێبەجێ ببێ دەبێ ئەو مالکییەتە ببێتە یەك، دوویش دەبێ ئەوەندە ئیقتیساد، سەتحی ئیقتیسادی، سەتحی بە تایبەتی بازدەهی کار (حاصل بخشی کار) ئەوەندە بچێتە سەرێ کە بەڕاستی هەموو کەس بتوانێ بە ئەندازەی ژیانی خۆی بخواو بە ئەندازەی کافیشی هەبێ چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوەیە کە پێمواپە جارێك لێرە باسم کرد، رۆژێك بە چەند جەوانێك نامەیەکیان نووسیبوو بۆ لنین کە وەختێك رەئیسی جمهووری ئیتیحادی شووروەوی بوو، ئەو لەگەڵ جەوانان زۆر موناقشەی دەکرد، کاغەزێکیان بۆ نووسیبوو کە ئێمە کومۆنیزمان دامەزراندوە چونکو بیست کەسین یەك شەلوارمان هەیە، هەموو رۆژێ یەکێك لە ئێمە ئەو شەلوارە لەپێ دەکا. ئەویش لە جوابی کاغەزەکەیدا نووسیبووی ئێوە لە ئیشتباداتن کومۆنیزم ئەوە نیە کە بیست کەس شەلوارێکی هەبێت بەڵکوو هەرکەس بیست شەلواری هەبێ.

واتە مەبەستی ئەوە نیە کە خۆ بە تەنیا عموومییەکە شەرت بێت، ئەگەر وابوو قبووڵیان نەبێ کە ئیستیسمار نەبن بەلاّم دیتمان وەك چۆن لە کومۆنیستی داهاتوودا ئەوەیە کە کالاّ بە ئەندازەی کافی هەبێتو لە واقیعدا ئەگەر دوور برۆین برێك دەبێ پوولیش نەبێ کە ئەگەر تەوزیع بکرێو ئەگەر نەچێ لە بازاڕێ بکرێو ئەگەر حقووقێکی نەبێ بە پێی کەمییەتو کەیفییەتو بە پێی ئیحتیاج بێ، دەی پوولمان بۆچییە؟ کەوابوو یەکێك لە خسووسیاتی ئەوە ئەوەیە کە پوول دەبێ لەبەین بچێ. بە پێی ئەو جۆکە کە عەرزم کردن بەلاّم لە بەر ئەوەیە کە لای هێندێك کەس دەمێنێتەوەو لە لای هێندێك کەس نامێنێتەوە ئەوە جۆك بوو واقعییەت ئەوەیە کە پوول لە نێو عموم لەبەین بچێو ئەگەر بەرەو لەبەین چوون بوو، ئەو تەزاددە ئەساسیەش کە هەبوو دیارە ئەویش لەبەین دەچێ. چونکە نە خەریدار هەیە نە رووشەندە. خەریدارو فرووشەندە بۆ ئەوە بوو کە دوو نەوع مالکییەتە، ئەو دوو نەوع مالکییەتە دەبێتە یەك، یەکێك لە ئۆسوولی ئەسڵەن ئاڵوگۆڕی (موبادلەی) کالاّ ئەوەیە کە من ئەو شتە دەتوانم بفرۆشم کە هی خۆمە، مالکم. بەلاّم یەکێك لە ئوسوولیش ئەوەیە کە دەبێ دوو نەفەر بن کە تا ئەو کەسە کە مالکە بەوی‌تر بفرۆشێ، ئەگەر مالك تەنیا بوو خۆ شتەکە نافرۆشێ. ئەگەر مالکییەتەکە ببێتە شتی ئی هەموو کەس، من شتی خۆم بە خۆم نافرۆشم کەوابوو کەس شتی خۆی بە

خۆی نافرۆشێ یانێ مانای ئەوەیە پوولْ لەبەین دەچێو ئەوە دەبێتە جامیعەیەکی کومۆنیستی.

دیارە لە سەر ئەوەیەی کە کۆمەڵی کومۆنیستی چەند ساڵی دیکە پێك دێ، ئای پێك دێت ئەسڵەن؟ چونکە شتێکە کە زۆر قسەی لە سەر کراوە زۆر کەس ئیقتیسادەکەی بە چاوی خۆی نەدیوە. مەسەلەن ئێستا ئەگەر بڵێن، ئەمریکا ببێتە سۆسیالیستی کە ئیقتیسادەکەی لە هەمووان لە پێشترە ، هێندێ شت دەتوانێ بە ئەویش یا ئێستا لە ئیقتیسادی ئەمریکا دەتوانێ بەرق بدا بە هەموو کەس بە بێ هیچ، حەتتا لە سوئێدیش دەتوانن ئەوەی بکەن وەکو باسمان لێ‌کرد بۆ هەمو کەسیش دەبێ. ئاوەکە دەفرۆشن لە زۆر جێگا دەتوانن ئاوەکەش بدەن. کەم‌کەم خانو مەسەلەن ئەگەر بیانەوێ ئەو وەختە لە سوئێد دەتوانن خانوو بدەن بە هەموو کەس من تەنیا وڵاتێکی ئامریکایم نەدیوە بەڵام تەنیا وڵاتێکی ئورووپایی کە دیومە خانو زیاترە لەوەی کە هەبێ، بە سەدان خانوو کراوەتەوەو بەتاڵیشن، دەتوانێ خانوو هەیە دانیشێ. دیارە خانووەکانیش هەموویان باشن بەڵام هەروا لە وڵاتی پێشکەوتو خراپیش هەیە مەسەلەن هێندێ وڵات هەیە، ئێستا لە هێندێ وڵاتیش هەیە دەوڵەت ئیجازە نادەن خانەوادەیەك لەو خانووانە دانیشن. دەبێ ئەو ئۆسوولەی تێدا هەبێ هەتا ئیجازە بدات، دەبێ ستانداردێکی ببێ سەتحێکی هەبێ. یانێ مەقسەدم ئەوەیە ئەوەندەی ژوور نیە ئیتر هەموو شتێك نا، مەسەلەن هەموو شتێك ناتوانن لە ماوەیەك جێبەجێ بکەن بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە لە ئێستاوە ئیمکانی ئەوە هەیە

مەسەلەن خودی شوورەویش کە کەم‌کەم بەرق هەتا ئێستا خەریکن نەخشە دادەنێن بۆ بەرقو بۆ پۆستو بۆ تێلگرافو تەلەفوونو ئەو جۆرە شتانە کە زۆ عموومی‌یە مەسەلەن کەم‌کەم ئەوانە ئیدی خەڵك ئەسڵەن پوولی نادەن. یا مەسەلە هاتوچۆ ئێستا زۆر ئاسانە قابیلی موقایسە لەگەڵ وڵاتەکانی سەرمایەداری نیە، بە مێترۆ، مەسەلەن مێترۆی مسکۆ جا ئەوە پێموابێ هێندێ کەس بە من بڕوا نەکە ئەوانە بە هەرحاڵ هەتا لەگەڵ ئەو شتانە کە یانێ ئەو شتانەی پێیان دەڵێن عموومی جاریێ ئەو سرویسانە ئەو خەدەماتە کە دیارە لەدەس دەوڵەتەکەی دایە. دەبێتە خۆڕایی لە پاشان شتی دیکە ئەوە.

دوای ئەوە لە هەموو شتێك موهیمتر ئەوەیە كە دەبێ ژێربەنای ئیقتیسادی بۆ ئەو ولاتە ببێ ئەویش ئەوەیە كە ئێستا كە سەردەم سەردەمی "الكترونیك"و "اتم"و "كامپیوتر"و ئەوانەیە. بە راستیش حەتا تەسەوری ئەوەمان هەیە كە رۆژێك جامعەیەكی ئاوا پێشكەوتوو پێكبێت ناتوانین ئەو جامیعەیە لە تەسەوری ئەم مێشكانە پێكبێنین یانێ لە مێشكی خۆماندا وا تەسەور بكەین. كەوابوو مەسەلە ئەوە نیە كە ئەگەر خواردن زۆر بوو هەموو كەس بە ئەندازەی كافی خواردنی هەبوو، ئەوە بەستراوە هەم بە پێكهێنانی ژێربەنای ئیقتیسادیو هەم بە پێكهێنانی ژێربەنایەكی سیاسی، فەرهەنگی ئەوتۆش. یانێ ژێربەنای فەرهەنگی ئەوەیە كە لە حالێك هەموو كەس نەك هەر خوێندەوار بێت مەسەلەن لە شوورەویدا، لەو وەختەدا لەوەدا سەركەوتووترن تا لە ئیقتیسادەكەدا كە مەسەلەن پێش ئەوە ببێ بە كومۆنیسم لە هەموو كەس بێ ئیستیسنا دەبێ ئەوەی كە ئێوە دەڵێن ئێستا بوەتە راهنمایی هەرچی، دەبیرستانە دەبێ بخوێنن. یانێ ئەهدافی ئەوەیە، ئەوە لە ئەوەڵڕا دەست نەكەوتووە، ئێستا تەقریبەن نزیكن لەوە، لە حاڵێكدا لە ئیقتیسادەكەدا پاشكەوتووترن، لە باری فەرهەنگیەوە ئێستا زۆر پێشكەوتووترن نزیكن بەوە. ئەوە بۆخۆی شتێكە كە خەڵك دەبێ فەرهەنگێكی تەواویشی هەبێ لەو بارەوە دیارە هێندێكی دیكەش كە مەربووت دەبێ بە بەڕێوەبردنی ولاتێ سۆسیالیزم.

ئێستا كە كاك عومەر فەرمووی: "سۆسیالیزم ئەگەر ئەوەندە باشە بۆچی كرێكارانی فەرانسە یا ولاتەكانی كە پێگەیشتوون، هەموویان دەنگ نادەن بە سۆسیالیزم؟" دیارە ئەوە دوو هۆی هەیە؛ یەكێكیان ئەوەیە كە چونكو فەرانسە بۆخۆی ولاتێكی پێشكەوتوو بووە، ئێستاش ئەگەر كرێكارێكی فەرانسەوی كرێكارێكی متەوەست، ئەگەر كاری هەبێ بێكار نەبێ، ئەگەریش بێكار بێ، حقووق وەردەگرێ، ئەگەر بێكار نەبێو خاوەن كار بێت، كار بكات مەخسووسەن ئەگەر كرێكارێكی موتەخەسیسیش بێت وەزعی باشترە لە كرێكارێكی شوان. باشە لە حاڵێكدا لە ئورووپادا وەزعی ئەوانەی كە لە هەمووان فەقیرترن لە فەرانسەدا دیارە خراپترن فەقیرەكان، ئەوانە متەوەستن باشترن، ئەوانە كە دیارە دەوڵەمەندترن ئەوە لەوان زۆر باشترن.

ئەوە یەکێك، بەڵام دەلیلێکی ئەساسی پێموایە ئەوە نیە بە تەئکیدەو فەرق دەکا. ئەوە بۆ فەرانسەیە من باس دەکەم. مومکینە ئەوە دەلیلی ئەوەڵ بۆ ئاڵمان ئەساسی بێت. بۆ فەرانسە دەلیلی دیکەش هەیە چونکە ئەوە بەستراوە بە خسووسیاتی میللەتەکەیەوە ئەویش دەلیلێکی دیکەم هەبوو، ئەوەیە کە هەست بەوە دەکەن کە لە شوورەوی دێموکراسی نیە..

ئێمە دێموکراسیش کە بناس دەکەین بۆیە روون بێتەوە. دێموکراسی ئێمە تەقسیمی دەکەین بە سێ بەش: دێموکراسیی ئیقتیسادی، دێموکراسیی ئیجتیماعیو دێموکراسیی سیاسی. ئەگەر دێموکراسیی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی بگرین، پێموایە دێموکراسیی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی بە ئەوەی من گوتم، من عادەتم نیە لە سەر ولاتان قسە بکەم بۆ ئەوەی باش بیانناسم، مەسەلەن ئەو دوو ولاتە چاك دەناسم؛ "فەرانسە"و "چێکۆسلۆواکی"، مەسەلەن دێموکراسیی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی لە چێکۆسلۆواکی زۆر زیاترە تا فەرانسە. ئەویش دابەشبوونی عادلانەی داهاتە، ئەو "حداقل" زندەگیە کە پێی هاتوەتە دی. بەڵێ ئێستا لە چێکۆسلۆواکی خانەوادەیەك دە منداڵی هەبێ ئەرجەحییەتی هەیە، بیلافاسلە دەبێ قبووڵی بکەی، دەوڵەت مەجبوورە بیلافاسلە قبووڵی بکا، لە سەر ئەوەی لە حاڵێکدا لە فەرانسە دێتە بەرچاوی خۆم، پێنج، شەش، حەوت منداڵی هەبووە دەریان کردوە، چونکو نەیتوانیوە پێیان رابگا، قەتیش نەیگوتوە. ئەوە دێموکراسییە، ئەوە دێموکراسیی ئیجتیماعییە.

دێموکراسیی ئیقتیسادی ئەوەیە کە عەرزم کردن کە فەرقەکە زۆرە بەڵام بە هەرحاڵ زۆر عادلانەتر دابەش دەکرێ، بەڵام دێموکراسیی سیاسی بە تایبەتی فەردی لە حاڵەتیدا، بۆ ئەوەش دیارە جۆك هەیە لە بەینی شوورەویو ئەمریکا، دەڵێ شوورەوییەك لەگەڵ ئەمریکاییەك قسەی دەکرد، ئەمریکاییەکە گوتی کە دێموکراسی لە ئەمریکادا زیاترە، چونکە ئەمن هەر وەختێ پێمخۆش بێ دەتوانم جنێو بە رەئیس جمهووری ئەمریکا بدەم. شوورەوییەکە گوتی هیچی وانیە، ئەمنیش هەروەخت پێمخۆش بێ دەتوانم جنێو بە رەئیس جمهووری ئەمریکا بدەم.

ئەوە عەواقبی ئەوەیە کە دێموکراسی فەردی بەو جۆرە کە پێویستە نیە. ئەوە دیارە لە رووسیەوە، چونکو رووسیە لە تاریخی خۆیدا دێموکراسیی نەدیوە. لە

دیکتاتۆری ئیستیبدادی ڕێژیمی تەزاری‌یەوە تەبدیل بوو بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. دێموکراسی‌یەك نە غەربی نە شەرقی هیچ نەبووە لە تاریخی رووسیە. بەلاّم لە چەند ولاّتێکی وەکو مەسەلەن بلێین ئەو دیوی ئەو ولاّتانە بەڕاستی.دێموکراسی هەبووە. تەنیا ولاّتێك کەوا لەپێش شەڕی دووهەمی جیهانی کومۆنیسم عەلەنی بووە، نمایەندەی هەبووە لە مەجلیس‌دا لە سەرنوشتی شتی هەبووە، یانیٚ نفووزی هەبووە، ئەو ولاّتە فەرانسەیە. لە شوورەوی کە ئەو دێموکراسی‌یە نەبوو تەئسیری کردۆتە سەر وەزعی سۆسیالیزمیش‌و بە تایبەتی لەم ئاخرەیشەوە سانترالیزمیش کە باسمان کرد لە باری ئیقتیسادی‌یەوە کەمییەت‌و ئەهەمییەت‌و کەیفییەت دادەنیٚ بۆ کاری. لە پاشان لە هەمووان خراپتر، وجوودی هێندێك ئینسانی وەك ستالین کە ماوەیەکی دوورو درێژ، بەڕاستی ئیستیبدادێکی توندیشی دامەزراندوە لە شوورەوی‌و ئەوە هەموو بووەتە هۆی ئەوە کە ئێستاکە بەرەبەرە کە خەریکین بەخۆشیەوە کە خەریکن هەنگاوی زۆر هەڵدەنێن بۆ ئەوە لە ئیستیبدادەوە بچن بۆ لای دێموکراسی، دەرکەوت کە جامیعەی شوورەوی ئامادەگی نیە، نموونەشی ئەوە بوو خودی خرۆشچۆفیان لابرد، یانیٚ مانای ئەوە بوو کە خرۆشچۆف زۆر توند بوو، ئێستا بەرەبەرە، کەم‌کەم، گۆڕانی وەزعی ئیقتیسادی - ئیجتیماعی خەڵك ئامادە دەکا بۆ ئەوەی کە دێموکراسی فەردیش زیاتر بێت.

ئێستا زۆرکەس هەیە هەست بەو فەرقە ناکا بەلاّم ئێمەمانان کە زەمانی ستالینمان دیوە، مەسەلەن زەمانی ستالین کەس نەیدەزانی کە دەخالەتێکیش هەبووە. ئەگەر هەبوا لە رۆژی ئەووەڵ سەربەنیستیان دەکرد، کەس ئاگای لی‌نەبوو. ئێستا دەخالەتێك هەیە، خەڵك قسەکانی خۆی دەکاو هەر وجوودیشی هەیە. ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێستا گەرچی زۆریشە، ئێستا کەس ناگرن بیکووژن بۆ ئەوە کە مەسەلەن موخالیفی ڕێژیمە. تەعقیبی دەکەن ئەزییەتی دەکەن کە ئەویش روونە.

بەلاّم لێرەش مەقسەدم ئەوەیە کە خالێکی یەکجار گرینگە، خەریکی ئەوە نیە کە وەکو لە ولاّتی ئەمریکا ئەوەی هەیە کە ئەو پلۆرالیزمە هەبیٚ، چەندحیزبی هەیە. دیارە کە مەسەلەن ئەگەر بە لادا رۆیی شکایەتی لی‌بکا. لە رۆژنامەدا لە سەر خۆی بنووسیٚ موخالفەتی هەبیٚ هەرچەند کە دیارە ئەو دێموکراسی‌یە ئەووەڵییەش بۆ ئەوە کە حەق بلێین مافێکی زۆر گەورەیە کە دێموکراسی تیابیٚ ئەویش ئەوەیە کە

مافەکەی ئەوەیە کە هەموو کەس ئازادە، هەموو کەس دەتوانێ قسان بکات. فەر هەموو نەوعە حەقێکی هەیە، بەلاّم حەقیقەتەکە لەگەلّ ئەوەی فەرقی هەیە، ئینسا دەبێ بەڕاستی زۆر چاك بە قوولّی ئەو ولاّتە بناسێت. واقعییەتەکەی ئەوەیە کە ئەو کە ئەو دێموکراسی بەڕاستی دێموکراسییەکە کە وازیحە، دێموکراسییەکە کە ئیدار دەکرێ لە پشتەوە، دێموکراسییەکە کە هێندێ ئەهرومی زۆر ئەساسی هەیە کە بە دەس سەرمایەوەیەو ئەو دەیانچەرخێنێ.

مەسەلەن ئێستا گەورەترین رۆژنامەکان لە ولاّتێکی وەکوو ئالّمان کە یەکێك لە پێشکەوتووترین ولاّتەکانی سەرمایەدارییە لە واقیعدا ئەکسەری رۆژنامە گەورەکا لەوێ کونترۆلّو حەقیان نیە هەر شتێ بلّێن کە گەورەترین رۆژنامەکانی ئالّمان ئە کارەی دەکەن. لە ئەمریکا سالّەهای سالّە ئەو دوو حیزبە پێکەوە موبارزە دەکەن کە مولاحزەتان کردوە کە ئەگەر یەکێکیان سەرکەوێ، فەرقێکی نیە کە ئەوی دیک سەرکەوێ. یا مەسەلەن لە حەتتا ئینگلستان کە یەکێکیان هەرچی بێت حیزب کارگەرییەو بەڕاستی ئەکسەری کرێکارانی ئینگلیس دەنگی خۆیان دەدەن بەو بەلاّم ک سەردەکەوێ فەرقێك ناکا. مەسەلەن ماوەیەك لەمەو پێش ئێستا حیزب موحافیزەکارەکان سەرکەوتووە، میللەتی ئینگلستان ئێحساسی فەرقێکی ئەساس ناکا، یانێ پێیان وایە لە پشتەوە یەکێك هەیە ئەوەی لەوێ دەنگ نەهێنێتەو خەلّکیش پێی وایە کە بەلّێ ئەو ئیحساسە هەیە، کە بەلّێ دەخالّەت دەکاو ئازاد بەلاّم ئەو ئازادییە بەو جۆرە نیە.

مەقسەدم ئەوە نیە کە نابێ دێموکراسی بێ. بە نەزەری من دێموکراسی سیاس فەردی لەوە زیاترە. بەلاّم ئەوە دەبێ لە نەزەر بگرین کە هەرچیت پێخۆشە وانیە ک تۆ بە کەیفی خۆت بکەی، نەخێر، نەوەلا لە پشتەوە ئەوە ئێستا وەکوو لە ئەمریکاد هەیە کە هەموو شتێك لە واقیعدا بە دەست مونۆپۆلەکانەوەیە، بە دەست ئ شتەوەیە کە پێمان گوت ئولیگارشی مالّی، یانێ تەسەلوتی سەرمایەی مالّی ک هەرچی لە ولاّت دایە بێ ئیجازەی ئەو نابێ. دیسانەکە من نەزەرم ئەوەیە ک سۆسیالیزم هیچ ئیحتیاجی بەوە نیە کە دێموکراسیی فەردی مەحدوود بکاو ب نەزەری من مەرحەلەیەکە کە تەواو دەبێ. مەرحەلەیەکی وا دێتە پێش کە هەم ل داخلّی حیزبی کومۆنیستا کە تاکەحیزبە ئەکسەرەن لەم ولاّتانەداو هەم لە داخلّ

کۆمەڵەکەدا کە خەڵك بتوانێ قسەی خۆی بە ئازادی بکاتو بەوە بە نەزەری من هیچ زەرەریش ناگەیەنێ بە سۆسیالیزم بەڵکو عەکسی ئەوەیەو قازانجی زیاتر دەبێ. چونکە خەڵك ئیستیعدادی زیاتر بەکار دێنێ، ئیمکانی ئەوەیان هەبێ لە باری فەرهەنگی‌یەوە، لە باری ئیقتیسادی‌یەوە، لە باری هونەری‌یەوە ئازادتر بێنە مەیدانیو ئەوە وەختێ دێتە پێش پێشکەوتنی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی بۆ خۆی ئەوەی هەیە.

جا ئەوەیە کە ئێمە لە بەرنامەی حیزبی خۆمان لە وەختێك نووسیومانە سۆسیالیزمی عادلانە، مەبەستمان زیاتر ئەوە بووە. کە دیارە بە نەزەری من کەلیمەکە زۆر دەقیق نیە ئەگەر بمانهەوێ زۆر دەقیقتر بێت، دەبێ بنووسین سۆسیالیزمی دێموکراتیك کە دەقیقترو باشترە. کە داوای سۆسیالیزمی دێموکراتیك دەکەین کە یانێ سۆسیالیزمێك کە بە تەواوی دێموکراسی لەگەڵ بێت.

جا باسی ئەو دێموکراسی‌یەم بۆ ئەوە کرد کە لە هیچ کۆمەڵێکی کومۆنیستی‌دا هیچ کە ئەو دێموکراسیی ئیقتیسادیو ئیجتیماعی‌یە دەگاتە ئەوجی خۆی، وەکوو باسمان کرد لێرە هەرکەس بە پێی نیازی، ئیحتیاجی خۆی وەردەگرێ. بەلام دێموکراسیی سیاسیش دەبێ بگاتە ئەوجی خۆی، دەبێ قابیلی موقایسەش بێ لەگەڵ ئەو دیموکراسیەش کە لە ولاتی غەربی‌دا هەیە، یانێ دێموکراسیی فەردیش دەبێ تەواو ببێت بێ ئەو مانیعە گەورەیە کە لەوێ هەیە. کە سەرمایە لە بنەوە شتەکان یانێ ولاتەکە ئیدارە دەکاتو تا حەدێ دیموکراسیشی دەداتێ. ئەوە یەکێك لە ئەرکەکانی کومۆنیسم یانێ دێموکراسی‌یەکی تەواو لە هەموو بارێکەوە، لە باری ئیقتیسادی، ئیجتیماعیو سیاسی‌یەوە دامەزرێنێ. ئەوە دەبێتە ولاتێکی غەربی بە ئیقتیسادێکی کومۆنیستی.

دیارە مالکییەتی (کە ئەوەم لەبیر نەچێت) مالکییەتی خسووسی بەتەواوی لادەچێ، شوێنەواری نامێنێ، ئەسەری نامێنێ. بەلام مالکییەتی شەخسی هەرچی دەڕوا تەکامول پەیدا دەکا. دیارە مومکینە، لەوانەیە کە لە کومۆنیسمدا مەسەلەن زۆرکەسیش هێلی‌کۆپتێری بێت جا دیققەت بکەن بە نەزەری من دوکتور، تەبیب بە پێی ئەو کارەی کە هەیەتی ئیحتیاجی بە هێلی‌کۆپتێرێ هەیە، هێلی‌کۆپتێری مورەتەب لە ئیختیار دایە. ئەوە مەقسەدم ئەوەیە کە مالکییەتی شەخسی نەك هەر مەحدوود نابێتەوە بەڵکو تەکامول پەیدا دەکات.

دیاره من خۆم بیستوومەو زۆرجاریش مەترەحیان کردوه، ئەویش مەربووتە بە کومۆنیسم کردنی رەوابتی ئینسانی کە گوایە ژن دەگرێتەوە زیاتر. ئەوە کە لە مالکییەتی کومۆنیسمدا لە سەری نووسراوه ئەوە یەکێك لە ئیستدیلالەکانی بورژوازیی سەرمایەدارییە عەلەیهی کومۆنیسم. باش لەو نوکتەیەدا جوابیان داوەتەوە کە دەڵێن سەرمایەداری ژن وەکو مەسەلەیەکی تەولید تەماشا دەکاتو چونکە ئێمە وەکو کومۆنیست دەمانهەوێ رەوابتێکی، وەزایفێکی ئیشتراکی بکەینو کومۆنیستی بکەینو چونکو ئەوان ژنیش وەکو وەسیلەیەکی تەولید لە کارەکانیاندا دەزانن پێیان وایە ژنیش شەخسیەتێکی کومۆنیستییە ئەوە جوابێکی لە راستیدا دەندانشکێنە بەو ئیتیهامە:

. دیاره ئەو ئیستیقلالی رەوابتی ژنو پیاوانە دەبێ تەبیعی بێتەوە لە جامیعەدا ئەوە شتێکی زۆر ئەساسییە کە نیوەی خەڵك پیاوە نیوەی ژنە، نیوەی دانیشتووانی ولاتێك ژنو هەرچی ئەوان زیاتر بەشداری بکەن لە موبارزەدا، لە ئیجتیماعدا، دیارە ئەوەندەش بۆ ئێمە، بۆ ولاتەکە پێشکەوتووترە، ئێستا لە باری فەرهەنگیو سیاسییەوە هەرچی ژن زیاتر بەشدار بێت لە ئیدارە کردنی ولاتەکەداو هەرچی حەق بڵێین نزیك بێتەوە بە تەواوی بە پیاو، ئەوەندە ئەو ولاتە، پێشکەوتووترە. ئەگەر وایە دەبێ لە کومۆنیسمدا ئەو مەسەلەیە بگاتە ئەوجی خۆی بێ هیچ ئیختیلافێك، هیچ ئەولەوییەتێك لە بەینی پیاوو ژن نەمێنێت نە لە کار، نە لە جامیعەدا نە لە هیچ جێگایەکی دیکەدا. تەنیا ئەو ئیختیلافە بمێنێت کە مەربووتە بە تەبیعەتی پیاو لەگەڵ تەبیعەتی ژنو یانێ هێندێك کار کەوا ژن ناتوانێت بیکاو هێندێك کار کەوا پیاو ناتوانێت بیکات.

کەوابوو لە هەموو بارێکی دیکەوە بەرابەریی تەواویان هەبێتو ئەوە زۆر موهیمە. کەوابوو وەکو دێموکرات کە ئیحتیرامان بۆ پێڕەوی داهاتووی خۆمان هەیە، بۆ بەرنامەو ئەساسنامەی خۆمان هەیە. ئەساسمان ئەوە داناوە بڵێین زۆر کە چی بکەین، چونکە ئەساسەن زۆرجار دەردەکەوێ کە لە جامیعەدا ئێستا لە مەسەلەی ژن زۆر پێشکەوتووترین، بەڵام کە دەگاتە خۆمانو خێزانی خۆمانو خوشکی خۆمانو ئەوانە زۆر پاشکەوتووین، ئەوە دەبێ زۆر کاری لە سەر بکەین. ئەوە خەتای ئێمە نیە وا بار هاتووین، وا فێریان کردووین. ئەمن زۆرجارم دیوه مەسەلەن هەموو کەس

ازرە، پێی خۆشە خۆشك‌و ژن‌و نازانم دایکی جیرانەکەی فەعال بێ لە سیاسەتا
ونکو حیزبەکەی ئەوە داوا دەکاو ئەویش وا دەکا، بەڵام کە ئەگاتە سەر ئی خۆی
و وەختەیە کە دەچێتە سەر ئینسانییەتی کۆنەپەرستی‌و خۆشکەکەم ئەو وەختەیە
، بیری دەکا. ئەو شتە کە بەرخورد دەکەین بەرخوردەکە بەرخوردێکی عیلمی‌یە.

ئێوە بۆ خۆتان دەزانن بە تایبەتی ئێستا کە نولاتەکەمان بوەتە جمهووریی
سلامی‌و ئەو مەسەلەیە حاکم‌و زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە دەیانەوێ لە هەموو
ێکەوە یانێ ژن مەحدوودتریش بکەنەوە هەتا لە جاران، جارانیش ئازادی ژن زیاتر
ازادی‌یەکی زاهیری بوو. ئازادی بۆ ئەوە بوو کە بچێ دانس بکا نەك بۆ ئەوەی کە لە
داره کردنی ولاتەکەدا بەشدار بێت. بەڵام حەتتا ئەوەش ئێستا خەریکن مەحدوود
کەنەوە بە شێوەیەك کە ژن ئیدی بە شێوەیەك کە نەتوانێ، ئەسڵەن یانێ، بێی لە
وونی ئەساسیش‌دا هەیە لە ئەو شێعرەی کە فیردەوسی گوتوویەتی بە راستی یانێ
زەن کە باشە، دیارە ئەوە نیە چون لە قانوونی ئەساسی هاتوە کە ژن ئینتیزاری
یەو ئیحتیرامی هەیە بەڵام هەر لە جێگای خۆیەتی.

فەسڵی سێهەم:

واقعییەتی گەلانی ئێران

واقعیيەتی گەلانی ئێرانو ئەفسانەی م ـ ماكان*

لەم دواییيانەدا نامیلكەیەك بە ناوی "ئەفسانەی گەلانی ئێران" لە لایەن بنكەی بڵاوكردنەوەی (مەزدەك) لە دەرەوە بڵاوكراوەتەوە. ئەو بنكەیە بە رواڵەت پێوەندیی بە جەبهەی میللیيەوە هەیەو نووسەری نامیلكەكە لە ژێر ناوی وەرگیراوی (م ـ ماكان)دا رای خۆی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەربڕیوە. وادیارە لە تێكۆشەرانی ناسراوی جەبهەی میللیيە. خۆ ئەگەر وا نەباو نووسەر سەر بە جەبهەی میللی نەبوایە، هیچ بە پێویستمان نەدەزانی وەڵامی ئەو نامیلكەیە بدەینەوە. چونكە هەڵوێستی ئەسڵیی نووسەری نامیلكەكە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی، جیاوازیيەكی بەرچاوی لەگەڵ هەڵوێستی رێژیمی حەمە رەزاشا نیە. بەڵام لە بەر ئەوەی ئێمە جەبهەی میللی بە هێزێكی نیشتمانیو دژی ئیمپریالیستی دەزانینو پێمان وایە لە داهاتووشدا دەتوانێ رۆڵێكی باش لە خەباتی هاوبەشی هەموو گەلانو هێزەكانی نیشتمانیی ئێراندا یاری بكا. بە پێویست دەزانین لە مەبەستەكانی ئەو نامیلكەیە بكۆڵینەوەو رای خۆمان بە روونی لە بارەی ئەوەدا دەربڕین. باسی ئەو شێوە كە ماكان لە هێنانە گۆڕی مەسەلەكاندا بە كاری هێناوە دوورو درێژە. ئێمە لە لێكۆڵینەوەی خۆماندا هێندێك لەو شێوە ناڕاستو نەزانانەی ئەو، دەستنیشان دەكەین. ماكان لە لاپەڕەی یەكەمدا دەنووسێ: "تەنیا حكوومەتێكی دێموكراتی لە سەر بناغەی سۆسیالیستیيە كە دەتوانێ بە پشتیوانی هێزی بەردەوامی گەل، ئێران لە مەترسی لەت لەت بوون بپارێزێ." لە پاشان ماكان بە دوای "بنچینەكانی تیئۆری لنینی" بوونی گەلانی جیاواز لە ئێراندا دەگەڕێو

بەرهەمی ئەو گەڕانە پیاو ماندووکەرە، ئەوەیە: "فیکری گەلانی ئێران فیکرێکە بە هۆی نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە دەرەوەڕا هاتوەو نیسبەتدانی بە لنین نە تەنیا لادانێکی گەورەیە، بەڵکوو بێحورمەتی بەو پیاوە مەزنەشە" (لاپەڕەی ٤٦). ئێستا بزانین ئەو ئاغای ماکانە کە مارکسیزم فێری مارکسیستەکان دەکا (بەڵام لە هیچ شوێنێکدا نایدرکێنێ کە خۆی بە مارکسیست دەزانێ یا دژی مارکسیزمە) بیرو بڕوای سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی تا چ رادەیەك لەگەڵ بیرو بڕوای رێژیمی حەمە رەزاشاو پانئێرانیستەکانی چڵکاوخۆری ئەو رێژیمە جیاوازیی هەیە. ئاغای ماکان دەنووسێ "ئێمە بێجگە لە نەتەوە (گەل)ی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو ولاتەدا گەلێکی دیکە ناناسین." (لاپەڕەی ٤٣). رێژیمی حەمە رەزاشا کە بە کردەوە حاشا لە بوونی نەتەوەکانی تری ئێران وەك ئازەربایجانی، کوردو ... هتد دەکاو دان بە هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتی بۆ ئەو نەتەوانە دانانێ، بیروڕای لەگەڵ بیروڕای ئاغای ماکان کە دەڵێ لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەك هەیەو ئەویش نەتەوەی ئێرانە، بە تەواوی یەکە. پانئێرانیستەکانی نۆکەری شا لە تاقمی پزیشکپووریش ئامانجیان هەر ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران بە ناوی نەتەوەی ئێران بێتە ژێر ئالای پانئێرانیزم.

هەم لە سەردەمی رەزاشاو هەم لە سەردەمی ئێستادا رێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی هەموو بزووتنەوەیەکی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی خۆیان بە جیاوازیخوازی تاوانبار کردوەو ئاغای ماکانیش هەروا دەکا. رێژیمی کۆنەپەرستی بنەماڵەی پەهلەوی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە دەستکردی بێگانەکان دەزانێو بە توندی سەرکوتی کردوونو سەرکوتیان دەکا. ئاغای ماکانیش بۆ ئەو سیاسەتە دژی نیشتمانیو کۆنەپەرستییە تیئۆری دەتاشێو داوێنەکەی مۆر دەکا. لە تەواوی ئەو نامیلکە ٥٠ لاپەڕەییەدا، ماکان دەرفەتی چنگ ناکەوێ رەخنە لە سیاسەتی کۆنەپەرستیو دژی ئینسانی بنەماڵەی پەهلەوی سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران بگرێ، بەڵکوو وەك دەبینین چەند جار لە لاڕاو تەنانەت بە ئاشکراش پشتگیری لەو سیاسەتە دەکا.

جێی سەرسووڕمانیش نیە چوونکە تیئۆریی ئاغای ماکان کە بوونی گەلانی ئێران بە ئەفسانە دەزانێ، بیهەوێ و نەیهەوێ ئەوی کردۆتە دۆستو یەکگرتووی رێژیمی حەمە رەزاشا.

"بەلگە هێنانەوە لە لنین"

ماکان چەند لاپەڕەی نامیلکەکەی بۆ باسی بیروڕای لنین سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی تەرخان کردوە. بەداخەوە ئاشکرایە کە بیروڕای لنینو لنینیزم بۆ ئاغای ماکان بە تەواوی بێگانەیەو تەنیاو تەنیا بۆ راکێشانی لاوانی شۆڕشگێر ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێو ئامانجی ئەوەیە بوونی چەند نەتەوەی جۆربەجۆر لە ئێراندا لەگەڵ تێزی لنینیی مافی چارەنووسی گەلان بخاتە ناتەبایییەوە. کەسێك شارەزایییەکی کەمیشی لە نووسراوەکانی لنین هەبێ، زوو تێدەگا کە ئەو خۆماندوو کردنەی ماکان بە فێڕۆ چووە. لنین بێ ئەملاو ئەولا لایەنگری مافی دانانی چارەنووسی گەلانو لایەنگری وەك یەکیی گەلانی بچووكو گەورەیەو بەڕاستی لەو بڕوایەدا بوو کە مافی گەلان، لە دانانی چارەنووسی خۆیاندا بێجگە لە مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ هیچ مانای دیکە هەڵ ناگرێ. ئێستا با بزانین ئاغای ماکان لە چەسپاندنی مەبەستەکەیدا کە لە بنەڕەتڕا گۆڕینی بیروبڕوای لنینە، چۆن سەرکەوتوە.

یەکەم هەڵبەستنی ماکان ئەوەیە، کە بیرو باوەڕی لنین سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی بە رووسیەو وەزعی رووسیە نیسبەت دەداو بە خەیاڵی خۆی زۆر بە زرینگی ئەو کارەی کردوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٥دا دەنووسێ: "سەبارەت بە بەرنامەی دیاری کراوی مارکسیستەکانی رووسیەی تزاری (دەست نیشانکردنی وشەکان هی ئێمەیە) لنین بڕوایەکی روونو تایبەتی هەبوو. ئەو پێی وابوو کە بۆ ئەوان مافی گەلان لەدانانی چارەنووسی خۆیاندا بێجگە لە جیابوونەوەی سیاسیی نەتەوەیەك کە لە ژێر زوڵمو زۆرداریی نەتەوەیەکی دیکەدایە ناتوانێ مانایەکی تری هەبێ." ماکان بە لێ زیادکردنی رستەی "سەبارەت بە بەرنامەی دیاریکراوی مارکسیستەکانی رووسیەی تزاری" ویستوویەتی وا نیشان بدا کە ئەو بڕوایە لە بارەی ولاتانی دیکەدا وەك ئێران راست نایەتەوە. بەلاّم بزانین لنین بۆخۆی چ دەڵێ: ئەو لە باسی خۆیدا لەگەڵ لوکزامبورگ لە پاش هێنانەوەی نموونەی ئاسیاو بالکان دەنووسێ:

"دانانی چارەنووسی نەتەوەکان لە بەرنامەی مارکسیستەکاندا لە روانگەی مێژوویی‌و ئابووری‌یەوە ناتوانێ بێجگە لە دانانی چارەنووسی سیاسی، سەربەخۆیی دەوڵەتی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتی هیچ مانایەکی دیکەی هەبێ." لێرەدا قسە هەر لە سەر رووسیە نیە. لنین لە وێکنەچوونی وەزعی رووسیەو ئۆتریش (نەمسا) ئەو نەتیجەی وەرنەگرت کە گەلەکانی دانیشتووی ئۆتریش مافی دانانی چارەنووسیان نیە. هەروەك مێژوو سەلماندی، ئیمپراتۆری ئۆتریش هەڵوەشاو لە ئۆتریشی ئێستادا بێجگە لەو ئۆتریشیانە کە بە زمانی ئاڵمانی دەدوێن نەتەویەکی بەرچاوی‌تر نەماوە. ماکان لە وێکنەچوونی وەزعی ئێران‌و رووسیە وا نەتیجە وەردەگرێ کە لە ئێراندا بێجگە لە نەتەوەی ئێران گەلێکی‌تر نیە. ئەوە کە لە توندوتیژیی زۆرداریی نەتەوایەتی لە نێوان رووسیەی تزاری (قەیسەری)و ئێرانی ئەمڕۆدا جیاوازی هەیە ناتوانێ ببێتە بەڵگەی نەبوونی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا.

کاتێك ماکان بیروڕای لنین کورت دەکاتەوە دەنووسێ "مارکسیستەکان لایەنگری حکوومەتی ناوەندیی غەیرە فیدراڵین‌و لە کاتی پێویستدا تەنیا بۆ قوناخی تێپەڕبوون لە حکوومەتی فیدراڵی کەڵك وەردەگرن". بەڵام ماکان لە بیر خۆی دەباتەوە کە ئەو قۆناخی تێپەڕبوونە لە بەرنامەی مارکسیستەکاندا قۆناخێکی دوورو درێژی مێژوویی‌یە کە لە رۆژگاری پێش سەرمایەداری‌و سەرمایەداری‌یەوە تا رێکخستنی کومۆنیزم درێژەی هەیە. مەگەر یەکیەتیی سۆوییەتی بۆخۆی چەشنە دەوڵەتێکی فیدراڵی نەبوو کە ساڵی ١٩٢٢ لە سەردەمی ژیانی لنیندا لە ١٥ کۆمار پێك هات؟ ئەوە راستە کە لنین دژی سەربەخۆیی فەرهەنگیی (ثقافی) بوو، بەڵام ماکان مەسەلەکە بە جۆرێك دێنێتە گۆڕێ کە خوێنەر دژبوونی لنین لەگەڵ ئەو درووشمە بە بەڵگەی دژبوونی بنەڕەتیی لنین لەگەڵ هەموو چەشنە مافێکی نەتەوایەتی تێ بگا. لەکاتێکدا کە لنین بۆیە سەربەخۆیی فەرهەنگی رەت دەکاتەوە کە لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی‌یە، نەك لەبەر ئەوەی کە بە قسەی ماکان دژی لەت لەت بوونی وڵاتە. یانێ لنین پێی وایە سەربەخۆیی فەرهەنگی بۆ دابینکردنی مافەکانی نەتەوەیەك بەس نیە. لنین لە وەڵامی ئەو کەسانەدا کە دەیانگوت لە پێشدا دەبێ سەرکەوتنی سۆسیالیزم دابین بکرێ‌و لە دواییدا باسی مەسەلەی نەتەوایەتی بخرێتە گۆڕێ‌و رێگای چارەسەرکردنی بدۆزرێتەوە، نووسیویەتی: "گرانایی پەروەردەکردنی

ئەنترناسیۆنالیستی کرێکارانی ئەو وڵاتانەی کە زۆردارن هەر دەبێ لەوەدا بێ کە پڕوپاگەندە بۆ مافی جیابوونەوەی وڵاتە زۆرلێکراوەکان بکەن‌و دیفاعی لێ بکەن. . . ئەم داخوازە ئەم‌لاو ئەولای نیە تەنانەت ئەگەر جیابوونەوە پێش سۆسیالیزم لە یەك حاڵ لە هەزار حاڵدا بگونجێ‌و بێتە دی".

ماکان لە لاپەڕەی ٣٤دا جارێکی‌تر لنین بە شاهید دەگرێ کە گۆیا لە بڕیارنامەی ١٩١٢ی سۆسیال دێموکراتەکان لە بارەی ئێراندا کە لنین دایڕشتوە "گەلی ئێران" نووسراوەو هەر بۆیە لە ئێراندا گەلێکی‌تر نیە. بەڕاستی شێوەی بەڵگە هێنانەوەی ماکان بۆ پێکەنین‌و گاڵتە دەبێ. خۆ ئەگەر تەماشای ئەسڵە رووسیەکەی ئەو بڕیارنامەیە بکەین باشتریش روون دەبێتەوە کە ئەو بەڵگە هێنانەوە بۆ پێکەنین دەبێ. بە پێی ڕێوشوێنی ئەو سەردەمە لە دەرەوە، ئێرانیان بە پێرس (پارس) ناو دەبردو زاراوەی "گەلی فارس" لە زمانی رووسی‌دا بەکار هێنراوەو لە تەواوی بڕیارنامەکەدا کە بە بیروڕای ماکان لە هەموان باشترە وشەی "گەلی ئێران" نەهاتوە بەڵام لە بەر ئەوەی لە وەرگێڕاوە فارسی‌یەکەی‌دا زاراوە رووسی‌یەکەی باسمان کرد بە "گەلی ئێران" وەرگێڕدراوە، ئیتر ماکان ئەو ماندووبوونە تووش خۆی ناکا کە بچێتە بنج‌و بناوانی مەبەستەکەوە.

"مەسەلەی زمان"

شیکردنەوی ئاغای ماکان بۆ زمانە ئێرانی‌یەکان بەڕاستی لە نەوعی خۆیدا شتێکی تازەیە. بە بیروڕای ماکان زمانی دەری زمانی هەموو خەڵکی ئێرانە، چونکە ئەو زمانە بە ناوی زمانی دانیشتوانی ئێران لە پرۆسە(ڕەوت)ی مێژوویی‌دا پێك هاتوەو پەرەی ئەستاندوە.

ئەوەی بۆ ماکان گرینگە شتی واقیعی‌و بەرچاو نیە، بەڵکوو خەیاڵاتی خۆی‌و چەند کەسێکی دیکەیە کە قسەیان لێوە دەگێڕێتەوە.

ئەوە کە منداڵی ئازەربایجانی بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەدا تووشی زمانی فارسی دەبێ‌و تێ‌دەگا کە بە "سوو" دەڵێن "آب"و بە "چۆرەك" دەڵێن "نان"، بۆ ئاغای ماکان گرینگ نیە. ئەو ناتوانێ تێ بگا کە زمانی فارسی بۆ منداڵانی ئازەربایجانی‌و کورد زمانی زگماکی نیە. ماکان بە ئاشکرا دەری ناخاو وادیارە ئەو ئازایەتی‌و ووهەڵماڵاوی‌یە لە خۆی‌دا شك نابا. بەڵام بەرهەمی لێکدانەوەکەی ئەوەیە کە هەموو

گەلانی ئێران دەبێ زمانی فارسی بە زمانی خۆیان بزانن‌و چوونکە ئەوەش لە راس
دووره کە وابێ دەبێ مشوورێکی بۆ بوخرێ یانێ نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێرا
بە زۆر بتوێندرێنەوە.

ئێستا لەوە گەڕێین کە ماکان لە ڕۆژهەلاّتناسەکانەوە دەگێڕێتەوە (ئ
ڕۆژهەلاّتناسانە کە لە جێگایەکی‌تردا بە "مووچە خۆری ئاشکراو نهێنیی دەزگ
حکوومەتی ولاّتە ئیمپریالیستی‌یەکانیان ناو دەبا" (لاپەری ٣١). کە گۆیا ئ
زمانەی هاتۆتە فەلاتی ئێران بە زمانی ئێرانی ناو دەبەن.

ڕاستیی ئەوەیە کە لە فەرهەنگی زمانناسی‌دا لە هیچ شوێنێك نێمە تووش
زاراوەی زمانی ئێرانی نابین‌و هیچ ڕۆژهەلاّتناسێکی ناسراو ئەو زاراوەی بە
نەهێناوە. بەپێچەوانە هەموو ڕۆژهەلاّتناسەکان زاراوەی زمانەکانی ئێرانی بە
دێنن کە لکێکە لە زمانەکانی هیندو ئۆرووپایی. لاڕووس (قامووسی فەرانسەوی) ا
لکی هیندو ئێرانی‌دا کە زمانەکانی هیندی‌و ئێرانی دەگرێتەوە. زمانەکانی تازە
هیندی سانسکریت، پارسی کۆن، زەتر، فارسی‌و کوردی ناو دەبا. (لاڕووسی بچوو
سالّی ١٩٦٤ لاپەڕەی ١٤٤٣).

زاراوەیەکی‌تر کە ماکان بە کاری دێنێ "نیوە زمان"ە. دیارە ئەوەش زاراوەیەک
تایبەتی خۆیەتی. لە زانستی زمانناسی‌دا زاراوایەکی وەها نیەو ناشزانین مەبەست
لە نیوە زمان چیە. وادیارە ئاغای ماکان ناچار بووە ئەو زاراوە داتاشێ. تا ئەگ
نەیتوانی زمانەکانی ئازەری‌و کوردی بکاتە بەشێك لە شێوەکانی زمانی فارسی، لانی
کەم بتوانێ ناوی نیوە زمانیان بەسەردا ببڕێ.

ئاغای ماکان سەرنج دەداتە سێ زمان کە لە ئێراندا هەن. یەکێك لەوانە زمان
بەلووچە. لە لاپەڕەی ١٣دا ئەوەی پێوەندی بە زمانی بەلووچەوە هەیە لە دوو ڕستەد
"ڕوونی دەکاتەوە"و لە زمان پیکۆلین، ئێرانناسی سۆڤییەتی‌یەوە دەگێڕێتەوە
بەداخەوە ماکان لێرەش‌دا ڕاستی لە زانستدا لە بیر دەباتەوەو نووسراوەکەی پیکۆل
دەگۆڕێ. بە قسەی ماکان پیکۆلین بەم جۆرە دەنووسێ: "زمانی بەلووچ دوو شێوە
هەیە کە هەردووکیان ژمارەیەکی زۆریان لە وشەکانی گەلانی دراوسێی خۆیانەو
وەرگرتوە... شێوەی ڕۆژئاوا لە وشەکانی زمانی فارسی، بە چەشنییێك کە لە هێندێك

لە مەڵبەندەکانی بەلووچستانی ئێراندا جیاوازی‌یەکی بەرچاوی لەگەڵ زمانی فارسی نیە."

بەلاّم لەراستی‌دا پیکۆلێن بەم جۆرە دەنووسێ: "زۆربەی زۆری بەلووچەکان چ لە بەلووچستانی رۆژئاواو چ لە بەلووچستانی رۆژهەلاّتدا بە زمانی خۆیان یانێ زمانی بەلووچ قسە دەکەن کە یەکێکە لە زمانە ئێرانی‌یەکان. زمانی بەلووچ دوو شێوەی هەیە کە هەردووکیان ژمارەیەکی زۆریان لە وشەکانی گەلانی دراوسێ وەرگرتوە. شێوەی رۆژهەلاّت لە وشەکانی زمانەکانی هیندی‌و شێوەی رۆژئاوا لە وشەکانی زمانی فارسی." ئاغای ماکان لەم وتە گێڕانەوەدا رستەی یەکەمی لابردووە ناچار نەبێ دان بەوە دابنێ کە بەلووچەکان بە زمانی خۆیان یانی زمانی بەلووچ دەدوێن.

بەشی یەکەمی رستەی دووهەمیشی فڕێ داوە تا خوێنەر تێ‌نەگا کە شێوەی رۆژهەلاّتی زمانی بەلووچ ژمارەیەکی زۆری لە وشەکانی زمانی هیندی وەرگرتوە. پاشان رستەی "بە چەشنێك کە لە هێندێك لە مەلّبەندەکانی بەلووچستانی ئێراندا جیاوازی‌یەکی بەرچاوی لەگەڵ زمانی فارسی نیە". لە مەتنی رووسی‌دا بەو تەرتیبە نیە. لە مەتنی رووسی‌دا لە پاش دوو رستە پیکۆلێن لە نووسەرێکی ترەوە دەگێڕێتەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا بەلووچەکانی هەرێمی سنوور بە زمانێك دەدوان کە لە زمانی فارسی نێزیکتر بوو تا زمانی بەلووچ. ئەمەیە شێوەی عیلمی ئاغای ماکان لە لێکۆلّینەوەی مەسائیلێك‌دا کە بۆ بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی‌و دێموکراتی ئێران یەکجار زۆر گرینگن.

ماکان ئەو دەم دێتە سەر زمانی ئازەربایجانی. لێرەش‌دا سەرەڕای ئەوەی هەر ئەو شێوەی دژی زانستی‌یەی پێشووی بەکار دێنێ ناوەرۆکی قسەکانی هەموو ئینسانێکی تێگەیشتوو دەخاتە سەرسووڕمانەوە. ئەگەر بمانەوێ هەموو بەلّگەهێنانەوەکانی ماکان وەلاّم بدەینەوە قسە زۆر درێژ دەبێتەوە. بۆیە چەند نوختەی بنەڕەتی دەست نیشان دەکەین. ماکان دەنووسێ سەدان ساڵ لەمەوبەر خەلّکی ئازەربایجان بە "نیوە زمان"ی ئازەری قسەیان دەکرد کە لکێك بوو لە زمانی فارسی. ئەگەر بۆ تاوێکیش بێ وادادەنێین بیروڕای ماکان راستە. ئەوە بۆ ئێمە گرینگ نیە کە چەند سەدە لەمەو پێش خەلّکی ئازەربایجانی ئێستا بە چ زمانێك قسەیان کردوە. بەلاّم ئەدی ئێستا بە

چ زمانێك قسە دەكەن و ئایا دەتوانین زمانی ئێستایان بە لكێك لە زمانی فارسی دابنێین؟

ئەوە كە زمانی ئازەری لێكدراوێكە لە زمانی توركی و ئازەری و عەرەبی نابێتە بەڵگەی سەربەخۆنەبوونی زمانی ئازەری. كام زمان لە زمانە پێشكەوتووەكان لە فەرانسە، ئینگلیزی، ئاڵمانییەوە بگرە تا زمانەكانی ئیسلاڤ لێكدراوێك لە زمانە جۆربەجۆرەكان نیە. راستییەك كە حاشای لێ ناكرێ ئەوەیە كە چەند میلیۆن خەڵكی ئازەربایجان بە زمانێك قسە دەكەن كە فارسی نیە.

ئەوەندە بەسە كە ئاغای ماكان خۆی زەحمەت بداو بچێتە یەكێك لە دێیەكانی ئازەربایجان ئەو دەم بە چاوی خۆی دەبینێ كە زمانی خەڵكی ئازەربایجان تا چ رادەیەك لەگەڵ زمانی فارسی جیاوازی هەیە. ئاغای ماكان لەوە دڵگیرە كە زمانی توركی لە درێژایی مێژوودا بە سەر خەڵكی ئازەربایجاندا بسڕاوە كەچی لە نیوەی دووهەمی چەرخی بیستەمدا بۆخۆی پێشنیار دەكا زمانێكیتر كە ئەم جارە زمانی فارسییە بە سەر خەڵكی ئازەربایجاندا ببڕێ. ماكان پێی وایە كاتێك دان بە بوونی گەلی جیاوازی ئازەربایجاندا بنێ دەست بەجێ بە ژێرزارەكی دانی بە جیابوونەوەی ئازەربایجان لە ئێراندا ناوە، و چونكە ترس لەو جیابوونەوەوە وەك تارماییەك سەرانسەری نامیلكەكەی داگرتوە، بۆیە رێگای چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بە حاشا كردن لە بوونی نەتەوە جیاوازەكان دەزانێ.

بەڵام ئایا بەو كارە شۆوینیستییە دەتوانێ واقعیەتێكی بەرچاو بەراوەژوو بكا و چەند میلیۆن ئازەربایجانی لە ئێراندا لە مافە نەتەوایەتییەكانیان بێبەش بكا. وەیان بە زۆر زمانی فارسییان بە سەردا ببڕێ؟ مەگەر رەزاشاش هەر ئەم سیاسەتەی نەگرتبۆ پێش و لە قوتابخانەو ئیدارەو تەنانەت كۆڵان و بازاڕیشدا قسە كردن بە زمانی ئازەربایجانی قەدەغە نەكردبوو. بەڵام بەرهەمی ئەم سیاسەتە چ بوو؟ رەزاشا رۆیشت و خەڵكی ئازەربایجان و زمانی ئازەربایجانی مانەوە.

بە بیروڕای ئێمە گەلی ئازەربایجان دەبێ هەموو مافە نەتەوایەتییەكانی خۆی وەدەست بێنێ. ئەركی سەرشانی هەموو شۆڕشگێڕەكان و دێموكراتەكانی ئێرانە كە لەو رێگایەدا خەبات بكەن. گەلی ئازەربایجان بۆ خۆیەتی كە دەتوانێ بەكەڵك وەرگرتن لە مافی دانانی چارەنووس بڕیار بدا كە لە ناو ئێراندا بمێنێتەوە یان نا.

مەسەلەی کورد لە روانگەی شۆوینیستێکی فارسەوە:

ماکان دەیسەلمێنێ کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد رابردوویەکی کۆنتری هەیە. دیسانیش پێی وایە کە هەموو راپەڕینەکانی گەلی کوردو هەموو تێکۆشانێکی سیاسی کوردەکان لە راپەڕینەکانی چەکداری‌یەوە بگرە تا بلاوکردنەوەی رۆژنامە بە هاندانی بێگانە بوە. ئەو بێگانەیە جارێك عوسمانی‌یەو جارێك ئینگلیز، جارێك ئەمریکایەو جارێك یەکیەتیی سۆوییەتی. ئاغای ماکان لە لایەك مارکسیزم فێری مارکسیستەکانی ئێران دەکاو لە لایەکی‌تر ئەو ئەسڵە سەرەتایی‌یەی مارکسیزم نازانێ کە بزووتنەوەیەکی دەیان و سەدان هەزار کەس هاوبەشی تێدا دەکەن ئەگەر زەمینەیەکی بەرچاوی (عینی) نەبێ هیچ بێگانەیەك ناتوانێ دروستی بکات. ئەویش بزووتنەوەیەك کە هەر بە قسەی ماکان خۆی لە رۆژگاری سەفەوی‌یەکانەوە تا ئێستا لە کوردستاندا درێژەی هەیە.

ئەوە شتێکی تازە نیە کە جاسووس و نۆکەرەکانی ولاتە ئیمپریالیستی‌یەکان تێدەکۆشن دەست باوێژنە ناو بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی و دێموکراتی و پێوەندیشی تەنیا بە بزووتنەوەی گەلی کوردەوە نیە.

بەلام ئایا تێکۆشانی ئیمپریالیستەکان بۆ ئەوەی دەست باوێژنە ناو بزووتنەوەیەك دەبێتە بەڵگەی داتاشراوی ئەو بزووتنەوەیە؟ ماکان ئەو دوو مەسەلە یانی تێکوشان بۆ دەست هاویشتنە ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە لایەن هێزە ئیمپریالیستی‌یەکانەوەو هەڵگێرساندنی بزووتنەوە بە دەستی ئەو هێزانە بە ئەنقەست بە یەك شت دادەنێ. بۆیە پاش ئەوەی چەند جار هەوڵ و تەقەلای بێگانەکان لە ناو بزووتنەوەکانی نەتەوایەتی کورددا دەست نیشان دەکا. دەست بەجێ نەتیجە وەردەگرێ کە "بەم چەشنە روون دەبێتەوە کە راپەڕینەکانی کوردستان لە ئێراندا بناغەیەکی نەتەوایەتی و زانستی‌یان نەبووەو بەڵکوو بە هاندانی بێگانەو بۆ دابین کردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان هاتوونە دی". ئایا ماکان بەراستی هێندە ساویلکەیە وا بیر بکاتەوە کە ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبوایە گەلی کورد بۆ دابینکردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان ئەو هەموو خوێنەی دەڕشت. ئایا سمایلی شەریف زادەو مەلائاوارەو سولەیمانی موعینی و دەیان شەهیدی‌تر بە هاندانی بێگانە دەستیان دایە چەك؟ ئایا زۆر بێ‌ئینسافی نیە مۆری نۆکەرایەتی ئیمپریالیزم لە ناو

چاوانی ئەو شەهیدانە بدرێ کە رابەری راپەڕینە چەکدارانەکەی ئەم دواییانەیان کرد لە دژی رێژیمی دژی نیشتمانیو کۆنەپەرستی شاهەنشاییی، ئەویش لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی بە ئازادیخوازو دژی ئیستیعمار دەزانێ؟ ماکان بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە کە کوردەکان نەتەوە نین لە لاپەڕەی ٣٢دا دەنووسێ: "هەروەك لە پێشەوە دیتمان لنین یەکیەتیی ئابووری خەڵکێك بە شەرتی بنەڕەتی پێکهاتنی "نەتەوە" دەزانێ". لنین هیچ کات نەیگوتوە کە شەرتی بنەڕەتی پێکهاتنی نەتەوە، یەکیەتیی ئابووری خەڵکێکە. ئەگەر ئەو ئەسڵە راست بێ خەڵکی یووگوسلاڤیو یەکیەتیی سۆڤییەتی کە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن یەك نەتەوەن، چونکە لەو وڵاتانەدا یەکیەتیی ئابووری هەیە. کاتێك یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی لەساڵی ١٩٢٢دا پێکهات زۆربەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندیو قەفقاز لە باری پێشکەوتنی ئابوورییەوە لە قۆناخێکی زۆر دواکەوتوودا بوون بەڵام ئەوە هیچ نەبووە کۆسپ لە رێگای پێکهاتنی کۆمارەکانی نەتەوەیی کازاخستان، تورکمەنستان، تاجیکستانو ئەرمەنستان دا. نەتەوە دەرکەوتێکە (پدیدە ـ ظاهرة) کە لە ئەنجامی رەوتێکی مێژوویی دوورو درێژدا پێکدێ. کۆمەڵێك ئینسان کە لە درێژایی مێژوودا لە وڵاتێکی هاوبەشدا دەژین، زمانی هاوبەشو خوو خدەی هاوبەشیان هەیە، بەرە بەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی ئابووریدا دەبن بە خاوەنی ئابووری هاوبەش. ئابووری هاوبەش لە پێش سەرمایەداریدا کە پێویستی بە ئابووری هاوبەش هەیە ناتوانێ پێك بێ. یەکەم هۆی ئەوە کە کوردەکان ئابووری هاوبەشیان نیە دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەوارییە کە تازە خەریکە لە فئۆدالیزمەوە تێدەپەڕێ بۆ کۆمەڵگاکانی دواتر. دووهەم کاتێك سەرزەوی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتدا دابەش کراوە، چۆن دەتوانی چاوەڕوان بی کە کوردەکان ببنە خاوەنی یەکیەتیی ئابووری. یەکیەتیی ئابووری تەواو بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی پێك نایە. بەڵکوو بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتییە کە دەتوانێ لە پێکهێنانی یەکیەتیی ئابووری خێرایی بکا. ماکان پێی وایە چونکە لە زمانی کوردیدا چەند شێوە هەیە ناکرێ پێی بگوترێ زمان. لەپێشدا دەبێ بڵێین بوونی چەند شێوەی جۆربەجۆر تایبەتی زمانی کوردی نیە. زمانی ئاڵمانی کە یەکێکە لە زمانە مودێرنو پێشکەوتووەکان، ئێستاش خاوەنی چەند شێوەی جۆربەجۆرە. ناتەواوی زمانی کوردی

لەوەدایە کە ئەلف‌و بێ‌یەکی نیە کە بتوانێ ببێتە بناغە بۆ پێکهێنانی زمانی ستانداردی کوردی. ئێستا لە قوتابخانەکانی کوردستانی عێراقدا بە زمانی کوردی دەخوێندرێ. رۆژنامەو گۆڤارو کتێب بەو زمانە بڵاو دەکرێتەوە. لە یەکیەتیی سۆوییێتیش‌دا هەر وەها. رۆژهەڵاتناسەکان لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا هەموو سەلماندوویانە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە. لێك نیزیکی زمانی کوردی‌و فارسی نابێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی فارسی شێوەیەکی زمانی کوردی‌یە یان بە پێچەوانە زمانی کوردی یەکێکە لە شێوەکانی زمانی فارسی. مەگەر زمانی رووسی‌و بیلورووسی یا زمانی رووسی‌و ئۆکراینی جیاوازییان لە نێواندا پترە لە زمانی کوردی‌و فارسی؟ تەنانەت دوو نەتەوەی جیاوازیش دەگونجێ بە زمانێك قسە بکەن وەك ئۆتریشی‌یەکان‌و ئالمانی‌یەکان فەرانسەوی‌یەکان‌و بلژیکی‌یەکان، ئینگلیزی‌یەکان‌و ئەمریکایی‌یەکان‌و هتد.

ئەوە کە کوردەکان خاوەنی سەرزەوی‌یەکی هاوبەشن جێگای باس نیە. تەنانەت ماکانیش کە لە گۆڕین‌و حاشا کردنی شتی واقیعی‌دا زۆر دلێرو پڕڕوویە لەو بارەوە بێ‌دەنگە. بەڵام شتێکی ئاغای ماکان سەرنجی نەداوەتێ ئەوەیە کە ئەو خەڵکەی لە وڵاتێکی هاوبەش‌دا دەژین‌و بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن، خۆیان بە کورد دەزانن. خووو رەوشتی هاوبەشی کوردەکان‌و خەباتێکی دوورودرێژ کە بە درێژایی مێژوو بۆ پاراستنی بوون‌و مانەوەی خۆیان کردوویانەو دەیکەن، یەکیەتیەکی نەتەوایەتی ئەوتۆی لە نێوان کوردەکان‌دا پێکهێناوە کە لە ناو گەلانی‌تردا کەمتر دەبیندرێ. کوردەکان خۆیان بە کورد دەزانن‌و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوایەتی خۆیان خەبات دەکەن. ئەوە راستی‌یەکی حاشا لێ‌نەکراوەو بڕیاردەرە. ئێستا ماکان وا دەزانێ بە غەڵەتبازی‌و هەوانتەی چەند شۆوینیستێك دەتوانێ خەتی سوور بە سەر بوونی نەتەوەیەك‌دا بکێشێ.

لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کوردیش‌دا ماکان هەروا بە رەوشتەکەی خۆی وەفادارەو پشت دەکاتە راستی لە زانست‌دا، لە لاپەڕەی ٣٣دا بەم چەشنە ماکان لە کتێبی "عبدالرحمان قاسملو" (کوردستان‌و کورد)ەوە دەگێڕێتەوە: "هێندێکی‌تر لە لێك نیزیك بوونی زمانی کوردی‌و فارسی بە پێچەوانە کەڵك وەردەگرن‌و کوردەکانیش بە ئێرانی دەزانن یانی فارس‌و دوایە لێی زیاد دەکا کوردەکان ئێرانی نین". لە تەواوی

کتێبی قاسملوودا ئەو رستە نیە کە "کوردەکان ئێرانی نین". ئەوەدەم بەم چەشنە رای خۆی دەردەبڕێ: "بەڵێ پانکوردیستەکان لە ئەفسانەی جاسووسانی ئیمپریالیزم لە بارەی "نەتەوە"ی کورددا بە چەشنێك تواونەوە کە گەیشتوونەتە رەگەزپەرەستیو (وەك پان ئێرانیستەکان) کوردەکان بە "رەگەزی خاوێن" دەژمێرن." سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە تەواوی کتێبی قاسملوودا مەسەلەی رەگەز نەهاتۆتە گۆڕێو سەبارەت بە خاوێنی رەگەزی کوردەکان قسەیەك نەکراوە. بەڕاستی ئاغای ماکان لە گۆڕینو بوختانو درۆپێوە نووساندندا دەستی دەڕوا. ماکان جارێکیتر دەست بە تێکدان دەکاو دەنووسێ: "ئەگەر راپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ راپەڕینی جووتیاران بوو . . ." لێرەشدا ماکان شێوە ناسراوەکەی خۆی بەکار هێناوە. قاسملو نوسیویەتی کە هێزی بنەڕەتی راپەڕینەکەی سمکۆ لە جووتیاران پێکهاتبوو. نەك ئەوە کە راپەڕینی سمکۆ راپەڕینی جوتیاران بوو. جیاوازی نێوان ئەو دوو راپەڕینەش شتێکی ئاشکرایە. بە قسەی ماکان قاسملوو سەلماندوویەتی کە "راپەڕینەکانی کوردستان لە درێژایی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی ئێستادا بە هاندانو لە ژێر پارێزگاری ئیمپریالیستەکاندا پێکهاتوون". ئەو ئیدیعایە درۆیەکی رووتە، بە خۆڕایی نیە کە ماکان لەم هێنانەوەدا لاپەڕەی کتێبی قاسملوو دەستنیشان ناکا.

ماکان بزووتنەوەی مەهاباد بە دەستکردی بێگانە دەزانێو قازی محەممەد بە کارگێڕی بەڕێوەبردنی سیاسەتی بیگانەکان لە کوردستاندا. ئەو ئیدیعا دەکا کە "ئەو کۆمارە هەر لە بەر ئەوەی پشتی بە کۆمەلانی خەڵك نەبەستوو، چونکە بزووتنەوەیەکی جیاوازیخوازانە بوو بە بێ بەگژیەکەدا هاتنێکی سەختی عەسکەری لەگەڵ ئەرتەشی پەهلەویدا لە بەرێك هەڵوەشا." دیارە ئاغای ماکان لە بارەی کۆماری مەهابادەوە زۆر کەم ئاگادارە. بە شاهیدی دۆستو دوژمن (ئەوەندە بەسە کە ماکان تەماشایەکی کتێبی "تحقیقی پسیان لە مەهابادی خوێناوی تا قەراخەکانی چۆمی ئاراز بکا"). قازی محەممەدو کۆماری مەهاباد بە چەشنێکی بێوێنە جێگای خۆیان لە ناو خەڵکی کوردستاندا کردبۆوە. ئێستاش کۆماری مەهاباد دیاردەی خەباتێکی دوورودرێژی مێژوویییەو لانی چاکەو خەراپەی ئەو کۆمارە میراتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. نە ئاغای ماکانو نە شۆوینیستەکانیتری فارس بە گشتییو نەکۆنەپەرستی حەمەڕزاشا ناتوانن کاریگەریەتی مەعنەوی ئەو کۆمارە لە ناو بەرن.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئاغای ماکان (ل٤٠) لە حیزبی توودەی ئێران داوا دەکا کە لە دژی مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران خەبات بکا. ماکان دەڵێ لە نێوان دروشمی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزی ئێرانو مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێراندا کە هەر دووکیان لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێراندا هاتوون ناتەبایی هەیە.

بە ڕێکەوت ئەم قسەیەی ماکان ڕاستە، بەلاّم ڕەخنەیەك کە لە بەرنامەی ئەو حیزبە دەگیرێ ئەوە نیە کە بۆچی مافی دانانی چارەنووسی تێدا گونجاوە. بەڵکوو بە پێچەوانەی ماکان، ڕەخنە ئەوەیە کە بۆچی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزی ئێران هاتۆتە ناو ئەو بەرنامەوە. ئەو دروشمە یانی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزی وڵات ناتوانێ پێوەندی بە حیزبی چینی کرێکار، حیزبی مارکسیستەوە هەبێ. ئەو دروشمە، دروشمی حیزبی بورژوازی و وردە بورژوازیە. ئەو دروشمە پاشماوەی ئەو سەردەمەیە کە حیزبی توودە ناوی حیزبی کرێکاری لەخۆی نەنابوو.

"چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە چینو یووگوسلاڤیو بیروڕای ئاغای ماکان"

ماکان پاشان بۆ سەلماندنی ئیدیعاکانی خۆی هەڵدێ بۆ سەحرای کەربەلا، دەیەوێ لە هەستو خوێنگەرمی لاوە شۆڕشگێڕەکانی ئێران بە پێچەوانە کەڵك وەرگرێو بۆیە دەکەوێتە سەر لێکدانەوەی سیاسەتی نەتەوایەتی چینی کومۆنیستو ئیدیعا دەکا کە چین مەسەلەی نەتەوایەتی بە جۆرێك چارەسەر کراوە کە کۆتایی بە دروشمی مافی دانانی چارەنووسی گەلان هێنراوە. بەبیروڕای ئێمە ئەوە بوختانێکی ناڕەوایە سەبارەت بە سیاسەتی نەتەوایەتی کۆماری گەلی چین.

ولاّتێك کە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لایەنگری ڕزگاری هەموو گەلانی گەورەو بچووکەو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەو گەلانە پشتیوانی دەکا، چۆن دەتوانێ لە ناوخۆدا ئەسڵی لنینی مافی دانانی چارەنووسی گەلان لە بن پێ بنێ. بەلاّم ئەوەی بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشترە بەرەنگاربوونی ڕێکخراوی شۆڕشگێری حیزبی توودەی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا. هەموو کەس دەزانێ کە ئەو ڕێکخراوە لە هەڵوێستی حزبی کومۆنیستی چین لە مەسائلی ناونەتەوەییدا پشتیوانی دەکاتو تێدەکۆشێ لە تاقیکردنەوەکانی گەلی چین بۆ پێشکەوتنی شۆڕشی ئێران

کەڵك وەرگرێ. خۆ ئاشکرایە کە ئەو ڕێکخراوە لە ئاغای ماکان پتر لە بیروباوەڕی حیزبی کومۆنیستی چین لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا شارەزایی هەیە.

بلاۆکراوەی "توودە" ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە لە ژمارەی ١٨ سالی ١٣٤٩ لە وتارێکدا کە سەبارت بە مەسەلەی نەتەوایەتیو مەسەلەی کورد نووسیویەتی نوختەنەزەری مارکسیست ـ لنینیستەکانی لێکداوەتەوە. کە بێ جێ نیە بۆ ئاگاداری ئاغای ماکان چەند رستەیەکی لێرەدا بێنینەوە: "ئێمە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی وا تێناگەین کە بۆ وێنە خودموختاری (ئوتۆنۆمی) بدرێ بە نەتەوەیەك. بەڵکوو مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەو نەتەوە ئازاد ببێ، لە بارەی جیابوونەوەو پێکەوەبووندا بڕیار بدا. "ل٣٣" . . . . مارکسیست ـ لنینیستەکانی ئێران بە گەلانی زۆر لێکراوی ئێران زۆر قەرزدارنو خەباتێکی سەختو بەردەوام لە ماوەیەکی دوورو درێژدا پێویستە هەتا لە لایەك شۆوینیستەکانی فارس تێكبشکێننو لە لایەکی ترەوە دۆستایەتیو دڵنیایی زەحمەتکێشانی نەتەوەکانیتری ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن."ل٣٦ " ئەوە کە ئیمپریالیزم ناهەقی لە تەواوی گەلەکانی ئێراز دەکاو رێژیمێکی داتاشراوی بە زۆر بە سەر هەموو خەڵکی ئێراندا سەپاندووە. لایەکی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ولاتی ئێمەدا پێكدێنێ. لایەکەیتری ئەو مەسەلە ئازادنەبوونی گەلەکانی کورد، ئازەربایجانیو گەلەکانیترە لە دانانی چارەنووسی خۆیاندا. دیتنی لای یەکەمو نەدیتنی لای دووهەم، یان هێنانی لای یەکەم بۆ وەلانانی لای دووهەم، گرتنی هەڵوێستێکی شۆوینیستانەیە. "ل٣٨" "ئەرکی مارکسیست ـ لنینیستەکان لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەیە کە دیفاعێکی تەواوو شێلگیر لە مافی ئازادی جیابوونەوەی نەتەوەکان بکەن. لەم هەلومەرجەدا مەترسی شۆوینیستی نەتەوە بچووکەکان گرینگ نیە بەڵکوو مەترسی گرینگ شۆوینیستی نەتەوەی گەورەیەو دەبێ مارکسیستەکان لە دژی ئەو مەترسییە خەبات بکەن. "ل٣٩" بەرەنگار بوونی مارکسیست ـ لنینیستەکان لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیدا بەم جۆرەیەو ئەو بەرەنگاربوونە لەگەڵ نوختە نەزەری وردە بورژوازی ئاغای ماکان کە ئەویش لایەنگری پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوەندی دێموکراتییە بە سەرکردایەتیی حیزبی چینی کرێکاری ئێران جیاوازییەکی زۆری هەیە. ماکان دیسان هەر بۆ خەڵك فریودان ئەم جار هێرش دەباتە سەر سیاسەتی نەتەوایەتی یووگوسلاڤیو دژی

. فیدرالیزم رادەوەستێ. ناوبراو دەگاتە ئەو ئەنجامە کە کۆمەڵی کومۆنیستەکانی یووگوسلاڤی "لایەنگری سەربەخۆیی نەتەوایەتیو فەرهەنگی‌یە یانی لایەنگری ئەو سیاسەتەیە کە لنین لە دژی ئەو خەباتی دەکرد. . ." ئێمە نیشانمان دا کە ئاغای ماکان چۆن هەڵوێستی لنینی لە دژی دروشمی سەربەخۆیی فەرهەنگی گۆڕیوەو وا جارێکی‌تریش دەستی داوەتە تێکدان. لە سەرەتای قانوونی ئەساسی یووگوسلاڤی‌دا نووسراوە: "نەتەوەکانی یووگوسلاڤی لەگەڵ لە بەرچاو گرتنی مافی چارەنووسی هەر نەتەوەیەك بە مافی جیابوونەوە لە کۆماری یەکگرتووی نەتەوەکانی ئازادو خاوەن مافی وەك یەکدا کۆبوونەوەو کۆمەڵی سۆسیالیستی فیدراتیوی زەحمەتکێشانی کۆماری سۆسیالیستی فیدراتیوی یووگوسلاڤی‌یان پێکهێناوە." لە بەندی یەکەمی قانوونی ئەساسی‌دا دەڵێ "کۆماری سۆسیالیستی فیدراتیوی یووگوسلاڤی دەوڵەتی هاوبەشی گەلانی ماف وەك یەکە کە بە داخوازی خۆیان یەکیان گرتووە." ئەو هەموو تێکدانە ئاشکرایەو وەرگێڕانی راستی‌یەکان لە لایەن ئاغای ماکانەوە بەڕاستی چاوو رووی دەوێ.

"نەتیجە وەرگرتن"

نەتیجە وەرگرتنەکانی خوێنەر دەخاتە سەرسووڕمانو ناڕەحەتی‌یەوە. سەرسووڕمان لە بەر ئەوە کە نووسەر لە گیروگرفتەکانی ئێرانو بە تایبەتی مەسەلەی نەتەوایەتی‌دا خۆی بەشارەزا دەزانێو ناڕەحەتیش لەوەی کەسێکی خۆی بە ئازادیخواز دەزانێ سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی ئەو چەشنە داوەری‌یە ناڕاستانە بکا. ماکان بەو پەڕی بێ‌ئینسافییەوە ئیدیعا دەکا کە "ئێمە دیتمان کە چونکە ئابووری فەرهەنگو زمانی ئێران هەمووی هاوبەش بووە زوڵمو زۆر لە هیچ‌کەس نەکراوە. "ل٤٣" تەنانەت هەڵسوڕێنەرانی رێژیمی حەمەڕەزا شاش لە روویان نایە بیروباوەڕێکی ئەوتۆ دەربڕن. هەر لەو لاپەڕەدا ماکان دەنووسێ: "لە بەر چاوکردنی ئەو هەموو شتە ئاشکرایانەیە کە ئێمە بێجگە لە نەتەوە ـ گەل ـ ی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتەدا گەلێکی‌تر ناناسین." پاشان لە دوای تێك خستنەوەی چەند مەبەستی بێ‌سەروبن دەگاتە ئەم ئەنجامە "ئێمە دەبێ بزانین کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە بارەی قرقیزەکانو رووسەکاندا راستە (یانێ ستەمی نەتەوایەتی بەکار هاتووەو پێوەندی زانیاریو ئابوریش نەبووە). لە بارەی تەورێزی‌یەکانو شیرازی‌یەکاندا راست

نیە (یانێ ستەمی نەتەوایەتی بەکار نەهاتوەو پێوەندی زانیاریو ئـابووریش هـەموو کاتێك بووە) "ل٤٤".

خوێنـەر بـێ گۆمـان دەبینـێ کـە ئاغـای ماکـان زۆر بـە زرینگـی لـە جیـاتی ئازەربایجانییەکانو فارسـەکان دەنووسـێ تەورێزییـەکانو شـیرازییەکان چونکـە بـۆ خوێنەری ئێرانی زۆر گرانە بسەلمێنێ کـە دانیشـتووانی شیراز دانیشـتووانی تـەورێز دەخەنە ژێر زوڵمو زۆر لە حاڵێکدا سەدان کیلۆمیتر لێك دوورن.

ئەوە کە منداڵی تەورێزی بۆ خوێندەوار بوون ناچارە فێری زمانی فارسی ببـێ کـە بۆ ئەو زمانی بێگانەیەو هەقی نیە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ بە بیروڕای ماکان هیچ پێوەندی بە ستەمی نەتەوایەتییەوە نیە.

بەڕاستی جێی داخە کەسێك خۆی بە پێشکەوتوو و دژی ئیمپریالیستو ئازادیخواز دەزانێ لە بەرەنگاربوونی مەسەلەی نەتەوایەتیدا ئەوەندە کورتبینی (تنـگ نظری) بەکار بێنێ. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ماکان راپەڕینی "یەعقووب لەیسـی سـەفار"، "مازیار" و "ئەبوومۆسلمی خوراسانی" کە چەند سەدە لەمەو پێش دژی دەسـەڵاتی عەرەبەکان پێك هاتوونو بە راپەڕینی رزگاریخوازانی ناو دەبا، بەڵام ئەگـەر کوردێـك وێرای راپەڕینەکانی گەلی کورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا بـە بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی ناوبەرێ کفری کردووە. . . .

پێشـنیاری ئاغـای ماکـان بـۆ چارکردنی مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـە ئـێراندا ئەساڵەتێکی تایبەتی هەیەو کورتەی قسە ئەوەیـە کـە هیـچ گـەلێك خـاوەنی هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتی نەبێو هەموو گەلانی ئێران بتوێنەوەو یەك گـەلو یـەك نەتەوە پێك بێ.

جێگای سەرسووڕمانە کە ماکان بەو بیرو باوەڕەوە هێرش دەباتە سەر نازییەکانی نیشتمانیو بە خۆڕایی دۆستانو هاوبیرانی خـۆی دەڕەنجێنـێ. رێبـازی ماکـان یـانێ حاشاکردن لە بوونی گەلەکانی زۆرلێکراوی ئێرانو تێکۆشان بۆ تواندنـەوەی ئـەوان، رێبازێکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانییە.

ئاشکرایە کە ئینسانە ئازادیخوازەکـانو پێشـڕەوانی خەباتکـەری ئـێران لـە هـەر نەتەوەیەك بن ناچنە ژێر باری سیاسەتێکی ئەوتۆو لێی بێزارن. ئێمە بە نۆرەی خۆمان بیروڕای ماکان رەت دەکەینەوەو بە هەموو هێزمانەوە لە دژی خەبات دەکەین.

گەلەکانی ئێران لە ڕاستی‌دا هەن‌و بوونی ئەوان بە ئەفسانە لە قەڵەمدان ناتوانێ
ەو ڕاستی‌یە بگۆڕێ.

ڕێژیمی کۆنەپەرستی شاو دەسەڵاتی ئیمپریالیزم تەنیا بە خەباتی هاوبەشی هەموو
ەلانی ئێران دەتوانێ سەرەونخوون بکرێ. خەباتی هاوبەش پێویستی بە دانپێدانانی
ون‌و وەك یەکی مافی هەموو گەلانی ئێران هەیە. خەباتکەرانی گەلی کورد لە
ێراندا بە پێچەوانەی ئیدیعا ماکان داوای جیابوونەوە لە ئێران ناکەن. ئەوان لە
ردەوەداو لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەی مێژوویی‌دا چاك تێگەیشتوون کە ڕێگای
ـگاری گەلی کورد لە یەکیەتی‌و برایەتی‌و خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلەکانی ئێران لە
ژی ڕێژیمی زۆرداری‌و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم‌دا شاراوەتەوە.

هەربۆیە ئەوان لە دژی ناسیۆنالیزمی کورتبینانە (تنگ نظرانە)ی کوردو ئەو
ێزانە کە لە ناو بزووتنەوەی گەلی کورددا دەبنە هۆی پەرش‌و بڵاوی ریزەکان‌و
یدابوونی دووبەرەکی لە نێوان گەلەکانی ئێراندا خەبات دەکەن.

لە بەر خاتری یەکخستنی خەباتی گەلەکانی ئێرانە کە ئێمە داوای ناسینی مافی
انی چارەنووس لە ئێراندا دەکەین. ئەوە تەنیا ڕێگای ڕاکێشانی دڵنیایی
ەوەکانی زۆرلێکراوی ئێرانەو تەنیا هۆی پێکهێنانی یەکیەتیی داخوازانەو پێوەندی
مێژی ئەوانە لە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیکدا.

ـەر:

امیلکەی ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران، سپتامبری ١٩٧٠ ـ خەرمانانی ١٣٤٩

فەسڵی چوارەم:

باسێك سەبارەت بە مودیرییەت

باسێك سەبارەت بە مودیرییەت

لە حیزبی دێموكراتدا دوو بەڵگەنامە (سەنەد)ی ئەساسی‌مان هەیە، یەكیان بەرنامەیە كە ئامانجە ستراتیژیكەكانی حیزب دیاری دەكا، جیا لەوە لە بەرنامەدا ئامانجی دوارۆژی حیزبیش كە بریتیە لە سۆسیالیزمی دێموكراتیك دیاری كراوە.

بەڵگەنامەی دووهەم پێڕەوی نێوخۆیە، پێڕەو قاعیدەو قانوونی هەڵسووڕانی نێوخۆو پەیوەندیی ئۆرگانە جیاجیاكانی حیزب پێكەوە دیاری دەكا. لە راستی‌دا پێڕەوی نێوخۆ قانوونی ئەساسیی حیزبەكەمانە.

بۆ جێبەجێ كردنی ئەو ئەركانەی كە لە بەرنامەی حیزبەكەماندا هاتوون‌و ئەركی ستراتیژیكن، ماوەیەكی زۆر پێویستە. بەڵام ئێمە هەموو رۆژێ تێكۆشانمان هەیە. هەموو رۆژێ خەریكی فەعالییەتی رۆژانەین، كەوابوو دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیكەكان بەرنامەڕێژی بكەین، ئەو بەرنامەڕێژییە یانێ گەڵاڵە (تەرح) دانان، ەگەڵ بەرنامەی حیزبدا هاتوون دەبێ شەوو رۆژ تێكۆشانمان هەبێ. ئەو تێكۆشانە ماوەی دیاریكراوی نیە. بۆ ئەوەی ئەركی رۆژانە جێبەجێ بكەین، دوو مەرجی نەڕەتی هەیە:

۱ـ مەرجی سیاسی:

مەرجی سیاسی بۆ كادرێكی حیزبی بوونی سیمای دێموكراتە. هەموو كادرەكانی حیزبی مەرجەكانی سیمای شەخسیەتێكی تەشكیلاتیی دێموكراتیان خوێندۆتەوە ەوێدا مەرجەكانی كادرێكی حیزبی دیاری كراون.

٢ـ مەرجی دووهەم واتە مەرجی تایبەتی:

کە بریتییە لە هێندێك تایبەتمەندیی ئەخلاقیو حیزبی کە لە پێڕەوی نێوخۆدا هاتوە. بەلاّم چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەرکی رۆژانە نە لە بەرنامەدا هاتوە نە لە پێڕەوداو بەگشتی تا ئێستا لە حیزبدا کەمتر باس لە سەر ئەوە کراوە کە کاری رۆژانە بە چ شێوەیەك بەرینەپێش؟

وەلاّمی ئەم پرسیارە باسێك دێنێتە پێش کە پێی دەگوترێ مودیرییەت یان بە واتایەکیتر چۆنیەتی هەلّسووڕاندنی کاروباری حیزبی.

لە مودیرییەتدا سێ بەش هەیە. یەکەم ئەو بەشەی کە سیاسەتێکی گشتی دادەنێ، دووهەم ئەو بەشەی کە سیاسەتە گشتییەکان دەکا بە ئەرك یان بلّێین ئەرکەکان دیاری دەکا. سێهەم ئەو بەشەیە کە بریتییە لە ئیجراکردنو جێبەجێکردنی ئەرکەکان.

لە حیزبی ئێمەدا کۆنگرە سیاسەتە گشتییەکان دیاری دەکا. کومیتەی ناوەندی ئەو سیاسەتە گشتییانە دەکا بە ئەركو بۆ جێبەجێکردن دەیدا بە ئۆرگانە حیزبییەکانی وەك دەفتەری سیاسی، کومیسیۆنەکان، مەلّبەندەکان، کومیتە شارستانەکانو بە گشتی هەموو بەدەنەی حیزب. پێش ئەوەی بچینە سەر باسی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەرکەکان دەبێ ئیشارە بەو راستییە بکەین کە شێوەی مودیرییەت لە ئیدارەیەکی دەولّەتی، ئەرتەشێکی کلاسیكو حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت حیزبی دێموکراتدا جیاوازی هەیە.

لە ئەرتەشدا (بێجگە لە هێندێك شێوەکار) بە گشتی مودیرییەت لە سەر دەستووردانە. بە خۆڕایی نیە کە دەلّێن لە ئەرتەشدا ئیتاعەت کوێرکوێرانەیە. هەرچەند لە ئەرتەشی ولاّتێکی دێموکراتدا رەنگە لە شێوەی دیکەش کەلّك وەربگیرێ. لەم شێوە مودیرییەتەدا لە سەرەوەڕا ئەمر دەکرێو نەفەراتی خوارەوە دەبێ ئەمرەکە جێبەجێ بکەن. هێندێك جار لە کاری نیزامیی حیزبی خۆشماندا کاتێك بڕیار درا، بڕیاردان، دەستەجەمعییە، ئیتر بڕیارەکە دەبێ بێ ئەملاو ئەولا جێبەجێ بکرێ. بڕیار دەدرێ جەولەیەکی سیاسی- نیزامی لە ناوچەیەکدا بکرێ، فەرماندەری هێز دەستوور دەداو ئەرکی نەفەرات دیاری دەکا، جا ئیدی لە جێبەجی کردنی ئەو ئەرکانەدا هیچ باسو کێشەیەك نیە.

شێوەی دووهەمی مودیرییەت کە ئێستا لە بەشێکی زۆری دنیادا باوە، شێوەکاری ئیداری‌یە. لەم شێوەیەدا کار بە ناردنی پەیامو بەخشنامەو یان بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر بە ناردنی "تلگرام"و "کامپیوتێر" جێبەجێ دەبێ. مودیری ئیدارە پەیام دەدا بە کارمەندەکانی خۆی‌و ئەوانیش جێبەجێی دەکەن. لە حیزبی ئێمەش‌دا جارجار هێندێك هاورێ لە هەردووك ئەم شێوەکارانەی کە باسمان کرد کەڵکیان وەرگرتوە. پێیان وابوە بە بەخشنامەناردن‌و دەستووردان کار جێبەجێ دەبێ. دیارە لە هێندێك رێکخراوەدا لەم شێوە مودیرییەتانە کەڵك وەردەگرن، بەڵام ئەم رێکخراوانە دێموکراتیك نین. لەم چەشنە رێکخراوانەدا سانترالیزم بەهێزە، بەڵام دێموکراسی نیە.

شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمەدا بەگشتی لە سەر بناغەی پێوەندیی زیندوو، رێنوێنی‌و لە ئاکام‌دا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی دەبێ رێنوێنی‌و بڕیارەکان کە لە بەخشنامەدا دەدا، دەبێ پێوەندیی زیندووی لەگەڵ نەفەراتی خۆی هەبێ‌و تەوزیح بداو ماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی تەرەف قانیع دەکا.

ئەزموونی چەندین ساڵە دەری خستوە کە ئێمە ئۆرگانێك یان هاورێیەکمان قانیع کردوە، ئەرکەکەی خۆی زۆر بە باشی بەرێوەبردوە. بەڵام ئەگەر قانیع نەبووبێ‌و بە دەستوور کارەکەی کردبێ، ئاکامی چاوەڕوانکراوی نەبوە. ئەگەر ئێمە بۆ بەرێوەبردنی ئەرکەکان لە نامەو پەیام‌و بەخشنامەش کەڵك وەردەگرین، پێویستە پێشتر ئوسوولە گشتی‌یەکانی ئەو نامەو بەخشنامانەمان روون کردبێتەوە.

بۆ بەرێوەچوونی هەرچی باشتری مودیرییەت‌و کارەکانی حیزبی پێویستمان بە چەند عامیلێکی گرینگ هەیە کە لێرەدا باسیان دەکەین:

١ـ تەرح (گەڵاڵە): بۆ جێبەجێ‌کردنی کارێك لە کاتێکی دیاریکراودا دەبێ گەڵاڵە دابنێین، بۆ وێنە کاری نیزامی ئەوساڵمان لە نێوخۆی وڵاتدا دەبێ چۆن بێ‌و چ بکەین‌و ئەگەر بکرێ لە چ شوێنێك باشترە بیکەین‌و بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەو کارە نیزامییانە چەندەمان وەخت هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە یانی دانانی تەرحی نیزامی. بە بێ ئەو تەرحە هەر کارێکی بیکەین دەبێتە گۆترەکاری‌و بێ‌بەرنامەیی، دەبێتە شتێك کە ئاکامەکەی دیار نیە. کە واتە بۆ نزیك بوونەوە لە ئامانجەکان، هەر ئۆرگانێکی حیزبی‌و تەنانەت هەر فەردێکی حیزبییش بۆ جێبەجێ‌کردنی کارو ئەرکەکانی لە کاتێکی دیاریکراودا (تایم‌بەندی)، دەبێ تەرحی هەبێ.

لێرە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە تەرح دەبێ بۆ هەلومەرجێکی دیاریکراوو کاتێکی دیاریکراوو بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو دوای هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە دابڕێژرێو پاشان قابلییەتو تواناو ئیمکاناتی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو تەرحەش دەبێ لە بەرچاو بگرین. بۆ نموونە ئەگەر فەرماندەری هێزێك دەیەوێ تەرحێکی نیزامی لە شارێکی کوردستاندا پیادە بکا، دەبێ بزانێ هێزەکانی دوژمن چین؟ تەرکیبەکەیان چیە؟ لە چ شوێنێك جێگیر بوون؟ نوقتە ستراتیژیکەکانی شار کامانەنو چەندەیان لە دەستی دوژمن دان؟ ئایا هێزەکانی دوژمن ئامادەباشن یان نا؟ ئەگەر بۆی دەرکەوت کە مەسەلەن دوژمن ئامادەباشە، دەبێ رابوەستێ لە وەختێکی دیکەدا تەرحەکەی پیادە بکا. جا ئەوە بۆ تەرحێکی زۆر وردیشو بۆ کارێکی بچووکیش هەروایە. وەك ئەوەی کە ئاگادارین کە سەری فلانە سەعاتی دیاریکراو ئەگەر دەوری فلانە پایەگا بدەین، دەگیرێ. چونکە نیگابانەکەی پێوەندی هەیەو قەولو قەراری لەگەڵ ئێمەدا هەیە. واتە دەبێ بزانین لە چ مەقتەعێکی زەمانیو لە چ حاڵەتێکی موشەخەسدا ئەو تەرحە جێبەجێ بکەین.

دووهەم عامیلی جێبەجێکردنی ئەرکەکان بریتییە لە بوونی ئەفرادی پێویست. چونکە ئەگەر تەرحی زۆر باشیشمان هەبێو دەقیقو تایبەندییش کرابێ، بەلام ئەگەر ئەفرادی پێویستو لێوەشاوەمان نەبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو تەرحە، تەرحەکە پیادە ناکرێ ـ جا ئەو تەرحە چ بۆ کاری سیاسی بێو چ بۆ کاری نیزامی ـ کە واتە عامیلی ئینسانی کە ئێمە پێی دەڵێین کادر، نەخشێکی گرنگو بەرچاوی هەیە. بەر لەوەی تەرحێك دابنێینو بمانەوێ جێبەجێی بکەین دەبێ بزانین ئایا بۆ جێبەجێکردنی ئەو تەرحە ئەفرادێکی وامان هەیە، واتە کادری وامان هەیە کە ئەو کارەی پێ بکرێو سیمای دێموکراتی هەبێو تایبەتمەندییەکانی کادری حیزبی تێدا بێ؟ واتە شارەزای سیاسەتی حیزبی بێو لەسەرەخۆ بێو زوو تێك نەچێو تووڕە نەبێو خۆی نەدۆڕێنێ لە کاتی تەنگانەداو هەست بە بەرپرسایەتی بکاو هەڵسووڕو چالاك بێو تەکرەوی نەکا.

کەوابوو بۆ دابەزاندنی هەر تەرحێك، کادر و ئەفرادی پێویست نەخشی ئەساسیی هەیە. بەلام بێجگە لە کادر، هێندێك ئامرازو کەرەسەشی پێویستە. مەسەلەن بۆ

پیادەکردنی تەرحێکی نیزامی، تەقەمەنی، کەرەسەی تەخریبو ئیمکاناتی ماڵیشی پێویستە.

مەرجێکی دیکەی سەرکەوتنی هەر تەرحێك ئەوەیە کە دەبێ جێگای دابەزاندنی تەرحەکە موناسب بێ. بۆ نموونە دەمانەوێ لە ناوخۆی کوردستاندا جێگایەك بۆ دەفتەری سیاسی دیاری بکەین بۆ ئەوەی کاری خۆی بکاو بشتوانێ ڕێبەرایەتیی کاروباری مەڵبەندو کومیتەکان بکات لانیکەم بۆ ماوەی سێ مانگ. بۆ ئەو کارە کادری باشو ئیمکاناتی پێویستیش ئامادە بکەین ئەگەر شوێنەکە موناسب نەبێ ئەوە تەرحەکە سەرکەوتوو نابێ.

عامیلی سێهەم: ئەوەیە کە هەر ئەرکێکی دەمانەوێ جێبەجێی بکەین دەبێ ڕوونو ئاشکرا بێ. بە هیچ شێوەیەك ئەرك نابێ ناموشەخەس بێ، یەکێك لە گیروگرفتەکانی حیزبی ئێمە ئەوەیە کە زۆرجار بە پەیام یان بە نووسراوە یان بە قسە کارێك دیاری دەکەین بۆ کەسێك یان بۆ ئۆرگانێك بەڵام ئەو کارە ڕوون نیەو موشەخەس نیە. بۆیە زۆرجار بەو ئاکامە ناگەین کە دەمانەوێ، جا ئەو ئەرکە چ نیزامی بێ چ سیاسیو چ تەشکیلاتی بێ فەرق ناکات. گرنگ ئەوەیە دەبێ ڕوونو بێ پێچو پەنا بێتو تەفسیری جۆراوجۆری لێ نەکرێ. زۆرجار بە نامە یان بە پەیام داوایەك لە ئۆرگانێك دەکرێ بە ڕوونی وەڵام ناداتەوە یان وەڵامێك دەداتەوە کە وەڵامی پرسیارەکە نیە. هۆی ئەو کارەش ئەوەیە کە هاوڕێی بەرپرس دیققەت ناکات لە وەڵامدانەوەداو هێندێك جاریش دەیەوێ لە ژێر پرسیارەکە دەرچێ.

زۆرجاری وایە بە ڕوونی پێکەوە قسە ناکەین، شتێك بە گۆترە دەگوترێ، بەڵام ئەرکەکە موشەخەس نابێ. ئەوە لە وردەکاریی ڕۆژانەشدا زۆر گرنگە. بۆیە ئەگەر شتێکمان دەوێ، دەمانهەوێ جێبەجێ ببێت، دەبێ بە ڕوونی داوا بکەینو بە ڕوونیش وەڵامەکەی وەرگرینەوە. کە واتە بۆمان دەردەکەوێ کە دیاریکردنی ئەرکی ڕوون زۆر زۆر گرنگە، چ لە باری سیاسیەوەو چ لە باری نیزامیەوە. بەتایبەتی دەبێ لە بیرمان بێ کە ئێمە لە وڵاتێکی دواکەوتوودا دەژینو کار دەکەین کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەرکەکان بەڕێوە دەبەن، خوێندەواریی باشیان نیەو تەجروبەی زۆر [illegible] بۆیە دەبێ بە ڕوونی ئەرکەکانیان بۆ دیاری بکەین.

عامیلی چوارەم: کە لە مودیرییەتدا زۆر گرنگە بریتی‌یە لە کۆنترۆڵ. کۆنترۆڵیش بریتی‌یە لەوەی کە بزانین ئایا ئەرکە دیاریکراوەکە جێبەجێ کراوە یان نا، بزانین ئایا جێبەجێ دەکرێ یان نا؟ تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە ئەگەر ئەرکێك دیاری بکرێو بەلاّم لە جێبەجێکردنەکەیدا کۆنترۆڵ نەبێ زۆرجار بە ئاکام ناگات.

کۆنترۆڵ لە سەر شتێکی دیکەش زۆر پێویستە، ئەویش لە سەر ئەو راپۆرتانە کە دەگاتە دەستی بەرپرسانی حیزبی. بۆ نموونە راپۆرتێك بە فەرماندەری هێز دەگات کە دوژمن فلاّنە رۆژ بە هێزێکی کەمو نارێكوپێك بە فلاّنە جادەدا تێدەپەڕێ. ئەگەر فەرماندەری هێز تەنیا لە سەر ئەو راپۆرتە هێزی خۆی کۆ بکاتەوەو بچێتە سەر ئەو جادەیە بۆ کەمین دانانەوە، رەنگە تووشی گیروگرفت بێو لە لایەن دوژمنەوە بکەوێتە داو، بەلاّم ئەگەر ئەو خەبەرە کۆنترۆڵ بکاتو لە چەندین لاوە تەحقیقی لە سەر بکا، ئەودەم راستو درۆبوونی خەبەرەکەی بۆ دەردەکەوێ. یان کەسێك خەبەر دەدات کە فلاّنە ئەندامی حیزبی لەگەڵ دوژمن پێوەندی هەیە، یان پێوەندی لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو هەیە، ئەگەر ئەو راپۆرتە کۆنترۆڵ نەکرێو راستو ناڕاستی‌یەکەی بە تەواوی مەعلوم نەبێ، زۆر جار تووشی زەرەری گەورەمان دەکات.

ئەو ئەسلاّنەی کە باسمان کردن لە کاری مودیرییەتدا زۆر گرینگنو هەموویان پێکەوە سەرکەوتنی کاری بەرپرسێکی مودیر لە حیزبی ئێمەدا دەستەبەر دەکەن. نەبوونی هەرکام لەو ئەسلاّنە شوێنی کاریگەری خۆی لە لاوازیی کاری مودیرییەتدا نیشان دەدات.

بێجگە لەو ئەسلاّنە کە باسمان کردن، هێندێك مەسایلی دیکەش لە سەر کاری مودیرییەتی حیزبی تەئسیر دادەنێن کە پێویستە لێرەدا ئیشارەیان پێ بکرێ:

ئەلف ـ بەرپرسایەتیو سەلاحییەت:

لە حیزبی ئێمەدا ئەگەر کەسێك بەرپرسایەتی درایە، سەلاحییەتیشی بەقەدەر خۆی دەدرێتێ. هەرکام لەو دوو بەشە بە بێ ئەوەی دیکە ناتەواوەو بە کردەوە گیروگرفتمان بۆ دەخولقێنێ. بۆ نموونە مەسئوولییەتی فەرماندەری هێز بە کەسێك بسپێرین، بەلاّم سەلاحییەتی ئەوەی نەبێ کە لە چوارچێوەیەکدا کە بۆی دیاری کراوە بڕیار بداو لە نێو هێزەکەدا ئالوگۆڕی پێویست پێك بێنێ، هاوکاری خۆی هەلبژێرێ،

بێگومان فەرماندەرێکی ئەوتۆ بەرپرسایەتی‌یەکەی بۆ هەڵناسووڕێو کارەکانی بۆ جێبەجێ ناکرێن‌و بەرەوپێش ناچێ، بە پێچەوانەی ئەوەش هەر وایە.

کەسێك دیاری بکەین بە سەلاحییەتێکی زۆرەوە، وەك ئەوەی بە مەیلی خۆی ئەموالی حیزب خەرج بکات، بڕیار بدات، ئاڵوگۆڕ پێك بێنێ‌و بەرامبەر کەس‌و حیزبیش بەرپرس نەبێ، ئەوەش شتێکی زۆر نادروستە. دیارە سەلاحییەت‌و مەسئولییەتیش پێوەندی‌یەکی زیندوویان بەیەکەوە هەیە. بەو مانایە کە هەرچەند رادەی مەسئولییەت زیاتر بێ بەو پێیەش رادەی سەلاحییەت دەچێتە سەر. هەر بەو پێیەش کە رادەی سەلاحییەت دەچێتە سەر، دەبێ رادەی مەسئولییەتیش بچێتە سەر.

ب ـ پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێو هاوکاراندا:

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی بەرپرسێکی مودیری حیزبی، پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێو ئەو هاوکارانەدایە کە کاری لەگەڵ دەکەن. ئەو هاوکارانەی کە پێکەوەو لە ئۆرگانێکدا کار دەکەن لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ یەك جیاوازییان هەیە. وەك جیاوازیی بۆچوون، رەوشت‌و شێوەی کار، رادەی خوێندەواری‌و تاقیکردنەوەی حیزبی‌و سیاسی‌و تەربیەتی بنەماڵەیی‌و... کەوابوو جیاوازیی بۆچوون‌و نەزەر لە جەمعێکی ئاوادا زۆر سروشتی‌یە، بەتایبەت لە حیزبێکی وەك ئێمەدا کە حیزبێکی دێموکراتەو جیاوازیی بۆچوون‌و نەزەر پێش بڕیاردان ئازادە.

بۆیە پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێو جەمعێکی ئاوادا، ئەرکێکی گرنگی بەرپرسێکی مودیرە. پێکهێنانی هاوئاهەنگیش هونەری تایبەتی خۆی هەیەو خەلاقییەت‌و ئیبتکاری دەوێ بۆ نموونە لە کۆبوونەوەکاندا بەرپرس دەبێ لە سەر مەسەلە دیاریکراوەکان داوا لە هاوڕێیانی خۆی بکات کە نەزەری خۆیان بڵێن، پاشان کە ئەوان نەزەری خۆیان گوت جا ئەوجار بەرپرس نەزەری خۆی بدات‌و جەمعبەندیی نەزەرەکان بکات‌و لێکیان بداتەوەو لە یەکتریان نزیك بکاتەوەو لە ئاکامدا بیانکاتە یەك نەزەر بە چەشنێك کە ئەو نەزەرە بۆ هەموویان قبووڵ بێ. بەڵام هاوئاهەنگی بەو مانایە نیە کە بەرپرس شتێك بڵێ‌و باقیی هاوکارەکانی بێ‌ئەوەی ئیجازەی دەربڕینی نەزەری خۆیان هەبێ، قبووڵی بکەن‌و قسە نەکەن. ئەوە شێوە مودیرییەتێکی دیکتاتۆرانەیە کە لەگەڵ رۆحی دێموکراسیدا ناتەبایی هەیەو لە حیزبی ئێمەدا

جێگای نابێتەوە. دیارە بۆ پێکهێنانی ئەو هاوئاهەنگی‌یە دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی دەقیق پێویستە، هەرچەند لە حیزبی ئێمەدا مەسئولییەت هەم جەمعی‌یەو هەم فەردی‌یە. فەردی‌یە بۆ ئەوەی ئەگەر کارێك بەڕێوە نەچوو بەرپرسەکەی دیار بێ. چونکە ئەگەر وا نەبێ عامیلی هیچ کەمکاری‌و هەڵەیەك دیار نابێ. ئەگەر وای دانێین لە کۆمیتە شارستانێکدا ئەرکێك دیاری بکرێ، بەلاّم ئەو کەسە دیاری نەکرێ کە ئەرکەکە بەڕێوە دەبا، حەتمەن کارەکە بەڕێوە ناچێ، چونکە کەس خۆی بە بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەرکەکە نازانێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسایەتی جەمعی‌یە. چونکە لە حیزبی ئێمەدا هەر فەردێك لە نێو ئۆرگانێکدا کار دەکات، تاوانی ئۆرگانەکە دەبێتە ئەوە کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکە فەردێکی شایستەی هەڵنەبژاردوەو هەروەها بەڕێوەچوون‌و بەڕێوەبردنی ئەرکەکەشی کۆنترۆڵ نەکردوە. بۆیە دەبێ دابەشکردنی ئەرك بە وردی‌و بە روونی لە لایەن ئۆرگانەوە دیاری بکرێ‌و عادلانەش بێ. وا نەبێ کەسێك لە ئۆرگانێکدا بێکار بێ‌و ئەوی دیکەش لە رۆژدا چەندین سەعات کار بکا. هەردووك لای ئەو مەسەلەیە خراپە. ئەوەی زۆر کار دەکا فەرسوودە دەبێ، دیقەتی کەمتر دەبێ، کارەکان بە چاکی بەڕێوە نابا، ئەوەی دیکەش چونکە کار ناکا، هیچ فێر نابێ، تەمبەڵ بار دێ‌و بە نیسبەتی مەسایل بەرەبەرە بێ‌تەفاوەت دەبێ. بەداخەوە لە حیزبی ئێمەدا کەمکاری هەر ماوەو ئەوەش گیروگرفتێکی زۆری بۆ خولقاندوین. بۆیە ئەرکێکی گرنگی مودیری ئۆرگانەکان لابردنی کەمکاریە لە نێو ئۆرگانە حیزبی‌یەکاندا. ئەوەش بە هۆی تەقسیمی کاری عادلانەوە دەکرێ.

ج: خەلاقییەت:

راستە کە مودیر بۆ جێبەجێ‌کردنی کارەکانی خۆی دەبێ تەرح دابنێ‌و بە گوێرەی تەرحەکە ئیقدام بکات. بەلاّم ئەوانەی تەرحەکە بەڕێوە دەبەن مۆرەی ماشێن نین کە هەموو شتێکیان بۆ دیاری بکرێ‌و وەك ماشێن کاربکەن. کادری ئێمە هەموو وردەکاری‌یەکانی تێکۆشانی رۆژانەی لە سەرەوەڕا بۆ دیاری ناکرێ، چونکە ئینسانێکی موستەقیلە، دەبێ فکر بکاتەوە، خەلاقییەت‌و لێوەشاوەیی خۆی وەگەڕ بخا. ئیبتکار بنوێنێ‌و کارەکانی لە چوارچێوەی بڕیارەکانی ئۆرگانی خۆیدا جێبەجێ بکات.

دیاریکردنی ئەرکێك بۆ هاوڕێیەك بە هەموو وردەکاریەکانیەوە نە دەکرێو نە بەکەڵکە. چونکە حیزبی ئێمە وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕ سەروکاری لەگەڵ سیاسەتو کۆمەڵو مرۆڤە. هەرکام لەوانەش سابیت نینو گۆڕانیان بەسەردا دێ. لێرەدایە کە دەبێ کادری حیزبی خەلاقییەتو ئیبتکاری هەبێو فێر ببێ. ئەگەر وا نەبێو هەر چاوەڕوان بێ یەکێك پێی بڵێ وا بکەو وا مەکەو ئەو کارەی بەو شێوەیە بکە، ئەودەم کادری حیزبی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی زەحمەت ناکێشێ بۆ ئەوەی فیکر بکاتەوە، لە ئاکامدا خەلاقییەتی نابێو پەروەردەش نابێ.

د ـ کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە:

لە راستیدا لەو بارەوە لە پاشینو زۆرجار نەك هەر لە ئەزموونی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە کەڵك وەرناگرین، بەڵکوو تاقیکردنەوەکانی خۆشمان بە گرینگ نازانینو دەیانخەینە پشت گوێ. بەشێکی زۆری کارەکانمان لەوە دەست پێ دەکەن، زۆر فەرماندەی نیزامیمان هەیە کە چەندین جار بەهۆی مەرەخەسیدان بە پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا، پێشمەرگەکەی لەدەست داوە، بەڵام دیسان هەر دووپاتی دەکاتەوە.

ئێمە دە ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانێ دەکەینو هەزاران کەس لە باشترین هاوڕێیانی خۆمان لەو بەربەرەکانێیەدا لەدەست داوەو لە بەرامبەردا هەزاران ئەزموونی بەنرخمان وەدەست هێناوە کە دەبێ کەڵکیان لێ وەرگرین. بۆ ئەوەی باشتر کەڵکیان لێ وەربگرین، پێویستە ئەو ئەزموونانە لە جێگایەك وەك کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی کۆ بکرێنەوەو پاشان بکرێنە ڕێنوێنیو بدرێنەوە بە ئۆرگانەکان بۆ ئەوەی زیاتر فێر بنو مودیرییەتەکەیان بەهێزتر بکەن. تەجروبەکردنەوەی تەجروبەکراوەکان کارێکی غەڵەتە. ئێستا وەختی ئەوە هاتوە کە لە تاقیکردنەوەکانی رابردووی چلو سێ ساڵەی تێکۆشانی سیاسیو تەشکیلاتیو نیزامیی حیزبی خۆمان بە باشترین شێوە کەڵك وەرگرینو هەمیشە ئەوە نەبین کە لە سفرەوە دەست پێ بکەین.

و- تێکەڵاوکردنی ئەرکی گرینگو ناگرینگ:

یەکێکی دیکە لە خاڵە لاوازەکانی شێوەی مودیرییەتی هاوڕێیانی بەرپرس ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان ئەرکی گرینگو ناگرینگ دانانێن. تەنانەت هێندێك جار

ئەوەندە لە وردەکاریو جوزئیاتدا نقوم دەبن کە ئەرکە گرنگەکانیان لەبیر دەچنەوە. ئیستلاحێك هەیە بۆ ئەو کەسانەی ئەو شێوە کارە دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: "دارێك بەرچاوی دەگرێ دارستانێك نابینێ." زۆر جار بینراوە کە بەرپرسێك لە نێوان ئەرکی گرنگو ئەرکی لاوەکیدا فەرق دانانێ. لە هەر رۆژێكو لە هەر شەرایتێكدا بۆ هەر ئۆرگانو بەرپرسێکی حیزبی ئەرکی گەورە هەیەو ئەرکی بچووکیش هەیە. ئەرکی گرنگ هەیەو ئەرکی گرنگتر هەیەو ئەرکی هەرە گرنگ هەیە. ئەسڵ ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە ئەرکی هەرەگرنگ لە دەستووری کاری خۆماندا دابنێین بۆ جێبەجێ کردن. هەر کات ئەرکە لاوەکیو بچووکەکە بوو بە کۆسپ لە سەر رێگای جێبەجێ کردنی ئەرکە گرنگەکە دەبێ دەستبەجێ ئەرکە بچووکەکە وەلا بنێین. واتە دەبێ واز لە شتی بچووك بێنین بۆ شتی گەورە. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە دەبێ شتی چووك وەلا نێین، چونکە شتی چووکیش گرنگو لە جێگای خۆیدا ئەهەمییەتی هەیە. گرینگ ئەوەیە کە ئەگەر لە نێوان ئەرکی بچووكو ئەرکی گەورەدا ناتەبایی دروست بوو، دەبێ شتە چووکەکە فیدای ئەرکە گەورەکە بکەین. زۆرجار دێتە پێش کە بەرپرسێکی حیزبی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی گرنگ زەحمەتێکی زۆری کێشاوە، بەڵام لە ناکاوڕا کارێکی بچووك بەخۆیەوە مەشغووڵی دەکاتو ئەرکە گرنگەکەی لەبیر دەباتەوە. لە ئاکامدا هەموو زەحمەتەکەی بە فیڕۆ داوەو زەرەرێکی زۆریش وەحیزب دەکەوێ. بەرپرسانی حیزبی لە حیزبی ئێمەدا ئەرکی گەورەیان لە سەر شانە، بۆیە نابێ کارە بچووکەکان ببنە هۆی ئەوەی ئەو هاوڕێیانە ئەرکە گرنگەکانیان لە بیر بچێتەوە.

هەروەك باس کرا مەبەست ئەوە نیە کە کاری بچووك بە هێند نەگرین. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ئەو چەشنە ئەرکانە بە کەسانی دیکە بسپێرین یان لانیکەم ئەرکی گرنگ بە قوربانی وردەکاری نەکەین. ئەو ئەسڵە دەبێ وەك ئەسڵێکی گرینگ لە کاری مودیرییەتدا بخرێتە بەرچاو.

ع: ئامووزش:

مەسەلەیەکی دیکە کە لە حیزبی ئێمەدا زۆر باسی لە سەر دەکرێ ئامووزشە. کە وەك ئەرکێکی گرینگ دەکەوێتە سەرشانی هەموو هاوڕێیانی حیزبی بەتایبەت بەرپرسەکان. زۆر کەس لە هاوڕێیانی حیزبی ئێمە ئامووزش لەوەدا دەبینن کە کلاسێك دابنرێو نەفەرێك دەرس بڵێتەوەو باقی دیکە گوێی لێ بگرن ـ دیارە ئەوە

نەوعیّ ئامووزشە ـ بەلاّم ئەو چەشنە ئامووزشە تەنیا کاتیّك کەلّکی دەبیّ کە بەشدارانی کلاس هان بدات بۆ خویّندنەوەی زیاتر. ئەگینا تەنیا بەشدار بوون لە کلاسیّكو دوو کلاس شویّنیّکی ئەوتۆ لە سەر چوونەسەری رادەی زانیاریی هاوڕیّیانی حیزبی دانانیّ. ئامووزش بۆ فەردی مەسئوولی حیزبی، خودئامووزیـیە بە شیّوەی فەردی. ئیّمە هاوڕیّیی بەرپرسی وامان هەیە کە بیّ بەشداربوون لە کلاسیّكدا، بۆخۆی هەم لە باری سیاسیو هەم لە باری ئیدارەکردنی ئۆرگانی خۆی زۆر شت فیّر بوە. زۆربەی کادرەکانی ئیّمە کە لە ئاستی سەرەوەی حیزبدا کار دەکەن هەر بەم شیّوەیە پیّ گەیشتوون. خودئاموزی فەردی بریتیـیە لە خویّندنەوەی کتیّب، رۆژنامە، گویّگرتن لە رادیۆو... .

ئەگەر هاوڕیّیی ئیّمە دەیەویّ فیّر بیّ، دەبیّ هەمیشەو بەدایم خۆی فیّر بکات. ئاستی زانستی سیاسیو کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگیی خۆی بەریّتە سەر، زەحمەت بکیّشیّ بۆ ئەوەی زیاتر فیّر بیّ. بیّگومان هەر بەو ئەندازە کە رادەی زانیاریو فیّربوونی هاوڕیّیی بەرپرس بچیّتە سەر، بەو ئەندازەش مودیرییەتی ئەو هاوڕیّیە بەهیّزترو سەرکەوتووتر دەبیّ. ئیّستاش کەم نین ئەو بەرپرسانەی کە خویّندنەوەیان پیّ گالّتەیە. ئەوە لە کاتیّك دایە کە بەشیّکی زۆری کاتی خۆیان بە بیّکاری بەسەر دەبەن. ناخویّننەوەو گویّ لە رادیۆ ناگرنو لە ئاکامدا رادەی زانیارییان ناچیّتە سەرو مودیرییەتیان هەر لاواز دەبیّ. هیواداریـن هەموو بەرپرسانی حیزبی موتالەعەو فیّربوون وەك ئەرکیّکی گرینگی حیزبی چاو لیّ بکەن، رۆژبەرۆژ لەم بوارەدا بچنە پیّش. ئەوەشمان دەبیّ لەبیر بیّ کە لە پیّڕەوی نیّوخۆی حیزبدا هاتوە کە یەکیّ لە ئەرکە گرنگەکانی ئەندامی حیزب بریتیـیە لە بردنەسەری رادەی زانیاریی خۆی.

غ- هەلّبژاردنی هاوکار:

کاتیّ بەرپرسایەتی دەدریّ بە هاوڕیّیەك هەر چەند ئۆرگانی سەریّ نەزەر لە سەر هاوکارەکانی ئەو بەرپرسە دەدات، بەلاّم لە راستیدا ریّگاش دەدات کە ئەو بەرپرسە بۆخۆی لە هەلّبژاردنی هاوکارەکانیدا نەزەر بدات. لە حیزبی ئیّمەدا بۆ هەلّبژاردنی هاوکار، معیاری حیزبی هەیە. کە بریتیـیە لەوەی کە ئایا کادریّکی باشە، بەتەجروبەیە، لەو کارەی خۆیدا شارەزایی هەیە، پسپۆڕە، وەفادارە بە حیزبو دلّسۆزە؟

ئایا تایبەتمەندییەكانی كادرێكی باشی حیزبی تێدایە؟ ئەوانە معیاری حیزبین بۆ هەڵبژاردنی كادر نەك خزمبازیو ناوچەگەراییو باندبازیو دەستەبازیو... دانانی فەرقو جیاوازی لە نێو هاوكاراندا، واتە بێبەڵگە زیز بوون لە هێندێكیانو لە هەمان كاتدا ئمتیازدان بە هێندێكیان. ئەوەش گیروگرفت لە كاری بەرپرسی ئۆرگانەكاندا دێنێتە پێشو درەنگیش چارەسەر دەكرێ.

خ ـ شێوەی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ ئۆرگانەكانی سەرەوەترو ئۆرگانو ئەفرادی خوارەوە:

ئەوەش ئەسڵێكی گرنگی دیكەی مودیرییەتە كە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەفرادی سەرەوەو ئۆرگانی سەرەوە بكاتو لە هەمان كاتدا بشزانێت كە چۆن بەرخورد لەگەڵ ئەفرادو ئۆرگانەكانی خوارەوە بكات. شێوەی ئوسووڵی ئەوەیە كە نابێ بە تەحەكومو دەستووردانو توندوتیژیو كوێخایانە رەفتار لەگەڵ ئۆرگانەكانی خوارەوەدا بكەینو لەگەڵ ئۆرگانەكانی سەرەوەش نابێ رەفتارمان چاپلووسیو تەمەلوقو پێداهەڵگوتن بێ. رەفتاری ئێمە دەبێ رەفتارێكی ئوسووڵیو حیزبیانە بێ، لەگەڵ خوارەوەو بە نەرمو هێدیو ئوسووڵی رەفتار بكەینو لەگەڵ سەرەوەش بە رێزو ئیحترامەوەرەفتار بكەین، ئیحترام دەبێ هەبێ، بەڵام ئیحترام چاپلووسی نیە. ئیحترام سەداقەتی تێدایە، رەخنەشی تێدایە.

جیا لەوانە كە باسمان كردن، زۆر شتی دیكەش لە كاری مودیرییەتدا گرنگە. ئەگەر لە ئۆرگانێكدا هەڵەیەك رووی داوەو بەرپرسی ئەو هەڵەیە مەعلووم نیە، بەرپرسی ئۆرگانەكە دەبێ مەسئوولییەتی ئەو هەڵەیە وەئەستۆی خۆی بگرێو لە هەمان كاتدا ئەو كەسەی هەڵەكەی كردوە بیدۆزێتەوەو رێنوێنی بكا، یان لانیكەم بڵێ كە هەڵەكە ئێمە، واتە هەموومان كردوومانەو ئەگەر ئۆرگانێك كارێكی باشی كردوە، بەرپرسەكە نابێ بڵێ من كردوومە، بەڵكوو دەبێ بڵێ ئێمە كردوومانە. ئەو شێوە رەفتارە لە لایەك دەبێتە هۆی ئەوەی كە بەرپرسەكە حورمەتو رێزی هاوكارانی بۆ لای خۆی رابكێشێ. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە هەموو كارە باشەكان بكاتە هی خۆیو هەڵەكان بكاتە هی هاوكارەكانی، ئەوە فاسیلەیەك لە بەینی خۆیو هاوكارەكانیدا پێك دێنێ.

ف ـ رەخنە لەخۆ گرتن:

هەروەها رەخنە لەخۆگرتنیش لە هەڵسووڕاندنی کاری حیزبیدا زۆر گرنگە. دیارە مەبەست لە رەخنەگرتن دەبێ چوونەپێشی کاری حیزبی بێو لە خزمەتی ئیسلاحی هاوڕێیانی حیزبیدا بێ، شێوەی رەخنەگرتنیش بۆخۆی گرنگە، رەخنە دەبێ بە شێوەیەکی زۆر نەرم بەڵام زۆر سەریحو بێ پێچو پەنا بگوترێ، دەنا تەرەف وەك جنێو وەری دەگرێو شوێنی باشیشی لە سەر دانانێ. باشتر ئەوەیە کە رەخنە بە شێوەی فەردی باس بکرێ. مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر هاوڕێیەك رەخنەیەکی لە سەرە لە پێشدا بە شێوەی خسووسی بانگی بکەینو پێی بڵێین ئەوە باشترە نەك لە نێو جەمعێکدا پێی بڵێین. دیارە ئەگەر ئەو هاوڕێیە دوای چەند جار رەخنەلێگرتن لە حاڵەتی خسووسیدا، وازی لە هەڵەکەی خۆی نەهێنا، ئەودەم لە کۆبوونەوەی حیزبیدا رەخنەی لێ بگیرێ، ئیشکالی نیە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرپرسێکی باشو مودیریش ئەوەیە کە ئەگەر هەڵەی هاوکارەکەی زۆر گەورە نیە، ئیدی پێویست ناکا لە هەموو جێگایەك هەڵەکەی باس بکات، بەڵکوو دەبێ رازدار بێ بۆ ئەوەی هاوکارەکانی ئیعتمادی پێ بکەنو دڵنیا بن کە رازدارەو ئەگەر قسەی دڵی خۆشیان لە لای ناوبراو باس بکەن بە نهێنی دەمێنێتەوە.

ق ـ قاتعییەتو نەرمش:

ئەو دوو تایبەتمەندییە بۆ فەردێکی مودیر پێویستن. زۆرجار وا دێتە بەرچاو کە قاتعییەت بە مانای توندوتیژیو تووڕەبوونەو نەرمش بەپێچەوانەی ئەوەیە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ هەر لەو حاڵەدا کە زۆر رووخۆشو لەسەرەخۆیە قاتعییەتی هەبێو هەروەها لەو حاڵەدا کە زۆر تووڕەیە سازشکاریش بێ.

کەوابوو قاتعییەتو تووڕەبوون یەك شت نین، قاتعییەت لە راستیدا بە مانای نەرمشو لەسەرەخۆییە، بەڵام بێ لادان لە ئوسووڵ. یان بە شێوەیەکیتر بڵێین ئەوپەڕی نەرمش، بێ لادان لە ئوسووڵ. کەوابوو فەردێکی مودیر ئەگەر قاتع بێ دەبێ نەرمشی هەبێ، بەڵام لە ئوسووڵ لانەدا، لە سیاسەتیشدا هەروایە. ئێمە دەکرێ لەگەڵ تەرەفی خۆمان بسازێین (سازش بکەین) بێ ئەوەی سازشکار بین.

ئەگەر بەرپرسی دوو کومیتەی شارستان کە لە سەر مەسەلەیەکی حیزبی نـکۆکییان لە نێواندایە، بەیەکەوە دابنیشنو ئەوەندە باس بکەن کە بە نەتیجەی هاوبەش بگەن، دەڵێین پێکەوە سازاون. کەوابوو سازش باشەو مەشرووعە. سازشکاری ئەوەیە کە هیچ ئوسوولو پرنسیپێك لە بەرچاو نەگرینو ئامانجێکی دیاریکراو تەعقیب نەکەینو بە حالەتێکی بێتەفاوەتییەوە لەگەڵ هەموو لایەك رێك بکەوین. ئەوە سازشکارییەو زۆر خراپە. بۆیە ئەگەر حیزبی دێموکرات حیزبێکی سازشکار بێ بەو مانایەی کە گوتمان، ئەوە نە شۆڕشگێڕەو نە پێشکەوتوە. چونکە بەم چەشنە زۆر بە ئاسانی واز لە مافی گەل دێنێو سازشکارییەکەی بۆ دەبێتە هەدەف. بەلاّم لە لای ئێمە سازش وەسیلەیە بۆ گەیشتن بەو هەدەفانەی کە لە بەرنامەدا دیاری کراون.

کەسانی وا هەن کە ئوسوولی حیزبی دەخەنە ژێر پێ. بە حالەتێکی بێتەفاوەتییەوە دەڵێین (قەیدی ناکا) جا چیە چ دەبێ؟ بەم چەشنە تەوجیهە غەلەتانە زەمینە ئامادە دەکرێ بۆ لە ژێرپێنانی ئوسوولی دیکە. بەم چەشنە وردە وردە بۆ ئەم کەسانە ئوسوولێك نامێنێ کە بیپارێزن تا بێئوسوولی جێگای ئوسوولەکان دەگرێتەوە کە لە مودیرییەتی حیزبیدا ئەم چەشنە بیرکردنەوانە زۆر پرمەترسین.

لەگەڵ باسی قاتعییەتو نەرمش، سەبرو حەوسەلەش دێتەوە بیر، ئەوەی پێی دەڵێین (بردباری انقلابی). ئەم سەبرو حەوسەلەیە لە سیاسەتدا بریتییە لە رۆیشتن تا ئاخرین خەتو لە کاری رۆژانەشدا ئەسڵێکی گرنگە. ئەگەر شۆڕشگێڕ بوردباریی ئینقلابیی نەبێ زوو ماندوو دەبێو لە نیوەی رێگادا شۆڕش بەجێ دێڵێ. قسەیەکی جوان هەیە "شۆڕش لە نیوەی رێگادا ماوەتەوە، چونکە شۆڕشگێڕەکان حەوسەلەیان نەبوەو ماندوو بوونو بەجێیان هێشتوە". دیارە بەرپرسێکی مودیر دەبێ بۆ هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە پێشدا بۆخۆی نموونە بێ، دەنا قسەو رەخنەکانی لە سەر هاوکارانی هیچ شوێنێك دانانێ. ئەگەر بەرپرسێك بۆخۆی نموونەی نەزم نەبێ ناتوانێ لە هاوکارەکانی داوای نەزم بکا.

هەموو ئەو ئوسوولانە بۆ بەرپرسێکی مودیری حیزبی پێویستنو دەبێ رەعایەت بکرێن، چونکە لە حیزبی ئێمەدا ئازادیی دەربڕینی نەزەرو بیروباوەڕ هەیە. کە واتە دەبێ ئەو ئوسوولە دێموکراتیکانەش بپارێزین. چونکە ئەگەر کەسێك لە حیزبی ئێمەدا هەست بە بەرپرسایەتی نەکاتو لە بەرامبەر ویژدانی خۆیدا هەست بە

مەسئوولییەت نەکات، عامیلی فشاری ئەوتۆمان نیە کە ئەو کەسە وادار بکات بە پاراستنی ئوسوولّ.

دیارە ئەو ئەسلانەی کە باسمان کردن خاریج لە مودیرییەتێکن کە لە بنکەیەکی ئابووری یان ئیدارەیەکی دەولّەتی‌دا بەڕێوە دەچن، زیاتر پێوەندییان بە حیزبێکی شۆڕشگێڕو دێموکراتەوە هەیە. لە هێندێك ولاّتی پێشکەوتوودا هەستی بەرپرسایەتی‌کردن‌و کارکردن‌و ئینزیبات وەك حالّەتێکی سروشتیی لیّ‌هاتوە. فەرد بۆ خۆی بەرپرسی خۆیەتی‌و کاری خۆی دەکات‌و نەزم‌و دیسپلینێکی تەواو دیاریکراو رەعایەت دەکات. ئێمەش ئەگەر هەست بە بەرپرسایەتی بکەین‌و ویژدانی خۆمان هانمان بدات، راندومانی کارمان زۆر لەوە زیاتر دەبێ کە ئێستا هەمانە.

فەسڵی پێنجەم:

دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان

باسێك سەبارەت بە دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان
(دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان)*

هەر وەك دەزانن دروشمی هەرە ئەساسیی حیزبی ئێمە، "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان"ە. ئەو دروشمە بە هەڵکەوت یان بە تەسادوف هەڵنەبژێراوە. ئەو دروشمە پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ هەڵبژێراوە ئەمن لە سەر دێموکراسی نامەوی زۆر قسە بکەم. بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە دێموکراسیمان لە پێشەوە داناوە هۆی ئەوەیە کە هەم پێوندی بە ئێرانەوە هەیە کە گشتیترە، بەرینترە لە کوردستانو هەم هاتوینە سەر ئەو بڕوایە کە بە بێ دێموکراسیی راستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریشمان دەست کەوێ، ئەو خودموختارییە زامنێکی دیکەی نیە.

لە واقیعدا پاش وەرگرتنی خودموختاری، زامنی خودموختاریی ئێمە دوو عامیلە:

یەکێکیان پشتیوانیی خەڵکی کوردستانو چەکی پێشمەرگە، دووهەمیان ئەگەر رۆژێك قەرار بێ چەك دابنێین دەبێ ئەو دێموکراسییە زامن بێ کە لە ئێراندا جێگیر بووە. دێموکراسییەکی ئەوتۆ کە گەڕانەوەی دیکتاتوری تێدا نەبێ. دیارە ئەو وەختەش ئێمە چەك دادەنێین کە زانیمان دێموکراسی تەواو سەقامگیر بووە. بەڵام تا ئەو وەختە ریگەیەکی دیکەمان نیە دەبێ چەکمان بەدەستەوە بێ. دێموکراسیمان بۆیە دەوێ، چونکە هەم خودموختارییەکەمان دەپارێزیو هەم خۆمان حیزبێکی

دێموکراتین‌و ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە. لایەنگری ئەوەین کە خەڵك بە تەواوی لە دێموکراسی‌دا بژین، هەموو ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێراندا دابین بکرێن‌و ڕێژیمێکی سیاسیی پلورالیستیی چەندحیزبی یان فرەحیزبی هەبێ.

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان موخالیفی هەموو شێوە دیکتاتورییەکین. کەوابوو دێموکراسی بۆ ئێمە وەك حیزبێکی دێموکرات هەدەفە. حیزبێکی دێموکراتین بۆ ئازادی یانێ بۆ ئازادیی هەموو گەلانی ئێران تێدەکۆشین‌و دەمانەوی ئەو ئازادییەش بپارێزین‌و تەنانەت پاش وەرگرتنی خودموختارییش ئەو دێموکراسییە لە بەشەکانی دیکەی ئێران زامنێکە بۆ خودموختاریی ئەو گەلانە. بۆ ئەوەی کە کەسێك پەیدا نەبێ دیکتاتوری دابمەزرێنێ. لە واقیعدا خودموختارییەکەمان لەبەین بەرێ، ئەوە بە کورتی لە سەر دێموکراسی.

بەلاّم بەشی دووهەمی دروشمی ئێمە کە پێوەندی بە کوردستانی ئێرانەوە هەیە، "خودموختاری"یە. ئێوە دەزانن کە لە سەر دروشمی خودموختاری باس زۆر کراوە، زۆر هێز هەبووە کە پێشتر خودموختاری قبوول نەبووەو تەنانەت بە دروشمێکی بورژوازییان داناوە، بەلاّم ئێستا قبووڵیانە.

ئێمە وەك خۆمان لە پێش‌دا با بزانین خودموختاری بە چی دەڵێن. هەر لە سەرەتای بەرنامەکەماندا هاتوە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران مافی دانانی چارەنووسی خۆی هەیە. ئەوە بیروڕای ئێمەیەو ئەو حەقە حەقێکی بێ ئەملاو ئەولایە. لە سەرتای بەرنامەکەماندا ئەوە نووسراوە. مافی چارەنووس موحتەوا (نێوەڕۆك)ە، لە هەر پەدیدەیەکدا موحتەوا هەیەو شکڵی ئەو موحتەوایەش هەیە. بۆ نموونە لە بەرنامەو پێڕەوی حیزبەکەماندا: بەرنامە موحتەوای حیزبی ئێمە دیاری دەکاو پێڕەوی نێوخۆ شکڵی ئەو موحتەوایەیە. پێڕەو شێوەی بەڕێوەچوونی کاری نێو حیزب دیاری دەکا. لە مەسەلەی شوعارەکەماندا هەر ئەوەیە. مافی چارەنووس کە داوای دەکەین. موحتەوایە بەلاّم ئەو مافی چارەنووسە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ.

یەکەم شێوە کە لە هەمووان بەرچاوترەو زۆر کەس دەیزانێ‌و لە زۆر جێگاش‌دا جێبەجێ بووە، سەربەخۆیی‌یە. گەلێك مافی چارەنووسی خۆی داوا دەکا تا ڕادەی

جیابوونەوە پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆ (مستقل). کەوابوو (استقلال) شێوەیەکە لە دانانی مافی چارەنووس.

شکڵی دووهەم؛ فێدراڵیزم یان فێدراتیوە، لە زۆر وڵاتاندا کە چەند میللییەتین یان فرەگەلینو چەند میللییەتیان تێدا هەیە، دیاریکردنی مافی چارەنووس لەوێ بە شێوەی فیدرالسیزم چارەسەر کراوە. بۆ نموونە لە یوگۆسلاڤی خودی یەکیەتیی سۆڤییەتو تا رادەیەك هێندوستان، یان زۆر دەوڵەتی دیکەش دەتوانین ناوبەرین. مافی دانانی چارەنووس بەو شیوەیە دەبێ کە میللەتەکە جیا نابێتەوە لە نێو یەك دەوڵەتدا لە یەك وڵاتدا دەمێنێتەوە. بەڵام جمهووریی خۆی هەیەو ئەو جمهوورییانە پێکەوە جمهوورییەکی فێدراتیو پێکدێنن. ئەوە شێوەی فێدراتیو یان فێدراڵییە، ئەوە شکڵێکە لە جێبەجێ کردنی نێوەرۆکی مافی دانانی چارەنووسدا.

شکڵی سێهەم؛ دیاریکردنی چارەنووس، بە شێوەی خودموختارییە. خودموختاری وەختێك دێتە گۆرێ کە بە گشتی ئەو گەلە نەیهەوێ جودا بێتەوە، یانێ واز لە سەربەخۆیی بێنێ. نەشیهەوێ یان بارودۆخی وڵات بۆ فێدراڵی لەبار نەبێ. زۆرجار خودموختاری لەو وڵاتانەدا دێتە گۆرێ کە یەك نەتەوەی زۆرلێکراویان هەیە، یەك میللەتی زۆرلێکراویان هەیە، داوای خودموختاری دەکاو لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە. چونکە مەسایلی تایبەتی میللیی خۆی هەیە، داوای خودموختاری دەکا. دەبینین بۆ وێنە لە هێندێك لە جمهوورییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتیدا لە نێوخۆی جمهوورییەکانیدا، ناوچەی خودموختاریش هەیە. دەتوانین لە وڵاتانی دیکەشدا نموونە بێنینەوە، وەك ئیسپانیاو هێندوستان. ئێستا ئیدی خودموختاری مەسەلەیەك نیە کە تازە بێ، لە زۆر جێگا پیادە کراوە لەو جیگایەی کە چەند میللییەتی زۆرلێکراو هەبن، مەسەلەکە زیاتر بەرەو فێدراڵیزم دەڕوا. چونکە چەند میللەتی زۆرلێکراوی هەن. تەنیا لەو جێگایەی کە یەك نەتەوەی زۆرلێکرا هەبێ داوای خودموختاری لە گۆرێ دایە. ئەگەر گەلێك نەیهەوی جودا بێتەوە یان بۆخۆی نەیهەوێ، جارێ ئیمکانی نەبێ داوای فێداراتیو بکا، ئەوە داوای خودموختاری دەکا.

لێرەدا دێینە سەر کوردستانی خۆمان. کەوابوو پێشەکی ئەوە دەڵێین ئەگەر خودموختارییەکی راستەقینەمان دەست کەوت بەو مانایەیە کە مافی چارەنووس،

یان حەقی چارەنووسی جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نیە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەبێ. ئالای تایبەتی خۆمان هەبێ. دراوی تایبەتی خۆمان هەبێ. ئێستا ئەوە زۆر میللەت هەیانە بە تایبەت لە ئافریقا کە پێشتر (مستعمره) بوون‌و ئێستا ئازاد کراون. بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی رواڵەتیی سەربەخۆیی (استقلال)، مانای ئەوە نیە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش راستە. ئەگەر [میللەت] خودموختارییەکی راستەقینەی هەبێ، بەڕاستی مافی دانانی چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بێ، هیچ پێویست بەوە ناکا کە نوێنەری تایبەتی خۆی هەبێ، یان دراوی تایبەتی خۆی هەبێ. گرنگ ئەوەیە کە خەڵك هەست بەوە بکا کە حاکمە بە سەر چارەنووسی خۆیدا. ئەوە شتێکە کە ئێمە بە زەحمەت توانیومانە تا ئێستا بە زۆر سازمانی پێشکەوتووشی حاڵی بکەین. چونکە زۆر جار ئەوان مەسەلەکە دێننە سەر ئەوە کە بۆ وێنە کوردستان با ئاوەدان بکەینەوە، با خەڵکی کوردستان وەزعیان باش بێ، مەدرەسەی هەبێ، فەرهەنگی هەبێ، ئابوورییەکەی بچێتە پێش، جا ئەوە چی لەوە زیاتری دەوێ؟ خەڵکی کوردستان ئەوەی ناوێ، خەڵکی کوردستان کە ئێستا ئامادەیەو شەش ساڵە شەڕ دەکا، تەنیا بۆ ئەوە نیە کە ریگای ئاسن بکێشرێ، کارخانەی هەبێ، ئەوەی دەوێ کە بۆخۆی هەست بەوە بکا کە لە وڵاتەکەیدا بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە بە سەریدا حاکم نیە. ئەو لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی دەوێ‌و ئەوە ئەساسە.

ئەگەر ئەوەی دەست بکەوێ، ئەوانی دیکە، بۆخۆی بەرەبەرە جێبەجێ دەکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی دەست نەکەوێ هەرچی لە باری ئابووری‌و فەرهەنگییەوە ئیعتباریشی بدرێتێ، هیچ نەتیجەیەکی ئەوتۆی نابێ. بە کردەوەش لە زۆر جێگا دیومانە ئێمە دەتوانین بۆخۆشمان نموونە بێن. دیارە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامی لە رۆژی ئەوەڵەوە دەڵێ قانوونی ئەساسی قبوول بکەن. ئەو پارەی ئێمە بۆ چەك خەرجی دەکەین لە کوردستان خەرجی عومران‌و ئاوەدانی دەکەین. بەڵام حاڵی نەبووە میللەتی ئێمە، میللەتێکی زۆرلێکراوە ئەو درەنگ حاڵی دەبێ ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە کە ئەو زۆرلێکراوییە، ئەو ستەمە میللییە لە پێش هەمواندا

لەبەین بچێ. کەنگێ لەبەین دەچێ، ئەو وەختە کە خەڵکەکە خۆی هەست بەوە بکا کە خۆی حاکم بە سەر وڵاتەکەی خۆی دایە. نە ژاندارمەی لە سەرەوە نە پاسداری لە سەرە، نە هیچ کەسێکی دیکەی لە سەرە. ئەوە بە نەزەری من ئەساسە. باشە کەوابوو لە مەسەلەی خودموختاریدا ئەو مەسەلەیە ئەساسە.

ئێستا ئێمە وەك حیزبی دێموکرات بۆ هاتووین خودموختاریمان هەڵبژاردوە.

با لە پێشدا ئێمە لە سەربەخۆیییەوە دەست پێ بکەین. بۆ سەربەخۆییمان هەڵنەبژاردوە؟ سەربەخۆیی (استقلال) دیارە مانای جیابوونەوەیە. با لە پێشدا ئەوە بڵێین ئێمە وەك حیزبی دێموکرات حەقی سەربەخۆیی بۆ هەموو میللەتێکی زۆرلێکراو لەم دنیایەدا قائیلین یانی حەقی جیابوونەوە، کەوابوو دەبێ ئەو حەقە بۆ خۆشمان قائیل بین. ئەگەر جودا نابینەوەو داوای جودایی ناکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە، دەبێ ئەو دەلیلە باس بکەین. حەقی جودابوونەوە لەگەڵ جودابوونەوە دوو شتی جیاوازن. بۆ نموونە لە زۆر وڵاتاندا ماوەیەکی زۆر خەبات کراوە بۆ ئەوەی کە ژن حەقی تەلاقی هەبێ. ئایا کاتێ ژن حەقی تەلاقی دەدرێتێ مانای ئەوەیە کە دەبێ تەلاق وەرگرێ؟ مانای ئەوە نیە، بەلام ئەو حەقەی دەبێ هەبێ کە ئەگەر رۆژێك ویستی لەم حەقە کەڵك وەرگرێ. میللەتی زۆرلێکراویش ئەگەر ویستی جیابێتەوە دەبێ حەقی ئەوەی هەبێ. بەلام بوونی ئەو حەقەو داواکردنی دوو شتی جیاوازن. کەوابوو ئێمە ئەو حەقە بۆخۆمان قائیلین. بەلام داوای ناکەین، چونکە نامانەوێ. بۆ نامانەوێ؟ چونکە خودموختاریمان پێ باشترە. سەربەخویی مانای جودابوونەوەیە، جودابوونەوە لە کوردستانی ئێستادا چەند باری هەیە. لە چەند سەتحدا ئەو مەسەلەیە موتالا بکەین. یەکێکیان مەسەلەی نێوخۆی خودی کوردستانە. یەکێکیان مەسەلەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەو جێگایەی کە ئێمەی تێدا هەین. یەکێکیان لە چوارچێوەی میللەتان یان نێونەتەوەیی دایە. لە سێ ئاستدا دەبێ موتالا بکەین.

ئاستی یەکەم نێوخۆی کوردستانە: لە پێشدا بزانین داوای چی دەکەین. ئایا ئێمە داوای جودابوونەوە بۆ کوردستانی ئێران بکەین؟ یان داوای کوردستانی گەورە بکەین؟

ئەوە بۆخۆی جارێ دوو مەسەلەیە. ئەوە دەبێ حەل بکەین لە بەینی خۆماندا، چونکە مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، یانێ هەموو کوردستان نە لە یەك

جودابوونەوەیە بەڵکوو بەپێچەوانە یەکگرتنەوەیە. مافی دانانی چارەنووس ئەگەر بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژێك جێبەجێ بێ ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێکەوە یەك دەگرنەوە.

پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نیە، مافی یەکگرتنەوەیە جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە. بەلاّم لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە، حەتتا لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو حەقەمان هەیە چونکە دابەشبوونی کوردستان لە واقیعدا دابەشبوونێکی "دەسکرد"ە: ئێستا ئەو وەزعە نەماوە. بەلاّم جاران کە تازە دابەشکرابوو، ئێستاش هەر شوێنەواری ماوە، دەبینین برایەك کەوتۆتە کوردستانی تورکیە، برایەك لە کوردستانی عێراقە یان لە کوردستانی ئێرانەو دابەشکراون یانێ خانەوادەیەك دابەشکراوە. کەوابوو ئەو دابەشبوونە "دەسکرد"ە، "سروشتی" نیە. ئەگەر چاو لە مێژووی میللەتی کورد بکەین، لە واقیعدا دابەشبوون پاش شەڕی چاڵدران دەست پێدەکا. واتە ساڵی ١٥١٤ یانێ نزیکەی ٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش. ئاخر دابەشبوونیشی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێدەکا کە دابەشبوونی یەکجارەکییە. لەودا ئیمپراتووریی عوسمانی تێکچوو. لە یەکەم دابەشبوونیدا کوردستان کەوتە بەر ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی. دەوڵەتی عوسمانی کە تێك دەچێ کوردستانی عوسمانی دەبێتە سێ بەش. بەشێکی دەبێتە کوردستانی تورکیە، بەشێکی کوردستانی عێراقو بەشێکی دەبێتە ناوچەی کوردستانی سووریە. بەشێکی دیکەش دەکەوێتە خاکی سۆڤیەت. لە واقیعدا کوردستان لێك بلاّو دەبێ. کەوابوو ئەو دابەشبوونە بێ ئەوەی کە لە میللەتی کورد بپرسن ئەنجام دراوە. کەس پرسی بە کورد نەکردوە، یانی ئیمکانی ئەوە نەبووە کە میللەتی کورد خۆی بتوانی حەقی خۆی وەربگرێ. وەختی خۆی ئەو ژیانەی کە ئێستا هەیەتی بە دڵخوازی خۆی هەڵینەبژاردوە. لە پێشدا نەسڵی پێشتر یان نەسڵەکانی پێشتر بۆیان داناوە کە لە دایك دەبێ ولاّتێكو جێگایەك دەبینی. نەسڵی ئێمەو میللەتی ئێمەش لە کوردستانی ئێراندا هاتوە حیزبی دێموکراتی دامەزراندوە، داوای حەقی خۆی دەکاو ئەو مەسەلەیەی لێك داوەتەوە.

لە پێشدا بزانین ئایا لە باری نێوخۆییەوە ئیمکـانی هەیـە؟ ئێمـە هـاتین داوای سـەربەخۆیی‌مان کـرد وەك وتمـان سـەربەخۆیی دوو بەشـی هەیـە. وای دابنێـین سەربەخۆیی‌مان بۆ کوردستانی ئێران دەوێ. داوا کردنی سەربەخۆیی بـۆ کوردسـتانی ئێران هەر نەبێ تێکدانی سنووری دەوڵەتێکـە وەك ئـێران. لـەو ناوچـە شـاخاوییەدا (کوردستانی ئێران)، حکوومەتیك دروست بکەی. ئەو وەختە کـە حـیزبی دێموکـرات تازە دەستی پێ‌کردبوو تەواوی دانیشتووانی دەبوون بە دوو، سێ میلیۆن‌و ئێستا نزیك بە شەش، حەوت میلیۆنە. لەو ناوچە شـاخاوییەدا کـە لـە بـاری سـامان (منـابع)ی ژێرزەمینییەوە جارێ نازانین چی تێدایە. جارێ هەتا ئێستا ئـەوەی تێـی‌دا هەیـە زۆر کەمەو لە باری ئابوورییەوە یەکجار زۆر فەقیرە، ناتوانێ لە باری ئابوورییەوە بۆخـۆی بژی. چونکە گوتمان هەر ئەوەمان ناوێ ناوێکمان ببێ (استقلال)ێکمـان هـەبێ. ئـەو خودموختارییەی کە داوای دەکەین، دەبێ بەموحتەواش بێ کە شتیکیش بەو میللەتە بدا. بەتایبەتی کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە زەحمەتکێشـانن. یـەکێك لـە بـارە گرنگـەکانی سیاسـەتەکانی حـیزبی دێموکـرات ئـەوە بـووە کـە دۆسـتە کۆنـەکانمان (کۆمەلە) لێی حاڵی نەبوون. ئەورۆکە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئـێران لـە دوو بەرەدا خەبات دەکا؛ هەم بۆ حەقی میللی‌و نەتەوەیی، هەم بـۆ حـەقی کۆمەڵایـەتی‌و ئابووریی زەحمەتکێشان. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو نفووزە گەورەیەی پـەیدا کـردوە. لـە تەجرەبەی کوردسـتانی عـێراق کـەڵکی وەرگرتـوە. لـە کوردسـتانی عـێراق حـیزبی شیوعیی عێراق هەیە، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق هەیە. پارتی دێموکراتـی کوردستانی عێراق کاری بە داخوازە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە. حیزبی شـیوعی کـاری زۆر کەم بە داخوازە نەتەوەیی‌یەکان هەبووە. لە نتیجەدا هیـچ کامـەیان نـەیانتوانی هەموو مەسایلی میللیی میللەتی کورد بێننە گۆڕێ، بتوانن میللەتی کـورد بـۆ لای خۆیان رابکێشن. یەك بوو بە حیزبێکی ناسیۆنالیست، ئەوەی دیکـە هـەر مەسـەلەی چینایەتی هێنایە گۆڕێ، گرنگییەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی میللی نـەداو لـە ئاکـامدا بوو بە حیزبێکی چکۆڵەو نفووزی خۆی لە دەست دا.

پێمان وا نەبێ ئەگەر خودموختاریمان وەرگرت، تەواوی ئەو شتانەی کە لـە دڵمـان دایە هەمووی جێبەجێ دەبێ. خودموختاری بۆ خەڵکی سادە بۆتە دروشمێك کە پێـی

وایە هەرچی ئارەزوویان هەیە کە خودموختاریمان وەرگرت چ ئارەزووی فەردی بــێ، چ کۆمەلاّیەتی بێ ، بۆی جێبەجێ دەبێ. دیارە خودموختاری ئەوە نیە. بەلاّم لە عەینی کاتیشدا خودموختاری ئەوەیە کە خەلّك (چاوەڕوانی)یان هەیە کە ئەتۆ خودموختاریت وەرگرت زۆر شتیان بۆ جێبەجێ بکەی یان زۆرتر لەوە ئەگەر (استقلال)ە کەمان وەرگرت، دەبێ زۆر شتی بۆ جێبەجێ بکەین. بە نەزەری ئێمەو بە نەزەری حیزبی دێموکرات، ئێمە لە شەرایتی ئێستادا، ناتوانین تەنانەت لە باری سیاسی‌یەوە خۆمان بپارێزین. ئەگەر ئەوەش بتوانین لە باری ئابورییەوە ناتوانین ئەو شتانە کە میللەت (چاوەڕوانیەتی) بەدی بێنین. یان بێجگە لەوە بۆ پاراستنی خۆمان چ دەکەین؟ ئیمە دەکەوینە کوێ، ئێمە دەکەوینە بەینی تورکیەو ئێران. دیارە ئەگەر داوای (استقلال) هەر بۆ کوردستانی ئێران بکرێ دەکەوینە نێو ئەو چەند دەولّەتە. باشە ئەوانە دۆستی کورد نین، دۆستی دەولّەتێکی (سەربەخۆ)ی کورد نابن. بە شەش، حەوت میلیۆن کەسەوە ئێمە ئیمکاناتی دەولّەتی ئیسرائیلمان نیە. نە لە باری یارمەتیی دەرەوە نە لە باری زەمینەی پێکهاتنیەوە. چونکە ئیسرائیل کە پێك‌هات باشترین دانیشتوانیو باشترین ئەفراد لە هەموو دنیاوە کە جوولەکەکان بوون چوون بۆ ئیسرائیل. ئێمە ئەو ئیمکاناتەشمان نیە کەوابوو ئێمە لەو شاخو داخە دەبێ ئیمکاناتێکی زۆرمان هەبێو پارەیەکی زۆر خەرج بکەین، بۆ ئەوەی ئەرتەشێکی زۆر قەوی پێك بێنین هەتا بتوانین دیفاع لە خۆمان بکەین تا یەکێك لەو دەولّەتانە نەمانخۆن. ئەگەر واقێعبینانە بیر بکەینەوە وەزعی خراپی ئابووریی کوردستان، پێشکەوتنی وەزعی ئابووری و سەنعەتیی کوردستانو هەلومەرجی دەوروبەرمان یانی وەزعی "استراتژیکی"و "ژئوپلوتیکی" ئەوە کە پێی دەلّێن جوغرافیای سیاسی هیچیان ڕێگا نادەن کە ئێمە بتوانین سەربەخۆیی کوردستانی ئێران بپارێزین. کەوابوو بە کردەوە ئەوە دەبێ لەولا دابنێین، چونکە دەبێ شەڕ بکەین. ئەو هەموو شەهیدە بدەین شتێك پێکبێنین کە نەتوانین بیپارێزین، زۆر جاریش کراوە، بەلاّم شۆڕەشەکە نەپارێزراوە. ئیمکانی هەیە ئێمەش بتوانین ئەوەی کە دەمانەوی بە ناوی "استقلال"و سەربەخۆیی وەدەستی بێنین، بەلاّم ناتوانین بیپارێزین.

ئێستا بێینە سەر بەشی دووهەم: بڵێین باشە ئێمە سەربەخۆیی (استقلال)ی کوردستانی ئێرانمان ناوێ. ئەگەر داوای "استقلال" بکەین "استقلال"ی هەموو کوردستانمان دەوێ. جا ئەگەر ئەوەمان گوت دیارە لە چوارچێوەی ئێران دەچێتە دەرێ. دەچێتە ئاستێکی دیکە. دەچێتە ئاستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. داوای "استقلال"ی کوردستان کردن یانی تێکدانی سنووری چوار دەوڵەتان. دەوڵەتانی عەرەبی وەك عێراق‌و سووریە، کەوابوو داوای سەربەخۆکردنی کوردستان بە مانای رووبەڕوو بوونەوەیە نەك هەر لەگەڵ دوو دەوڵەتی عەرەبی بەڵکوو لەگەڵ زۆر دەوڵەتی عەرەبی دیکەش. با نەڵێین هەموویان بەلاّم زۆری دیکە هەن کە پشتی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەە دەگرن‌و موخالیفەت دەکەن کە کورد پارچەیەك لە خاکی ئەو وڵاتانەی کە بۆخۆیان پێی دەڵێن وڵاتی عەرەبی جودا بکاتەوە. تەنانەت زۆرکەس لەو کاربەدەستانە کە ئێستا لە سووریەو عێراقدا لە سەر کارن، قسەیان ئەوەیە کە کورد نەو خاکەی کە ئێستا تێیدا دانیشتووە لەو دوو وڵاتە عەرەبییە هی خۆی نیە. میوانی وڵاتانی عەرەبییە، خاکەکە هی ئەوانە. لە سووریە بەتایبەتی زۆر نموونە هەیە. بۆ نموونە جێگایەك ناوی "کانیی کوردان" بوو، دیارە بە عەرەبی دەبێتە "عين الاكراد"و لە پێشدا هاتون ئەکرادەکەیان گۆڕیوەو کردویانەتە عەرەب‌و لە پاشان ناوە کوردییەکەیان لابردوەو کردویانە بە "عين العرب". زۆر جێگای وا هەیە ناوەکەیان بەم شێوەیە گۆڕیوە. مەبەست ئەوەیە تەرەف دەبین لەگەڵ چەند دەوڵەتی عەرەبی. لە راستیدا وڵاتانی عەرەبی لە دنیادا رۆژبەرۆژ نفوزیان دەچێتە سەرێ، بۆچی؟ چونکە ئیمکاناتی ئابوورییان زۆرە، نەوتیان هەیە، دەوڵەتان پێیان خۆشە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی پێوەندیی ئابوورییان هەبێ. پێوەندیی بازرگانییان هەبێ، قازانجیان هەیە. لە نتیجەدا وڵاتانی عەرەبی پێکەوە ئەگەر هەمووشیان نەیکەن زۆریان لە پشتی ئەو دوو دەوڵەتە رادەوەستن.

دوو دەوڵەتەکەی دیکە یەکێکیان ئێرانەو ئەوی دیکەیان تورکیەیە. تورکیە بەشێکە لە سازمانی ئاتلانتیکی شیمالی (ناتۆ). جوداکردنەوەی بەشێك لە خاکی یەکێك لە ئەندامانی ناتۆ هەروا ئاسان نیە. چونکە تورکیە لەگەڵ وڵاتانی ئۆرووپای رۆژئاواو ئەمریکا لە پەیمانێکی نیزامی دایە، پشتی بەقەوەتە. ئەوەش نیە کە بێن‌و

مەوافیقەت بکەن‌و بڵێن فەرموون خاکی تورکیە بەرن. چونکە کوردستانی تورکیە، بەشێکە لە خاکی یەکێك لە ئەندامانی هەرە گرنگی پەیمانی ئاتلانتیکی شیمالی لە باری ستراتژیکەوە.

ئێرانیش دیارە بۆخۆی وڵاتێکی چەندین میلیۆنییە. ئەویش بۆخۆتان دەبینن ئێستاش پاش تێکچونی رێژیمی پاشایەتی، قودرەتی هەیەو پشتی جەبهەی هەیە. جودا بوونەوە یان جوداکردنەوەی کوردستانی ئێرانیش ئاسان نیە. لە وڵاتانی ئافریقایی کە پێشتر "مُستعمرە" بوون‌و ئێستا سەربەخۆیی‌یان وەرگرتوە، دیارە لەوێش "استعمار" زۆر زیرەکانە سنووری داناوە کە دەبینین بۆ وێنە میللەتێك دابەش کراوە بەشێکی وەبەر وڵاتێکی دیکە کەوتوە. لە نەتیجەدا ئەو وڵاتانە دەیانەوێ بەشێك لە سنوورەکانی خۆیان بگۆڕن. ئەو شەڕە کە ئێستا لە زۆر وڵاتی ئافریقاییدا هەیە لە سەر ئەوەیە. بەڵام تەنانەت لەوێش ئیمکانی گۆڕینی سنوور زۆر زەحمەت بووە، چ بگا بە گۆڕینی سنوورێکی وەك کوردستان کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دانراوە، ئەویش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ناوەندی هەرە گرنگی ئیستراتژیی ئابوورییە لە جیهاندا.

دیارە لە باری نێونەتەوەیی‌شەوە هەر وایە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ سەربەخۆیی کوردستان وەربگرین، دەبێ لە بەرامبەر دوو دەوڵەتی عەرەبی‌دا کە عەرەبەکانی دیکەش پشتیوانییان لێدەکەن‌و تورکیەو ئێرانیش‌و لە سەر یەك لە بەرامبەر هەموویاندا رابوەستین. با بزانین جارێ ئەو هێزەمان هەیە، بۆخۆتان دەزانن کە ئێستا کوردستانی ئێمە نیسبەت بە کوردستانەکانی دیکە، وەزعی باشترە. لە باری جووڵانەوە لە پێشترین. بەڵام لەگەڵ ئەوە جارێ ئەو هێزەمان نەبووە کە بتوانین خوموختاری بە سەر رێژیمی جمهووریی ئیسلامی‌دا بسەپێنین. ئەو برادەرانە کە هێندێکیان دەڵێن ئێمە ئەو هەموو زەحمەتە دەکێشین، ئەو هەموو شەهیدە دەدەین، بۆچی بۆ سەربەخۆیی نەبێ؟ من لە بەرامبەریاندا دەڵێم ئێمە ناتوانین خودموختاری وەربگرین چ بگەین بەوە کە سەربەخۆیی وەربگرین. ئێمە ئەگەر بمانهەوێ سەربەخۆیی وەربگرین، دەبێ جووڵانەوەیەکی نێونەتەوەیی یەکجار بەهێزمان هەبێ، لە سێ وڵاتی ئێران، عێراق‌و تورکیە. تورکیە زۆر گرنگە. تورکیە نیوەی دانیشتووانی هەموو

کوردستانی تیّدایە. ئەگەر کورد ٢٠ میلیۆن بیّ، ١٢میلیۆن کەسی لە تورکیەیە. باشە ئایا بۆ ویّنە جوولاّنەوەیەکی ئاوا هەیە؟ جوولاّنەوە لە کوردستانی تورکیە پەراکەندەیە، وەزعێکی شپرزەی هەیە، هەر ناکریّ پیّی بلّیّین جوولاّنەوە، لە کوردستانی عیّراق بۆخۆتان دەبینن کە هەیە بەلاّم دیسانەکە لەو وەزعەدا نیە کە کوردی عیّراق بتوانیّ داخوازەکانی خۆی وەدی بیّنیّ. لە ئیّرانیش بۆخۆتان دەزانن وەزعمان چۆنە. باسی سووریە ناکەم چونکە لەویّدا هیچ جوولاّنەوەیەکی ئەوتۆ لەگۆڕیّدا نیە. کەوابوو ئیّمە بە چ هیّزیّك دەتوانین سنووری چوار دەولّەتان بشکیّنین‌و کوردستانی گەورە ساز بکەین. ئەو هیّزەمان نیە لە باری نیّوخۆییەوە. هەروەها لە باری رۆژهەلاّتی نیّوەڕاستیش‌دا، کەس نیە پشتیوانیمان لیّبکا لە بەرامبەر ئەو هەموو دوژمنە کە هەمانە. چونکە ئەگەر ئیّمە داوای سەربەخۆیی‌مان کرد، دیارە ئەو وەختە وەك ئەمڕۆ نابیّ. ئیّستا ئیّمە لە سنووری خاکی کوردستانی عیّراق دانیشتووین، سبەینیّش لیّرە ناتوانین دانیشین، چونکە عیراق موخالیف دەبیّ، ئیّرانیش موخالیف دەبیّ، تورکیەش موخالیف دەبیّ. ئیدی ئەتۆ ریّگاو دەرەتانت لە باری جوغرافیاییەوە بۆ دەرەوە نیە.

لە رۆژهەلاّتی نیّوەڕاستەوە بچینە سەتحی جیهانی، بزانین لە دەولّەتە گەورەکان یان لە دەولّەتە نیّونجییەکان کیّ ئامادەیە پشتیوانی لە "سەربەخۆیی"ی کوردستان بکا. با ئەوە لە نەزەردا بگرین کە ئەمریکا بیّت‌و دۆستایەتیی خۆی لەگەلّ تورکیە تیّك بدا کە ئەندامی ناتۆیەو بە یارمەتیی ئەمریکا دەژی. بۆچی بۆ ئەوە کە میللەتی کورد هەیە. سەربەخۆیی بداتیّ. دەبیّ ئەوەندە ئینساندۆست‌و بەشەردۆست بیّ؟ کەوابوو ولاّتە غەربییەکان بە گشتی پیّیان خۆش نیە لە رۆژهەلاّتی نیّوەڕاستدا کە بۆیان "حساس"ە، قازانجی ئابووریان هەیە، نەوت دەبەن‌و سیلاحیان پیّدەفرشن، قازانجیّکی زۆری بازرگانییان هەیە، بیّن‌و پشتیوانی لە شتیّك یان پەدیدەیەك بکەن کە سنووری چوار دەولّەتان تیّك دەدا. بۆ بیکەن؟ شتیّك کە مەعلوومە عاقیبەتەکەی دەبیّتە چی؟ دەولّەتان پیّش هەموو شتیّك قازانجی خۆیان لەبەرچاو دەگرن‌و مەسلّەحەتی خۆیان دەپاریّزن.

بەشی دووهەمی دەگەڕێتەوە سەر یەکیەتیی سۆڤیەتی و دەوڵەتە سوسیالیستییەکان. ئەو وڵاتانەش دیارە لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی سوسیالیستین و لە تەسڵدا لایەنگری مافی دانانی چارەنووسی میللەتانن. بەڵام ئەوانیش لە شەرایەتی ئێستادا کە ئێمە باسی دەکەین نایەن لە هیچ و خۆڕایی خۆیان تووشی مەسەلەیەك بکەن کە دوژمنایەتیی تورکیەو عێراق و ئێران و بە تایبەتی عەرەبی تێدا بێ. وەختێك پێش لە ساڵی ١٩٥٦ یەکیەتیی سۆڤیەتی، دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەلماند. بەڵام پاش ساڵی ٥٦ کە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بەهێزتر بوو لە پێشدا لەگەڵ ئێران و دوایەش سووریەو وڵاتانی دیکە. دیارە بەرەبەرە لەو ستراتیژییەی پێشووی پاشەکشەی کرد و ئێستاش لە ستراتیژیی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا شتێکی ئاوا نابینین. نموونەش ئەوەیە کە ٦ ساڵە شەڕ دەکەین بۆ خودموختاری نەماندیوە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی خۆی زۆر بە ئێمەوە ماندوو بکا. دیارە وەختێك کە حیزبی توودە جنێوی پێدەداین، ئەو جنێوی نەدەداو وەدوای سیاسەتی حیزبی توودە نەدەکەوت، ئەوانەش واقعییەتێکە. بەڵام ئەو جۆرەی بە کردەوە یارمەتی مەلا مستەفای بارزانی دەکرد بە هیچ جۆرێك بە یەك لە دەی ئەو گرینگییەی نەدەدا بە وەزعی کوردستانی ئێران. لە حاڵێکدا کوردستانی عێراق جیران نەبوو. ئێمە جیران و دراوسێی یەکیەتیی سۆڤیەتین لە شەرایەتی ئێستادا. کەوابوو ئەوەش لە بەرنامەی ستراتیژیی ئەودا نیەو "سەربەخۆیی"ی کوردستان ئیمکانی نیە. بەڵام شەرایەتی تورکیە لەگەڵ هەڵوێستی یەکیەتیی سۆڤیەت کەمێك جیاوازی هەیە. تورکیە ئەندامی ناتۆیە. ئەوەندە کە ئەمریکا پێی ناخۆشە ئەوەندە یەکیەتی سۆڤیەتی پێی خۆشە، ئەگەر کوردی تورکیە بجووڵێتەوە. دیارە پێی خۆشە تا خودموختاری یان تا سەربەخۆیی، ئەوەندە پاشان بەستراوەتەوە بە جۆری حەرەکەتەکەی.

کەوابوو ئێمە با کورتی کەینەوە لە باری نێوخۆیییەوە ئەو هێزەمان نیە داوای سەربەخۆیی بکەین. لە باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کۆسپ هێندە زۆرن کە وەزعەکە بە ئێمە ئیجازە نادا. لە باری نێونەتەوەیییەوە هیچ پشتیوانییەکی ئەوتۆمان نیە. دەوڵەتێك پەیدا بێ بۆ نموونە وەك فەرانسە یان یەکێکی دیکە دوو بوورسمان بداتێ یان

دوو ویزامان بداتیّ یان بریندارێکمان لیّوەرگریّ. ئەوە نابێتە سەربەخۆیی. چونکە داواکردنی سەربەخۆیی شەڕێکی دوورو درێژو پشتی جەبهەی دەویّ. ئێستا ئێمە ئەگەر جەبهەمان هەبا، دەمانتوانی خۆمان رابگرین، بەلاّم نەماندەتوانی بەو شێوەیەی کە ئێستا هەمانە وابین، بۆ وێنە بریندارێکمان هەیە دەینێرین بۆ نەخۆشخانە هاتوچۆمان هەیەو لەو بارەوە گیروگرفتمان نیە، بەلاّم ئەو وەختە بەتایبەتی ئەوەمان لە بیر نەچیّ ژئۆپۆلیتیك کە دەلێم باسی جوغرافیای سیاسی دەکەم، ئەوەیە کە ئێمە ڕێگاشمان بۆ دەریا نیە. بۆ وێنە وەك بەنگلادیش ئەگەر ڕێگامان بۆ دەریا هەبا "سەربەخۆیی"ی خۆمان وەردەگرت. چونکە ئێمە لە ئابلۆقەی ئەو چەند دەولەتە داین.

کەوابوو بە کردەوە داوا کردنی سەربەخۆیی بۆ ئێمە بێجگە لەوە کە عەمەلی نیە، زەرەریشی هەیە. زەرەرەکەی لە چی دایە؟ زەرەرەکەی ئەوەیە هەرکە ئێمە داوای سەربەخۆیی‌مان کرد بۆ وێنە لە کوردستانی ئێران، ناخۆشی لەگەلّ دەولەتەکانی دیکە دەست پیّدەکا. یانی لەگەلّ تورکیەو عێراقو ئەوجار ئیدی بە عەمەلی‌و ئاشکرا شەڕمان لەگەلّ دەکەن. ئەو هێزەمان نیە هیچ، ئەو هێزە ئێرانی‌یانە، ئەو هێزە تورکانەو ئەو هێزە عێراقییانەش کە دێموکراتن‌و هاوکاریمان لەگەلّ دەکەن ـ ئەوانیش تازە بە زەحمەت هاوکاریمان لەگەلّ دەکەن ـ لە دواڕۆژدا ئیمکانی هەیە هاوکاریمان لەگەلّ نەکەن. دیارە بۆخۆتان بۆ نموونە هێزێکی وەك موجاهیدین دەناسن کە حەقی خودموختاری پیّ هەزم ناکریّ، چ بگا بەوە کە ئێمە داوای جیابوونەوە بکەین. لەو بارەشەوە بە تاقی تەنیا دەمێنینەوە یانی کورد بە تاقی تەنیا دەمێنێتەوە لە نێوان ئەو چەند دەولەتەدا. ئەوە ئیمکانی نیە کە بتوانین دروشمی سەربەخۆیی بسەپێنین بە سەر ئەو دەولەتانەدا. ئەوە لێکدانەوەی ئێمە بوو. کەوابوو دروشمی ئەساسیمان هەر (دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان)ە.

ئەگەر سەربەخۆیی‌مان لەولا دانا، فێدرالیزم دەمێنێتەوە. باشە بە پێی ئەو ئیستدلالانە کە کردمان دەبیّ زیاتر داوای فێدرالیزم بکەین چونکە چەند میللییەتی زۆرلێکراو لە ئێراندا هەن، ئێمە بە تەنیا نین. بەلووچستان هەیە، تورکمەنستان هەیە، ئازەربایجانیش هەیەو عەرەبیش هەیە. ئەوە بۆ داوای خودموختاری دەکەین؟

دیسان دەگەڕێینەوە سەر ئەوە کە ئێمە لە حاڵەتێکی کەمێك دوولایەنەدا قەرارمان گرتوە. ئەگەر بێنین داوای فێدرالیزم بکەین، هەموو پێمان دەڵێن، ئەوە بۆ داوای فێدرالیزم دەکەن خۆ ئێوە نوێنەری هەموو گەلانی ئێران نین؟ هەرچی بێ ئێمە حیزبێکی ناوچەیین، حیزبی سەرانسەری ئێران نین. پێمان دەڵێن حیزبی ناوچەیی، تۆ دەتوانی هەر داوای خودموختاری بکەی. جاری واش هەیە خەڵکی دیکە پێمان دەڵێن ئەوە بۆ داوای خودموختاری بۆ خەڵکی دیکە ناکەن؟ دیارە ئێمە لایەنگری خودموختاری بۆ هەموو گەلانی ئێرانین. زیاتر لەوە پێمان وایە شێوەی عەمەلی بۆ حەلکردنی مەسەلەی میللی لە ئێراندا شێوەی فێدرالیزمە، چونکە چەند میللەتی دیکەش هەن.

کە باسی (تضمین) دێموکراسیمان کرد بۆ خودموختاری (تضمین)ێکی دیکەش هەیە، ئەگەر دێموکراسی بە تەواوی لە ئێراندا جێگیر بێ. مانای ئەوەیە کە خەڵکەکانی دیکەش خودموختاریی خۆیان وەرگرتوەو ئەگەر ئەوان حەقی خۆیان وەربگرن. ئەویش بۆخۆی (تضمین)ێکە بۆ حەقی ئێمە. تازە دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران بە ئاسانی ناتوانێ تورکەمەن، بەلووچ، عەرەبو ئازەربایجانی کۆ بکاتەوەو لە کوردستاندا شەڕمان لەگەڵ بکا. ئەگەر دێموکراسی هەبێو ئەوانیش حەقی خۆیان وەرگرتبێ، ئیدی ئەوە زۆر زەحمەتتر دەبێ لە جاران. کەوابوو ئێمە لایەنگری گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانین. بەلاّم ئێمە وەکیلیان نین. ئێمە ناتوانین خودموختارییان بۆ وەربگرین. ئازەربایجانی دەبێ بۆخۆی بجووڵێتەوە، عەرەب دەبێ بۆخۆی بجووڵێتەوەو تورکەمەن هەروا. جاران لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە واقیعدا ئازەربایجان بوو کە پێشڕەوی جووڵانەوە بوو لە ئێراندا، بەلاّم ئێستا کوردستانە.

دیارە بۆخۆمان دەزانین بە پێی وەزعی تاریخی بوونی حیزبی دێموکراتو وریایی خەڵكو وشیاریی سەتحی نێونەتەوەیی، هەموو بوونە هۆی ئەوە کە کوردستان ئێستا بە ئاگاهی زیاترەوە پێشڕەوی خەبات بێ لە ئێراندا. بەلاّم باشە ناتوانین ببین بە وەکیلی خەڵکی دیکە پێیان بڵێین ئێوە داوای خودموختاری بکەن. بەلاّم ئێمە موافیقی فێدرالیزمین، هەموو وەختێك موافقین. جارێك کە کۆنفرانسی گەلانی ئێران پێکهات دوو سێ مانگ پاش شۆڕش لە سەرەتای بەهاری ١٣٥٨ بوو لە تاران ئێمە

لەوێ فیدرالیزمان پێشنیار کردو موافیقی بووین. قەرار بوو کۆنگرەیەك پێك بێ لە رۆژی ٣ی خەرمانان لە مەهاباد، کۆنگرەی هەموو گەلانی ئێران کە بۆخۆتان دەزانن رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ شەڕەکە ساز بوو، ئیدی عەمەلەن کۆنگرەش پێك نەهات. دەنا هەر ئەو وەختەش نەزەرمان ئەوە بوو کە فیدرالیزم لە ئێراندا دەبێ هەبێ. یانی ئێران دەبێتە جمهووری‌یەکی فیدرالی. یەك جمهووریی مەرکەزی‌و لە پاشان جمهووریی ئازەربایجان هەیە. کە ئەوانە وەکو جمهوورییەکانی شوورەوی بۆخۆیان جمهوورییان هەیەو حەقی دانانی چارەنووسی خۆیان بە شێوەی فیدرالی هەیە. کەوابوو ئێمە لایەنگری فیدرالیزمین.

ئێمە حیزبێکی ناوچەیین ناتوانین ببین بە وەکیلی گەلانی دیکەی ئێران. بەلام وەك ئێرانییەك حەقی خۆمانە نەزەر بدەین. چونکە ئێمە ئێرانیین‌و ئێرانییش حەقی دەربڕینی نەزەری هەیە. هەر بۆیە هەر وەختێك نوێنەرانی ئەو گەلە زۆرلێکراوانە داوای یارمەتییان لە ئێمە کردبێ، دریغیمان نەکردوە. ئێمە هەموو وەختێك ئامادەیی خۆمان نیشان داوە. ئەوەندەی ئیمکاناتمان هەبووە یارمەتییان ویستوە، یارمەتیمان داون، چ سیاسی بێ، چ یارمەتیی دیکە بێ‌و لە ئەسلی مەسەلەکەش دیفاعمان کردوە. کارمان بەوە نیە کە مەسەلەن فیرقەی دێموکرات هاتبێ لە ئازەربایجان باش بێ یان خراپ بێ، ئێمەش دیفاع لە فیرقەی دێموکرات کە نازانین چیە، ناکەین. بەلام ئێمە دیفاع لە حەقی خودموختاریی خەلکی بەلووچستان‌و هتد دەکەین. ئەو حەقە بە هی هەمووان دەزانین. هەموو وەختێك ئێمە زاراوەی گەلانی ئێران بە کار دێنین. میللەتی ئێران لە فارسییش‌دا بە کار ناهێنین. ئێمە میللەتی ئێران بە زاراوەیەکی دروست نازانین. چونکە ئێران لە یەك میللییەت پێك نەهاتوەو لە چەند میللییەت پێکهاتوە. کەوابوو فیدرالیزمیشمان قبوولە. بەلام چونکە کەسێکی دیکە نیە جارێ لە مەیداندا، هەر ئێمە بە تاقی تەنیا هەین‌و داوای حەقی خۆمان دەکەین. داوای خودموختاری دەکەین. کەوابوو گەڕاینەوە سەر خودموختاری.

ئێستا با بزانین خودموختاری چیەو چۆن دەتوانین جێبەجێی بکەین. باسی کێشەکانی فیدرالیزمان کرد، ئیشکالەکە لە بەر ئەوەیە کە نەتەوە زۆرلێکراوەکانی دیکە لە مەیداندا نین.

دەمێنێتەوە خودموختاری. شێوەی مافی چارەنووسی ئێمە خودموختارییە. بەم شێوەیە خەڵکی ئێمە دەتوانن خودموختاری دابمەزرێنن یان پیادەی بکەن. باشە ئەو حەقەمان هەیە کە دانانی مافی چارەنووسی خۆمان بە شێوەی خودموختاری دیاری بکەین‌و دای‌بمەزرێنین. داواکردنی خودموختاری دیارە مانای ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا تەرەفین. ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران شەڕ دەکەین. لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکە شەڕ ناکەین. نە لەگەڵ تورکیە شەڕ دەکەین نە لەگەڵ عێراق شەڕ دەکەین. ئەگەر ئەوان شەڕمان لەگەڵ بکەن مەجبوور بین شتێکی دیکەیە. بەڵام ئێمە پێشمان ناکرێ‌و پێشمان خۆش نیە. چونکە ئێمە ئێرانین‌و دەمانهەوێ لە ئێراندا خودموختاری وەربگرین. کە گوتمان خودموختاری مانای ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئێراندا داواکانمان جێبەجێ دەکەین. داوای جیابوونەوە ناکەین، هیچ داوایەکمان نیە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئێران بێ. لە چوارچێوەی سنووری ئێرانیش‌دا هیچ داوایەکی وا نابێ بێتە گۆڕێ کە بۆنی ئەوەی لێ‌بێ کە ئێمە دەمانەوێ لە ئێران جیابینەوە. کە خودموختاریمان داوا کرد، ئیدی داوای خودموختاری بکەین‌و شتی دیکە داوا نەکەین.

چونکە لەو وتووێژانەدا کە لەگەڵ ڕێژیمان هەبووە بە داخەوە تەجرەبەی خراپمان هەیە. ئێمە وەکو حیزبی دێموکرات هەرچەند تەجرەبەمان لە زۆر حیزبی دیکە زیاتر بوو، بەڵام دیسانەوە دوو خەتەر هەبوو بۆ ئێمە؛ یەکەم: هێندێک لە برادەران داوای وایان دەکردو بە تایبەتی ئەو وەختە کە لە وەفدی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا بووین‌و کۆمەڵەو فیدایی شتی وایان دەهێنایە گۆڕێ کە بەڕاستی لە هیچ حکوومەتێکی خودموختاردا نیە. لە بەرامبەر ئەوەش‌دا هێندێک شتی دیکە هەبوو کە هێندێ کەس کە بە گرووهی حەوت کەسی مەشهوور بوون، ڕۆیشتن‌و حیزبەکەیان بەجێ هێشت، ئەوانیش مەسەلەکەیان وا لێ‌کرد کە لە واقیعدا لە خودموختاری شتێک نەدەماوە. ئەوەی کە هێنابوویان بە نێوی خودگەردانی‌و دەیانهەویست ئێمە قبووڵی بکەین. ئەوە هیچ شتێکی لە خودموختاری نەدەهێشتەوەو ئەساسی خودموختاری لەبەین دەچوو. کەوابوو هەم دەبێ خودموختاریمان هەبێ‌و هەم دەبێ تەنیا خودموختاریمان بوێ نە زیاتر. بۆیە ئێمە ئەو شەش مانگە کە وتووێژمان هەبوو لەگەڵ ڕێژیمی جمهووریی

ئیسلامی‌دا شتێکمان داوا نەدەکرد کە بزانین پێمان دەڵێن کە ئەوە لە چواچێوەی ئێران بەدەرە. شتی ئاواشمان داوا نەدەکرد کە میللەتی کورد کە ئەو هەموو خەباتەی کردوە پێمان بڵێ ئەوە هیچ نیە. دیارە ئەمن ناچمە سەر ئەوە کە بە زاراوەی سیاسی پێی دەڵێن موزایدە. ئەو موزایدەیە، کە کۆمەڵەو ڕێکخراوی دیکە دەیکا یانی غەیری مەسئوولانە دەجووڵێتەوە. ئێستا مەسەلەن بەرنامەی خودموختاریی ئێمە هەیەو کۆمەڵە هاتوە ئەو بەرنامەیەی لەواقیع‌دا کۆپیە کردوە، نوسخەی لی‌هەڵگرتوە بۆ وێنە وشەی "انقلابی" لە پشتەوە داناوە. خودموختاریی ئینقلابی‌یان دەوێ یان بۆ وێنە فلان شتی ئینقلابی، دوو سێ شتی لی‌زیاد کردوە، تەنیا بۆ ئەوە کە چونکە خۆی بە "اصطلاح" بە پێشڕەو دەزانێ. بۆ ئەوەی بسەلمێنێ کە بەڵێ لە حیزبی دێموکرات پێشڕەوترە، شتی غەیرە واقعیی داوا دەکا یا قەولی شتی غەیرە واقێعی بە خەڵکی دەدا. دەیانگوت زەمانی مەشرووتە هێندێك کەس تەبلیغاتیان دەکرد، دەیانگوت ئەگەر مەشرووتەمان وەرگرت کەبابی ئەوەندە درێژە، یەك میتر دەبێ بۆ ئەوەی خەڵك پێیان خۆش بێ‌و بۆ مەشرووتە شەڕ بکەن. ئێستاش کۆمەڵە وادەکا. بەڵام ئێمە واقێع‌بینین‌و ئەوەی کە دەیڵێین وەك حیزبێکی سیاسی، ئەوەش جێبەجێ دەکەین. هەر ئەوە نیە کە ئێمە ئێستا بڵێین کە سبەینێ هات‌و خودموختاریمان وەرگرت، ئیدی ئەوە جوابی خەڵك نەدەینەوە یان قەولی وامان بە خەڵك دابێ ئەو وەختە بۆمان جێبەجێ نەکرێ، حیزبی مەسئوول‌و سیاسی کاری وا ناکا. کەوابوو خودموختاری بۆ ئێمە چەند ئەسڵی گرینگی تێدایە.

زۆر جار گوتوومانە بەڵام خراپ نیە دووپاتی بکەینەوە لە پێش هەمووان‌دا شتێکمان دەوێ ئێمە وەری بگرین کە خەڵکی کوردستان هەست بەوە بکا کە بۆ خۆی حاکمی چارەنووسی خۆیەتی. ئەوە لە هەموو شتێك گرینگترە. جا ئەوە بە چەند شت جێبەجێ دەبێ: یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە سەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزی‌و سەلاحییەتی ئورگانەکانی خودموختار جودا بکەینەوە. چی لە سەلاحییەتی ئورگانەکانی خودموختاردا هەیە؟ چی لە سەلاحییەتی دەوڵەتی مەرکەزی‌دا هەیە؟ ئێمە دەڵێین بێجگە لە مەسەلەی ئەرتەش، مەسەلەی پێوەندییەکانی دەرەوە، مەسەلەی دانانی پرۆژە یان بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری کە مەعمووڵەن خەرجێکی

زۆری دەوێ‌و هەروەها سیستمی بانکی‌و پوولی بێجگە لەوە نەزەرمان ئەوەیە کە ئەوی دیکە واتە هەموو سەلاحییەتەکەی دیکە بدرێ بە ئۆرگانەکانی خودموختار.

بەتایبەتی لە مەسەلەی سەلاحییەتدا، دوو شت زۆر گرینگن: یەکەم بریتییە لە راگرتنی ئەمنییەتی نێوخۆی کوردستان. مێژووی کوردەواری وای لە کورد کردوە کە ئێستا رقی لە ژاندارمەیە، رقی لە پاسدارە. دەیهەوێ بۆخۆی ئەو هەستە دەسەلاتدارەتییەی کە لە وجوودیدا هەیە لەودا پێك بێ‌و بۆخۆی ببێ بە پۆلیسی خۆی‌و ژاندارمی خۆی‌و کەسی دیکە ئیدی لە جێگای دیکە نەیە ببێتە ژاندارمی ئەوو زولمی لێبکا، کەوابوو ئەمنییەتی نێوخۆیی کە ئێمە پێی لە سەر دادەگرین، دەبێ بەدەست ئۆرگانەکانی خودموختارەوە بێ.

دووهەم: بەرچاوترین عامیلی مەوجوودییەتی نەتەوەی کورد، وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە زمانە. دەمانهەوێ زمانی کوردییش وەك زمانی رەسمی لە کوردستاندا بناسرێ. دیارە دەڵێین زمانی فارسییش لەگەڵ زمانی کوردیدا هەبێ‌و لە مەدرەسەکاندا هەبێ، چونکە لە ئێراندا دەمانهەوێ لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بین، منداڵەکانمان ئێستا دەچنە مەدرەسە بە زمانی کوردی دەخوێنین، سبەینێ بتوانن لەگەڵ میللەتەکانی دیکەشدا قسە بکەن. جا ئەگەر فارسی نەزانن ناتوانن لەگەڵ تورکێك قسە بکەن یان لەگەڵ عەرەبێك یان لەگەڵ فارسێکدا قسە بکەن. کەوابوو ئەویش پێویستە، بۆیە زمانمان پێ گرینگە. چونکە گوتم لە واقیعدا زمان بەرزترین عامیلی فەرهەنگی نەتەوەییمانە.

پاش زمانەکە دیارە مەسەلە ئەوەیە کە ئەو خودموختارییەی باسی دەکەین لە کوێ دەبێ جێبەجێ بکرێ؟ خۆ دەبێ جێگایەکی دیاری بکەین یانی خاکی کوردستانیش دیاری بکەین. ناکرێ خودموختاری هەبێ نەزانین لە کوێ "تطبیق" دەبێ. هێندێك کەس دەڵێن ئێوە دەتانەوێ سنوور بکێشن. نەخێر سنوور ناکێشین، ئوستانەکانی ئێرانیش خۆ سنووریان هەیە. بۆ خوێندنیش ئەگەر دەمانهەوێ دەرسی کوردی لە فلان جێگا بڵێین دەبێ بزانین هەتا کوێ دەرسی کوردی هەتا چ مەنتیقەیەك چ ناوچەیەکی کوردستان دەرسی کوردی دەڵێین‌و لە کوێ نایڵێین؟ کەوابوو دەبێ چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی کوردستانیش دیاری بکرێ‌و ئەویش بۆ ئێمە شتێکی

ئەساسیو گرینگە. ئێمە بە نەزەری خۆمان هەم لە باری مێژوویی‌یەوەو هەم لە باری عەمەلییەوە ئیمکانی هەیە بەشێك کەم یان زیاد، چوار ئوستانی ئێران بە کوردستان دەزانین: ئازەربایجانی غەربی، کوردستان، کرماشانو ئیلام. دەمانهەوێ ئەو چوار ئوستانە ببنە یەك ناوچە ناوچەی خودموختاری کوردستانو لەوێدا ئەو داخوازانەی کە هەمانە پیادە بکرێن. ئەوە چوار ئەسڵی بنەڕەتی بوون کە بۆ ئێمە لە هەموو شتێك گرینگترن.

بەلاّم لێرەدا با بگەڕێینەوە سەر چوار ئەسڵەکە یانی مەسەلەی سەلاّحییەتو دیاریکردنی سەلاّحییەتەکان، مەسەلەی ئەمنییەتی نێوخۆیی، مەسەلەی زمانو مەسەلەی جوغرافیایی. ئەگەر ئەوانەمان حەل کرد، مەسائیلی دیکە ئاسانتر حەل دەبێ. بەلاّم با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی ئەرتەش چونکە لێرەدا مەسەلەیەکی "حساس"ە. هێندێك کەس دەڵێن باشە ئەگەر ئەرتەش لە کوردستاندا بوو هەر وەختێك کە پێی خۆش بێ دەتوانێ خودموختاریمان لێبستێنێتەوە. ئەوە واقعییەتێکە کە ئێمە بۆ پاراستنی خودموختاری دوو زامنمان هەیە. هەتا ئەو کاتە کە دێموکراسی‌یەکی ساقامگیر لە کوردستانو لە ئێراندا پێك نەهاتوە، ئەوە کە باسمان کرد ناچارین چەك هەڵبگرین، بەلاّم ئایا ئێمە کە خودموختاریمان دەوێ دەتوانین بڵێین کوردستان ئەرتەشی تێدا نەبێ. ئەگەر ئەو داوایەمان کردو ئەرتەشمان وەدەرنا مانای ئەوەیە ئیدی ئەو وەختەی خودموختاری نیە. لە خودموختاریدا لە هیچ جێگای دنیادا شتی وا نیە کە دەوڵەتی مەرکەزی ئەرتەشی نەبێ بۆ دیفاع لە سنوور. بەلاّم ئەگەر وەزیفەی ئەرتەشمان لە رێژیمێکی دێموکراتیکدا دیاری کرد، هەروەها کە هاتوە ئەرتەش حەقی دەخاڵەتی لە کاروباری کوردستاندا نیەو ئەرتەش نەبوو بە عامیلی سەرکوت، ئەو وەختە بوونی ئەرتەش هیچ ئیشکالی نیە. هەر وەختێك لە دەرەوە خەتەرێك پەیدا بوو بۆ "استقلال"ی ئێرانو تەواوییەتی ئەرزیی ئێران، با ئەرتەش بچێ دیفاعی لێبکا. بەلاّم ئەرتەش نابێ ببێ بە عامیلی سەرکوت لە کوردستاندا، یانی ئەوە ئەو خەتەرەی هەیە کە ببێ، بەلاّم ناشتوانین بڵێین با نەبێ. بۆ لابردنی ئەو خەتەرە ئێمە دەبێ بۆخۆمان لە فیکری خۆماندا بین کە لە حاڵەتێکی زەرووریدا بتوانین دیفاع لە خودموختاری خۆمان بکەین ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە باسی ئەوە

دەکەین کە هێزی پێشمەرگە هەر لە جێگای خۆیەتی‌و وەزیفەیەکی دەبێ، ئەوە جێگای باسە. ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو وەزیفەی هێزی پێشمەرگەو وەزیفەی ژاندارمری‌و پۆلیس نەبێ بە یەك. ئەوە با ئۆرگانەکانی دیکە ئەو کارە بکەن‌و لە خودی کوردستاندا هەڵبژێردرێن. بەڵام هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی "ذەخیرە"و زیاتر "داوطلب"، هەموو وەختێك ئامادە بێ کە ئەگەر خەتەرێك بوو دەست بداتە چەك. هەروەها لە زۆر جێگا میلیشیایان داناوەو لە حاڵەتی تایبەتی‌دا کەڵکی لێ وەردەگرن.

بەڵام ئایا ئەو خودموختارییە کە باسمان کرد سەربەخۆیی ئێران یان تەواوییەتی ئەرزیی ئێران لە خەتەر دەخا؟ بە نەزەری ئێمە نەك هەر لە خەتەری ناخا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە زۆر بەهێزی دەکا. جا بۆیە کە باسی تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دەکەین باکمان نیە، چونکە پاش ئەوەی کە ئێمە خودموختاریمان وەرگرت لە تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دیفاع دەکەین. ئەگەر لە بیرتان بێ وەختێك شەڕی ئێران‌و عێراق دەستی پێ‌کرد. وەك هەمیشە ئەو رێکخراوانە زۆربەیان تووشی لافاوی ناسیۆناڵیستی ئێران بوون یان ئەوەی پێیان دەگوت دژی ئیمپریالیستی. چوون شەڕیشیان کرد لەگەڵ عێراقدا. حیزبی ئێمە تەنیا حیزبێك بوو کە رای‌گەیاند ئێمە حازرین شەڕ بکەین‌و دیفاعیش بکەین لە مەرزی ئێران، لە تەواوییەتی ئەرزیی ئێران، بە شەرتێك حەقی ئێمە بدرێ. حەقی خودموختاری بدرێ، ئەو وەختە میللەتی کوردیش هەست بەوە دەکا کە لە چی دیفاع دەکا، ئەگەر ئەوە نەبێ ئێمە نایکەین، نەشمانکردو ئێستا هەموویان پەشیمانن‌و پەشیمان بوونەتەوە. ئێمە پەشیمان نین، چونکە نەمانکردوە ئەگەر لە بیرتان بێ بەیاننامەیان دەرکرد کە شەهیدیان داوە، ئیفتیخاری زۆریان بەوە دەکرد. ئەوانە موجاهیدین، چریکی فیدایی‌و حیزبی توودە بوون. ئێمە گوتمان حازرین لە ئێرانێك دیفاع بکەین کە حەقی میللەتی کوردی تێدا دابین بووبێ، بەڵام حازر نین لە حاکمییەتی ئاخوندەکان دیفاع بکەین، دیفاعمان نەکرد. باشە مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە لە تەواوییەتی ئەرزیی ئێران دیفاع بکەین، بەڵێ زۆر باشیش دیفاعی لێ‌دەکەین لەو سەربەخۆیی‌یە واقعییەی ئێران، حازرین

دیفاع بکەین. ئەو سەربەخۆیی‌یە کە خودموختاریشی تیّدا سەقامگیر بووە، حەقی ئیّمەی تیّدا دابین کراوە. ئەو وەختە دەیکەین‌و بە هەموو دلّەوە دەیکەین.

کەوابوو ئیّمە ئەگەر لەگەلّ ئەوانە کە شوو‌ینیستن‌و موخالیفی خودموختارین قسەمان ئەوەیە کە ئەگەر ئیّوە حەقی ئەو میللەتانەو حەقی میللەتی زۆرلیّکراو بدەن لە واقیعدا رایان دەکیّشن بەرەو مەرکەز، بەرەو ئەوە کە لە ئیّراندا بمیّننەوە چونکە یەك شتی تایبەتیش لە نیّو گەلانی ئیّراندا هەیە. ئەوەمان لە بیر نەچیّ هەموویان تا رادەیەك وەك کورد وان. یانی چی؟ یانی کورد تەنیا لە ئیّراندا نیە لە تورکیەو عیّراقیشدا هەیە. بەلووچ تەنیا لە ئیّران نیە لە پاکستانیش هەیەو لە ئەفغانستانیش هەیە. ئازەربایجانییش تەنیا لە ئیّراندا نیە، لە یەکیەتیی شوورەوییش هەیە. تورکەمەن تەنیا لە ئیّراندا نیە، لە شوورەوییش هەیە. عەرەب تەنیا لە ئیّران نیە، لە عیّراقیش هەیە. یانی مەبەستم ئەوەیە کە ئەو قووەتی راکیّشانە (جاذبە)یە لە تاران پیّك نەیە ئیّستا کە نەتەوە زۆرلیّکراوەکان وریا بوونەوە، نەتیجەی ئەوە دەبیّ کە عەکسی دەرچوون لە مەرکەز زیاتر دەبیّ، ئەتۆ حەقەکەی نەدەیەی. هەر داوا بکا. هەر شەڕ بکاو داوای خودموختاری بکا لە چوارچیّوەی ئیّراندا رۆژیّك ئەویش دەلّیّ هەر خودموختاریشم ناویّ (اصلا") جودا دەبمەوە، خوداحافیز. یانی هەرچی شەڕەکە دریّژتر بیّ‌و داوای خودموختاری کەمتر قبوولّ بکریّ، نەتیجەکەی ئەوە دەبیّ ئەگەر رۆژیّك قودرەتیان هەبیّ جیا دەبنەوە. کوردیش بۆ ویّنە ئەوەی نەکا بەلووچ ئەوەی دەکا. فەرز کەین من ئیشکالاتی خۆمانم باس کردو ئیمکانی هەیە بەلووچ ئەو ئیشکالاتەی نەبیّ بە ئەندازەی ئیّمە، ئەو یەك دوو حوسنی هەیە نیسبەت بە ئیّمە، بۆ ویّنە دەریای هەیە ئەوە یەکجار زۆر موهیمە. بەلاّم کارم بەوە نیە مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کەسانە کە بە جیدیی‌و بەڕاستی لایەنگری "سەربەخۆیی"ی ئیّرانن، دەبیّ لایەنگری خودموختاری بن. ئەگەر بەڕاستی دەیانهەویّ ئەو سەربەخۆیی‌یە بپاریّزن. چونکە ئیّستا ئیدی وەزع وەك جاران نەماوەو مەسەلەی میللی لە دنیای ئەمڕۆدا لەواقیعدا گرنگترین مەسەلەیە، ئالۆزترین مەسەلەیە لەگەلّ ئەوە لە ولاّتانی سوسیالیستی نیسبەت بە ولاّتانی سەرمایەداری حەل بووە، لەویّش هەر شویّنەواری ماوە لە ولاّتانی سەرمایەداری کە هەتا ئیّستا باش نەبووە.

لە وڵاتێکی وەك بلژیکدا من کە سەفەرم کرد بۆ بلژیك بە تەواوی بۆم دەرکەوت کە ئەو ئیختلافی میللییە رۆژبەرۆژ لەوێ زیاتر دەبێ. ئەوانەی بە زمانی هولەندی قسە دەکەنو ئەوانەی کە بە زمانی فەرانسەیی قسە دەکەن، ئیختلافیان رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێو بە هەموو شتێك بە نووسینو بە رێپێوان، بە هەڵبژاردن، بە گۆڕینی قانوونی ئەساسیو زۆر شتی دیکەش، خەباتی بۆ دەکرێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئێستا وەزعەکە بەرەو ئەوە دەڕوا. لە ئێرانی دوارۆژدا پاش رووخانی رێژیمی خومەینی، هێزەکان دیارە زیاتر ئازاد دەبنو ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی هەمانبوو، "تقریبا" وەزعێکی ئاوا ئیمکانی هەیە پاش رووخانی رێژیمی خومەینی لە بەلووچستان پێك بێ، چونکە لەوێ ئاگاهی بەرەبەرە دەچێتە سەرێ، رێکخراوی واشیان بەرەبەرە بۆ پەیدا بووە، لە نەتیجەدا ئازەربایجانیش ئیمکانی هەیە، عەرەبستانیش هەروا دەبێ.

نەتیجە ئەوە دەبێ ئەگەر حەقی میللەتان نەدرێ، ئەو وەختە دیارە مەسەلەی (گریز از مرکز) دێتە پێش. یانی ئەگەر دەتهەوێ "سەربەخۆیی"ی ئێران بپارێزی، دەبێ حەقیان بدەیتێ. ئەگەر بەڕاستی حەقیان نەدەیەی، "سەربەخۆیی"ی ئێران وەخەتەر دەکەوێ. تەواوییەتی ئەرزیی ئێران ئەو وەختە وەخەتەر دەکەوێ. ئەو وەختە ئەگەر خودموختاری بە کورد بدرێ ئەوە شێوە بۆچوونی ئێمەیەو بۆچوونێکی دروستە، بەتایبەتی بۆ دوارۆژ. کەوابوو ئێمە کە لە چوارچێوەی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ، ئەوە راست موخالیفی جیابوونەوەیە، لە پاشان ئێمە رۆژی نەوەڵ گوتمان، ئێمە ئەوەمان تەنانەت لە شوورداو لە جێگای دیکەدا راگەیاند کە کورد مافی جیابوونەوەی هەیە، ئەوەش مافی خۆیەتی. بەڵام ئێمە نامانهەوێ لەو مافە کەڵك وەربگرین، تاوان نیە ئێمە بڵێین ئەو مافەمان هەیە، بەڵام کە نالێین مانای ئەوە نیە کە دەترسێین، نە مانای ئەوەیە کە بەو بۆچوونانە کە پێشتر باسمان کردن گەیشتووینەتە ئەو نەتیجەیە کە لە ئێراندا بمێنینەوە.

مانەوە لە ئێراندا چ قازانجێکی دیکەی هەیە؟ قازانجی دیکەشی دیارە هەیە. ئەوەڵەن با ئەوە بڵێین ئێمە کوردی ئێران ماوەیەکە لەگەڵ کوردی عێراق مەسەلەن هاتووچۆمان هەیە، بەرخوردمان بووە، ئێمە لەمێژە بەو راستییە گەیشتووین کە

لەگەڵ ئەوەی ئەوان کوردن‌و ئێمەش کوردین، بەڵام هێندێکیش فەرقمان هەیەو ئەوەش شتێکی زۆر سروشتی‌یە، ئێمەساڵەهای ساڵ لە ئێراندا دەژین فەرهەنگی ئێرانی شوێنی لە سەرمان داناوەو لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین. ئەوان ساڵەهای ساڵ کوردستانی عێراقدا دەژین‌و فەرهەنگی عەرەبی شوێنەواری لە سەر داناون. ئەوە شتێکی سروشتییەو ئەو جیاوازییەش بەرچاوە.

ئێمە شت دەنووسین لە کوردستانی عێراق دەیخوێنینەوە. لە کوردستانی عێراق شت دەنووسن لە ئێران دەکەوێتە دەستمان. شتی ئەوان دەخوێنینەوە، ئەوەش هەیە. بەڵام یەك واقعییەت هەیە کە ئەگەر گوتمان زمان هۆیەکی ئەساسییە ئەوە شتێکە کە نابێ لە نەزەری نەگرین. بێجگە لەوە کە دوو لەهجەمان هەیە، دوو لەهجەکە ئەوە نەڵێین لێك حاڵی نابین. ئیمکانی هەیە پاش مانگێك دوو مانگ بەرەبەرە لێك حاڵی ببین. لەهجەی شیمالی‌و لەهجەی جنووبی. بێجگە لەوە ئێمە لە واقیعدا بە چوار ئەلف‌و بێی زمانی کوردی دەنووسین، ئەلف‌و بێیەکی عەرەبی هەیە ئێمەو کوردی عێراق پێی دەنووسین، ئەویش هەرکەس ڕێنووسێکی بۆخۆی داناوە چونکە ئاکادمیمان نیە کە دای‌نابێ. یەك دەبینی (نوو) بە دوو واو دەنووسێ، یەك شتی لە سەر دادەنێ‌و زۆر شتی دیکە. بۆخۆتان دەزانن لە پاشان لە تورکیە بە لاتین دەنووسن. بەڵام هی تورکیە لەگەڵ لاتینێکی دیکە کە لە بەیروت‌و ئەوانەی "جەلادەت بەدرخان" دایان‌ناوە جیاوازی هەیە، ئەویش لە جێگای دیکە پێی دەنووسن. بێجگە لەوە لە شوورەوی بە شتێکی تێکەڵاو لە سیریل یانی خەتی رووسی‌و لاتینی پێکەوە دەنووسن، چوار ئەلف‌و بێی هەیە.

لە واقیعدا بێجگە لە مەسەلەی فەرهەنگی مەسەلەی ئابووریش هەیە. ئێستا ئێران بەرەبەرە بووە بە وڵاتێکی سەرمایەداری. ئابووریی کوردستانی ئیچران بۆتە بەشێك لە ئابووریی ئێران. ئابووریی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەموو ئەو ناچاخچییەی کە هەیە ئێستا زیاتریش بووە بەشێکە لە ئابووریی عێراق. خۆ مەسەلەکە بەو ئاسانییە نیە. نموونەتان بۆ بێنمەوە، لەهستان چەندین دەساڵە بووەتە وڵاتێکی یەکپارچەو یەکگرتوو. بەڵام لەهستان وەزعی ئێمەی هەبووە. لەهستان بەشێك بوو لە ئۆتریش. بەشێکی لە ئاڵمان‌و بەشێکی لە رووسیە ئێستا کە لەهستان

پاش ئەوەی کە چل ساڵە سوسیالیزم لەوێ دامەزراوە، بەشــی ئاڵمـانی بەشـی هـەرە پێشکەوتووی ئابووری‌و فەرهەنگیی لەهستانە. بەشی رووسیە چونکە ئەو وەختـە زۆر پاشکەوتوو بووە، بەشی هەرە پاشکەوتووی لەهستانە. بەشی ئۆتریش لـــە نێوەڕاست دایەو ئەمن یەك ساڵ لە لەهستان بووم‌و بەشەکانیم دیوە. پڕۆفیسـورێکی لەهسـتانی دەیگوت: ئێمە یەك لەهستانمان نیــە، چـوار لەهســتانمان هەیـە. بۆخـۆی دەیگـوت. مەبەستم ئەوەیە کە مەسەلەکە وا ئاسان نیـە کوردسـتانی ئـێران‌و تورکیـەو عـێراق پێکەوە ئاوا دابنێین پینەی بکەین‌و بڵێین بوو بە کوردستان‌و بە ئابوورییـەکی واحیـد. ئەو مەسەلەیە بەو ئاسانییەش نیە. لـــە حـاڵێکدا ئەگـەر لـە ئـێران بمێنینـەوە بـەو داهاتەی کە ئێران هەیەتی‌و بەو ئیمکاناتە ئێمە دەتوانین ئیستفادە بکـەین بـۆ ئـەوە بەرەبەرە وەزعی کوردستانی خودموختار باشتر بکەین. داوا بکـەین کـە کوردسـتانی خودموختار زیاتریش بە نیسبەتی جێگای دیکە داهاتی بدرێتـــێ، چونکـە لـە بـاری ئابوورییـەوە پاشـــکەوتووترینە. دیســـان ئێمـــە وەك ئینســـانێکی واقیعبـــین بـــۆ بەلووچستانیش ئـەوە داوا دەکـەین. وای دابنێـین خودموختـاری وەرگـیراوە. ئەگـەر بوودجە بۆ هەموو بەشەکانی ئێران دیاری بکرێ، مەسەلەن ئەگەر بۆ هەر نەفەرێك لە ئێران ٥٥٠ دۆلار دابنێین‌و بۆ بەلووچستان ٦٠٠ دۆلار دابنێـین‌و بـۆ کوردسـتان ٥٠٠ دۆلار دابنێین. با ٥٥٠ دابنێین، بۆ بڕێك زیاتر لە حەدی نێوەنجی، بۆ ئەوەی کە هەموو بەشەکانی ئێران بەرەبەرە لە یەك ئاستدا بچنــە پێـش. بـۆ شـیمال مەسـەلەن ٤٥٠ دابنێین کە وەزعی باشترەو بۆ ئەوەی کە لە باری ئابوورییەوە وەزعەکـە بەرەبـەرە وای لیّ بکەین کە هەموو بەشەکانی ئێران لە یەك سەتحدا بـــن. چونکـە ئەگـەڕ وا نـەبێ دیارە کوردستان رۆژبەرۆژ پاشکەوتووتر دەبێ‌و تاران‌و شیمالی ئێران‌و جێگـای دیکـە رۆژبەرۆژ زیاتر پێش دەکەون.

یەکێك لە داخوازەکانمـان لـە مەسـەلەی خودموختـاری‌دا مەسـەلەی ئابوورییـە. کەوابوو ئێمە لە باری ئابووریشەوە ئەگەر لە داخیلی ئـێراندا بمێنینـەوە پێمـان وایـە قازانج دەکەین. قازانج دەکەین چونکە لە ولاتیکی چەندین میلیۆن کەسی‌دا ئـابووری زۆر باشتر دەتوانێ بچێتە پێش. کەوابوو لە ئێرانێکی چل میلیۆن کەسی‌دا زۆر باشـتر دەتوانین لە باری ئابوورییەوە خۆمان پێش بخەین هەتا لە کوردستانێکی شەش حەوت

میلیۆنی‌دا. ئەوانە هەموو هۆی ئەوەن کە ئێمە خودموختاری بە شوعاری ئەساسیی خۆمان دەزانین‌و تەنانەت دەڵێین دروشمی ئیستراتیژیکەو ئێمە ناڵێین کە شوعاری ئێستامانە. مەسەلەن جارجار لە زمانی هێندێ بەرپرسی حیزبییەوە دەردەچێ کە لەگەڵ ئێرانییەکان تووشی کێشەمان دەکاو دەڵێ جاری خودموختاریمان دەوێ! جاری نیەو، خودموختاریمان دەوێ.

بەڵام باشترە بزانین تەکلیفی ئێمە لەگەڵ کوردەکانی عێراق‌و تورکیە چی لێ‌دێ؟ باشە ئەوان کورد نین؟ ئێمە کورد نین؟ یەك مەسەلە کە پێوەندی بە خەباتەکەمانەوە هەیە ئەوەیە کە ئێمە لایەنگری خەباتی رزگاریخوازانەی هەموو گەلانی زۆرلێکراوین. دیارە حەقی موسەلەمیشە نەك لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە عێراق‌و تورکیەو سووریە، بەڵکوو لە هەموو جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازانە پشتیوانی بکەین‌و دەشی‌کەین. ئەوە یەکێك لەو شتانەیە کە "تقریبا" دوو ساڵ پێش، بوو بە مەسەلەیەك لە بەینی ئێمەو سازمانی موجاهیدینی خەڵکدا. ئەو وەختە کە یەکیەتیی نیشتمانی هات بۆ یارمەتیمان لە ناوچەی سەردەشت کە مەسەلەی رێگای پیرانشار ـ سەردەشت لە گۆڕێدا بوو، دوژمن هێرشی هێنابوو ئەو وەختە ئێمە دەماننووسی هێزی پشتیوان، موجاهیدین دەیاننووسی ئێستا ئێوە پێیان دەڵێن هێزی پشتیوان، سبەینێ ئەو هێزە پشتیوانە دەبێتە چی؟ ئەوە "تجزیه طلبی"یە. ئێمە زۆر سادە جوابمان دانەوە کە چۆن ئێوە بە خۆتان ئیجازە دەدەن لە جووڵانەوەکان لە نیکاراگوئەو لە ئیلسالوادورو نامیبیاو لە هەر جێگایەکی دیکە پشتیوانی بکەن. ئێمەش دەیکەین، دەبێ بۆ ئێمە حەقمان نەبێ لە کوردەکانی عێراق پشتیوانی بکەین‌و ئەوان حەقیان نەبێ لە ئێمە پشتیوانی بکەن. دیارە بەرەبەرە وا دیار بوو حاڵی بوون کە داخوازەکەیان بێ‌جێیەو وازیان لێ‌هێنا. هەر ئەوان بۆخۆیان عەکسی ئەوەیان داوا کرد کە ئێمە ببین بە نێوبژیوان، لەگەڵ خودی ئەو هێزە پشتیوانە پێوەندی بەرقەرار بکەن.

مەبەستم ئەوەیە کە ئەوە ئەرکمانە ئەوە هیچ مانای جیاوازیخوازی نیە. ئەگەر ئێمە پشتیوانی لە کوردی تورکیە بکەین. ئەمن پشتیوانی لە ئیلسالوادور دەکەم کە هەزاران کیلومیتر لە من دوورترە. بۆ ناتوانم، بۆ حەقم نیە پشتیوانی لە کوردی

تورکیە بکەم یان ئەو پشتیوانی لە من بکا؟ ئەوە بە نەزەری من شتێکی زۆر ئاساییە. ئەگەر توانیمان خودموختارییەکی باش وەرگرین، بێگومان ئەوە دەبێتە نموونەیەك بۆ کوردستانی عێراقو بۆ کوردستانی تورکیەش، ئەوە شاراوە نیە خۆ لە کوردستانی عێراق دەوڵەتی تورکیە راستەوخۆ دەخاڵەتی کرد. بەلاّم ئێمە پێمان وایە ئەگەر سبەینێ رێژیمی خومەینی رووخاو خودموختاریمان وەرگرت دەوڵەتی تورکیە ناتوانێ هیچ بکا. تورکیە ناتوانێ دەوڵەتی ئێران وادار بکاو بیخاتە ژێر فشار کە خودموختاری رەت بکاتەوە. تازە رێژیمی خومەینی رووخا خۆ ئێمە راناوەستین داوای خودموختاری بکەین، خودموختارییەکە سەقامگیر دەکەین. ئیعلانی دەکەین ناچین نامەی سەرئاواڵە بنووسین وەك ئەو وەختەی بۆ خومەینی‌مان نووسی ئەو جار بۆ یەکێکی دیکە بنووسین، تازە بۆ کەس نامە نانووسین.

کەوابوو ئێمە لە ئێراندا ئەگەر خودموختاریمان وەرگرت، دەبێتە نموونەیەك بۆ عێراق. مەسەلەن ئێمە پێمان خۆش بوو کە لە عێراقدا ئێستا برادەرانی یەکیەتیی نیشتمانی رێككەوتبان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. ئەگەر رێككەوتبان ئەوەی کە ئەوان دەستیان دەکەوت لە ئێستای ئێمە زیاتر بوو. ئێمە هیچمان دەست نەکەوتوە. بۆخۆمان هەین دەنا حکوومەت موافیقەتی بۆ هیچ شتێك نەکردوە، دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامی هەر هیچ قبووڵ ناکا. خودموختاری هەر لە بناغەوە قبووڵ ناکا. باشە ئەوان دەهاتنە ئێرە یانی هێندێك وەسەر دەکەوتن، ئەگەر کورد حەقەکەی وەرگرتبایە ئێمە پشتی جەبهەیەکی باشمان هەبوو. زۆر باشتر دەبووین بە پشتیوانیی ئەوان ئێمە دەمانتوانی زووتر رێژیمی خومەینی بڕووخێنین. کە رێژیمی خومەینیمان رووخاندبا، ئێمە لێرە ئەو خودموختارییەی وەرمان دەگرت زۆر زیاتر دەبوو لەوەی کە ئێستا ئەوان وەریان گرتوە، بەلاّم ئەوانیش دەبوا بەرەبەرە زیاتریان بدەنێ.

تەنانەت ئەو تەرحەی کە "شورای ملی مقاومت" پەسندی کردوە، ئەوە بەرنامەی ئێمە نیە دەنگمان پێ نەداوە پاش کێشەیەکی زۆر بە پەسندیان گەیاندوە، بەرنامەی ئێمە زیاتر لەوەیە. بەلاّم برادەرانی یەکیەتیی نیشتمانی زۆر بەوە قانیع بوون کە حکوومەتی عێراق تەرحێکی ئاوا پەسند بکا. هەر پێشنیاریشیان ئەوە بوو کە ئێرانەکەیان بە عێراق بگۆڕنەوەو تەواو "توافق" بکەن. کەوابوو ئەو تەرحە دیارە هی

حکوومەت نیە. "شورای ملی مقاومت" لە سەر کار نیە. سبەینێ لە سەر کار بێ مومکینە ئەوە قبوولّ نەکا. بەلاّم ئەو تەرحە زیاتر بوو لەوەی کە ئەوان ئێستا پاش چەندین سالّ خەبات دەستیان کەوت. ئەگەر ئێمە بتوانین شتی خۆمان، هۆویەتی میللی خۆمان لە ئێران، لە عێراقو لە تورکیە، بسەلمێنین ئەو وەختە دەتوانین دیارە رابیتەشمان پێکەوە دەبێ.

ئیدی نەسلّی داهاتوو بۆخۆی بڕیار دەدا ئایا وەك ئێمە خودموختاری دەوێ یان نا؟ ئەسلّەن مومکینە لە نەسلّی داهاتوودا ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاست بۆخۆی ببێتە حکوومەتێکی فێدرالّ. کوردیش بۆخۆی ببێتە حکوومەتێکی فێدرالّ لە بەینی دەولّەتاندا. ئەوە روون نیە چی لێ‌دێ. بەلاّم ئەو وەختە پاش پەسندی هۆویەتی میللیمان، ئەوە ئەگەر کورد بیهەوێ یەك بگرێتەوە بۆی زۆر ئاسانتر دەبێ. با ئەوەش بلّێم چونکە هەر ولاّتێك شەرایەتی ئابووری، سیاسیو کۆمەلاّیەتیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئێران لەگەلّ عێراق، عێراق لەگەلّ تورکیە، ئێران لەگەلّ تورکیەو سووریە. هەر بۆیە شێوەی جۆراوجۆری خەباتیش هەیە.

بۆ وێنە ئێمە لەگەلّ برایانی کوردی تورکیە قسەمان کرد، پێیان گوتین لەو جەریانەش‌دا چوار جار قسەم لەگەلّ کردن پێم‌گوتن زۆر وریا بن خۆتان تووشی شەڕی چەکدارانە مەکەن. چونکە حکوومەتی تورکیە خودا خودایەتی. چونکە ئەوەلّەن جوولاّنەوەکە زۆر زەعیفە لە هەر جێگایەك هەرچی بکا هەر تێکدەشکێ. حکوومەتی تورکیەش ئەوە دەکا بە بیانوو (مستمسك)، بۆ ئەوەی ئاخرین شوێنەواری دێموکراسی لەبەین بەرێ. چونکە تورکیە فەرقی هەیە لەو بارەوە لەگەلّ ئێران. چونکە تورکیە ئەندامی ناتۆیە، پارلمانی ئۆرووپا فشاری بۆ دێنێ کە هەر نەبێ لانیکەمی دێموکراسی رەعایەت بکا. تورکیە کوردی تێدا هەیە، بەلاّم هەر "اعتراف" ناکا هەر دەلّێ کورد نیە. ئەوە لە فەرهەنگی عیلمیی تورکیەدا نووسراوە. لە پاشان نووسیویەتی ئەو تورکانە کە لە سەرشاخی دەژینو زمانی زگماکی تورکییان لە بیر چۆتەوە. یانی کوردی تورکیە ئاوان. چونکە چوونە شاخیو زمانی تورکییان لە بیر چۆتەوەو ئێستا بوون بە کوردو زمانێك کە کەس لێیان حالّی نابێ. مەبەستم ئەوەیە کە شێوەی خەباتیش فەرق دەکا. وانیە چونکە لە ئێرانو عێراق خەباتی چەکدارانە

هەیە بڵێین لە تورکیەو سووریەش هەر ئەو شێوە خەباتە بکرێ. لە پاشان لە سووریە شتێکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەشەی لە کوردستان لە ڕاستیدا شاخی یەکجار زۆر کەمن، هەمووی دەشتە. بۆخۆتان دەزانن دەشتایی ئیمکانی بەرگری کردنو مەقاوەمەتی نیە. ئەوەیە کە ئێمە لەو شاخو داخە داین یانی ئەگەر هەموو دەشت بایە ئێمەش نەماندەتوانی خۆمان ڕابگرین، کەوابوو هەلومەرج لە هەریەك لەو وڵاتانەدا فەرق دەکا، وەك یەك نیە لە هەموو بارێکەوە لە بەر ئەوەیە کە شێوەی مومکینی خەباتەکەش جیاوازیی هەیە. مەسەلەن لە تورکیە شێوەی خەباتی پارلمانی بێ باشترە. یانی ئەگەر کورد بتوانێ حیزبێکی باش بۆخۆی دابنێو لە هەڵبژاردنێك کە تا ڕادەیەك ئازادە بەشداری بکاو نوێنەری خۆی هەبێ کە جاران مەترەحیان دەکرد لە پارلماندا باس بکاو مەسەلەکە مەترەح بکاو خەڵك پشتیوانی لێبکا باشترە. چونکە وڵاتێکی ئۆرووپایییەو بەشێکە لە پارلمانی ئۆرووپا. هەتا ئێستا چەندین بەرنامە لە سەر کورد لە پارلمانی ئۆرووپا پەسند کراوە. بەڵام ئیدی جۆری خەباتەکە بەستراوەتەوە بەوە کە خودی کوردی تورکیە تا چ ڕادەیەك دەتوانن یەك بگرن، جووڵانەوەیەکی بەهێز پێك بێنن. ئێمە ئەگەر یەك کۆمەڵەمان هەیە، بەداخەوە ئەوان ١٥ ـ ١٠ یەکیان هەیە. یانی ئەوەی کە من دیومە هەتا ئێستاش شتی چکۆڵە چکۆڵە هەن لەوێ، هەمووشیان توندو تیژن. لە"P.K.K"وە بگرە هەتا ئاڵای ڕزگاری، هیچیان واقیعبینانە مەسەلەکە مەترەح ناکەن. هەروا بۆخۆتان دەزانن بەو هەمووە کە دیوتانە غەیرە واقیعبینانە مەترەحی دەکەن کە دیارە ئەوە بۆخۆی ئیشکالێك پێکدێنێ. یەکێك لە کۆسپەکانی هەرە گەورە خودی تورکیەیە. دیارە کۆسپیشە بۆ هەموو میللەتی کورد.

لە بارێکی دیکەشەوە کە ئاخرین شتە پێتان دەڵێم، ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆژێك قەرار بێ مەسەلەن شوعاری سەربەخۆییمان هەبێ یەکێك لە شتەکان ئەوەیە کە لە باری نێونەتەوەییشەوە دەبێ وەزعەکە ئامادە بکرێ. ئێمە لەو بارەوە زۆر لە پاشین. زۆریش پێشترین لە چەند ساڵ لەمەوبەر. یانی چەند ساڵ مەسەلەن ٢٥ـ٢٠ ساڵ لەوە پێش ئەتۆ لە هەر جێگایەك باسی کوردت بکردایە دەبوو نەخشەیەکیش دەربێنیو بۆیان بکێشییەوەو بڵێی ئەوە ئێرانەو ئەوە تورکیەیەو ئەوە عێراقەو ئەوە ئێمەش

لێرەین. ئێستا ئەوە نیە کە لە هێندێ ولاّتدا بە تایبەتی لە ئۆرووپادا زۆر کەس دەزانن کورد چیەو چی دەوێ. بەلاّم ئەوە جارێ بە تەواوی ئەو جۆرە کە دەلێن ئەنتێرناسیۆنالیزە نەبووە. یانی نەبۆتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. هێندێک حکوومەت لە مەسەلەکە شتێك دەزانن. هێندێك رۆژنامەنیگار نووسیویانەو تەلەفزیۆنەکان هێندێك شت نیشان دەدەن. بەلاّم ئەوە زۆر کەمە، دەبێ زیاتر بچێتە نێو خەلّك بە تایبەتی بیرورای گشتی لە ولاّتەکانی رۆژئاوا لە ئۆرووپای رۆژئاواو لە ئەمریکای شیمالی زۆر گرینگە.

ئەگەر لە بیرتان بێ لە مەسەلەی "ویتنام"دا، بیرورای گشتیی ئەمریکا نەخشێکی یەکجار گەورەی هەبوو، هی ئۆرووپای رۆژئاواش هەروا. بەلاّم هێ ئێمە جارێ وای لێنەهاتوە، خەباتێکی برێك درێژتری دەوێ، دەبێ ئەو خەباتە لە ژوورەوە هەیە لە دەرەوە "منعکس" بکرێتەوە. بۆ ئەوەی زەمینە لەو بارەشەوە ئامادە بکرێ، هەتا بۆ مەسەلەی خودموختارییش کە ئێمە دەلێین خودموختاریمان دەوێ، دەبینین کە رەنگدانەوەی نیە. نموونەتان بۆ بێنمەوە: رۆژ نیە دەنگی ئەمریکا باسی ئەفغانستان نەکا کە چ دەکەن و موجاهیدین چیان کردووە و فلان و... ئەوانە چونکە خەباتەکەیان دژی شوورەوییە. بەلاّم باسی ئێمە ناکا لە حالێکدا ئەو شەڕە ئێمە دەیکەین قابیلی موقایسە نیە لەگەلّ شەڕێك کە موجاهیدینی ئەفغانستان دەیکەن.

ئێمە فیلمێکمان هێنابوو نیشانمان دا کە وەزعیان چۆنە لە هەرە باشترین ئەفغانییەکان مەسعوودی فەرماندەیە، فیلمی ئەومان هێناوە کە فەرانسەییەکان هەلّیانگرتوە، نیشانمان داوە کە وەزعیان چۆنە. ئێمە مەبەستمان لەو فیلمە ئەوەیە کە شێوەی خەباتەکەمان موقایسە بکەین بزانین کە ئەوان ئەو هەموو یارمەتییەشیان دەدرێ، بە میلیۆن دۆلار بۆیان دەچێ، پاکستانیان هەیە، ئێرانیان هەیەو ئەمریکایان هەیەو بیرورای گشتیی لە ولاّتانی رۆژئاوا بە قازانجی وان تەحریك بووە. بزانن وەزعمان چیە؟ موقایسەی بکەن لەگەلّ وەزعی خۆتان بزانن ئێمە وەزعمان چیەو ئەوان وەزعیان چۆنە؟ ئێمە چەند رێك و پێك و تەیارین بە نیسبەت ئەوان. دیارە بۆخۆمان نارازین، بەلاّم نیسبەت بەوان چۆنین، ئەو فیلمە هی بەشێکە کە لە هەمووان تەیارترە. لە هەمووان تەیارتر مەسعوودە. لە هەمووان مەشهوورترە، لە هەمووان بە

"اصطلاح" لە پێشترە. موقایسەی بکەن. بەڵام هەموو ڕۆژێ ئەفغانی وای کرد، فلان وای کرد، ئێمە شتێکی زۆر گەورە نەبێ باسیشمان ناکەن.

چونکە مەسڵەحەت وا دەخوازێ. ئەوەی کە عەرزم کردن لێرەدا مەسڵەحەت وا دەخوازێ کە باسی بکا. هی ئێمە مەسلەحەت "ایجاب" ناکا، بەڵام ئەگەر بتوانین بیروڕای گشتی حاڵی بکەین لە ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ئۆرووپای ڕۆژئاوا، ئەوە تەنانەت شوێن لە سەر وڵاتانی سوسیالیستی دادەنێ. بیروڕای گشتی دەبێ مەسەلەی کورد بناسێ. ئەوەش هەم بە درێژەپێدانی خەباتەکەمان دەبێ و هەم بە "منعکس" کردنی ئەو خەباتە بە شێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە دەرەوە. ئەو وەختە دیارە نەتیجەی باشتر دەبێ. یانی ئەگەر ڕۆژێك مەسەلەکە هاتە مەیدان کەسێك هەیە بزانێ، بابە کوردیش بۆ خۆی میللەتێکە حەقی هەیە و زۆری لێکراوە. ئەوە جارێ بە تەواوی لە دەرەوە نەناسراوە و بە تەواوی نەچۆتە نێو بیروڕای گشتیی جیهانییەوە بە شێوەیەکی پان و بەرین و بەو شێوەیە کە پێویستە نەناسراوین.

ژێدەر:

* ئەم بەشە مەتنی باسێك بوو کە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، لە ساڵی ١٣٦٤ لە سەر مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شێوەی خودموختاریدا پێشکەشی کردوە.

فەسڵی شەشەم:

ڕەوتی ئاشتیو دیموکراتیزاسیۆن

ڕەوتی ئاشتیو دیموکراتیزاسیۆن

لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشتەم باسی ۲ پرۆسەی جیهانی کراوە: یەکەمیان پرۆسەی ئاشتی یا ڕەوتی ئاشتی‌یە. دووهەمیان پرۆسەی دیموکراتیزاسیون یا دیموکراتیزەکردنە. ئەم یەك ساڵو چەند مانگە نیشانی دا کە ئەو لێکدانەوەیەی ئێمە ڕاستو دروست بووە. بناغەی ئەم پرۆسەیە بە ناوی پرۆسەی ئاشتی، ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی کومۆنیستی سۆڤیەتی‌دا هاتۆتە پێش. لە واقیعدا لە چوار ساڵ لەوە پێشەوە کە میخائیل گۆرباچۆف بوو بە سکرتێری حیزبی کومۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی، ئەو پرۆسەیە دەستی پێ‌کردوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش خێراتر دەچێتە پێش. بزانین تەئسیری پرۆسەی ئاشتی لە دنیادا چ بووە؟ یەکەم تەئسیری ئەوە بووە کە ئەو شتەی جاران پێیان دەگوت ڕکەبەری لە بەینی دوو دەوڵەتی گەورەی جیهان وەك ئەمریکاو یەکیەتیی سۆڤیەتی گۆڕاوە. لە ڕابردوودا لە هەموو ناوچەکانی دنیادا لە هەموو گیروگرفتە سیاسی‌یەکانی جیهاندا هەرکەس لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی با، دژی ئەمریکا دەبوو، هەرکەس لەگەڵ ئەمریکا با، دژی یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو. ئەو دوو دەوڵەتە سیاسەتی خۆیان لە سەر ئەوە دادەنا کە کێ دەگەڵ کێ‌یە؟ ئەگەر یەکێك لەگەڵ ئەمریکا با، ئەمریکا پشتیوانی لێ دەکرد، ئەگەر دژی ئەمریکا با، یەکیەتیی سۆڤیەت پشتیوانی لێ دەکرد.

لە ڕاستی‌دا لە هەموو بارێکەوە دنیا بوو بە دوو بەش، نەك لەبەر ئەوە وڵاتانی سۆسیالیستی بەشێك بوون، وڵاتانی سەرمایەداری گەورەو ئیمپریالیستییش بەشێکی دیکە، بەڵکوو ئەوەی لە نێوەڕاستیش‌دا بوو دەبوایە تەکلیفی خۆی ڕوون بکاتەوە.

هێندێ ولاّت ناوی ڕەسمیشیان هەر ئـەوە بـوو، ولاّتـانی جیهانی سـێهەم یـا ولاّتـی بێلایەن، ئەو ولاّتانەش بەکردەوە لە ڕووی ناچـاری لـە سیاسـەتدا پشـتیوانییان لـە یەکێك لەو دوو دەوڵەتە دەکرد. بۆ نموونە پاکستان یەکێك لە ولاّتانی بێلایەن بوو، لە هەموو کۆنفرانسەکانی ولاّتانی بێلایەندا بەشداری دەکرد، بەلاّم بە کـردەوە ولاّتێـك بوو کە سیاسەتی ئەمریکای بەڕێوە دەبرد. کووبا بە ڕەسمی جزووی ولاّتەکانی بێلایەن بوو و لایەنگریی لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەکرد. هێندێ ولاّتیش وەك هیندوستان کـە دەیانتوانی تا رادەیەك نەزەری خۆیان بڵێن، بەلاّم دیسانەکە لە ژێر تەئسـیری یـەکێك لەو ولاّتانەدا بوون، بەتایبەتی ئابووریەکەشیان سەر بە یـەکێك لـەو ولاّتانـە بـوو. شەڕی سارد لە کۆنەوە دەستی پێ کردبوو و دیسان هەر بەردەوام بـوو. نموونـەی ئـەو شەڕە ئەوە بوو کـە ئـەو دوو دەوڵەتـە گەورەیـەش لـە هـەموو فرسـەتێك کـەڵکیان وەردەگرت بۆ ئەوەی نفووزی خۆیان لە دنیادا بەرنە پێـش. ئـەمریکا دەچـوو زۆر بـە ئاسانی گرانادای دەگرت، چوونکە حکوومەتێك پێكهاتبوو بە دڵی نـەبوو. هـەروەها خۆی ئامادە کردبوو (نیکاراگوا)ش داگیر بکاو ئەگەر پێـی بکـرێ کووبـاش کـە لـە ئەمریکای لاتیندا هەڵکەوتوە، لەبەین بەرێ.

سـۆڤیەتیش لـەو لاوە ئەفغانسـتانی داگـیر کردبـوو، بێجگـە لـە ولاّتـەکانی سۆسیالیسـتی کـە لـە واقیعدا هـەموویان ئەرتەشـی سـۆڤیەتییان تـێدا بـوو، چێکۆسلۆواکی لە ساڵی ٦٨ لەم وەزعەدا بوو کە میخائیل گۆرباچۆف هاتە سەر کار. ئێسـتا ئـەو شـێوە بەربـەرەکانێو ڕووبەڕووبوونـە "رو در رو" بەرەبـەرە لـە ئەسـەر سیاسەتی واقیعبینانەو بەڕاستی ئاشتیخوازانەی (نـەك هـەر بـە قسـە، بـەڵکوو بـە کردەوە)ی گۆرباچۆف لەو حاڵەتەدا دەرچووەو بەرەبەرە دەبێتە هاوکاری کردن.

جاران ئەو دوو دەوڵەتە پێکەوە هاوکارییـان نـەدەکرد، مەگـەر لـە دابەشـکردنی مەنتەقەی نفووزدا، هاوکاری ئەو وەختە بۆ ئەوە بوو کە مەسەلەن لە فلاّن شوێنڕا تـا فلاّن جێ ئی منەو تۆ دەستی تێوەر مەدەو فلاّن شوێن بۆ تۆ من کارم پێی نیە.

وەختێك ئەرتەشی سۆڤیەت چێکۆسلۆواکی داگیر کرد، بۆ ئەوە داگـیری کـرد کـە ئەو وەختە پرۆسەیەك لە چێکۆسلۆواکیدا دەستی پێ کردبـوو کـە ئێسـتا میخـائیل گۆرباچۆف لە یەکیـەتیی سـۆڤیەتدا دەسـتی پـێ کـردوە، تـەنیا دەوڵـەتی غـەیرە سۆسیالیستی کە لەو هێرشە پێشتر ئاگادار کرا، ئـەمریکا بـوو. شـەوێك پێـش ئـەو

هێرشە سەفیری سۆڤیەتی لە واشینگتۆن خەبەری بە ئەمریکا دا کە ئەوان سبەینێ چیکۆسلۆواکی داگیر دەکەن، ئەوانیش گوتیان مەنتەقەی خۆتانە، کەیفی خۆتانە. مەبەست ئەوەیە کە ئەو هاوکارییە بەو شێوەیە بوو. ئێستا زۆر نموونەی وا دێتە بەرچاو کە مەسەلەن ئەگەر ئەمریکا لە جێگایەك تووشی تەنگانە بوو، یەکیەتیی سۆڤیەت نایهەوێ دژی ئەمریکا لەو تەنگانەیە کەڵك وەربگرێ. یەکێك لەوانە ئێرانی خۆمان. راستە "شواردنادزە" راست لەو وەختەدا کە وڵاتەکانی رۆژئاوا سەفیری خۆیان لە تاران بانگ کردبۆوە چووە تاران (لەکاتی ژیانی خومەینیدا)، بەلام بێگومان ئەگەر گرۆمیکۆ با لە وەختی خۆیدا، بە تەواوی وەزعەکەی دەگۆڕی. کەڵکێکی زۆر خراپی لەوە وەردەگرت بۆ ئەوە خۆی لە ئێران نزیك بکاتەوە، بۆ ئەوە ئێران بە ئیستلاح بکا بە وڵاتێکی دژی ئیمپریالیستی.

بۆ خۆیان دەزانن ئەو وەختە کە لە هەموو وڵات خەڵك سەرکوت دەکرا (لە زەمانی شا) یەکیەتیی سۆڤیەت لە زەمانی برژنێفدا بە ئێرانی دەگوت دژی ئیمپریالیستی، بەلام شواردنادزە ئەوەی نەکرد. نەك هەر ئەوەی نەکرد، بەڵکوو حازر بوو ببێ بە پەیامبەری پەیامی ئینگلستان بۆ خومەینی بۆ ئەوەی ئەو لە سەر مەسەلەی "سەلمان رشدی" وا بە توندی نەڕوا. لەو قسانەدا کە لەوێ بە ئاشکراش کران (ئاشکرا گوتن بۆ خۆی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گلاسنۆست)ە، گوتی ئێوە شۆڕشی خۆتان کردوەو لە واقیعدا پێی راگەیاند کە حەقی دەخالەتی لە کاروباری ئێمەدا نیە. ئێمەش نامانهەوێ دەخالەت لە کاروباری ئێوەدا بکەین. جاران ئەو سیاسەتە لە پشتی دەرگای داخراودا دەکراو بە هیچ کەسیش ئاشکرا نەدەبوو. دیارە ئەوە دەنگدانەوەی وەزعی نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتییە کە هەموو شتێك ئاشکرایەو، ئەگەر لە رۆژئاوادا بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە بەڕاستی گۆڕانێکی شۆڕشگێرانە بە سەر سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتدا هاتۆتە پێشێ و ئەو هاوکارییە بۆ ئاشتیی جیهانی لە بەینی ئەو دوو دەوڵەتە زیاتریش دەبێ بەو جیاوازییەوە کە هاوکاریی جاران بە زیانی میللەتان لە پشتی دەرگای داخراودا پێك دەهات. ئێستا لەبەر چاوی میللەتانو بە قازانجی ئەوان پێك دێ.

ئەو سیاسەتە یەکەم ئاکامی ئەوە بوو کە شەڕی سارد تەواو بوو، ئەو توندو تیژیو ئەو تەبلیغاتە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا نەماوە، جاران ئەگەر لە یەکیەتیی

سۆڤیەتیدا شەکر دەست نەدەکەوت خەتای ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو، بەرنامەیەك جێبەجێ نەبا دەیانگوت ئەوە ئیمپریالیزم نایەڵێ، لەو لاشەوە ئەگەر لە ئەمریکای لاتین، لە ئاسیا یان لە هەر جێگایەك جوولانەوەیەك پێکهاتبا، دەیانگوت دەستی کومۆنیزمی نێودەوڵەتیو دەستی یەکیەتیی سۆڤیەتی تێدایە. ئێستا ئەگەر دیققەت بکەین لە تەبلیغاتی هیچ لایەکدا ئەوە بەرچاو ناکەوێ. سیاسەتی سۆڤیەت لەم بارەوە روونترە، بەڵام ئەمریکا جارێ هەر نیگەرانە. ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە گلاسنۆستدا نووسیومانە کە هێندێ لە سیاسەتمەدارانو رۆژنامەنووسانی رۆژئاوایی تێناگەن چ گۆڕانێك لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا پێك هاتووەو تا رادەیەکیش حەق ئەوەیە کە تێ نەگەن. چونکە لە یەکیەتیی سۆڤیەتیشدا نەیاندەزانی لە ئەمریکا چ باسە. ئێستا زۆربەی زۆریان تێگەیشتوون، چونکە دەبینن ئەو شتانەی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا گوتراوە، یەك لە دوای یەك جێبەجێ دەبن. بۆیە دەڵێن شەڕی سارد تەواو بووە، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە نەك هەر ئەو شەڕە تەواو بووە، بەڵکوو بەکردەوە هێندێ شت کراوە کە مەترسیی شەڕی ئەتۆمیی رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبێ. ئەوەی کە موافقەتیان کردوە مووشەکەکانی نێوەنجی لەنێو بەرن، ئەوانی (دووربرد) کەم بکەنەوە، هەتا ئێستا هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە چەکی سوننەتی لە ئۆرووپا کەم کەنەوە، چونکە ئۆرووپا جێگایەکە کە لەوێدا دوو جەبهەی بەرامبەر بە یەکتر راوەستاون. یانێ لە لایەکەوە سۆڤیەت لە هەموو وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا ئەرتەشی هەیەو ئامریکاش لە لایەکەوە ئەرتەشی هەیە لە وڵاتەکانی رۆژئاوادا. هەردوولا بۆمبی ئەتۆمییان داناوە، بۆیە خەتەری شەڕ لە ئۆرووپا لە هەموو جێگایەك زیاترە، زۆریش لێك نزیکن بۆیە ئەگەر لەوێ مەسەلەی ئاشتی چارەسەر بکرێ، رەنگە مەترسیی شەڕی ئەتۆمی بە یەکجاری لە ناو بچێ، مەترسیی شەڕی ئەتۆمی لە زەمانی برژنێفدا تا رادەیەکی زۆر نەمابوو، هۆیەکەشی بوونی خودی ئەتۆمەکە بوو، یانی لە واقیعدا چەکێك پێك هاتبوو کە هیچ تەرەفێك لە بەر ئەو چەکە نەیدەوێرا شەڕەکە ساز بکا. چونکە دەیزانی بۆ خۆشی زەرەر دەکا.

کەوابوو ئەگەر ئەو دەوڵەتانە هاتنە سەر ئەوە کە پێکەوە هاوکاری بکەن، دەست لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر وەرنەدەنو تەحریك نەکەن، (رودررو) نەبن، نەتیجەکەی دەبێتە ئەوەی کە سادیرکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی (بە وتەی سۆڤیەتەکان)

موونتەفی بووە. ئەوەی کە ئێستا میخائیل گۆرباچۆف دەڵێ، ئێمە لایەنگری شۆڕشی سۆسیالیستی نین، شتێکی تازە نیەو لنینیش گوتوویەتی. تەنیا لە زەمانی ئیستالیندا بووە کە ئەوەیان تا رادەیەك گۆڕی، ترۆتسکی باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ شۆڕش پەیتا پەیتا هەبێ تا ئەو وەختە دنیا بە تەواوی ئازاد دەبێ و شۆڕشی سۆسیالیستی سەردەکەوێ. ئەو دەیگوت ئێمە نابێ تەنیا لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا شۆڕش بکەین و دەست لە سەر دەست دابنێین، بەڵکوو دەبێ دەست بکەین بە دروستکردنی سۆسیالیزم، لە ولاتەکانی سەرمایەدارییشدا دەبێ شۆڕشەکە بە زۆریش بێ بەرینە پێش و شۆڕشێکی جیهانی بەرپا بکەین، شۆڕشی سۆسیالیستی نابێ رابوەستێ. لنین هەر ئەو وەختە موخالیفەتی لەگەڵ ئەو بۆچوونە کردو نەزەری ئەوە بوو کە ئێستا ئێمە رێگامان ئەوەیە کە ئەو ولاتە سۆسیالیستییە بپارێزین کە بریتییە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و لە پاشان میللەتەکانی ولاتانی دیکە دەبێ بۆ خۆیان شۆڕشەکە بکەن، نەك ئێمە لە دەرەوەڕا شۆڕشیان بۆ سادر بکەین. ئەوەش بڵێین سادیرکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە دەرەوەڕا نەتیجەی زۆر خراپی هەیە. نموونەی هەرە باشمان لە بەرچاوە، ئەویش ئەفغانستانە. ئێستا یەکیەتیی سۆڤیەت کە ئەو هەموو پارەی سەرف کردو ئەو هەموو سەربازانەی لە ئەفغانستان کوژران، ئەفغانستانی بەجێ هێشت. ئەوە کارێکی یەکجار زۆر ئازایانەو شوجاعانە بوو کە گۆرباچۆف کردی. وەختێك لە باکوو شۆڕش سەرکەوت، شۆڕشگێڕەکان ئەو تەوەهۆمەیان بۆ پێکهات کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ولاتەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین، دەتوانن لە هەموو ولاتێکی ئەم بەشە لە جیهاندا سەرکەوتوو بن. ئەوە بوو کە چەگوارا دەستی پێ کرد کە لە بۆلیڤی شۆڕشی سۆسیالیستی ساز بکا، نەتیجەکەی دەزانن و یادداشتەکانی، هاوڕێیان خوێندویانەتەوە، لەوێ کەس پشتیوانیی لێ نەکردن، ژمارەیەکی پارتیزان دەگەڵ مانەوە، ئاخرەکەشی بۆ خۆی کەوتە دەست پۆلیسی بۆلیڤی و کوژرا. کەوابوو ئەگەر ئەو هەلومەرجە ئامادە نەبێ لە ولاتێکدا، سۆسیالیزمیش پیادە ناکرێ. بۆیە گوتمان ئەگەر گۆرباچۆف ئەوەی دەڵێ، شتێکی تازەی نەگوتوە. چارەسەرکردن یان ئامادەکردنی هەلومەرج بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مەحەللی لە ئەفغانستانەوە بگرە تا دەگاتە نیکاراگوا، کامبوج، ئانگۆلا، شەڕی ئێران و عێراق، مەسەلەی فەلەستین و بە گشتی هەمووی

ئاکامی پرۆسەی ئاشتی لە جیهان دایە کە بۆ نموونەو بە کورتی ئیشارە بە هێندێك لەو ناکۆکییانەو ئاکامەکانیان دەکەین:

ئانگۆلا:

ئەفریقای جنووبی کە دەوڵەتێکی نەژادپەرەستو کۆنەپەرستە، بە پشتیوانیی ئەمریکا پشتیوانییان لەو رێکخراوە کرد کە بە نێوی "یۆنیتا" (یەکیەتی)یە. یۆنیتا ئەو رێکخراوە بوو کە کاتێك بەرەی رزگاریخوازی ئانگۆلاسەرکەوتو لە ئانگۆلا حکوومەتی دەستەچەپی دامەزراند، جیا بۆوەو کێشەکە ئەوەندە گەورە بۆوە کە کووبا دەخاڵەتی راستەوخۆی کرد، لەشکری خۆی نارد بۆ دیفاع لە ئانگۆلا، بۆیە ئەو حەقەی بە خۆی دەدا چونکە لە تاریخدا وا هاتووە کە کووبایی‌یەکان ئەوانەی رۆیشتوونو موهاجیرەتیان کردوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە کووبا دان هەم نەژادی سپییان تێدایەو هەم نەژادی رەش، رۆیشتوون بۆ ئانگۆلاو لە مەنتیقەی ئانگۆلاو ئانووئی دامەزراون. بەم چەشنە کووبا کە خۆی بە نزیك لەوان دەزانی، لەشکری خۆی نارد بۆ دیفاع لە ئانگۆلا لە موقابیل یۆنیتادا. ئەمریکاو ئەفریقای جنووبییش پشتیوانییان لە "ساویم بی" کرد کە سەرۆکی یۆنیتا بوو، ماوەیەك پارەیان دەدایە، چەکیان دەدایەو بە کورتی هەموو چەشنە یارمەتی‌یەکیان پێ دەکرد. بەلام ئێستا ئەوە بەرەبەرە مەسەلەی ئانگۆلا چارەسەر کراوە، هەرچەند ساویم بی چەندین جار چووە لای رەیگان، رەیگان وەریگرتو پێشوازی لێکرد، بەلام ئێستا یارمەتیی ناکەن. لەو لاشەوە لەشکری کووبا لە ئانگۆلا خەریکە دەچێتە دەرێ.

کامبۆج:

پاش ئەوەی کە پۆلپۆتی‌یەکان لە کامبۆج ئەو کارەساتەیان پێك هێناو چەندین میلیۆن کەسیان کوشت، کامبۆجیان کرد بە وێرانەیەكو لەشکری وێتنام چوو کامبۆجی داگیر کرد، پۆلپۆتی‌یەکان هەر ماون، بەلام ئەوەندە بەهێز نین. لەو ئالوگۆرە کە لە سیاسەتی جیهانی‌دا پێك هاتووە، وێتنام خەریکە لەشکری خۆی لە کامبۆج دێنێتە دەرێو دەگەڵ "سیانۆك" کە وەختی خۆی سەرۆك کۆماری کامبۆج بوو، تەنانەت دەگەڵ بەشێك لە پۆلپۆتی‌یەکان دەیانهەوێ بە شێوەیەك رێك کەونو لە کامبۆج حکوومەتێکی سەربەخۆ بێننە سەر کار. لە جێگاکانی دیکەش کێشەی مەحەللی خەریکە بەرەبەرە حەل دەبن، چونکە سۆڤیەت پشتی ئەو کەسانە ناگرێ کە

دژی ئەمریکا شەڕ دەکەن. گۆرباچۆف کاتێك لە کووبا دەڵێ ئێمە نامانهەوێ شۆڕش سادیر بکەین، مانای ئەوەیە کە نامانهەوێ لە نیکاراگوا پشتیوانی بکەین بۆ ئەوەی شۆڕش سادیر بکەین. لە بەرامبەردا هەر خودی سەنای ئەمریکا سەرۆك کۆمار ناچار دەکا یارمەتی بە کۆنتراوپانی دژی شۆڕشەکانی نیکاراگوا نەکا کە دژی دەوڵەتی نیکاراگوا شەڕ دەکەن. کەوابوو لەوێش خەریکە ڕێککەوتنێك پێك دێ.

یەکێك لە مەبەستەکانی گۆرباچۆف لە سەفەر بۆ کووبا لە واقیعدا بۆ قانعکردنی کاسترۆ بوو لە زۆر بارەوە. فیدل کاسترۆ تەنیا کەسێك بوو کە لە بەینی وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا بە ئاشکرا گلاسنۆستو پرۆستۆریکای ڕەد کردەوە. دووهەمیش کاسترۆ هەر لەو باوەڕەدا بوو کە چەگوارا دەیگوت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە چەندین وڵاتی دیکەی ئەمریکای لاتین بکەن بە کووبا. لەوێ شەڕی پارتیزانی پێك بێو شۆڕش سادیر بکرێ. دیارە لە واقیعدا بەکردەوە ئەو سیاسەتە وەلانرا، چونکە کووبا لە باری ئابووریشەوە بەبێ یارمەتیی یەکیەتیی سۆڤیەت نەیدەتوانی ئەم کارانە بکا.

کووبا جەزیرەیەکی زۆر مەرغووبە بۆ تووریستەکانی ئەمریکایی، بەڵام پاش شۆڕش ئەوە سێ ساڵە هیچ ئاسەوارێك لەو تووریستانە نەماوە. بەڵام ئێستا سێ چوار مانگە دەرگای خۆی کردۆتەوەو هەرچی توورێستی ئەمریکایە هاتووچۆی کووبا دەکا، چونکە پێویستیی بە دولار هەیە. بێجگە لەوە ئەو سیاسەتەی یەکیەتیی سۆڤیەت دەبێتە هۆی باشتربوونی پێوەندیی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەگەڵ زۆر وڵاتی گرنگی دیکەو لە پێش هەمووان‌دا چین. هەموو دەزانن لە زەمانی برژنێفدا نێوانی چینو سۆڤیەت ئەوەندە تێك چوو بوو کە خەتەری شەڕیان بۆ پێك هاتبوو. بەڵام ئێستا ئەم حەساسیەتە گۆڕاوە، گۆرباچۆف سەفەری چینی کردو ئەوە بۆ خۆی هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەو ئاشتی لە نێوان ئەم دوو وڵاتە گەورەی سۆسیالیستیداو بەم چەشنە دەبینین ڕەوتی ئاشتی لە جیهاندا بەردەوام بەرەوپێش دەچێ. دیارە ئەگەر ڕەوتی ئاشتی سەرکەوێ، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە سۆڤیەت دەتوانێ بەشێکی زۆر لە بوودجەی شەڕ لە بەشی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو بێهداشتیدا سەرمایەگوزاری بکا، کە ئەوەش گۆڕانێکی جیددی دەبێ لە وەزعی نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتدا.

پرۆسەی دووهەم:

پرۆسەی دووهەم کە باسمان کرد، پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆنە. لە واقیعدا پرۆسەی یەکەم باسی پرۆسەی ئاشتی بوو، تا رادەیەکی زۆر نەتیجەی ئەو پرۆسەیە کە بە گلاسنۆست ناسراوەو لەگەڵ پرۆستۆریکا لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەستی پێ کردوە. هەروەها کە لەو نامیلکەیەشدا کە لە لایەن حیزبەوە نووسراوە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشتەمیشدا هاتووە، بناغەی ئەم مەسەلەیە لە واقیعدا دێموکراتیزاسیۆنە. ئەویش ئەوەیە کە رێگا بدرێ خەڵك بەکردەوە لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیاندا بەشدار بن. لە سەرەتادا زۆر کەس هەبوون لە دەرەوە یا لە بەینی خۆشماندا وایان بیر دەکردەوە کە گۆرباچۆفیش وەك خرۆشچۆف هاتووە دوو قسە دەکاو پاشان وەدەری دەنێن‌و دەرواو گلاسنۆست‌و دێموکراسی‌و ئەو باسانەش تەواو دەبن. بەلاّم ئێستا کەم کەس ماوە کە باوەڕ نەکا بەرنامەو قسەکانی ئەمجارەی سۆڤیەت وەك جارانی رابردوو نین. ئەو جارە ئەوە خەریکە بەڕاستی دێموکراسی لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا پیادە دەبێ‌و سەردەکەوێ، بەبێ ئەوەی مەترسی‌یەکی بۆ سۆسیالیزم پێك هێنابێ. بە پێچەوانەی ئەوە کە هێندێك کەس ئیددیعایان دەکرد کە لە دێموکراسی‌دا سۆسیالیزم وەخەتەر دەکەوێ، حیزبی ئێمە یەکەم حیزبە کە لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا یان رەنگە لە جیهانیشدا لەو حیزبە هەرە کەمانە بێن کە پێشتر مەسەلەکەمان حەل کردوە. بۆیە باسی زۆر لە سەر ناکەین.

ئێمە بە هێنانی "کورتەباس" لە کۆنگرەی شەشەمدا ئەو مەسەلەیەمان هەر لەو وەختەوە چارەسەر کردوە کە بۆ ئێمە سۆسیالیزم بێ دێموکراسی تەنیا کاریکاتۆرێکە لە سۆسیالیزم‌و سۆسیالیزمی واقعی نیە. هەروەها گوتوومانە لە هەر وڵاتێکدا کە هەلومەرجی سۆسیالیزم ئامادە نەبێ، ناتوانێ سۆسیالیزم دابمەزرێنی، ئەگەر دێموکراسیش نەبێ‌و خەڵك بەشداری نەکا لە دروستکردنی سۆسیالیزمدا، سۆسیالیزم پێك نایە.

لە کۆنگرەکانی پێش کۆنگرەی بیستەم‌و پاش کۆنگرەی بیستەمیشدا هەتا لە زەمانی خرۆشچۆفدا پێشبینی دەکرا لە ساڵی ١٩٨٥ یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە هەموو بارێکەوە لە ئەمریکا وەپێشتر کەوێ. ئەو نووسراوە راپۆرتی رەسمیی کۆنگرەیە کە خرۆشچۆف وەك بڕیاری کۆنگرەی بیستەم کە لە ساڵی ١٩٥٦ پێك

هاتووە یانی لە واقیعدا ٢٣ ساڵ لەوە پێش داویەتی، بەڵام ئێستا کە ئینسان گوێی لە قسەکانی میخائیل گۆرباچۆف دەبێ، تێ دەگا کە بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە، سۆڤیەت لەو ماوەدا نەك هەر پێشتر نەکەوتوە، بەڵکوو زۆر پاشتر کەوتوە، لە زۆر بەشدا هەر نەچۆتە پێش. مەسەلەن یەکیەتیی سۆڤیەت لە زەمانی رووسیەی تەزاریدا عەمباری گەنم بوو، ئێستا ئەگەر ئەمریکا گەنمی پێ نەفرۆشێ خەڵکەکە نانی نیە بیخوا. لە حاڵێکدا خاکی یەکیەتیی سۆڤیەت یەك شەشەمی خاکی جیهانەو چەندین بەرامبەری خاکی ئەمریکایە. هۆی ئەو وەزعە بێگومان نەبوونی دێموکراسی بووە، بەڵام ئێستا کە دێموکراتیزاسیۆن لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەستی پێ کردوە، لە هونەردا، لە فەرهەنگدا، لە فیلم دروستکردندا، لە تیئاتردا، لە ئەدەبیاتو. . . لە هەموان گرنگتر شوێن دادەنێتە سەر ئابووریو سیاسەتی سۆڤیەت، ئێستا خەڵك قسەی خۆیان دەکەن. خەڵك نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرنو. . . دیارە لە رۆژئاوادا پێیان وایە دێموکراسی هەر ئەوەیە کە ئەوان هەیانە. ئەگەر دێموکراسیی وڵاتانی دیکە راست ئولگووی ئەو دێموکراسیەیە نەبێ، دێموکراسی نیە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە هەر وڵاتێك هەلومەرجی تایبەتیو پرۆسەی تاریخیی خۆی هەیە. یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تاریخی خۆیدا تەنیا چەند مانگێك سوننەتی دێموکراسی بووە، چەند مانگێك پێش شۆڕشی ئوکتۆبرو یەك دوو مانگیش پاش شۆڕشی ئوکتۆبر بوو، دەنا یان دیکتاتۆریی تەزاری بووە یا دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا کە لە پاشان بۆتە دیکتاتۆریی ستالین. وڵاتێکی ئەوتۆ ئەگەر دێموکراسی دابمەزرێنێ، ئاسان نیە. ئێمەش بۆ خۆمان ئەزموونی ئەو شێوە دێموکراسیەمان هەیە، لە سەرەتادا پێشمەرگە پێی وابوو دێموکراسی ئەوەیە بە قسەی فەرماندەری هێز نەکا، بۆیە تەمرینی دێموکراسی یان بڵێین خۆ ئامادەکردن بۆ دێموکراسی پێویستە، لە بەر ئەوە ئەگەر لە دیکتاتۆریەوە چووی بۆ دێموکراسی، هەموو وەختێك ئیفراتو تەفریتی تێدایە. ئی وا هەیە وا بیر دەکاتەوە دێموکراسی یانی بەکەیفی خۆت لێی بخوڕی، خراپ حاڵی دەبن. ئی واش هەیە لە موقابیلدا لە دێموکراسی دەترسا، چونکە نەیدیبوو. لە یەکیەتیی سۆڤیەتیشدا تا ئێستا کەس نەیگوتوە مەسەلەن حیزبی کومۆنیست هەڵەی کردوە، ئەگەر گوتبێتی لانیکەم لە سیبری سەری وەدەرناوە. ئێستا کە ئەو قسانەو لەویش توندتر دەکرێ، ئەوانەی فێری دێموکراسی

نەبوون دەترسێن، پێیان وایە بە گوتنـی ئـەو قسـانە ڕەنگـە ڕێژیمەکـە بڕووخـێ، لـە حاڵێکدا ئەوە چەند ساڵە ئەو قسانە دەکـەن، ڕێژیمەکـەش نـەڕووخاوە، بـە پێچەوانـە ئێستا خەڵك زیاتر پشتیوانی لە ڕێژیمەکە دەکا. بـەلاّم ئێسـتا دوو کۆسـپ لـە سـەر ڕێگای پرۆسەی دێموکراتیزاسـیون لـە سـۆڤیەتدا هـەن، کۆسـپی نێوخـۆو کۆسـپی دەرەوە. پێشوو قەت لە نێوخۆدا باسی خراپیی ئەو وەزعە نەدەکرا، بەلاّم ئێستا ئـەو باسە بە ئاشکرا دەکرێ، تەنانەت یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە وردی لە سـەر ئـەم کەموکووڕییانـە دەدوێو دەڵـێ: "دیــارە گلاسنۆسـتو پرۆسـتۆریکاو دێموکراسیش بۆ ماوەیەك خەڵك ڕازی دەکا، بەلاّم بۆ هەمیشـە زگیـان تـێر ناکـا". ئەندامێکی دیکەی حیزبی کومۆنیستی سۆڤیەت دەڵێ: "ئێمـە سـێ سـاڵ وەختمـان هەیەو گرنگترین مەترسی بۆ ئێمە ئەوەیە کە وەختمان زۆر کەمە، ئەگەر لەو دوو سێ ساڵەدا بتوانین وەزعی ئابووریەکەمان باشتر بکەینو لـەو تـەنگو چەڵەمەیـە دەری هێنین کە چەندین دە سـاڵە تێـی کـەوتووە، ئـەوە باشـە، ئەگـەر نـەتوانین، تووشـی گیروگرفتی زۆر گەورە دەبین". ئێمەش هەر لە سەرەتای گلاسنۆستدا باسمـان کـردوە کە گەورەترین سەرکەوتنی ئەو دێموکراتیزاسیۆنە لە یەکیەتیی سـۆڤیەتدا ئـابووریی وڵاتەکەیە، دیارە ئەو شتانە کە لە زەمانی برێژنێفـدا دەکران، ڕێفۆرمێـك بـوون کـە لەسەرەوەڕا دەکران. گۆرباچۆف دەزانێ کە ئەم کەموکووڕییانە بەم شـێوەیە چارەسـەر ناکرێن، دەبێ لە بناغەوە زۆر شت بگۆڕێ کە ئێمە دەچینە سەری:

لە باری پسپۆڕیی ئەفراد، سـەرچاوە ژێرزەوییـەکانو. . . سۆڤیەت یـەکێك لـە دەوڵەمەندترین وڵاتانی دنیایە. لە باری پسپۆڕیی ئەفرادەوە بە دەیان هەزارو سـەدان هەزار موهەندیس، دوکتورو پسپۆڕی هەموو بەشێکی هەیە، دیارە ئەوە شتێکی زۆر گرنگە بۆ وڵاتێك کە دەیهەوێ پێش کەوێ. لە باری نەوتو خەڵووزی بەرد، ئەڵماسو زێڕو هەرچی بتهەوێ لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا بە فراوانی هەیـە، بـەلاّم ئیشـکاڵ لـە شێوەی بەڕێوەبردنی ئابووری دایە کە ئەوە خەریکن دەیگۆڕن.

کۆسپی دەرەوە ئەگەر سەرنجتان دابێ، لە زەمانی برێژنێف یـان سـتالیندا کـە لـە یەکیەتیی سۆڤیەت گۆڕانێك پێك دەهات، دەستبەجێ هەموو وڵاتانی سۆسیالیسـتی عەینی ئەوەیان دەکرد بە ئولگوو و پیادەیان دەکرد، ئیدی بۆ هەلومەرجی ئەو وڵاتـە دەبوو یا نەدەبوو گوێیان نەدەدایە. بۆ نموونە وڵاتـی سـۆڤیەتی کـە دەسـتی کـرد بـە

دروستکردنی سۆسیالیزم، ولاتێك بوو تەقریبەن ١٧٠ میلیۆن دانیشتووی هەبوو، ولاتی هەرە گەورەی سۆسیالیستیی جیهانە. ولاتێکی ئەوتۆ پێویستە هەموو بەشەکانی سەنعەتی قورس پێك بێنێ. لە زەمانی ستالیندا کە ئەو کارە لە سۆڤیەت دەستی پێ کرد، مەجارستانیش عەینی ئەو کارەی کرد، ئەم ولاتە لە سەرەتای دەست پێکردنی سۆسیالیزمدا ٩ میلیۆن دانیشتووی هەبوو و لە باری ئیمکاناتی ماددیو مەعنەوییەوە یەکجار زۆر لە سۆڤیەت فەقیرتر بوو، بەلام بە چاولێکردن لە سۆڤیەت گۆڕانیان تێدا کرد کە لە پاشان بۆیان دەرکەوت کە ئەو پرۆژانە نە پێویست بوونو نە سەرکەوتوو. بەلام چونکە سۆڤیەت ئەوەی کرد، ئەوانیش ئەوەیان کرد. لە زەمانی برێژنێفیشدا هەر وا بوو، بەلام ئێستا ئەگەر گۆرباچۆفیش بە ولاتێکی سۆسیالیستی بلێ ئەمن ئەوەی ئێستا دەیکەم ئەتۆ بیکە، هەرچەند شتەکە باشیشە ئیدی لەگەل برێژنێف فەرقی نابێ. بەڕێوەبەرانی ولاتە سۆسیالیستییەکان لە زەمانی ئیستالیندا نەیاندەگوت ولاتی ئێمە هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، ئێستا چونکە نایانهەوێ دێموکراسی لە ولاتەکەیاندا پیادە بێ، دەلێن هەلومەرجی خۆمان بۆ خۆمان دەزانین.

لە چیکسلواکیدا (سالی ٦٨) کەسانێك هاتوونەتە سەرکار لە واقیعدا دژی سیاسەتی دێموکراتیزاسیۆن بوون. ئەوانە زیاتر هەول دەدەن بۆ ئەوەی ئەو دێموکراتیزاسیۆنە لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا سەرنەکەوێ، لە رابردوودا لە چێکۆسلۆواکیدا دروشمێکیان هەبوو کە لە بەر دەرکی هەموو دانیشگا، کارخانەو . . . نووسرابوو. سالەهای سال ئەو دروشمانە لە جێی خۆیدا مابوونەوە، هەرچەند زۆر کەسیش نەیدەخوێندنەوە. شیعارەکەیان ئەوە بوو، یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئێمە نموونەیە. ئێستا بەڕێوەبەریی چێکۆسلۆواکی دەلێ، نەخێر هەر ولاتێك هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە. لە حالێکدا دەیان سالە ئەو دروشمەیان بەڕێوە بردوە کە باسمان کرد. دیارە لە چێکۆسلۆواکیدا سوننەتی دێموکراتیك بە پێچەوانەی سۆڤیەت یەکجار زۆر بووە. چێکۆسلۆواکی لە هەلبژاردنێکی تەواو ئازاددا حیزبی کومۆنیست زۆربەی دەنگەکانی بە دەست هێناوە، تەنیا ولاتێکە لە دنیادا بە ئازادیی تەواو حیزبی کومۆنیست حکوومەتی بە دەستەوە گرتوە. لە زەمانی پێش شەڕیشدا تەنیا ولاتێك بووە کە حیزبی کومۆنیست نفووزێکی یەکجار زۆری هەبووەو ولاتێکی دێموکراتیك بووە، بەلام ئێستا لەوێدا خەلکەکە زۆربەیان دژی ئەو ڕێبەرایەتییەن. بۆیە ئەو

ڕێبەرایەتی‌یە ناتوانێ زۆر خۆی ڕابگرێ. ئێستا هەر بەرەبەرە پاشەکشە دەکا، بەلاّم موقاوەمەتیش دەکا، پاشەکشەکەی ئەوەیە کە موساك کە سەرکۆمارو سکرتێری گشتیی حیزب بوو لە سکرتێری هاتە خوارێ، یەکێکیان کردۆتە سکرتێری گشتی کە ئینسانێکی بێ‌کارەیەو هەموو کەس دەزانێ کە بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێ درێژە بە کار بداو سۆڤیەتیش ئەوەندەی بۆی بکرێ فشار دێنێ، چونکە ئێستا پێوەندیی فەرهەنگییان هەیە، هاتووچۆیان هەیە، بەتایبەتی گرنگتر لەوانەش ئەوەیە لە هەموو حالەتێکدا خەلّکەکە دەتوانن تەلەویزیونی سۆڤیەتی چاو لێ بکەن، چونکە زمانەکەشیان نزیکەو هەرکەس چێکی بزانێ، ڕووسی تێ دەگاو خەلّکێکی زۆر لەو ولاّتە چاو لە تەلەویزیۆنی سۆڤیەت دەکەن کە ئێستا ڕۆژ تا ئێوارێ باس لە دێموکراتیزاسیۆن، گلاسنۆستو پرۆستۆریکا دەکا، لە ئاکامدا وای لێ دێ ئەو بەڕێوەبەرایەتی‌یە ئیزولە دەبێو هیچ ڕێگایەکی نامێنێ، بێجگە لەوەی بڕواو بەم چەشنە ئەم ولاّتە ڕەنگە یەکەمین ولاّتی سۆسیالیستی بێ کە ئالّوگۆڕی تێدا پێك بێ.

بە پێچەوانە ئالّمانی شەرقی ڕەنگە بتوانێ زیاتر خۆی ڕابگرێ، بەلاّم لە هەموان خراپتر وەزعی ڕۆمانی‌یە. ئەم ولاّتە لە شێوەکاری سۆسیالیستی بە تەواوی دەرچووە، چاوشیسکۆ ژنی خۆی کردوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسیو خزمەکانی کردوە بە هەمەکارە. یانێ ئێستا بنەمالّەی چاوشیسکۆ هەموو شتێکیان بەدەستەوەیە. چووکترین ڕێگاش بە دێموکراسیو گلاسنۆست نادەن، لە باری ئابووریشەوە وەزعێکی وا خراپی هەیە کە لەگەلّ سۆڤیەتیشدا موقایسە ناکرێ، دانیشتوانی ئەم ولاّتە لە زستاندا مافی ئەوەیان نیە کە لە ڕۆژدا لە گەرمای زیاتر لە ١٤ دەرەجە کەلّك وەرگرن، چونکە سووختیان نیە. لە ٢٤ سەعاتدا نابێ لە زیاتر لە ٦ سەعات لە بەرق کەلّك وەربگرن، تەنانەت لە زستانیشدا ولاّتەکانی ئۆرووپای ڕۆژئاواش خەریکن بەرەبەرە پێوەندیی خۆیان لەگەلّ ڕۆمانی قەتع دەکەن. میتران دەعوەت کرابوو بۆ ئەو ولاّتە، بەلاّم نەچوو. ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعەکە لە ڕۆمانی خراپتر دەبێ، بەلاّم ئۆپۆزیسیۆن لە ڕۆمانی‌دا بە قەت چێکۆسلۆواکی بەهێز نیە، هەر بۆیە ڕەنگە گۆڕانەکە لەو ولاّتە درەنگتر بێ. ئالّمانیش کە حیسابی جیاوازی خۆی هەیەو هەر قسە کۆنەکانی خۆی دەلّێتەوەو جنێو بە هەموان دەدا. دیارە لە هەمان کاتدا لەوێش ئالّوگۆڕ هەیە. بولغارستان دوو جانبە بازی دەکا، بە ڕەسمی هەموو شتێکی وەك یەکیەتیی

سۆڤیەتی‌یە، تەنانەت بەناوبانەگە دەڵێن ئەگەر لە مسکۆ باران بباریێ، خەڵك لە سۆڤیا چەتر هەڵ دەدەن، یانی ئەوەندە تابعی مسکۆن. بەڵام لەوێش‌دا ئیشکالەکەیان ئەوەیە، ژێکۆف نزیك بە ٣٠ ساڵە لە سەر کارە، هەرچی کاری خراپ لە زەمانی برێژنێف لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا کرابێ، لە بولغارستانیش‌دا کراوە. تەمەنیشی نزیك بە ٧٥ ساڵە رێگا نادا جاریێ هیچ گۆڕانێك پێك بێ، بەڵام ئەوە بۆ سۆڤیەت موشکیلە نیە، چونکە وا وێ دەچێ کە زۆرکەس خۆیان ئامادە کردبێ دەستبەجێ، پاش ژێکۆف بەو خەتە بڕۆن کە گۆرباچۆف تەبلیغی بۆ دەکا. بەڵام دوو وڵات بە تەواوی وەزعیان گۆڕیوەو دەتوانین بڵێین لە یەکیەتیی سۆڤیەتیش پێشتر کەوتوون، ئەوانیش مەجارستان‌و لەهستانن. لە مەجارستان‌دا ئێستا حیزبی کومۆنیست بڕیاری پلورالیزمی داوەو بەڕەسمییش رای‌گەیاندوە کە حیزب‌و رێکخراوی دیکەش دەتوانن تێکۆشانیان هەبێ. مەجارستان فەرقێکی یەکجار زۆری کردوە، لە هەموو بارێکەوە خەڵك هەست بە ئازادی دەکا، لە خیابانی هەرە گرنگی "بوودابێست"دا ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیۆن دان بە ئازادی رۆژنامەکانی خۆیان دەفرۆشن. حیزبی کومۆنیست قەبووڵی کردوە کە دەکرێ حیزبی دیکەش هەبن‌و دەتوانن پێکەوە بە ئازادی بژین. تەنانەت پرسیاریان لێ کردون. مەترسیی ئەوە نیە خەڵك لە هەڵبژاردن‌دا دەنگ بدا بە لایەنەکانی دیکە، ئەوانەی لە سەر کارن، وەڵامیان داوەتەوە ئەگەر زۆربە دەنگ بە ئێمە نەدا، مانای ئەوەیە کە زۆربەی ئێمەی ناوێ، دەبا ئەوانی دیکە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. حەق ئەوەیە خەڵك هەر بڕیارێکی دا، ئێمە تەبەعیەتی لێ بکەین.

لە لەهستانیش پاش گێرەو کێشەیەکی زۆر ئاخرەکەی بە تەوافوق گەیشتن کە (همبستگی)ش لە دەسەڵاتدا بەشدار بێ‌و ئەوە کارێکی زۆر باش بوو. دیارە لەهستان وەزعێکی زۆر پێچیدەی هەیە. چونکە یەکێك لە عامڵە هەرە گرنگەکان کە لەوێ‌دا تەئسیری هەیە، کلیسایە. لە حاڵێك‌دا لە وڵاتەکانی دیکە، مەسەلەن لە چێکۆسلۆواکی‌دا کلیسا نەخشێکی ئەوتۆی نیە. بۆیەش رێژیمی لەهستان مەجبوورە حیسابێکی تایبەتی لە سەر کلیسا بکا، چونکە کلیسا لەوێ بێجگە لە نەخشی مەزهەبی، نەخشی سیاسیشی هەیە. بەڵام هەر لەو وڵاتەدا دێموکراتیزاسیۆن زۆر چۆتە پێش، قەبووڵیان کردوە کە پلۆرالیزم (چەند حیزبی) هەبێ، (همبستگی)ش تێکۆشانی ئازادی هەیە.

لە ئاسیادا تەنیا ولاتێك کە لەو بارەوە نەچۆتە پێشو ڕەنگە جارێ هەروا بمێنێتەوە، کورەی شیمالییە. مەسەلەیەکی کە لەم پێوەندییەدا زۆر گرنگەو ئێستا بۆتە جێگای پرسیار ئەوەیە کە دیموکراتیزاسیۆن پرۆستۆریکای لەگەڵە، پرۆستۆریکا یانێ لە واقیعدا "بازسازی". ئەو بازسازییە دەبێ لە ئابووریو سیاسەتیشدا پێك بێ، ئایا ئەو بازسازییە سۆسیالیزم ناخاتە مەترسییەوەو نابێتە سەرمایەداری؟ ئەو بازسازییە تا کوێ دەچێتە پێش؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە "شیکردنەوەی کورتەباس"دا دراوەتەوەو لێرەدا زۆر بەکورتی ئیشارەیان پێ دەکەینەوە: لە باری ئابوورییەوە لە ولاتێکی سۆسیالیستیش بازاڕ هەیە، چونکە پووڵ هەیە. وەك ولاتانی دیکە خەڵك حقووق وەردەگرنو دەچنە بازاڕ، بە پێی ئەو پووڵەیان شت دەکڕن. دیارە لەم ولاتانەدا هێندێك شتیش حکوومەت بە خۆڕایی یان بە قیمەتێکی زۆر هەرزان دەیدا. کتێب، تیئاتر، سینەماو خانوو و بەرقو ئاو زۆر هەرزانن‌و هێندێك شتی وەك مەدرەسە بە خۆڕایییە. بەڵام بەهەرحاڵ مەسەلەی (عرضه و تقاضا) لە ولاتانی سۆسیالیستیشدا هەیە. ئەو مەسەلە کە قانوونی ئابوورییەو مارکس کەشفی کردوە، ئەوەیە کە ئەگەر لە بازاڕدا شت زۆر بوو، قیمەت دێتە خوارو ئەگەر شت کەم بوو، قیمەت دەچێتە سەر. لە ولاتانی سۆسیالیستیدا عەوامیلی زۆر پەیدا دەبن کە دەخالەت لەو قانوونەدا دەکەن. نەك هەر دەخالەت دەکەن، بەڵکوو نایەڵن بازاڕەکە بە کەیفی خۆی ئیستیفادە بگەیەنێ. گرنگترینی ئەو عەوامیلانە پلان یان نەخشەیە. لە سەرەوەدا دادەنیشن نەخشە دەکێشن دەڵێن کە ئێمە دەبێ لەو ماوەدا ئەوەندە شت دروست بکەین، ئەوەندە ئوتۆمبیل دروست بکەین، ئەوەندە خانوو دروست بکەین، ئەوەندە بەرهەمی گەنممان هەبێو. . . دیارە دەبێ وا دیاری بکرێ کە هەموو ئەوانە پێکەوە بخوێنێتەوە، ئەوە کارێکی یەکجار زەحمەتە لە مسکۆڕا بڕیار بدەی کە مەسەلەن لە "ولادی وستۆك" فلاّن کارخانە دەبێ چ بەرهەم بێنێ، ـ بەینی مسکۆ تا ولادی وستۆك لە فاسیلەی بەینی مسکۆ نیۆیۆرك زیاترە ـ جا لەو فاسیلەیەدا بڕیار بدەی کە لە فلاّن کارخانەی ولادی وستۆکدا دەبێ چی تەولید بێ. ئەگەر ئەو تەولیدە وا دابنێین کەوش بێ، کەوش چەرمی دەوێ، چەرم ئەوەندە دروست بکەی کە لازمە، بۆ ئەو کەوشە بزماری دەوێ ئەوەندە دروست بکەی کە لازمە. دیارە کەوش شتێکی

زۆر سادەیە، ئەگەر شتەکە بوو بە ئوتۆمبیل ئیدی ئەوە دەبێ بە دەیان کارخانە کار بکەن بۆ ئەو کارخانەی ئوتۆمبیل سازییە.

لە ولاتی سەرمایەداریدا، سەرمایەدار لە هەر جێگایەك ئاگادار بوو شتێك پێویستە قیمەتێکی داناوە، لە هەر جێگایەك شتێك کەم بوو، کابرای سەرمایەدار تێگەیشت کەمتر لە بازار دەست دەکەوێو باش دەفرۆشرێ، دەستبەجێ سەرمایەگوزاری دەکاو دەست دەکا بە تەولیدی ئەو شتەو قازانجێکی زۆری دەست دەکەوێ. مەسەلەن لە فلان کارخانەدا شت کەمتر تەولید دەبێ، دەستبەجێ دوای سەرمایەگوزاری دەست دەکا بە تەولید، بەرەبەرە ئەو شتە کە لە بازار زۆر بووو ئیدی تەولیدەکەی ئەو قازانجەی نەما، شتێکی دیکە بەرهەم دێنێو قیمەتێکی دیکەی بۆ دیاری دەکاو هەر بەم چەشنە درێژە دەدا. بەلام لە سیستمی سۆسیالیستیدا سەرمایەدار ناتوانێ ئەو کارە بکا، لەوێدا نرخی شتومەك دەولەت دیاری دەکا، مەسەلەن دەلێ دەبێ هێلکەیەك بفرۆشرێ بە تمەنێك، نابێ زیاتر لە تمەنێك بفرۆشرێ. لە مسکۆ قیمەتەکەیان داناوە، لە فلان جێگای ئۆکراینو سیبیریش هێلکەکەی دەبێ وا بەرهەم بێنێ کە بە تمەنێکی بفرۆشێ، کەلخۆزەکە هەرچی دەکا دەبینێ ئەگەر هێلکەیەك بە تمەنێك بفرۆشێ زەحمەتەکەی دەرناهێنێ، بە ناچار مریشك راناگرێ، ئەگەر مریشکی رانەگرت هێلکە نیە، دەولەتیش ئیزن نادا قیمەتەکە بچێتە سەرێ، چونکە ئەگەر هێلکەی کرد بە دوو تمەن زەحمەتکێشانی شار حوقووقیان ئەوەندە نیە هێلکە بە دوو تمەن بکڕنو بۆ شتی دیکەش هەر بەم چەشنەیە. لە زەمانی برێژنێفدا بازارێکیان ساز کردبوو، پێیان دەگوت بازاڕی کەلخۆزی، ئەو بێجگە لەو بازارە دەولەتییە بوو، کەلخۆزەکان حەقیان هەبوو بەرهەمە زیادییەکەیان لەوێرا بێننە ئەو بازارەو بیفرۆشنو قیمەتەکەشی بە دەستی خۆیان بوو. فەرقی ئەو دو بازارەش لەوەدا بوو کە بازاری دەولەتی میوەی رزیو، گۆشتی خراپ، هێلکە هەر نەبوو، پەنیری خراپ بە قیمەتی هەرزان، بەلام لە بازاری کەلخۆزەکان باشترین میوەو گۆشتو هێلکە هەبوو، بەلام بە قیمەتێکی زۆر گرانتر دەیانفرۆشتو زووش تەواو دەبوو.

بە کورتی شێوەی بەڕێوەبەری ئابووریو بە تایبەتی ئەو کەسەی کە بەرهەم دێنێ، دەیهەوێ بزانێ تا چ رادەیەك بەرهەمهێنان بە قازانجە؟ نرخەکەی کێ دیاری دەکا؟ ئەوە ئەساسی مەسەلەکەیە، یانی ئەگەر یەکیەتیی سۆڤیەت دەیهەوێ هێلکە

لە بازاڕ هەبێ ئەوەڵەن ئەو کەسانە کە بەرهەمی هێلکەیان هەیە، ڕێگایان بدا ئـەوان قازانجێکی ئەوتۆیان دەست کەوێ کە بە دڵەوە کارەکە بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوە دەبێ ڕێگا بدەن نرخەکەشی نرخێکی وابێ کە ئەوان قازانج بکەن بۆ ئەوە، دەبێ نرخ‌و پلان هەردووکیان بگۆڕدرێن. مەسەلەن لەوێ ڕێگایان داوە تەقریبەن زۆر کـەمتر لە یەك چوارەمی هێکتاریش عەرز هی خودی کەڵخۆزەکەیـە. ئـەم هۆیانـەن کـە لـە یەکیەتیی سۆڤیەت شت زۆر کەم دەست دەکـەوێ، لـە حـاڵێکدا عەرزەکـەی هەیـە، تراکتۆرەکەی هەیە، موهەندیسەکەی هەیە، کوودی هەیە، بەڵام عەلاقە بە کارەکە لە جووتیارەکەدا نیە.

لـە وڵاتـانی سـەرمایەدارییشدا نەخشـە هەیـە، تـەرح‌و بەرنامـە هەیـە، بـەڵام جیاوازی‌یەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانی سەرمایەداری بەرنامەو نەخشە تـابعی بـازاڕن. لە وڵاتی سۆسیالیستی بازاڕ تابعی بەرنامەو نەخشـەیە. بـۆ ئـەوەی وەزعەکـە لـەو وڵاتانەدا باشتر بێت لانیکەم لە وڵاتـی سۆسیالیسـتی دەبـێ ئـەو دوانـە "هم‌تـراز" بکرێن، بە بێ نەخشە ئانارشیسمی سەرمایەداری زیندوو دەبێتەوە. بەڵام وا بکەن کە بازاڕ نەخشێکی ئەوتۆی هەبێ کە بتوانێ ئەو تەنزیمە پێك بێنێ‌و خـەڵك کـەمبوودی پێداویسـتی‌یە هـەرە ئەساسـی‌یەکانی نـەمێنێ. پێشـتر لـە وڵاتـانی سـەرمایەداری تیئۆری‌یەك هەبوو کە زۆر جار باسی دەکرا، ئێستا کەمێك زیاتر زیندوو بۆتەوە، ئـەو تیئۆری‌یە بە لاتینی پێی دەڵێن "کومپرژانس". کومپرژانس یانی لێك نزیك بوونەوە. مەبەسـت لـەو تیئۆری‌یـە ئـەوە بـوو کـە هێندێـك کـەس لـەو بڕوایـەدا بـوون، بەرەوپێشچوونی تێکنیك بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئێستای ئێمـەدا خـەڵك لێـك نزیـك دەکاتەوە، هەموو شتێك خەریکـە ئوتۆمـاتیزە دەبـێ، هـەموو شـتێك خەریکـە بـە کامپیۆتێر جێبەجێ دەبێ، هێندێك کارخانە هەن لە ئەمریکاو تەنانەت لە وڵاتاکانی دیکەش‌دا ئوتۆماتیزە بوون، جاران ٥٠٠ کرێکـار کاریـان تـێدا دەکـردن، ئێسـتا ٥ موهەندیس ئیدارەیان دەکەن. هەر کرێکاری نەماوە، موهەندیسە لە سـەر سـەفحەی کامپیۆتێر، لەوێڕا کارخانەکە ئیدارە دەکا. جاران ئەو کرێکارە کە ئارەقەی دەڕشت، ئیستسمار دەبوو، بۆیە مەسەلەن مانی دەگرت یان شۆڕشی چەکدارانـەی دەسـت پـێ دەکرد، ئەوە ئیدی تەقریبەن لە زۆر جێگا بێجگە لەوە کە ئوتۆماتیزە بووە، نەماوە.

پێوەندی لە نێو وڵاتەکانی دنیادا بەشێکی بە شێوەیەکی توند دەچێتە پێش‌و وەك جاران نەماوە، رادیۆ هەیە کە هیچ، تەلەویزیۆن هەیە، ئێستا تەلەویزیۆن بە ماهوارە تەسویر نیشان دەداو بە تەلەویزیۆنێك دەکرێ بەشێکی زۆری بەرنامەکانی دنیا چاو لێ بکەی. بۆیە شێوەی فکرکردنەوەو بۆچوون نزیك دەبێتەوە، جا ئایا لەو نزیکبوونەوە چی دەر دێ؟ دەبێتە بۆچوونی سەرمایەداری یا سۆسیالیستی؟ بازاڕیش یەکێك لەو شتانەیە کە بازاڕی وڵاتەکان لێك نزیك دەکاتەوە. بێجگە لە ستالین کە ئەو شتانەی هێناوە، دەڵێ نابێ بازاڕ هەبێ، لە نووسراوەکانی لنین دەیان جار باسی بازاڕی سۆسیالیستی کراوە، مارکس‌و لنین کە پێش‌بینییان کردوە بازاڕ نەمێنێ، بۆ ئەو کاتەیە کە سۆسیالیزم یا کومۆنیزم لە بەشی زۆری دنیادا سەرکەوتووە. شتێکی وا جارێ رووی نەداوە، کەوابوو بازاڕ دەتوانێ نەخشی زۆر ئەساسیی هەبێ‌و رێگای دیکەش نیە بێجگە لەوە تا ئەو وەختە کە ئەوەندە فراوان بێ، ئەوەندە شت زۆر بێ کە ئێحتیاج نەمێنێ، ئەگەر لیباسمان لازم بوو بچین لیباسەکە هەڵگرین، ئەگەر هەر شتێکمان لازم بوو بچین بە جنس وەری بگرین‌و برسیمان بوو خۆراك بخۆین، جا ئەو وەختە پووڵ نامێنێ. بەڵام ئێستا هەرکەس دەتوانێ ئەوەندە بکڕێ کە پووڵی هەیە، زیاتر ناتوانێ، ئەگەر شتومەك ئەوەندە زۆر بوو لە حەد زیاترە، ئیدی ئەودەم پووڵ بۆ چیە؟ پووڵ بەکار نایە، هەرکەس دەتوانێ بە کەیفی خۆی پێویستی‌یەکانی خۆی هەڵبگرێ. بەڵام نەگەیشتوینە ئەو جێگایە. هێندێك لە وڵاتانی سۆسیالیستی ویستویانە هێندێك شتی ئاوا تەتبیق بدەن کە چونکە زودڕەس بووەو وەختی نەهاتوەو عەمەلەنیش نەتیجەکەی عەکسی بووە، کەوابوو مەسەلەی تیئۆری لێك نزیکبوونەوە لە باری تیکنۆلۆژی‌یەوە، لە باری ئەوەی کە پێوەندی‌یەکانی هەمەلایەنە لێك نزیك دەبێتەوە، شتێکی زۆر سروشتی‌یەو رۆژ بە رۆژیش دنیا لەو بارەوە دەبێتە یەك.

بەڵام ئەگەر وڵاتەکانی سۆسیالیستی بەرەو ئەوە دەڕۆن کە هێندێك نەخش بدەن بە بازاڕ، لە عەینی وەختیش‌دا لە وڵاتەکانی سەرمایەدارییش‌دا رۆژ بە رۆژ هێندێك کەس دەیانهەوێ نەخشی سەرمایەدار مەحدوود بکەنەوە، ئەویش بۆ خۆی پرۆسەی لێك نزیکبوونەوەیە. مەسەلەن ئەو وەختەی سۆسیالیستەکان لە فەرانسە هاتنە سەرکار، لە ساڵی ١٩٨١ بەشێکی زۆری کارخانەی هەرە گەورەو بەشێکی زۆری بانکەکانیان میللی کرد، یان مەسەلەن ئێستا لە سوئید کە بەشی هەرە گەورەو

بەشێکی بانەکان میللین، بەشی هەرە زۆری کارخانەکان میللین، یانیٚ وەزعێکی ماڵیاتی وایان پێك هێناوە کە ئەگەر کەسێك داهاتی گەیشتە ڕادەیەك کە لە حەد تێپەڕ بوو، زیاتر لە سەدی سەد ماڵیاتی لیٚ وەردەگرن. یانی لە ئەسڵەکەش بڕێکی لیٚ دەستێننەوە، بۆ ئەوە وایان لیٚ کردوە کە فەرقی حوقووقەکان زۆر نەبیٚ. لە وڵاتی سۆسیالیستی حوقووق بەك بە دەیە. کەسی وا هەیە ٥٠٠ تمەن وەردەگریٚ، ئی واش هەیە ٥٠٠٠ وەردەگریٚ، هی واش هەن لە دە هەزاری زیاتر وەردەگرن، بەلاٚم ئەوانە کەمن. ڕەنگە هێندێك کەسیشیان هەبیٚ لە ٥٠٠ تمەن کەمتر وەربگرن، ئەوانیش کەمن یانیٚ لە سەدی نەوەد، نەوەدو پێنجی خەڵکەکە لە بەینی یەكو دەیە. تەقریبەن لە سوئیدیش وای لیٚ هاتووە، ئێستا لە سوئیدیش هەر یەكو دەیە. لە واقیٚعدا زۆر کەم کەس هەیە کە مەسەلەن لە ٢٠ هەزار کرۆن لە سوئید مانگانە زیاتر وەرگریٚ. چونکە ئەگەر فڕوفێڵو دزی نەکاو ماڵیاتەکەی بدا دێتە خواریٚ دەبێتە دە هەزار، لە واقیعدا بە شێوەیەکی دیکە حوقووقەکانیان لێك نزیك کردۆتەوە. بەلاٚم دنیاش بەرەو ئەوە دەڕوا کە سەرمایەداری گەورەش دەمێنێتەوە، یانیٚ فەقیر هەیە، هی واش هەیە ٢ ملیۆن فرانکی پیٚ پووڵ نیە، ئی واش هەیە ٢٠ ملیۆن فرانکی هەیە، زۆریشن نە یەكو دوو، یانیٚ فەرقی تەبەقاتی لەویٚ یەکجار زۆرە، وەك سوئید نیە، لە ئەمریکا فەرقی تەبەقاتی یەکجار زۆرە. باسی وڵاتەکانی وەکوو مێکزیكو ئێرانی خۆمانو نازانم ئەو وڵاتەکانی نەوتیو خەلیجو ئەوانە ناکەین، چونکە دیارە وەزعەکە لەویٚ ئەسڵەن بە تەواوی فەرقی هەیە.

لە واقیٚعدا بە بیٚ ئەوەی ئەتۆ واز لە سۆسیالیزم بێنی، دەتوانی بەرەو ئەو وەزعە بڕۆی، چونکە سۆسیالیزم هەدەفی لە پێش هەموانەدا ئینسانە. دەیەویٚ کۆمەڵێکی وا پێك بێنیٚ کە ئینسان هەم لە باری ماددیەوەو هەم لە باری ڕۆحیو مەعنەوییەوە ئاسوودە بیو تەواوی ئەوانەش کە سۆسیالیزمی خەیاڵیشیان پێك دەهێناو ئەوانەی پێش سۆسیالیزمیش حەولیان دابوو بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانیٚ تەواوی ئیستعدادی خۆی بە کار بێنیو لە باری ماددیو مەعنەوییەوە ئاسوودە بیٚ، لە باری ماددییەوە ژیانی باشی هەبیٚ، هەم ئازادیی هەبیٚ. لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی لە باری ماددییەوە نەیانتوانیبوو ئەوەی کە پێویستە بیدەن بە هاووڵاتییەکانیانو ئازادییەکەشیان لەبەین بردبوو. ئێستا ئەوەی کە تازە دەستی پیٚ کردوە، خەریکە

هەردووکی پێکەوە جێبەجێ دەبێ. ئەو وەزعە بۆتە هۆی ئەوە کە بوحرانێکی یەکجار زۆر قووڵ لەو ڕێکخراوانە کە خۆیان بە چەپ دەزانن پێک بێ. لەو چوار ساڵەی ڕابردوودا ڕۆژنامەی "مردم" کە جاران ئەگەر مەسەلەن سوڤیەت فەزانەوەردێکیان ناردبا، چوار وتاریان لە سەر دەنووسی، ئێستا ئەو شتە گەورەیە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا رووی داوە کە زۆر کەس بە شۆڕشی تازەی دادەنێ (ئێمەش لە ڕاپۆرتی خۆماندا بە شۆڕشمان داناوە) تەنیا سێ چوار مەقالەی بێ ناوەڕۆک‌و سادە نەبێ کە ئەویش شتی ڕەسمیی سۆڤیەتی‌یە، هیچیان نەنووسیوە. هۆی ئەم چەشنە هەڵوێستە ئەوەیە کە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە موخالیفی ئەوەن کە ئەو وەزعە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا پێك هاتووە، ئەگەر لە نێو حیزبی توودە تەتبیق بکرێ، دەبێ ئەوانەی کە ئێستا بەڕێوەبەری حیزبی توودەن، لە پێش هەموان دەربکرێن.

کۆمەڵە:

کۆمەڵە دیارە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتدا نەك هەر دۆستایەتیی نەبووە، بەڵکوو دوژمنی بووە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە کۆمەڵە لە سەر گلاسنۆست‌و پرۆستۆریکا شت نانووسێ، وا دیارە ئەوانیش لە سەر ئەو مەسەلەیە ناکۆکییان لە بەین دایە، چونکە ئەگەر یەکگرتوو بان شتێکیان دەنووسی. لە ڕابردوودا کۆمەڵە هەزاران جار یەکیەتیی سۆڤیەتی بە سوسیال ئیمپریالیزم ناو بردووە‌و هەزاران ڕەخنەیان لێ گرتووە، بەڵام ئێستا ئەو شتانە ناڵێن، مانای ئەوەیە هێندێك تێی‌دا ماونەتەوە بۆیە نانووسن.

"ڕاەکارگر":

تەکلیفی خۆی روون کردۆتەوە‌و بە تەواوی دژە، هەزاران قسەی بە گۆرباچۆف‌و دێموکراتیزاسیۆن‌و ئەوانە گوتوە. ئێستاش هەر لە حاڵ‌و هەوای دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دایە.

چریکی "اقلیت":

هەموو بەشەکانی ئەقەلیەت سەرگەردانن، نازانن بڵێن چی. جاری وایە شتێك دەنووسن کە نیشانەی ئەوەیە کە موافیقی ئەو ڕەوتەن، جاری وایە عەکسی ئەوە دەنووسن. ئەوە نیشانەی سەرگەردانیی فکری‌و تێئۆریکی تەواوە.

"اکثریت":

بەشی کێشتگەری‌یەکان لە ئەکسەریەتدا بە تەواوی ئەو خەتەیان قبووڵ کردوە.

"حیزبی دێموکراتیکی مردم ایران":

بە تەواوی ئەو خەتەیان قبووڵ کردوە.

ئازادی کار:

موخالیفە، بەڵام ناشوێڕیّ موخالیفەتەکەی دەربڕیّ، بێجگە لەوانـە "اکثریت"ی فەرۆخ نگەهدار زۆر زیاتر لە حیزبی توودە ئەو شـتانەی کـە لـە سـەر گلاسنۆسـتو پرۆسۆریکا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا هەیە مونعەکیسی دەکەنو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەیان موافیقن، بەڵام موخالیفیشیان تیّدا هەیە.

ئەوە وەزعی ئەو ڕێکخراوانەیە لە سەر گلاسنۆسـتو پرۆسـتۆریکا. وا ویّ دەچـیّ ئەو ڕەوتە ئەو ڕێکخراوانە تووشی ئینشعاب بکا. ڕاهی کارگەر تووش بووە، بەشێکی زۆر لەو ڕێکخراوە جیا بوونەتەوەو ڕۆیشـتوون، دەبـیّ چـاوەڕوانی ئـەو جیابوونەوانـە لەوانی دیکەش بین. ئـەوانی دیکـەش چونکـە دەبـیّ خـەتی خۆیـان دیـاری بکـەن، مـەرزبەندی‌یەکە ئیدی مـەرزبەندیی تەشکیلاتی نیـە، مەرزبـەندیی ئەوەیـە کـە کـیّ لەگەڵ ئەو خەتەیە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌دا دەستی پـیّ کـردوە، موخالیفـە یـان موافیق؟ ئەو مەرزبەندی‌یە شوێن دادەنێتە سەر چەپ لـە ئـێراندا. دوو ڕێگـاش لـە پێشە، یان ئەوەیە کە ئەوانەی واقیع‌بینن، دەبیّ بێن تەجدید نەزەر لە هـەمووی ئـەو ڕابردووە بکەنەوەو تەنانەت لە بۆچوونیان نیسبەت بە چینی کرێکاردا، واقیعیەتـەکان بخەنە بەرچاوو لە تەحلیلی ئاخردا بگەنە نەتیجە. بۆ ئەوە دەبـیّ تـەجدید نـەزەرێکی گشتی لە ڕابردووی خۆیان بکەن. ئەوانەی ئەو خەتە تازەیـان قبوولـە، بەشێکیشـیان هەروەکوو ڕێکخراوی پێشوو دەمێننەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئیمکـانی ئـەوە پێك دیّ کە ئەوانەی جودا بوونەتەوەو ئەوانەی ئەو خەتەیان گرتۆتە پێش، پێی دەڵێن خەتی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەوانە لێك نزیـك دەبنـەوە، یـانی ئـەو جـودا بوونـەوەی ئەوجارە ڕەنگە سەرچاوەی یەکگرتنەوەی ئەو ڕێکخراوانە بیّ کە بەرەبەرە عـەینی ئـەو خەتە دەڕۆن. لـە واقیعدا چـەپێکی دێموکراتـی، خـەللاق، چـەپێکی مارکسیسـتی دێموکراتی لە ئێراندا پێك بیّ، بەڵام بێگومان جاریّ ئـەو ڕێکخراوانـە لـە پرۆسـەی جیابوونەوە دان، یەکگرتنەوە ماوەیەکی زۆری پیّ دەویّو لە ڕادەی جیـهانییش‌دا وەك پێشتر ئیشارەمان پیّ کرد، وەزعەکە لەباری مەرزبەندی بۆ وڵاتانی سۆسیالیستی هەر بەم چەشنەیە.

فەسڵی حەوتەم:

هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێـــــران ـ عێــــــــراق

هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران ـ عێراق*

هاوڕێیان! ئەوساڵ ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر ناسك داین. کە دەڵێم "ناسك" مەبەستم ئەوە نیە کە هەلومەرجەکە بۆمان خراپە. مەبەست ئەوەش نیە کە هەلومەرجەکە بۆ ئێمە باشە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆمان، ئەگەر بتوانین لەو شەرایەتە، لەو هەلومەرجە کەڵك وەربگرین، ئیستفادە بکەین ئەوە هەلومەرجێکی زۆر باش بۆمان هەڵکەوتووە. ئەگەر نەتوانین لەو هەلومەرجە کەڵك وەربگرین، وەختەکە بە خۆڕایی بچێ، ئەو وەختە هەلومەرجێکی ناسك بۆ ئێمە پێك دێ.

ئێوە دەزانن نزیك بە هەشت مانگ لەوەی پێش لە سەر فشاری داخڵی، لەسەر ناڕەزایەتیی خەڵك و لە سەر فشاری نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی ناچار بوو بڕیارنامەی ٥٩٨ی شووڕای ئەمنییەت قبووڵ کات. پێمواية لەوەی باشتر ناگوترێ کە خودی خومەینی گوتی، لە واقیعدا ئەو بڕیارنامەیە بۆ خومەینی وەك ژەهر وابوو کە خواردیەوە. (هەرچەند زۆر لە هاوڕێیان دەپرسن ئەو هەمووو ژەهرەی خواردەوە بۆ هیچی بە سەر نایە؟) ئەو وەختەی کە ئەو بڕیارنامەیە پێکهات، زۆرکەس ڕەنگە ئێوەش شاهید بن لە هەر دوو کوردستان، بە تایبەت لە کوردستانی عێراق، ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەوە دیسان ساڵی ١٩٧٥ تیکرار دەکاتەوە، دیسان دەبێتە ئاشبەتاڵ، دیسان جووڵانەوەی کورد تێکدەشکێ. بەلام ئێمە، ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە، هەر لە سەرەتاوە زۆر بە سەراحەت ڕایگەیاند کە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا ئاشبەتاڵ جێگای نیەو نابێ تیکرار بکرێ و هەروەها لێکدانەوەی حیزبی ئێمە نیشانی دا کە دەگەڵ ئەوە کە بڕیارنامەکە قبووڵ کراوە، ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە ئەو دوو

دەوڵەتە بە تەواوی ڕێككەونو ئاشتیيەكی بەردەوام، سولْحێكی دایمی لە بەینیاندا پێك بێو ئەو وەختە جوولانەوەی كورد بكەوێتە وەزعێكی سەخت. ئێمە وەكوو حیزبی دێموكرات، وەكوو حیزبێكی مەسئوول دەبێ فكری ڕۆژی هەرەسەختیش بكەین. كە دەڵێین ئاشبەتاڵ نابێ، حەتتا ئەگەر ئەو دەوڵەتانە ڕێككەوتن، ئێمە دەبێ خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین. ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە فیكری ئەو وەختەی كردۆتەوە. باشترە ئینسان لە سیاسەتدا فكری حاڵەتی هەرەسەخت بكاتەوە چونكە ئەوانی دیكە ئاسان دەبن، ئەگەر لە فكری حاڵەتی ئاساندا بێ، ئەو وەختە سەختەكەی بۆ تەحەمول ناكرێ. بۆیە حیزبی ئێمە ڕێگای ئەوەی كە لە حاڵەتێكدا كە بەتەواوی ئاشتیيەكی بەردەوام لەبەینی ئەو دوو دەوڵەتەدا پێكبێ، ڕێگای دیوەتەوە بۆ ئەوە كە ئێمە لەو حاڵەتەدا چ دەكەین. دەمێنێتەوە ئەوە ئایا ئەو دوو دەوڵەتە دەتوانن ڕێككەون؟ پێمانوایە نا. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ حاڵەتی ڕێككەوتن ئامادە بكەین، بەڵام پێمانوایە زەحمەتە. چونكە دیارە جەوهەرو ماهییەتی ئەو دوو دەوڵەتە یەك ناگرنەوە.

دەوڵەتی ئێران كۆمارێكی بەناو ئیسلامی، ئەسناعەشەری، ویلایەتی فەقیهیيە كە دەیهەوێ بە زۆر شۆڕشی ئیسلامیی خۆی سادر بكاو عێراق حكوومەتێكی لائیك، غەیری مەزهەبی كە دەیهەوێ بەو بەرنامەی خۆی دایناوە سۆسیالیزم! دروست بكا. كەواتە ئەو دوو دەوڵەتە بە هیچ شێوەیەك جەوهەریان یەك نیيە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە كە هەشت ساڵ شەڕ بووە لە بەینیان، دوژمنایەتی عەرەبو فارس شتێكی تازە نیيە. لە تاریخدا دەیان جار شەڕیان كردووە. پاش هەشت ساڵ شەڕ وا ئاسان نیيە ئاكامی ئەو دوژمنایەتییە لەبەین بچێ. لە نەتیجەدا، ئێمە پێمان وایە كە ئەو دوژمنایەتییە هەر دەبێ ماوەیەك بەردەوام بێ. جگە لەوە هێندێك شت هەیە كە لەبەینی ئەوانەدا چارەسەر نابێ. من دەمهەوێ تەنیا دووشتتان بۆ باس بكەم: یەكیان ئەوەیە ئەگەر دیققەتتان كردبێ ڕۆژ هەتا ئێواری، رادیۆو ڕۆژنامەكانی ئێرانو قسەكەرانی كۆماری ئیسلامی هاوار دەكەن دەڵێن؛ عێراق جارێ خاكی ئێمەی داگیر كردووەو ناچێتە دەرێ. عێراقیش جوابی ئەوەیە كە خاكی ئێمە داگیر دەكەن. باشە كێهەیان ڕاست دەكەن؟! عێراق ڕاست دەكا یان ئێران؟ ئەگەر دیققەت بكەین پێمۆایە هەردووكیان ڕاست دەكەن. بۆ هەردووكیان ڕاست دەكەن؟ چونكە عێراق دەڵێ ئەو

سنوورەی کە هەیە ئی پاش ساڵی ١٩٧٥ە. عێراق دەڵێ ئەمن ئەو سنوورەم قبووڵ نیە. سنووری پێش ساڵی ٧٥م قبووڵە. ئەگەر سنووری پێش ساڵی ٧٥ بێ، ئەوە عێراق هیچ خاکێکی داگیر نەکردوە. ئەگەر پاش ساڵی ٧٥ بێ دیارە داگیری کردوە. عێراق دەڵێ پەیماننامەی ١٩٧٥ لەغو کەنەوە. ئێران دەڵێ لە جێگای خۆیەتی. دووهەم مەسەلە کە هەر لەو بابەتەوە دێتە مەیدانێ، مەسەلەی "شط العرب"ە. ئێران بە پێی پەیماننامەی ١٩٧٥ حەقی نیوەی شەتولعەرەبی هەیە. عێراق دەڵێ ئەو پەیماننامەیە نەماوە، شەتولعەرەب ئی خۆیەتی. ئەوە مەسەلەیەکە عێراق رایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەك نایهەوێ پاشەکشەی لێبکا. ئێرانیش ناتوانێ قبووڵی بکا. چونکو ئەگەر ئەوەی قبووڵ بکا بە مانای ئەوەیە لە شەڕدا شکستی خواردووە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە باشە کێ شەڕەکەی دەست پێکرد؟ ئێران شەڕەکەی دەست پێکرد یان عێراق؟ دیارە هەموو ئێران تەبلیغاتەکەی لە سەر ئەوە داناوە کە عێراق شەڕەکەی دەست پێکردووە. عێراقیش دەڵێ ئێران ئەوەندە تەحریکی کرد تا نەتیجەکەی بوو بە شەڕ. بە کورتی ئەو دوو مەسەلەیە ڕێگا نادا ئەو دوو حکوومەتە پێکەوە رێك کەون. بێجگە لەو دوژمنایەتیە کۆنە کە لە بەینیاندا هەیە، مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە ئەوە بۆ ئێمە {لە هەمووان گرنگترە} ئەویش ئەوەیە ئەگەر پەیماننامەی ١٩٧٥ بەسترا بۆ بەسترا؟ بۆ ئەوە کە عێراق حازر بوو نیوەی شەتولعەرەب بدا بە ئێران، بۆ ئەوە ئێران پشتیوانی لە جووڵانەوەی کوردیی مەلا مستەفا بارزانی نەکا. لە واقیعدا جووڵانەوەی کورد بوو بە هۆی ئەوە کە قەراردادی ١٩٧٥ پێك بێ. بەڵام خۆ جووڵانەوەی کورد ئەگەر ئەو وەختە کە تەنیا لە کوردستانی عێراق هەبوو، ئێستا هەم لە کوردستانی ئێران هەیەو هەم لە کوردستانی عێراق. کەوابوو جووڵانەوەکەش پانوبەرینە، سیاسیترە لە جاران، عەشیرەتی نیە. لە بەر ئەوە هەرکەس بیهەوێ تەنانەت مەسایلی دیکەش حەل بکا، ئاشتییەکی بەردەوام پێکبێنێ ـ لەبەینی ئێرانو عێراقدا ـ دەبێ چارەسەرێکی بۆ مەسەلەی کورد بکا. بێ چارەسەری ئەو مەسەلەیە هیچ ئاشتییەکی بەردەوام لە بەینی ئێرانو عێراقدا نابێ. هەموو وەختێ ئەو شاخو داخە بۆ ئەوە دەبێ کە کورد بتوانێ ئەو ئاشتییە تێك بدا. تێکی دەدا ئەگەر حەقی خۆی وەرنەگرێ. هەر بۆیە لێرە دانیشتووە کە تێکی بدا، حەقی خۆیەتی. کەوابوو نەتیجە دەگرین؛ نەتیجەکە ئەوەیە کە

دادەنیشن پێکەوە قسە دەکەن ـ فشاریشیان زۆر لەسەرە لە دەرەوەڕا ئەو دوو دەوڵەتە ـ بەڵام ئاشتیی بەردەوام لەبەینی ئەوانەدا بە زەحمەت پێک دێ. ئێمە وەختێك کە بڕیارنامەکە قبووڵ کرابوو باسمان کرد کە رەنگە شەش مانگ تا دوو ساڵی بوێ هەتا بەتەواوی رێك دەکەون. ئێستا ٨ مانگ رابردووە نەك هەر رێكنەکەوتوون بەڵکوو نێوانیان بڕێکیش ناخۆشتر بووە تا هەشت مانگ لەوەی پێش. ئێستا لەو بڕوایەداین کە مەسەلە، مەسەلەی پانمیلییە. رەنگە زۆری بکێشێ کە ئەو دووانە بتوانن پێکەوە رێك بکەون.

لە پاشان کەمێکیش لە سیاسەت ئەگەر ورد بینەوە، هێندێ شتی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ. هەتا ئێستا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێمانخۆش نیە زۆر هێزی خۆمان بەکار بێنین، پێمانخۆش نیە زۆر شەهید بدەین. پێمانخۆشە وەزعی خۆمان بەباشی رابگرین. بۆچی؟ ئەوەمان داناوە کە ئیمامەکەمان بەو زووانە تەشریفی دەڕوا. ئیمام! کە رۆیی ئەو وەختە وەزعی وڵات تا رادەیەکی زۆر دەگۆڕێ. ئێمە لەوانە نین کە بڵێین ئەورۆ خومەینی بمرێ سبەینێ لە ئێراندا شۆڕش دەکەین. بەڵام پێمانوایە کە ئەو رێژیمە گۆڕانی بە سەردا دێو رێگا خۆش دەکرێ.

ئەوە ئەو هەلومەرجە ناسکەیە. وەختێك پێكهاتووە بۆ ئێمە کە شەڕ بەینی ئێرانو عێراق نەمێنێ، بەڵام پێکەوەش بە تەواوی رێك نەکەوتوون. ئەوە فاسڵەیەکی زۆرزۆر بەجێیە. رەنگە چەند مانگی دیکە بێ، رەنگە چەند ساڵی دیکە بێ. ئێمە دەبێ لەو فاسڵەیە، لەو ماوە زەمانییە کەڵك وەرگرین، ئیستفادە بکەین. ئەوە ئەرکی سەرشانی مەیە. باشە چ بکەین؟ چ ئەرکێکمان هەیە کە دەبێ بە جێی بێنین؟ من پێموایە کە ئێمە سێ ئەرکی گەورەمان کەوتۆتە سەرشان. بە تایبەتی لەو ماوەیەدا دەبێ تێبکۆشین جێبەجێیان بکەین. یەکەمو لە هەمووان موهیمتر ئەوەیە کە لە مەیدانی خەبات لە نێوخۆی ئێراندا هەر دەنگمان هەبێ، هەر تەقەمان هەبێ. دیارە بە شێوەیەکی رێکوپێکترو بە شێوەیەکی باشتر. هەر لەو کاتەدا کە خۆمان دەپارێزین لەوە کە بەخۆڕایی شەهید نەدەین، لەو کاتەدا دەبێ زەربە لە دوژمن بدەین. دەبێ زەربە لە رێژیمێك بدەین کە رۆژبەڕۆژ کزتر دەبێ. ئەوەڵەن ئێمە لەو بڕوایەداین کە رێژیمی ئێران بە پێچەوانەی ئەوە کە پار دەیهەویست پیشانی بدا، ئەمساڵیش زۆر کزترە لە جاران، زۆر کەس وا فکر دەکاتەوە ـ کەمێك غەیر سیاسیانە ـ کە ئێران

ئێستا دەگەڵ عێراق شەڕی نەماوەو هەرچی هێزی هەیە کۆی دەکاتەوەو لە کوردستان خۆی بەهێز دەکا. باشە ئەگەر ئێمە شەڕی جبهەیی لەگەڵ ئێران بکەین ئەو قسەیە راستە، بەلاّم ئێمە شەڕی جبهەیی‌مان نەکردووە. پێشمەرگە بوو بە پارتیزان لە هەموو جێگایەکی هەبوو و لە هیچ جێگایەکی نەبوو. ئەو وەختە ئێران چ دەتوانێ بکا با ١٠٠٠٠ نەبێ ٥٠٠٠٠ بێ. ئەو وەختە تەئسیری هەیە کە ئێمە شەڕی جبهەیی بکەین کە نایکەین، لە پاشانیش ئێران ئێستا دوو کۆسپیشی لەپێشە بۆ شەڕکردن دەگەڵ پێشمەرگە.

یەکیان نیزامییە، نیزامییەکەی ئەوەیە ئەوانەی کە پێشمەرگەن بەتایبەتی ئەوانەی کە تەجروبەیان لەو چەند ساڵەی‌دا زیاترە لەگەڵ رێژیمی ئێرانی، زۆر باش دەزانن کە نوقتەی هەرەبەهێزی ئەو رێژیمە نە ئەوە بووە کە ئەوەی لە شتی نیزامی‌دا دەڵێن "لۆژستیکی" باشتر بووە، نە سازماندەهی باشتر بووە، نە سەربازو پاسدارو بەسیجی‌یەکەی پوختتر لە پێشمەرگەی ئێمە بوون. هیچی لەمانە نەبووە. هێزی دەچی‌دا بووە؟ لە سەرەتادا هێزی لەوەدا بووە کە ئەو جەوانانەی کە دەهاتن بۆ شەڕ، پێیان دەگوترا کە ئەگەر ئێوە بکووژن ئەوە خزمەتی ئیسلامتان کردووە!. ئەگەر بکووژرێن دەچنە بەهەشتێ!. یەعنی رووحییەیان باش بووە، ورەیان لەسەرێ بووە. ئەوە نوقتە قووەتی رێژیمی ئێران بووە. هەر ئەو وەختە کە ئەو نوقتە قووەتە نەما ... پار ئەو وەختانە ئەگەر لە بیرتان مابێ پاش فاو، ئیدی شکست لەدوای شکست بە سەر ئێرانێ هات. بۆ؟ چونکە رووحیەکە نەمابوو. ئێستاش هەروایە، ئەو جەوانانە کە دەساڵ لەوەی پێش دەهاتن لە کوردستان یا لە دژی عێراق ٨ساڵ لەوەی پێش شەڕیان دەکرد، ئەوان بە بیروباوەڕ بوون، بە ئیمانەوە هاتبوون شەڕ بکەن. ئێستا ئەو بیروباوەڕە، ئەو ئیمانە نەماوەو ئەوە نوقتە زەعفی هەرەگەورەی ئەو رێژیمەیە. کەوابوو لە باری نیزامییەوە لە مەیدانی شەڕدا ئێوە تەرەف نین دەگەڵ کەسانێك کە هەتا ئاخر فیشەك شەڕتان دەگەڵ بکەن.

دووهەم: کۆسپێکی سیاسیشی لەپێشە ئەویش ئەوەیە چەندین ساڵە هەر لەو وەختەوە شەڕی ئێرانو عێراق دەستی پێ‌کردووە رێژیمی ئێران تەبلیغات دەکا کە ئەوانەی کە لە کوردستان شەڕ دەکەن ئەوانە بەعسین، پیاوی عێراقن. باشە خۆ ئێستا عێراق شەڕ ناکا. ئەگەر ئێستا شەڕ بکرێ لە کوردستان ـ کە پار مەسەلەن هێزی

شیمال زەربــەی تونـدی وەشـاند لـە دەوروبـەری ورمـێو زۆر کەسـیان لـە کـوژراوو بریندارەکانیان بردە شاری ورمێ ـ خەڵکەکە پرسیاریان دەکرد باشــە ئەوانـە لـەکوێ کوژراون؟ ناڵێن شەڕی ئێرانو عێراق نەماوە؟ ئەو سەرپۆشەشە کە چەند ساڵ ڕێژیم لە سەر شەڕی کوردستان دایناېوو، ئێستا مەجبووره لابچێ. مەجبوره ئیعتیراف بکا کە ئەوەڵەن، شەڕێکی دیکە هەیە لــە ئـێران ئـەویش لـە کوردسـتانە. دووهـەم، دەبـێ ئیعتیراف بکا بەوە کە لەواقیعدا نەیتوانیوە لە کوردستاندا زاڵ بـێ. نـەیتوانیوە بـەو شێوەیە کە ئیددیعای دەکرد شەڕەکە خەلاس بکاو لە هەمووان گرینگـتر ئەوەیـە کـە دەبێ ئیعتیراف بکا کە حیزبی دێموکراتو پێشمەرگەکانی کە شەڕ دەکـەن، بەعسـی نین چونکو بەعس شەڕ ناکا. بـەعس دەگـەڵ ئـێران ڕێك کـەوتووە. بـەعس دەیهـەوێ پەیماننامە ئیمزا بکا، بەلاّم ئێمە نامانهەوێ. لە ڕۆژی ئەوەڵەوەش گوتوومانــە ئێمـە شەڕ بۆ شتێك دەکەین. ئەو شـەڕە بـە سـەر ئێمـەدا تـەحمیل بـووە، بـۆ شـتێك بـۆ دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان. کەوابوو هەتا ئەو وەختـە نەگـەین بە هەدەفی خۆمانو ئامانجی خۆمان، شەڕی ئێمــە هـەر بەردەوامـە. ئەگـەر ئەوانـە هەموو بخەینە بەرچاو، نەتیجە دەتوانین وەربگریــن کـە ئـەرکی یەکـەمان زۆر باشـتر دەتوانین جێبەجێ بکەینو نیشان بدەین ئێمە هـێزێکی سـەربەخۆین، سـەر بـە هیـچ جێگایەك نین، سەر بە میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتینو ئاواتی خۆمان ئەوەیـە کـە دێموکراسیو خودموختاری وەدەست بێنینو دەتوانین دوای تـەواو بوونـی شـەڕیش لـە داخلی کوردستانی ئـێراندا، هـێزی خۆمـان نیشـان بدەیـن. ئـەوە پێمـوایـە ئـەرکی هەرەگرنگی ئێمەیە کە دەبێ ئەوساڵ بەتایبەتی کە ساڵێکی ناسکە زۆر باشتر نیشانی بدەین. ئەو نیشاندانە، دیارە مانای ئەوە نیە کە بۆتان باس کراوەو باسـیش دەکـەین کە ئێمە هەروا خۆمان بە سەر پایگادا بدەین، یا خۆمان بە خۆڕایی بەکوشت بدەیـن، نا بە پێچەوانەوە، دەبێ زۆر وردو زۆر نەقشەی دەقیقمان هـەبێ. وابکـەین کـە هیـچ شەهیدمان نەبێ یا ئەگەر شەهیدمان هەبوو، زۆر کەم بێ. دەبێ ئاوا بچینـە پێشـێ، بەلاّم لە جێگای خۆشی زەربەی باشی لێدەدەین. ئەوە نەبێ کە ئێمە لە ماوەی چـەند مانگان بڵێین ٥٠ عەمەلیاتمان کردووە، نـا لـە مـاوەی چـەند مـانگدا دەبـێ چەند عەمەلیاتی باش بکەین کە دەنگ بداتەوە. بە تایبەتی ئەوە ئێوە هـێزی شیمال لـە هەموو جێگایەك زیاتر دەگرێتەوە. هۆیەکەیشی ڕوونـە، چونکـو ئێـوە لـە سـنووری

تورکیەدان ـ ئەگەر برێك دوورتر برۆن دەگەنە سنووری سۆڤییەتیش کە نارۆن! نازانم بۆ نارۆن؟ ـ ئێوە هەر ئەوەندە رەنگە تەقەش نەکەن، بەلاّم بروام پێبکەن کە مەسەلەن لە ماوەی حەفتەیەکدا سێ چوار جار پەلیکی پێشمەرگە بچێتە سەر ڕێگای "بازەرگان" یا ئێستا مەسەلەن ڕێگای "سێرۆ"ش بۆتە ڕێگایەکی ئەسڵی، بچێتە سەر ڕێگای سێرۆ. هەر ئەوەندە، چونکو ئەوانەی کە لە دەرەوەڕا دێن، زۆریان خارجین حەتتا شۆفێرەکانی ئەو ترۆمبێلانە خارجین. دەنگ دەداتەوە لە هەموو ئورووپا کە ڕێ گیراوە، هەرچەند مومکینە تەقەش نەکەنو ئەوە تەئسیری زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە ئێمە مەسەلەن لە ناوەندی کوردستان پایگایەکی ١٥٠ کەسیش بگرین کە ڕێژیم سەرپۆشی لە سەر دانێو باسی نەکات.

ئێوە بتانهەوێو نەتانهەوێ، مادام شیمالین ئەرکی سەرشانی ئێوە هەر ئەوساڵە زۆر قورسە لە هەموو ئەوانی دیکە. دەبێ چالاکترو فەعالتر بن. ئەوە شتێکە نابێ لە بیرتان بچێ، بۆچی؟ بۆ ئەوە کە ئەو ئەرکە گرینگە کە باسم کرد، نیشان بدەین کە ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین، هێزێکی سەربەخۆین، داوای دێموکراسیو خودموختاری دەکەینو دەمانهەوێ ئەو دێموکراسیو خودموختارییە وەربگرین، شەڕی ئێرانو عێراق هەبێو نەبێ ئەوە ڕەبتی بە ئێمە نیەو بۆ ئامانجەکانی خۆمان هەر شەڕی خۆمان بەرێوە دەبەین.

ئەرکی دووهەممان؛ ئەوەیە کە ئێمە بەداخەوە هەتا ئێستا لە ناوخۆی ئێراندا بەتەنیاین. ڕاستە لەو ئاخرانەدا هێندێك تەقە کراوە لە بەلووچستان هێندێك جموجۆڵ هەیە مەسەلەن بڵێین تورکەمەنسەحرا، بەلاّم واقعییەتەکەی ئەوەیە کە بەو شێوەیەی کە ئێمە هەین، لە داخڵی ئێراندا هیچ کەسی دیکەی لێ نیە. بۆیە ئێمە ناچارین ئەگەر واقیعبین بین، ئێمە بە تاقی تەنیا ناتوانین ببین بە ئالترناتیڤ، یەعنی ناتوانین ببین بە جێنشینی رژیمی خومەینی چونکو کوردستانی ئێران سەدی ٧ی خاکی ئێرانە. گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران سەدی ١٧ی دانیشتوانی ئێرانە. ئێمە لە ئەقەلییەت داین کەوابوو، دەبێ هاوپەیمانمان هەبێ لە بەشەکانی دیکەی ئێرانداو دۆستمان هەبێ. ئەوەیە کە حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەموو وەختێك مەشغوولی ئەوە بووە. یەکەم دەگەڵ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران ـ کە بەداخەوە ڕێکخراوێکی بەهێزیان نیە جارێ ـ وەکوو تورکمەن، وەکوو بەلووچ، وەکوو عەرەب، وەکوو

ئازەربایجانی، دۆستایەتی بکا. دووهەم، دەگەڵ هەموو ئەو هێزانە کە ئیمانیان بە دێموکراسیو خودموختاری هەیە کە زۆربەی هەرەزۆری هێزەکان دەگرێتەوە، دەگەڵ ئەوانیش هاوکاری بکا. ئێمە تەنیا یەك هێز وەدەر دەنێین، ئەویش شاپەرستەکانە. چونکە تەجروبەمان دەگەڵ شاپەرستەکان هەیە. لەمێژە تەجروبەمان هەیە، ئەوەڵەن لەو بڕوایەداین کە شۆڕشی ئێران سەڵتەنەتی ناشتووە، دەفنی کردووە. ٦٠٠٠٠ شەهیدی داوە بۆ ئەوە کە سەڵتەنەت لە مێژووی ئێراندا شوێنەواری نەمێنێ. لە پاشان ئێمە لەو بڕوایەداین کە سەڵتەنەت لە ئێراندا وەك سەڵتەنەت لە ئینگلستانو سوئێد نیە. ئەگەر پادشا بێتە سەرکار دەپێشدا دەڵێ دێموکراتم، بە محەمەد رەزاشاشیان وەختی خۆی کە تازە هاتبووە سەرکار دەیانگوت: "شاهنشاه جوان بخت دمکرات"، دیتمان چی‌کرد. دێ لە پێشدا دەڵێ دێموکراتم، بەڵام لە پاشان دەبێتە دیکتاتۆرێك کە ئەو سەری دیار نیە. کەوابوو شاهەنشاهی بۆ ئێمە یانێ دیکتاتۆری. لە پاشان دەبێتە دیکتاتۆر چونکو لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ پایگاهێکی ئیجتیماعی نیە، هیچ بنکەیەکی کۆمەڵایەتی نیەو مەجبوورە خۆی ببەستێتەوە بە دەرەوە. جاران شایەکانی ئێران خۆیان، خۆیان بەستبۆوە بە رووسیەی تزاری لە پاشان خۆیان بەستبۆوە بە ئینگلستانێ، ئێستاش خۆیان دەبەستنەوە بە ئەمریکا. ناچارە بە دیکتاتۆری حوکم دەکاو میللەت پشتیوانی نیەو دەبێ یەکێکی بێگانە پشتیوانی بێ. بۆیە دەبێتە دیکتاتۆر، دەبێتە نۆکەری بێگانەو دیتمان هەر وابوو.

بەڵام ئێمە وەکوو کورد هۆیەکی دیکەشمان هەیە بۆ ئەوەی دژی شاهەنشاهی بین. رێژیمی شاهەنشاهی، رێژیمی شاپەرستی، سەڵتەنەت، یانێ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵات لە تاران. ئێمەش کە خودموختاریمان دەوێ، دەمانەوێ دەسەڵاتەکە کەم کەینەوە لە تاران. دەمانەوێ بەشێك لە دەسەڵاتەکە بێنینە کوردستان، بەدەست خۆمانەوە بێ، خودموختاری یانێ ئەوە. ئەو دەیەوێ "تمرکز" پێکبێنێ، ئێمە دەمانەوێ "عدم تمرکز" پێکبێنین، ئێمە دەمانەوێ دەسەڵاتەکە لە تاران کەم‌کەینەوە. کەوابوو ئێمە وەك کورد، وەك خودموختاری‌خواز، هەر دەبێ دژی سەڵتەنەتو شاهەنشاهی بین، هەر لە بناغەوە دژیانین. بێجگە لەوانە، دیارە ئەوانی دیکە، ئێمە ئامادەینو زۆریش تێکۆشاوین. دەتوانم بڵێم کە ئێستا وەزعەکە بەرەبەرە باشتر دەبێ. هەندێ لە رێکخراوەکان عاقڵتر دەبن، باشتر تێدەگەن کە دەبێ هاوکاری بکەن

پێکەوەو ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین کە بەڵکە بتوانین رۆژێك پێکەوە، جەبهەیەك پێكبێنین. ئەوەش ئەرکێکە لە سەر شانمان بۆ ئەوەی کە ئەگەر رژێمی خومەینی رووخا بتوانین رژێمێکی دێموکراتیك لەجێگای دابنێین، کە ئێمەشی تێدا بین، خەڵکی دیکەشی تێدا بێ.

ئێمە دەبێ لە دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی لە ئورووپاو ئامریکا، ئەفکاری عموومی‌و بیروڕای گشتیی جیهانی رابکێشین بۆ لای مافی کورد. هەراوهووریایەکی زۆر ساز بکەین، ئەو دەوڵەتانە کە کوردی تێدان، ئەو دەوڵەتانە بترسێنین، هەموویان، بەتایبەتی دەوڵەتی تورکیە، دەوڵەتی ئێرانو دەوڵەتی عێراق. مەسەلەکە گەورە بکەینەوە لە دەرەوە. ئەوە کە دەڵێین مەسەلەی کورد بکەین بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. کۆنفرانس ساز بکەین، کۆنفرانسی مەتبووعاتی ساز بکەین، لە رۆژنامەکاندا بنووسین، لە رادیۆو تەلەفزیۆن قسە بکەین، لەگەڵ شەخسییەتەکان قسە بکەین، رێکخراوەکانی دێموکراتی هان بدەین، پارلمانەکان هان بدەین کە دیفاعمان لێبکەن. ئەوەی لەدەستمان بێ دەبێ بیکەین. ئەو ئاژاوەیەی لە کوردستان دەستمان پێکردوە، لە ئورووپاشی بکەین. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کوشتنو برینو ئەوانە، ئەوە لەوێ نابێ، ئەوە کاری "P.K.K"یە، ئەوە کاری مە نیە، ئێمە شتی وا ناکەین. بەڵام هەراوهووریایەکی وا ساز بکەین کە زۆر گەورە بێ. کە زۆر گەورە بوو ئەو دەوڵەتانە ترسیان بۆ پەیدا دەبێ. کە ترسیان بۆ پەیدا بوو، ئەو وەختە بە داخوازی کەمی ئێمە زوو رازی دەبن. وا گەورەی بکەینەوە کە پێیانوابێ ئەوە کوردستان وا خەریکە هەمووی لە دەستیان دەردەچێ، رەنگە هەموو ببێتەوە یەك، ئەو وەختە مەجبوور دەبێ بە خودموختاری‌یەکە زوو رازی بێ. ئەوەش سیاسەتێکە کە ئێمە هەمانە.

لە ساڵی رابردوودا رەنگە خۆشتان ئاگاتان لێبێ، لەو بارەوە کەمێك سەرکەوتووتر بووین لە ساڵەکانی پێشترو ئەمن پێموایە ئەو ساڵە کە وا لە پێشمانە زیاتر سەرکەوتوویی دەبیندرێ. بەڵام دەمهەوێ لێرە شتێك بڵێم، سەرکەوتنی ئەو ئەرکەی ئێمە بەوە بەستراوەتەوە کە لە داخڵدا چۆن بین. ئەگەر پێشمەرگە لە داخڵ عەمەلییاتی هەبێ، فەعالییەتی هەبێ، تەشکیلاتی حیزبمان بەتایبەتی لە شارەکانیش لەمەودوا فەعالییەتی زیاتر بێ، ئەگەر بچمە دەرێ زمانم ئەوەندە درێژ دەکەم، دەتوانم قسە بکەمو زۆر شت بڵێم. بەڵام ئەگەر نەبوو، ناچارم کولی بکەم.

ئەوە بەستراوەتەوە بە ئێوەوەو ئەگەر دەتانهەوێ لە دەرەوە باشتر کارەکانمان بچێتە پێش لە ژوورەوە دەبێ فەعالییەتی باشتر بکەن. ئەمن پێم وایە دەتوانم ئەوەندەتان پێ‌بڵێم کە لەو یەك دوو سەفەرەی لە ساڵی رابردوودا کردم قەت نەبووە کە وەك ئەو سێ چوار مانگە نەك هەر بیروڕای گشتیو رۆژنامەکان حەتتا هێندێ لە دەوڵەتەکانیش ئاوا ئێمە وەربگرن. هێندێك لە دەوڵەتان کە جاران حازر نەبوون قسەشمان دەگەڵ بکەن، ئێستا حازرن قسە بکەن، بە رەسمی وەرمانگرن، گوێ لە قسەکانی ئێمە بگرن، هێندێك شتیشمان بۆ بکەن. دیارە ئێمە خۆشبەختیمان ئەوەیە کە شەڕی پارتیزانی دەکەین. شەڕی پارتیزانییش نیازی بە دووشت هەیە. دەڵێن باشە چەکتان دەوێ یان پارەتان دەوێ؟ ئێمەش دەڵێین نە چەکمان دەوێ نە پارەمان دەوێ، پشتیوانیی سیاسیمان دەوێ. کورد بەداخەوە لە کوردستانی عێراق دەچوونە هەر جێگایەك داوای ئەو دوو شتەیان دەکرد. بەڵام ئێمە داوای پشتیوانیی سیاسی دەکەین. ئەمن کە دەگەڵ یەکێك لە سیاسەتمەدارانی هەرە پایەبەرزی فەرانسە قسەم دەکرد، پێم‌گوت ئێمە هیچمان ناوێ لەوانە. گوتی ئەوە دیارە ئێوەی کورد زۆر زیرەکن. گوتم بۆچی؟ گوتی باشە! ئەگەر یەکێك پشتیوانیی سیاسیو مەعنەوی لە ئێوە بکا هەموو شتێکیشتان دەداتێ. جا گوتم مەبەستی مەش هەر ئەوەیە، چونکو بۆ ئێمە موهیم سیاسییەکەیە. بارە سیاسییەکەی هەبێ، ئەوی دیکەی دەبێ. شوکور ئێستا تەماشا دەکەم پێشمەرگەی باشو پوختو هەموو ماشەڵڵا دیارە نانی باش دەخۆنو چەکو ئەوانەش باشە. هەمانە، بێ‌حەدیشمان هەیە. جا پشتیوانیی سیاسیمان لەوان دەوێو ئەمن پێموایە ئەو پشتیوانییە سیاسییە رۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ، ئیستیفادەی دەبێ لێ‌بکەین. دیسان ئەو فاسڵە زەمانییە بۆ ئێمە موهیممە. دەبێ لەو فاسڵە زەمانییەدا مەسەلەی کورد زۆرزۆر گەورەتر بێ. دەبێ وابکەین ئەو دەوڵەتانە دە بەینیاندا بەرەبەرە موسابقە پێکبێ. ئێستا فەرز بکەن ئێمە دەگەڵ نوێنەری عێراق دادەنیشینو دەڵێین تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە ئێران خەریکە دەیدا، لە تورکیاش کە دانیشتین دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە عێراق خەریکە دەیدا، لە ئێرانیش دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە تورکیە دەیهەوێ بیداو دەبێتە دێموکراسیو لە پاشان نیشتمانێکی هەیە غەیرەمەزهەبییە، لائیکە. جاران ئەو دەوڵەتانە کوردیان دەکرد بە ئالەتی دەست بۆ ئەوەی دژی یەکتری بەشەڕ بێن،

دەبا جارێکیش کورد موسابقەیەك پێکبێنێ لە بەینی ئەو دەوڵەتانە. ئێمە پێمان وایە وەزعی نێونەتەوەیی دەرەوە بۆ ئەوە موساعیدە، بەڵام بەستراوەتەوە بەوە کە هەم ئەرکی داخڵیی خۆمان چۆن جێبەجێ بکەینو هەم بە زانینو تێگەیشتنەوە ئەو مەسائیلەی بەرینە پێش. چونکو هەر بە گۆترەش ئەو کارە جێبەجێ نابێ. دەبێ زمانێکی وامان هەبێ، پەیامێکی وامان هەبێ کە ئەو دەوڵەتانە، ئەو سیاسەتمەدارانە، ئەو ڕۆژنامەنووسانە لێمان وەرگرن. چونکو جاری وا هەیە برادەری کوردمان هەیە دیارە ئی ئێمە نیە (حیزبی دێموکرات) ئی تورکیەو ئی عێراق، دەڵێ بەڵێ، ئێمە دەمانهەوێ کوردستانی سەربەخۆ دروست بکەین سنووری چوار دەوڵەتان تێکدەین. عێراق، تورکیە، سووریەو ئێرانو حەتتا هی سۆڤییەتیش جارجار. باشە هەر جارێ زیاتر ئەوەی گوێ لێبێ، دەترسێ. دەڵێ ئەوە ئاژاوەیەکی گەورە ساز دەبێو دەبێتە شەڕێکی بەینەلمللی. زۆر ڕێگایەکی ئیشتیباهە. لە پاشان شتێکی غەیردواقعییە. کەس ناتوانێ سنووری چوار ولاتان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا وەلابەرێ، لە پاشان ئەو هێزەمان نیە. باشە کەوابوو دەبێ بچی بڵێی خودموختاریمان دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا. هیچ شتێکم ناوێ لە دەرەوەی ئێران. بەلاّم دەمهەوێ زمانی خۆم هەبێ، لە بەشی کوردستاندا کاروباری کوردستان، خۆم ئیدارەی بکەم، ئەمنییەتی داخڵیی کوردستان دەبێ بەدەستی خۆمەوە بێ. لە پاشان دەڵێم ئەوەی کە من دەمهەوێ بەشێکە لە هەموو بەشەکان. ئەگەر ئەو شێوە قسەیەمان هەبێ، ڕاستە کە هەردووکی بۆ یەك ڕێبازە، بەلاّم فەرقیان هەیەو ئەوە باشتر وەردەگیرێ. ئەو پادشاهە کە لە خەونی خۆیدا دیبووی هەموو ددانەکانی کەوتوون یەك ددانی ماوە، بەیانی دوو مونەجمی هەبوو بانگی کردن بە یەکێکیانی گوت: باشە! تەفسیری چییە؟ ئەو وەختە گوتی؛ وەلاّ تەفسیری ئەوەیە کە هەرچی کەسو کارت هەیە هەموویان دەمرنو تۆ بە تاقی تەنیا دەمێنیەوە، گوتی بیبەن بیکوژن، پاش ئەوەی هەموو کەسوکاری من بمرن، من بە تاقی تەنیا چ بکەم؟ ئەوەی دیکەی بانگ کرد گوتی تۆ دەڵێی چی؟ گوتی مانای ئەو خەونە ئەوەیە عومری پادشا لە هەموو کەس زیاترو درێژتر دەبێ. جا ئەوە باشە، قسەکانیش هەر یەك بوون، شێوەی گوتنەکە جیاواز بوو.

ئەوە ئەو سێ ئەرکە کە باسم کرد. هەموومان دەبێ وەك حیزبی دێموکرات لە پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە هەتا سکرتێری ئەو حیزبە، حەول بدەین بۆ ئەوەی ئەو سێ ئەرکە باشتر بچێتە پێش. یەکەم، لە داخلدا نیشان بدەین هێزێکی سەربەخۆین. دووهەم، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێران کە ئێستا زۆرتر دەبن، بەرەبەرە تێگەیشتووتر دەبن، واقێعبینتر دەبن، دەگەڵ ڕێکخراوی میللەتە زۆرلێکراوەکانی ئێران، تورکمەن‌و عەرەب‌و ئازەری، دەگەڵ ئەوانە دۆستایەتی ساز بکەین. بۆ دوارۆژ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی. بۆ دوارۆژی ئەو ڕێژیمە، دەبێ ئەو کارە بکەین. سێهەمیش کە لە دەرەوە مەسەلەی کورد گەورە ببێ، ببێ بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی‌و هەموو ڕۆژێ باس بکرێ جا لەوە کەڵك وەربگرین بۆ ئەوەی بە مافی خۆمان بگەین.

ئێمە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ڕامانگەیاندووە کە شەڕخواز نین، ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ شتێکی دیکە دەکەین. شەڕەکەش ئێمە دەستمان پێ‌نەکردووە. ئەو شەڕە بەسەر ئێمەدا تەحمیل بووە. شەڕی ئێمە بۆ دێموکراسی‌و خودموختارییە. هەر وەختێکی بە دێموکراسی‌و خودموختاری گەیشتین، دەست لە شەڕەکە هەڵدەگرین. پاشان لە سیاسەتدا ئەوە ڕەش‌و سپی نییە، هەموو شتێك‌و هیچ شتێك. هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ. با ئیعتیراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا، "کورد" سیاسەتەکەی ئەوە بووە یا هەموو شتێك یا هیچ شتێك. نەتیجەکەی بۆتە چی؟ هیچ. لە سیاسەتدا زۆرجاری وا هەیە دوو هەنگاو دەچییە پێش، دوو قەدەم دەچییە پێش، شتێك وەردەگری لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دی، دیسان دەچییە پێش. ئەو سیاسەتە ناویان ناوە هونەری مومکین، سیاسەت هونەری مومکینە، نە خەیاڵی. لە خەیاڵی خۆت شتێك دابنێی‌و داوای بکەی! ئەوەی کە واقێعییەتە جێبەجێ دەبێ، ئەوە سیاسەتە، ئەوەی دیکە شێعرو خەیالاتە. قەدەغە نیە شێعرو خەیالات. ئێمە بە شێعرو خەیالات کاری سیاسی ناکەین.

دەڵێن حیزبی دێموکرات، موزاکرەجو بووە، ئاشتیخواز بووە، ئەوەش وەکو جنێو دادەنێن، هەروا بزانە شتێکی زۆر خراپە! نەخێر! شتێکی زۆر باشە. ئێمە ئاشتیخوازین‌و موزاکرەش دەکەین. ئێستا کە باسم کرد، ئێمە بە تاقی تەنیا لە ئێراندا شەڕ دەکەین. لە شیمالەوە نەقیزەیەکی لێ‌دەدەین‌و هەڵدێین لە جنووبەوە

زەربەیەکی لێدەدەینو لەولاوە دیسان ئەزییەتی دەکەین. بۆ وا دەکەین؟ خۆ ئێمە دەزانین بەوە ئەو ڕێژیمە ناڕووخێ. ئەی بۆ وا دەکەین؟ شتەکە روونە. ئەوەندەی لێدەدەم هەتا هەراسانی دەکەم کە بڵێ باشە بۆ وا دەکەی؟ کە هات بڵێ بۆ وا دەکەی، ئەو وەختە پێی دەڵێم بۆ وا دەکەم. ئەو وەختە دەبێتە چی؟ دەبێتە موزاکرە. لە واقیعدا ئەمن شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە. ئێمە دەڵێین کە مەسەلەی کورد حەللی نیزامیی نیە. مەبەستمان ئەوەیە ئەوانەی کە دانیشتوون لە ئەمریکاو لە ئورووپاو لە بەغداو نازانم لە کوێ، دەڵێن بۆ شەڕ ناکەنو بۆ خۆ هەڵ ناکەن؟ وەڵامەکەی هاسانە. ئەگەر پیاوی وەرە بۆخۆت شەڕ بکە. بەڵام ئێمەین ئێستا شەڕەکە دەکەین. دەبزانە چەندە ئەوانە بێشەرمو دوو روون کە بە حیزبی دێموکرات دەڵێن شەڕ بکە. هەتا پارەکە دیسان کۆمەڵە هەبوو، ئێستاش کۆمەڵە هەموو ئەندامانی خۆی کۆ کردۆتەوەو ئەوی ماویەتی سی چل کەسی لێ دەرهێناوە وەك کۆماندۆو ئەوی دیکەش بە سەفەر دەڕۆن بۆ دەرەوەو لە سوئێدو ئینگلستانو فەرانسەو ئاڵمان شۆڕشەکە ئیدامە دەدەن!!! کەوابوو ئێمە دەڵێین موزاکرە دەکەین، بەڵام موزاکرە بۆ چی؟ موزاکرە بۆ دێموکراسیو خودموختاری. ئەگەر ڕێژیمی خومەینی ڕۆژێك هات گوتی من حازرم خودموختاری بدەم بە شێوەیەك کە حیزبی دێموکرات مەوافیقەتی دەگەڵ بکا. ئەو وەختە ئێمە بە میللەتی کورد بڵێین چی؟ چەك! ئەو وەختە بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە شەڕەکە دەکەین هەر بۆ شەڕ. مەنزوورم ئەوە نیە کە خومەینی شتی وا دەڵێ، پێموابێ تا خومەینی مابێ شتی وا ناڵێ.

ئێمە لە عەینی وەختدا کە ئێستا شۆڕشگێڕترینو شەڕکەرترین هێزی ئێرانیین، دە عەینی وەختدا مەسئوولترین حیزبی ئێرانیشین. هەر بۆیەش میللەتی کورد دەزانێ کە ئێمە مەسئوولانە دەجووڵێینەوە. میللەتی کورد دەزانێ کە لە زەمانی ئاشتیدا شەڕ بکەینو لە زەمانی شەڕدا بڵێین دادەنیشین. دە زەمانی شەڕدا، شەڕ دەکەینو ئەگەر ئاشتی بوو ئەوە ئاشتی دەکەین. کەوابوو ئێمە هیچ ناشارینەوە، ئەگەر ڕۆژێك هەر ڕێژیمێك لە تاراندا بێتە سەرکار لە سەر دێموکراسیو خودموختاری دەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا، هیچ باکمان نیەو بە ئاشکرا دەڵێینو دەنووسینو لە رادیۆ بڵاوی دەکەینەوە، کەسێکیش کە پێمان دەڵێ موزاکرەچو ئەوەی بە جنێو نازانین، پێمانوایە حەقی خۆیەتی. گوتم ئێمە مەبەستمان هەر ئەوەیە ئەو ڕێژیمە ناچار بکەین.

یا ئەوەندە درێژ دەبێ شەڕی مە تا ڕژێمەکە دەڕووخێ یا ئەوەندە کە ناچاری دەکەین کە بێتە سەر مێزی موزاکرە. لە هەموو دنیاش ئێوە تماشا بکەن لە ئانگولا موزاکرە دەکەن، لە سریلانکا موزاکرە دەکەن، لە فەلەستین دەگەڵ ئیسرائیل موزاکرە دەکەن. باشە بۆ هەموو خەڵکی دنیا ڕەوایە، بۆ کوردی بەدبەخت قەدەغەیە. ئەوان بۆخۆیان هیچیان لەئێراندا پێ‌ناکرێ، موجاهدین‌و ئەوانی دیکە هیچیان پێ‌ناکرێ، لەمەودوا بەغداش زۆر گەرمە، گەرما تینیان بۆ دێنێ، ناشتوانێ بچێتەوە ئێرانێ. باشە فکرەکە ئەوەیە کە ئەمن هیچم پێ ناکرێ بەڵام ئەتۆ هەر شەڕ بکە. باشە شەڕەکە دەکەم، بەڵام بۆ تۆی ناکەم، ئەمن شەڕەکە بۆ خۆم دەکەم‌و ئەگەر ڕۆژێك یەکێکی ئاوا پەیدا بوو لە تاران هات گوتی: با شەڕ نەکەین، ئەوەی تۆ دەتهەوێ جێبەجێی دەکەم، خۆ من ئەو وەختە شێت نەبووم شەڕەکە بکەم. لە بەر خاتری چی شەڕ دەکەم؟! ئێمە لە سیاسەتدا ئەو بڕوایەمان نیە یا دەبێ "خومەینی" بێ یا دەبێ "ڕەجەوی" بێ. ئەمە ئەو شتەمان نەگوتووە. ئێمە دەڵێین ئەو ڕژێمە ڕەنگە ماوەیەکی دیکەش لە سەرکار بێ ڕەنگە پاش "خومەینی"ش "ڕەجەوی" نەیەتە سەر کار - هەر نایەتە سەر کاریش - باشە کەوابوو ئێمە دەگەڵ ڕژێمێك تەرەفین لەوێ دانیشتووە. ئەگەر ڕژێمەکە ئەتۆ دەتوانی بیڕووخێنی کە ئیددیعات زۆرە، فەرموو خۆ کەس پێشی پێ نەگرتووی، بیڕووخێنە، ئێمەش پێمانخۆشە بڕووخێ. ئێمە پێمان خۆشە، کێ پێی ناخۆشە؟ ئەمە ئەوشۆ بە ئیستراحەت بنووین‌و بەیانی هەستین بزانین "خومەینی" رووخاوە. بەڵام خەون‌و خەیاڵات شتێکی دیکەیەو واقعییەت شتێکی دیکەیە. کە ناتوانی ڕژێمەکە بڕووخێنی هیچت لە دەست نایە، شەڕیشت پێ‌ناکرێ، دووکەسیشت لە هیچ شارێکی ئێران نەماوە کە شتێکت بۆ بکا، تۆ داوا دەکەی شەڕەکە من هەڵی‌هایسێنم. پێت وایە کورد، کوردی جارانە. لە بۆیە ئەگەر هاتو ئەو ڕژێمە، جارێ ڕژێمێکی کۆنەپەرستی سەدەکانی نێوەنجییە کە شتێکی لێ دەرنایە، بەڵام ئەگەر سبەینێ وەزعی ڕژێمەکە گۆڕاو تەغیراتێك پێکهاتو یەکێکی وا پەیدا بوو، گوتی: بەڵێ من حازرم خودموختاری بدەم، دەی‌کەین. ئێمە حیزبێکی مەسئوولین. خوێنی یەك پێشمەرگەمان بە دنیایەکی نادەین، پێمخۆش نیە یەك پێشمەرگەمان شەهید بێ، شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ هەدەفێك دەکەین. شەڕمان پێ‌ناخۆشە، ئەگەر لە ڕێگای ئاشتی لە ڕێگای وتووێژەوە حەقی خۆمان وەربگرین بۆ

شەڕ دەکەین. ئێمە عاشقی شەڕ نین. ئێمە عاشقی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیو خودموختارین.

جا من ئارەزووم ئەوەیە ئەوەی کە باسمان کرد لێرە، پێکەوە هەرکەس لە جێگای خۆی، ئەرکی خۆی بە چاکی بەجێبگەینێ. ئەمن دڵنیام کە ئەوساڵ، هەم ئێوە وەك پێشمەرگەو بە تایبەت وەك هێزی مەڵبەندی شیمالو ئێمە وەك بەڕێوەبەری ئەو حیزبەو هەموو هێزەکانی دیکەمان لە ناوەندی کوردستانو لە جنووبی کوردستان، ئەوساڵ دەبێ ئەرکی خۆمان باشتر لە پارو ساڵانی دیکە بەجێ بگەیەنینو دڵنیام کە چەند هەنگاو لە ئامانجەکانی خۆمان کە دێموکراسیو خودموختاری‌یە نزیك دەبینەوە.

ژێدەر:

* ئەم نووسراوەیە لە گوتارێکی دوکتور قاسملوو لە نێو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال، چەند مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق ـ ئێران، لە رووی نەواری کاسێت پیادە کراوە.

فەسڵی هەشتەم:

لادانی تاقمی حەوت کەسی

وتاری مێژوویی کاک دوکتور قاسملوو سەبارەت بە لادانی تاقمی حەوت کەسی لە ڕێبازی حیزبو گەل*

خۆشکو برایانی خۆشەویست! سلاوێکی گەرمتان لێ دەکەمو خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم کە جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی قارەمانی مەهاباد دەدوێم.

ولاتەکەمان هەروەك چەند مانگ لەوەی پێش، لە وەزعێکی سیاسی، لە شەرایتێکی سیاسی زۆر ناسك دایە، ئەوی ئێمە هەتا ئێستا لە میللەتی خۆمان دیوە ئەوەیە کە، میللەتی کورد یەکپارچە، "متحد" هەستاوەو داوای حەقی خۆی دەکا. ئێمە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە شانازی بە میللەتی خۆمان دەکەین، شانازی بەوە دەکەین کە سەراسەری کوردستان یەکپارچە هەستاوە دژی کۆنەپەرستیو بۆ دێموکراسی لە ئێرانداو بۆ خودموختاری لە کوردستاندا خەبات دەکا.

ئێمە زۆرجار هەر لەو مەیدانەدا رامانگەیاندوە کە لایەنگری ڕێگای ئاشتیخوازانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردین. زۆرجار گوتوومانە کە میللەتی کورد شەڕخواز نیە، میللەتی کورد شەڕی ناوێ، بەڵام میللەتی کورد داوای حەقی مەشرووعی خۆی دەکا. زۆرجار لەو مەیدانەدا رامانگەیاندوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەموو وەختێك ئامادە بووەو ئامادەیە بۆ ئەوە کە لە ڕێگای ئاشتییەوە میللەتی کورد بە ئاواتی خۆی بگەیەنێو وەزعێکی وا پێکبێ کە میللەتەکەمان پاش وەرگرتنی حەقی خودموختاریی خۆی بتوانێ ژیانێکی بەختیار

بۆخۆی درووست بکا. ئەوە ئێمە نەبووین، پێشمەرگەکانی قارەمانی کوردستان نەبوون کە ئەو شەڕەیان دەست پێکرد، شەڕ لە لایەن ئەو کەسانەوە دەست پێکرا کە دەیانەوێ بە زۆر، بە زۆری فانتۆمو هێلی‌کۆپتێرو تۆپو تانك میللەتەکەمان چەك بکەن، لێرە لەو مەیدانەدا گوتمان چەككردنی میللەتی کورد ئاسان نیە. میللەتی کورد بێ‌ئەوەی داخوازەکانی بێتە دی چەك ناکرێ. ئێستا نێزیکی چەند مانگە شەڕێك بە سەر ئێمەدا تەحمیل بووە، ئێمە پێمان خۆشە کە ئەو شەڕە هەرچی زووتر دوایی بێ. ئێمە پێمانخۆشە کە ئێران کە پاش شۆڕشێکی گەورە بە سەر ئێمپریالیزمدا سەرکەوتووە، پاش شۆڕشێکی گەورە ڕێژیمی مەنفووری شاهەنشاهیی لەبەین بردوە، ئەو میللەتە (میللەتی کورد) وەك هەموو گەلانی ئێران، پێمانخۆشە بە ئاواتی خۆی بگا، لە سولحو سەفا، لە ئاشتی‌دا هەموو ئاواتەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەلاّم بەداخەوە لە نێو قودرەتی حاکمدا، لە نێو دەسەلاّتی حاکمدا هێزی وا هەیە کە تەنیاو تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە بەزۆر، بە زۆری چەك مەجبوورمان بکا چۆك دابدەینو تەسلیممان بکا. هەتا گەیشتۆتە ئەو جێگایە کە هێندێك لەوانە دەڵێن کە ئێمە تەنانەت حازر نین وتووێژیش بکەین لەگەڵ میللەتی کورد. باشە نایانەوێ وتووێژمان لەگەڵ بکەن، نایانەوێ حەقمان بدەن، بارەها گوتوویانە کە ئێمە ئامادەین ٦ ئەسڵی پیشنهادیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێعلام بکەین، هەتا ئێستاش کە ئێستایە میللەتەکەمان چاوەڕوانە، هەتا ئێستاش هیچیان ئێعلام نەکردووە، کەوابوو ئەوە کە شەڕە، ئەوە کە ئێمە شەهید دەدەین، ئەوە کە پێشمەرگە قارەمانەکانمان خۆیان فیدای میللەتو نیشتیمانو شەرافەتی گەلی کورد ئەکەن، ئەوە خەتای ئەو کەسانەیە کە دەستوور بە ئەرتەشو پاسدار دەدەن کە میللەتەکەمان لەبەین بەرن. ئێمە حەملەمان نەکردووە، ئێمە پەلامارمان نەبردووە، ئەوان هاتوون، ئەوان پەلاماریان هێناوە. زۆرجار ئێعلامان کردبوو و ئێستاش رادەگەیەنین هەتا ئەوەندە بتوانین، هەتا ئاخر قەترەی خوێنی خۆمان دیفاع لە شەرافەتو ناموسو ئازادیی میللەتەکەمان دەکەین. ئەگەر هەتا ئێستا لە تاران، لە جێگای دیکە، زۆرکەس هەن ئەوەی حاڵی نەبوون، دەبێ ئێستا حاڵی بن، میللەتی کورد بەزۆر تەسلیم نابێ، بە وتووێژ ، بە وەرگرتنی حەقی خۆی شتێکی دیکەیە. ئامادەین ئێستاش ئامادەین، بەتایبەت کە ئێستا دەبینین لە داخیلی هەیئەتی حاکمدا، ئیختیلافێکی زۆر توند

پێکهاتووه. له سەر بەڕێوەبردنی رادیـۆو تەلـەڤزیۆن ئیختیلافیـان هەیـە، لـه سـەر داخستنو دانەخستنی دانشگاکان ئیختیلافیان هەیە، له سەر دانـانی "نخست وزیر" ئیختیلافیان هەیە، له سەر مەسەلەی کوردستان ئیختیلافیـان هەیـە، ئێمـە لەگـەڵ ئەوەی هەتا ئێستا قسەی خۆشمان له هیچ لایەکەوە نەبیستووە، بەڵام به لێکدانـەوەی خۆمان، به لێکدانەوەی حیزبەکەمان هاتوینە سەر ئەو باوەڕە که لەو ئیختیلافەدا که بەینی رەئیس جمـهوور "بنی‌صـدر" و هێنـدێ لەوانـەی کـە "متعصـب"و دوژمنـنو دەیانەوێ به هەموو هێزەوە سیاسەتی ولاتەکە بکەن به ئینحیساری خۆیـانو هـەموو دەسەلاتی ولاتەکە بەدەستەوە بگرنو ولاتەکەمان بەرەو دیکتاتۆری بەرن. لـە بـەینی ئەو دوانەدا ئێمە ئامادەین ئەگەر داخوازەکانی میللەتی کورد بێتەدی، ئەگەر بەڵێنی بدرێ که له ئێراندا دێموکراسی دەبێ لـە تـەرەف رەئیـس جمـهوور "بنی‌صـدر"ەوە، ئامادەین له بەنی‌سەدر له موقابیل مورتەجێعەکاندا پشتیوانی بکەین.

ئەمن پێم‌خۆشه له لایەن هەموو گـەلی کـوردەوە، لـە لایـەن خـەڵکی قارەمـانی مەهابادەوە، لێرەدا را بگەیەنم که ئێمه بۆ دیفاع له ئازادی له ئێرانداو بۆ وەرگرتنـی هەقی میللەتەکانی زۆرلێکراوی ئـێران،و بـۆ دابینکردنـی هـەقی زەحمەتکێشـان لـە سەرانسەری ئێرانداو هەروەها بۆ ئەوەی به تـەواوی ریشـەی ئیمپریـالیزم لـە ولاتـی خۆماندا دەرهێنین، ئامادەین بۆ ئەوە پشتیوانی له سیاسەتێك بکەین که هیوادارین رەئیس جمهوور بەنی‌سەدر بیگرێتە پێش. هەروەها ئیجازەم بدەن لێرەدا را بگەیەنم که پێرێ، دوو رۆژ لـەوەی پێـش لـە تـەرەف "علامـه نـوری"یـەوە ـ کـە لـە تـەرەف بەنی‌سەدرەوە کراوە به نمایەندەی "تام‌الاختیـار" بـۆ وتوویـژ لـە کوردسـتاندا ـ، لـە تەرەف جەنابی عەلامە نووریەوە، پەیامێك ناردراوە بۆ ئێمە، لەو پەیامـەدا دەڵێـن: ئایا ئەگەر ئێمە لەگەڵ کەلیمەی خودموختاری که له لایـەن میللـەتی کـوردەوە زۆر خۆشەویستە، کەلیمەی ئیسلامیشی لەگەڵ دابنێین ئێوە نـەزەرتان چیـە؟ ئێمـە لـێرە ئیعلانی دەکەین که میللەتی کورد زۆربەی زۆری موسوڵمانەو ئەگـەر خودموختـاریی ئیسلامی بدرێ به میللەتی کورد، قەبووڵی دەکاو پێشی خۆشه.

خۆشکو برایانی خۆشەویست!

له شەرایتێکی ناسکی ئەوتۆدا، نۆکەرانی ئیمپێریالیزم ئەوانەی که ساڵەهای ساڵ خزمەتی رێژیمی مەنفووری شاهەنشاهیان دەکرد وەك "پالیزبان"، وەك "ئووەیسـی"،

وەك سەدانی دیکە خەریکن لە موبارزەی ئەسیلی میللەتەکەمان ئیستیفادەی خراپ بکەن، خەریکن نێوی خەباتی ئەسیلو قووڵی میللەتەکەمان بەدناو بکەن. ئێمە لێرەدا رادەگەیەنین کە میللەتی کورد ئەو نۆکەرانە باش دەناسێ، نە پالیزبانی قەبووڵە، نە "ئووەیسی" قەبووڵە، نە "بەختیار"ی قەبووڵە نە عەلیی قازی قەبووڵە، هەموویان مەحکووم دەکا. ئێمە رادەگەیەنین کە هێندێ گرووهەکی دیکەش وەك "حامێدبەگ"، "سەرداری جاف"، "سوپای رزگاری"و هەموو ئەوانەی دیکە هیچیان ناتوانن‌و حەقی ئەوەیان نیە بە نێوی میللەتەکەمان قسە بکەن. ئەوانە بەکرێگیراون‌و میللەتی ئێمە قەت حازر نیە بچێتە ژێر باری هیچ دەستەیەکی بەکرێگیراو. ئیمپریالیزم لە رێگای دەرباری شاهەنشاهی‌یەوە، لە رێگای ئووەیسی‌و بەختیارەوە، لە رێگای عەلی قازی (کوڕی رەش)ەوە، لە رێگای زۆر کەسی دیکەوە، لە عێراق‌و تورکیەوە خەریکە عەوامیل بنێرێ‌و میللەتی ئێمە بە فریو بەرێ. میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، تەجروبەی سیاسیی زۆرە، زۆر باش حاڵی بووە کە کێ دۆستیەتی، کێ دوژمنیەتی. لە بەر ئەوە ئێمە لێرە ئێعلام دەکەین کە میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بە رەهبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێگای ئەسیلی خۆی دیوەتەوە. ئەو رێگایە زۆر روونە، خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران، خەبات بۆ خودموختاری لە کوردستان، خەبات بۆ دیفاع لە حقووقی زەحمەتکێشان، ئەوەیە رێگای ئێمە. حیزبی ئێمە ئەو رێگا راستەو ئەو رێبازە "صحیح"ە قەد بەر ناداو هیچ هێزێك نە لە داخیلی کوردستان‌و نە لە خاریجی کوردستان، ئیمکانی ئەوەی نیە کە بتوانێ ببێتە هۆی ئەوە کە حیزبی ئێمە ئەو رێبازە "صحیح"ە لە دەست بدا.

خۆشك‌و برایانی خۆشەویست! ٣٥ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێگای ئەسیلی خۆی درێژە پێ‌دەدا. ئێمە لەو رێگایەدا زۆر تووشی تەنگو چەڵەمە بووین، زۆر فیداکاریمان کردووە، زۆر کەس لە رۆڵە نەبەزەکانی ئەو میللەتە لە رێگای وەرگرتنی حەقی خۆیاندا شەهید کراون، بە سەدان پێشمەرگەمان هەر لەو چەند مانگەدا ژیانی خۆیان لە رێگای ئازادیی میللەتی کورددا بەخت کردووە، تەواوی تاریخی میللەتەکەمان‌و حیزبەکەمان خوێناوی‌یە، "ئێمە رۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین، سەیری کە خوێناوی‌یە رابردوومان". ئێستا لەو رێگایەدا، زۆرجار تەنگو چەڵەمە هاتۆتە پێش، زۆرجار تووشی شکست بووین، زۆر جاریش سەرکەوتووین،

بەلاّم رێگای "صحیح"و ئامانجەکانی باشی خۆمانو میللەتەکەمان بەر نەداوە. ئێمە لە موقابیلی هەموو ئەو تاوانو "اتهام"ە کە لە لایەن ئەو کەسانە کە ئێمە بە کۆنەپەرستیان دادەنێن لە ئێراندا، دژی حیزبەکەمانو میللەتەکەمان دەگوترێ، دەلێین: میللەتی کوردو هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێمە لە پێش هەمووانـدا خۆمان بە ئێرانی دەزانینو بۆ ئازادیو سەرکەوتنی ئێران، بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران خەبات دەکەین، ئێمە پێمانخۆشە لەگەلّ هەموو هێزەکانی دێموکراتی ئێرانی، لەگەلّ هەموو ئەوانە کە بەڕاستی دەیانەوێ خزمەت بە شۆڕشی ئێران، بە گەلانی ئێران، بە زەحمەتکێشانی ئێران بکەن، لەگەلّ هەموویان پێمانخۆشە هاوکاریمان هەبێو ئێمە لەو بارەوە لە تەرەف حیزبی دێموکراتەوە، هیچ درێغیمان نەکردووەو چوکترین کۆسپێکیش لە رێگای ئێمەدا بۆ ئەو هاوکاریە نیـە.

ئێمە پێمان وایە کە ئەگەر وەزعی ولاّتەکەمان شپرزەیە، کە ئەگەر وەزعی ئیقتیسادی ولاّتەکەمان رۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ، ئەگەر لە "محاصره"ی ئیقتیسادی داین، ئەگەر رۆژبەڕۆژ گرانتر دەبێ هەموو شتێك کە زەحمەتکێشان ناتوانن بەڕاستی ئەو شتومەکەی کە پێویستە بکڕنو ئەگەر وەزعی سیاسی ولاّتەکە تێکچووە، لە سەرانسەری ئێراندا هەزارو یەك کێشە ساز بووە، ئەگەر وەزعی "اجتماعی"ی زەحمەتکێشان خراپە، ئەگەر هەموو ئەوانە راستنو ئەگەر دەمانەوێ هەموو ئەو مەسائیلە حەل بکەینو هەروەها ئەگەر دەمانەوێ بە جیدی لە موبارزەماندا دژی هەموو دوژمنانی دەرەوە سەرکەوین، یەك رێگا هەیە ئەویش یەکگرتنی هەموو هێزەکانی دێموکراتی ئەسیل، هەموو هێزەکانی شۆڕشگێڕی ئێرانە. ئەمن بە ناوی هەمووتان، بە ناوی هەموو گەلی کوردەوە، لێرەوە بە هەموو سازمانەکانی ئێرانی کە بەڕاستی دیفاع دەکەن لە حەقی میللەتە زۆرلێکراوەکان، دیفاع دەکەن لە دێموکراسی، خەبات دەکەن دژی ئیمپریالیزم، دیفاع دەکەن لە حەقی زەحمەتکێشان، بە هەموویان رادەگەیەنین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیە بۆ هاوکاری.

خۆشكو برایانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی میللەتی کوردە. دیارە ئەو حیزبە خۆشەویستە، ئەگەر تووشی ئیشتیبا بێ، ئەگەر تووشی تەنگوچەلّەمە بێ یا ئەگەر ناکۆکیی تێدا پەیدا بێ، میللەت پێی ناخۆشە. ئێستا ماوەیەکە چەند

کەسێك لە ئەندامانی کۆنی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکیان دەرکردووەو رێگای خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جودا کردۆتەوە. دیارە ئەو پشتیوانیە بەرینە کە ئێستا ئێوە، لێرە لەو مەیدانەدا لە حیزبی دێموکرات دەکەن، باشترین جوابە بە ئەو کەسانەو رادەگەینێ کە ئێوە رێگای راستی حیزبی دێموکرات تەئید دەکەن. لە خەڵکی قارەمانی مەهاباد، لە خەڵکی تێگەیشتووی مەهاباد، ئێمە هەر "انتظار"مان ئەوە بووە کە هەموو وەختێك کە وەك جاران پشتیوانی حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بن. ئەمن بە ناوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، زۆر زۆر سوپاستان لێ دەکەم.

خۆشكو برایانی خۆشەویست!

زۆر لە جەوانان، لە سەر ئەو مەسەلەیە باس دەکەن، بۆچی وای لێهات؟ بەداخەوە دەبێ بڵێین کە ئەو چەند کەسە بە کەیفی خۆیان ئەو کارەیان نەکرد. بەداخەوە دەستێك لە دەرەوەڕا هانی دان، دەستێك کە دەفتەری سیاسیی ئێمە دیاریی کردووە. ئەوانە بۆ داپۆشینی ئەو کارە نالەبارەی کە کردوویانە، هەزار "اتهام" بە حیزبی ئێمە وارید دەکەن، ئەو "اتهام"انەی کە "خلخالی" پێمان وارید دەکا، "چمران"و "ظاهرنژاد" پێمان وارید دەکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێش هەموو شتێك، ئیستیقلالی حیزبیی خۆی خۆش دەوێ، پێش هەموو شتێك بێزارە لە "وابستگی" بە هەر جێگایەكو بە هەر کەسێکەوە بێ. پارەکەش پێیان گوتین ئەوانە بەعسین، ئەوانە سەهیۆنیستن، ئەوانە کومۆنیستن، ئەوانە "تجزیه طلب"ن، جا ئایا ئێستا عەیب نیە لە مەهاباد یەکێك هەستێو پەیدا بێو ئەو "اتهام"انە لە بارەی ئێمەدا تیکرار بکاتەوە.

خۆشكو برایانی خۆشەویست!

حیزبی دێموکرات حیزبێکی سیاسییە، ئێمە کە لە تەرەف دەفتەری سیاسیەوە بەیاننامەمان دەرکردووە، بۆ ئەوە بووە رێگای راست بە خەڵك نیشان بدەین، مەسەلەکە زۆر روونە فەلسەفەی ناوێ، هەر ئینسانێکی سادە ئەوەی تێ دەگا، یان لە سەنگەری میللەتدای یان سەنگەری میللەتت بەجێ هێشتووەو لە سەنگەرێکی دیکەدای، تەکلیفی خۆت روون بکەوە، لەو دووانە یەکێك. رێگای سێهەم لێرە نیە.

لە بەینی حەقو باتڵدا، لە بەینی میللەتو دوژمنانی میللەتدا دەبێ ڕێگای خۆت روون بکەیەوە. یان لەگەڵ میللەتی یان لەگەڵ دوژمنانی میللەت.

خۆشکو برایانی خۆشەویست!

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتو وەك کومیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی، ئەو سێ ڕێگایە لە پێش ئەو چەند کەسە دادەنێین، ئیختیار بە خۆیانە، ئەوەڵەن، حیزبی دێموکرات وەك باب وایە بە قەوڵی کوردیی خۆمان "نەچوە بچێ"، ئەگەر لە کردەوەی خۆیان پەشیمانن، ئەگەر دەیانهەوێ بگەڕێنەوە باوەشی میللەتو حیزبو ئەو میللەتە کە ئێستا بە هەزاران کەس کۆ بوونەتەوە، بگەڕێنەوە ڕێگا ئاوەلایە ئێمەش قبووڵیان دەکەین. ڕێگای دووهەم: باشە، نەزەریان ئەوەیە کە لەگەڵ ئێمە ڕێك ناکەون ئەو وەختە دەچن حیزبێکی دیکە تەشکیل دەدەن کەیفی خۆیانە، دەچنەوە ئەو حیزبەی کە هەر لە پێشداش هاوکاریان لەگەڵ دەکرد، لە واقیعدا ئەکسەریان ئەندامی ئەو حیزبە بوون (حیزبی توودە)، با بچنەوە، بۆ ئێمە هیچ ئیشکاڵی نیە.

[لە لایەن خەڵکەوە دروشمی "مرگ بر توده" بەرز دەبێتەوە]

خۆشکو برایانی خۆشەویست!

"مرگ بر توده" شوعاری حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە، ئەگەر ئەوانە بچنەوە لە حیزبی توودەی ئێراندا فەعالییەت بکەن، هیچ ئیشکالێکی بۆ ئێمە نیە، ئێمە دێموکراتین، ئیمانمان بە دێموکراسی هەیەو هەموو حیزبێکیش حەقی فەعالییەتی هەیە.

ڕێگای سێهەم؛ ئەوەیە کە ئێستا ئەوان گرتوویانەتە پێش، دەڵێن ئێمە حیزبی دێموکراتین. جا کەنگێ ٧کەس حیزبی دێموکرات بووە؟ دەڵێن ئێمە بە ناوی کونگرەی چوارەمەوە قسە دەکەین. ئێمە، کومیتەی ناوەندیی ئێمە، نەزەری خۆی لە سەر ئەو نامیلکەیە کە نووسیویانە بڵاو کردۆتەوە، ئەورۆ دەگاتە دەستانو لەوێ بۆتان دەردەکەوێ کە ئەوانە بە تەواوی لە ڕێبازی کۆنگرەی چوارەم لایان داوە، "منحرف" بوون لە ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە بەر ئەوە خۆشکو برایانی خۆشەویست، ئێمە لێرە ڕادەگەیەنین حیزبی دێموکرات یەکە، تاقە حیزبی دێموکرات

هەیە لە کوردستانی ئێراندا، هیچکەسێکی دیکەش حەقی نیە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان فەعالییەت بکا.

لە بەر ئەوە، ئەوانە ئەگەر ئەو دوو ڕێگایەی پێشتریان هەڵنەبژارد، دەبێو زۆر شتێکی مەشرووعە، هەرچی ئەموالی حیزبی دێموکراتیان لە لایە، دەبێ تەسلیمی حیزبی دێموکرات بکەنەوە. چونکە حیزبی دێموکرات ئەو حیزبە نیە، لەو کوردستانەدا یەکێك بتوانێ کەڵەگایی لێبکا. حیزبی دێموکرات ئەوەی قبووڵ ناکا.

خۆشکو برایانی خۆشەویست!

کێ ڕۆیشتوەو کێ ماوە؟ چەند کەس ڕۆیشتوون حیزبی دێموکرات هەر لە جێگای خۆیەتی. ئەوانەی ڕۆیشتوون ئەو سیاسەتەی پێشنیار دەکەن سیاسەتێکی دەستی ڕاستی، کۆنەپەرستانە، سازشکارانەیە، ئەوەی حیزبی دێموکرات بەڕێوەی دەبا، سیاسەتێکی ئینقلابی، دەستی چەپیو "مترقی"یە. ئەوەیە فەرقەکەمان. سیاسەتی، ئێمە شەڕخواز نین، بەلاّم تەسلیمتەڵبیش نین، تەسلیم نابین. ئەو کەسانەی کە ڕۆیشتوون دەبێ بۆ میللەتی کورد، ڕوون بکەنەوە کە ئایا ئێمە چەکی خۆمان دابنێین یان دانەنێین؟ با نەزەری خۆیان بە سەراحەت بڵێن. ئێمە دەڵێین، گوتوومانەو تیکراریشی دەکەینەوە، بەڵێ چەکی خۆمان دادەنێین ئەو وەختە کە دێموکراسی لە ئێراندا "تأمین"بێ، خودموختاری لە کوردستان وەرگیرابێو پێشمەرگە قارەمانەکانمان ئینتیزاماتی کوردستانی بە دەستەوە بگرن. ئەوانە دەیانهەوێ پێشمەرگەکانی ئێمە کە بە سەدان شەهیدیان داوە چەك بکەن، نە، پێشمەرگەی ئێمە حازر نیە چەك بکرێ، ئەوە هەموو کەس دەبێ بزانێ.

[دروشمی "بژی هێزی پێشمەرگە ـ دوژمن نەسیبی مەرگە" دەگوترێتەوە}

ئەوەی کە لێرە عەرزم کردن، بۆ ئەوەیە کە تەکلیفی خۆمان لەگەڵ هەر کەسێك کە لەو حیزبەدا لە ڕێگای "صحیح" لادەدا ڕوون بکەینەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی عەزیمە، حیزبێکی سەرکەوتووە، حیزبی خۆشەویستی هەموو میللەتەکەمانە، هەرکەس، هەرچی لە رابردووی ئەو حیزبە لابدا، میللەت مەحکوومی دەکا، جا ئەو کەسە چ عەبدولڕەحمانی قاسملوو بێ، چ هەرکەسێکی دیکە بێ.

[دروشمی "سەلام بەر دێموکرات ـ درووود بەر قاسملوو" دەگوترێتەوە]

خۆشكو برایانی خۆشەویست!

لەبیرتان نەچێ، دیارە ئەوە مانگێکە چاومان بە یەکتر نەکەوتووە، بازە شتێکتان لەبیر چووە، یەکێك لەوانە ئەوەیە شوعاری ئێمە هەر "درووود بەر دێموکرات"ە، فەردپەرستی لە حیزبی دێموکراتدا نابێ ببێ. فەردپەرستی بە زەرەرمان تەواو دەبێ.

زۆر قسەی دیکەش هەیە کە پێمخۆش بوو بیانکەم، بەڵام وەخت تەنگە، ناشمەوێ لەوە زیاتر ماندووتان بکەم. فەقەت پێمخۆشە یەك قسە حەل بکەین، ئەویش ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێگای ناونەتەوایەتیی خۆی روون کردووەتەوە. لە سەتحی "بین‌المللی"دا دۆستو دوژمنی ئێمە دیارە. ئێمە لەوەتی حیزبەکەمان هەیە، بە هەموو هێزمانەوە دژی کۆنەپەرستی موبارزە دەکەین، ئێمە لەوەتی حیزبەکەمان هەیە، لەو رۆژەوە کە پێکهاتووە، هەموو هێزەکانی "مترقی" دونیا بە دۆستی خۆی دەزانێ. ئەمن دەمەوێ لێرەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ناوی هەمووتانەوە رابگەیەنم، کە سیاسەتی "صحیح"ی ئێمە لە سەتحی "بین‌المللی"دا هەر درێژەی هەیەو بوختانو تاوانی چەند کەسێك ناتوانێ ببێتە هۆی ئەوە کە دۆستو دوژمنی خۆمان لە سەتحی "بین‌المللی"دا نەناسین. ئەوەتان لەبیر نەچێ کە هێندێکەس کە خۆیان بە "مترقی" دادەنێنو لە واقیعدا کۆنەپەرستن، دەیانەوێ بە ئێمە تاوانی کۆنەپەرستی بدەن، زیددی سۆسیالیستی بدەن. نەخێر ئێمە لایەنگری سۆسیالیزمین، لە بەرنامەی حیزبەکەماندا هاتووە لایەنگری هەموو هێزەکانی "مترقی" دونیاینو دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستیین، با ئەوە هەموو کەس بزانێ.

هەروەها ئیجازەم بدەن خۆشكو برایان خۆشەویست، عەرزتان بکەم کە هەتا ئێستا میللەتی کوردو بەتایبەت خەڵکی قارەمانی مەهاباد بە شەمی سیاسیی بەرزی خۆیان، بە تێگەیشتنی خۆیان، بە تەجروبەی سیاسیو موبارزەی خۆیان، بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە. ئەو شوورو "هیجان"ەو ئەو پشتیوانیە کە من ئێستا لە ئێوەی دەبینم، ئیجازە بدەن لە تەرەف کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە پێتان رابگەیەنم کە ئێمە تەردیدمان نیە، شکمان نیە، گومانمان نیە کە لە دوارۆژیشدا خەڵکی قارەمانی مەهاباد، بە هەموو هێزەوە پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات، لە هەموو شەرایەتێکدا دەکا.

ئیجازە بدەن، جارێکی دیکە لەو پشتیوانیە سوپاس بکەم، داوای سەرکەوتنتان بۆ بکەم کە میللەتەکەمان لە خەباتی توندی خۆی بۆ دابینکردنی دێموکراسی لە ئێرانداو بۆ وەرگرتنی خودموختاری لە کوردستاندا بە پشتیوانی ئێوەو بە رەهبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکەوێ

- سلاو لە پێشمەرگەکانی قارەمانی کوردستان کە ئالای ئازادیی کوردستانیان بەرز راگرتووە!
- سلاو لە رەوانی پاکی هەمووو شەهیدانی کوردستان!
- سلاو لە هەموو هێزەکانی دێموکراتی ئێران کە بە دڵەوە بە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێرانو دژی ئێمپریالیزم بۆ دێموکراسیو بۆ وەرگرتنی حەقی میللەتەکانی زۆرلێکراو خەبات دەکەنو موبارزە دەکەن.
- سلاو لە خەڵکی قارەمانی مەهاباد!
- سلاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
- سلاو لە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هیچ گومانی تێدا نیە لەو "تصقیە"یە ساغو سالمو بەهێزترو موبارزتر دێتە دەر.

جارێکی دیکە سوپاستان دەکەم، هاونیشتیمانانی خۆشەویست، خەڵکی قارەمانی مەهاباد، خودا حافیز، هەتا جارێکی دیکە لێرە یەکتر ببینینەوە.

ژێدەر:

* ئەم نووسراوەیە لە وتاری دوکتور قاسملوو لە سەر لادانی تاقمی حەوت کەسی لە ریبازی دێموکرات، دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٨ لە شاری مەهاباد وەرگیراوەو لە رووی نەواری کاسێت پیادە کراوە.

فەسڵی نۆهەم:

بۆ یادی گۆران

بۆ یادی گۆران*

دە ساڵ لەمەوبەر (١٨ی مانگی نوامبری ١٩٦٢) عەبدوڵڵا گۆران، گەورەترین شاعیری کورد لە چەرخی بیستەمدا کۆچی دوایی کرد. گۆران چوار ساڵ پێش مردنی پاش شۆڕشی چواردەی ژووئیە لە بەندیخانە ئازاد بوو خەریك بوو و سەرلەنوێ هونەری پایەبەرزی خۆی لە هەلومەرجێکی باشتردا بۆ نەتەوە زۆرلێکراوەکەی تەرخان بکا کە نەخۆشی ئەمانی نەداو بەم جۆرە شاعیرێکی بلیمەت، ئینسانێکی نموونە، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزو خەباتکەرێکی کۆڵنەدەر لە کیس چوو. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆی دەیانو تەنانەت سەدان شاعیری هونەرمەندی پەروەردە کردوە. زمانی کوردی هەرگیز لە شێعردا نەداریو هەژاری بەخۆیەوە نەدیوە. هەر چەرخێکی مێژوومان چەند گەورە شاعیرو چەند گەورە زانای کوردی تێدا هەڵکەوتوە. شاعیری چەرخی بیستەممان گۆرانە. گۆران لەو بلیمەتانەیە کە لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکدا بە دەیان ساڵ جارێك پەیدا دەبنو نەتەوەو مێژوو شانازییان پێوە دەکا. گۆران خاوەنی هونەرێکی بێهاوتای شێعر بوو، گۆران گەلو وڵاتی خۆی باش دەناسی، لەگەڵیان ژیابوو و لە ژیانو خەباتی گەل ئیلهامی وەردەگرت. پلەی خوێندەواری بەرز بوو، لە ئەدەبی بێگانە شارەزا بوو، هەموو کاتێك خەریك بوو شتێکی تازە فێر بێ تا لە کاروانی ئەدەبی جیهانی وەدوا نەکەوێ. ئەمانە هەموو لە خەیاڵی جوانو دڵڕاکێشی هونەری لە تاسەو ئارەزووی شاعیرانەیو لە ناوەرۆکی روونی مانای شێعرەکانیدا بەتەواوی دیار بوو. زمانی شێعریی گۆران زمانێکی پەتیو پاكو بێگەردە. خوێنەری کورد بە هەموو گیانو دڵیەوە هەستی پێ دەکا کە زمانی خۆیەتیو لێی تێدەگاو خەیاڵی شێعری شاعیر رایدەکێشێتە جیهانێکیتر. دەرگای

بەهەشتی بێپایانی هونەری لێ دەکاتەوە. زمانی گۆران پەتیو پاکە بەڵام دروستکراو نییە. وەك ئاوی سەرچاوە روونو رەوانە. چونکە گۆران زمانی گەلی خۆی باش دەزانێ. ئەو زمانەی کە کوردی جوتیار، کوردی کرێکار، شوانو سەپان پێی دەدوێن بەو زمانەش شێعریان بۆ دەڵێ، بەڵام دەیخاتە ناو قالبی زمانی ئەدەبییەوەو ناو چوارچێوەی هەڵبەستێك رێزمانی کوردی لەبیر نەکردۆتەوە. گۆران یەکێکە لەوانەی لە شێعری کوردیدا شۆڕشیان بەرپا کرد. وازی لە عەرووز هێنا کە لەگەڵ شێوەی زمانەکەمان باش رێك نەدەکەوت. بەم جۆرە گۆران شێعری کوردی لە بەندیخانەی عەرووزو قافیە رزگار کردو لەو کارەدا هونەرو وەستایی خۆی بەجوانی نیشان دا. بەڵام گۆران بۆ وەزنی شێعری تازەی کوردی دوور نەڕۆی، خۆی دەڵێ: "شێعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەند شێعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی رانەهاتوون. بەڵام لە بەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانەو لەگەڵ خەسایسی زمانەکەمان چاکتر رێك دەکەوێ بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەلای ئەدەبیی خۆمدا رۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنانە بچم تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواویو لام وایە بەیەکجاری بەرەڵا کرد."

کەوابوو گۆران گەڕایەوە سەر وەزنی تایبەتی نەتەوەییمان. چونکە دەگەڵ سروشتەکانی زمانەکەمان چاکتر رێك دەکەوێ. لە هونەری گۆراندا یەکیەتیی شێوەو ناوەڕۆك بەجوانی خۆی دەنوێنێ. بیری نوێ پێویستی بە شێوەیەکی نوێ هەبوو کە خۆی تێدا بنوێنێ. ناوەرۆکی نوێ بەرەبەرە چوارچێوەی کۆنی شێعری تێکشکاند، شێعر ئازاد بوو، شێعر رزگار بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ لە چوارچێوەیەکی تازەدا بیری نوێ دارێژێ، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی دەروونی لە قسەی زمانی دوور نەبێو ئەو خەیاڵەی پێی مەستە بۆی بخرێتە ناوی چوارچێوەی هەڵبەستی. هۆی پایەبەرزیی هونەریی گۆران هۆی سەرکەوتنی بێوێنەی لە شێعری کوردیدا، بەکورتی ئەمانەن: گۆران ئینسانێکی هەڵکەوتوو بوو، بیرو باوەڕی پێشکەوتووانە، کردەوەی جوان، جووڵانەوەی پیاوانەو شێوەی ژیانی سادەو بێڕیا، ئینسانێکی نموونەیی لە گۆران پێك هێنا بوو. گۆران ئینسانێکی نموونە بوو بەڵام لە ئاسمانەوە نەهاتبوو ـ پەری نەبوو ـ ئادەمیزاد بوو. وەك هەموو ئادەمیزادێك خەوشی هەبوو، نەشی دەشاردەوە. لە راستیدا ئادەمیزادی خۆش دەویستو هیچ شتێکی ئینسانی بۆی بێگانە نەبوو. لە شێعرەکانیشیدا ئەم فەلسەفەیە بەجوانی دیارە. دڵی ناسكو نەرمی گۆرانی شاعیرو بۆچوونی ئینسانیی ئەو لە دیتنی هێزی دیاردەی نیشتمان وەکوڵ دەهات،

خۆی پێ رانەدەگیراو لێکدانەوەی دەروونی دەخستە سەر کاغەزو زۆر جار شێعری کوردی دەگەیاندە بەرزترین پلەی خۆی. لە بەردەنووسێکدا لە زمانی کچێکەوە کە بە دەستی بابی بە تاوانی ناپاکی کوژراوە دەڵێ/ لاوێکی نامەردم تووش هات لە رێما/ بە سوێنو پەیمان/ وەك رەشمار پەپکەی خوارد نووست لە ناو جێما/ ئابڕوومی تکان/ منی کچ مامزی بەندیخانەی ژین/ سزای تاوانم بە دەستی باوکی خۆم چووم بۆ سەربڕین/ پرچی پەخشانم/ تالا لە خوێنەوە کەوتە سەر چاوم/ ئیتر نەمبینی لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم/ چۆن بوو بڕینی؟/ یان دایکی دڵسۆزم وێرای بە بێشەرم بۆ جوانەمەرگی/ وەك دایك شیوەنێك بگێڕێ بە گەرم رەش کا بۆی بەرگی؟

گۆران خەباتکەرێکی ئازاو بەجەرگ بوو لە ژیانو شێعری خۆیدا هەرگیز سەری بۆ زۆرداران دانەنواند، چەند ساڵ لە بەندیخانەدا مایەوە. بەڵام بە بیرو باوەڕی خۆی بەگەلو نیشتمانەکەی وەفادار ما. وەك هێندێ شاعیریتر تا رادەیەك گورچکبڕ، تەماع هەڵیئەفریوان، شێعر بفرۆشێ بۆ نان. زۆر جاران گوتراوە، گۆران شاعیرێك بوو بۆ شێعری دلداری داندرابوو، لەم جۆرە شێعرەدا گۆیا شێعرەکانی بەڕاستی بەرزن. بەلام کە دەگاتە شێعری نیشتمانی، شێعرێك کە بیروباوەڕی سیاسی تێدایە پایەی شێعرەکانی نزم دەبێتەوە. ئەم قسەیە راست نیە، مومکینە ئەم یان ئەو هەڵبەستی گۆران بە رێکەوت وەك شێعرەکانیتری جوان نەبن، بەلام هەڵبەستی نیشتمانیی گۆران نموونەی کەمێنەی جوانیی ماناو وشەیە. شێعری ئەژدەهاك بەسە بۆ نموونەی ئەم جۆرە شێعرانەی. دوا سەرنج (بۆ قژزەردی بەر دەرگا لە سەر رێی بەندیخانەما لە مووسڵەوە بۆ هەولێر) شاکارێکی بەرزی ئەدەبی کوردییە. ئەی قژ زەرد! / بە بەژنی ناو دەرگا گرتووت/ هەر وەکوو پەیکەری شۆخی خەمخواری/ مەلێ بووم لە باخچەی هونەرا بێجووت/ بۆ جوانیم رێك ئەخست شێعری دلداری/ بەلام ئەهریمەنی گەلای باخ سیسکەر بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی/ راوکەری دارستان لە باڵدار پیسکەر/ جێی چینەی لێ تەنیم بە داوی وردی/ هەر ئەوەم لە دەست دێ هەتا ئەتوانم/ تا لەم هەڵوێستەدا هەل بە کار بێنم/ وەك تینووی چاو لە ئاو بەکوڵ بڕوانم/ ئەو چاوەی تێم بڕیت نەیتروکێنم/ بۆ ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم/ نیگارێ هەڵکەنم شیوەی لێت بچێ!/ تا هەر چەند گازی گرت لە لەش زنجیرم/ ئازارم سووکتر کا خەیاڵی کچێ/ کە شۆخەو قژزەردو باڵا رێكو بەرز/ خەمخواری نەناسە وەك فریشتەی ئەرز/

گۆرانی خەباتکەر کە لە ساڵی ١٩٥٨ پاش شۆڕشی چواردەی ژووئیە لە بەندیخانە ئازاد بوو و لەگەڵ نیشتمانپەروەرە ئازادکراوەکانیتر هاتنەوە سلێمانی، خەڵکی سلێمانی پێشوازییەکی گەورەیان لیّ کردن. بەڵام گۆران خووی بە زۆر نەدەگرت، لەم بارەوە دەڵێ: من بەش بە حاڵی خۆم ئەم ئەندازە ستایشە بە هی خۆم نازانم، من تەنیا رەمزێکی بێڕواڵەتی خەباتو نەبەزینی گەل بووم. ئەمەش خۆی هۆیەکی گەورەییو بەرزیی گۆران بوو. گۆران شاعێرێکی نەتەوەیی بوو، گەلو نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەویستو شێعری بۆ گەلەکەی، بۆ نیشتمانەکەی دەگوت. هەرچەند لە هەڵبەستێ لە بەندیخانەدا دەڵێ: نا بۆ کوردێك کفرە، ئێستا کوردستان گوتن، بەڵام لە هەڵبەستی کوردستاندا بە شانازییەوە هاوار دەکا: کوردستان! جێگامی جێی هەزار ساڵەم، پەروەردەی ئەم دۆڵو سەر لوتکەو یاڵەم.

یادی گۆران لە لای هەموو کوردێکی هونەرپەروەر، لە لای هەموو ئەو هاونیشتمانانە کە زمانو ئەدەبی خۆیان خۆش دەوێ، خۆشەویستە. شێعرەکانی گۆران بە زۆر زمانان وەرگێڕدراونو ناوی کوردو شێعری کوردییان بەرز کردۆتەوە. گەلی کورد، شانازی بە گۆرانەوە دەکاو شێعرەکانی بە یەکێك لە نیشانەکانی هەرە بەرچاوی زیندووبوونی زمانەکەمانو نەتەوەکەمان دەزانێ. ژیانی گۆران پڕ بوو لە تاڵیو کەساسیو کوێرەوەری. بەداخەوە تەنانەت ١٠ ساڵ پاش مردنیشی، گۆران ئەوەندە کە پێویستە قەدری نەزاندراوە. بەڵام ئێستا کە لە نیشتمانی گۆراندا، گەلی کورد خەریکە ئۆتۆنۆمی خۆی دەست دەکەوێ. حەق ئەوەیە وەك شاعێری هەرە گەورەی چەرخی بیستەمی کورد تەماشا بکرێو یادی زیندوو بکرێتەوە. ئەمە ئەرکێکی نەتەوایەتیو نیشتمانیی هەموو رووناکبیرانی کوردە. هەرچەند شێعرەکانی گۆران وەك هەموو نووسراوەیەك کە خزمەتی گەل دەکا لە ئێران قەدەغەیە. بەڵام گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، گۆران باش دەناسێو یادی دەکاو شانازی پێوە دەکا. گومانی تێدا نیە کە رۆژی خۆی جێگای پێویستو تایبەتیشی لە مێژوو و ئەدەبی گەلەکەماندا بۆ دیاری دەکا.

ژێدەر:

* وتارێك بە قەڵەمی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە لە ژمارەی ٢١ی رۆژنامەی "کوردستان" خەزەڵوەری ١٣٥١ بەبۆنەی ١٠ ساڵەی مەرگی گۆران چاپ کراوە.

فەسڵی دەیەم:

شاعیری گەل "هێمن"

شاعیری گەل "هێمن"

ئەورۆکە هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزابێ ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندۆتەوەو بێ‌گومان دەزانێ کە هێمن یەکێك لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدیبو نووسەران دەرچووە، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر کاریگەر بووەو ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاریی گەلی کورددا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلەو هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە. سی ساڵ زیاترە هەزاران خەباتکەری کورد پێکەوە لەگەڵ هێمنی شاعیر هاوار دەکەن:

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی‌و حەسرەت‌و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیرو تەنافو دارو بەند باکم نیە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

هێمن عاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردی کوردستانە، نیشتمانی، تەبیعەتی وڵاتەکەی باش دەناسی‌و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە "بەهاری لادێ"، "بەهاری کوردستان"، "شەنگەبێری"،"فریشتەی پەڕیوە" و زۆر شێعری‌تریش‌دا نیشان دەدا کە لە ناسینو ناساندنی تەبیعەتی کوردستانو جوانییەکانی‌دا چەندە شارەزاو مامۆستایە. جێگای سەرسووڕمانیش نیە، هێمن لەگەڵ تەبیعەت گەورە بووەو لە تەبیعەت

ئیلهامی وەرگرتووە. کەسێك تەبیعەتی کوردستانی دیتبێ‌و نەك هەر دیتبێ بەڵکوو لەگەڵی تێکەڵاو بووبێ، هێمن بە ناهەق نازانێ کە دەڵێ:

بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە.

هێمن لە شێعری خۆیدا زۆر جار باسی زۆرلێکراویی نەتەوەی کورد دەکا، لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگاری ببێ، بوونی ئەو ستەمە بە سەرچاوەی زۆر بەدبەختی‌و کوێرەوەری‌و بێبەشی دەزانێ. لە "دوارۆژی رووناك"دا دەڵێ:

لەمێژ بوو هەققی کورد دەخورا بە فیرۆ
لەمێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین‌و رۆرۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنی دا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گۆ

هێمن بەتایبەتی زۆر پەرۆشی ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران زمانەکەی ئازادیی پەرەسەندنی نیە، ئەدەبەکەی بڵاوناکرێتەوە، فەرهەنگەکەی پێشێل دەکرێ. لە "رۆژگاری رەش"دا دەڵێ:

داخرا دەرکی رۆژنامە شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە دوژمن دەڵێ بێ‌تامە

* * *

دڕان کاغەزو دەفتەر گیران شاعیرو نووسەر

هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ. بەڵام رقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی‌تر نیە. لە هەموو دیوانی هێمندا شێعرێك کە باسی نەتەوەیەکی دیکە بە خراپە بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکی‌تر بە بەرزتر دابنێ بەدی ناکرێ، دیاردەیەك کە بەداخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەشەردۆستی یەکێك لە سروشتە تایبەتییەکانی شێعری هێمنە.

هێمن زۆرجار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانی‌ڕا دیارە کە چەند ئەو رۆڵە بەنرخ‌و هەڵکەوتوەی گەلی کوردی خۆشویستوە. پێشەوای خۆش دەوێ چونکە:

زانا بوو، کوردپەروەر بوو　　پێشەوا بوو، رابەر بوو

بەڵام بۆیەش پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو　　خەمی خەڵکی لەبەر بوو

هێمن گەلانی‌تری ئێران بە دۆستی گەلی کورد دەزانێ‌و لە خەبات‌و تێکۆشان‌دا بە براو هاواڵیان دادەنێ لە "کوردو ئازەربایجانی"دا دەڵێ:

کوردو ئازەربایجانی هەر دوو داوایان رەوایە
هەر بژین‌و پایەداربێ یەکیەتیی ئەم دوو برایە

هێمن دیسان هەر لەسەرەتاوە لە ناو نەتەوەی خۆشی‌دا هەموو چین‌و توێژێکی بە یەك چاو تەماشا نەکردوەو ناکا. لە شێعری بەناوبانگی خۆی‌دا "دەیلێم‌و بێ‌باکم" دەڵێ:

ئەوی ئاغا بێ بێکارە　　جەبوون‌و قەلس‌و لاسارە
دزی‌و رێگرتنی کارە　　ئەمن دەیلێم‌و بێ باکم
لە شەرم‌و شوورەیی مردم　　بە خۆم من چۆن بڵێم کوردم
کە ئاغا ئابڕووی بردم　　ئەمن دەیلێم‌و بێ باکم

لە "ئارەق‌و تین"دا زۆربەجوانی‌و بەزمانی سادەی جووتیاران باسی نرخی کاری جووتیار بۆ کۆمەڵ دەکاو چەوسانەوەی جووتیار نیشان دەداو دەری دەبڕێ کە ئینسانی زەحمەتکێش لە لای زۆر خۆشەویستە:

من جووتیارم، من جووتیارم　　من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق‌و ئەو بە تین　　دامان رشتوە بناخەی ژین
باسکی من‌و تیشکی ئەوی　　بژیو دەستێنین لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ　　گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک‌و قەڵا　　دەخۆن نانی گەڵاگەڵا؟

لە شێعرەکانی ڕا بە هاسانی دەردەکەوێ کە هێمن لە ژیانی زەحمەتکێشانی کوردستان بە تایبەتی جووتیاران لە نزیکەوە شارەزایە. لەوەش زیاتر خۆی تا رادەیەك

لەم ژیانەدا بەشدارە. خۆی دەڵێ: "چاك خەریکی کاسبی بووم‌و زوو فێری کشت‌و کاڵ بووم".

فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوەنیە کە دانیشی‌و لە دوورەوە تەماشای ژیان‌و خەباتی گەل بکاو بۆخۆی‌و یان بۆ گەل شێعر بڵێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قەبووڵ کردوە کە ئەرکی شێعری شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو تەنیا لێکدانەوەو خستنە ناو هۆنراوەی تەبیعەت‌و جوانی نیە. شاعیر لە پێش دا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکەو زوو دەجووڵێتەوە. چۆن شاعیر بە مانای راستی ئەم وشەیە دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری‌و کوێرەوەری‌و بێبەشی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟

لە نێوان راستی‌و درۆدا، لە نێوان ئاهوورامەزداو ئەهریمەن دا، لە نێوان هەق‌و ناهەق دا راستی هەڵنەبژێرێ، بەگژ ئەهریمەن دا نەچێ‌و دیفاع لە هەق نەکا؟

بۆیە هێمن تەماشاچی نیەو ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە شێعرو بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات تاسەر بەرەوئاسۆی روون، تا ترۆپکی رزگاربوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا، هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکار جیاناکرێتەوە.

رۆڵەی کوردم فێری هەورازو لێژم
تا زۆر بڕۆم، زیاتر ئارەق بڕێژم
کورتتر دەبێ رێگای دوورو درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی روون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی رزگاربوون

تاقیکردنەوەی سالانی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندووە کە خەبات دوورو درێژە، هەورازو نشێوی هەیە، سەرکەوتن‌و شکستی تێدایە. بەڵام هێمن کۆڵنەدەرە.

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی رەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی روون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی رزگاربوون

هەورازو نشێوی ژیانو خەباتی گەل لە شێعرەکانی هێمندا زۆر جوان دیارە. لەوکاتەوە کە دەستی بە شێعرگوتن کردوە هەتا ئەمرۆ، شێعری هێمن ئاوێنەی قوناخەکانی گەلی کوردە. لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)را هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەچێو دەڵێ:

لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان
لە باڵداری تێپەڕی ئەورۆکە پێڕۆ
ئەما داخو پەژارەو ماتەمو خەم
زەمانی هەڵپەڕینو بەزمە ئیمرۆ

لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا کە کۆماری مەهاباد دامەزرا هێمن گوتی: "ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان" یا لە "ڕۆژی خۆشی"دا دەڵێ:

گەرچی زستانە بەفر دایپۆشی ئەورۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملیوە وەکوو باخی ئیرەم

بەڵام کۆماری مەهاباد تەمەنی کەمتر لە ساڵێك بوو. جووڵانەوەی گەلی کورد لە ئێران هەروەك جووڵانەوەی سەرانسەری ئێران تووشی شکست بوو. هێمن لە "ڕۆژگاری ڕەش"دا تووشی نائومیدی دەبێ، وەك کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە تووشی نائومیدی ببوون:

بە فیڕۆ چوو خەباتمان
داگیر کراوە وڵاتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان
رووخا کۆشکی ئاواتمان

* * *

لە پیاوی ئازاو سەرکەش
لە زەحمەتکێشی بێبەش
ئاخنراوە کونەڕەش
نابینی کەسی رووگەش

بە تایبەتی شەهیدبوونی پێشەوا قازی هێمنی داخدار کردوە. هەم دۆستو مامۆستای لەدەست داوەو هەم پێشەواو سەرکۆمار.

لە چوارچرای مەهاباد
لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیستیبداد
چەقاندی داری بێداد
لە کاتی نیوەشەودا
لە جەنگەی شیرن خەودا

کـــرا کـــاری ناڕەوا لـــــە داردرا پێـــــشەوا

هەر لەو ساڵەدا هێمن لە بەر خەباتی رابردووی خۆی تووشی دەردیسەری دەبێ بۆ ماوەیەك ولاّت بەجێ دێڵێ. دیارە وەزعی سیاسـی تەئسـیری کردۆتـە سـەر شـێعری هێمن. لە "بابردەڵە"دا دەڵێ:

بـزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونـــەر بێ
دەبێ یا دەسبەسەر، یـا دەربـــەدەر بێ
هونـەرمەندو ژیـــانی خۆش مەحـاڵە
هونـــەرمـــەند رەنجـــەڕۆیە، ژینی تــــاڵە
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم
دەمێک لەو قووڵکە تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پـرزەی لێ بـــڕیوم
منیش بەدکـــاری بـواری لێ تەنیـــوم

یا لە "فرمێسکی گەش"دا کە بە قسەی خۆی لەوپـەڕی تەنگانـەو لێقـەوماندا گوتوویە، دەڵێ:

کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف
مۆرە هەڵداوێمو بێهوودە بە هیـــوای دوو شەشم

هێندێ شێعریتریش وەك "گریانی نیوەشەو"و "ئارەزووی فڕیـن" هـەر نیشـانەی نائومێدیی شاعیرو راکردنی لەڕاست ژیانی تاڵــە. لـە سـاڵی ١٣٢٥وە هـەتا سـاڵی ١٣٣٠ سەردەمی پاشەکشەی جووڵانەوەی گەلی کوردو هـەموو گـەلانی ئێرانـە. لـە ساڵی ١٣٣٢دا کە ئاسۆی خەبات روونتر بۆوە، هێمن لە "ئاواتی بەرز"دا جـارێکیتر دێتەوە مەیدانی خەبات. هیوای بە خەباتی گەل زیاتر دەبێو دەیەوێ بە شێعری خۆی لەم خەباتەدا بەشدار بێ:

فێری زۆر دەرسی بەکەڵکو باشی کردین تێ شکان
جــا ببینە راپـــــــەڕینو شۆڕشی ئەمجاری کـــورد
وا گـــــزینگی دا بەیانی جـــــوانی ئـازادی بەشەر
رۆژی رووناکـــە نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کـــورد

ئەو زمـــــانە شیرنـەی ئێمە پـەرەی دەگــریتەوە

نادرێ چیدی کـتێب و دەفتەری ئەشعاری کـورد

قوناخێکی نوێ لە ژیانی گەل و شاعیردا دەست پێ دەکاتـەوە. مـاوەی پاشەکشـە دوایی دێ و گەلی کـورد خـۆی بـۆ خـەباتی دوارۆژ ئامـادە دەکـا. نفـووزی حـیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە نهێنی تێدەکۆشێ، رۆژبەرۆژ لـە ناوکۆمـەڵانی خـەڵکی کوردستاندا زیاتر دەبێ. بەرەو هەوراز رۆیشتنی جوولانەوە هەتا رۆژەکانی گـەلاوێژی ١٣٣٢ درێـژەی هەیـە. لـە ٢٥ی گـەلاوێژەوە هـەتا رۆژی شـوومی کودیتـای ٢٨ی گەلاوێژ خەڵك لە شاری مەهاباد حوکمداری دەکا. لە رۆژی ٢٥ی گـەلاوێژدا خـەڵکی مەهاباد بە درشت و وردەوە هەموو دەگەڵ هێمن کە بۆ یەکەمجار پاش چەند ساڵ لـە کۆبوونەوەیەکی چەندهەزار کەسیدا شێعر دەخوێنێتەوە، هاوار دەکەن:

بڕۆ ئەی شاهی خایین بەغدا نیوەی رێیەت بێ

ئەو سەردەمە، سەردەمی نیوە دێموکراسیش زۆر ناخایەنێ. دەورانی رەشـی پـاش کودیتا دەست پێدەکا و هێمنـی شـاعیر جـارێکیتر تووشـی نـائومێدی دەبـێ و لـە "تووڕەیی"دا دەڵێ:

لەو وڵاتە کـەسێک لە خـەو رابێ — بەشی چارەڕەشی و خەم و شینـە

تێگـەیشتنم عیلاجی دەردی من — مەستی و شێتی و نــەزانینـە

یا لە "چارەنووسی شاعیر"دا:

دەزانی بۆچی من هێنـــدە پەرێشان و خــەفەتبــارم

لـە بازاڕی ژیان غــەیـری هـونەر نیمە چ سەرمایە

لەگەڵ چارەڕەشی و دووڕەبەشی و ئەگبەت دەبێ هەڵکەم

لـە مێژە چارەنــووسی شاعیرانی کــورد هەروایە

ئەو تووڕەییەو رەشیی چارەنووسی شاعیر لە شێعرەکانی تریشیدا هـەر بـەرچاو دەکەوێ و هەتا ساڵی ١٣٤٠ (١٩٥٩) هەر بەردەوامە. لە "گلێنەی شاعیر"دا دەڵێ:

ئەگــــەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا

بە مەرگـــی تۆ موچورکــــیشم بەدڵدانایە، بابیبا

هەموو عومری ئەبەد تێیدا نیە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ناوی حەیاتی بۆ چبوو؟ فێری شەرابی با

لە "ناسۆری تەشەنا"دا راکردن لە ژیانی واقیعی، لەو حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووەو نایەوێ قبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نیە ژیان بگۆڕێ، رێگای نیە خۆی دوور بخاتەوە، دەیەوێ رابکاو بە یارمەتی مەی روو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا:

چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا، تێگەیوم
لەو وڵاتە هەمووشت زۆرە بەنێنادەم کەم
شەڕەبایە لە چیاکان و هەوا تووشە دەنا
وەکوو شێتان دەمەویست روو لە چیای ئەستەم کەم

ساڵەکانی ١٣٤٧ـ ١٣٤٦ کە راپەڕینی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران بەرپا دەبێ، هێمن هەرچەند خۆی تێدا بەشدار نیە، بەڵام لەگەڵ ئەو راپەڕینە دەژی. هیوای بە خەباتی گەل زۆرە، باوەڕی بەهێزترە. بۆ شەهیدانی ئەو راپەڕینە دەگری، بەڵام شێعرەکانی پڕە لە هیواو ئاوات بۆ سەرکەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هاندەدا. هێمن بیەوێ و نەیەوێ، دیسان و ئەوجارە بۆ هەمیشە لە ناو مەیدانی خەبات دایە:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێسەرو بێشوێن دەگریم

***

تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهید
گوڵە شلێرە لە گشت لایەکی ئەڕوێن دەگریم

شێعرەکانی هێمن ئیتر بۆنی ناهومێدی لێنایە. چەند ساڵە قۆناخێکیتر لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێکردوە، قۆناخێک کە جێی هیوای گەلی کوردە. هێمنیش شاعیری وەفاداری گەلی کورد، هەم لە پێکهێنانی هەم لە دەربڕینی ئەو هیوایەدا بەشدارە. لە "مەتەرێزی شەرەف"، "شەنگەبێری"، ئامێزی ژن"، "تروپکی رزگاری"، "شەپۆلی تۆڵە"، شەوو شەیتان"، "گاوو گەردوون"،

"کاروانی خەبات"و لە "دەسکەوتی خەبات"دا شێعری کۆمەلایەتیو شۆڕشگێڕی چ لە باری ناوەڕۆکو چ لە باری شێوەوە، گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کورد گەیشتویەتێ. هێمن ئامادەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم هیوایە خۆشی بەخت بکا:

خۆم دەســـــــووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکــــــەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ؟

لە سەرەتادا شێعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو ڕەوتی ئەدەبی دایە. وەك هەموو شێعری شاعیرانی کوردی سەردەمی سی چل ساڵ لەمەوبەر، تەئسیری ئەدەبی فارسی لەم شێعرانەدا دیارە. زۆربەی شێعرەکانی شێعری عەرووزین، وەزنو قافیەیان لەگەڵ دەستووری شێعری فارسی ڕێکدەکەوێ. لە لایەکیتریشەوە شێعری شاعیرە کوردەکانی بەناوبانگ وەك "نالی" کە خۆی لە ژێر تەئسیری شێعری کلاسیکی فارسیدا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شێعرەکانی هێمن. بۆیە لە سەرەتادا هێمن شێعرەکانی شێوەی غەزەلو قەسیدەو جارجاریش مەسنەوی دووبەیتیو هیتریان هەیە. هێمن ئێستاش هەر جارجار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکییەو هێندێ لە شێعرە تازەکانیشی هەر بەمچەشنە گوتراون. وەك "ئاواتی بەرز"، "گلێنەی شاعیر"، "دەسکەوتی خەبات"و هتد. لەم شێوە شێعر گوتنەدا هێمن دەستێکی بالای هەیە. شێعرەکانی ڕەوانن، بە زمان جوانو بە مانا دەولەمەندن.

پاش ماوەیەکی سەرەتایی شێعرگوتن هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی ئەدەبی ئەسیلی کوردی، خۆی لە قافیەو وەزنی شێعری کلاسیکی رزگار دەکاو شێعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن، لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو ڕۆژێ لە لادێ دەیبیسێ، بەستەیەك کە چوارچێوەی بۆ داڕشتنی شێعری کوردی لەبارترەو زمانی کوردی لە تەنگوچەڵەمە رزگار دەکاو وەك چۆمێکی خرۆشانی لێدەکا کە بۆ لای دەریای بێسنوور دەڕوا. جارجار کە ئینسان شێعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وادیارە کە لە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شێعرگوتنەدا گۆران لە سەر هێمن بێتەئسیر نەبووە. لەم شێعرانەدایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی بەڕاستی ئەدەبی کوردی پێشدەخا.

هێمن شاعیرێکی ریئالیستە، ریئالیزمی رەخنەگرانــە لــە نــاوەرۆکی شــێعرەکانی هێمندا بە تەواوی بــەرچاو دەکــەوێ. هێمــن بــارە هــەرە گرینــگو ئەساسییەکانی تەبیعەتو ژیانو ئادەمیزاد بە چاوێکی رەخنەگرانەی شاعیرانە باس دەکاو کۆمەڵ بۆ بەرەوپێشچوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نزیــک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکاو بە چــاوی رەخنــە سـەیری تەبیعــەت یــان کۆمەڵ ناکا. هەروا بزانە دەیەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێو بیخاتــە بــەرچاومان. بەلاّم شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ریئــالیزم دوور کــەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەداو دەگەڕێتەوە سەر ریئالیزم کــە ســەبکی بنــەڕەتیی نــاوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمــە بــە تایبــەتی لــە "بــەهاری کوردســتان" و "لــەبیرم مەکە" و چەند شێعریتردا خۆی دەنوێنێ.

ژن لە شێعری هێمــندا رۆڵێکــی زۆر گرینگــی هەیــە. جوانیــی ژن ئیلــهامدەری شاعیرە. سەرانسەری دیوانی ئەو راستییە دەردەخا وێڕای تەبیعەتو ژیــانو خــەباتی گەل، ژنە کە هێمن بۆ شێعرگوتن هان دەدا. شێعرەکانی هێمن لــە ســەر ژن نموونــەی شێعری بەرزی کوردین. لە "کیژی لادێ"دا بە کچی کورد هەڵ دەڵێ:

لاجانگــت وەکــوو گــزینگــی تاوێ   هەربۆ خۆی جــوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە   بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت رەشە
وەکوو فرمێسکــی عاشق روونـاکــی   وەکــوو ناونگــی بەیانی پاکــی

ئەو تابلۆیەی کە لە "لەبیرم مەکە"دا لە ژن دەکێشێ، بەڕاســتی جــوانو نایابــە. هەروەها لە "پەری شێعر" و لە "شەنگەبێری" و زۆر شێعریتردا هێمــن مامۆســتایی خۆی لە هۆنراوەدانان بۆ ژندا دەسەلمێنێ.

بەلاّم ژن بۆ هێمن تەنیا سەرچاوەی ئیلهام نیە. هێمن بــۆ رزگــاریی ژنــی کــوردی خەبات دەکا. لە "یادگاری شیرن"دا دەڵێ:

لادە چارشێوی رەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چــون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گــرتنە

هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەمووشتێك خاوەنی مافی ئینسانیی خۆی بێو زۆرجــار دژی زۆرداریو بێحورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ. هێمن ژنی خــۆش

دەوێ، دەیپەرستێو نرخی هەموو جوانییەکانی ئەو دەستکردە نایابەی تەبیعەت دەزانێ، بەڵام لە لای هێمن خەبات بۆ رزگاریی گەل، بۆ ئازادیی کۆمەڵانی خەڵك لە ژن خۆشەویستترە. لە "ئامیزی ژن"دا دەڵێ:

بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە دووری لە ژن، نامـــرادی

بەڵام لە ژن خـــۆشەویستتر لە لای من نەتـــۆی ئازادی

زمانی هێمن زمانی کوردی پەتیو جوانە. نە پڕە لە وشەی بێگانەو نە وشەی دەستکردی تێدایە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەڵام هێمن کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعەسوبی بەکار نەهێناوە، بە زاراوەی موکریانی شێعر نالێ. بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییەو بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسندکراو (استاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبووە.

زمانی هێمن سادەو پەتیو رەوانە، هەم ئەدیبو نووسەری کورد پێی خۆشەو هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ.

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە کە بەو مانگەشەوە جوانە

دانیشتووی لە رژدو هەڵدێر پەنجـــە، دەبزێوی لە بلوێر

دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی شادی، بەکەیفی، بێخەمی

"بەهاری کوردستان" فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردییە. بەتایبەت بۆ ئەوانەی هەر لە شار ژیاونو لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نین، تابلۆیەکی راستەقینە بە زمانێکی دەوڵەمەندو بێ هاوتا دەخاتە پێشچاو. ئەو شێعرەو چەند شێعریتر کە باسی تەبیعەتو ژیانی لادێ دەکەن، بۆ شارستانی ئەوندە وشەی نەبیستراویان تێدایە کە زۆرجار خوێنەر سەری سوور دەمێنێو ناچار دەڵێ زمانی کوردی چەند دەوڵەمەندە بەداخەوە خزمەتی نەکراوە. دیوانی هێمن شێعری وەك "بەهاری کوردستان"ی بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردییە.

شێعری هێمن لە تەشبیهی جوان ئاخنراوە.

خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر تەژنۆکەمە

بۆیە رۆژو شـــەو وەها گـــرتوومەتە نێو باوەشم

لە "شەنگەبێری"دا ئەنجامی شێعرەکەی ئەمەیە:

زۆری نەماوە بێتەبەر، ئەمامی هەوڵو خەباتم
لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەک دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵ دەگرمەوە
تۆ هەر بێرییەبە من هەر شوان، فریشتەی تاسەو ئاواتم

هێندێ شێعری هێمن گەیشتۆتە پلەی هەرەبەرزی ئەدەبی کوردییەوە. یەکێك لەوانە "کاروانی خەبات"ە. بڕوانە چۆن باسی شەهیدبوونی رووناکبیرێکی خەباتکار دەکا:

هەرچوار تەنیشتی گیرابوو | لە سەنگەرێک دا بەتەنێ
ئەولاوەی بەڵێنی دابوو | هەتا مردن چەک دانەنێ

* * *

رووناکبیرێکی تا ئەمرۆ | دەچوو بەرەو ئاسۆکی روون
ئێستا هیوای پەبوولێل بوو | بۆ لە کەمارۆ دەربازبوون

بەڕاستی ئەوەی هێمن لە سەر گۆران دەیڵێ لە سەر خۆشی راستە: تاکی لە جوانی پەرستیدا کەمەو وشە لە دەستیدا وەك مێوە، دڵتەڕەو خۆشخەیاڵەو ناسکبینە، بە هونەرەو شارەزاو وشەڕەنگینە.

هیوام ئەوەیە هێمن سالآنی درێژ لە ناو گەلی کورددا، لە ریزی خەباتکەرانی رێگای ئازادیی گەلی کورددا، تێکۆشانی خۆی لە پێناوی رزگاریی گەلەکەمان، لە پێناوی پێشخستنی زمانو ئەدەبی کوردی، هەر درێژە پێبدا. دڵنیام کە لە دوارۆژدا هێمن زۆرجار پەری شێعر دێنێتە ژوانی خۆیو دیوانێکیترمان پێشکەش دەکا کە شێعری کوردی جوانی تێدا بێ.

شێعرێک وەک خونەاوەی باران | شێعرێک وەک سرتەی دڵداران
شێعرێک وەکوو دەریای بێ بن | گەرمتر لە باوەشی ژن
شێعرێک سروودی شادی بێ | شێعرێک دەنگی ئازادی بێ

***